**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# ١٠٣

**ساڵی/ ٢٠١٥ — بەرگی سەدو سێ**

---

**چاپی یەکەم/ ساڵی ٢٠١٨**

له بڵاوكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان - عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆڵەكانی ساڵی(٢٠١٥) ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق
بەرگی: ١٠٣
چاپی یەكەم: ٢٠١٨
تیراژ: ٢٥٠
نەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ئینصات كردن: سروە هادی، شەرمین‌خضر، نەورۆز شێرزاد، دلێر اكرم، شوان محمد، نەهلە اسعد.
كۆڤان خسرو، مروان ابراهیم، اسكندر غریب، نشوان سلیمان، نداء جبرائیل، تارا رشاد
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێڕیست

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١)ی نائاسایی خولی چوارەمی هەڵبژاردن - پێنج شەممە ٢٠١٥/٧/٣ ل٥

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی دەسپێك خولی چوارەمی هەڵبژاردن — سێ شەممە ٢٠١٥/٣/٣ ل ١١

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٢) خولی چوارەمی هەڵبژاردن — دوو شەممە ٢٠١٥/٣/٩` ل٥٩

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی (٣) خولی چوارەمی هەڵبژاردن — سێ شەممە ٢٠١٥/٣/١٠ ل ١٤١

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٤) خولی چوارەمی هەڵبژاردن — چوار شەممە ٢٠١٥/٣/٢٥ ل ١٩٥

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٥) خولی چوارەمی هەڵبژاردن — سێ شەممە ٢٠١٥/٣/٣١ ل ٢٠٣

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٦) خولی چوارەمی هەڵبژاردن — چوار شەممە ٢٠١٥/٤/١ ل ٢٥١

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١)نائاسایی**

**سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤\١\٢٧**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١)ی نائاسایی

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٥/١/٢٧

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٥/١/٢٧ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی یوسف محمد صادق سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١)ی نائاسایی خولی چوارەمی، ساڵی (٢٠١٥) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (١)ی نائاسایی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٥/١/٢٧ دا بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە لە هەرێمی کوردستان-عێراق بە پێی ماددەی ﴿٧١﴾ لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە ﴿١﴾ی ساڵی ﴿١٩٩٢﴾ی هەموار کراو.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێدەکەین، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، ژمارەی دانیشتن ﴿١﴾ی نائاسایی، ڕۆژی دانیشتن ﴿٢٠١٥/١/٢٧﴾، بەرنامەی کار بە پێی حوکمی برگەی ﴿١﴾ لە ماددەی ﴿٦﴾ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق ژمارە یەکی ساڵی ﴿١٩٩٢﴾ی هەموار کراو، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە ﴿١﴾ی نائاسایی خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر ﴿١١:٠٠﴾ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی﴿٢٠١٥/١/٢٧﴾ بەم شێوەیە بێت، یەکەم: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە لە هەرێمی کوردستان-عێراق بە پێی ماددەی ﴿٧١﴾ لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە ﴿١﴾ی ساڵی ﴿١٩٩٢﴾ی هەموار کراو، بەڕێزان بەیانیتان باش، پێش ئەوەی دەست بکەین بە بەرنامەی کاری دانیشتنەکەی ئەمڕۆمان، لە ڕاستیدا ئەمڕۆ ساڵ ڕۆژی ڕاگەیاندنی کانتۆنی کۆبانێ یە و بە هەمان شێوە ئەمڕۆ ڕۆژی سەرکەوتنی کۆبانێ یە بەسەر هێزە تاریك بین و توندڕەوە تیرۆریستەکان، بە ڕاستی لە جێی خۆی دایە کە پیرۆزبایی لە خۆمان و سەرجەم خەڵکی کوردستان بکەین بە بۆنەی ئەوەی کە هێزی پێشمەرگە و شەڕڤانانی یەپەگە و قارەمانانی یەپەژە توانییان ئەو داستانە بخەنە پاڵ داستانی ئازادکردنەوەی جەلەولا و چیای شەنگال و ئەو نەبەردییانەی کە هێزی پێشمەرگەش لە هەرێمی کوردستان تۆماری دەکات، بە ڕاستی پێویست دەکات کە پیرۆزبایی لە خەڵکی خۆراگری کۆبانێ بکەین کە لە ماوەی

چەند مانگی رابردوودا خۆڕاگرانە وێنەیەکی زۆر جوانیان لە ئازایەتی و قارەمانێتی و هەستی ئازادویستی و ئازادپەروەرانە لە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و تیرۆر و تۆقاندندن پێشانی جیهانی داوە کە کورد بە ئیرادەیەکی پۆڵایینەوە، کوردستانیان لە هەر پارچەیەکی کوردستان بە ئیرادەیەکی قارەمانانە بەرەنگاری تیرۆریستان دەبنەوە، سوپاسی تایبەتی شەڕڤانانی ﴿یەپەگە و یەپەژە﴾ دەکەین بە تایبەتی ئەو ژنە قارەمانانەی کە لە ڕێگەی بەرخۆدانیان وێنەیەکی جوانی ژنی سەرکردە و قارەمان و ئازادیخوازی کوردیان پێشکەشی دونیا کرد، سوپاسی هێزی پێشمەرگە دەکەین کە لە ماوەی رابردوو بە چەند تیم رۆیشتن لە سەر بڕیاری پەرلەمانی کوردستان و لەسەر داوای بەڕێز سەرۆکی هەرێم و فەرمانـدەی هێـزە چەکدارەکان، لەم پەرلەمانەوە بڕیاردرا هێزی پێشمەرگە رەوانەی کۆبانێ بکرێت، بە سوپاسەوە کە بە چەند تیم رۆیشتن و لەوێ بەشدار بوون لە ئەو سەرکەوتنانەی کە لەوێ بەدەست هات، لە راستیدا ئازایەتی و قارەمانێتی هێزی پێشمەرگە و شەڕڤانان وای کردووە دۆزی نەتەوەکەمان لە قۆناغی هەرە لە پێشتردا بێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، ئەمڕۆ دۆزی کورد پێی ناوەتە قۆناغی تازەوە، پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ کورد و کوردستانیان و گەلی کورد بە شێوەیەکی گشتی بە هەموو پێکهاتەو نەتەوەکانەوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی چووتە قۆناغێکەوە کە ئەو قۆناغانەی رابردووی تێپەڕاند کە لە چاوی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان وێنای بوونی کورد لە هەر یەکێك لە پارچەکانی کوردستان بکرێت، سەد ساڵ لەمەو پێش لە ڕێگەی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانەوە کوردستان دابەش کرا بەسەر دەوڵەتانی دەوروبەرمان، کە کوردستان بە دابەشکراوەیی لکێنرا بە دەولەتانی دەوروبەرەوە، بەڵام ئەمڕۆ دوای سەد ساڵ بۆ یەکەم جار راپۆرتێك لە پەرلەمانی بەریتانیا ئامادە دەکرێت، لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی بەریتانیا راپۆرتێك ئامادە دەکات و داوای راستکردنەوەی ئەو هەڵانە دەکات کە ماوەی سەد ساڵە بەسەر گەلی کوردستاندا سەپێنراوە، ئەو قۆناغە مێژووییە ئەرکی ئێمە سەخت تر و قورس تر دەکات بەوەی کە هەرێمی کوردستان لە ئاست ئەو پێشوە چوونە نێودەوڵەتییانە بێت کە ئێستا لە ئاستی نێودەوڵەتی هاتووتە کایەوە بۆ تێڕوانین لە کێشەی کورد بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ هەرێمی کوردستان، ئەمە ئەرکی هەرێمی کوردستان و سەرجەم دەسەڵاتەکان لە هەرێمی کوردستان سەخت تر دەکات کە لە ئاستی ناوخۆیی هەوڵی چاکسازی بنچینەیی بدرێت لە بەگژدا چوونەوەی گەندەڵی، لە وەستاندن و قەڵاچۆکردنی بەهەدەردانی سامان، لە یەکخستنی هێزی پێشمەرگە، لە چەسپاندنی دیموکراسی و ئەمە چەند زیاتر و زیاتر هێزی گەلەکەمان بەهێزتر دەکات و ناوبانگی گەلەکەکان لە دەرەوە باشتر دەکات، بۆیە ئەرکی پەرلەمانی کوردستانە لە پاڵ دەسەڵاتەکانی تری هەرێمی کوردستان کە لە ئاست ئەو قۆناغە مێژووییە تازەیەدا بین کە کێشەو گرفتەکان لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان چارەسەر بکەین، بۆ ئەوەی لە ئاستی نێودەوڵەتی جیاواوی خۆمان لەگەڵ دەوروبەری خۆمان زیاتر پێشان بدەین و وا بکەین ناسنامەیەکی تازە بە گەلەکەمان ببەخشین و ئەو تێڕوانینەی لەلایەن نوخبەی سیاسی دەوڵەتانی کاریگەر هاتووتە کایەوە کە چاوەڕێی ئەو بکەن کاراکتەرێکی تازە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی هاتووتە بوون کە ئەویش کوردە، دەبێت ئێمە ئامادە بین و

بەرپرسیارانە مامەڵە بکەین و کەم و کوڕییەکان چارەسەر بکەین و سوود لەم دەرفەتە نێودەوڵەتییە وەربگرین کە بۆمان هاتووتە پێش، وەکو جارانی پێشوو نەبینە هۆی لەدەست چوون و کەم سود وەرگرتن لەو دەرفەتانەی دێتە پێش، ئەمڕۆ خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە یاسایەکی گرنگ دەکەین کە لە دێر زەمانەوە قوربانیانی شەهیدانی هەڵەبجە چاوەڕێی دەکەن، چەند مانگە ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان بڕیارێکمان دەرکرد کە پارێزگای هەلەبجەمان وەکو پایتەختی ئاشتی کوردستان ناساند لە هەرێمی کوردستان، چەند ساڵە پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ﴿١٩٩٩﴾ بڕیاری بە پارێزگا کردن هەڵەبجە و هەندیك قەزای تری کوردستان دەری کردووە، بەڵام ئەم بڕیارەی پەرلەمان و مەبسومەکانی کە لە لایەن دەسەڵاتی جێ بە جێ کردنەوە لەمڕۆوە دەرچوون، نەچوونەتە قۆناغی جێ بە جێ کردنەوە، ئەمڕۆ پڕۆژە یاسایەك خوێندنەوەی بۆ دەکەین، بۆ ئەوەی لە نێزیکترین کات پەسەندی بکەین و ئەو هەنگاوانەی لە رابردوو دراون بچنە قۆناغی جێ بە جێ کردنەوە، و لە یادی کارەسات و مەرگەساتی هەڵەبجە پارێزگای هەڵەبجە خاوەنی ئیدارەی خۆی بێت، بۆیە دەچینە سەر بڕگەی یەکەمی دانیشتنەکەمان کە تەنیا بڕگەیە، کە بریتییە لە خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژە یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە لە هەرێمی کوردستان – عێراق بە پێی ماددەی ﴿٧١﴾ لە پێڕەوی ناوخۆیی پەرلەمانی کوردستان ژمارە ﴿١﴾ ساڵی ﴿١٩٩٢﴾ی هەموار کراو، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین بێنە سەر مەنەسە بۆ دەست پێکردن بە بڕگەی یەکەم.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پرۆژە یاسایەی کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکرێت، بریتییە لە پرۆژە یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە لە هەرێمی کوردستان-عێراق، پرۆژە یاساکە لە ﴿١٢﴾ ماددە پێکهاتووە بەبێ هۆیەکانی دەرچواندن، داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار بکەین و ئەو پرۆژە یاسایە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە رەوانەی پەرلەمانی کوردستان کراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی گشت ئەندام پەرلەمانانی کوردستان و لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان دەکرێت، سوپاس بۆ بەڕێزان سەرۆك و بڕیاردەری لیژنەی یاسایی پەرلەمان، فەرموون دەتوانن بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆتان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بە پێی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان و یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان لە هەولێر ئەنجام دەدرێت، هەر کاتێك پەرلەمان بیەوێ دانیشتن لە شوێنێکی تر ئەنجام بدات پێویست دەکات بە پێی ماددەی ﴿٤٥﴾ لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، خۆی بڕیار بدات دانیشتن بباتە هەر شوێنێکی کوردستان، پێشنیارێك هەیە بەوەی کە دانیشتنی ئەم پرۆژە یاسایە لە پارێزگای هەڵەبجە ئەنجام بدرێت، بۆیە ئەمە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەمەیە دانیشتنی پەسەندکردنی پرۆژە یاسای هەڵەبجە لە پارێزگای هەڵەبجە ئەنجام بدرێت؟ ﴿٧٥﴾ کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نییە؟ کەس نییە دژی بێت، کەواتە

پەسەند کرا، بەڕێزان، بەڵام ئەنجامدانی دانیشتن لە پارێزگای هەڵەبجە هەندێ ئیجرائات بەسەر هەموومان فەرز دەکات کە ئێمە لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان باسی دەکەین، ڕەنگە لە پارێزگای هەڵەبجە لەو شوێنەی دیاری کراوە ئێمە دانیشتنی تێدا ئەنجام بدەین، دوێنێ تیمێکی دیوان سەردانی ئەوێی کردووە لە مونیۆمێنتەکە دانیشتنەکە ئەنجام بدەین هەر وەك شتێکی ڕەمزیش بۆ پارێزگای هەڵەبجە، ڕەنگە وەکو ئێرە لە ڕووی لۆجیستیەوە توانراوە ئەوە دابین بکرێت هەموو ئەندامێك لە شوێنی خۆی قسە بکات بەو شێوەیەی کە خۆی دەیەوێت، ڕەنگە نەتوانین بەو شێوەیە ئیدارەی دانیشتنەکە ئەنجام بدەین، بۆیە لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان دانیشتنێك ئەنجام دەدەین بۆ چۆنێتی بەڕێوەچوونی کاروباری ئەو ڕۆژەی دانیشتنەکە، هیواداریین هەمووتان پابەند بن بەو بڕیارانەی کە لە دانیشتنی دەستەی سەرۆکایەتی لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان و ئەو دوو لیژنە مەعنییەش کە ﴿لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان و لیژنەی یاسایی﴾ بەشدار دەبن، بۆیە هیوادارم هەمووتان پابەند بن پێی، بەم جۆرە دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی پێهات، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| فخرالدین قادر<br>سکرتێری پەرلەمانی<br>کوردستان – عێراق | جعفر ابراهیم ئێمینکی<br>جێگری سەرۆکی پەرلەمانی<br>کوردستان – عێراق | د. یوسف محمد صادق<br>سەرۆکی پەرلەمانی<br>کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێک**

**سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٥\٣\٣**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێک

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٥/٣/٣

کاتژمێر (١٢)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٥/٣/٣ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی یوسف محمد صادق سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی دەسپێك خولی چوارەمی، ساڵی (٢٠١٥) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەمووارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی دەسپێکی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (١٢)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٥/٣/٣ دا بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: یەك دەقیقە وەستان بۆ ڕێزلێنان لە گیانی شەهیدانی کوردستانی-عێراق لەگەڵ مارشی نەتەوەیی.

دووەم: کردنەوەی خولی بەهارە، ساڵی دووەمی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان-عێراق لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە بە پێی بڕگەی ﴿٢﴾ لە ماددەی ﴿١٧﴾، لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، ژمارە ﴿١﴾ی ساڵی ﴿١٩٩٢﴾ ی هەموار کراو.

سێیەم: گفتوگۆ کردنی پرۆژە بڕیاری هەڵبژاردنی قایمەقام و بەڕێوەبەری ناحییەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق، بە پێی ماددەی ﴿٧١﴾ لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە ﴿١﴾ی ساڵی ﴿١٩٩٢﴾ی هەموار کراو.

چوارەم: گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسایی سەندووقی داهاتەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان-عێرق بە پێی ماددەی ﴿٧١﴾ لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارەی ﴿١﴾ ی ساڵی ﴿١٩٩٢﴾ ی هەموار کراو.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێدەکەین، خولی چوارەمی هەڵبژاردن ساڵی دووەم، دانیشتنی دەستپێکی خولی بەهارە، ڕۆژی دانیشتن ﴿٢٠١٥/٣/٣﴾، بەرنامەی کاری کردنەوەی خولی پەرلەمان، بە پێی حوکمی بڕگە ﴿١﴾ لە ماددەی ﴿٥﴾ و بڕگە ﴿٢﴾ لە ماددەی ﴿١٧﴾، هەردوو خاڵی ﴿١ و ٢﴾ لە بڕگەی ماددەی ﴿٥٤﴾ لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان- عێراق، ژمارە ﴿١﴾ی ساڵی ﴿١٩٩٢﴾ی هەموار کراو، بڕیاردرا کاتی دانیشتنی دەستپێکی خولی بەهارە، ساڵی دووەم، لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان لە کاتژمێر ﴿١٢﴾ی نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی ﴿٢٠١٥/٣/٣﴾ بێت و بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بەم شێوەیە بێت:

یەکەم، یەك دەقیقە وەستان بۆ ڕێزلێنان لە گیانی شەهیدانی کوردستانی-عێراق لەگەڵ مارشی نەتەوەیی.

دووەم، کردنەوەی خولی بەهارە، ساڵی دووەمی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان-عێراق لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە بە پێی برگەی ﴿٢﴾ لە ماددەی ﴿١٧﴾، لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، ژمارە ﴿١﴾ی ساڵی ﴿١٩٩٢﴾ ی هەموار کراو. سێیەم، گفتوگۆ کردنی پرۆژە بڕیاری هەڵبژاردنی قایمەقام و بەڕێوەبەری ناحییەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق، بە پێی ماددەی ﴿٧١﴾ لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە ﴿١﴾ی ساڵی ﴿١٩٩٢﴾ی هەموار کراو.

چوارەم، گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسایی سەندووقی داهاتەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان-عێرق بە پێی ماددەی ﴿٧١﴾ لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارەی ﴿١﴾ ی ساڵی ﴿١٩٩٢﴾ ی هەموار کراو، ئێستاش بفەرموون یەك دەقە بێ دەنگ وەستان بۆ ڕێزلێنان لە گیانی شەهیدانی کوردستانی عێراق لەگەڵ مارشی نەتەوەیی، زۆر سوپاس، فەرموون، پێم وابێت خەلەلێکی تەکنیکی هەبووە مارشەکە لێنەدرا، ﴿مامۆستا مەڕوان﴾ تکایە لە جێی خۆت دانیشە، کاك ﴿طارق جوهر﴾ ڕاگەیاندنی پەرلەمان بێتە ئێرە، بەڕێزان دیارە خەلەلێکی تەکنیکی هەبووە لە کۆنترۆڵی قاعەکە، بۆیە مارشەکە لێنەدراوە، چاوەڕێ دەکەین هەتا مارشەکە حازر دەبێت، مارشەکە لێ دەدرێ و ئەوکات دانیشتنەکەمان دەست پێدەکەین، ئێستا دەچینە برگەی دووەم لە دانیشتنی ئەمڕۆمان کە بریتییە لە کردنەوەی خولی بەهارە، ساڵی دووەم، خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان-عێرق لە لایەن سەرۆکی پەرلەمان، بە پێی برگەی ﴿٢﴾ لە ماددەی ﴿١٧﴾ لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق ژمارە ﴿١﴾ی ساڵی ﴿١٩٩٢﴾ی هەموار کراو، بەڕێزان، خۆشەویستان، ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان وەك لە لای هەموو لایەك ئاشکرایە کە ئێستا باشووری کوردستان بە قۆناغێکی ڕاگوزەری هەستیاردا تێدەپەڕێت، بارودۆخی پەیوەندی هەرێمەکەمان و وڵاتەکەمان و شەڕی دژی تیرۆری نێودەوڵەتی کە پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکان، یاریزانی سەرەکین تێدا و بۆینەتە مایەی ڕێزلێنانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، لەم چوارچێوەیەشدا خەڵکی کوردستان و دامەزراوە فەرمییەکان و پارتە سیاسییەکان پێویستە لە ئاستی دەرهاوێشتە و پێشهاتە فرە ڕەهەندەکانی ئەم قۆناغەدا بن، خۆشبەختانە تا ڕادەیەکی باش هەموو لایەك بەرپرسانە مامەڵەیان کردووە، لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و دانیشتوانی هەرێم، لەو ماوەیەدا خەڵکی کوردستان وێڕای هەموو ئەو بارگرانییە ئابووری و داراییەی ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، وێڕای ئەو بارگرانییەی کەشەڕی نەگریسی تیرۆریستان و هاتنی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە بۆ هەرێمی کوردستان دروستی کردووە مایەی ڕێز و پێزانینە کە هۆشیاری و خۆڕاگری خەڵکی کوردستان لە ئاستی ئامادەباشی و قوربانیدان و ئارامی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونیدایە ، بەڵام ئەو ڕاستییە ناشاردرێتەوە کە پێویستە ژیانی ئاسایی خەڵکی هەریمی کوردستان دەستەبەر بکرێت و پێداویستییەکانیان دابین بکرێت، هەموو لایەکمان کار بکەین بۆ بەگەڕخستنی پرۆژەکان و بووژانەوەی بازاڕ و کاری بازرگانی، بەهەمان شێوەش دەخوازین لە چوارچێوەی چەمکی هاریکاری نیشتمانی هەموو چین و توێژەکان لە ئاستی بەرپرسیاریەتی ئەم قۆناغە هەستیارە دا بن، پەرلەمانی کوردستان لەسەر ئاستی پەیوەندییە نێودەوڵەتییکان لە چوارچێوەی دامەزراوە فەرمییەکاندا و

له چوارچێوەی کار و ئەرکی پەرلەمان کاری بەرچاوی ئەنجامداوە، ئەوەی لە توانیادا بێت لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ئاژانسەکان و پەرلەمانەکانی تری وڵاتانی دونیا و قۆنسوڵ و لایەنەکانی دیکە دیداری ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆی ئەنجامداوە، کێشەکانی ئێستا و پێداویستییەکانی هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگە و چۆنیەتی دەستەبەرکردنیان خراوەتە بەردەم سەرجەم دۆست و هاوپەیمانانی کوردستان، بەڵام ئەوە ناشارڕێتەوە کە بوون و هێز و قۆرسایی هەرێمی کوردستان لە دەرەوە بەندە بە ئەنجامدانی چاکسازی ڕاستەقینە و خێرا لە بوارەکانی ئابووری و سیاسی و تەندروستی و پەروەردەیی، لەسەر ئاستی کاری پەرلەمانی ئەرکی گەورەمان لەسەر شانە لە بە دامەزراوەیی کردن و کاراکردنی ڕۆڵی چاودێری و ئەکتیف کردنی بوارەکانی تری کاری پەرلەمانتاری لە چوارچێوەی پسپۆری دەسەڵاتی یاسادانان، سەرەڕای ئەوەی لەم بوارەدا کاری گرنگ ئەنجام دراوە، بەڵام پێویستە هەمووومان پێکەوە بە گیانی یەك تیم، ماندوو بوون و شەونخۆنی زیاتر ئەنجام بدەین و خەمی نیشتمانیمان بخەینە پێش خەمی حزبایەتیمان، بەتایبەتی چەند کارێکی گرنگمان لە پێشە و لەبەردەستە کە پێویستە لەم خولەدا بە جدی کاری لەسەر بکەین، گرنگترینیان پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان و پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان و یاساکانی تایبەت بە بواری تۆکمەکردنی دامەزراوەکانی هەرێم بە تایبەت پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆ و پرۆژە یاساکانی تایبەت بە بواری دەسەڵاتی دادوەری و داواکاری گشتی بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان و پرۆژە یاساکانی تایبەت بە دامەزراوەیی کردنی کەرتی نەوت و گاز و ئەو پرۆژە یاسایانەی تایبەتن بە بواری ئازادی تاك و بەرژەوەندییە گشتییەکان، هەروەها بەردەوام بوون لەسەر پرۆژە یاساکانی تایبەت بە دەستەبەری کۆمەڵایەتی و سیستەمی سۆشیاڵ لە هەرێمی کوردستان، لەهەمان کاتدا هەر وەك ڕابردوو پێویستە ئەو پەڕی هەماهەنگی و هاوکاری هاوبەش لەگەڵ سەرجەم دامەزراوە و چین و توێژەکانی خەڵك ئەنجام بدەین، لەم ڕووەوە هیواداریین فراکسیۆن و لیژنە جیاوازەکانی پەرلەمان بتوانن هێلی پەیوەندی نێوان خۆیان و هاووڵاتیان بەرفراوانتر و تۆکمەتر بکەن و پەرلەمانتاران زیاتر لە جاران لە خەمی چین و توێژە جیاوازەکانی کوردستاندا بن، لە کۆتاییدا دروود بۆ پێشمەرگە سیمبولی ئازادی و سڵاو بۆ خۆراگری بنەماڵەی شەهیدان و قوربانیانی خەڵکی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی، بەڕێزان ئێستا دەچینە سەر تەوەری سێیەم، لە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان کە بریتییە لە گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە بڕیاری هەڵبژاردنی قایمەقام و بەڕێوەبەری ناحییەکانی هەرێمی کوردستان بە پێی ماددەی ﴿٧١﴾ لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە ﴿١﴾ی ساڵی ﴿١٩٩٢﴾ی هەموار کراو، بۆیە داوا لە سەرۆکایەتی هەردوو ﴿لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆیی پەرلەمان﴾ دەکەین بێنە سەر مەنەسەی بۆ دەستپێکردن بە گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای ناوبراو. بەڕێز کاك فەرهاد نوقتەی نیزامیە؟ فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد سەنگاوی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جاری یەکەم بەشێك لە کۆپلەی سرووودی (ئەی ڕەقیب) تان وەرگرت، جاری دووەم کردتان بە مارش.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك فەرهاد ئەوەی كە سەرنجمان دا لە عورفی پەرلەمان كە ڕابردووش بەردەوام مارشەكە لێدراوە، مۆسیقا لێدراوە، ڕاگەیاندنی پەرلەمان ئەو ئیشەی ڕێكخستووە، لە خولەكانی پێشووش هەر بەو شێوەیە بووە، فەرموو لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ بفەرموون بۆ خوێندنەوەی دەقی پرۆژە بڕیارەكە، دواتر ڕاپۆرتی هاوبەشی هەردوو لیژنەی پەیوەندیدار لەو بارەوە.

**بەڕێز ایوب عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پرۆژە بڕیاری هەڵبژاردنی قایمەقام و بەڕێوەبەری ناحیەكانی هەرێمی كوردستان:**

**ماددەی یەكەم:**

**مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناكانی بەرامبەریانە:**

**١ هەرێم: هەرێمی كوردستانی عێراق.**

**١- ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.**

**٣- یاسای پارێزگاكان: یاسای پارێزگاكان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ لە هەرێمی كوردستان.**

**ماددەی دووەم:**

**یەكەم:** قایمەقام و بەڕێوەبەری ناحیەكانی هەرێم بە هەمان ئەو مەرج و پلەو ئەرك و دەسەڵاتانەی لە یاسای پارێزگاكان دەق نووس كراون بەزۆرینەی ڕەهای ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاكانی هەرێمی كوردستانی عێراق هەڵدەبژێردرێن ئەگەر پاڵێوراوەكە زۆرینەی پێویستی بە دەست نەهێنا كێبڕكێ لە نێوان ئەو دوو پاڵێوراوە ئەكرێ كە زۆرینەی دەنگەكانیان بە دەست هێناوە، ئەوەیان ئەیباتەوە كە زۆرینەی دەنگەكان بە دەست بێنێ بەردەوام دەبێت تا كاندید دەنگی پێویست بە دەست دێنێ.

**دووەم:** قایمەقام و بەڕێوەبەری ناحیەكان لە ژێر چاودێری ئەنجومەنی پارێزگاكانی هەرێمدا دەبن و دەستەڵاتی لەسەر كارلادانیان هەیە بە زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانیان لە حاڵەتێك كە یەكێ لەو هۆیانەی لەسەر ئیسپات بوو كە لە ماددەی شەشەم بڕگەی (٢)ی ماددە (٦) لە یاسای پارێزگاكان ئاماژەی بۆ كراوە.

ماددەی سێەم: سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران فەرمانێكی وەزاری بە دامەزراندنی هەر یەك لە قایمەقائم و بەڕێوەبەری ناحیەكان دەردەچوێنێت لە ماوەی (١٥) ڕۆژ دوای هەڵبژاردنیان لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاكان بەپێی حوكمەكانی ماددەی دووەمی ئەو بڕیارە.

ماددەی چوارەم:

یەكەم: **یەكەم:** ئەم بڕیارە جێ بەجێ دەكرێت تا كاتی پێكهێنانی قەزا و ناحیەكان بەپێی حوكمەكانی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەكانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩.

**دووەم:** ئەم بڕیارە پارێزگای هەڵەبجە ناگرێتەوە.

**ماددەی شەشەم:**

لەسەر ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی ناخۆ و لایەنە پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێ بەجێ بکەن.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) بلاّو دەکرێتەوە.

**هۆیەکانی دەرچوواندن**

بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە یاساییەی بەهۆی ئەنجام نەدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی قەزاو ناحیەکانی هەرێمی کوردستان بەپێی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ دروست بووە ئەم بڕیارە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتی هاوبەش سەبارەت بە پرۆژە بڕیاری هەڵبژاردنی قایمەقائم و بەڕێوەبەری ناحیەکانی هەرێمی کوردستان:

لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان ڕۆژی سێشەمە (٥) ی ڕەشەمێی کوردی بەرامبەر بە (٢٠١٥/٢/٢٤) ی زاینی کۆبوونەوەی ئەنجام دا بۆ تاوتوێ کردنی پرۆژە بڕیاری هەڵبژاردنی قایمەقام و بەڕێوەبەری ناحیەکانی هەرێمی کوردستان کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە دانیشتنی ژمارە (٢) ی نائاسایی لە ڕۆژی (٥) شەمە بەرواری (٢٠١٥/٢/٥) خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، ڕەوانەی هەردوو لیژنە کراوە، دوای گفتوگۆ کردن و تاوتوێ کردن لیژنەکان گەیشتنە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

ناونیشانی پرۆژەکە بەم شێوەیە ئەخوێندرێتەوە:

**بڕیاری هەڵبژاردنی قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان**

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:

١ هەرێم: هەرێمی کوردستان-عێراق

٢- ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.

٣- وەزارەتی ناوخۆ: وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان.

٤- یاسای پارێزگاکان: یاسای پارێزگاکان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ .

**ماددەی دووەم:**

**یەکەم:** قایمەقام و بەڕێوەبەری ناحیەکانی هەرێم بە هەمان ئەو مەرج و پلەو ئەرك و دەسەڵاتانەی لە یاسای پارێزگاکان دەق نووس کراون بەزۆرینەی رەهای ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم

هەڵدەبژێردرێن لە ماوەی (١٥) ڕۆژ دوای پێشکەش کردنی ناوی یەك پاڵێوراو لە لایەن پارێزگار یان سەرپەرشتیاری ئیدارە.

**دووەم:** ناوی پەسندکراو لە ڕێگەی پارێزگا بەرز دەکرێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ بە مەبەستی بەرز کردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ دەرکردنی فەرمانی دامەزراندن لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لە هەڵبژاردنی.

**سێیەم:** ئەگەر پاڵێوراوەکە زۆرینەی پێویستی بە دەست نەهێنا، پارێزگار یان سەرپەرشتیاری ئیدارە لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا ناوی کاندیدێکی تر بە هەمان میکانیزم ڕەوانەی ئەنجومەنی پارێزگا دەکات، ئەو میکانیزمە بەردەوام دەبێت تا کاندید دەنگی پێویست بە دەست دێنێ.

**ماددەی سێیەم:**

**یەکەم:** قایمەقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان لە ژێر چاودێری ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمدا دەبن، بە هەمان میکانیزمی چاودێری کردنی پارێزگار وەك لە بڕگەی (٢)ی مادده (٦) لە یاسای پارێزگاکان ئاماژەی بۆ کراوە.

**دووەم:** قایمەقام و بەڕێوەبەری ناحیەکانی هەرێم لەلایەنی کارگێڕیەوە پەیوەست دەبن بە وەزارەتی ناوخۆ لە ڕێگای پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان، پارێزگار یان وەزیری ناوخۆ بۆی هەیە داوای لادانی قایمەقام یان بەڕێوەبەری ناحیە بکا لەسەر کار لادانیان بە زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا دەبێت.

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم:** ئەم بڕیارە جێ بەجێ دەکرێت تا کاتی پێکهێنانی ئەنجومەنی  قەزاو ناحیەکان بەپێی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکانی هەرێم ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩.

**دووەم:** ئەم بڕیارە پارێزگای هەڵەبجە ناگرێتەوە.

**ماددەی پێنجەم:**

لەسەر ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی ناخۆ و لایەنە پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێ بەجێ بکەن.

**ماددەی شەشەم:**

ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) بلاّو دەکرێتەوە.

## هۆیەکانی دەرچوواندن

بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە یاساییەی بەهۆی ئەنجام نەدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی قەزاو ناحیەکانی هەرێمی کوردستان بەپێی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ دروست بووە ئەم بڕیارە دەرچووێندرا.

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، داوا لە بەرێزتان ئەکەین لەبەر بوونی پرۆژەیەك و لەبەر بوونی ڕای حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان کە بە نەزەری ئیعتیبار وەرگیراوە لە ڕاپۆرتی هاوبەش دا، بۆیە ڕاپۆرتی هاوبەش بکرێتە ئەساس بۆ دەنگدان لەسەری.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، ئێستا ئەوە ئەخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ڕاپۆرتی هاوبەشی هەردوو لیژنەی ناوخۆ و کاروباری یاسایی پەرلەمان لەسەر پرۆژە بڕیارەکە بکرێتە بنەما بۆ گفتوگۆ کردنی ناو پەرلەمان، کێ لەگەڵە؟ (٧١) کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵ نییە؟ کەس نییە، کەواتە پەسند کرا، فەرموو مادده بە مادده بیخوێنەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکەین.

**بەڕێز د.ڤالاً فەرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناونیشانی پرۆژەکە بەم شێوەیە:

بڕیاری هەڵبژاردنی قایەمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ناونیشانەکە با ناوەمان بنووسرێ؟ نوقتەی نیزامییە کاك ئەبو کاروان؟ فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس(ابو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نیسابی قانونی ڕاپۆرتی هاوبەش واژوویان لەسەری نەکردووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ.

**بەڕێز د.ڤالاً فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نیسابی یاسایی تەواوە، (٦) ئیمزا هەیە لە کۆی (١٠) ئەندام.

**بەڕێز ایوب عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی ناوخۆ (٦) ئیمزای لەسەرە لە کۆی (١١) کەس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نیسابی یاسایی تەواوە، (٦) ئیمزای لەسەرە، باشە، دکتۆر شوان جەنابت چیت هەبوو؟

**بەڕێز عمر مصطفى (شوان قەلادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان پرسیاری کاک ئەبو کاروانم هەبوو، لە لیژنەی ناوخۆش هەر سێیان  نووسراوە مۆڵەت، لەوەی تریان تەحەفوز هەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیمزای لەسەری کردووە، بەڵام تەحەفوزی لەسەر ماددە هەیە، کێشە نییە، فەرموو کاک مەردان.

**بەڕێز مەردان خدر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر ماددەی دووەم قسە ئەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاک عەباس.

**بەڕێز عباس غزالی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پرۆژە بۆ ئەوەی دەرچووە تا هەڵبژاردن ئەکرێ، لەبەر ئەوە بڕیاری هەڵبژاردن و دانان، وشەی هەڵبژاردن بکرێتە (پەسند کردن)، چونکە تا کاتی هەڵبژاردنە، ناوی پرۆژەکە هەڵبژاردن بکرێتە (پەسند کردن).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مامۆستا عبدالرحمن:

**بەڕێز عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی ئەو قسەی کاک عباس ئەکەم، دوو، لە لاپەڕەی یەکەم هەڵەیەکی چاپە پێم وابێ، نووسراوە پرۆژە یاسا، ئەگەر لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ ئەو هەڵەیە ڕاست بکەنەوە، پرۆژە بڕیارە نەك یاسا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، پێم وابێ لە دەقی ڕاپۆرتەکە پرۆژە بڕیار نووسراوە؟ ئەگەر هەڵە بێ چاك ئەکرێ، فەرموو کاك ئەنەس.

**بەڕێز انس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەی من هاتە کرن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك عومەر.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕیارەكە ئەبێ لابرێ، چونكە ئەوە تەحسیلێ حاسڵە، دووەم، وای لێ بكرێ، (پاڵاوتن و دامەزراندن)، چونكە دانان وشەیەكی نا تەندروستە، و لە ناو پرۆژە بڕیارەكەش بە دامەزارندن هاتووە، ئەبێ بكرێ بە (پاڵاوتن و دامەزراندنی قایمەقام و بەڕێوەبەری ناحیەكان)، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك شوان.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری قسەكانی كاك عەباس غەزالی ئەكەم، لەبەر ئەوەی دانانی قایمەقام و مودیر ناحیەكان و ئەنجومەنی پارێزگا تەنیا یەك كەس پەسندی ئەكات، بۆیە پێم باشە لە جیاتی هەڵبژاردن (پەسند كردن) دابنرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك عادل.

**بەڕێز عادل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من كاك عەباس غەزالی و كاك عومەر عینایەت كردیان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك جەمال.

**بەڕێز جمال مۆرتكە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وشەی بڕیار تەقریبەن شێوازەكە ئەگۆڕێ بە ڕای من، پێم باشە (یاسای هەڵبژاردن و دانانی قائیمقام)، یان هەڵبژاردنی قائیمقام و بەڕێوەبەرایەتی بەڕێوەبەری ناحیەكانی هەرێمی كوردستان، بەو شێوە، یەعنی بڕیارەكە تەقریبەن بەو شێوازەیە، داڕشتنەكەی گۆڕییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕای ئێوە چییە؟ کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ناونیشانە، مادام پەیوەستە بە قایمەقام و ناحیەکانی کوردستان، لە ناو نیشانەکە هەرێمی کوردستان هاتووە، ئێستا ئێمە واقیعێك هەیە لە ڕابردوو مامەڵەی پێ کراوە، و ڕووداوی دوای داعشیش مامەڵەیەکی تر لەگەڵ قەزا و ناحیەکانی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم ئەبێ بکرێ، بە پێی ئەو یاسایە ئێمە ئاڵوگۆڕی بەڕێوەبەری قەزا و ناحیەکان کە ئەمری واقیعن دیفاکتۆن ئەتوانین بیکەین یان نا؟ لە کاتێکدا لە ڕابردوو کراوە، لە خانەقین، لە مەخموور، لە دووز، لە هەندێ لە ناحیەکانی تریش، بۆیە پێویستە لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی ئاسایش و پەرلەمانیش ئەوە ئیقرار بکات، و پێشنیار ئەکەم ئەو بڕیارە ئەو ناوچانەش بگرێتەوە، من پێشنیار دەکەم ئەم بڕیارە ئەو ناوچانەش بگرێتەوە، چونکە هەندێك لە وەحدە ئیدارییەکان لە قەزاو ناحییەکان لە ئێستادا بە تایبەتی ئەو ناوچە تازە ئازاد کراوانە پێویستیان بە گۆڕانکارییە، ئەم بڕیارە دەست بەرێت بۆ ئەو واقیعە تازە و ئەمە بکرێتە بنەمایەك و، لە ساڵانی ڕابردووشدا ئەم جەدەلە بەردەوام بووە، بۆیە من پێشنیار دەکەم لە جیاتی بڕیاری هەڵبژاردنی قایمقام و بەڕێوەبەری ناحییەکانی هەرێمی کوردستان، لە جیاتی هەرێمی کوردستان بنووسرێ کوردستان – عێراق.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، لیژنە پەیوەندیدارەکان ڕاتان چییە لەسەر گفتو گۆکانی کە ئەندامانی پەرلەمان کردیان؟ فەرموون، بەڕێزان هۆکاری درێژ بوونەوەی ئەم گفتو گۆیانە لە ناو هۆڵی پەرلەماندا ئەوەیە کە ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی لیژنەکان ئامادە نابن، بەراستی جێی سەرسوڕ مانە کە ئەم دوو لیژنەیە دانیشتنیان کردووە لە هەر یەکێك لەم لیژنانە (٥) کەس ئامادە نەبوون، بۆیە زۆر گرینگە دانیشتنی لیژنەکان گرینگی پێبدرێت، ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنی لیژنەکاندا بەشداربن لە گفتو گۆکانیاندا، بەشداربن بۆ ئەوەی پڕۆژە بڕیارەکان کە دێنە ناو هۆڵی پەرلەمان کامڵ بێت، پێگەیشتوو بێت، زۆر پێویستی بە موناقەشە نەبێت، لیژنەی یاسایی فەرموون دوا سیغە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناو نیشانی پڕۆژەکە بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە ((بڕیاری پاڵاوتن و پەسەند کردنی قایمەقام و بەڕێوەبەری ناحییە لە کوردستان – عێراق)).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**دەیخەینە دەنگەوە کێ لەگەڵیەتی؟، (٤٨) کەس لە گەڵیەتی، کێ دژیەتی؟، (١) کەس دژیەتی کەواتە پەسەند کرا، ماددەی یەکەم.**

**بەڕێز د.ڤالآ فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی یەکەم:**

**مەبەست لەو دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:.**

**یەك: هەرێم:**

**هەرێمی کوردستان – عێراق.**

**دوو: ئەنجومەنی وەزیران:**

**ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.**

**سێ: وەزارەتی ناو خۆ:**

**وەزارەتی ناو خۆی هەرێمی کوردستان.**

**چوار: یاسای پارێزگاکان:**

**یاسای پارێزگاکان ژمارە (٣) ساڵی (٢٠٠٩).**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟، بەڕێز کاك تحسین فەرموو.**

**بەڕێز تحسین اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بڕگەی (٤) یاسای پارێزگاکان، یاسای پارێزگاکان ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩) لە هەرێمی کوردستان دەبێت وازح بێت.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆرە ڕێواز فەرموو.**

**بەڕێز د.ڕێواز فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**یەکەم هەرێم، هەرێمی کوردستان، کەبڕیاری عینوانی یاساکە تەسبیت بوو کە بڕیاری هەڵبـژاردن و دانـانی قایمەقام و بەڕێوەبەری ناحییەکانی کوردستان – عێراق، هەست ناکەم زەرورەتـی تـەعریف کردنـی هـەرێم لە ناو یاساکەدا مابێت، سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، ڕای دوو لیژنەكە چییە لەسەر ئەو دوو بابەتەی كە باس كران؟، كاك بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دوهی نافێ خوە نفێسیبی دیارە ژبیرا سكرتێرێ پەرلەمانی چووە، نووكە ژی من دەستێ خوە بلند كر هەر ئاگادار نە بوون، نزانم لسەر هەمان ماددەیە؟، ماددەیەكا دی ژی ئەگەر لە سەر گشت پرۆژە، نازانم دەتوانم ئێستا باس بكەم؟، ئیزافە بێتە كرن دناڤبەرا ماددا (٢) و (٣)، بەنیسبەت ماددا ئێكێ من حەز دكر دەستەواژا پێنجێ ئیزافە ببا ئەنجومەن، ئەنجومەنی پارێزگاكان لە هەرێمی كوردستان، چونكە چوار جارا هاتییە، ماددا (٢) دوو جارا یا هاتی، ماددا (٣) دووجارا یا هاتی ئەڤ دەستەواژەیە پێناسە نەكریە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، فەرموون لیژنە پەیوەندیدارەكان ڕاتان چییە لەسەر گفتو گۆی ئەندامان؟

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی كە لە لایەن ئەندام پەرلەمانەوە كرا بۆ زیاد كردنی بڕگەی (لە هەرێمی كوردستان) بۆ تەعریفی یاسای پارێزگاكان ئەویان پەسەند كرا لە لایەن هەردوو لیژنەكە و، هەروەها لەبەر ئەوەی لە ناو نیشان كردمان بە (كوردستانی عێراق) ئەو تەعریفەیەش كە بۆ هەرێم كراوە ئەویشیان هەڵدەگیرێت كە پێشنیار كرا لە لایەن ئەندام پەرلەمانێكی تر، بەڵام ئەوەی پەیوەندیدارە بە زیاد كردنی تەعریف بۆ ئەنجومەنی پارێزگاكان ئەوە دەگەڕێینەوە بۆ یاسای ژمارە (٣) كە لەوێ تەعریف كراوە لەبەر ئەوەی ئەو بڕیارەی ئێمە بڕیارێكی ئیستیسنائی یە لە سەر هەردوو یاسای ژمارە (٣) و ژمارە (٤).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، كەواتە بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی یەكەم: مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناكانی بەرامبەریانە:.

یەكەم: ئەنجومەنی وەزیران:

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان.

دووەم: وەزارەتی ناو خۆ:

وەزارەتی ناو خۆی هەرێمی كوردستان.

سێیەم: یاسای پارێزگاكان:

یاسای پارێزگاکان ژماره (٣) ساڵی (٢٠٠٩) له هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵیدایە؟ ﴿٥٨﴾کەس لەگەڵیدایە، کێ لەگەڵیدا نییە؟ کەس نییە لەگەڵیدا نەبێت، کەواتە پەسەند کرا.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم، یەکەم، قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکانی هەرێم ﴿کە دواجار لە سیاغە چاك دەکرێتەوە لەبەر ئەوەی کوردستانی عێراقمان داناوە﴾، بە هەمان ئەو مەرج و پلە و ئەرك و دەسەڵاتانەی لە یاسای پارێزگاکاندا دەقنووس کراون بە زۆرینەی رەهای ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم هەڵدەبژێردرێن لەماوەی ﴿١٥﴾ رۆژ دوای پێشکەشکردنی ناوی یەك پاڵێوراو لە لایەن پارێزگار یان سەرپەرشتیاری ئیدارە، دووەم، ناوی هەڵبژێردراو لە رێگەی پارێزگا یان ئیدارە بەرز دەکرێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ بە مەبەستی بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ دەرکردنی فەرمانی دامەزراندن لە ماوەی ﴿١٥﴾ رۆژ لە فەرمانی هەڵبژاردنی، ئەگەر پاڵێوراوەکە زۆرینەی دەنگی پێویست بەدەست نەهێنا پارێزگار یان سەرپەرشتیاری ئیدارەکە لە ماوەی ﴿١٥﴾ رۆژدا ناوی کاندیدێکی تر بە هەمان میکانیزم رەوانەی ئەنجومەنی پارێزگا دەکات، ئەو میکانیزمە بەردەوام دەبێت تا کاندید دەنگی پێویست بەدەست دێنێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە هەر شوێنێك ناوی ﴿هەڵبژاردن یان هەڵبژێردراو﴾ هات بێت دەکرێت بە ﴿پەسەند کردن﴾، بۆ ئەوەی لەگەڵ عینوانی بڕیارەکە بگونجێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە با ناوی بنووسێت؟ کاك مەردان فەرموو،

**بەڕێز مەردان خدر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی دووەم، فەقەری ﴿١ و ٢ و٣﴾، لە فەقەرەی یەکەم دەڵێت، دوای پێشکەشکردنی ناوی یەك پاڵێوراو لە لایەن پارێزگار یان سەرپەرشتیاری ئیدارە، دووەم دەڵێت لە رێگای پارێزگار یان ئیدارە، سێیەمیش دەڵێت لەرێگای پارێزگار یان سەرپەرشتیاری ئیدارە، بە پێی یاسای ژمارە ﴿٣﴾ی ساڵی ﴿٢٠٠٩﴾، یاسای پارێزگاکان دەڵێت، هەرێم لە رووی کارگێرییەوە دابەش دەکرێت بۆ پارێزگاکان و پارێزگاکانیش بۆ قەزا و قەزاکانیش بۆ ناحیە، هەروەها لە دەستووری عێراقی فیدراڵیش دەڵێت ﴿تتكون وحدات ادارية في جمهورية العراق من المحافظات و الاقضية و النواحي﴾، دیسان لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان باسی یەکە کارگێرییەکانی کردووە کە محافەزە و قەزا و ناحیەیە، لێرە داخلکردنی ئیدارە یان سەرپەرشتیاری ئیدارە موخالفی یاسا و دەستوورە لە هەرێمی کوردستان و لە عێراقیش، دووەم، پێم باشە بۆ قایمەقام کە خەڵکی هەمان قەزا بێت رەنگە بۆ مودیر ناحیە ئیمکان نەبیت، بەس بۆ

قایمەقام بە حوكمی ئەوەی رەنگە مەساریفی كەمتر بێت و خەرجی كەمتر بكەوێتە سەر حكومەت، هەروەها رەنگە تەواجودی قایمەقام ئەگەر خەڵكی مەنتەقەكە بێت گۆنجاوتر بێت، زۆر جار كە مەشاكیل دروست دەبێت لە قەزایەك قایمەقام خەڵكی ئەو قەزایە نییە رەنگە تەواجودی نەبێت، بۆیە من پێشنیار دەكەم كە ئیزافە بكرێت قایمەقام خەڵكی هەمان قەزا بێت، سوپاس.

**فخرالدين قادر عارف/سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ئەو بەڕێزانە ناویان تۆمار كردووە بۆ گفتوگۆ كردن لەسەر ماددەی دووەم، ﴿ابو كاروان، د. شوان قەڵادزەیی، ماجد عثمان، سرود سليم، فرحان جوهر، قادر ئۆتمان، بێستون فائق، عمر عينايەت﴾.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ابو كاروان،

**بەڕێز عبدالرحمن فارس ﴿ابو كاروان﴾:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەوەی كە ئەو مورەشەحانەی پێشكەش دەكرێن بە پێی یاسای پارێزگاكان، كە دەبێت ئەوەی خۆی تەرشیح دەكات دەبێت ئەندامی ئەنجومەن بێت، لێرە لەو قایمەقامانەی لەو ساڵانەش هەیە و ئینتیخاباتیش نەكرایە و ئەندامی ئەنجومەن نییە، پرسیارەكە لێرە ئەوەیە كێ ئەو پاڵێوراوانە تەقدیم دەكات؟ یاسای هەڵبژاردن دەڵێت ئەندامی ئەنجومەن بێت و لە ئەنجومەنەكە خۆی تەرشیح بكات، لێرە هەڵبژاردن نەكراوە، كێ دەمێنێتەوە؟ مەجلسەكەیان هەیە كە مەجلسی پارێزگایە، كێ ئەو ئەندامە دەپاڵێوێت، خاڵی دووەم، من لەگەڵ ئەوەدام سێ پاڵێوراو بێت نەك یەك، بۆ ئەوەی جۆری دیموكراتییەكەمان باشتر و جوانتر بێت و ئەمە بە نەفەسی ئەم نووسراوە ناكرێت قانون و بڕیار بە نەفەسی ئەم وەزعە بنووسرێت، سبەی لایەنێك دەیەوێت خۆی بپاڵێوێت، كەسێكی بێ لایەن دەیەوێ خۆی بپاڵێوێت، بۆیە لەگەڵ ئەوەدام سێ كەس بێت،

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك فرحان فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری قسەكانی ﴿كاك مەردان﴾ دەكەم سەبارەت سەرپەرشتیاری ئیدارە، لەبەر ئەوەی هیچ یاسایەك نییە دانرابێت و لە هەڵبژاردنی پارێزگاكانیش ئاماژەی بۆ نەكراوە، بۆیە شتێكی نایاساییە بە پێی قانونی پارێزگاكان و دەستووری عێراقی ئەم ناوە هاتووە، لەبەر ئەوە هەر دەبێت بدرێتە ئەنجومەنی هەر

پارێزگایەك ئەمە هەڵبـژێرێت، بۆیـە وشـەی ئیـدارە موخـالیفی یاسـا كارپێكراوەكـانی هـەرێم و دەسـتووری عێراقە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، قادر ئۆتمان فەرموو،

**بەڕێز قادر ئۆتمان رەسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەو پرۆژە بڕیارە پێچەوانەی یاسای ژمارە ﴿٣﴾ی پارێزگاكانە و بە رای من ئەگەر ئیلغـای ﴿زمنـی﴾ ئەو قانونە نەبێت لـەكار خستنێتی، بۆیـە دەبوایـە كـار بـە نـاوەڕوكی یاسـای نـاوبراو بكرایـە لـە بـری ئـەم پرۆژەیە و دەبێت ئێمە پرۆژەی هەموارمان پێشكەش بكردایە ئەگەر زەمینە لـەبار نـەبێت بـۆ هەڵبـژاردن، هەرچـەندە حكومـەتی فیـدراڵی عێـراق كۆمیسـیۆنی ئاگـادار كـردووە كـە هەڵبـژاردنی ئەنجومـەنی قـەزا و ناحیەكان بكات لە حاڵەتێكدا كە ﴿٢﴾ پارێزگای لە لایەن داعش دەستی بەسەر گیراوە و هێـزی پێشـمەرگە خۆشبەختانە پێشڕەوی زۆری كردووە، سەبارەت بە بڕگەی یەكەم، لە ماددەی دووەم، من هاوڕام لەگەڵ كاك ﴿ابـو كـاروان﴾ دیـاری كردنـی بـە مـەرجكردنی تـەنیا یـەك پـاڵێوراو لـە راسـتیدا ئەمـە هـیچ مانایـەك بـۆ هەڵبژاردن یان پاڵاوتن و ئیرادەی ئەنجومەنی پارێزگاكان ناهێڵێتەوە و ئەمە باشـتر بـوو لـە پرۆژەكـە خـۆی هات بایە، بكەین بە قایمەقام و بەڕێوەبەری ناحییەكانی هەرێم بە هەمان ئەو ئـەرك و پلـەو دەسـەڵاتانەی كە لە یاسـای پارێزگاكانـدا دەقنـووس كـراون بـە زۆرینـەی رای ئەنـدامانی ئەنجومـەنی پارێزگاكـان لـە دوای دەستنیشانكردن لە لایەن پارێزگاكانـەوە، ئینجا كێبڕكـێ دووبـارە ببێتـەوە بـە دەنگـی رەهـا و ئەگـەر كـەس دەنگی رەهای نەهێنا، ئینجا كێبڕكێ لە نێوان ﴿٢﴾ پاڵێوراو دووبارە بێتەوە و ئەوەی زۆرینەی هێنا، ئەگەر ئەمە پەسەند بكرێت پێویست ناكات بڕگەی سێیەم هەبێت، لە ماددەكەدا كە پێویستە هەڵبگیرێت و هاوڕام لەگەڵ قسەكانی ﴿كاك مەردان﴾ لە یاسای سەرپەرشتیاری ئیدارە، نـە لـە یاسـای پارێزگاكـان و نـە لـە هـیچ یاسایەك دا سەرپەرشـتیاری ئیـدارە نییـە و پرسـیار ئەوەیـە، ئەگـەر سەرپەرشـتیاری ئیـدارە دوای پاڵاوتنی نـاوی پاڵێوراوێـك بـۆ قایمـەقام یـان بەڕێوەبـەری ناحیـە بـەرز دەكاتـەوە بـۆ وەزارەتـی نـاوخۆ، ئـەوە كییـە سەرپەرشتیاری ئیدارە دادەنێت؟ و لە هەمان كاتدا كێ لێپێچینەوە و لێپرسینەوە لەگەڵیدا دەكات؟ ئایا ئەو رێكارانەی لە یاسای پارێزگاكاندا هـاتوون هـەمان ئـەو رێكارانـە دەگرێنـە بـەر؟ گرتنـە بـەری رێكارەكـان بـۆ لێپێچینەوە لە لایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە دەرهەق بـە پارێزگـا، بۆیـە لەگـەڵ ئـەوەدا ئێمـە لـە راسـتیداكە ئەمە خیلافـی قانونـە و هـاوڕام لەگـەڵ بـرادەران و داوای لابردنـی دەكـەم و بـۆ خـۆی پرۆژەكـە سەرپێچـی یاسایی تێدایە، سەبارەت بە بڕگەی سێیەم، ئەگەر ئەوەمان پێشنیار كرد جێگەی بكرێ تەوە ئەوا پێویسـتە ئەم بڕگەیە هەڵبگیرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك بێستون فەرموو،

**بەڕێز بێستون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

﴿کاك قادر و کاك فرحان و کاك مەردان﴾ قسەکانی منیان کرد لەسەر سەرپەرشتیاری ئیدارە، بە راستی چەند ئیدارەی سەربەخۆ مان هەیە، لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران ئەم ئیدارانە سەرپەرشتیاریان هەمان ئیمتیاز و ئەرکی موحافزیان هەیە و بەشداری کۆبوونەوەکانی وەکو موحافزەکانی تر بەشداری دەکات، بەڵام ئەمانە کێ دادەنێت؟ کێ متمانەیان دەداتێ؟ و ئەمە نە لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و نە لێرە بە هیچ شێوەیەك جێگەی بۆ نەکراوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ماجد فەرموو،

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەکانم لە لایەن ﴿کاك قادر و کاك فرحان و کاك مەردان﴾ کرا سەبارەت بە سەرپەرشتیاری ئیدارە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عمر فەرموو،

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە قایمەقام و بەڕیوەبەری ناحییەکان، ئەو ﴿کان﴾ە پێویست ناکات، بڵێ قایمەقام و بەڕێوەبەری ناحیە، یان هەردووکی جەمع بکرێت یان پێویست ناکات، بە هەمان مەرج و پلە و ئەرك و دەسەڵاتانەی لە یاسای پارێزگاکاندا هاتووە، ﴿دەقنووس کراون﴾ زیادەیە، بە زۆرینەی رەهای دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم هەڵدەبژێردرێن لە ماوەی ﴿١٥﴾ رۆژ دوای پێشکەشکردنی ناوی یەك پاڵێوراو لە لایەن پارێزگار یان سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا، دووەم، لەوانەیە پارێزگار ئامادە نەبێت سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا ناوەکە کاندید بکات و لەگەڵ ﴿کاك مەردان و کاك قادر﴾دام لە وشەی سەرپەرشتیاری ئیدارە، یان دەبێت تەعریف بکرێت لە ناو تەعریفەکان و ئەگەر ئەندام پەرلەمانەکان رازین کە سەرپەرشتیاری ئیداری بمێنێت یان لە رووی یاساییەوە لە هەیکەلی تەنزیمی هەرێمی کوردستان و عێراقدا نییە، پێویستە بە پێی یاسا رێکی بخەین و لا ببردرێت یان ئەگەر دادەنرێت پێویستە تەعریف بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك د. شوان فەرموو،

**بەڕێز عمر مصطفی باوەمیر ﴿د. شوان قەڵادزەیی﴾:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم، بڕگەی یەکەم، یەك پاڵێوراو بە راستی ئەوەی کە شەو و رۆژ باسی دیموکراسی دەکرێت هەست دەکەین زۆر کرج وکاڵێ کردووە و خۆی دەبێت ﴿٣﴾ کەس بێت، تۆ کە یەك کەست نارد دیارە چۆن دەبێت و لەوێش چۆن دەنگی پێ دەدرێت، لە قەزایەك چەندین هەزار کەسە و کەسی بێ لایەن با جێگای بکرێتەوە لەوێ، بۆ ئەوەی بیسەلمێنین ئەمساڵمان باشترە لە پار، لەبەر ئەوە کێ دەینێرێت و بە راشکاوانە کێ دەینێرێت ئەو پالێوراوانە؟ و کێ تەرشیحی دەکات بۆ ئەنجومەنی پارێزگا و لە بری یەك کەسەکەش بکرێتە ﴿٣﴾ کەس و زۆر تۆخ کردنەوەی حزبی لە ناوەرۆکی ئەو ماددەیە دیارە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د. شێرکۆ جودت فەرموو،

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هاوڕام لە گەڵ رای ئەو بەڕێزانەی کە باسیان لە ﴿٣﴾ پالێوراو کرد، بۆیە لە بڕگەی سێیەم، ئەو یەك پالێوراوە لە بڕگەی یەکەم بێتە ﴿٣﴾، و لە بڕگەی سێیەم، کە دەڵێت کاندیدێکی تر ببێتە ناوی ﴿٣﴾ کاندیدی تر کە بە راستی بژاردەکان فەراهەم بێت، و لە بڕگەی دووەم، کە دەڵێت بۆ دەرکردنی فەرمانی دامەزراندن، کە پرسیار ئەوەیە ئەگەر فەرمانی دامەزراندن دەرنەکرا لە ماوی ﴿١٥﴾ رۆژدا حەل چییە؟ بە مانای ئەوەی کە ئەگەر لەو ماوەیەدا دەرنەکرا بە دامەرزاو حساب بکرێت، لەبەر ئەوەی لە لایەن ئەنجومەنی پارێزگا پەسەندکراوە، بۆیە ئەگەر فەرمان نەدرا لەو ﴿١٥﴾ رۆژەدا، حەلێکی بۆ بدوزرێنەوە، کە پێم وایە بە دامەزراو بێتە هەژماردن حەلێکی زۆر باشە، ئاخر خاڵم مەسەلەی سوێند خواردن، سوێندخواردنی قایمەقام و مودیر ناحیەکان لەبەردەمی کێدا دەبێت؟ بۆیە پێشنیار دەکەم لەبەردەم ئەنجومەنی پارێزگادا سوێند بخون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سرود فەرموو.

**بەڕێز سرود سلیم متی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی ﴿کاك مەردان﴾ دەکەم دەربارەی سەپەرشتیاری ئیدارە و هەروەها ﴿ابو کاروان و د. شوان﴾ دەربارەی تەقدیم کردنی ﴿٣﴾ مورەشەح بۆ جوانتر کردنی پرۆسەکە، و خاڵی دووەم، پرسیارم هەیە لە لیژنەی قانونی دەربارەی خالی دووەم، کە باسی لە ﴿١٥﴾ رۆژی کرد ئەو ﴿١٥﴾ رۆژە شمولی ئەو

فەترەیە دەکات کە پارێزگا بۆ ناوخۆ و لەوێش بۆ ئەنجومەنی پارێزگا یان لە پارێزگا بۆ وەزارەتی ناوخۆیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاک فەرهاد فەرموو،

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح ﴿فەرهاد سەنگاوی﴾:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، راستە ئێمە ئێستا باسی ئەو میکانیزمە دەکەین کە بە پێی یاسای پارێزگاکان بۆ دانانی قایمەقام و بەڕێوەبەری ناحیە، بەلاّم مەسەلە تەنها ئەوە نییە پێموایە کێشەیەکی گەورەمان هەیە کە قەزا و ناحیەکان، شوێنێکی دوور و دابڕاون لە سەنتەری پارێزگاکان، حکومەت لەوێ دەسەلاّتی کەمە، ناوچەی عشائیریە و کێشەی زۆرە، بۆیە پێویستە لیژنەیەك دابنرێ بۆ ئەوەی کە قایمەقام و بەرێوەبەری ناحیەکان دەسەلاّتیان زیاتر بێ، چونکە زۆرجار پەلاماریان دەدەن، لێیان دەدەن، سووکایەتیان پێ دەکەن، نایەڵن بڕیارەکانیان جێبەجێ بێت، زۆرجار قایمەقام و بەرێوەبەری ناحیەکان دەکەونە موساوەمە لەگەڵ خێلێك، تیرەیەك، گەڕەکێك بۆ ئەوەی کە کێشەیەك چارەسەر بکەن، بۆیە پێویستە لیژنەیەك بۆ زیادکردنی دەسەلاّتی قایمەقام و بەڕیوەبەری ناحیەکان بۆ ئەوەی هەم حکومەت هەیبەتی هەبێت، هەم ئیش و کارەکانیان بڕوات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنە پەیوەندیدارەکان راتان چییە لەسەر قسەی ئەندامانی پەرلەمان؟ فەرموون.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو وەلاّمانەی من وەلاّمێکی گشتیی دەبێت، دواتر برادەرانم دەچنە ناو تەفاسیلەوە، ئەوەی کە پەیوەندی بە پرسیارەکانەوە هەبوو، ئەو یاسایە یاخود ئەو پڕۆژە بڕیارە بڕیاریکی ئیستسنائیە لەسەر یاسایەك کە وجودی هەیە ئەو یاسایە لەو پەرلەمانە دەرچووە، ئەو بڕیارە بڕیارێکی ئیستسنائیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو فەراغەی کە هەیە ئەویش ئەنجام نەدانی هەڵبژاردنە لە قەزا و ناحیەکان، ئەو کاندیدە کە دەڵێ لەلایەن کێ دەپاڵێورێ؟ بۆ پرسیارەکەی بەڕێز پەرلەمانتار (ابو کاروان)، پاڵێوراوەکە لەلایەن پارێزگار یان سەرپەرشتیاری ئیدارەوە دەبێت، ئەو (١٥) رۆژەی کە پرسیاری لەسەر کرا، لە بڕگەی یەکەم (١٥) رۆژەکە لە نێوان پارێزگار و ئەنجومەنی پارێزگا دەبێت، لە بڕگەی دووەمدا لە نێوان ئەنجومەنی پارێزگا و لە نێوان وەزارەتی ناوخۆ دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە سەرپەرشتیاری ئیدارە كە زۆر باسی لێوە كرا كە لێرە ناوی هاتووە، راستە ئیمە دەزانین و لە لیژنەی یاسایی زانیومانە كە سەرپەرشتیاری ئیدارە بە هیچ یاسایەك رێك نەخراوە بۆ چییە و دەسەلآتەكانی چییە؟ بەلام بڕیار هەیە لە ئەنجومەنی وەزیران كەوا سەرپەرشتیاری ئیدارەكان دەسەلآتی پارێزگاریان هەیە، كە دەسەلآتی پارێزگاریان هەیە دانانی ئەو پالێوراوەش هەمان دەسەلآتی پارێزگارە، كەواتە ئۆتۆماتیكی ئەوانیش دەسەلآتەكەیان هەیە، وەكو بەڕێز د.ڤالآ گوتی ئەوە بۆ پڕكردنەوەی ئەو فەراغەیە كە هەبووە، بۆیە ئێمە ویستوومانە فەراغەكە بە تەواوی پڕ بكەینەوە، بۆیە ئەگەر نا ئێمە لە لیژنەی یاسایی زانیومانە كە سەرپەرشتیاری ئیدارە لەناو قانوندا رێك نەخراوە، سەبارەت بەوەی كە ئەگەر لە جیاتی پارێزگار سەرۆكی ئەنجومەنی پارێزگا بێت ئەمە ناكرێت، لەبەر ئەوەی پارێزگار دەسەلآتێكی تەنفیزیە، سەرۆكی ئەنجومەنی پارێزگا، جێگری پارێزگار نییە ئەگەر ئەو لەویٚ نەبوو ئەم جێگەی بگرێتەوە، بۆیە ئەمە لە رووی یاساییەوە ناكرێت، سەبارەت بە سوێند خواردن لە یاسای پارێزگاكان یاسای ژمارە (٣) سوێند خواردن بۆ پارێزگاریش نییە تاوەكو ئێمە بۆ بەڕێوەبەری ناحیەیەك و قایمەقامەكان دایبنێین، بۆیە باسی سوێند خواردن نەكراوە لەم یاسەیەدا، ببوورن، لەبەردەم وەزیری ناوخۆ سوێند دەخوات بە پێی یاسای ژمارە (٣)ی پارێزگاكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

یەعنی قایمەقام و بەڕێوەبەری ناحیەكان بە پێی یاساكە دانراوە كە لەبەردەم وەزیری ناوخۆ سوێند دەخوات؟

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ، لە یاسای ژمارە (٣)ی پارێزگاكان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ایوب بەڕێزت قسەت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز ایوب عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە زیادكردنی بڕگەیەك كە قایمەقام و خەڵكی ناوچەكە بێت، ببوورە، لە خودی یاساكە لە ماددەی دووەمدا هاتووە كە قایمەقام و بەڕێوەبەری ناحیەكانی هەرێم بە هەمان ئەو مەرج و پلە و ئەرك

و دەسەڵاتانەی لە یاسای پارێزگاکان دەق نووسکراوە، باسکراوە، لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٩) هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا لە بەشی سێیەم مافی خۆ پاڵاوتندا هاتووە:

ماددەی پێنجەم: یەکەم: ئەوەی خۆی بۆ ئەندامیەتی ئەنجومەنەکان دەپاڵێوێت دەبێت ئەم مەرجانەی تێدابێت:

١- دەبێت عێراقی بێت و شیاوی تەواوی هەبێت، تەمەنی گەیشتبێتە (٢٥) ساڵ لە کاتی خۆ پاڵاوتنیدا.

٢- دەبێت پاڵێوراوانی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و ئەنجومەنەکانی قەزاکان بە لایەنی کەم بڕوانەمەی ئامادەیی یان هاوتەکەیان هەبێت، پاڵێوراوانی ئەنجومەنە خۆجەییەکانی ناحیەکانیش بڕوانامەی بنەڕەتی یان هاوتەکەیان هەبێت.

لە خاڵی چوارەمدا دەڵێت رۆڵەوی یەکە ئیدارییەکەبن و لە تۆماری دەنگدەرانی ناو بازنەی هەڵبژاردندا ناویان تۆمارکرابێت، واتە قایمەقام و بەڕێوەبەری ناحیەکانیش دەبێ رۆڵەی یەکە ئیدارییەکانبن و لە تۆماری دەنگدەراندا ناویان تۆمارکرابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لیژنە بەشێکی روون کردەوە، بەلأم دوو خاڵ هەبوو، یەکەمیان: سەبارەت بەوەی (٣) کەس بێت، دیارە ئەگەر بوو بە زیاتر دەبێ بە رێگای (C.V) و خۆ پاڵاوتن بێت، ئەم قانونە شتێکی کاتیە، قسە لەسەر ئەوە دەکرێت کە بە پێی ئەو ئیتیفاق و تەوافوقانەی کراوە پارێزگار ئەو ناوەی کە پێشکەشی دەکات پێشکەشی ئەنجومەنی دەکات، بۆیە ئەو خاڵە لەسەر یەك هەڵگیرساوەتەوە، ئەگەر بوو بە دوو، سێ، دەبێ لە رێگای (C.V) کردنەوە و خۆ پاڵاوتن بێ و ئەمەش لە رابردوو تەجروبەی ئەوەمان بینیوە کە سەرکەوتوو نەبووین، چونکە لەسەر ئیستیحقاقی لایەنە سیاسییەکان دانراوە، لەسەر ئیدارە من پشتگیری لە سەد لە سەدی رەئی هەموو ئەو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە دەکەم کە لەسەر ئیدارە کرا، نە لە یاسا و نە لە دەستووردا باس نەکراوە، ئەوەی کراوە بە بڕیارێکی حکومەتە، ئەگەر لاش بچێ هیچ خەلەلێك دروست نابێت، چونکە بۆ نموونە بابڵێین ئەو مەنتیقەی ئیدارەی تێدایە ناوەکە دەدات بە ئەنجومەنی ئەو پارێزگایەی کە سەر بەوە، بۆ نموونە ئەگەر تۆ بتەوێ لە رانیە قایمەقامێك دابنێی دەیدەی بە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بابڵێین پارێزگاری سلێمانی پێشکەشی دەکات بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و دادەنرێت، هەمان رۆتینە، هیچ فەراغێکی قانونی یاخود هیچ گرفتێك نە بۆ تەوافوقاتەکان و نە بۆ دانانی قایمەقام و بەرێوەبەری ناحیەکان لە ناوچەکاندا دروست نابێت، بۆیە ئەگەر لابچێ بە دەنگدان ئێوە خۆتان قەراری لەسەر دەدەن، بەلأم ئێمە پشتیوانی لێدەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك رابوون زۆر بە کورتی، تکایە، فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەرلەمانتارە بەڕێزەکان، قسەکانی من تەئکید کردنەوە و پشتگیری کردنە لە ناوەڕۆکی قسەکانی بەڕێز گۆران ئازاد، خۆتان دەزانن باردۆخی کوردستان بە دۆخێکی نا تەبیعی دەڕوات، لە بنەڕەتەوە ئەو پڕۆژە بڕیارەشمان کرد و پێشنیارمان کرد، بەڕێزت لە سەرۆکایەتی پەرلەمان، دەستتان هەبوو لە نووسینەوەی مسوەدەکە بۆ هاوکاری کردنی پرۆسەی سیاسی بوو لە کوردستان، بۆ هاوکاری کردنی قیاداتی حیزبە سیاسییەکان بوو کە ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان پشتگیریان بکەین، هاوکاریان بکەین، بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی پێش بخەین، شتێکی نا جۆرە ئێمەی پەرلەمانتار لە پەرلەمان تەگەرە بۆ قیاداتی سیاسی دروست بکەین، بۆیە من پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز گۆران ئازاد دەکەم، لە بنەڕەتەوە بۆ ئەو رێکەوتن و ئیتیفاقیاتانە پێشنیار کراوە کە لە نێوان هێزە سیاسییەکان هەیە، ئەگەر ژمارە یەك دابنێ بکرێ بە سێ کێشە دروست دەکات بۆ هەموو رێکەوتنە سیاسییەکان، بۆیە لەگەڵ ئەوەم بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئێستا پێداگرتن لەسەر قسەکانی بەڕێز گۆران ئازاد هەر وەك بە ژمارە یەك کاندید بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ابو کاروان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من روونکردنەوەکەی لیژنەی یاساییم پێ قەبول نییە، لەگەڵیان نیم، لەبەر ئەوەی بەڕێزیان دەڵێن پارێزگا تەقدیمی دەکات، من پرسیارەکەم ئەوەیە پاڵێوراوە کێ تەقدیمی پارێزگای دەکات؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.سراج فەرموو.

**بەڕێز د.سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەی ئیداری ئەنجومەنی نییە تاوەکو بتوانێتن کەسێك هەڵبژێرێ، لەبەر ئەوەی ئێمە عینوانی ئەوەی کە باسی دەکەین موخالیفی عینوانی ئەو پڕۆژە بڕیارەیە، پڕۆژە بڕیارەکە باسی هەڵبژاردن دەکات، یەکەی

ئیداری مادام ئەنجومەنی نییە چۆن دەتوانێ هەڵبژاردن بکا لەناو خۆیدا؟ هەتا سەرپەرشتیاری ئیدارەش، کەواتە من پاڵپشتی قسەکانی کاك گۆران ئازاد دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی دەیخەینە دەنگدانەوە ئێستا، کێشەکە ئەوەیە کە سەرپەرشتیاری ئیدارە بە قانون رێك نەخراوە، ئەسڵەن خۆی چۆن دادەنرێت؟ تەنانەت لێرەش تەعریفی نەهاتووە، چۆن کە خۆی نازانێ چۆن دادەنرێت لێرە دەسەڵاتی پێ دەدەی، ترشیح بکات، سەبارەت بەوەی کە پارێزگار لە کۆیی دەهێنێت کاك (ابو کاروان)؟ من هەر بۆ روونکردنەوەیەك بە بەڕێزتانی دەڵێم، یەعنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیش کە قایمەکەی پێشکەش بە پەرلەمان دەکات و خۆی دەڕوات و موشاوەرە دەکات و ناوی کاندیدەکان دەهێنێت و پێشکەشی پەرلەمانی دەکات، یەعنی پارێزگار دەسەڵاتی ئەوەی پێ دراوە وەکو کابینەکەی خۆی لە قایمەقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان بیان هێنێت پێشکەشی ئەنجومەنی پارێزگاکانی بکات، راستیەکەی ئەوەی کە جەنابتان باستان کرد بە تەواوەتی لەگەڵ دیموکراسی گونجاوە، باسی سێ کاندیدتان کرد، لە دەقی پڕۆژە ئەسڵیەکەشدا بەو شێوەیە، بەلاَم خودی پارێزگار و ئەنجومەنی پارێزگاکان داوایان کردووە ئەوەی کە من بزانم داوایان کردووە لە لیژنە پەیوەندیدارەکان کە (٣) کاندید نەبێت، یەك کاندید بێت، چونکە ئەوان باسی ئەوەیان کرد تەبعەن لە دەقی پڕۆژە بڕیارە ئەسڵیەکەدا ئەوەی تێدایە کە زیاتر لە یەك کاندید پێشکەش بە ئەنجومەنی پارێزگا بکرێت، هەروەها ئەگەر لە جەولەی یەکەمدا بە زۆرینەی رەها یەکلا نەبوویەوە، دوو کاندید کە دەمێننەوە دەنگدانیان بۆ بکرێ بە زۆرینەی سادە هەڵبژێرێن، بەلاَم ئەنجومەنی پارێزگاکان و پارێزگارەکان بە لیژنەکانی پەرلەمانیان راگەیاندووە، بە ئێمەیان راگەیاندووە کەس ئامادە نییە بە شێوەیەکی سوەری ناوی تەقدیمی ئەنجومەنی پارێزگاکان بکرێت، واتە ئیتیفاقات هەیە پێش وەخت لەسەر دانانی کەسەکان، کەس ئامادە نییە بە سوەری ناوی پێشکەش بکرێ و دوایی ناویشی دەرنەچێت، ناوی نەبێت، یەعنی سەرکەوتوو نەبێت لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا، بۆیە ئەوان داوایان لە پەرلەمان کردووە بۆ کار ئاسانیکردن، بۆ ئەم پڕۆسەیە، بۆ ئەوەی کەس ئیحراج نەبێت ناوی یەك کەس پێشکەش بکرێت، ئەو پێشنیارانەی کە کرا کە ئیدارەی سەربەخۆ لابرێ، ئەوە روونکردنەوە درا کە قایمەقام لە دانیشتوانی قەزاکە بێت کە ئەوە هەر لە یاساکەدا هەیە، لەسەر سوێند خواردن باسکرا کە سوێند خواردنیان لەبەردەم وەزیرە، پێشنیارێکی تر کرا لەلایەن بەڕێز د.شێرکۆ جەودەت لە ماوەی (١٥) رۆژدا ئەگەر وەزارەت وەزیری ناوخۆ و ئەنجومەنی وەزیران فەرمانەکەی دەرنەکرد چی دەبێت؟ لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ نازانم وەلاَمی ئەم پرسیارەتان دایەوە، ئەگەر لە ماوەی (١٥) رۆژدا وەزیری ناوخۆ و ئەنجومەنی وەزیران فەرمانەکەی دەرنەکرد چی دەبێت؟ ئەو دەسەلاَتە لەوێدا کاشفە، دەسەلاَتی لێرە (کاشف)ە، (منشأ) نییە، ئەوە قانونییەکان باشتر لەمە شارەزان، دەسەلاَتی (منشأ) ئەنجومەنی پارێزگاکانن کە دەنگی پێ دەدەن، ئەوەی ئەو بڕیارەی کە لە ئەنجومەنی وەزیران دەردەچێت

کاشفە، واتە هەر دەبێت دەربچێت، یەعنی ئەنجومەنی وەزیران سەلاحیەتی ئەوەی نییە رەفزی بکاتەوە، سەلاحیەتی رەفزی نییە، بەڵێ، د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صوفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دائیمەن ئەوەی من زانیبێتم مەرسوم کاشفە، بەلأم فەرمان (امر)، یەعنی تەواوکەری سیلسیلەی ئیداریەکەیە، ئەگەر بێتو مەجلیسی پارێزگا دەنگیشی دابێت، مادام بە فەرمان دەردەچێت لە مەجلیسی وەزیران، هەتا فەرمانەکە دەرنەچێت بە تێڕوانینی من لەبەر ئەوەی مەرسوم نییە دائیمەن مەراسیمی هەرێمی یان مەراسیمی جمهوری ئەوانە کاشفن، ئەگەر مودەی قانونی تێپەڕبوو، دەرنەچوو، بە دەرچوو حیسابە وەکو ئەوەی بابڵێین قانونێك کە لێرە دەڕوات ئەگەر بێ دەنگی کرد یان وەکو ئەوەی قانون پەسەند بکرێ، بەلأم مادام فەرمانە و لە جیهەتی تەنفیزیشە من پێموانییە بەبێ فەرمان ناتوانێ بەڕێوەبەری ناحیە یان قایمەقام دەست بەکاربێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

راستە، مەرسوم کاشفە، لێرە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانە، وایە فەرمانی دامەزراندنە لە ماوەی (١٥) رۆژ، لیژنەی یاسایی راتان چییە لەسەر ئەو بابەتە؟ نوقتەیەکی نیزامی هەیە؟ کاك مەردان فەرموو.

**بەڕێز مەردان خدر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیارەی من کو قایمەقام خەڵکی هەمان قەزا بێت، راستە لە قانوندا هاتووە، بەلأم بە حوکمی هەندێ قانون جێبەجێ نەبووە، هەڵبژاردن نەهاتینە کرن، هەتا نووکە زۆر حاڵەت مەیێ هەی قایمەقام و بەڕێوەبەری ناحیە دێنە دانان و خەڵکی وێ قەزایێ و ناحیەیێ نینە، ژبەر هەندێ لێرە ئەگەر بە نەسێکی سەریح ئەم ئیشارەتێ پێ نەدەین ئەڤ حاڵەتە دێ بەردەوام دبیت هەتا هەڵبژاردن دێنە کرن....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەزانی کاك مەردان بڕگەی یەکەم لە ماددەی دوو لە راپۆرتەکە تێیدایە دەڵێ قایمەقام و بەڕێوەبەری ناحیەکانی هەرێم بە هەمان ئەو مەرج و پلە و ئەرك و دەسەلأتانەی لە یاسای پارێزگاکان دەق نووسکراون بە زۆرینەی رەهای دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان هەڵدەبژێردرێن، یەعنی تێیدایە بە هەمان ئەو مەرج و پلە و ئەرك و دەسەلأتانە، بەڵێ، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس (١٥) رۆژەكە لاببەن، كێشەكە حەل دەبێ، يەعنى دەبێ فەرمانەكە دەربكرێت، پێويست ناكات (١٥) رۆژەكە دابنرێت....

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەگەر هەر (١٥) رۆژيش نەبێت دەسەلأتەكە لەبەردەميدا كراوە دەبێت.

**بەڕێز عمر عينايەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر چار نييە، يەعنى دەبێ هەر وابێت، ئەو (١٥) رۆژە پێويست ناكات، بە (١٥) رۆژ تەحديدی بكەی، (١٥) رۆژەكە لابرێت ئەنجومەنی وەزيران ئەمرەكەی بۆ دەردەكات، تەواو، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە كێشەيەكی تر هەيە تا ئەوە حەل دەبێت لەسەر ئەوە قسە بكەين، ئێمە ئەسەڵەن لە ئەسڵدا گرفتەكە ئەوەبوو يەكەم دانيشتنمان كە لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ و سەرۆكی ئەنجومەنی پارێزگاكان كرد هيچ رەبتێك بە ئەنجومەنی وەزيران و وەزارەتی ناوخۆ نەدرابوو، وەزارەتی ناوخۆ قسە لەسەر ئەوە كرا ئەو كەسانە مەسئولی ليژنەی ئەمنينين لەو شارانە، هەموو هێزە ئەمنيەكان سەر بە وەزارەتی ناوخۆن، بۆيە زەرورە ئەو دەسەلأتە فيعليە بۆ دانان و قەبول كردن و رەفەز كردنەوەكە لەلای خۆدی ئەنجومەنی پارێزگاكان بێت، بەلأم لەبەر ئەوەی لە قانونەكەشدا هاتووە كە لە رووی هەيكەليەتی ئيداری و بابڵێين تەرقيات و كۆمەڵێك رۆتيناتيان هەيە سەر بە وەزارەتی ناوخۆن، با ئەمرەكە بدرێتە وەزارەتی ناخۆ دەری بكەن، واتە گرفتەكە لەوەدايە بە فيعلی لە ئەسڵدا دەسەلأتەكە بۆ ئەنجومەنی مونتەخەبە بۆ دانانی ئەم قايمەقام و بەڕێوەبەری ناحيانە، بەلأم لەگەڵ ئەوشدا خەلەلێكی قانونيمان هەيە كە موعالەجەی مەرجەعيەتی ئەنجومەكان نەكراوە سەر بەكوێن، لەبەر ئەوەی بەو مانايەی ئەوانە گەل هەڵبژاردوون، بۆيە ئەم حاڵەتەی بۆ دانراوە، لەم حاڵەتەش (١٥) ڕۆژبێ ياخود (١٥) ڕۆژنەبێ واجبە لەسەر وەزارەتی ناوخۆ ئەمرەكە دەركا، بەلأم ئەمرەكە ڕەت ناكەنەوە ...

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ايوب فەرموو.

**بەڕێز ايوب عبدالله اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر لابردنی (١٥) ڕۆژەکە ئێمە وەڵامەکەمان ئەوەیە لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢دا لە ماددەی (٢٣) بڕگەی (٣)دا هاتووە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران فەرمانێکی وزاری بە دامەزراندنی هەریەك لە قائیمە قام و بەڕێوبەری ناحییەکان لەماوەی (١٥)ڕۆژ دوای هەڵبژاردنیان لەلایەن ئەنجومەنەکانەوە دەردەچوێنێ، یەعنی تۆ لایبەی و لاینەبەی هەر مەحکومە بەوەی کە دەبێ لە (١٥)ڕۆژەکەدا ئەو بڕیارە دەرچێ ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لێرەیا کەواتە ئەوەی کە هاتووە لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا تەحدیدکردنی کاتە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، بۆ وەزارەتی پەیوەندیدار، بۆ ئەوەی لە ماوەی ئەم (١٥)ڕۆژە دەریکا زیاتری پێنەچێ ئەوە پەیوەندی بەوەوە هەیە، ئیدارەی سەربەخۆ ئەخەینە دنگەوە کێ لەگەڵ ئەوەیە ئیدارەی سەربەخۆ لابرێ؟ ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان داوایان کرد، با مولاحەزەی کاك سالاریش وەربگرین فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام ئەم دەستەواژەیە ئەخرێتە دەنگدانەوە بەمانەوەو لاچوونی زۆر پرۆسەو مەسەلە ئەگۆڕێ، هیوادارم دەرفەتم بدەی چەند تەوزیحێك بدەم، بابەتی مەسەلەی ئیدارە لە کوردستاندا واقعێکە لەسەر بنەمای شۆڕکردنەوەی سەلاحییەت و نەهێشتنی ڕۆتینەوە هاتووتە پێشەوە، ئەگەر قسە لەسەر مەسەلەی دەستووری بوون و دەستوور نەبوونی ئیدارەکانە بەڕاستی ئەبێ کاتێك قسە ئەکەین لەسەر دەستوور لە پەرلەمانا ئەبێ کۆی پرۆسەی دەستووری وەکو یەك تەمەشا بکرێ نەك لە کوێدا بەرژەوەندیم هەبوو وەری بگرم، لەکوێدا بەرژەوەندیم نەبوو وەرینەگرم، بۆ نموونە من پێشنیارم کرد عنوانی یاساکە بگۆڕدرێ ئەگەر سەد لە سەد دەستووریانە بیری لێبکەینەوە عنوانی یاساکەمان گۆڕی، بەڵام سەد لە سەد دەستووریش نییە، بۆ؟ چونکە بەپێی ماددەی (١٤٠) ئەو ناوچە کوردستانیانەی دەرەوەی هەرێم هێشتا ئەبێ بەپێی دەستوور مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ ، بۆیە قسە بوون لەسەر مەسەلەی ئیدارە بەپێی هەیکەلی ئیدارە لە ناحییەوە بۆ قەزا بۆ پارێزگا ئیدارەکان واقعن نەك بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران، لەم پەرلەمانە بەڕێزە یاسامان هەیە ، یاسای وەزارەتەکان ، هەیکەلی یاسای وەزارەتەکان هاوشێوەی پارێزگاکان ئیدارەی گەرمیان بۆ نموونە بە پارێزگا هاتووە، لە یاسای بودجە ، لە چەندین ساڵ و چەندین خولدا لەم پەرلەمانە لەناو ئەم هۆڵە دەنگی دراوەتێ ئەمری واقیعە و چەسپیوە ئەگەر قسە لەسەر موحاسەسەی سیاسی و حزبیشە، ئەم یاسایە لەسەر ئەو بنەمایە تەوافوقی لەسەر کراوە لە ناو بەندی ئیتیفاقاتی هەرچەندە من زۆر شەرم ئەکەم قسە لەسەر ئەم بەندە بکەم، چونکە ئەم یاسایە بۆ هەموو هەرێمی کوردستانە بۆ پارێزگایەك و دووان نییە، بەڵام ئەگەر قسە لەسەر ئەوەبێ ئیدارەکانیش لەناو ئەوز ئیتیفاقە سیاسیانەدا هاتووە، بۆیە لابردنی مەسەلەی ئیدارە ئیشکالێکی سیاسی دروست ئەکات، زۆر سوپاستان ئەکەم.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، خۆی ئەوە ئەندامانی پەرلەمان خۆتان ئەو مەوزوعە یەکلائەکەنەوە تەبعەن لابردنی لێرە یان هێشتنەوەی هیچ لە واقیعەکە ناگۆڕێ، چونکە ئیدارەکان هەن بمێنێ لەم بڕیارە نەمێنێ، لەبەر ئەوەی کە هەیە تەنانەت لێرەشدا لابرێ هەر ئەمێنێ، هەبێت لێرەشا هەر ئەبێ ، یەعنی هیچ کێشەیەك نییە بۆ ئەوەی بزانن، کاك فەرهاد قسەت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حەمە ساڵح (فەرهاد سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە شتەکە بەسەر من و بەسەر زۆربەی ئەندامانی پەرلەماندا تێپەڕیوە کە ئەڵێ بە پێی ئەو مەرج و پلەو ئەرك و دەسەڵاتانە، لە ڕاستیدا من پێم سەیرە لە شەستەکان و پەنجاکانا قائیمەقام لە چەمچەماڵەوە ئەچوو بۆ ئاکرێ یان لە زاخۆوە ئەهات بۆ گەرمیان و سلێمانی، ئێمە بگەڕێنەوە بۆ ئەو کاتەی ئێستا ئەبێ قائیمەقام و مودیرناحییەکە کوڕی شارەکەبێ یان ناوچەکەبێ ئەوە مەرجێکە زۆر خراپە ئەبێ ئێمە لێرە ئەوە قبۆڵ نەکەین کە تێپەڕێ، یەعنی بگەڕێنەوە بۆ پەنجا ، شەست ساڵ لەمەو پێش لەبەر خاتری فلان با بڵێ کوڕەکەی من قائیمەقام بێ یان مودیر ناحییەبێ ئەمە چییە؟

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك فەرهاد سەنگاوی پەیوەندی بەوەوە نییە ، پەیوەندی بەوەوە هەیە قائیمەقام دەبێ دانیشتووی ئەو شارە بێ و لەوێ بمێنێتەوە بۆ ئەوەی ئاگای لە ئیش و کاری خەڵکەکە بێ نەك پەیوەندی بە مەسەلەی بنەماڵەو ئەوانە هەبێ، کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر وشەی ئیدارە هەر زیانەکی هەبی ئێمە ئەبێ ئەندامانی پەرلەمان لە لیژنە مەعنییەکان ئەوەندە حەریسی نیشتمانی و پرۆفیشناڵی ئیشی خۆمان هەیە پێشنیاری ئەوە بکەین ئەو وشەیە لانەچێ ئەمە یەك، دوو" ئەگەر باس لە ئیدارەی گەرمیان دەکرێ، ئیدارەی گەرمیان بە فەرمی ئیستسنا دەکا لە ئەسڵی قانون، بەقانونیش لە یاسای وەزارەتەکان حەقی پێدراوە کە ئیدارات مودیرییەتی عامی هەبێ، بەلاَم لە هیچ قانونی وەزارەتەکانی تر قسە لەسەر ئیدارەی سەربەخۆ نەکراوە کە مودیریەتی عامیان هەبێ، ئێستا یەك نموونە جگە لە گەرمیان کە ئیستسنائە لە ئەسڵدا یەك نموونەی عەمەلیمان هەیە ئەویش بریتییە لە ئیدارەی ڕاپەڕین، حەزم لێیە ئەو برادەرانەی کە لە نزیکەوە لەسەر ئیدارە دەیانەوێ قسەبکەن با بچن سەردانی ئیدارەی ڕاپەڕین بکەن بزانن بە فیعلی ئیدارەی ڕاپەڕین لەو کاتی تا ئێستا توانراوە هەیکەلیەی ئیداریەتی مودیریەتی عامەکانی لەو شارەدا دروست بکرێ، لەبەر ئەوە گرفتی قانونی هەیە لەسەر ئەو مەوزوعە، ئەگەر ئێمە حەریسیشین دەسەلاَت شۆڕکەینەوە لا مەرکەزی و ئیدارە کارێکی باشە، فەرموو پرۆژە یاسایەك پێشکەش بکەن قسە لەسەر هەمواری پارێزگاکان بکەن، ئەوەی کاك فەرهادیش دەیڵێ زۆر زۆر دروستە پشتیوانی دەکەین کە قائیمەقام و مودیر ناحییەکان و پارێزگاکانیش تەنانەت دەسەلاَتیان زۆر

زۆر كەمە وە گرفتیان هەیە، بەلاّم هەموو ئەمانە بە پڕۆژە یاسایەكی تر موعالەجە دەكرێ كەوا دەسـەلاّتی قائیمەقام و مودیرناحیەكان چۆن زیاد كەین، پرسی ئیدارەكان چۆن چارەسەر بكەین ئـەم مەوزوعـە تـەنها بریتییـە لەسـەر ئـەوەی ئیـدارە نـاوی كاندیـدی ناحیەكـەی پێشـكەش بكـا یـاخود موحـافیز، لەبـەر ئـەوەی ئیـدارەی سـەربەخۆ نییـە ناوەكـە دراوە بـە موحـافیز لـە هـەموو شـارێكیش شـوكر موحـافز و ئەنجومـەنی مونتەخەب هەیـە، بۆیـە ئەگـەر خەلـەلێكی قـانونی دروسـتكراوە دڵنیابـە ئێمـە پێشـنیاری ئـەو ڕەئییـەمان نەدەكرد و دوا ڕەئیش بۆ ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێزە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سـوپاس، تەبعـەن هـەموو ئەنـدامانی پەرلـەمان ئـازادن لـەوەی ڕای خۆیـان بڵـێن بـەو شـێوەی كـە لێـی تێئەگەن ، بۆیە دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمان، ڕا جیاوازەكان یەكلادەكاتـەوە كـێ لەگـەڵ ئەوەیـە ئیـدارەی سـەربەخۆ لـە دەقـی ماددەكـە لابـبرێ؟ سـەر پەرشـتیاری ئیـدارە، كـێ لەگـەڵ ئەوەیـە لابـبرێ؟ (٥٦) كـەس لەگەڵیەتی لاببرێ، كێ دژیەتی كە لاببرێ؟ (٤) دژیەتی ، كەواتە لائەبرێت، سەرپەرشتیاری ئیدارە لا ئەبرێ، گۆڕانكاریـەكانی تـر لـە ڕووی سـیاغەوە، تكایـە ئەگـەر ئەنجامـدراوە دەقـی ماددەكـە بخوێننـەوە بـۆ ئـەوەی بیخەینە دەنگەوە فەرموون.

**بەڕێز د. ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

**یەكەم:** قائیمەقام و بەڕێوەبەری ناحیەكانی كوردستان - عێراق بە هەمان ئەو مەرج و پلەو ئەرك و دەسەلاّتانەی لە یاسای پارێزگاكان دەق نووس كراون بەزۆرینەی رەهای ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاكانی هەرێمی كوردستانی عێراق هەڵدەبژێردرێن لە ماوەی (١٥) رۆژ دوای پێشكەش كردنی ناوی یەك پاڵێوراو لە لایەن پارێزگار.

دووەم: بەڵێ برگەی سێیەم دەبێ بە برگەی دووەم " ئەگەر پاڵێوراوەكە زۆرینەی پێویستی بە دەست نەهێنا، پارێزگار لە ماوەی (١٥) رۆژدا ناوی كاندیدێكی تر بە هەمان میكانیزم رەوانەی ئەنجومەنی پارێزگا دەكات، ئەو میكانیزمە بەردەوام دەبێت تا كاندید دەنگی پێویست بە دەست دێنێ.

سێیەم: ناوی هەڵبژێردراو لە رێگەی پارێزگا بەرز دەكرێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ بە مەبەستی بەرز كردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ دەركردنی فەرمانی دامەزراندن لە ماوەی (١٥) رۆژ لە هەڵبژاردنی.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جا ئەو هەڵبژێردراوە ئەبێ بكرێ بە پەسندكراو.

**بەڕێز د. ڤالاّ فەرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕوونکردنــەوەمان دا، وتمــان لــە هەرشــوێنێك هەڵبــژاردن و هەڵبــژێردراو هــاتبێ دەکــرێ بــە پەســندکراو پەسندکرا.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە لێرەشا بەو شێوەی لێدێت برگەی سێیەم ناوی پەسندکراو لە ڕێگای پارێزگا بەرزدەکرێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ، ئەیخەینە دەنگەوە کێ لەگەڵیەتی؟ (٦١) کەس لەگەڵیەتی ، کێ دژیەتی؟ (٤) کەس دژیەتی کەواتە پەسندکرا، ماددەی سێ.

**بەڕێز ڤالاً فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم:

یەکەم: قائیمەقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان لە ژێر چاودێری ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمدا دەبن، بە هەمان میکانیزمی چاودێری کردنی پارێزگار وەك لە برگەی (٢)ی مادده (٦) لە یاسای پارێزگاکان ئاماژەی بۆ کراوە.

**دووەم:** قائیمەقام و بەڕێوەبەری ناحیەکانی هەرێم لەلایەنی کارگێڕیەوە پەیوەست دەبن بە وەزارەتی ناوخۆ لە ڕێگای پارێزگاکان، پارێزگار یان وەزیری ناوخۆ بۆی هەیە داوای لادانی قائیمەقام یان بەڕێوەبەری ناحیە بکات لەسەر کار لادانیان بە زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا دەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسە هەیە لە سەر ماددەی سێ؟

**بەڕێز فخرالدین قادر/ سکرتێری پەرلەمان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سەر مــاددەی ســێیەم ئــەم ئەنــدام پەرلەمانانــە گفتوگۆ دەکــەن، قــادر ئۆتمــان، ابــوبکر هەڵــەدنی، بــەهزاد دەرویێش.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز کاك قادر ئۆتمان فەرموو فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێ، برگەی یەك و برگەی دوو بــە رای مــن دژ بــە یــەکن، لــە برگــەی یەکەمــدا لادانــی قایمەقام و مودیری ناحیەکان با وەکو لە ماددەی شــەش برگــەی دوو دا هــاتووە بــە (دوو لــە ســەر ســێ) لــە لایەك ئەوان مافی لادانیان هەیە، لــە لایــەکی دیکەشــەوە کــە پارێزگــار و وەزیــری نــاوخۆش مــافی ئــەوەیان، دەسەڵاتی ئەوەیان پێ دەدرێت کە داوای لادانیان بکەن، ڕاستە لێرەدا دەگەرێتەوە بۆ ئەنجومەنی پارێزگا کە

پێویستی بە دەنگی زۆرینەیە لەوانەیە ولأمەکە ئەوە بێت کە ئەوان راستەوخۆ لە لایەن خەڵکەوە هەڵنەبژدراون، بەڵکو بە دەنگدانی ناراستەوخۆ لە لایەن ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە پەسەند کرا بێ، بەڵام سەیرە، یەعنی لە دوو جیهەت مافی لادانیان هەیە، ئەوەی پارێزگار و وەزیری ناوخۆ لە چ حاڵەتێکدا دەتوانن کە داوای لادانی قایمەقام و مودیری ناحیەکان بکەن، خۆ چەندە لە وڵاتی ئێمە کەس لە سەر هۆیەکانی لابردن لا نەدراوە، دڵنیاشم کەس لا نادرێ لەو قۆناغەشدا، خۆ ئەگەر وابێ ئەوە وەزیر و قایمەقام و مودیر ناحیەکان دەبن بە پۆڵی خویا، لە لایەکی دیکەوە برگەی یەکەم پێویست ناکات، چونکە لە ماددەی سی و دوو (٣٢) یاسای پارێزگاکاندا هاتووە دەشێ ئەندامانی ئەنجومەنی خۆجییەکان و سەرۆکی یەکە کارگێریەکان و قایمەقام و بەرێوەبەری ناحیەکان لە لایەن ئەنجومەنی پارێزگای پەیوەندیدار بە زۆرینەی (دوو لە سەر سێ) ژمارەی ئەندامان لە کار لابرێن لە بەر ئەو هۆیانەی کە لە برگەی دووەمی ماددەی شەشەمی ئەم یاسایەدا هاتوون، کەواتە زەرور نییە برگەی یەکەم، چونکە تەنها وشەی چاودێری یە، وەختێکیش ئەوان مافی لادانیان هەبێت مافی چاودێری کردن و سانسۆر بوونیشیان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێز کاك ابوبکر هەڵەدنی فەرموو.

**بەرێز ابوبکر عمر عبد الله (ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە لە برگەی یەکەم دەستەواژەیەك زیاد بکرێت یان بکرێتە برگەیەکی سەربەخۆ سەبارەت بەو سوێندخواردنەی کە لە یاسای پارێزگاکاندا هاتووە.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە تۆزێك بوەستە تا ئەندامانی پەرلەمان بێ دەنگ ئەبن، فەرموو.

**بەرێز ابوبکر عمر عبد الله (ابوبکر هەڵەدنی) :**

ئەو سوێند خواردنەی کە لە یاسای پارێزگاکاندا هاتووە قایمەقام و بەرێوەبەری ناحیەکان لە بەردەمی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا بیخۆن مادام لە ژێر چاودێری ئەواندان، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێز کاك بەهزاد دەروێش فەرموو.

**بەرێز بەهزاد دەروێش:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل دەستپێكا ماددێ ئێكێ من بەحس كر كو ئیزافەك یا هەی، هەر چەندە مامۆستا ابوبكر نووكە بەحس كر بەس ب شێوازەكێ دی بەحس كەم، ئەڤ پرۆژە بریارە هاوسەنگیەكێ دپارێزیت مابەینا ئەنجومەنێ پارێزگای و مابەینا دەسەڵاتا پارێزگاری بخۆ، بەر هندێ دامەزراندن عائیدێ پارێزگار و وەزارەتا ناوخۆیە بەر هندێ مە پێ باشە تەئكیدێ ل ڤێ خالێ بكەمەڤە، سویندخواردنەكە بەردەم ئەنجومەنی پارێزگای بیتن و ڤی شێوازەی بیتە برگا ئێكێ ماددەی سێ ڤێ شێوازەی بێتە نڤیسین قایمەقام و بەرێوەبەری ناحیە سویندا یاسای بەردەم ئەنجومەنی پارێزگای بخۆینن وەكی برگا یەك ل ماددا شانزدێ (١٦) دا هاتیە یاسا پارێزگاكان، ڤێ شێوازەی بێتە نڤیسین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دكتۆر شێركۆ فەرموو.

**بەڕێز د. شێركۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیازەكەی من ئەوەیە ناكرێ لێرە، مادام تا ئێستا هەڵبژاردن نەكراوە، واتە ئەنجومەنی قایمەقام و ئەنجومەنی ناحیە نییە ناكرێ با بڵێین بنووسرێت بەرێوەبەری فەرمانگەكان ئەنجومەنێك لە گەڵ قایمەقامدا پێك بێنن بۆ دانانی پرۆژە و مەشاریع و چاودێری كردنی یا خود بە لایەنی كەم دانانی پرۆژە و مەشاریع و ئەو بودجەیە كە تایبەتە بەو شوێنەوە بەو قەزایە یا خود بەو ناحیەوە، بۆ نموونە قەزایەكی وەكو دەربەندیخان چەند فەرمانگەیەكی تێدایە، سەرۆكی ئەم فەمانگانە لە گەڵ قایمەقامدا ئەنجومەنێك دروست بكرێن و با بڵێین ئەو بودجە و پارە و هەموو ئەو تەمویلانەی بۆ ئەو قەزانەیە ئەچێت بەیەكەوە پلانی بۆ داینێن و ئیشی لە سەر بكەن و خەرجییەكانیان بكەن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، تەبعەن ئەوە دەبێت بە ماددەیەكی سەربەخۆ ئەگەر شتێكی وا بكرێت، فەرموون لیژنە پەیوەندیدارەكان راتان چییە لە سەر رای ئەندامانی پەرلەمان؟

**بەڕێز د. بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی كە گوایە برگەی یەكەم و دووەم دژ بە یەكن یان دوو كەس، دوو لایەن دەسەڵاتی لادانی قایمەقام و بەرێوەبەری ناحیەكانی هەیە، لە راستیدا برگەی دووەم وەزیری ناوخۆ پارێزگار تەنها داوا ئەكەن بەس داوا ئەكەن، یەعنی دەسەڵاتەكە (لا فی كل الاحوال) لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگادایە لە دەسەڵاتی ئەواندا نییە، بەڵام لە بەر ئەوەی لە رووی كارگێڕییەوە پابەندن بەوانەوە، بۆیە ئەوانیش بۆیان هەیە تەنها داوا بكەن و برگەی دووش لە ماددەی شەش لە یاسای پارێزگاكان ئەو دوو دەسەڵاتەی داوە بە ئەنجومەنی پارێزگاكان كە لە گەڵ چاودێری كردندا دەسەڵاتی لادانیشیان هەیە، بۆیە ئەم دوو برگەیە دژ بە یەك نین و دوو لایەنیش نییە كە دەسەڵاتی لادانیان هەیە، تەنها ئەنجومەنی پارێزگایە، سەبارەت

بەوەی کە بتوانرێ قایمەقامەکان لە گەڵ بەرێوەبەری مودیرییەتەکاندا بتوانن پرۆژە یاسا و ئەوانە دابنێن لە راستیدا ئەم یاسایە، یاسایەکی کاتیشە و تایبەتە تەنها بە دانانی مودیر ناحیەکان و قایمەقامەکانەوە، بۆیە لێرە شوێنی ئەوە ناکرێتەوە ئەوە دواتر ئەتوانین لە یاسای ژمارە چوارە (٤) ئەگەر شوێنی بکرێتەوە، سوپاس، ئەگەر هاورێیان روونکردنەوەی تریان هەبێت.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

روونکردنەوەی تر هەیە؟ دکتۆرە ڤاڵا فەرموو.

**بەرێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە سوێند خواردن بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەو بریارە بریارێکی ئیستیسنائیە هەر نوقسانیەکی کە تێدا بێت دەبێت بگەرێنەوە بۆ ئەصلی یاساکە کە یاسای ژمارەی سێ یە لەوێ باس لە سوێندخواردن دەکاتن، لە ماددەی شانزدەم برگەی سێیەم دەڵێ قایمەقام و بەرێوەبەری ناحیە ئەو سوێندەی سەرەوە کە لە یەکەمی ئەو ماددەیەدا هاتووە لە بەردەم وەزیری ناوخۆ بە ئامادە بوونی پارێزگار دەخۆن، بۆیە هەر تەعدیلێك کە بکرێتن پێویستە پرۆژەی هەموار پێشکەش بکرێتن بۆ ئەو بابەتە، لە بەر ئەوەی لە ناو ئەو پرۆژەیەش پێشکەشکراوە بۆ نووسینەوەی بە هیچ شێوەیەك باس لە بابەتی سوێند خواردن نەکراوە، بۆیە مەحکوم دەبێتن بەوەی کە لە یاسای ژمارە سێ دا هاتووە.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ایوب هیچ روونکردنەوەیەکی تر هەیە؟ فەرموو.

**بەرێز ایوب عبد الله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سەر برگەی دووەم کە قایمەقام و بەرێوەبەری ناحیەکانی هەرێم لە لایەنی کارگێرییەوە پەیوەست دەبن بە وەزارەتی ناوخۆ لە رێگای پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان کە ئەوە لا دراوە، پارێزگار یان وەزیری ناوخۆ بۆی هەیە داوای لادانی قایمەقام یان بەرێوەبەری ناحیەکان بکات لە سەر کار لادانیان بە زۆرینەی رەها هاتووە، بەڵام بە پێی ماددەی شەشەم برگەی دووەم دەبێ بە (دوو لە سەر سێ) بێ، پێویستە فیعلەن ئەوەشیان (دوو لە سەر سێ) بێ بۆ ئەوەی ئەو دوو بەندە دژ بە یەك نەبن.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

راستە، تەبعەن ئیدارە سەربەخۆکان لێرە لانەبراوە ئەگەر ئەبێت دەنگدانی لە سەر بکرێت ئیدارە سەربەخۆکان لێرەشی لابىرێت، چونکە لەو ماددەیە لابراوە، ئەوە راستە پارێزگار یان وەزیری ناوخۆ بۆی هەیە داوای لادانی قایمەقام یان بەرێوەبەری ناحیەکان بکات لە سەر کار لادانیان ئەبێ بە پێی هەمان ماددە بێت، ماددەی شەش برگەی دوو، بەڵێ کاك عمر فەرموو.

**بەرێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کە سەرنجماندا لە سەر ئیدارە سەربەخۆیەکان بۆ هەموو یاساکان بوو تەنها بۆ یەك بڕگە نەبوو، یەعنی بۆ هەمو یاساکان بوو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە دەنگدانمان کرد.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

ببورە ئەگەر فەرزی کات لێرە دەرنەچێ، یەعنی سەرکەوتن بە دەست نەهێنێ بۆ لابردنی، کەواتە تەناقوز لە یاساکەدا دروست دەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نە، تەناقوز دروست نابێت، ئەزانی لێرەدا لە تەسەلسولی ئیدارییە، لەوێ یە لە تەقدیم کردنی مورەشەح بوو بۆ ئەو ماددەیە بوو، یەعنی ئێستا ئەتانەوێ ئەیخەمە دەنگەوە بۆ ئەوەی لایبەرین، بەڵام دوو شتی جیاوازە کاك عمر بە ئیجازەت، دوو شتی جیاوازە لەوێ ئیدارەی سەربەخۆ یان سەرپەرشتیاری ئیدارە بۆی هەبوو قایمەقام و مودیر ناحیە تەرشیح کا بۆ ئەنجومەنی پارێزگا، لەوێ لامان بردووە، بەڵام لێرە بۆ سیلسیلەی موراجعەیە لە بەینی وەزارەت و قایمەقام و مودیر ناحیەکانە کە لێرە باسی ئەوە کراوە.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

ببوورە، مەبەستمان ئەو بوو کە یاسای نییە، یەعنی لە پەرلەمانەوە ئەمە دەرنەچووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، ئەوە ئەتوانرێ بخرێتە دەنگەوە، هیچ کێشەیەك نییە، بەڵێ دکتۆرە ڕێواز فەرمووو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئامانج لە قسە کردن لە سەر ئیدارە سەربەخۆیەکان یا بابڵێین لابردنی ئەم وشەیە لەم قانونە هەڵوەشانەوەی ئیدارە سەربەخۆیەکانە با ئەمە روون بێ، وازیح بێ بۆمان و ئەگەر لێسەندنەوەی تەنها صەلاحیەتی تەرشیح کردنە ئەمە مەسەلەیەکی ترە ئەوە دەنگی لە سەر دراوە بڕایەوە، بەڵام ئێستا ئێمە ئەگەر ئەم حەلقەی پەیوەندی یە کە لە نێوان وەزارەتی ناوخۆ و قایمەقامەکاندا هەیە سەبارەت بە قایمەقامی سەر بە ئیدارە سەربەخۆیەکان لاببەین مانای ئەوە لە رووی تەنزیمییەوە ئیدارە سەربەخۆکانمان هەڵوەشاندەوە، ئەگەر بڕیارە قسە لە سەر ئەمە بکەین بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان بۆیان وازیح بێت، چونکە رەنگە بەشێك لە هاورێکانی ئێمە پێشوو تریش دەنگیان دابوو بۆیان وازیح نەبوو کە ئایا ئەمە لابردنی وشەکان مانای هەڵبژاردن لابردنی ئیدارەکەیە بە تەواوەتی؟ یان تەنها لێسندنەوەی یەکێك لە صەلاحیەتەکانە؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی کە جەنابت باس کرد قسەیەکی راستە، ئەگەر ئیدارەی سەربەخۆ هیچ رەبتێك نەبێت لە بەینی قایمەقام و مودیر ناحیە و وەزارەت، ئیدارەی سەربەخۆ هیچ بوونی نەبێت، کەواتە نامێنێت، تەواو دەبێت، کۆتایی پێ دێت، بۆیە ئەمە ئەبێ بیخەینە دەنگەوە، بەڵام ئێوە ئەوە بزانن کە ئیدارەی سەربەخۆ لێرە لابرێت ئیتر هیچ مەهامێکی نامێنێت، ئیدارەی سەربەخۆ هیچ مەهامێکی نامێنێت، چونکە کە لە سولەمی وەزیفی و لە سولەمی هەیکەلەی وەزارەتی ناوخۆدا جێ نامێنێتەوە، لێرە ئیتر وای لێ دێ مودیر ناحیە، قایمەقام، پارێزگار، وەزارەتی ناوخۆ، ئیدارەی سەربەخۆ لێرە بوونی نامێنێت، تەلار خان قسەیەکت هەبوو؟

**بەڕێز تەلار لطیف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان سەرنجی دکتۆرە ڕێوازم هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز کاك گۆران ئازاد فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موڵاحەزەکەی ئەو بەڕێزانە دروستە، بەڵام پێویستە یەك تۆز تەوزیحی کەن، پێشتریش مەسەلەی ئیدارەی سەربەخۆ لە پەرلەمان سولەمی ئیداری و رەبتی بە وەزارەتی ناوخۆ بە یاسا ڕێك نەخراوە بە بڕیارێکی تایبەت لە ئەنجومەنی وەزیران گوتراوە ئەمە ئیدارەی سەربەخۆن سەر بە وەزراەتی ناوخۆن لەم پەرلەمانەدا بە هیچ شێوەیەك قسە لە سەر ئەم تەنزیمە نەکراوە کە ئیدارەی سەربەخۆ لە کوێیە، بۆیە بە دڵنیاییەوە دەڵێم، یەعنی لێرە تێدا بێت، تێدا نەبێت، یەعنی با جارێکی دیکەش تەوزیح کەمەوە لادانی وشەی ئیداری سەربەخۆ وشەکە بوو بە پێشکەش کردنی کاندیدەکە و لێرەش باس بکرێت و باس نەکرێت، لە بەر ئەوەی لە ئەصڵدا تەنزیم و سولەمی ئیداری سەربەخۆ بە قانون ڕێك نەخراوە بە بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران دانرا و بڕیارەکە نافزە و کاری پێ دەکرێ و ئیدارە سەربەخۆکان لە سەر ئەم بڕیارە دەسەڵاتی خۆیان مومارەسە دەکەن، بۆیە لابچێ، لانەچێ ئیدارەی سەربەخۆ وە خۆی مەحفوزە، دەی هێڵنەوە بۆ تەئکید ئەمە شتێکە دیسان دەڵێمەوە رەئی پەیوەستە بە دەنگی ئەندامانی پەرلەمان، بەڵام تەفسیری ئەوەی کە ئەگەر لابچێ ئیدارەی سەربەخۆ نامێنێت، لە رووی قانونی ئەمە وا نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

والله من له سەدا سەد پشتگیری له قسەكانی كاك گۆران ئەكەم، ئەوە له ئەنجومەنی وەزیـران دەرچـووە ئـەو بڕیارە هیچ پەیوەندی له رووی یاساییەوە بە پەرلەمانەوە نییە بوون و نەبوونی، نابێ لەم یاسایەدا وشـەی سەرپەرشتیاری ئیداری یا ئیداری سەربەخۆ هەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەرێز دكتۆرە رێواز فەرموو.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەو بڕیارە كە لە ئەنجومەنی وەزیران دەرچووە، پێش ئەم بڕیارە دەرچـووە، هەم لە رووی زەمەنییەوە، هەم لە رووی قوەتی تەشریعی یەوە قانون قوەتی لە بڕیارێك كە لە ئەنجومەنی وەزیران دەرئەچێ زیاترە، و ئەم قانونـە دوای ئـەو بڕیـارە دەرچووە، ئێمـە ئەگـەر ئـەم حەلقەیـە لاببـەین ئەبێتـە هـۆی لابردنـی ئـەو حەلقەیـەی كـە پێشـتریش لـە نـاو بڕیارەكـەی ئەنجومـەنی وەزیرانـدا ئامـاژەی پێدراوە، یەعنی ئێمە دێین بە لابردنی ئەم وشەیە بەشـێك لـە نـاوەرۆكی بڕیارەكـەی ئەنجومـەنی وەزیـران ئیلغـاء ئەكەینـەوە، چـونكە لـە رووی زەمەنییـەوە دوای ئەوانـە لـە رووی هـەرێمی تەشریعیشـەوە بێگومـان خۆتان ئەزانن پرۆژە بڕیارێك كە لە پەرلـەمان دەرئەچـێ بـە هێزتـرە لـە بـاری قـوەتی تەشـریعی یـەوە لـە بڕیارێك كە لە ئەنجومەنی وەزیران دەرچووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، بەرێز كاك سۆران عمر فەرموو ...

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

فیعلەن ئـەو مەسـەلە هـەڵگرتنی ئیشكالیەتێكی گەورەیـە، هاوتـا كردنـی دەسـەڵاتی ئیـدارەی سـەربەخۆ بـە پارێزگاكان ئیشكال بۆ پارێزگارەكان دروست دەكات، كـە ئـەوانیش هـەمان پەیوەنـدی بـە پۆسـتی قایمقـام و ناحیە بەخۆیانەوە وەكو پارێزگاكان دەبێ، بۆیە ئەگەر ئیدارەی سەربەخۆ شتێكی ئیستسنائی بووە بـۆ ئـەو دوو ناوچەیە، لێرە بە یاسا جارێكی تر ئەو دەسەڵاتەی پـێ دەدەیتـەوە، دەبـێ فیعلـەن وردبـین بـین لـەوەدا بۆیـە پـێم وایـە ئـەو بڕیـارەی ئەنجومـەنی وەزیـران بـۆ ئیـدارەی سـەربەخۆ سـەلاحیەتیان لێـرە هاوتـای پارێزگاكان نەكەین، كە پارێزگاكان ئەنجومەنی هەڵبژێردراو پارێزگاری هەڵبژێردراوی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون ماددەكە بخوێننەوە، فەرموو دكتۆر شێركۆ نوقتەی نیزامی؟.

**بەڕێز د. شێركۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن نـەموت بەڕێوەبـەری فەرمانگـەكان دەسـەڵاتی دانـانی یاسـاییان هـەبێت، وتم ئەگـەر بكرێـت بڵـێین بڕگەیـەكی و بنووسـرێت، بەڕێوەبـەری فەرمانگـەكان لەگـەڵ قائیمقـام یـان لەگـەڵ مـودیری ناحیـە یـان سەرپەرشتی دانانی پلانی سەرف كردنی بودجەو ئەو پرۆژانە بكەن، كە لـە دەسـتوورەكەی خۆیانـدا هەیـە، یـەعنی بـەگوێرەی ئـەو بەدواداچـوونانەی كـە كـراوە لـە ڕاسـتیدا ئـەو دەسـەڵاتە بـەزۆری لای قائیمقـام و مودیری ناحیەیە خەلـەلی زۆری تێدایـە لەڕاسـتیدا، لـەڕووی خـراپ بـەكارهێنانی ئـەو دەسـەڵاتانەوە، بۆیـە بەڕێوەبەری فەرمانگەكان لەگەڵ مودیری ناحیە یاخود قائیمقام بەیەكەوە ئەم كارە بكـەن نـەك دەسـەڵاتی دانانی یاساییان هەبێ لە سنوورەكەی خۆیاندا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو دكتۆرە بەهار.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وتمان ئەم یاسایە جێگای ئەوەنییە، تێگەیشتم لە مەبەستی جـەنابت، بـەس وتمـان ئـەم یاسـایە تـەنها تایبەتە بە دانانەكە، تایبەت نییە بەوەی كە چۆن كاردەكەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە فەرمووو ماددەكە بخوێنەوە.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم:

یەكەم: قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیـەكان لـە ژێـر چـاودێری ئەنجومـەنی پارێزگاكـانی هەرێمـدا دەبـن، بـە هـەمان میكـانیزمی چـاودێری كردنـی پارێزگـار وەك لـە بڕگـەی (٢)ی مـاددەی (٦) لـە یاسـای پارێزگاكـان ئاماژەی بۆ كراوە.

دووەم: قائیمقـام و بەڕێوەبـەری ناحیـەكانی هـەرێم لەلایـەنی كارگێڕییـەوە پەیوەسـت دەبـن بـە وەزارەتـی ناوخۆ لە ڕێگای پارێزگاكان و ئیدارە سەربەخۆكان، پارێزگـار یـان وەزیـری نـاوخۆ بـۆی هەیـە داوای لادانـی قائیمقام یان بەڕێوەبەری ناحیە بكات لەسەر كار لادانیان بە ڕەزامەندی دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا دەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ماددەكەیە بەوشێوەیەی كە خوێندرایەوە؟ ٥٠ كەس لەگەڵییەتی، كـێ دژیـەتی؟ ٣ كـەس دژیـەتی، كەواتە پەسەند كرا، كاك ابوبكر نوقتەی نیزامیت هەبوو؟ فەرمووو.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله (هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نازانم ئەو دوو لەسەر سێیە لە ئەسڵی پرۆژە یاساکەدا نەبوو، چۆن زیاد کرا؟ نەخرایە دەنگدانیشەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی دوای سیاغە خۆی تەناقوز لەوێ هەبوو بەپێی یاساکە، لە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی لادانیان بە دوو لەسەر سێیە، بۆیە هەر دەبێ بە دوو لەسەر سێ بێت، ئەنجومەنی پارێزگا خۆی بە دوو لەسەر سی لایەنبات چۆن دەبێت کە قائیمقام داوای لێکرد بەزۆرینەی ڕەها بێت؟، ئەوە دیارە باش نەخوێندنەوەی پرۆژە یاساکە وای لێکردووە کە بەوشێوەیە بێ، باشە ماددەی چوار فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

یەکەم: ئەم بڕیارە جێ بەجێ دەکرێت تا کاتی پێکهێنانی ئەنجومەنی قەزا و ناحیەکان بەپێی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکانی هەرێم ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ لە هەرێمی کوردستان.

دووەم: ئەم بڕیارە پارێزگای هەڵەبجە ناگرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ کاک قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤) برگەی دووەم من پێم باشە ئەم بڕیارە پارێزگای هەڵەبجە ناگرێتەوە، ئەوە لاببرێت، چونکە پارێزگای هەڵەبجە بینیمان بۆمەبەستی پێکهێنانی ئیدارەی ئەوێ یاسای تایبەت بە هەڵەبجە دەرکرا، تەسەور دەکەم ئەو یاسایە ئەوەی یاسای هەڵەبجە تا هەڵبژاردنی پارێزگاکان دەکرێت لەوێ ئیشی پێ دەکرێت، دڵنیاشم ئەو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی ناحیەو قەزاکان ناکرێت، هەڵبژاردنی پارێزگاکان دێتەوە، ئەنجام دەدرێت بەهۆی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی قەزا و ناحیەکان بکرێت، بۆیە ئەو کاتە پێویست بەوە دەکات جارێکی تر ئەم بڕیارە ئەگەر یاساکە هەموار نەکرێتەوە جارێکی تر ئەم پرۆژە بڕیارە ئەگەر ببێت بە بڕیار ئەوکاتە پێویست دەکات جارێکی تر هەموار بکرێتەوە، بڵێت بەوەی کە ئەویش بگرێتەوە، چونکە میکانیزمی دانانی قائیمقام و مودیر ناحیەکانی پارێزگای هەڵبجە جیاوازە، ئەوکاتە پێویستمان بەوە دەبێ کە ئەمە هەموار بکەینەوە، بۆئەوەی کە هەمان ئەو میکانیزمەی ئێرە بۆ پارێزگای هەڵەبجەش بە مەبەستی دانانی قائیمقام و مودیر ناحیەکان بەکاربهێنین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک بێستون فەرموو.

**بەڕێز بێستون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم دەڵێت بڕیارە جێ بەجێ دەکرێت تا کاتی پێکهێنانی ئەنجومەنی قەزا و ناحیەکان، یەعنی کاتەکە لەوێ ڕوون نییە، مادام ئێمە بڕیارێکی لەو شێوەیەمان هەیە، جاری داهاتووش بڕیاری قەزاو ناحیەکان نەکرێت بە بیانوویەکی جۆراو جۆر هەبێ، دیسان بەم بڕیارە مودیری ناحیە و قائیمقامەکان دابندرێتەوە، بۆیە ڕوونتر بڵێین تەنها بۆ ئەو خولە بێ، لە هەڵبژاردنی داهاتوو ئەم بڕیارە کۆتایی پێ بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەکانی هەردوو برای بەڕێزم کاك قادر و کاك بێستون دەکەم، هیوادارم ئەم یاسایە کە بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکە بەهۆی هەڵنەبژاردنی، ئەو هەڵبژاردنەی کە ئەنجام نەدراوە بۆ ئەنجومەنی قەزاو ناحیەکان نەبێتە شەرعیەت دان بە ئەنجام نەدانی بەردەوامی هەڵبژاردن، بۆیە دەکرێت یەکەم: هەڵبژاردنی ئایندەی قەزا و ناحیەکان کە بەپێی یاسای ژمارە (٤) ئاماژەی پێ بکرێت، هەڵبژاردنی ئایندە نەك تا هەڵبژاردن بە مەجبوری ئەوە یەك، دوو: قسەکەی کاك قادر دووپات دەکەمەوە ئەم بڕیارە ئەگەر هاتو هەڵبژاردنەکە کرا پارێزگای هەڵەبجەی نەگرتەوە، کەواتە ئەو بۆشاییە لەسەر پارێزگای هەڵەبجە ئیدامە دەبێت، کە ئێستا ئەوە بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی شوێنەکانی ترە، ئەگەر هەڵبژاردن نەکرا ئەوە ئەو بۆشاییە لەوێش لە پارێزگایەك دەهێڵینەوە بەهۆی ئەم یاسایەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

قابیلی موعالەجە کردنە ئەوەی پارێزگای هەڵەبجە، دەتوانرێت بوترێت ئەو بڕیارە پارێزگای هەڵەبجە ناگرێتەوە تا کاتی هەڵبژاردنی پارێزگای هەڵەبجە، باشە ڕوون کردنەوەتان چییە لەسەر ئەوە؟ فەرموون.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دوای مشاوەرەی لیژنە، بۆچوونەکەمان پێ دروستە، چونکە ئەو قانونەی هەڵەبجە با بڵێین ڕاوەستاوە یەعنی تایبەتە، لەبەرئەوەی ئەنجومەنی موحافەزەی نییە، هەر کاتێك ئەنجومەنی موحافەزەی هەبوو ئەوکاتە ئەو قانونەی بۆ جێبەجێ دەبێت، چونکە ئەوکاتە قائیمقام و مودیر ناحیەکان لە ئەنجومەنی موحافەزەکەی هەڵەبجە دایدەنێی، بۆیە ئێستا هەڵەبجە جیاکراوەتەوە، چونکە ئەنجومەنی موحافەزەی نییە، هەر کاتێك ئەنجومەنی موحافەزەی هەبوو ئەم قانونەی لەسەر جێبەجێ دەبێ، حەلی ئێستای

هەڵەبجەش بە قانونێکی خاص و تایبەتتر کراوە، بۆیە نەسەکە هەر هەمووشی لابچێت ئەوەی هەڵەبجە هیچ ئیشکالێکی قانونی دروست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕوونکردنەوەی ترتان نییە؟ ئەو بابەتە ئیشکال ئامێزە بەڕاستی، ئەو بابەتەی هەڵەبجە، مامۆستا مولود فەرموو.

**بەڕێز مولود محی الدین مراد/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نازانم یەعنی تا کوێ حەقی موداخەلەم هەیە؟، یەعنی مولاحەزەیەکی تەکنیکی بدەم، هەر بڕیارێك لە پەرلەمان دەردەچێت بڕیاری تەشریعیە، بڕیاری تەقلیدی نییە، وەکو بڕیاری ئیداری، بڕیاری سناعی، بڕیاری سیاسی، ئەوە لێرە بڕیاری تەشریعیە باشترە بنووسین ئەم بڕیارە تەشریعیە نەك جێبەجێ دەکرێت، کاری پێ دەکرێت، ئەم بڕیارە کاری پێ دەکرێت تاوەکو ئەوکاتە، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالله نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز عبدالله حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ بەڕێزان لیژنەی یاسایی ئەگەر ناوی هەڵەبجە لە هینەکە نەبێ لەڕووی یاساییەوە کێشەمان بۆ دروست نابێت؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی هەڵەبجە ڕوونکردنەوەمان دا کە قانونێکی خاص کێشەی هەڵەبجەی موعالەجە کردووە، هەر کاتێکیش هەڵبژاردنی ئەنجومەنی موحافەزەی ئەنجامدا، ئەگەر خوانەکات لەگەڵ هەڵبژارنی ئایندە قەزاو ناحیەکان نەکرا، ئەگەر کرا ئەوە هەردوو قانون کۆتایی دێت، چ ئەوەی هەڵەبجە، چ ئەوەی کە ئێستا لەبەردەستمانە، ئەوکاتە ئەنجومەنی قەزا و ناحیەکان دەست بەکاردەبن، خوانەکات ئەگەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی قەزا و ناحیە لە ئایندەدا نەکرا بەس هی ئەنجومەنی موحافەزە کرا ئەوکاتە هەڵەبجە دێتە سەر جێبەجێ کردنی ئەو قانونە، گرفتێکی قانونی دروست نابێ و، قسەش لەسەر ئەوەیە کەوا کاتی ئایندە دیاری بکرێ، شتەکە بە مەفتوحی نەمێنێتەوە، بە پێی قانون لە دوای تەواوبوونی خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی موحافەزات، قانونەکە واجیبی کردییە کە هەڵبژاردنی قەزا و ناحییەکان بکرێ، ئیتر پێویست ناکات تۆ جارێکی تر بڵێی لەگەڵ ئایندەدا بکرێ، ئەم قانونە واجیبی کردووە، پەرلەمانی کوردستان ئەگەر

حکومەت هی ئەنجومەنی موحافەزەی دەستنیشان کرد، قەزا و ناحیەی دەستنیشان نەکرد، دەتوانێ بە پێی ئەو دەسەڵاتە لێپرسینەوە لەگەڵ حکومەت بکات، کە بۆچی قەزا و ناحیە ناکرێ؟ بۆیە پێویست بەوە ناکات لەم قانونەدا تۆ بڵێ ئایندە، یەعنی لە کەی دا بکرێ؟ چونکە قانون واجیبی کردووە دەبێ بکرێ، کە نەکرا دەسەڵاتی لێپرسینەوە و یاسا شکێنی یە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو د. ڕێواز.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پرسیارە دەکەم، ئەگەر بڕگەی دووەم لاببەین، ئەم بڕیارە پارێزگای هەڵەبجە ناگرێتەوە، واتا ئەو دەسەڵاتەی کە داومانە بە ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانی سێ پارێزگاکەی تر، لە هەمان کات دا دەیدەین بەو پێنج کەسەش کە ئێستا بە تەعین دادەنرێن، یەعنی ئەوە ئەو دەلالەتەی نییە؟ ئەم مانایە ناگرێتەوە ئەگەر ئەو فەقەرەیە لابدەین پرسیارە، من تەصەوری من وایە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

من ئێستا سەیری پڕۆژە بڕیارەکەم کرد، ناڵێ هەموو بڕیارێك یان یاسایەك ناکۆك بێ لەگەڵ ئەحکامەکانی هەڵدەوەشێتەوە، کەواتە بڕیاری هەڵەبجە مادام خاصە جێبەجێ دەبێت، مادام خاصە بۆ هەڵەبجە جێبەجێ دەبێ، هیچ ئیشکالێك نییە، چونکە لێرەش دا ئاماژە بەوە نەدراوە هەموو ئەحکامەکانی پێش خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە، نازانم خۆی منیش وا هەست دەکەم ئیشکالەت ئامێزە، بەڵام قابیلی موعالەجەیە، کاك خلف، فەرمووو.

**بەڕێز خلف أحمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی تەحصیل حاصلە لە کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دا، پێویستە هەڵبژاردن بۆ قەزا و ناحییەکانیش بکرێ، ئەوە تەحصیل حاصلە، ئەگەر نەکرێ یاسا شکێنی یە، قانون پێشێل کراوە، ئەو کاتە لە کاتی یاسا شکێنی دا مافی پەرلەمانە لێپێچینەوە لەم بابەتە بکات، کەواتە ئەگەر بڕگەی دووەمیش لانەبرێ، دەستکاری بڕگەی یەکەمیش نەکرێ، هیچ ئیشکالێ دروست نابێ لەسەر ئەوەی کە مادام کات دیاری ناکەین، ئەوە ئێمە شەرعییەت دەدەین بەوەی کە هەڵبژاردنی قەزا و ناحییەکان نەکرێت.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەرکی ئێمەیە وەکو پەرلەمانی کوردستان، ئەرکی هەموو ئەندامانی پەرلەمانە هەر لە ئێستاوە چاودێری ئەوە بکەن کە بە زووترین کات هەڵبژاردنی ئەنجومەنی قەزا و ناحییەکان ئەنجام بدرێ بە پێی یاساکە، دەرکردنی ئەم بڕیارە هیچ ناکۆك نییە لەوەی کە ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمان داکۆکی لەسەر ئەوە بکات

كە یاسای ژمارە (٣) وەکو خۆی جێبەجێ بکرێ، یاسای ژمارە (٣) و یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٨) وەکو خۆی جێبەجێ بکرێ و هەڵبژاردن ئەنجام بدرێ، ئەوە ئەرکی ئێمەیە، لە هەر کاتێك زانیمان ئەو هەڵبژاردنە دەتوانرێ جێبەجێ بکرێ، کۆمسیۆنی هەرێمی کوردستان بە تەواوەتی دەست بەکاربووە، توانای ئەوەی هەیە ئەم هەڵبژاردنانە ئەنجام بدات، پێویست دەکات کار بۆ ئەوە بکەین کە هەڵبژاردنەکە ئەنجام بدرێ، جا پێش هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانە، یان لە دوای ئەوە، ئەوە پێویست دەکات ئێمە لە پەرلەمان خۆمان ئەو بڕیارە بدەین، سەلاحیەتی خۆمان ممارەسە بکەین، بە تایبەتی کە ئەنجومەنی پارێزگاکان لەژێر چاودێری پەرلەمانی کوردستانە، بەڕێز کاك سۆران عمر، فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من جارێکی تر ئەو پرسیارە دەکەمەوە، تاکو کاتی پێکهێنانی ئەنجومەنی قەزا و ناحییەکان، لە بڕگەی یەکەم دا ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکرێ، ئەو کاتە کاك گۆران لە لیژنەی یاسایی دەڵێ هەڵبژاردنە کە ئەنجام دەدرێ، کاتەکە ئەو کاتەیە، بەڵام ئەگەر هەڵبژاردن ئەنجام نەدرا و یاسا شکێنی کە کراوە و بەردەوامی ببێ، کەواتە ئەم یاسایە هەر نافیز دەبێ، بۆ یەك خول نابێ، بۆیە مەبەستەکەی من ئەوەیە هەوڵ بدەین ئەوە ئیدامەی نەبێ، ئەم یاسایە لەوێ ڕاوەستێ، کۆتایی پێ بێ، کە مادام حاڵەتێکی ئیستیسنائی یە، یاسایەکە بۆ بەدیلی هەڵبژاردن، نابێ درێژەی هەبێ، مەبەستەکە تەنیا ئەوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د. شێرکۆ حەمە أمین، فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە قسەکانی کاك بێستوون و کاك سۆران دەکەم، یەعنی دیاری بکرێ، بەم بیانووەوە ئیدامە نەدرێ بەوەی کە هەڵبژاردن لە قەزا و ناحییەکان دا نەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز کاك صالح فەقێ، فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ئەگەر ماددەی چوارەم خاڵی دووەم لابرێ، کەواتە پێچەوانەی ئەو کۆبوونەوەی پەرلەمانە، کە لە هەڵەبجە ئەنجام درا، کە دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگامان لەوێ حەصر کرد، تەئکید لەوە دەکەمەوە کە خاڵی دووەم ئەم بڕیارەی پارێزگای هەڵەبجە ناگرێتەوە، وەکو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشه، سوپاس، کاك گۆران فەرمووو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕایەکەی کاك سۆران و کاك بێستوون و کاك د.شێرکۆ ڕەئیەکی واردە، بەڵام ئەوە دەبێ ئێوە دەنگی لەسەر بدەن، قسەکان لەسەر ئەوەیە کە ئایا قانونێك دەربکەین یان لێی بگەڕێین بە مەفتوحی بمێنێتەوە، هەر کاتێك هەڵبژاردنی ئەنجومەنی قەزا و ناحییە کرا، ئەو کاتە ئەو قانونە کۆتایی بێ، یان ئەوەتا لە ئێستاوە دەستنیشانی بکەین کە ئەم قانونە کاتییە، بۆ یەك خولە، یەعنی بۆ چەند ساڵە؟ بۆ دوو ساڵە؟ بۆ سێ ساڵە؟ یەعنی لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی موحافەزاتدا سقوت دەکات؟ پرسیارەکە ئەوەیە، یەعنی سقوت دەکات، جا ئەگەر ئەو کاتە حکومەت بە هەر بیانوویەك، هێزە سیاسییەکان هەڵبژاردنی قەزا و ناحییەیان نەکرد، بیر لەوە بکەنەوە ئەو کاتە موعالەجەی قەزا و ناحییەکان بە قانونێکی تر دەبێ بکرێ، یەعنی پرسیارسازییەکە ئەوەیە، من قسەم لەسەر ئەوە نییە کە نابێت، دەبێ هەڵبژاردنی قەزا و ناحییە بکرێ، بەڵام ئەگەر دامانا، دەبێ بە کاتی داینێین، ئەم یاسایە بەرکات دەبێ تا هەڵبژاردنی ئایندەی ئەنجومەنی موحافەزات، لەوێ کۆتایی دێت، ئەگەر نەکرا، یاسایەکی تر بۆ موعالەجەی قایمەقام و مودیر ناحییەکان هەیە، دەقیق بۆ مەسەلەی دەنگدان، تەوزیحیش لەسەر قسەی کاك صالح، ئێمە بە قانونێکی خاص، یەعنی گرفتی هەڵەبجە ئەوەیە کەوا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی موحافەزەی تێدا نەکراوە، بۆیە ئەندامانی ئەوێ دەسەڵاتیان تەحدیدە، موحافیز لەوێ بە تەعین دادەنرێ، نەك هەر تەنیا قایمەقام و مودیر ناحیە، سەلاحیاتیشیان مەحدودە لەوێ، هەر کاتێك هەڵبژاردنی ئەنجومەنی موحافەزە لە هەڵەبجە ئەنجام درا، یاسای ژمارە (٣) لە شاری هەڵەبجە بەرکار دەبێ، دەسەڵاتی ئەنجومەنەکان بەو شێوەیە تەفعیل دەبێ، بۆیە ئەم ماددەیە بمێنێ، نەمێنێ شموولی شاری هەڵەبجە ناکات.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باش، ماددەکە دەخوێننەوە، پێشنیارێك هەیە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان، زیاد لە ئەندامێکی پەرلەمان پێشنیاری کرد کە ئەم بڕیارە تا کاتی هەڵبژاردنی داهاتوو، ئەنجومەنی پارێزگاکان بەرکار بێت، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟ (٥٧) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ کەس دژی نییە، کەواتە پەسند کرا، کەواتە دەڵێی ( ئەو بڕیارە جێبەجێ بکرێ تا کاتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و پێکهێنانی...).

**بەڕێز رابون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام ئەو بابەتەمان خستۆتە دەنگدانەوە، ئەگەر پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆ نییە، با بیکەین تا هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی پارێزگاکان و پێکهێنانی ئەنجومەنی قەزا و ناحییەکان لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا ئەوەیان موخالەفە نییە، چونکە ئیزافە کردنە، دوایی ئیزافە کرا، ئەنجومەنی پارێزگاکان ئیزافە کرا، بەڵام ئەم سەرنجە دووبارە دەکەمەوە کە کاك گۆران وتی، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان کرا، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی قەزا و ناحییەکان نەکرا، دەبێ سەر لە نوێ یاسایەکی ئاوا، یان بڕیارێك ئاوا لە پەرلەمانی کوردستان دەرچێ، باشە، دەقەکە حازرە بیخوێننەوە؟ کاك عمر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەکانی کاك گۆران دەکەم، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەبێ بکرێ، کە ناکرێ، نایاساییە، کەواتە ئەو دەڵێ تا ئەم یاسایەش کاری پێ دەکرێ تا کاتی هەڵبژاردن...

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تازە دەنگی لەسەر درا، کێشە نییە، دەبێ کار بۆ ئەوە بکەین بکرێ، لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان هەڵبژاردنی قەزا و ناحییەکان بکرێ، بۆ ئەوەی پێویستمان بە یاسایەکی تر نەبێ. د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ٤

١/ئەم بڕیارە جێ بەجێ دەکرێ تا کاتی هەڵبژاردنی خولی داهاتووی ئەنجومەنی پارێزگاکان، بە پێی یاسای ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکانی هەرێم ژمارە (٤) ی ساڵ (٢٠٠٩).

٢/ ئەم بڕیارە پارێزگای هەڵەبجە ناگرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله هەڵەدنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە وای لێ بکەن ئەم بڕیارە جێ بەجێ دەکرێ تا هەڵبژاردنی خولی داهاتووی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێ، ئێستا وای لێ دەکرێ، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم

١/ئـەم بڕیـارە جـێ بـەجێ دەكرێ تـا كـاتی هەڵبـژاردنی خـولی داهـاتووی ئەنجومـەنی پارێزگاكـان و قـەزا و ناحیەكان بە پێی یاسای هەڵبـژاردنی ئەنجومـەنی پارێزگـا و قـەزا و ناحیـەكانی هـەرێم ژمـارە (٤) ی سـاڵ (٢٠٠٩).

٢/ ئەم بڕیارە پارێزگای هەڵەبجە ناگرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كـێ لەگەڵیـەتی بـەو شـێوەیەی كـە خوێنرایـەوە، (٦٣) كـەس لەگەڵیـەتی، كـێ دژیـەتی؟ دووكـەس دژیـەتی، كەواتە پەسەند كرا، ماددەی ٥ بخوێننەوە، د.ڤالآ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی/٥

لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی ناوخۆ و لایەنە پەیوەندارەكانە حوكمەكانی ئەم بڕیارە جێ بـەجێ بكات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ كەس نییە؟ كەواتـە دەیخەینـە دەنگـەوە، كـێ لەگەڵیـەتی؟ (٦٩) كـەس لەگەڵیەتی، كێ دژیەتی؟ كەس نییە، كەواتە پەسەند كرا، ماددەی (٦) بخوێننەوە، د.ڤالآ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی/٦

ئـەم بڕیـارە لـە ڕۆژی دەرچـوونیەوە جـێ بـەجێ دەكرێـت و لـە ڕۆژنامـەی فـەرمی وەقـائیعی كوردسـتان بڵاودەكرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ كەس نییـە، كەواتـە دەیخەینـە دەنگـەوە، كـێ لەگەڵیـەتی؟ (٦٨) كـەس لەگەڵیـەتی، كـێ دژیـەتی؟ كـەس نییـە، كەواتـە پەسـەند كـرا، هۆیـەكانی دەرچـوواندن بخوێننـەوە، د.ڤـالآ فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**هۆیەكانی دەرچوواندن**

بۆ پڕكردنەوەی ئەو بۆشاییە یاساییەی بەهۆی ئەنجام نەدانی هەڵبـژاردنی ئەنجومـەنی قـەزا و ناحیـەكانی هەرێمی كوردستان بە پێی یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی (٢٠٠٩) دروست بووە ئەم بڕیارە دەرچووێنرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر هۆیەکانی دەرچوواندن؟ مامۆستا ماجد فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە حوکمی ئەوەی کە کاتی خۆی من ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر بووم، لە کاتی هەڵبژاردنەکانەوە لە ساڵی(٢٠٠٥) ەوە زۆر هەوڵماندا کە یاسایەك هەبێ بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان، هەموو لایەکمان هەموو دەرگایەکمان لێدا و خۆمان لە شاخ و داخ دا هەتا یاسایەك جێ بەجێ کرا لە ساڵی (٢٠٠٩) یاسای ژمارە (٤)، لە ماددەی (٤١) دا هاتووە کە ئەو یاسایە لە خولی داهاتوودا جێ بەجێ دەکرێ، ئەمجارە ئێستا هاتینە ئەو خولە نوێیەی ئێستا، لێرە دەڵێین ئێستا لە هۆیەکانی دەرچوواندن دەڵێین بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە یاساییە بەهۆی ئەنجام نەدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی قەزا و ناحیەکانی هەرێمی کوردستان بە پێی یاسای ئەوەندە وئەوەندە، حەز دەکەم هۆی جێ بەجێ نەکردنی هەڵبژاردنی قەزا و ناحیەکان زکر بکرێ لێرە، مەسەلەن بڵێین لەبەر بارودۆخی ئەنجام نەدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی قەزا و ناحیەکانی هەرێمی کوردستان ئەوەندە و ئەوەندە، حەز دەکەم هۆی جێ بەجێ نەکردنی هەڵبژاردنی قەزا و ناحیەکان زکر بکرێ لێرە، یەعنی مەسەلەن با بڵێین لەبەر بارودۆخی سیاسی، بارودۆخی دارایی و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو مریم فەرموو.

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر هۆیەکانی دەرچوواندن دیارە بەڕای من ئەوە بۆشایی یاسایی نییە، چونکە ئێمە یاسای پارێزگاکانمان هەیە، بەڵام ئەوەی کە هەیە کە هەموو ماددەکان جێ بەجێ ناکرێ، من پێم باشە بووترێ لەبەر ئەنجام نەدانی هەڵبژاردن بە پێی یاسای ژمارە (٤) ساڵی (٢٠٠٩).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەسەندی هەمان پێشنیاری ئەندامانی پەرلەمان دەکەین دوای گفتوگۆ کردن، هیچ بۆشاییەکی یاسایی نییە، بەڵکو ئەوەی کە ئەنجام نەدراوە بەهۆی ئەوە بووە هەڵبژاردن ئەنجام نەدراوە، بۆیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە یاساییە، هەڵدەگیرێ هۆیەکانی دەرچوواندن دەڵێین (بەهۆی ئەنجام نەدانی هەڵبژاردنی

**ئەنجومەنی قەزا و ناحیەکانی هەرێمی کوردستان، بە پێی یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی (٢٠٠٩) ئەم بڕیارە دەرچووێنرا).**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ لەگەڵیەتی بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟ (٧٠) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ کەس نییە دژی بێ، کەواتە پەسەند کرا، کۆی بڕیارەکە دەخەینە دەنگەوە کێ لەگەڵ بڕیارەکەیە؟ (٧٣) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ (٤) کەس دژیەتی کەواتە پەسەند کرا، زۆر سوپاس بۆ هەردوو لیژنەی پەیوەندار، لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ، بەڕێزان دانیشتنەکەمان هەڵدەگرین بۆ ڕۆژی دوو شەممە کاتژمێر (١١).**

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٢)ی**

**دوو شەممە رێكەوتی ٩\٣\٢٠١٥**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢)

## دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٥/٣/٩

کاتژمێر (١٢)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٥/٣/٩ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی یوسف محمد صادق سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٢)ی خولی چوارەمی، ساڵی (٢٠١٥) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددە (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (٢)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (١٢)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٥/٣/٩ دا بەم شێوەیە بێت:

١- گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای سندوقی داهاتەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەپێی ماددەکانی (٧٢، ٧٤، ٧٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە یەکی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموار کراو.

٢- خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پرۆژە یاسایانەی خوارەوە، بەپێی ماددەی (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە یەکی ساڵی (١٩٩٢) ی هەموار کراو.

١ پرۆژە یاسای داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان.

٢- پرۆژە یاسای پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان.

٣- پرۆژە یاسای جیاکردنەوەی کەرتی تایبەت و گشتی لە سیستەمی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان.

٤- پرۆژە یاسای هەموار کردنی مووچە.

٥- پرۆژە یاسای هەموار کردنی مووچەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

٦- پرۆژە یاسای هەموار کردنی یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی (٢٠٠٦) ی یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

٧- پرۆژە یاسای ڕێگری لە زیادە ڕەوی.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستان دەست پێ ئەکەین، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، دانیشتنی ژمارە (٢)، ڕۆژی دانیشتن (٢٠١٥/٣/٩)، بەرنامەی کار، بەپێی حوکمەکانی بڕگە یەکی ماددەی (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموار کراو، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا کاتی دانیشتنی ژمارە (٢) ی خولی بەهارە لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی

**پەرلەمان لە کاتژمێر (١١) ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەمە، ڕێکەوتی (٢٠١٥/٣/٩) بێت، بەرنامەی کاری دانیشتنەکەش بەم شێوەیە بێت:**

**١ گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای سندوقی داهاتەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەپێی ماددەکانی (٧٢، ٧٤، ٧٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە یەکی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموار کراو.**

**٢- خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پرۆژە یاسایانەی خوارەوە، بەپێی ماددەی (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە یەکی ساڵی (١٩٩٢) ی هەموار کراو.**

**١ پرۆژە یاسای داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان.**

**٢- پرۆژە یاسای پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان.**

**٣- پرۆژە یاسای جیاکردنەوەی کەرتی تایبەت و گشتی لە سیستەمی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان.**

**٤- پرۆژە یاسای هەموار کردنی مووچە.**

**٥- پرۆژە یاسای هەموار کردنی مووچەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق.**

**٦- پرۆژە یاسای هەموار کردنی یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی (٢٠٠٦) ی یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستانی عێراق.**

**٧- پرۆژە یاسای ڕێگری لە زیادە ڕەوی.**

**ئێستا داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئەکەین کە پوختەیەك لە کۆنووسی دانیشتنی پێشووی پەرلەمان بخوێنێتەوە.**

**بەڕێز فخرالدین قادر_سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پوختەی دانیشتنی دەست پێك لە بەرواری (٢٠١٥/٣/٣) بەم شێوەیە بوو:**

**١ دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە.**

**٢- دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و عێراق، لەگەڵ مارشی نەتەوەیی.**

**٣- کردنەوەی خولی بەهارە و خوێندنەوەی وتار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانەوە.**

**٤- پەسند کردنی گفتوکردنی پرۆژە بڕیاری هەڵبژاردنی قایمەقام و بەڕێوەبەری ناحیەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، داوا لە بەڕێزیان ئەکەین ناوی ئامادە نەبووانی کۆبوونەوەی پێشووی پەرلەمان بخوێنێتەوە.**

**بەڕێز فخرالدین قادر/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ناوی ئەندامانی پەرلەمان کە لە دانیشتنی دەست پێك لە ژمارە (١) ی ئاسایی لە بەرواری ٢٠١٥/٣/٣ مۆڵەت پێدراوە یان بێ مۆڵەت ئامادە نەبوون ئەمانەن:**

**١ ئاواز حمید: مۆڵەت**

**٢- ئومێد عبدالرحمن: مۆڵەت**

**٣- حیات مجید: ئامادە نەبوو**

**٤- علی حمە صالح: ئامادە نەبوو**

**٥- یعقوب گورگیس: مۆڵەت**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، ئامادە نەبووانی لیژنەکانیش هەن، فەرموو.**

**بەڕێز فخرالدین قادر: سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ڕاپۆرتی هەفتانەی کۆبوونەوەی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان لە بەرواری (٣/١) تا (٣/٤) بەم شێوەیە بوو:**

**لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری ڕەوەندی کوردستانی (٣/٢) کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیان بە ئەنجام گەیاندووە:**

**ڕابوون تۆفیق: مۆڵەت**

**٢- محمود عمر: ئامادە نەبووە**

**٣- محمد علی یاسین: مۆڵەت**

**دووەم: لیژنەی کارووباری تەندروستی و ژینگە (٣/٢) کۆبوونەوەی بە ئەنجام گەیاندووە:**

**ئاواز حمید: مۆلەت بووە.**

**سێیەم: لیژنەی پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی لە (٣/٢) دانیشتنی کردووە:**

**١ عبداللە حاجی محمود: مۆڵەت**

**٢- یعقوب گورگیس: ئامادە نەبووە**

**چوارەم: لیژنەی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن لە (٣/٢) کۆبوونەوەی کردووە:**

**گشت ئەندامانی ئامادەی کۆبوونەوە بوون.**

**پێنجەم: لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هونەر لە (٣/٢) کۆبوونەوەی کردووە:**

**١ حیات مجید: مۆڵەت**

**شەشەم: لیژنەی مافەکانی مرۆڤ لە (٣/٢) کۆبوونەوەی کردووە:**

**١ ئومێد حمە علی: ئامادە نەبوو**

**٢_ زۆزان صادق: مۆڵەت**

**٣_ دكتۆر شوان قەلادزەیی: مۆڵەت**

**حەوتەم: لیژنەی کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان لە (٣/٣) کۆبوونەوەی کردووە:**

**١ فیرۆز تەها: مۆڵەت**

**٢- نجات محمد: مۆڵەت**

**هەشتەم: لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان لە (٣/٤) کۆبوونەوەی کردووە:**

**١ علی حەمە صالح: ئامادە نەبووە**

**٢- ڕۆزا محمود: ئامادە نەبووە**

**٣- مدینە ایوب: کۆبوونەوەی هەبووە**

**٤- دکتۆر شرین حسنی: کۆبوونەوەی هەبووە**

**نۆیەم: لیژنەی کاروباری پەرلەمان لە (٣/٤) کۆبوونەوەی کردووە:**

**١ ئومێد عبدالرحمن: مۆڵەت**

**٢- عمر صالح: مۆڵەت**

**٣- بێگەرد دڵشاد: ئامادە نەبووە**

**٤- دلێر مصطفی: ئامادە نەبوو**

**دەیەم: لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان لە (٣/٤) کۆبوونەوەی کردووە:**

**١ ئاواز حمید: مۆڵەت بوو**

**یازدە: لیژنەی کاروباری یاسایی: هەفتانە کۆبوونەوەی خۆیان کردووە.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، ئەندامانی بەڕێز، ئێستا ئێمە کە کۆبووینەوە، یادی ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی خەڵکی کوردستانە، کە لە (٥) ی ئازارەوە لە دەروازەی ڕاپەڕین، و لە شارۆچکەی خەباتەوە ڕاپەڕین دەستی پێ کرد، و یەك لە دوای یەك شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان دژ بە دەستەڵاتی سەپێنەر و تۆقێنەر و دیکتاتۆری بەعسی پێشووی عێراق ڕاپەڕین، لە ڕاستیدا بەم بۆنەوە پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان ئەکەین، پرۆژە ڕاپەڕین، پرۆژەیەك بوو بۆ بەرنگار بوونەوەی ستەمکاری، پرۆژەیەك بوو بۆ دروست کردنی حوکمی خۆماڵی لە هەرێمی کوردستان، پرۆژەیەك بوو بۆ دروست کردنی دامودەزگا و دامەزراوە کوردستانیەکانی هەرێمی کوردستان، ئەو پرۆژە ئێستاش بەردەوامە، و تا ئێستاش هێز و لایەنە سیاسیەکان و دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان و دەستەڵاتە شەرعیەکانی خەڵکی کوردستان کە بەرهەمی ڕاپەڕینن کار بۆ ئەوە ئەکەن پرۆژەی ڕاپەڕین بە کۆتا مەنزڵی خۆی بگەینن لە ڕووی دەستەبەر کردنی ماف و ئازادییەکان، لە ڕووی بەدامەزراوەیی کردنی هەرێمی کوردستان، لە ڕووی بەرەو پێش بردنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان، لە بووژانەوەی ژێرخانی ئابووری هەرێمی کوردستان، لە هێنانە کایەوەی سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان، بە هەمان شێوە، لەم کاتەدا کە کۆبوونەوەی پەرلەمان ئەنجام ئەدەین، دانیشتنی**

پەرلەمان ئەنجام ئەدەین، ڕۆژی (٨) ی مارس کە دوێنێ بوو، ڕۆژی جیهانی ژنانە، لە هەرێمی کوردستانیش ئەم یادە بەرز ڕاگیرا، ئێمە کە یادی ڕۆژی جیهانی ژنان لە هەرێمی کوردستان ئەکەینەوە، سەربڵندین بەوەی ژنانی کورد توانیان وێنەیەکی زۆر جوانی ژنانی کورد پیشانی ژنانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بدەن لە ماوەی ڕابردوو، شەرڤانان و هێزی پێشمەرگەی ژنان توانییان وێنەی سیمبولی ژنانی ئازادی خوازو و ژنی بەرەنگار بووەنەوەی توندو تیژی و تیرۆر پیشانی هەموو دونیا بدەن، سەرمان بەرزە بە هەموو ژنانی خۆمان لە هەموو جیهان، ئەمەوێ یەك لەحزەتان بۆ بگێڕمەوە کە بەراستی لەحزەیەکی زۆر خۆش بوو لە ژیانی خۆم لەو سەفەرەی ئەنجاممان دا بۆ سوید، لەگەڵ ڕەوەندی کوردستانی کۆبووینەوە، ئەگەر بە بیرتان بێ جاری وا هەیە ناوەکان لە پەرلەمانی کوردستان تێکەڵ ئەبن لێمان، بە تایبەتی لە سەرەتای دەست پێکی خولی گرێدان، هەندێ ناو لە نێوان ژن و پیاو جیاوازی نییە، بۆ ژنیش ئەبێ، بۆ پیاویش ئەبێ، لە کۆمەڵگەی کوردی وابووە، ئەو پیاوانەی ناوێکیان هەیە کە بۆ ژنیش هەیە ئەگەر بە خان بانگیان بکەی زۆر جار پێیان ناخۆشە، ئیعتیراز ئەکەن، و پێمان وابێ لە ناو هۆڵی پەرلەمانیش ئەوە ڕوویدا، بە داخەوە من هەڵەم کردووە جار بە جارە ئەوە کراوە و خوێندنەوەی خراپی بۆ کراوە، لە سوید یەکێك لەو بەرێزانەی ناوی خۆی نووسی بوو لە لایەن پێشکەش کاری کۆڕەکەوە ناوەکەی بە خانم خوێندرایەوە، کە هەستایەوە وتی ئێستا ئیتر بۆ من نەنگی نییە، من پیاوم بە خانم بزانرێم، چونکە ژنانی ئێمە سەریان بڵند کردووین لەسەر ئاستی دونیا، بەراستی ئەوە لەحزەیەکی گرنگە کە وردە وردە عورف و عادەتە کۆمەڵایەتیەکانیش لەوڵاتی ئێمەش گۆڕانکاریان بەسەر دێ، لە ڕاستی دا بەرێزان پەرلەمانی کوردستان لە ئاستی یاسا دانان هەنگاوی باشی بڕیوە بۆ بەرنگا بوونەوەی توندو تیژی دژی ژنان، هەر لە هەموار کردنی یاسای باری کەسیەتی، لە پەسند کردنی یاسای توندوتیژی و بەرەنگار بوونەوەی دژ بە ژنان، و چەند پرۆژە یاسایەکیش لەبەردەم پەرلەمانی کوردسانە بۆ ئەوەی ئەو خولەی پەرلەمان کاری لەسەر بکات، وەکو هەموار کرنی هەندێ بڕگەکانی یاسای سزادانی عێراقی، و چەند پرۆژە یاسایەکی تریش کە لای لیژنەکانی پەرلەمانن، بەلاَم لە هەموو ئەوانە گرنگتر گۆڕینی عورف و عادەتی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی ئێمەیە کە لەوانەیە بەس بە یاسا چارەسەر نەکرێ، بەڵکو پێویستی بە خەباتێکی دوور و درێژی خەڵکانی چالاك لە بواری مافەکانی ئافرەت و ڕاگەیاندن کاران و ئەندامانی پەرلەمان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان هەیە بۆ ئەوەی ئەو نەریتە کۆمەڵایەتیە دواکەوتوانەی لە کۆمەڵگەی ئێمە بوونەتە هۆی پەکسختنی ژیانی ژنان لە وڵاتی ئێمە، پەکخستنی بەرە و پێشچوونی ڕەوشی ژنان، دواکەوتن لە بواری ئیش کردنی ژنان، ئەو عورف و عادەتە کۆمەڵایەتییە کۆتایی پێ بێنین، پێویستە هەوڵی هێنانە کایەی نەریتێکی تر، نەریتێکی سەردەمیانەی تر لە بورای کۆمەڵایتیەوە بدەین کە ئەمەش پێویستی بە کاتە، بەلاَم پێویستی بە کار کردنی بەردەوامیش هەیە، بۆیە لە پەرلەمانی کوردستان جەخت ئەکەینەوە لە سەرجەم ئەو بوارانەی پەیوەستن بە ماف و ئازادییەکان، بە تایبەتی بە ماف و ئازادییەکانی ژنان لە هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان پێ بەپێ هەنگاو ئەنێ بۆ چاك کردن لە بواری یاساکان، و بۆ چاودێری کردنی

ڕەوشی ژنان لە هەرێمی کوردستان، ئێستا دەست ئەکەین بە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان کە بڕگەی یەکەمی بریتییە لە (گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای سندوقی داهاتەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەپێی ماددەکانی (٧٢، ٧٤، ٧٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە یەکی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموار کراو.)، داوا لە لیژنە پەیوەندیدارەکان ئەکەین بێنە سەر مەنەصە بۆ دەست کردن بە بەرنامەی کار، نوقتەی نیزامی هەیە، کاک عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار ئەکەم بڕگەی دووەم بخرێتە پێش برگەی یەکەم،لەبەر ئەوەی کاتی زۆر ناوێ، برگەی یەکەمیش کاتی زۆری ئەوێ، بۆیە ئەو پرۆژانە زۆر گرنگن بچنە بەردەم لیژنەکان بۆ ئامادە کردنی ڕاپۆرت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاک عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل عزیز شکور احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان پێشنیارم هەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاک محمود.

**بەڕێز محمود عمر صالح سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی لێ ئەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شوکریە خان.

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان پێشنیارم هەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ڤالاً.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پرۆژە یاسای یەكەم كە خوێندنەوەی یەكەمی بۆ ئەكرێ بریتیە لە (پرۆژە یاسای داواكاری گشتی لە هەرێمی كوردستان)، كە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوە، ئەوەش ناوەكانیانە:**

**١ دكتۆرە بەهار محمود.**

**٢- تەلار لطیف.**

**٣- گەشە دارا.**

**٤- ابو بكر عمر**

**٥- ئاواز شێخ جنگی**

**٦- دكتۆر شێركۆ**

**٧- عبدالرحمن علی**

**٨- زوڵفا محمود**

**٩- عادل عزیز**

**١٠- ئومێد حمە علی**

**١١- برزۆ مجید**

**١٢- قارەمان قادر**

**١٣- دكتۆر فرست صۆفی**

**١٤ ئومێد عبدالرحمن**

**١٥- ناڤم كبیر**

**١٦- حیات مجید**

**١٧- فیروز طە**

**١٨- زیاد حسین**

**١٩- سۆران عمر**

**داواكارین لە بەرێزتان كە ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیداری بكەن.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئەو پرۆژە یاسایە ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەی كاروباری یاسایی پەرلەمان ئەكرێ.**

**بەرێز د.ڤالاْ فرید ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پرۆژە یاسای دووەم بریتیە لە پرۆژە یاسای (پرۆژە یاسای پەروەردە و فێركردن لە هەرێمی كوردستان.**

ئەو پرۆژە یاسایە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە، ئەوە ناوەکانیانە:

١ فائق مصطفى

٢- د.پەری صالح

٣- دکتۆر شێرکۆ حەمە امین

٤- دکتۆر بەهار محمود

٥- علی حەمە صالح

٦- محمود حاجی

٧- عبالدرحمن علی

٨- قارەمان قادر

٩- ایوب عبدالله

١٠- انور قادر

١١- بێستون فائق

١٢- عمر عینایت

١٣- غریب پێنجوێنی

١٤- شێرکۆ جودت

١٥- حاجی کاروان

داواکرین لە بەرێزتان ئەو پرۆژە یاسایەش ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیداری بکەن.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پرۆژە یاسایە ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەی پەروەردە و خوێندنی بالاّ و فێرکردن و لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمان ئەکرێ.

**بەرێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای سێیەم (- پرۆژە یاسای جیاکردنەوەی کەرتی تایبەت و گشتی لە سیستەمی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان.)

ئەو پرۆژە یاسایە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، ئەوە ناوەکانیانە:

١ زولّفا محمود

٢- دکتۆرە شرین

٣- مریم صمد

٤- دکتۆر سرود

٥- ایوب عبدالله

٦- ئاواز حميد

٧- عبدالرحمن على

٨- حسن صالح

٩- برزۆ مجيد

١٠- محمود حاجى

١١- انور قادر

١٢- دكتۆر شێركۆ حەمە امين

١٣- قارەمان قادر

١٤- منيره عثمان

١٥- فائق مصطفى

١٦ على حمه صالح

١٧- ئومێد حەمە على

داواكارين لە بەرێزتان ئارستەى ليژنەى پەيوەنديدارى بكەن.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

ئەو پرۆژە ياسايە ئاراستەى گشت ئەندامانى پەرلەمان و ليژنەى كاروبارى ياسايى و ليژنەى تەندروستى پەرلەمان ئەكرێ. كاك گۆران ، فەرموو:

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

پرۆژە ياساى هەموار كردنى مووچە كە لە لايەن ژمارەى ئەندامانى ليژنەى ياسايى پێشكەش كراوە (دكتۆر شوان قەلادزەيى، ئايدن معروف، دكتۆرە جوان، بەهزاد زێبارى، ماجد بازرگان، محمد سعدالدين، غريب مصطفى، شكريە اسماعيل)، داوا لە ئەندامان دەكەين كە ناوەكانيان دەنووسن ئەوەندە بە پەلە نەينووسن يەك تۆز جوان بينووسن، (سروود سليم، دكتۆرە پەرى)...

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

جا تۆ بڵێى وا بە پەلە خوێندبێتيانەوە و ئينجا ئيمزايان كردبێت بەڕێز كاك گۆران؟

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئەم پڕۆژە یاسایە لە (٩) مادده پێك هاتووە لە گەڵ هۆیەکانی دەرچوواندن، داوا دەکەین ئاراستەی لیژنەی مەعنی بکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ ئەم پڕۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی کاروباری دارایی و ئابووری و وەبەر هێنان و لیژنەی کاروباری یاسایی و گشت ئەندامانی پەرلەمان دەکرێت.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای هەموار کردنی مووچەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق، کە لە (٧) مادده پێك هاتووە لە گەڵ هۆیەکانی دەرچوواندن لە لایەن ئەم بەڕێزانەوە واژوو کراوە (رابوون توفیق، فائق مصطفى، عبدالرحمن على، برزۆ مجيد، قارەمان قادر، شێرکۆ حەمە امين، محمود حاجى عمر، عزت صابر، سهام عمر، زوڵفا محمود، على حەمە صالح، بێستون فائق، ئۆمید حەمە على، انور قادر، دکتۆرە جوان اسماعيل، ايوب عبدالله، حسن صالح، عمر عينايەت، دکتۆر شێرکۆ جودت، بەهزاد دەروێش، حاجى کاروان، دکتۆرە پەری، حسين اسماعيل، نجيبه لطيف، سۆران عمر، شكريه اسماعيل)، داواکارم ئاراستەی لیژنەی مەعنی بکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پڕۆژە یاسایەش ئاراستەی لیژنەی کارو باری دارایی و ئابووری و وەبەر هێنان و لیژنەی یاسایی پەرلەمان و گشت ئەندامانی پەرلەمان دەکرێت.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای هەموار کردنی پرۆژەی هەموار کردنی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٦)ی وەبەر هێنان لە هەرێمی کوردستان – عێراق، مادده و هۆیەکانی پێویستی دیاری نەکراوە ئەم پرۆژە یاسایە لە لایەن ئەم بەڕێزانەوە واژوو کراوە (شكريه اسماعيل، نجيبه لطيف، حسين اسماعيل، هەورامان حەمە شريف، سۆران عمر، فخرالدين قادر، دکتۆر شوان قەلادزەیی، على هالۆ، ئۆمێد عبداالرحمن، ئاواز حميد، ئايدن معروف، محمد سعدالدين، كمال يلدا، قارەمان قادر، عادل عزيز).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پڕۆژە یاسایەش ئاراستەی لیژنەی کارو باری دارایی و ئابووری و وەبەر هێنان و لیژنەی یاسایی پەرلەمان و گشت ئەندامانی پەرلەمان دەکرێت.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژه یاسای ڕێگری له زیاده ڕووی كه له (١٦) بەند پێك هاتووه له گەڵ هۆیەكانی پێویست له لایەن ئەم بەڕێزانەوه واژوو كراوه (عمر عینایەت، رابوون توفیق، بێستون فائق، قارەمان قادر، غریب مصطفی، بەهزاد زێباری بێگەرد دڵشاد، عباس فتاح، بیار طاهر دۆسكی، دكتۆر سراج، علی هالۆ، شێركۆ حەمە امین).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژه یاسایەش ئاراستەی لیژنەی خزمەتگوزارییەكانی شارەوانی و لیژنەی كارو باری یاسایی و گشت ئەندامانی پەرلەمان دەكرێت، كاك علی نوقتەی نیزامیت هەبوو؟

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

گەلەك جاران دناڤ هۆلا پەرلەمانی دا یان ژی ددەمێ ئیمزا كرنا پرۆژه یاسایا و پرۆژه بڕیاراندا هندەك ئەندام پەرلەمان ناڤێ عەشیرەتا خوه دنڤێسن، لگۆڕ دەستوور و یاسایا مەدەنی یا عێراقێ و لگۆڕ ئەو بەلگە نامێت مە هەین ناڤێ سیانی دێت نڤێسین، واته كارەكێ نه یاساییه، دوو ئەم بەحسێ نەتەوه بوونێ دكەین عەشیرەت گەری و قەبیله گەری و ناوچه گەری چوو جهەك دپرۆسێسا نەتەوه بوون و سەربخوه بوونێ دا نینه، هەروەسا ئەم ئیدیعایا دیموكراسی بوونا جڤاكی دكەین دیسان عەشیرەت گەری لگەل بنەمایێت دیموكراسی ناگونجن، ژبەر هندێ ئەز پێشنیار دكم پەرلەمانێ كوردستانێ دڤێ پرسێدا پیشەنگ بت ئێدی كەس ناڤێ عەشیرەت و قەبیلێ بكار نەئینت، ناڤێ سیانی بت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پێشنیارەكەت زۆر دورسته تەنیا لەو كاتانه دەتوانرێت لەقەب بنووسرێت كه له ناسنامەی باری كەسێیەتیدا هاتبێت و ئەگەر نا له ڕووه سیاسییەكەشی ئەوەی كه جەنابت باسی دەكەی زۆر ڕاسته له ڕووی ناسنامه و ئەوانەوه، بەڵێ كاك عمر نوقتەی نیزامیت هەیه؟

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوو پرۆژه یاسا لێره خوێنرایەوه، خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كرا، پرۆژه یاسای هەمواری یاسای ژماره (٤)ی ساڵی (٢٠٠٦)ی وەبەر هێنان له گەڵ پرۆژه یاسای ڕێگری له زیاده رەوی، من بەو بۆنەی كه كوردستان ئێستا زیاده رەوی تێدا له حاڵەتەوه بۆ ته دیارده و وەزعی كوردستان له ناو شارەكاندا و له دەرەوەی شارەكاندا هەموو سەیرانگاكان، هەموو شوێنه گشتییەكان، هەموو ماڵ و مۆڵكی دەوڵەت شوورا كراوه زەوییەكان نەماوه، ئەگەر بەم شێوەیه بڕوات زیاده رەوی له كوردستاندا وەكو شێرپەنجەی لێهاتووه هەموو جەستەی كوردستان دەخوات، بۆیه من داوا دەكەم مەسەلەی وەبەر هێنانیش زۆر گرینگه كه ئێستا وەبەر هێنان له كوردستان له قەیراندایه بۆیه من داوا دەكەم ئەم دوو پرۆژەیه ڕەوشی پەله كردن یان سیفەی ئیستیعجالی پێبدرێت له گەڵ ڕێزم بۆ بەڕێزتان و بۆ هەموو ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، با نوقتە نیزامییەکان وەر بگرین، بەرێز دکتۆر ابراهیم نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز د.ابراهیم احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز دگەل پێشنیارا بەڕێز (علی هالۆ) بەو شێوەیە نینم، هەر کەسەکێ ناڤێ وی چاوا هاتییە نیاسین دناڤ کۆمەلگەهی دا، بەس درەسمیاتادا ناڤێ رەسمی چییە بێتە نڤێسین و بەرامبەری وێ ژی ناڤێ پێ هاتییە نیاسین بێتە خواندن دناڤ هۆڵا پەرلەمانی ژی دا کا تۆ بچی ناڤ بەر نیاسی دناڤ کۆمەلگەهێ خۆدا بوی ناڤی بێتە ناڤکرن تشتەکێ گەلەك ئاساییە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز مامۆستا غریب، فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو قسەم هەیە زۆر بە خێرا، یەکەم: بەتەواوەتی پشتیوانی ڕای کاك (عمر عینایەت) دەکەم بۆ سیفەتی ئیستیعجال بۆ ئەو پرۆژە یاسایانە، دووەمیش ئەو پرۆژەی کە ئێستا خوێنرایەوە زیادە ڕەوی، لیژنەی کشتۆکاڵ زۆر پەیوەندیدارە پێی داوا دەکەم ئەگەر جەنابیشتان پێتان باش بێت ئاراستەی لیژنەکە بکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تێ ئەڕوانین ئەگەر ئەو کاتە پەیوەندی هەبوو بەسەرچاو، خۆی کێشە لە پێدانی سیفەی ئیستیعجال ئەوەیە لە پرۆژە یاسای تریش سیفەی ئیستیعجالمان پێداوە بەداخەوە لە کاتی خۆیدا نە هاتووتەوە ناو هۆڵی پەرلەمان، بەڵام ئەندامانی پەرلەمان یەکلاکەرەوە دەبن لەم بابەتە، خاتوو شکریە شێخانی، فەرموو.

**بەڕێز شکریە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پاڵپشتی بۆچوونەکەی کاك (عمر عینایەت) دەکەم، ئەم دوو پرۆژە یاسایە زەرورییە سیفەتی ئیستیعجالیان پێبدرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز دکتۆر فرست، فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ئەوەی کە لە ماوەی ڕابردوو پەیڕەوی زۆر لـە وڵاتانمـان بـینی ئەگـەر وەکو خـاڵێکی پـەیڕەوی لـێم وەربگری ، یەعنی نەمان بینی کە پڕۆژە یاسا بەبێ ئـەوەی بـە فلتەرێکدا بـڕوات یەکسەر بێتـە نـاو هـۆڵی پەرلەمان، بە موتلەقی ئەو قسەیە دەکەم لە هەموو شوێنەکان فلتـەرێك هەیـە سـەلامەتی ئـەو پـڕۆژەی لـە ڕووی یاساییەوە ساغ دەکاتەوە، ئینجا دەهێنێتە ناو هۆڵی پەرلەمان، با نموونەیـەك بدەمـە جـەنابت لـەوەی کە خوێنرایەوە سەبارەت بە مووچە کە لـە سـوڵبی ئیشـی حکومـەت، ئەگـەر لـە هـیچ شـتێك پەرلـەمان ڕای حکومەت وەرنەگرێت دەبێت لەم مەسەلەیە وەری بگرێ، بەڵام ئەوەت لە بیر نەچێت کاتێك کە پڕۆژەیـەك لە ناو هۆڵی پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا دڵنیا بە هەموو ئەندامانی پەرلەمان لە دەرەوەی هـۆڵ تەلەفۆنیان بۆ دێت، کەی مووچەکەم دەبێتە (٥٠٠) هەزار دینار کەی دەبێتە ئەوە، بۆیـە بـە تەسـەوری مـن فرێدانی هەموو شتێك بەبێ ئەوەی پێشوەختە و بەشـێکیش مـن دەیسـەلمێنم کـە تـەعاروز دەکـات لـە گـەڵ کۆمەڵێك قانوونی کار پێکـراو لـە هـەرێمی کوردسـتان لـەوەی کـە ئێسـتا پێشکەش کـرا، بۆیـە مـن پێشـنیار دەکەم تا پەیڕەوی ناو خۆ تەعدیل دەکەین فلتەرێك دابنـێین چونکە بـار قورسـییە بـۆ هـەموو ئەنـدامانی پەرلەمان هەموو ماددەیەك کە دێتە ناو هۆڵی پەرلەمان دواتر ئێمە دەبێت هەر جـەوابی خـەڵك بدەینـەوە کـەی دەڕوات؟ چـونکە ئـەو نازانێـت خوێدنـەوەی یەکـەم هـەنگاوی یەکەمـە، ئـەو وا دەزانێـت کـە هاتـە خوێندنەوەی یەکـەم ئـیتر دەبێـت بـڕوات، بۆیـە پێشـنیار دەکـەم دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان لـە گـەڵ لیژنەی یاسایی ئەو فلتەرە بێت تـا وەکو پـەیڕەوی نـاو خـۆ دەهێـنین، چونکە بەراسـتی ئێمـە تووشـی بـار گرانییـەکی زۆر بووینـە زیـاتر لـە (١٠٠) پـڕۆژە یاسـا خوێندنـەوەی بـۆ کـراوە و هەمووشـی دەڕوا و خـەڵك چاوەڕوانە وەکو ئەوەیەکی لێهاتووە، یەعنی بەبێ ئەوەی ڕەچـاوی سـەلامەتی لـە ڕووی قانونییـەوە بکرێـت دێتە ناو هۆڵی پەرلەمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس بۆ بەڕێزت تێبینییەکەت دروستە، بەڵام بە پێی پەیڕەوی ناو خـۆی پەرلـەمان تـا ئێسـتا ئەم فلتەرە بـوونی نییـە و، بەراسـتی ئـەم بـار گرانییـەش ئەنـدامانی پەرلـەمان خۆیـان دروسـتیان کـردووە لەسەر خۆیان، بە گۆترە پڕۆژە یاسا پێشکەش بە پەرلەمانی کوردسـتان و سـەرۆکایەتی پەرلـەمان دەکرێـت و، بـۆ زانیاریتـان ئەنـدامانی پەرلــەمان ئێـوە پڕۆژەکـانی خۆتـان پـێش سـەرۆکایەتی پەرلــەمان بـە ڕاگەیاندنەکان دەدەن، دوێنێ دوو پڕۆژە هاتووتە بـەر دەسـتی ئێمـە بانگهێشـت کردنـی وەزیـر و بانگهێشـت کردنی کەسانی پسپۆڕلە وەزارەتـەکانی تـر، ڕۆژی پێـنج شـەمە لـە کـە ناڵـەکانی ڕاگەیانـدن بـڵاو بووتـەوە تاریخی دوێنێ لەسەرە، یەعنی دوێنێ لە لایەن لیژنەکانەوە نێردراوە بەڵام ڕۆژی پێنج شەمە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بڵاو کراوەتەوە، ئێوە پـێش ئـەوەی پڕۆژەکانتـان ئاراسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان بکـەن پـێش ئـەوەی بێتـە نـاو هـۆڵی پەرلەمانـەوە دەڕۆن لـە ڕاگەیاندنەکانـدا بـڵاو دەکەنـەوە و، ئەمـە دەکەنـە بـار گرانییـەکی گـەورە لەسـەر سـەرۆکایەتی پەرلـەمان پڕۆژەکانمـان پێشـکەش بـە سـەرۆکایەتی پەرلـەمانمان کردووە و بەڵام سەرۆکایەتی پەرلەمان نایخاتە بەرنامەی کارەوە، ئێمە بە پێی پەیڕەوی ناو خـۆ مـولزەمین

سەرۆكایەتی پەرلەمان كە (١٠) ئەندام پەرلەمان واژووی لەسەر پڕۆژە یاسایەك كرد دەبێت خوێندنەوەی یەكەمی بۆ بكرێت و دوایی ئیحالەی لیژنەكانی مەعنی بكرێت و دوا ڕەئیی حكومەتیشی لەسەر وەر بگیرێت، بەڵام منیش لە گەڵ ئەوەم كە ئێمەش لە دەستەی سەرۆكایەتی لە گەڵ ئەوە داین كە فلتەر هەبێت بۆ ئەم بابەتانە و پڕۆژە یاساكان تەدقیقی زیاتریان لێ بكرێت و، داواتان لێ دەكەم بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەو واژوویەی دەڕواتە سەر هەر پڕۆژە یاسایەك بەرپرسیاریەتی ئێوەیە ئەمانەتی ئێوەیە، پڕۆژە یاسا لەم پەرلەمانەدا پێشكەش كراوە راستەو خۆ پڕۆژە یاساكە لە سوریا وەرگیراوە و هێنراوە و پێشكەش كراوە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان واژوویان بۆ كۆ كردووتەوە، لە پڕۆژە یاساكەدا ناوی وەزارەتی دارایی و كارو باری ئابووری هەرێمی كوردستان بە وەزارەتی ئیقتیساد و تیجارەت هاتووە، وەزارەتی ئیقتیساد و تیجارەت كە ئەسڵەن لە هەرێمی كوردستان بوونی نییە، ئێوە واژوو دەكەن و دەیهێنن بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمان پڕۆژە یاسای وا هەبووە خۆتان دەزانن خوێندنەوەی بۆ كراوە ئەندامانی پەرلەمان واژوویان لەسەری كردووە، فەزاحەتی دروست كردووە لە كەناڵەكانی ڕاگەیاندندا، نامەوێت ئێستا بڕۆمە سەر ئەو پرسەیە چی بۆ دوایی ناچار ئەوانەی كە واژوویان كردووە هاتوون تەعدیلی پڕۆژە یاساكەیان كردووە، بۆیە كە واژوو لەسەر هەر پڕۆژە یاسایەك دەكەن بە پەلە ناوی خۆتان نە نووسن و زۆربەی كات لەبری یەكتر ناوی یەكتر دەنووسن و واژوو دەكەن ئەوەتا لیژنەی یاسایی ئێستا ئەركێكی گران كەوتووتە سەریان ناوەكان دە خوێننەوە، بۆیە بە دەقیقی پڕۆژە یاساكان بخوێننەوە ئەمە پڕۆسەی یاسا دانان لە پەرلەمانی كوردستان كە مەسئولییەتی ئێمەیە ناكرێت هەروا لەرێوە هەر پڕۆژە یاسایەك ئەندامێكی پەرلەمان بەدڵی بوو یان رێكخراوێك بەدڵی بوو یان چەند كەسێك بەدڵی بوو یەكسەر ئەندامانی پەرلەمان بێن واژووی بۆ كۆبكەنەوە و بیهێنن پێشكەشی دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بكەن، دەبێت ئێوە كە ئەندامی پەرلەمانن پلەكانی ئێوە لە پلەی وەزیر گەورەترە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پلەی ئێوە لە پلەی وەزیر گەورەترە دەبێت خۆتان فلتەر بن بۆ پڕۆژە یاساكان پێش ئەوەی كە پەرلەمان فلتەر بێت خۆتان فلتەر بن بزانن بەرژەوەندی كۆمەڵگا لە كوێیە و دۆخی ئێستای هەرێمی كوردستان لە كوێدایە و دەتوانین چی بكەین بۆ پێشخستنی بارو دۆخی هەرێمی كوردستان و چارەسەر كردنی تەنگژەكان، نامەوێت زۆر لەسەر ئەم بابەتە بڕۆم، چونكە زۆر هەڵدەگرێت، پەیوەندیدارە بە پەیوەندی نێوان فراكسیۆنەكان و هەر فراكسیۆنەو شتێك پێشكەش دەكات و ئەویتری بەدوایەوە دەبێ و تەنانەت لە ناو فراكسیۆنەكانیش، ئەم ئەندام پەرلەمانە پڕۆژەیەك تەقدیم دەكا و ئەویتر لەبەرامبەری پڕۆژەیەكی تر پێشكەش دەكات، بەڕێز دكتۆر عزت فەرموو.

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە ڕایەکەی دکتۆر (فرست) دەکەم، بە نموونەیەکی زەق پشتیوانیەکە دەر دەبڕم لە ڕۆژی (٢٠١٤/٥/٨) هەمواری یەکەم پێشکەش کرا بۆ یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٦)ی وەبەرهێنان لە (٢٠١٤/١١/٢٧) بە هەمان ناو نیشان هەموارێکی تر پێشکەش کراوە بۆ پڕۆژە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٦) و ئەمڕۆش جارێکی تر پڕۆژە یاسایەك پێشکەش دەکرێت بۆ هەمواری یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٦)، ئەمە کە ئاراستەی لیژنەی ئێمە کراوە راپۆرتمان ئامادە کرد ئەوەندەی مابوو بۆ سەرۆکایەتی بنێرین خوێندنەوەی یەکەم جارێکی دیکە بۆ پڕۆژەیەکی تر کرا بۆ هەمان مەبەست، بەراستی کاری لیژنەکان قورس دەکات ئەگەر بەروار لێك بدەینەوە (١١) مانگ زیاترە ئەو پڕۆژە یاسایە لای ئێمەیە راپۆرتمان ئامادە کردووە ئەمڕۆش جارێکی دیکە دەبێت پڕۆژە یاسایەکی تر بەهەند وەربگرین، پشتیوانیش لە ڕایەکەی کاك (عمر) دەکەم، یاسای وەبەر هێنان سیفەی ئیستیعجال پێبدرێت دەتوانین بە سەدان ملیۆن دۆلار داهاتی ئەم وڵاتە زیاد بکەین لەماوەی ساڵێکدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تکایە نوقتەی نیزامی و ڕایەکانتان کورت بکەنەوە، مامۆستا عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی ڕایەکەی کاك (عمر) دەکەم و، بۆ مامۆستاش مەلا (غریب) تەئکید لەوە دەکەمەوە کە ئەو پڕۆژەی زیادەڕەوییە زۆر پەیوەندی بە لیژنەی کشتوکاڵەوە هەیە، چونکە زۆرترین تەجاوزەکان لەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکانی هەرێمی کوردستان بووە و لیژنەیەکی باڵای حکومی دروست بووە بۆ مەسەلەی تەجاوزات، بۆیە ئیستیعجالدان بەم پڕۆژە یاسایە دەبێتە هاوکارێکی باش بۆ ئەو لیژنەیەی کە لە لایەن حکومەتەوە تەشکیل کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز کاك قارەمان فەرموو.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بە هەمان شێوە پشتیوانی لە ڕایەکەی کاك (عمر عینایەت) دەکەم، بەراستی ئێستا زیادەرەوی و تەجاوز کردن تەنیا لەسەر زەوی کشتوکاڵی نییە بەڵکو زۆربەی زۆری ئەو زەویانەی کە موڵکی شارەوانیشن ئێستا تەجاوزی دەکرێتە سەر و، دوو جار بەرەسمی پرسیارمان ئاراستەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانمان کردووە تا وەکو ئێستا وەڵامی نەداوەتەوە کە خۆیان لە ساڵی (٢٠١١) بڕیاریاندا بەسەر ئەم مەسەلەیەوە و، خاڵی دووەمیش پشتیوانی لە ڕایەکەی دکتۆر (فرست صوفی) دەکەم، بە هەمان شێوە شیکردنەوەکەی بەڕێزیشتان لەسەر پێشکەش کردنی شێوازی یاساکان بە هەمان شێوە پشتیوانی لێدەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز كاك بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز ژی پشتگیریا كاك (عمر عینایەت)ی دكەم، لسەر هەردوو پڕۆژا پڕۆژە یاسایا وەبەر هێنانێ و یاسایا ڕێگێری كردن لە زیادە رەوی ئەڤە خاڵەك، خالا دووێ: براستی مەسەلا ناڤ ئینانا عەشیرەتێ ئەز پشتەڤانیا دكتۆر (ابراهیم سمۆ)ی دكەم بۆ ناساندنێ یە نە بۆ دەمارگیریا عەشیرەتگەریێ یە، چونكە خودایێ مەزن دقورئانا كەریم دا كەرەم دكەت و دبێژیت ﴿وجعلناكم شعوبا وقبائل لتعارفوا﴾، نەبوو دەمارگیرییە بەڵكو بۆ ناساندنێ یە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك بەهزاد ئەگەر لە ناسنامەی باری كەسێیەتیت دا نەهاتبێت دروست نییە لە ڕووی یاساییەوە، دەبێت لە دوای ناوی سیانییەوە بنووسرێت، یەعنی دروست نییە تۆ ناوی خۆت بنووسی لەسەر پڕۆژە یاسایەك ناوی سێیانی خۆت نە نووسی، بەڕێز كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی وڵاتەكەمان بە قەیرانێكی دارایی دا تێدەپەڕێ و خەڵكیش و هەموومان دەزانین بە بۆنەی نەهاتنی مووچەوە ئێستا وەزعی دارایی خەڵك زۆر خراپە، بەراستی ویستم سیفەی ئیستیعجال بدرێت بە یاسای هەموار كردنی مووچە بۆ تەعدیل كردنی مووچە، بەڵام ڕایەكەی دكتۆر (فرست) وای لێكردم كە واز لەوە بێنم، پشتگیری لە دكتۆر (فرست) و كاك (عمر عینایەت) بكەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز كاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەراستیدا من یەك دوو تێبینیم هەبوو، ئێمە لە پەرلەمانی كوردستان بە پێی پەیڕەوی ناو خۆ ئیدارەی كاری پەرلەمانی هەموو موئەسەسەی پەرلەمان بەڕێوە دەبرێت و، هیوادارم هەموو ئەو ڕێو شوێنانەی كە لە پەیڕەودا هاتووە وەكو خۆی ڕەچاو بكرێت، ئەوەی پەیوەندی بە نووسینی ڕاپۆرت بۆ پڕۆژە یاساكان هەیە یان سیفەی ئیستیعجال هەیە راستە بە پێی پەیڕەو دەكرێت، بەڵام ئەگەر لەكاتی ئاسایی خۆیدا لیژنەكان بە پێی پەیڕەو مامەڵە لە گەڵ پڕۆژە یاساكاندا بكەن یان پڕۆژە بڕیارەكان لە ماوەی (١٥) رۆژدا دەبێت ڕاپۆرت ئامادە بكرێت و بگاتە سەرۆكایەتی پەرلەمان و، دەتوانێت كاری لەسەر بكات ئەمە خاڵی یەكەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(١٠) رۆژ، لەماوەی (١٠) رۆژدا.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی دووەم: ئەوەی پەیوەندی بە پێشکەش کردنی پرۆژە یاسا و پرۆژە بڕیارەوە هەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان: بە پێی پەیڕەو پەرلەمانتاران مافیان هەیە پێشکەشی بکەن، بەڵام سەرۆکایەتی پەرلەمان لەوێدا ئەرکی چییە کاتێك کە پرۆژە یاسایەك یان پرۆژە بڕیارێك دێتە بەر دەستی؟، ئەوە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانە پێویستە فلتەری یاسایی هەبێت کە ئەو پرۆژانەی لە ڕابردوودا کراون بە یاسا یان بوون بە بڕیار نەیخاتەوە بەرنامەی کار و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ نەکات یان لە گەڵ مەبادئی دەستوور یان هەندێك مەقایس لە گەڵ کۆمەڵگا یەك ناگرێتەوە دەتوانێت نەیخاتەوە بەرنامەی کارەوە، بۆیە بە دیدی من ئەوەی جەنابتان عەرزتان کرد من ڕێزی زۆرم بۆت هەیە، بەڵام تەعمیم کردنی هەندێك قسەی زبر یان لادان و سەرپێچی کردنی یاسایی لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێموایە کارێکە لە جێی خۆیدا نییە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، جەنابت ئیدارەی پەرلەمان و بەرپرسیارییەتی هەموومان هەڵدەگری، تەعمیم کردنی ئەم مەسەلانە بۆ هەموو ئەندامانی پەرلەمان لە دیدگای پەرلەمانتارێك یان دووان کارێکی باش نییە و ئەوە ئەرکی جەنابتانە و ئەم قسانە دەچێتە پرۆتۆکۆڵەوە و ڕەئی عام گوێ لێدە گرێت، تەعمیم نەکرێت بۆ هەمووما لەبەر ئەوە من رام وایە ئەم حاڵەتە بەم جۆرە لە ناو هۆڵی پەرلەمان موناقەشە نەکرێ، ئەگەر بەڵگەیەکی مەلموس هەیە حاڵەتێك هەیە ئەکرێ ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەندامی پەرلەمان، یان لیژنەی مەعنی کار بکرێ بۆ ئەوەی ئەمە بە جۆرێك نەکەوێتەوە لە هەیبەتی کاری پەرلەمانی و شەئنی پەرلەمانتاری بدا، ئەمەش بە پێی پەیڕەو موعالەجە کراوەلە ڕاستیدا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

من مەبەستم تەعمیم نەبووە، ئەگەر ئەمە وا خوێندراوەتەوە داوای لێبوردن دەکەم ڕاستە ئەندامان مافی خۆیانە بەشێکیش پرۆژە یاساکانیش کە پێشکەش کراوە لە جێی خۆی بووە، بەڵام بە پێی پەیرەو ماددەی (٧١)، ئەگەر بیخوێنینەوە ماددەی (٧١) ئەڵێ برگەی دوو لە ماددەی (٧١) ئەڵێ ئەو پرۆژە بڕیارانەی دەگەنە پەرلەمان، لەگەڵ لیستی هۆیە پێویست کارەکان بەسەر ئەندامانی پەرلەماندا دابەش دەکرێن و لە یەکەم دانیشتن پوختەکەی دەخوێندرێتەوە، یەعنی هیچ سەراحیەتێکی دەستەی سەرۆکایەتی نەکردووە، تەبعەن مەسەلەی یاسایی بوونی پرۆژەکان و دەستوری بوونی پرۆژەکانیش بە لیژنەی یاسایی سپێردران، لیژنەی یاسای لە ڕاپۆرتی خۆی بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ لە ماددەی (٧٢) لیژنەی یاسایی لەوە ئەکۆڵێتەوە، ئایا پرۆژەکان یاسایین یان دەستوورین؟، یان پێشتر یاسای بۆ دەرچووە یان نا؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

روونکردنەوەکەی جەنابت راستی زۆری تێدا بوو، بەڵام ئەو گرجیر کردنەی بەراستی جێگای هەڵوەستە لەسەر کردنە چەند بەرێزێك لە هەموو پرۆژەیەك واژوو دەکەن بەرپرسیاتی واژوو نازانن، ناکرێ هەمووومان بخرێینە یەك خانە بەرپرسیاتی واژوو کردن لەسەر پرۆژەیەك مەسئولیەتە، هەمووومان بە یەك شێواز سەیر بکرێین خەڵکی کوردستان ئەگەر ئەو روونکردنەوەی جەنابت ببینێ دەبێ لە نوێنەرەکانی زۆر بێ ئومێد بێت، کە ئەلف و بێ ی کاری پەرلەمانی لە سەرەتای کاری پەرلەمانتاری بریتیە لە تەقدیم کردنی پرۆژەیەك، شێوازەکەی نەزانیتن ئەو پرۆژەیە کێ جێبەجێی دەکا؟ کێ یاساکەی دەردەکا؟ واتە بەو روونکردنەوەی جەنابت دەبێ خەڵك ئێستا لە هەمووومان نائومێد بێ کە نوێنەرەکانیان نازانن کارەکانی خۆیان بکەن، دوو: نازانم چەند پەیڕەو ڕێگا دەدا، ئەگەر پەیڕەو ڕێگا دەدا من داواکارم ئەو روونکردنەوەی جەنابت لە پڕۆتۆکۆڵ بسرێتەوە، بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان با بە دیقەتەوە گوێی پێ بدەن ئایا ئەوە دەچێتە چ خانەیەك؟ ئێمە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کارە سەرەتایەکانی خۆمان نەتوانین بکەین، بۆیە بەرپرسارێتی ئێوەشە لە دەستەی سەرۆکایەتی، ئەگەر بە پەیڕەویش رێك نەخرابێتن، بەڵام تا ڕێك دەخرێتن پشتیوانی لە پێشنیارەکەی بەرێز د. فرسەت دەکەین کە ئەو کارە، ئەو فلتەرە بەو شێوازە بێتن تا پەیڕەوەی نوێ هەموار دەکرێتن، کارەکانی تەواو دەبێ ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێم وانییە هیچ قسەیەکمان کردبێ لادان بووبێ لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان تەعمیمیشمان نەکردووە، راستە باسمان لەو بارودۆخە کردووە کە لە پەرلەمانی کوردستاندا هەیە، بەڵام وەکو روونکردنەوەمان دا، ئەندامانی پەرلەمانی تریش هەن کە بە مەسئولیەتەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە دەکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو سهام فەرموو.

**بەڕێز سهام عمر :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە هەمان شێوە پشتگیریا رەئیا کاك عمر عینایەت دکەم بۆ پێدانە سیفەت ئیستعجال بۆ هەردوو پرۆژە یاسا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك انوەر فەرموو.

**بەڕێز انور قادر :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی لە قسەکانی کاك عمر عینایەت دەکەم بۆ پرۆژە یاسای رێگری لە زیادە رۆیی، بۆ پەلە کردنی ، چونکە ئێمە دەبینین لە زۆربەی شارو شارۆچکەکان لە هەرێمی کوردستان مەسەلەی زیادە رۆیی لەسەر موڵکی گشتی چ ئەوەی شارەوانی چ لۆ دەرەوەی شارەوانیە بەراستی لە ژێر مەترسی داگیرکردندان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێزعمر مصطفى باوەمیر(د. شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماوەی رابردوودا لەلایەن پەرلەمانتارانەوە کۆمەڵێك مەلەف بە ناوی کە پێی دەڵێن گەندەڵی ئاشكرا کرا، هەر لەوەی لەو سەرفیاتە زۆرەی کە لە مۆنەمێنتی ساڵیادی هەڵەبجە دەکرێت، پێنج ملیارەکەی وەزارەتی کاوباری کۆمەڵایەتی سەردانی بن دیوار.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیوەندی بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانەوە نییە، پەیوەندی بە بەرنامەی کاری ئەمرۆوە نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك ابو بکر فەرموو.**

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله (هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ بەشێکی قسەکانی کاك عەلی هاڵۆدام، بەڵام بەشی دووەمی کە عەشیرەت و ئەوانە پێچەوانەی بنەماکانی دیموکراسییە، ناو هێنانی ناوچەو عەشیرەت و دەڤەر بۆ موعەریفی و ناساندنە، هەموو حیزبە سیاسییەکان لە کاتی هەڵبژاردنەکانا پەنا بۆ دیوەخان وعەشیرەتەکان دەبەنەوە لەبەر ئەوە، ئەکرێ وەکو یەکەکی کۆمەڵگەی مەدەنی موتروبەی بکەین لەو بابەتە بڕوانین زۆربەی پیاوە گەورەکان و سەرۆکەکانی، ئەم وڵاتەش هەموو عەشیرەت و دەڤەریان نییە هیچ نەنگیش نییە، لەبەر ئەوە بەشی دووەمی پێم وابوو زیاد بوو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز لیژنەی یاسایی بەرێز د. ڤالاو کاك گۆرانیش قسەیان هەیە فەرموون.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەللاهی ئەو پرسەی باسکرا ئێمە وەك لیژنەی یاسایی لەوانەیە بەشێکی زۆری موعاناتەکە لای ئێمە بێ، ئەگەر فورسەت بێ حەزم لێیە وەك لیژنە دوو قسە بکەین، لە خولی پێشوو و ،لەم خولەش ئەم موشکیلەیە هەبووە، بەڵام بە فیعلی گرنگە ئەندامانی پەرلەمان هەموومان بە بێ تەعمیم کردن پرۆژە یاسا دەنووسین تۆزێك وردبین ئەمە یەك، دوو! گرنگە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئێمە بە سوپاسەوە باسی ئەوە بکەین، لەگەڵ لیژنەی یاسایی پرۆژەکانی بۆ ئێمە نارد، سەرەتا کە ئێمە ئایا ئەم پرۆژە خوێندنی یەکەمی بۆ بکرێ یان نا؟، بەڵام ئێمە وەکو لیژنە قەرارماندا کە ئێمە دەسەڵاتی رەتکردنەوەو خوێندنی یەکەممان نییە، بەڵام دەکرێ پێتان بڵێین کە ئەم پرۆژەیە بنەمای پرۆژە یاسای تیایە یاخود نە، بەڵام دوا بڕیار بۆ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە، ئێمە لەسەر ئەم هاوکاریە سورین، بەڵام دوا بڕیار بۆ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانە، لە خولی پێشوو دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەندێك لەم پرۆژە یاسایانەی کە پەرلەمانتاران پێشکەشیان دەکرد تێبینیەکی ئەگەر لەسەر هەبوایە بانگی ئەندامە بەرێزەکانی دەکرد، مولاحەزەکەی پێدەگوت ، ئەندامەکان بە سینگ فراوانیەوە وەریان دەگرت وە چاکیان دەکرد، ئەگەر ئەمە بکرێ کارێکی باشترە، چونکە ئێمە موشکیلەمان لە چییە ئەم ژمارە زۆرەی پرۆژە یاسایە کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکرێ لە نەتیجە مولکە لەسەر پەرلەمانی کوردستان، ئەم پرۆژە یاسایەی هەمواری مووچە حەفتەی رابردوو لە بەرنامەی تەلەفزیۆنی قسەی لەسەر دەکرا، من گوێم لە هێڤا خان بوو وا بزانم بڕیاردەری لیژنەی مالی دەگوترا موناقەشە دەکرێ، بەس هێڤا خان دەیگوت من شتی وام هەر نەبیستووە لەبەر ئەوەی هەموو پرۆژە یاسایەك دەخرێتە بەرنامەی کار، بە فیعلی ئێمە ئەندامانی پەرلەمان پەیوەندیمان پێوە دەکرێ خەونی لەسەر بنیاتدەنرێ، شتێکی دیکە کە تێبینی کرایە کە هەندێك پرۆژە یاسا خوێندنەوەی بۆ دەکرێ پرۆژە یاسایەکی بێ کەم و کوڕیە پرۆژە یاسایەکی زۆر باشە، بەڵام لە نەتیجە دوو بەیانی فراکسیۆنێکی دیکە یاخود هەندێك ژمارە لە ئەندام پەرلەمانەکان هاوشێوەی ئەم پرۆژەیە پرۆژەیەکی دیکەی بۆ پێشکەش دەکەن، ئەوەی گرنگە ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان لەم خولە بزانین بە تەوافوق و بە هاوکاری هەموو فراکسیۆنەك نەبێ هیچ فراکسیۆنەك نابێتە خاوەن دەستکەوتی پەسەند کردنی هیچ پرۆژە یاسایەك، بۆیە گرنگە ئێمە هاوکاری یەك بین، نەوەك بە جۆرێك بە هەر مەبەستێك بێ نامەوێ ناوی بێنم پرۆژە یاسا کە یەکێك پێشکەشی کرد یەکێکی کەش لەسەری کەڵەکە بێ، دەکرێ هەموومان واژووی بکەین ئەسڵەن لە نەتیجە کەسمان زائید پەنجا نینە تەوافق و هاوکاری پرۆژە یاساکان دەستکەوتی هەموو ئەندامان و پەرلەمانی کوردستانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا پێشنیارەك هەبوو کە دوو لەو پرۆژە یاسایانە سیفەی ئیستعجالیان پێ بدەین پرۆژە یاسای هەموار کردنی ژمارە چواری ساڵی (٢٠٠٦) یاسای وەبەرهێنان لە کوردستان – عێراق پرۆژە یاسای رێگری لە زیادەرەوی کێ لەگەڵ ئەوەیە کە پرۆژە یاسای هەموار کردنی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٦)ی دەستەی وەبەرهێنان لە کوردستان سیفەی ئیستعجالی پێ بدرێ؟ کێ لەگەڵیەتی؟ (٥٧) کەس لەگەڵیەتی، کێ

دژیەتی؟ (٢) کەس دژیەتی، کەواتە پەسەند کرا، پرۆژە یاسای دووەم پرۆژە یاسای ڕێگری لە زیادەرەوی کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو پرۆژە یاسایە سیفەی ئیستعجالی پێ بدرێ؟ (٦٥) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ (١) کەس دژیەتی، کەواتە پەسەند کرا، باشە سوپاس بۆ لیژنەی یاسایی ، ئێستا ئەچینە سەر. کاک د. ابراهیم فەرموو.

**بەڕێز د. ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل جۆرەی وان ئاخفتنێت بەرێز کاك سالار بەحس کری ئو جەنابێتە ژی تەعقیبەکی سەر ئاخفتنێت وی داین کاك سالار گۆتی (١٥) رۆژ جەنابێتە گۆتی (١٠) رۆژ، ئەز د بێژم (١٠) رۆژ بخۆ سیفەتە ئیستعجالیە، ئەگەر تەنفیز کەن، ئەگەر سیفەتا تەعجیلی نەدا (١٠) رۆژ (١٥) رۆژ بیت کیشك ڤان لیژنا دێ شێت ڤان دوو رۆژادا ڤێ سیفەتا تەعجیلی دەتێ، ئەز ژبەر هندێ دبێژم مادەم (١٠) رۆژن بخۆ سیفەتا تەعجیلیە، ئەگەر (١٥) رۆژ بن بخۆ سیفەتا تەعجیلیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تازە دەنگی لەسەر درا بەرێزم بەڵام ئەبێ ئاماژە بەوە بدەین کە ئێستا مادام سیفەی ئیستعجالی پێدرا لیژنەکانی پەرلەمان مولزەم کراون کە لە ماوەی پێنج رۆژا ڕاپۆرت لەسەر ئەو پرۆژە یاسایانە ئامادە بکەن، هیوادارم وا بکەن، هیوادارم وەکو پرۆژە یاساکانی تری لێنەیێ کە تا ئێستا ڕاپۆرتی لەسەر حازر نەکراوە، لە ماوەیەکی کورتا بتوانرێ راپۆرت لەسەر ئەم دوو پرۆژە یاسایە ئامادە بکرێ کە پێم وابێت ئەوەی وەبەرهێنان راپۆرتەکەی حازرە بەس ئەتوانرێ ئەمە ئیزافە بکرێ ئەوەی رێگری لە زیادەڕەویش لیژنەی کشتوکاڵیشی بۆ زیاد دەکەین، هیوادارم لە نزیکترین کاتدا سەرۆکایەتی هەر سێ لیژنە بتوانن راپۆرتی لەسەر حازربکەن و بیهێننە هۆلی پەرلەمان، ئەچینە سەر بڕگەی دووەم لە بەرنامەی کاری ئەمرۆمان کە بریتیە لە گفتووگۆ کردنی پرۆژە یاسای سەندووقی داهاتی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان – عێراق بە پێی ماددەکانی (٧٢-٧٤-٧٥) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارەکی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموار کراو داوا لە لیژنەی دارایی و لیژنەی سامانە سروشتییەکان و سەرچاوە سروستییەکانیش دەکەین بێنە سەر مینەسە بۆ دەست کردن بە گفتوگۆ کردن لەسەر ئەو پرۆژە یاسایە، با دەست پێبکەین .کاك ئاری فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

ئەوەنەی ئێمە ئاگادار بین بەشێك لە ئەندامە بەرێزەکانی لیژنەی پەیوەندیدار کە ئێستا لێرە نین ئەوەنەی بزانین کە کۆبوونەوەیان هەیە لەگەڵ وەزیران، ئایا بەرێز سەرۆکی پەرلەمان بە باشی نازانێ کە بە حزوری ئەوان ئەم موناقەشەیە بەردەوام بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست پێدەکەین پێم وابێت ماددەی یەکەم و دووەم هیچ کێشەو گرفتی لەسەر نییە، هەوڵیش ئەدەین کە دواتر دەرفەتێك وەربگرین بۆ ئەوەی بزانین نەتیجەی ئەو دانیشتنە لە نێوان ئەندامانی پەرلەمان لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان لەگەڵ وەزیرانی پەیوەندیدار بەم پرۆژە یاسایە بە کوێ گەیشتووە؟.

خاتوو د. ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو پرۆژە یاسا پێشکەش کراوە بۆ ئەو بابەتە کە تایبەتە بە سەندووقی داهاتەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان، پرۆژە یاسایەکیان لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کراوە، پرۆژە یاسای دووەمیشیان لە لایەن ژمارە یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە، راپۆرتێکی هاوبەش نووسراوە لەلایەن لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری وەبەرهێنان، لیژنەی پیشەسازی ووزە و سەرچاوە سروشتییەکان، داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە لە ڕێگای ئێوەوە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەنگ بۆ ئەوە بدەن تا راپۆرتەکە ببێتە ئەساس بۆ بابەتی دەنگدان لەسەردانی .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئەیخەینە دەنگەوە کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ڕاپۆرتی هاوبەشی هەرسێ لیژنەی کاروباری یاسایی، لیژنەی کاروباری دارایی وەبەرهێنان، لیژنەی سەرچاوە سروشتییەکان، کە راپۆرتێکی هاوبەشیان لەسەر یاساکە حازر کردوە، ئەوە ببێتە بنەمای گفتوگۆ کردن، کێ لەگەڵیەتی؟ (٦٨) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ کەس نییە دژی بێ، کەواتە پەسەند کرا، بەخێر هاتنی بەڕێزان وەزیری سامانە سروشتییەکان، وەزیری دارایی، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان ئەکەین بۆ ناو هۆڵی پەرلەمان، هەروەها بەخێر هاتنی د. ئامانج سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران ئەکەین، فەرموو بەڕێز د. ڤالا تکایە دەست بکەن بە خوێندنەوەی راپۆرتی هاوبەش.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون، بەڕێز دکتۆرە ڤالاً تکایە دەست بکەن بە خوێندنەوەی راپۆرتی هاوبەش.

**بەڕێز د.ڤالاً فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**بابەت/ ڕاپۆرتی هاوبەش سەبارەت بە پرۆژە یاسای (سندووقی داهاتەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان - عێراق)**

لێژنەی (کاروباری یاسایی) و (دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان) و ( پیشەسازی و ووزەو سەرچاوە سروشتییەکان) رۆژی (دوو شەممە ٢٢ی بەفرانبار)ی کوردی بەرامبەر بە (٢٠١٥/١/١٣)ی زایینی

**کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجامدا بۆ تاوتوێ کردنی هەردوو پـڕۆژە یاسـای (سـندووقی داهاتـەکانی نـەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان)، کە لەلایەن:**

**یەکەم/ ژمارەیی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوەو خوێندنەوەی یەکەمی لە دانیشتنی ژمارە (٢) لە ڕۆژی چوار شەممە بەرواری ٢٠١٤/٥/٧ بۆ کراوە**

**دووەم/ لەلایـەن سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیرانـەوە پێشـکەش کـراوە ، دوای خوێندنـەوەی یەکـەمی لـە دانیشـتنی ژمـارە (١٢) لـە ڕۆژی سـێ شـەممە بـەرواری ٢٠١٤/١١/٢٥ ڕەوانـەی لێژنـەکانمان کـراون. دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێ کردن، لێژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:**

## یاسای سندووقی داهاتەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان - عێراق

### بەشی یەکەم

### پێناسەکان

**ماددەی یەکەم:**

**مەبەستی ئەم یاسایە لەم دەستەواژەو زاراوانەی خوارەوە، ماناکانی بەرامبەریانە:**

**یەکەم: هەرێم/ هەرێمی کوردستان – عێراق.**

**دووەم: پەرلەمان/ پەرلەمانی کوردستان – عێراق.**

**سێیەم: ئەنجومەنی وەزیران/ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.**

**چوارەم: وەزارەت/ وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم.**

**پێنجەم: یاسای نەوت و گاز/ یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان.**

**شەشەم: ئەنجومەن/ ئەنجومەنی هەرێمیی کاروباری نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان - عێراق، کە بەپێی ماددەی چوارەمی یاسای نەوت و گاز پێکهێنراوە.**

**حەوتەم: دەستە/ دەستەی بەڕێوەبردنی سندووقی داهاتەکانی نەوت و گاز لە هەرێمدا.**

**هەشـتەم: سـندووق/ سـندووقی داهاتـەکانی نـەوت و گـاز لـە هەرێمـدا کـە بـەپێی حوکمـەکانی ئـەم یاسـایە دامەزراوە.**

### بەشی دووەم

### چوارچێوەی پیادەکردنی یاسا

**ماددەی دووەم: حوکمەکانی ئەم یاسایە پیادە دەکرێن لەسەر:**

**یەکـەم: داهـاتی دارایـی دەسـتکەوتوو بـەگوێرەی حوکمـەکانی یاسـای نـەوت و گـاز، یاسـای دیـاریکردن و وەرگرتنی شایستە داراییـەکانی هـەرێمی کوردسـتان - عێـراق لـە داهاتـە ئیتیحادییـەکان ژمـارە (٥)ی سـاڵی (٢٠١٣)ی پەیوەست بە نەوت و گازو بەروبوومـەکانی و بـەپێی ئـەوەی لـە مـاددەی حەوتـەمی ئـەم یاسـایەدا هاتووە.**

**دووەم: داهاتی دارایی هاتوو لە حکومەتی ئیتیحادی کە راستەوخۆ پەیوەستە بە نەوت و گازو بەروبوومەکانی جگە لە پشکی هەرێم لە بودجەی گشتی ئیتیحادیدا.**

## بەشی سێیەم

## پێکهێنانی سندووقی داهاتەکانی نەوت و گاز لە هەرێمداو دەستەی بەڕێوەبردنی

**ماددەی سێیەم:**

**دوو ڕا هەیە:**

**یەکەم: زۆرینەی ئەندامان (دە کەس لە کۆی هەژدە کەس لەگەڵ ئەم ڕایەن):**

**پاڵپشت بە حوکمی ماددەی (١٥) لە یاسای نەوت و گازی ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠٠٧)، سندووقێك بەناوی (سندووقی داهاتەکانی نەوت و گاز لە هەرێم)دا دادەمەزرێت، و کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕیی هەیەو، لە ڕووی رێکخستنەوە سەر بە ئەنجومەنی هەرێمیی نەوت و گاز دەبێت.**

**دووەم: بەشێك لە ئەندامان (حەوت کەس لە کۆی هەژدە کەس لەگەڵ ئەم ڕایەن):**

**پاڵپشت بە حوکمی ماددەی (١٥) لە یاسای نەوت و گازی ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠٠٧)، سندووقێك بەناوی (سندووقی داهاتەکانی نەوت و گاز لە هەرێم)دا دادەمەزرێت و، کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕیی هەیەو، لە ڕووی رێکخستنەوە سەر بە ئەنجومەنی وەزیران دەبێت.**

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم: دەستەیەك بەناوی (دەستەی بەڕێوەبردنی سندووقی داهاتەکانی نەوت و گازی هەرێم) بەڕێوەبردنی سندووق لە ئەستۆ دەگرێت و مافی هەیە سەرجەم رەفتارکارییە یاساییەکان بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە ئەنجام بدات و، سەرۆکەکەی نوێنەرایەتی سندووق دەکات لەبەردەم پەرلەمان و دادگاو سەرجەم لایەنەکانی دیکە.**

**دووەم: دەستە پێکدێت لە:**

**١- سەرۆکی دەستە: بە پلەی وەزیر.**

**٢- جێگری سەرۆکی دەستە: بە پلەی بریکاری وەزارەت.**

**٣- بەڕێوەبەری گشتی سندووق.**

**٤- نوێنەری وەزارەتی سامانە سروشتییەکان: پلەی وەزیفی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت (ئەندام).**

**٥- نوێنەری وەزارەتی دارایی و ئابووری: پلەی وەزیفی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت (ئەندام).**

**٦- شارەزایەکی دارایی (ئەندام).**

**٧- شارەزایەکی ئابووری (ئەندام).**

**٨- شارەزایەکی یاسایی (ئەندام).**

**ماددەی پێنجەم:**

یەکەم: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، لە ماوەی (٩٠) نەوەت رۆژ لە رێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایەدا هەماهەنگی بکات لەگەڵ ئەنجومەنی هەرێمیی بۆ پێشکەشکردنی کاندیدێکی لێهاتوو بۆ هەر یەك لەو سێ پۆستەی کە لە بڕگەی دووەمی ماددەی چوارەمی ئەم یاسایەدا هاتوون پێشکەش بکات.

دووەم: دوو ڕای لەسەرە:

ڕای یەکەم:

١- هەر یەك لە سەرۆك و جێگرەکەی و بەڕێوەبەری گشتی سندووق و ئەندامانی دەستە بێجگە نوێنەرانی وەزارەتی دارایی و سامانە سروشتییەکان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بە پەسند کردنی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان بۆ ماوەیەك زیاتر نەبێت لە (٤) چوار ساڵی شیاو بۆ یەکجار نوێکردنەوەو بەهەمان رێکارە باسکراوەکان دادەمەزرێن و، ئەوانەی ئەم وەزیفانەیان پڕکردۆتەوە، پاش تەواو بوونی ماوەی دیاریکراو ئەگەر بەپێی یاسا نوێ نەکرێتەوە، ئەوا دەگەڕێندرێنەوە سەر کارەکانی پێشوویان بەر لە ئەستۆگرتنی ئەم وەزیفانە.

٢- سەرۆکی دەستە لەبەردەم پەرلەماندا ئەم سوێندە دەخوات:

(بەخودای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و ڕێز لە یاسا ڕەچاوکراوەکان بگرم).

ڕای دووەم:

١- سەرۆکی دەستە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بە پەسند کردنی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان بۆ ماوەیەك زیاتر نەبێت لە چوار ساڵی شیاو بۆ یەکجار نوێکردنەوە و بەهەمان رێکارە باسکراوەکان دادەمەزرێت.

٢- سەرۆکی دەستە لەبەردەم پەرلەماندا ئەم سوێندە دەخوات:

(بەخودای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و ڕێز لە یاسا ڕەچاوکراوەکان بگرم).

سێیەم: مەرجە لە دامەزراندنی هەر یەك لە سەرۆك و جێگرەکەی و بەڕێوەبەری سندووق و ئەندامانی دەستە، سەرباری بوونی مەرجە گشتییەکانی دامەزراندن لە وەزیفەی گشتییدا، بەلای کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت لە بواری پسپۆڕی دەستەو خاوەنی شارەزایی بێت لە بواری پسپۆڕی دەستە بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە (١٥) پازدە ساڵ بەنیسبەت سەرۆك و (١٠) دە ساڵ بەنیسبەت جێگری سەرۆك و بەڕێوەبەری سندووق و ئەندامەکان.

چوارەم: ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە کەسانی بیانی لەوانەی خاوەن شارەزایی و پسپۆڕیین لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی هەرێمیی بەسیفەتی راوێژکاریی دابمەزرێنێت و ماف و پابەندییەکانیان بەپێی گرێبەست و بەگوێرەی پێڕەوی ناوخۆی دەستە کە ئەنجومەنی وەزیران پەسندی دەکات، دیاری دەکرێن.

ماددەی شەشەم:

دەستە ناوبەناو بەلای کەم مانگی یەکجار، یان هەر جارێك پێویست بکات کۆدەبێتـەوەو داوای بەسـتنی ئـەم کۆبوونەوانەش لەلایەن سـەرۆکی دەسـتەوە ئاراسـتە دەکرێت و بڕیارەکـان بـە زۆرینـەی دوو لـە سـەر سـێی ئەندامەکانی دەردەکرێن.

ماددەی حەوتەم:

دەستە ئەمانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:

یەکـەم: تۆمـارکردن و دۆکیـومێنتکردنی سـەرجەمی داهاتـەکانی نـەوت و گـازی هـەرێم، کـە بـەگوێرەی حوکمـەکانی ئـەم یاسـایە دەسـتدەکەون لـە سـندووقدا، هـەروەها بـەڕێوەبردن و مسـۆگەرکردنی ڕێـژیی ئاڵوگۆڕیـان بـۆ ژمێـرەی وەزارەتـی دارایـی، پـاش ئـەوەی بـەپێی مـاددەی (١١) یـازدەمی ئـەم یاسـایە لەسـەر پێشنیاری دەستەو بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران و پەسند کردنی پەرلەمان تەرخان دەکرێن.

دووەم: وردبینیکردنی جوولـەی گشت داهاتـەکانی نـەوت و گـازی هـەرێم لـە سـندووقدا بـەپێی چاودێریی نێوخۆیی، لەگەڵ دەرکردنی ڕاپۆڕتی مانگانە دەربارەیانەوە.

سێیەم: ساڵانە ئاشکرا کردنی گشت ئـەو داتایانـەی تایبـەتن بـە ژمێـرەو چالاکییەکانی سندووق دەربـارەی سپاردن و ڕاکێشان و وردبینـی کردنیـان بـە بـەکارهێنانی کۆمپانیـای ژمێریـاریی جیهـانیی لێهـاتوو متمانـە پێکـراو، دواتـر بەرزکردنـەوەی ڕاپـۆڕتی ناوبـەناو بـۆ ئەنجومـەنی وەزیـران کـەوا چـالاکی و ڕاپـۆڕتی کۆمپانیاکـانی ژمێریـاریی جیهـانی پووخـت دەکاتـەوە لەگـەڵ دەرخسـتنی ڕاووبۆچـوونی خـۆی لەسـەر ئـەم ڕاپۆڕتانە.

چوارەم: مسۆگەر کردنی شەفافیەت و درکاندن لە پرۆسە داراییەکان لەکاتی ئەنجامدانی ڕێکارو پرۆسەکانی ژمێرکاری بەگوێرەی ستاندەری ژمێریاریی پـەیڕەو کـراوی جیهـانی و ئاسـتی پیـادە کردنیـان لەسـەر گشت ژمێرەکانی سندووق کە لەم یاسایەدا باسکراون.

پێنجەم: پێویستە لەسەر دەستە ڕاپۆڕتەکانی مانگانەو ساڵانەی خۆی بداتە پەرلەمان.

بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو، دکتۆر عیزەت سەرۆکی لیژنەی دارایی و ئابووری.

بەڕێز د.عزت صابر اسماعیل:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

## بەشی چوارەم

## بەڕێوەبردنی داهاتەکانی نەوت و گاز

ماددەی هەشتەم:

دەستە وەرگرتنی ئەمانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:

یەکەم: پوختەی داهاتە شایستەکانی هەرێمی هاتوو لە هەناردە کـردن و فرۆشـتنی نـەوت و گـاز بـەگوێرەی گرێبەسـتەکانی نـەوت و گـازی بەسـتراو لەگـەڵ کۆمپانیاکانـدا، چ لەلایـەن وەزارەتـەوە، یـان کۆمپانیـای

کوردستان بۆ دۆزینەوەو بەرهەمهێنانی نەوت و گازەوە بێت بەگوێرەی یاسا، ئەویش پاش داشکاندنی شایستەکانی ئەو کۆمپانیایانەی لە هەرێمدا کاردەکەن و بەرهەمهێنەرن، چ نەختینە بێت یان عەینی و، تێچوونەکانی گواستنەوەو عەمبارکردن و هەنارده کردن و فرۆشتن لەلایەن وەزارەتەوە.

دووەم: سەرجەم پێبەخشین و پاداشتەکانی هاتوو لە گرێبەستەکانی نەوت و گاز لە کاتی شایستە بوونیاندا، لەنێوانیشیاندا پاداشتەکانی واژووکردن و بەرهەمهێنانی گرێبەستە نەوتییەکانی بەستراو لەگەڵ کۆمپانیا بیانی و خۆماڵییەکان و، پاداشتەکانی ژێرخانی ئابووری و، بڕەکانی تەرخانکراو بۆ پاراستنی ژینگەو داهاتی دیکە بەگوێرەی ئەوەی لە یاسای نەوت و گازو یاساکانی دیکەی پەیوەندارا دا هاتووە.

سێیەم: پوختەی داهاتەکانی بەروبوومە نەوتی و گازییەکان پاش داشکاندنی تێچوونەکان، لەنێوانیشیاندا پاڵاوتەکردن و گواستنەوەو عەمبارکردن و ئەوەی پەیوەستە پێیانەوە لە لایەن وەزارەتەوە.

چوارەم: داهاتی دارایی هاتوو لە حکومەتی ئیتیحادیی کەوا راستەوخۆ پەیوەستە بە نەوت و گازو بەروبوومەکانیان جگە لە پشکی هەرێم لە بودجەی گشتی ئیتیحادیدا.

پێنجەم: ئەو بڕانەی وەك شایستە بۆ هەرێم هاتوون لەوەی تایبەتە بە نەوت و گازەوە ئەویش بەگوێرەی حوکمەکانی یاسای دیاری کردن و وەرگرتنی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان - عێراق لە داهاتە ئیتیحادییەکان ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٣) لەگەڵ رەچاو کردنی بڕگەی چوارەمی سەرەوەی ئەم ماددەیە.

شەشەم: ئەو بڕانەی لە وەبەرهێنانی داهاتەکانی نەوت و گازدا وەدەستهاتوون کە لەم ماددەیەدا ئاماژەیان بۆ کراوە.

ماددەی نۆیەم:

یەکەم: ژمێرەی ئەم سندووقە ژمێرەیەکی داخراو دەبێت تەنها بە مەبەستی کۆکردنەوەی داهات.

دووەم: چەند ژمێرەیەکی جۆراوجۆر بۆ سندووق دەکرێتەوە، چ بە دیناری عێراقی بێت یان هەر دراوێکی بیانی لە لقی بانکی ناوەندیی عێراقی لە هەرێمدا، یان هەر بانکێکی دیکەی حکومی کە ئەنجومەنی وەزیران پاش پەسند کردنی لقی بانکی ناوەندیی لە هەرێمدا هەڵیدەبژێرێت، بە مەبەستی سپاردنی گشت داهاتەکانی نەوت و گاز کە لەم یاسایەدا دەقیان لەسەر کراوە.

سێیەم: پێویستە لەسەر دەستە رێنمایی پێویست بۆ جوولاندن و سپاردنی بڕەکان لە نێوان ژمێرەکانی سەر بەسندووق پاش پەسند کردنی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە، دەربکات.

چوارەم: سندووق لەسەر پێشنیاری دەستەو رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەسەڵاتی هەیە ژمێرەیەکی تایبەت لە بانکە ئەهلیەکان تەنها بۆ مەبەستی وەبەرهێنان بکاتەوە.

ماددەی دەیەم:

سندووقێك بە ناوی (سندووقی نەوەکانی داهاتووی هەرێم) دادەمەزرێت، کە بەڕێوەبردن و دراو پێدانی بە یاسایەك رێك دەخرێت کە لە ماوەی (١٨) هەژدە مانگ لە رێکەوتی بەرکار بوونی ئەم یاسایەدا

دەردەكرێت، تیایدا ڕێژەیەكی دیاریكراو لە داهاتە نەوتییەكانی وەرگیراو بەپێی یاسا بۆ نـەوەكانی داهـاتوو دەسپێردرێت و لە بودجەی ساڵانەدا جێگیر دەكرێت.

## بەشی پێنجەم

## دابەشكردنی داهاتەكانی نەوت و گازی سندووق

ماددەی یازدەم:

یەكەم: داهاتەكانی نەوت و گاز كە لە سندووقدا دەسپێردرێن و بەپێی حوكمەكانی ئـەم یاسایە وەرگـیراون، لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەپێی مەرج و ستاندەری هاتوو لە یاسای نەوت گازدا، پاش تەرخان كردنی ئـەم بڕانـە لـە بودجـەی ساڵانەو پەسـند كردنـی لـە لایـەن پەرلەمانـەوە، بـەم شـێوەیەی خـوارەوە دابـەش دەكرێن:

١- دراو پێدانی بودجەی گشتی بەگوێرەی یاسای بودجەی گشتی ساڵانەی هەرێم.

٢- دراو پێـدانی پرۆژەكـانی وەبــەرهێنان لــە پێبەخشـین و پاداشـتەكان بــەگوێرەی گرێبەسـتە نــەوتی و گازییەكانی بەستراو لەگەڵ كۆمپانیا بیانی و خۆماڵیەكان كە لەلایەن ئەم كۆمپانیایانـەوە تـەرخان دەكرێـت بەو مەرجەی بەگوێرەی ستاندەرو مەرجـەكانی هـاتوو لـە یاسـای نـەوت گـازدا بێـت لـە نێوانیشـیاندا چـڕی دانیشـتوان و بــەو شـێوەیەی دادپــەروەری لــە نێـوان پێكهاتــە ئـاینی و نەتەوەییــەكان دێنێتــە كایــەوە بــە لەبەرچاو گرتنی گەشەپێدانی ئەو ناوچانەی پرۆسە نەوتییەكانی تێدا ئـەنجام دەدرێت و پاڵپشـتی كردنـی ئەنجومەنە خۆجێتیی و شارەوانیەكانیان.

٣- ژمێرەی (سندووقی نەوەكانی داهاتوو) بەگوێرەی حوكمەكانی ماددەی دەیەمی ئەم یاسایە.

٤- دراو پێـدانی وزارەت بـۆ پاڵپشـتی كردنـی ژێرخـانی ئـابووری كـەرتی نـەوت و گـاز لـە هەرێمـدا لـە كـاتی پێویستیداو قەرەبوو كردنەوەی خاوەنی ئـەو زەوییانـەی بـۆ پرۆسـەكانی نـەوت و گـاز تـەرخان دەكـرێن و، قـەرەبوو كردنـەوەی ئـەو كـەس و لایـەن و موڵكانـەی لـە ئـەنجامی پرۆسـە نـەوتیی و گازییەكانـدا زیانیـان پێگەیشتووە.

٥- پاڵپشتیكردنی سندووقی ژینگەی دامەزراو بەپێی یاسای نەوت و گاز.

دووەم: نابێـت تـەرخان كراوەكـانی خـەرجی پرۆژەكـانی وەبــەرهێنان كـە گرێبەسـتی لەسـەر نـەكراوە بجوولێندرێنەوە.

سـێیەم: لـە سـەرەتای نیـوەی دووەمـی هـەر سـاڵێكی رۆژمێریـی، وەك یـەكیی داهاتـەكانی نـەوت و گـازو تەرخانكراوە فیعلیەكانی ژمێرەكانی سندووق ئەنجام دەدرێت و، ژمێرەكانی سندووق لەسەر ئـەم بنەمایـەو بەپێی یاساو پێڕەوەكانی بنەماكانی ژمێریاری متمانە پێكراو لە هەرێمدا، ئەنجام دەدرێن.

چـوارەم: دەسـتە بەرپرسـیاریەتی خـۆی بـەپێی ئـەو پرنسـیپ و سـتاندەرانەی تایبـەتن بـە دەسپێشـخەری شــەفافیەت لــە پیشەســازییە دەرهێنــەرەكانی هــاتوو لــە سەرچــاوەی ( Extractive Industries

Transparency)ی ناسراو بە (EITI)، پیادە دەکات و پێویستە شیاوو هاوتەریب بن لەگەڵ شێوازە هەرە باشەکانی پیشەسازییە نەوتییەکان.

پێنجەم: کارەکانی دەستەو ژمێرەکانی سندووق ملکەچ دەبن بۆ چاودێری پەرلەمانی کوردستان و دیوانی چاودێریی دارایی هەرێم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر شێرکۆ سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و وزەو سامانە سروشتییەکان.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی شەشەم**

**حوکمی کۆتایی**

ماددەی دوازدەم:

ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە پێڕەوێك بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

ماددەی سێزدەم:

هەیکەلی کارگێڕی سندووق بەپێڕەوێك دیاری دەکرێت، کەوا ئەنجومەنی وەزیران بە هەماهەنگی و راوێژ لەگەڵ ئەنجومەندا دەریدەکات، ئەویش لە ماوەیەك کەوا نابێت لە (٣) سێ مانگ لە رێکەوتی پێکهێنانی دەستە تێپەڕ بکات.

ماددەی چواردەم:

دەستە بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە پاش پەسند کردنی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەربکات.

ماددەی پازدەم:

کار بە هیچ یاسایەك، یان دەقێك، یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

ماددەی شازدەم:

ئەم یاسایە لە رێکەوتی بلاّوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) دا جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا دەست دەکەین بەخوێندنەوەی ماددە بە ماددەی پرۆژەکە، ئەوەی لە راپۆرتی هاوبەشدا هاتووە، بۆ ئەوەی بیخەینە گفتوگۆوە، لە ناوەکەوە دەست پێ دەکەین، (یاسای سندووقی داهاتەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان)، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەم پرۆژە یاسایە لە (١٦) ماددە پێکهاتووە، کە بەداخەوە هۆیەکانی دەرچوونی لەگەڵدا نییە، ئەوەش دیسانەوە پێویست دەکات بنووسرێت، بۆیە پێویست دەکات زۆر بە دەقیقی و بە وردی سەرنج و تێبینیەکانی خۆتان بخەنە روو بەبێ زیادو کەم و، قسەی

ئەندامانی پێش خۆشتان دووبارە مەکەنەوە، بۆ ئەوەی بتوانین سوود لە کات وەربگرین لە ماوەیەکی کەمدا موناقەشەی ئەم پرۆژە یاسایە بکەین لە پەرلەمانی کوردستان، لە ناوەکەیەوە دەست پێ دەکەین، کێ قسەی هەیە لەسەر ناوەکەی؟ بەڕێز دکتۆرە ڤالاّ ناوەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز د.ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(یاسای سندووقی داهاتەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان — عێراق).

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

ئەم بەڕێزانە ناویان تۆمار کراوە بۆ گفتوگۆ کردن، ﴿فەرهاد سەنگاوی، د. ڕێواز، صالح فەقێ ، ڤەمان فیصل، عباس غزالی، امنە زکری، هەورامان گەچێنەیی، عادل عزیز، نجیبە لگیف، حسن صالح﴾.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ڕێواز،

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم ناوی یاساکە بەم شێوەبە بێت، سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتییەکان، لەبەر ئەم موبەرەراتانەی خوارەوە، یەکەم، لە یاسای نەوت و غازی ﴿٢٢﴾ ساڵی ﴿٢٠٠٧﴾ نووسراوە، سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتییەکان، دووەم، ماددەی ﴿٢﴾ بڕگەی ﴿٤٣﴾ یاسای دارایی ژمارە ﴿٩٥﴾ ساڵی ﴿٢٠٠٤﴾ کە یاسای کار پێکراوە لە هەرێمی کوردستان بە گشتگیری پێناسەی داهاتە نەوتیەکانی کردووە، سێیەم، ئەم ناونیشانە ڕەهەندێکی نیشتمانی و نەتەوەیی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ڤەمان فەرموو

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەش بە حاڵی خۆم پشتگیری لە قسەکانی ﴿د. ڕێواز﴾ دەکەم، ئێمە دەبێت لە حاڵەتێکدا هەم تەتابوق لە نێوان یاساکاندا دروست بکەین کە ئەو پرۆژەیە ئێستا گفتوگۆی لەسەر دەکەین، دەبێت تەتابوقی هەبێت لەگەڵ یاسای ژمارە ﴿٢٢﴾ ساڵی ﴿٢٠٠٧﴾ کە لەوێدا باس کراوە، سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتییەکان و لە لایەکی تر، کوردستان ناوێکی پیرۆزە بۆ ئەو موئەسەساتانەی تازە دورست دەکرێن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك هەورامان فەرموو.

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف﴿هەورامان گەچێنەیی﴾:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینیم هەیە و پێشنیار دەکەم بەو جۆرە بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاک عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل عزیز شکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیشکال لەگەڵ ناوەکە هەیە، وشەی یاسا سندوق خۆی یاساکە تەحسیل حاسلە، پرۆژەکە یاسایە، و پشتگیری لەقسەکانی ﴿د. ڕێواز و کاک ڤەمان﴾ دەکەم کە ناوی کوردستان هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاک عباس فەرموو،

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، هەرێمی کوردستان هەر سێ پارێزگا دەگرێتەوە لەگەڵ هاوکارانمدام کە تەنیا کوردستانی عێراق بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاک فەرهاد فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح ﴿فەرهاد سەنگاوی﴾:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا پێم وایە پەرلەمانی کوردستان دەبێت زمانی کوردی زۆر بە هەند وەربگرێت، چونکە پەرلەمان بەرپرسە لە زمانیش، وشەی سندوق نە بە سادەکەی و نەبە قافەکەی کوردی نییە، وشەیەکی زۆر جوانمان هەیە کە ﴿کاسەیە﴾ و ئەوانەی زمانی ئەوروپی باش دەزانن لە ناو هەموو ئەوروپاکان وشەی ﴿کاسە﴾ لەجیاتی سندوق بەکار دێت و ئێمەش ڕۆژانە بەکاری دێنین، بۆیە داوا دەکەم بە یەکجاری وشەی ﴿سندوق﴾ لە زمانی کوردی بکرێتە دەرەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

امنە خان فەرموو،

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیرییا ڕەئیا هەڤالێت خۆ دکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو نەجیبە فەرموو،

**بەڕێز نجیبە لطیف احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە رای هەوالأن دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك حسن فەرموو،

**بەڕێز حسن صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە رای ﴿ڕێواز خان و کاك فەرهاد﴾ دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صالح فەرموو،

**بەڕێز صالح فەقێ محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان رام هەبوو ئەو ناوچانەی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، پیشنیار دەکەم هەموو ئەو پرۆژە یاسانەی پێشکەشی دەکەین لە بری هەرێمی کوردستان ناوی کوردستان بێنین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رای لیژنە پەیوەندارەکان چییە لەسەر رای ئەندامانی پەرلەمان کە پێشکەش کرا؟

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە رووی قانونییەوە ئێمە هیچ تێبینییەکمان نییە، چ بەو شێوەی ئێستا بمێنێت و چ ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان بیانەوێت ببێتە کوردستان و موبەرەرەاتی قانونی خۆی هەیە و لە رووی نەتەوەیشەوە مەنتقییەتی خۆی هەیە، بۆیە پشتیوانی لێدەکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عزت فەرموو،

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی دەکەین بەم شێوەیە بێت، سندوقی کوردستان بۆ داهاتی نەوت و گاز، گاز با تێدا بێت گازی سروشتی با ئەو ئیشکالە دروست نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس د. شێرکۆ فەرموو،

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش هەر لەبەر ئەوەی کە بە ﴿کۆتۆ﴾ کە کورتکراوەی کوردستانە داوا دەکەین کە سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتیەکان بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

رای تریش هەبوو سندوقی کوردستان بۆ داهاتی نەوت و گاز و رای تریش هەبوو کە سندوق لاببرێت ببێتە کاسە کە ئەمەش پێویستە قسەی لەسەر بکرێت، رای بەڕێزان وەزیرانی پەیوەندیدار لەم بارەیەوە هیچ قسەیەکتان هەیە؟ باشە سوپاس، بەڕێز د. ڕێواز فەرموو،

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مەبەستم هەیە کە دەڵێم داهاتە نەوتییەکان، چونکە دەمەوێت داهاتی گومرکی و ناگومرکی بگرێتەوە، ئێمە هەندێك داهاتمان هەیە داهاتی گومرکی لە نەوتدا و هەندێك هەیە گومرکین، ئەم شەرحە بە گوێرەی ئەم یاسایە کراوە کە یاسای ئیدارەی مالی سالّی ﴿٢٠٠٤﴾ە، دەڵێت ئیراداتی نەوتی هەندێکی زەریبی و هەندێکی غەیری زەریبین و هەدەف ئەمەیە کە مادده ﴿٤٠﴾ ئەگەر لە پاشەڕۆژ جێ بە جێ بوو ئەو داهاتە زەریبییەی نەوتیش بچێتە ناو سندوقەکە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئەو کاتە دەتوانین بڵێین داهاتەکانی نەوت و گاز،

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شمولی ترە، بەڵام ئەوەی تر ئەندامانی پەرلەمان بۆ خۆیان ئازادن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دڵشاد فەرموو،

**بەڕێز دڵشاد شعبان عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر تەوزیحێك لە لایەن وەزیری دارایی بکرێت، چونکە تانکەری نەوت هەیە باجی لەسەرە کە ئەم باجە راستەوخۆ بۆ وەزارەتی دارایی یان بۆ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەڕوات؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری دارایی هیچ تەوزیحێکت هەیە؟

**بەڕێز ڕێباز محمد حملان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـەوەی کـە زەریبـەی لەسـەر بێـت ئـەوا لـە لایـەن وەزارەتـی سـامانە سروشـتییەکان وەردەگیرێـت، ئێمـە وەریناگرین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە بە فارسی پێدەڵێن فەرافکەنی، هەڵیدایە ساحەی د. ئاشتی، د. ئاشتی هیچ سەرنجێکت هەیە؟

**بەڕێز د. ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتییەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچی داهاتی ئێمە هەیە کۆ دەبێتەوە بۆ مەعاشات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە «کاك فەرهاد» کە «کاسە» یان «سندوق» بێت لە رووی زمان و رێزمانەوە دوایی موعالەجەی دەکەین و ئەگەر بەو مانایە بوو لە کۆتایی دا چاکی دەکەین بە تایبەتی مەسەلەی دارشتنی کۆتایی ئەو شتانە موعالەجە دەکرێت، د. ڤالا بیخوێنەرەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە،

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی یاساکە دەبێت بە یاسای سندوقی کوردستان بۆ داهاتەکانی نەوت و گاز،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵیدایە؟ پـێم وابێـت هێشـتا ئەنـدامانی پەرلـەمان بـە تـەواوی تێنەگەیشـتوون لـە بابەتەکـە، تکایـە جارێکی تر بیخوێنەوە،

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سندوقی کوردستان بۆ داهاتەکانی نەوت و گاز

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە داهاتە نەوتی و گازییەکان بێت چییە؟ خاتوو امنە فەرموو،

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوا ئەز تێگەشتی پێشنیارا ئەنـدام پەرلـەمانا بـوو کۆ هەماهـەنگی دگـەڵ یاسـایا نـەوت و گـازێ یـا ژمـارە «٢٢»ی سـاڵا «٢٠٠٧»ێ بهێتـە کـرن و کـو ل وێـرێ دا سـندوقی کوردسـتان بـۆ داهـاتی نەوتییەکانـە، و پێشنیارا پەرلەمانتارا ئەوە بوو،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیاری تریش هەبوو، رای لیژنەکان کە گازی سروشتیش لە یاساکەدا جێ بکرێتەوە.

کاك د. ئاشتی فەرموو.

**بەڕێز د. ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتییەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێمان باشە کە داهاتە نەوتییەکان بێت، چونکە لە یاسای نەوت و گاز خۆی موعەرەفە و شمولی گازیش دەکات و پێویست ناکات دووبارەی بکەینەوە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د. رێواز ئەوەی کە بۆ منت نارد بیخوێنەرەوە،

**بەڕێز د. رێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برگەی ﴿٤٣﴾ لە یاسای ئیداری مالی دەلێت ﴿ عوائد النفط و هی عوائد تصدير النفط و عوائد غير جريبيه ان ناتجه من بيع النفط الى المشترين المحلين و عوائد سد الجريبه على النفط﴾ لە ناو کەوانەدا ﴿عوائد تصدير النفط﴾ لە فەقەرەی ﴿٤٤﴾ دەلێت ﴿عوائد تصدير النفط، عوائد غير جريبيه ناتجه من بيع النفگ الى المشترين الاجانب﴾

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گازی سروشتی لێرە تێدا نییە، فەرموو کاك گوران،

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر وەزیری سامانە سروشتییەکان ئەوەمان بۆ شەرح بکات، ئێمە کە قسە لەسەر داهاتی نەوتی دەکەین ئایا گازی شل دەگرێتەوە؟ چونکە ئیشکالییەتەکە زیاتر ئەمەیە.

**بەڕێز د. ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتییەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە یاسای ژمارە ﴿٢٢﴾ی سالی ﴿٢٠٠٧﴾لە تەعاریدا دەلێت ژمارە ﴿٣٠﴾، ﴿العائدات حكومه الاقليم المستحصله من العمليات نفطية و من ضمن مبيعات النفط و الغاز و الرى و المكافئات التوقيع و الانتاج من عقد النفطية للشريكات الاجنبيه و المحليه﴾، هەمووی دەگرێتەوە کە بلێین داهاتە نەوتییەکان ئەوەی کە پێشنیار کرا موناسبە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەگەر پێناسەی نەوت و گاز بكرێت كێشەكە چارەسەر دەكرێت، نەوت چییە، نەوت گیرۆسینە و بەنزینە و قیرە، و گازیش پێناسە بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عادل فەرموو،

**بەڕێز عادل عزیز شكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر هەمان بۆچوونم هەیە ئەگەر لە ماددەی یەكەم پێناسەی نەفت بكرێت لێرە كێشەكمان بۆ دروست نابێت و سندوقی كوردستان بۆ داهاتەكانی نەفت، بەڵام لە مادەی یەكەم نەفت پێناسە بكەی كە چییە و گازیش دەگرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك علی فەرموو،

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ناوەڕۆكی یاساكە، لە ماددەی هەشتەم، یەكەم، دەڵێت داهاتە شایستەكانی هەرێم هاتووە لە هەناردەكردن و فرۆشتنی نەوت و گاز، واتە لە ناوەڕۆكی یاساكە دەڵێی نەوت و گاز و داهاتەكان كۆیە، كە كۆ بوو دەتوانین داهاتەكانی نەوت و گاز، چونكە كە داهاتەكان كە كۆ بوو جۆرە جیاوازییەكان دەڵێت و لە تەعریفەكەی ﴿كاك عمر و كاك عادل﴾ كردییان پێم وایە دەقیق تر دەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، د. ڤاڵا فەرموو،

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی پەیوەندیدارە بە تەعریفەكان لە یاسای ژمارە ﴿٢٢﴾ی ساڵی ﴿٢٠٠٧﴾ لە ماددەی دووەم، بڕگەی ﴿١١﴾ تەعریفی نەوتی كردووە و لە بڕگەی ﴿١٣﴾ تەعریفی گازی سروشتی كردووە، بۆیە بە پێویستی نازانین تەعریف بكرێتەوە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، د. شێركۆ جودت فەرموو،

**بەڕێز د. شێركۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ لە یاسای نەوت و گازی ساڵی ﴿٢٠٠٧﴾ تـەعریفی نـەوت و نـەوتی خـاو و گـازی سروشـتی کـردووە بـە جیا، لەبەر ئەوە ئێمە تایتلی بکەینە داهاتەکانی نەوت و گاز و هەموو شتێك یەکلایی دەکاتـەوە و دڵنیـایی دروست دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاد د. عزت فەرموو،

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە هەموو دونیا گازی سروشتی و نەوت بوونەتە جێگرەوەی یەکتر، ئۆتۆمبێل یان بە گـازی سروشـتی ئـیش دەکات یـان بـە بـەنزین، گرنگـە عنـوانی ئـەم پـرۆژە یاسـایە وشـەی ﴿گـاز﴾ی لەگەڵدا بێـت، گاز کـە گـازی سروشتییە هیچ لە ناوەڕوك ناگۆڕێت و لە کۆکردنەوەی داهات لە کوردستان ناگۆڕێت و هـەموو ئامانجـەکان دەپێکێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رۆزاخان فەرموو،

**بەڕێز رۆزا محمود عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان رای ﴿د. شێرکۆ جودت و د. عزت﴾م هەیە، پێویستە ناوی گازی تێدا بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك رابوون فەرموو،

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا دەرکەوت لە موناقشـەکان، ئەگـەر لـە عنـوانی یاسـاکە گـازی تێـدا بێـت کێشـەکە موعالەجـە دەکـات و ئەگەر تێدا نەبێت کێشەمان بۆ دێنێت و کەواتە پێشنیار دەکەم ناوی گازی تێدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر پێشنیاری خۆتان بخوێنن لیژنە پەیوەندیدارەکان لەسەر پێناسەکە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، کاك عمر نوقتەی نیزامی هەیە؟

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هەرچەندە نامەوێت لەسەر قسەی بەڕێز ﴿د.ڤالا﴾ قسە بكەم، بەڵام چارەم نەما، زۆر تەعریف كراوە، لە یاسای ﴿٢٢﴾ و لێرەش ئیعادە بووە، یان دەبێت هەرێم و پەرلەمان هەمووی ئیعادە بووە، بۆیە چ زیانێك دەگەیەنێت كە نەوت و گاز لێرە تەعریف بكرێت؟ تەعریفی هەرێم و پەرلەمان و ئەنجومەن یش لێرە كراون و لەویٚ كراون، كەواتە با لێرەش نەكرێت،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د. رێواز فەرموو،

**بەڕێز د. رێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیارەكەی من بوو، دەمەوێت زیاتر تەوزیحی بكەم بۆ هاوڕێكانم، كێشە نییە گازی بۆ ئیزافە بكەن بۆ سیقە و بۆ ئەوەی شتێك نەچێتە دەرەوە، كە وتت داهاتە نەوتییەكان گازیش دەگرێتەوە گازی شل و هەموو شتێك كە پەیوەندی بەم ماددەیە هەیە دەگرێتەوە، مەبەستی من زەریبەیە، نەوت داهاتی زەریبی و نازەریبی هەیە، ئەگەر بوترێت سندوقی كوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەكان، ئەوكاتە زەریبەشی دێتە ناو، بەڵام كە دەڵێی سندوقی كوردستان بۆ داهاتەكانی نەوت و گاز ئەگەر سەیری یاسای ﴿٢٢﴾ بكەی باسی زەریبە ناكات و نەوت و نەوتی خاو و گازی سروشتی و گازی سروشتی تەعریف كردووە، ئەمە دەڵێت سندوقی كوردستان بۆ داهاتەكانی نەوت و گاز، یەعنی داهاتەكانی ئەم ماددانە، بەڵام كە دەڵێی داهاتە نەوتی و گازییەكان ئەو كاتە ئیعتیماد دەكەیە سەر قانونی ئیدارەی مالی كە دەڵێی مەبەستمان زەریبەی سەر پرۆسە نەوتییەكان و پیشەسازی نەوتییە لە هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پێم وایە د ئاشتی قسەی هەیە، فەرموو،

**بەڕێز د. ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتییەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

داهاتە نەوتییەكان بمێنێت، چونكە حادی عشر لە یاسای نەوت و گاز، نەوت هەمووی شمول دەكات و شمولی هەموو هایدروكاربۆنات دەكات﴿في حاله طبيعى من الغاز الطبيعى﴾ هەمووی موعەرەفە، لە یاسای ژمارە ﴿٢٢﴾، داهاتە نەوتییەكان شمولی گازیش دەكات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

عینوانی یاساكەی پێشوو ژمارە ﴿٢٢﴾ یاسای نەوت و گازە لە هەرێمی كوردستان، قانون ﴿نفگ و الغاز لاقليم كوردستان﴾، نەوتیش هاتووە و گازیش هاتووە، ئاخیر سیاغە چییە؟ كەواتە ئێستا ﴿٢﴾ پێشنیار هەیە، سندوقی كوردستان بۆ داهاتە نەوتییەكان و سندوقی كوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەكان، دەبێت وا بێت، باشە كەواتە هەردووكی دەخەینە دەنگەوە... فەرموو كاك عمر.

**بەڕێز عمر عنايەت حەمە**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە نەمان وت تەعریفی نەفتا بکرێ ، ئێمە وتمان ئەمانەوێ نەفتا لەکوێی ئەو پەرەگرافەی هاتووە ، ئەو تەعریفەی تێدا کراوە پێمان بڵێت بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان ، نەفتای تیا نییە.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باسی ئەوەیان کرد وەزیرەکان و ئەندامانی پەرلەمان لە لیژنە پەیوەندیدارەکان ، باسی ئەوەیان کرد کە هەموو موشتەقاتی نەوت لە چوارچێوەی پێناسەی نەوتا جێی ئەبێتەوە کە بەو شێوەی هاتووە ، ئەگەر ڕایەکی ترتان هەیە ئەتوانن باسی بکەن ئەندامانی تری پەرلەمان قەناعەت پێبکەن بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە ، بەڕێز دکتۆر ئاشتی هەورامی فەرموو.

**بەڕێز د. ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتییەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شمولی ئەکا مەسەلەن (عمليات نفطية) باسی تەسفیە ئەکا ، نەفتا لە پرۆسەی تەسفییە دەرئەچێت ، یانی هەرچی ئەگەر لە تەعریفی خام نەبێت ، لە تەعریفی نەفتا نەبێت ، لە تەعریفی (عمليات نفطية) پرۆسەکانی نەوت ، هەمووی مەشمولە لەوێ پێویست بەوە ناکا ، ئەگەر حەزئەکەن هەمووتەعریفەکان بێننە ناو یاسایەکە موشکیلە نییە ، بەلام پێویست ناکا لەوێ تەعریف کراوە.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، بیخوێننەوە دوا سیغە بخوێننەوە .

**بەڕێز د. ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی یەکەم: پێناسەکان

ماددەی یەکەم:

بڕگەی یەکەم/ مەبەستی ئەم یاسایە لەم دەستەواژەو زاراوانەی خوارەوە، ماناکانی بەرامبەریانە:

١- هەرێم/ هەرێمی کوردستان — عێراق.

٢- پەرلەمان/ پەرلەمانی کوردستان — عێراق.

٣- ئەنجومەنی وەزیران/ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

٤- وەزارەت/ وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم.

٥- یاسای نەوت و گاز/ یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان — عێراق ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٧,

٦- ئەنجومەن/ ئەنجومەنی هەرێمیی کاروباری نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان - عێراق، کە بەپێی ماددەی چوارەمی یاسای نەوت و گاز پێکهێنراوە.

٧- دەستە/ دەستەی بەڕێوەبردنی سەندووقی داهاتەکانی نەوت و گاز لە هەرێمدا.

٨- سەندووق/ سەندووقی کوردستان بۆ داهاتەکانی نەوت و گاز لە هەرێمدا کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دادەمەزرێت.

برگەی دووەم/ پێناسەکانی هاتوو لە ماددەی یەکەم لە یاسای نەوت و گازی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ بەرکار دەبن ، ئەگەر ناکۆك نەبێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، نوقتەی نیزامی هەیە کاك عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە یاسای ژمارە (٢٢)دا ئەم مەنتوجاتی نەفتی تەعریف نەکراوە ، یەعنی ئەگەر مەنتوجاتی نەفتیمان بۆ بکرێت ئەو کێشەیە کۆتایی پێدێت (مەنتوجاتی نەفتی) ، سوپاس .

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، کاك فائق فەرموو.

**بەڕێز فائق مصطفى رسول**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە ناونیشانی یاساکەمان گۆڕی بە سەندووقی داهاتەکانی نەوت و گاز ، بەلاًم لێرە سەندووقەکە وەکو خۆی ماوەتەوە لە پێناسەکاندا ، بۆیە دەبێت لە پێناسەکانیشدا بگۆڕدرێت دووبارە ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وایە ، سوپاس ، بەڵێ ئەوە ئەگۆڕدرێ ، بەڕێز کاك حاجی کاروان فەرموو.

**بەڕێز کەنعان نجم الدين احمد (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو یاسای نەوت و گاز ، یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان یان مەسەلەن لە شەشەم (/عیراق) ئەکرێ ئێمە ئیشکالییەتێك بەوە حەلکەین مەسەلەن ئەوە عەین زالەیە بەڕێز کاك گۆران لەوێ بووە ئەو کاتە بە تەنکەر نەوت ئەڕۆیشت ئەوە بەعزێك بیرەکانە ناکۆکی لەسەرە ئەوانە مەنتیقەی کوردستانین ، بەلاًم ئەگەر ئێمە بڵێین هەرێمی کوردستان سبەی وەکو پەرلەمان ناتوانین بەدواداچوون و لێپرسینەوە بکەین لەسەر ئەو بیرە نەوتیانەی کە لەدەرەوەی هەرێمی کوردستانن و بەلاًم بەدەستی هەرێمی کوردستانەوەیە ، لەبەر ئەوە ئەگەر ئێستا بکرێ بەس هەرێمەکەی لابدرێ و ببێتە کوردستان _ عیراق ، هیچ گرفتمان نابێت لەبەر ئەوەی ئێمە ئیشکالیەتەکی موستقەبەلیش حەلدەکەین بۆ ئەو مەنتقانە ، گرفت دروست ناکا وا تەسەوردەکەم لە ڕووی دەستووری و لە ڕووی قانونییەوە ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، لیژنەی یاسایی جواب ئەدەنەوە دوای بەڕێز دکتۆر شێرکۆ حەمەامین.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان سەرنجم هەبوو ، لەڕاسیدا ، بەدیاری کراوی پرسیارێکیشە ئەمەوێ وەلاّمەیەکەم دەست کەوێت ، ئایا داهاتی کێڵگەکانی کەرکووك و زۆر شوێنی تریش ئەگرێتەوە ، چونکە بە فیعلی لە نەزەری هەموومانە ماددەی (١٤٠) جێبەجێ بووە ئێستا ، یەعنی ئێستا شەڕی لەسەرە ، یەعنی ئایا ئەم سەندووقە تەنها هەولێر و سلێمانی و دهۆکە یا ئەوێشە ، ئەگەر وابێ ئەبێ بنووسرێ هەرێمی کوردستان ، یەعنی ئەو داش عیراقەی لێ بکرێتەوە ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، خاتوو منیرە عثمان فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێکی تر تەئکید دەکەمەوە کە پێویستە پێناسەی سەندووق ببێتە حەوتەم.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، ئەو پێشنیارەش کرا بوو پێشتر وەلاّم بدرێتەوە ، بەڕێز دکتۆر شێرکۆ جودت فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی کە خاڵی هاوبەش لە نێوان مەسەلەی هەرێم و مەسەلەی کوردستانییەکە بدۆزینەوە یەك خاڵ هەیە ئەم ترافیکی پارە لە نێوان بەغداو لە نێوان هەرێمی کوردستان کاتێك کە بەغدا داهاتی عیراق ئەنێرێ بۆ هەرێمی کوردستان ، لە ڕووی نەوتی و گازییەوە تەبعەن ئەبێ ئیستیلام لە لایەن ئەم سەندووقەوە بێ ، چونکە بە پێی ئەم بڕگانەی کە لەم یاسایەشا داماناوە داهاتی ئیتیحادی لە ڕووی نەوت و گازەوە ئەبێ بچێتە ئەو سەندووقەوە ، بۆیە بۆ ئەوەی ئیشکال لە پەیوەندیەکانمان لەگەڵ بەغدا دروست نەبێ مەسەلەی هەرێم لێرە لەوانەیە زەرورەتێکی هەبێ ، بەلاّم لە هەمان کاتیشدا ئێمە مەسەلەی عەین زالەو ناوچەکانی تریش کەلە بڵێین جێناکۆکن ، دابڕێنراون بۆ ئەوەی ئەوەش بێتە ناو ئەو مەوزوعە پێشنیاری ئەوە ئەکەم کە بڵێین کوردستان _عیراق داهاتە نەوتی و گازییەکان لە کوردستان عیراق ، ئیتر کوردستان _عیراق ئەو کاتە ئیشکالییەتی هەردوو کێشەکە حەل ئەکا ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، بەڕێز وەزیری دارایی فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز محمد حەمەلان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەك تێبینیم هەیە لەسەر ئەم مەسەلەیە ، ئێمە خۆمان ئێستا سندوقی كوردستان ناونرا كە تۆ ناوت نا كوردستان هەمووی ئەگرێتەوە ، یەعنی ئەوەی لە داهاتووشا ئەكەوێتەوە ژێر دەستی كوردستان ، ئەم هەرێمە دەكەوێت یا ناكەوێت ئەوە قەزیەكی دیكەیە ، بەلاَم ئەوەی ئێستا كە هەیە ئەمری واقیعە لەژێر دەستی كوردستاندایە تۆش سەندووقەكەت ناوناوە سەندووقی كوردستان یەعنی هەمووی ئەگرێتەوە ، ئیتر چ پێویست دەكا ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز كاك گۆران ئازاد فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ئێستا قسە لەسەر دەركردنی قانون دەكەین ، ئێمە قسە لەسەر ڕێكەوتنێك دەكەین كە لەگەڵ بەغدا كراوە بە پێی ئەم ڕێكەوتنە قسەم لەسەر لایەنی قانونییە ، قسەم لەسەر تموحاتی فەردی نییە ، ئێمە ئەو نەوتانەی كە ناوچەی كوردستانینەو لە دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی كوردستانن بەپێی ئەوەی كە ئێمە لەگەڵ بەغدا ئیتیفاقمان كردووە پارەی ئەم نەوتە بۆ هەرێمی كوردستان نییە بۆ بەغدایە ، جا ئەگەر ئێمە ڕۆژگارێك توانیمان بە بەغدا بڵێین داهاتی ئەم ناوچانەی دەرەوەی هەرێمی كوردستان بۆ سەندووقی خۆمانە و خۆمان سەرپەرشتی دەكەین ، ئەگەر ئەو كاتەی ئیشكال لەسەر ئەم یاسایە بوو ئەمە دەتوانێ هەمواربكرێ ئەمە یەك ، دوو" ئێمە لە پێناسەی سەندووقەكە خۆمان پاراست لە ، تەنها وتمان سەندووقی كوردستان بۆ داهاتەكانی نەوت و گاز بە موتڵەقی ، ئەگەر لێرەش پێناسەی هەرێم بكرێ یەعنی حەقێكی قانونیت داوە بە پێناسەكەی یەكەم كە گشتگیرترە ، بەلاَم ئەو ڕەئییەی كە من وتم ڕەئی حكومەت بوو كە مشاوەرەمان لە گەڵیان كرد ، ئەوان بەپێی قانون ، بەپێی ئیتیفاق لەگەڵ بەغدا ، پارەی هەر بیرە نەوتێكی ناوچەی كوردستانی ئەگەر بفرۆشرێ داهاتەكەی بۆ عیراقە ....

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە ، ئەم ئیشكالاتە ناتوانرێ بەو شێوەیە موعالەجە بكرێ كە لە بەڕێوەبردنی داهاتەكانی نەوت و گاز لە ماددەی (٨)م ئەو كاتە باس لە داهاتەكانی سەندووقەكە ئەكرێ ، لەوێدا ئاماژەیەك بەو داهاتانە بدرێ كە لە نەوت و گازی كوردستان دەست هەرێمی كوردستان ئەكەوێ كە ئەوەش بڕواتە ناو سەندووقەكەوە ، ناتوانرێ وا موعالەجە بكرێ؟

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە یاساكە ئێمە ئەگەر بە وردی دیقەتی بدەینێ لە هەموو شوێنێك كە باسی داهات كراوە نووسرایە كۆی داهاتەكانی نەوتی هەرێم ، كۆی شایستە داهاتەكانی نەوتی هەرێم ئەگەر ئێمە ئەو ئیشكالە بكەین دەبێ

هەموو ئەو داهاتانەی هەرێم و وشەی هەرێم لەوێ لابەین ، بڵێین کۆی داهاتەکانی کوردستان ، کۆی شایستە داهاتەکان بەو شێوەیە حەل بکەین یان ئەوەتە بەو بۆچوونەی بەڕێزت دەیڵێی هەرێمەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە ، بەلأم لەو برگەیەدا وەك ئەگەرێك بۆ ئایندە کە ئەو داهاتە نەوتیانە چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ ، ئەوانەی دەکەونە دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە پێناسەکەی ئێستا وەکو خۆی بمێنێتەوە ، بەلأم لە سەرچاوەکانی داهاتا ئاماژە بەوە بدرێ دوایی کە دەچینە سەر ئەو ماددەیە ئاماژە بەوە بدرێ ئەو داهاتانەشی کە لە بلۆکە نەوتییەکانی کوردستانی عیراق دەتوانین ئاوا ناوی بنێین دێتە هەرێمی کوردستان ، یەعنی جێبکرێتەوە ، واتە هەرێمی کوردستان و بلۆکە نەوتییەکانی کوردستان عیراقیش بگرێتەوە ئەو کاتە ، بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان لەگەڵ ئەو پێشنیارە ڕات چییە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. ئاشتی هەورامی / وەزیری سامانە سروشتییەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم یاسای ژمارە (٥) هاوکاریمان دەکات ، چونکە لەوێ دەسەلأتمان داوە بە هەرێم ، ئەو مافانەی کە هەیە عیراق وەریگرتووە مەسەلەن لە داهاتی موازەنەی (٢٠١٤) مەسەلەن بۆمان هەیە هەرچی ئیجرائات کە پێمان دەکرێ تەنفیزی بکەین بۆ ئەوەی تەعویزاتی خۆمان بکەینەوە .......

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز دکتۆر ئاشتی قسەکە لەسەر ئەوەیە کە ئەو داهاتانەی ئەوکاتەی دێت بڕواتە سەندووقەکەوە ، ئەو داهاتانەی کە بەپێی ئەو ئیجرائاتانەی ئەیکەین بێتە سەندووقەوە.....

**بەڕێز د. ئاشتی هەورامی / وەزیری سامانە سروشتییەکان:**

هەرچی داهاتی نەوت بێ ئایا موستەحەق بێ ، موستەحەقە کە بوو بەداهات ئەبێ بچێتە سەندووقەکەوە ، ئەگەر لە مەناتقی موتەنازیع وەری بگرین یان لە بەغدا وەری بگرین یان هی خۆمان بێ.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، کاك صالح قسەیەکت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە با ئەوەندە باس لەو ناوچە کوردستانیانە لە دەستوور نەکەین وەکو لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان لەسەرەتاوە ئاماژەم پێدا نەچینە ناو ئەو تەفسیلأتەوە ، لە هەر جێگەیەك پێویستی بە هەرێم کرد ناوی

کوردستان بهێنرێ ، هەم هەرێم دەگرێتەوە هەم دەرەوەی هەرێمیش بە مروری زەمەن بۆخۆی ئەیگرێتەوەو پێویست ناکا ئەوەندە بچیتە ناو تەفسیلاتەوە هەر کوردستان بەکاربێنین.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، کاك انور قادر فەرموو.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر پڕۆژە یاسای کە هەبوو وشەی کوردستان _عیراق واتە باشووری کوردستانی تێدا دیاری کرا بۆ نموونە لە یاسایی زمانە فەرمییەکان هیچ کێشە نەبوو ، پێموایە هیچ کێشەیەکی قانونی نییە بۆ نموونە ماددەی (٥٦) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەشی دووەمی دەڵێ (پەرلەمان دەسەڵاتی هەیە بڕیاردان لەسەر ڕێکەوتنەکان و یەکلایی کردنەوەی کێشە چارە نوسسازەکانی گەلی کوردستانی عیراق) بۆیە پێموایە کێشەی قانونی نییە ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك انور لە پێناسەکانا لە عینوانی یاساکانا ڕاستە گۆڕیمانەوە وا ئەو یاسایەش وا گۆڕیمان ، بەلام پێموانییە ئەگەر بەهەڵەیا نەچووبێتم لە هیچ کاتێکدا پێناسەی هەرێمان کردبێتە کوردستانی عیراق ، پێموانییە لەو پەرلەمانە بۆ هیچ پێناسەیەکی هەرێمی کوردستان وتبێتمان هەرێمی کوردستانی عێراق ، ئەگەر هەڵەم لەمە ڕاستم بکەنەوە ، بەلام ڕاستە یاسای زمانە فەرمییەکان وتمان یاسای زمانە فەرمییەکانی کوردستانی عیراق ، بەلام لە پێناسەی هەرێما من وا تەسەوڕناکەم پێناسەی هەرێمان گۆڕیبێ ، بەڵێ فەرموو کاك انور.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مەبەستم ئەوە نەبوو هەرێم بەم وشەیە بگۆڕدرێ ، مەبەستم ئەوەیە پەرلەمانی کوردستان دەتوانێ بڕیار لەسەر چارەنووسی ئەو شوێنانەش بدا کە لەدەرەوەنە (ناوچە دابڕێنراوەکان).

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە ئەبێ بە بڕیار بێ لە پەرلەمانی کوردستان پەسەندبکرێ ، ئەیخەینە دەنگەوە ، ئێستا دوو پێشنیار هەیە ، پێشنیارێکیان ئەوەیە هەرێم لێرە پێناسەکەی وەکو خۆی بمێنێتەوە بڵێین هەرێم هەرێمی کوردستانی عیراقە ، بەلام ئەوەی پەیوەندیدارە بە داهاتەکانی ناوچە کوردستانییەکانی تر ئەوە لە چوارچێوەی یاساکە جێی بکەینەوە هەر کاتێك هەرێمی کوردستان توانی داهاتی تر لە بلۆکەکانی کوردستانی عیراق دابین بکات و بێتە سەندووقەکەوە ، واتە ئێستا پێناسەکە وەکو خۆی بێ وەکو ئیستسنا دوای ئەو داهاتانەش بێتە چوارچێوەی سەندووقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازیەکان ، ڕایەکی تریش هەیە کە لێرە پێناسەی هەرێم بگۆڕین بڵێین هەرێم:کوردستانی عیراق ، ئەم دوو پێشنیارە هەیە ئەیخەینە

**دەنگەوە ئەندامانی پەرلەمان یەکلای بکەنەوە ، ئێستا خۆ ناکرێت تا بەیانی هەر موناقەشە لەسەر ئەمە بکەین ، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە پێناسەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە ، بەلاَم دوایی چارەسەری داهاتی بلۆکە نەوتییەکانی تر بکەین ، پێناسەی هەرێمی کوردستان وەکو ئەوەی کە لە یاساکە هاتووە وەکو خۆی بمێنێتەوە کێ لەگەڵیەتی؟ (٦٠) کەس لەگەڵیەتی ، کێ دژیەتی؟ (١) کەس دژیەتی کەواتە پەسەندکرا ، تکایە بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە.**

**بەڕێز د. ڤالاَ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی یەکەم:**

**بڕگەی یەکەم/ مەبەستی ئەم یاسایە لەم دەستەواژەو زاراوانەی خوارەوە، ماناکانی بەرامبەریانە:**

**١- هەرێم/ هەرێمی کوردستان – عێراق.**

**٢- پەرلەمان/ پەرلەمانی کوردستان – عێراق.**

**٣- ئەنجومەنی وەزیران/ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.**

**٤- وەزارەت/ وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم.**

**٥- یاسای نەوت و گاز/ یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٧,**

**٦- ئەنجومەن/ ئەنجومەنی هەرێمیی کاروباری نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان - عێراق، کە بەپێی ماددەی چوارەمی یاسای نەوت و گاز پێکهێنراوە.**

**٧- سەندووق/ سەندووقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان لە هەرێمدا کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دامەزراوە.**

**٨- دەستە/ دەستەی بەڕێوەبردنی سەندووقی داهاتەکانی نەوت و گاز لە هەرێمدا.**

**بڕگەی دووەم: پێناسەکانی هاتوو لەبڕگەیەی یەکەمدا لە یاسای نەوت و گازی ژمارە (٢٢)ساڵی ٢٠٠٧ کە پەیوەستە بەم یاساییە بەرکار دەبێت، ئەگەر ناکۆك نەبێت لەگەڵ حوکمەکانیدا.**

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا کێی لەگەڵیدایە بەو شێوەی کە خوێندرایەوە، تکایە بادەستی بڵند بکات؟، کاك فایەق ئەزانم تۆ پێشنیارێکت کرد کە پێناسەی هەموو ئەو یاسایە بکرێت، یاسای شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان، ئەوە یەکجار هاتووە بۆیە ناکرێت. باشە فەرموو.**

**بەڕێز فائق مصطفی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: ئەوە دووجار هاتووە، بەڵام تەواوی بڕگەی ماددەکەی گرتووە، هەر لەخوار خۆیەوەیەتی، دووەم: لە پێناسەی هەشتەمدا سندوقی داهاتەکان هەروەك خۆی خوێندرایەوە، ئەگەر دوایی ڕاست بکرێتەوە لە صیاغەکەدا باشە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێناسەی ئەوە ئەکەن یان نا؟ ئەوە ئاساییە پێناسە بکرێت، بەس چۆن پێناسەی ئەکەن، ئەتوانین ناوی بنێین یاسای شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان، باشە ئێستا کێ لەگەڵ دەقی ماددەکەیە بەو شێوەی کە خوێندرایەوە؟ ٦٥ کەسی لەگەڵدایە؟، کێی لەگەڵدا نییە؟ دوو کەسی لەگەڵدا نییە؟ کەواتە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا؟ بۆ ماددەی دووەم فەرموون.

**بەڕیز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

## بەشی دووەم

## چوارچێوەی پیادەکردنی یاسا

ماددەی دووەم: حوکمەکانی ئەم یاسایە پیادە دەکرێن لەسەر:

**یەکەم**: داهاتی دارایی دەستکەوتوو بەگوێرەی حوکمەکانی یاسای نەوت و گازو یاسای دیاریکردن و وەرگرتنی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق لە داهاتە ئیتیحادییەکان ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٣) ی پەیوەست بە نەوت و گازو بەروبوومەکانی و بەپێی ئەوەی لە ماددەی حەوتەمی ئەم یاسایەدا هاتووە.

**دووەم**: داهاتی دارایی هاتوو لە حکومەتی ئیتیحادی کە راستەوخۆ پەیوەستە بە نەوت و گازو بەروبوومەکانی جگە لە پشکی هەرێم لە بودجەی گشتی ئیتیحادیدا.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئەتواندرێت ئەو ئەشکالەی لەماددەی دووەم هەبوو، لەم ماددەیە موعالەجە بکرێت، باشە کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟، کاك فخرالدین فەرمووو.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە ناوی خۆیان تۆمار کردووە بۆ گفتوگۆ(گەشە دارا، ڕێواز فائق، قادر ئۆتمان، صالح فەقێ، فرحان جوهر، ابوبکر هەڵەدنی، عمر عینایەت، علی حەمە صالح، شێرکۆ حەمە امین) سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو گەشە، فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە، کە دەڵێت داهاتی دارایی دەستکەوتوو، پێم باشە (ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بۆ زیاد بکرێت)، چونکە ڕاستەوخۆ ئەوەیە کە بەشێوەیەکی نەقدی ئەو پارەیە وەردەگرێت و داهاتە، بەڵام ڕەنگە شەریکات هەبێت هەرێم بکاتە شەریك لەگەڵ خۆیدا، سەهمی بداتێ، پشکی بداتێ، بۆیە ئەوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەبێت، وە لە شێوەی ماددی یان عەینی بێت، واتە داهاتی دارایی دەستکەوتوو ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لەشێوەی ماددی یان عەینی، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك فرحان جوهەر، فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددەی دووەم بڕگەی دووەم: داهاتی دارایی هاتوو لە حکومەتی ئیتیحادی کە راستەوخۆ پەیوەستە بە نەوت و گازو بەروبوومەکانی جگە لە پشکی هەرێم لە بودجەی گشتی ئیتیحادیدا. هەموو ئەوانەی بۆ ئێمە دێن لە پشکی ئیتیحادی، هەموو بەربوومی نەفت و گازە، لە بودجەی هەرێمدا، ئەی وەزارەتی دارایی دەوری چیتە؟، تەنها باجی ئاوو کارەباو ئەوانە خڕ ئەکاتەوە، هەموو ئەو داهاتەی لە حکومەتی ئیتیحادی دێت داهاتەکانی نەوت و گازە، هیچ داهاتێکی تر نییە لە عێراق، هەمووتان دەزانن لە ٩٥٪ پشت بە نەفت و گاز دەبەسترێت، بۆیە پێم وایە ئەم دووەم خاڵە زیادە، هەر لەخاڵی یەکەم موعالەجەی کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ابوبکر هەڵەدنی، فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله( هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەم: منیش پشتگیری ڕەئیەکەی کاك فرحان دەکەم، خاڵی دووەمیشم تێبینیەکی زمانەوانییە، وشەی بەروبووم پێم وایە بۆ بابەتی کشتوکاڵی بەکاردێت، بۆیە بیکەین بە بەرهەمە نەوتیەکان یان تێکەڵەکانیان، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە سوپاس، کاك عومەر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری قسەکانی کاك فرحان دەکەم، دووەمیش داهاتی دارایی ئەو دەستکەوتووە، پێویست ناکات، پشتگیری لەقسەکانی کاك ابوبکریش دەکەم، بەرووبووم بکرێت بە بەرهەمە نەوتیەکان، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆرە ڕێواز، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من پرسیارێکم هەیە، داوا لەبەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان دەکەم کە وەڵامم بداتەوە، جگە لەوەی کە بەگوێرەی داهاتەکان، بەگوێرەی یاسای نەوت وگاز و شایستە داراییەکان، ئێمە شتێکمان هەیە، دوای ئەوەی کە قازانجی نەوت دابەش ئەکرێت، لەباوترین شێوە ئەوەیە کە لە ٨٥٪ بۆ حکومەتەو لە ١٥٪ بۆ گشت گرێبەستەکانە، شتێك بەناوی لە ٣٪ ئەچێت بۆ کۆمپانیای نیشتمانیی کوردستان، ئەو کۆمپانیای نیشتمانیی کوردستانە بە تەحدیدی چیە؟، چونکە لە یاسای ژمارە(٢٢) شتی وا باس نەکراوە، ئەوەنەی زانیاریمان هەبێت حکومەت ئەو پارەیە وەر ئەگرێت، لەم ڕاپۆرتی مانگانەیەدا کە ئێمە جار جار دەگات بە دەستمان، جار جار ئاماژەی بۆ ئەکرێت، ئەمەوێت بزانم ئێمە ئەم پارەیە چۆن بخەینە ناو سندوقەکەوە، ئالیەتی یاسایی چییە؟، تا ئێستا کە وەرگیراوە بە چ ئالیەتێك وەرگیراوە؟، بۆ ئەوەی شتێك لەپارەی نەوت نەمێنێت لەدەرەوەی ئەم سندوقە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك علی حەمە صالح، فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من چەند پێشنیارێکم هەیە؟، سەرەتا پشتیوانی بۆچوونەکەی گەشە خان دەکەم، ئەوەی کە دەڵێت پەیوەست بەنەوت و گاز بکرێت بە ( پەیوەست بە پڕۆسەکانی نەوت و گاز) واتە پرۆسەکە فراوانترە، گشتگیر ترە لە خودی نەوت وگازەکە، بۆ نموونە: عەقدێك ئەو پارانەی لە چوارچێوەی عەقدێك دەست دەکەوێت، ئەمە پرۆسەی نەوت وگازە، خودی نەوت وگازەکە نیە، ئەمە لەهەردوو بڕگەکەدا دووبارە بووەتەوە، ئەوەی دکتۆرە ڕێواز باسی کرد، یەك کەم بە وردتر، بۆ نموونە: کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوەو بەرهەم هێنانی نەوت، لە( ٢٠٪)ی قازانجی کۆمپانیاکان بۆ کۆمپانیای کوردستانە بۆ دۆزینەوەو بەرهەمهێنانی نەوت، بەدیوێکی تردا، ئەگەر لەهەر بەرمیل نەوتێکدا( ٧ )دۆلار قازانج بکات، ئەبێت لە (٢٠٪)ی ئەم (٧) دۆلار قازانجە بدات بە کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوەو بەرهەمهێنانی نەوت، ئەمە واتا قازانجی کۆمپانیاکەیە، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر بنووسرێت پرۆسەکانی نەوت و گاز هەموو ئەمانە ئەگرێتەوە، خاڵێکی تر، ئایا لەدەرەوەی بودجەی عێراق ئەوەی دیاری ئەکرێت هیچ پارەیەك بۆ ئێمە دێت یان نا؟، هەرچەندە لەم قۆناغەدا نایەت، بوترێت ئیستیحقاقاتی کۆمپانیا نەوتیەکانە، ئەویش هەر لەناو بودجەدا جێگیر کراوە، لەدەرەوەی بودجە جێگیر نەکراوە، بۆمان بێت یان نا؟، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەمە قانونە ڕەنگە ساڵێکی تر یان دووساڵی تر زیادەی داهاتی نەوت بێت یان هەر بابەتێکی تر بێت، بۆیە تەئکید لەوە دەکەمەوە بکرێتە پرۆسەکانی نەوت و گاز، داهاتی هاتووش بکرێت بە داهاتی وەدەست هاتوو، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك قادر ئۆتمان، فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی گەشەخان و کاك ابوبکر هەڵەدنی دەکەم، هەرچەندە بەڕەئی من پێم وایە ئەم ماددەیە ماددەیەکی واقعی نییە، لەگەڵ واقعی هەرێمی کوردستان، ڕاستە حوکمەکانی یاسای نەوت وگاز و یاسای شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستانە، بەڵام تاکو ئێستا هەرێمی کوردستان، لەگەڵ بەغدا یەکلایی نەبووەتەوە، یەعنی بەپێی ئەم یاسایە بێت دەبێت هەرچی قەرزی دەرەکی و بەخشین و کۆمەك و داهاتی نەوت وگازی هەرێمی کوردستان و لەهی بەغدا هەموویان تەمویلی بودجەی گشتی بکەن، ئەمە لەکاتێکدا کە ئێستا ئاگادارین سەرچاوەکانی دارایی بۆ هەرێمی کوردستان ڕوون و ئاشکرایە، بۆیە من ئەو ماددەیە بە

ماددەیەکی واقعی لەگەڵ هەرێمی کوردستان نابینم لەبەر ئەوەی نەمانتوانیوە یەکلایی ببینەوە لەگەڵ بەغداد، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر شێرکۆ حەمە امین، فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی قسەکانم کران لەلایەن گەشە خان و دکتۆرە ڕێواز و کاك علی حەمە صالح، پشتگیری تەواوی بۆچوونەکانیان دەکەم، وە پشتگیری کاك عومەر و کاك ابوبکر هەڵەدنی دەکەم لەوەی وشەی بەروبووم بگۆڕدرێت بە بەرهەمەکان، وەك کاك علی وتی ئەوی تریش بکرێت بە پرۆسە، یەك نوقتەش زۆر گرنگە کە بیڵێین پێویستە بەر لەم سندوقە، بەڕای من بەپێی یاسایی ژمارە(٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٧یش کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوەی نەوت و بەرهەمهێنانی نەوت دروست بکرێت، پێم وابێت ئەوە زۆر گرنگە، ئەگەر ئەمرۆ ئەمە پەسەند بکەین لەزووترین کات ئەتوانم بڵێم لە هەفتەی ئایندە ئەو پرۆژەیە، ئەگەر حکومەت خۆی ئامادەی بکات بینێرێت وئیشی لەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك صالح فەقێ، فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: من تێبینیم لەسەر بەروبوومەکان هەبوو کە لەچەند ماددەیەکی تریشدا باسکراوە، بۆ ئەوەی هەمووجار دووبارەی نەکەینەوە، ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان پێیان باش بوو، لەسەرجەم ماددەکانی تر ئەو بەروبوومانە بکرێتە بەرهەمەکان، دووەم: خاڵی یەکەم داهاتی دارایی دەستکەوتوو، دەستکەوتوو تاڕادەیەك لەڕووی زمانەوانییەوە بۆ ڕابردوو ئەگەڕێتەوە، ئەگەر ئەوە صیاغەیەکی تری بۆ بکرێت، گونجاوترە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا ڕای حکومەت چییە؟، لەسەر ڕەئی ئەندامان، فەرموو کاك ڕێباز.

**بەڕێز ڕێباز محمد حملان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەوەی کە باسکرا، لەسەر پشکی هەرێمی کوردستان، ئەگەر نەوتیش بێت ئـەوە پشـکی هـەرێمی کوردستانە، هیچ ڕەتبێکی بەو مەسەلەیەوە نییە، ئەوە لە بودجەدا دانراوە ناکرێت بخرێتە ئەم سندوقەوە، بەنیسبەت ئەوەشی کە بۆ پارێزگاکانە پێی ئەوترێت پترۆ دۆلار، ئەوە تەبیعی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەم سندوقە، ئەو پارەی لەوەوە دەست دەکـەوێت دەچـێتەوە ئـەو سـندوقە، بەنیسـبەت خـاڵێکی تـریش کـە ئێمـە لەگـەڵ بەغداد ڕێك بکەوین، کە ڕۆژانە (٢٥٠) هەزاریان بدەینێ، لەدوای ئەوە هەر بڕێك بفرۆشرێت ئەچێتەوە ناو ئەم سندوقە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر ئاشتی.

**بەڕێز د. ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتییەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەگەر هەر موستەڵەح بێت هیچ کێشەمان نییە لەسـەر ئـەوە، بـۆ ڕوونکردنـەوە مـاددەی (٨) هەرچـی داهاتە باس کراوە لەوێدا، موشتەقاتی نەوت بێت یـان هـەرداهاتێکی تـر کـە لـە عێراقـدا هـەبێت، هـەمووی باسکراوە، شەریکەی کوردستانیش باسکراوە، داهاتەکەشی دێتە ناو ئەو سندوقەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە سوپاس، دکتۆر عزت صابر، فەرموو.

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسـبەت مـاددەی دووەم: بڕگـەی یەکـەم، داهـاتی دارایـی دەسـتکەوتوو بکرێـت بـە (بەدەسـت هـاتوو)، لەڕاستیدا ئەو پارەی کە بۆ کوردستان دێت، ئەوەی بەغداد، هـەمووی پـارەی نـەوت نییـە، بەغـداد بـاجیش کۆدەکاتەوە، ئینجا ئەو لە (١٧٪)یە ئەدات بەکوردستان، بۆیە ئەو پارەی کـە لـە بەغـداوە دێـت تـەنها پـارەی نەوت نییە، هەر لەناو بودجەی عێراقدا بەشێکی تریش کە ئەدرێت بە هەرێمی کوردسـتان تـا ئێسـتا وەکـو پێویست نەدراوە، موستەحەقاتی شەریکاتی نەوتی کـە لـە (١٧٪)ی بودجـەی سـیادی حساب ئـەکرێت، لـەناو ئەو پارەیە نییە کە دەماندرێتێ، هەندێجاریش پارەی پترۆ دۆلاریش، لەبەر ئەوە ئەو پـارەی لەبەغـداد دێـت هەمووی پارەی نەوت نییە، هەر بەنیسبەت ماددەی یەکەم: خاڵی دووەم، تەواو ڕاسـتە بەروبوومـەکان بکـەین بە بەرهەمەکان، پێش وشەی نەوتیش پرۆسەی بۆ دابنـێین، ئـەوە گشـتگیر تـر ئـەبێت، کەواتـە پەیوەسـت بـە

پرۆسەی نەوت و گازو بەرهەمەکانی، بەپێی ئەوەی لەماددەی (٧)ی ئەم یاسایە هاتووە، سەبارەت بە دووەمیش: تەواو دەقیقە ئەگەر وشەی ڕاستەو خۆ و ناڕاستەوخۆی بۆ زیاد بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك گۆران ئازاد، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەك لیژنەی یاسایی و لیژنە پەیوەندیدارەکان، ئیتیفاقمان کرد کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بۆ زیاد بکەین، بەڵام سەبارەت بە ماددی و عەینییەکە، ئەگەر بچێتە سەر ماددەی (٨) گەشەخان لەویّ سەیری بکات بە نەص هاتووە، بۆیە پێویست ناکات، ئەو تێبینیەی کاك ابوبکر و کاك فرحان دەقیقە، بەڵام کاك ڕێباز جوابی دایەوە، کە ئەم سندوقە لەدوای ئەو بڕە پارەی لە فرۆشتنی نەوت و لە ١٧٪ بەدەستی دێنین ئەوە وەزیری مالیە لێی مەعنیە، لەدوای ئەوە ئەم پارەیە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لێی بەرپرسیارە، ئەم نەسەش، ئەگەر هەڵە نەبم بۆ ئەوە دانراوە تا ئەو حەقەی وەزارەتی مالیە بپارێزرێت، بۆ ئەوەی ئەم سندوقە هەموو ئەو پارانەی تریش کە پەیوەستە بە پرۆسەی نەوتەوە، بەڵام لەبەرامبەر لە ١٧٪ی هەرێم دەدرێت وەری نەگرێت، ئەو وشەی کە وترا پرۆسەی نەوتی ئەوەش ئاساییە، بەرهەمیش هەر ئاساییە و حەل دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر شێرکۆ جەودت، فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو داهاتەی کە لەبەغداوە دێت، ئێمە ئەم دەستەی سندوقی نەوت و گازە بۆ دادەمەزرێنین، دواتر لە بڕگەکانی تری یاساکەدا هەیە، سێ ئەرکی سەرەکی هەیە، ( تەدقیق، دڵنیا کردنەوە، تەوسیق) لەگەڵ ئیداراتی عائیداتی نەوت و گاز، ئێمە ئەگەر (٢٥٠) هەزار بەرمیلەکەی کە بەپێی ئیتیفاقێکی کاتی بەپێی بودجەی ساڵی ٢٠١٥ ی عێراق، قەراری لەسەر دراوە، خازیع نەبێت بۆ ڕەقابەو تەدقیق و بۆ ئەم سیستمی سندوقی نەوت و گازە، بەڕاستی کەوابێت ئێمە چیمان کردووە؟، بۆیە دەبێت بڵێین داهاتی ئیتیحادی، ئێستا بەغدا وا مامەڵەمان لەگەڵ دەکات، چەندی نەوت بدەینێ ئەوەندە پارەمان دەداتێ، لەبەر ئەوە ئەبێت ئەو داهاتە خازیع بێت بۆ ئەم سندوقە، ئەم سندوقە دەوری خەزێنە ئەبینێت، دەوری

کۆکردنەوە ئەبینێت، لەهەر کاتێکدا دارایی گشتی پێویستی پێی بوو، پەرلەمان موافەقە ئەکات بۆ ئەوەی ئەو گوژمەیە بچێتە سەر دارایی گشتی، لەبەر ئەوە تەعاروز ناکات، ئەگەر بڵێین دارایی گشتی هەرێمی کوردستان لەڕوانگەی فرۆشتنی نەوتیەوە بە بەغداد یان ئەوەی کە دەیدات بە سۆمۆ، بۆ ئەوەی خازیع بێت بۆ ڕەقابەی ئەم دەستەیە، کە بەپێی مەعایری دەولی ئەکرێت و ئەیەوێت هەموولایەکمان دڵنیا بکاتەوە، ئەوە هیچ زەرەرێك نادات لە داهاتی وەزارەتی دارایی، بۆیە دەبێت داهاتی (٢٥٠)هەزارە و دوو ڕۆژی تر بە پێی خشتەی وەزارەتی پلاندانان کە لەلامانە، ئیحتیمالە بگاتە ملیۆنێك بەرمیل لە ڕۆژێکدا، ئەی باشە ئەوە دواتر چۆن حسابی لەگەڵدا دەکرێت، لەبەر ئەوە هەموو داهاتی فرۆشتنی نەوت وگاز ئایا بە بەغداد بێت یان بەهەر لایەکی تر بێت، پێویستە بێتە ناو ئەم سندوقەوە، لەڕێگای ئەم سندوقەوە دواتر لەگەڵ وەزارەتی داراییدا کاری پێ بکرێت و کەلێنەکانی پێ پڕبکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك فەرهاد نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرهاد حەمە صالح سەنگاوی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە زۆر دڵمان خۆشە بەم سندوقە، کە بۆ کۆمەڵێك شتی تر تەرخان بکرێت، کاك ڕێباز ئەڵێت هەر کاتێك وەزارەتی دارایی پێویستی پێی بوو، ئەو کاتە ئێمە چی ئەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە چوارچێوەی میزانیەدا یاسای موازەنە، پەرلەمانی کوردستان دەنگ ئەدات کە چی لەم سەندووقە دەربهێنرێت یان نا؟

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح :**

لە هەموو حاڵەتەکاندا، ئێمە ئیشمان ئەوەیە کە پارە کۆ کەینەوە بۆ کۆمەڵێك مەسەلەی زۆر موهیم کە هەمووومان خەمی لێ ئەخۆین ئێستا نەکو جارێکی تر ئەچێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە ماددەیەکی تر دوایی ئەتوانین قسەی لە سەر بکەین، لە چۆنیەتی مامەلە کردنی، دکتۆرە ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێواز فایق :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەست ئەکەم تێکەڵیەك هەیە، یەعنی لە قسە کردنی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان و لە تێگەیشتنیش، یەعنی ئەگەر بە تەحدیدی یەکەم داهاتی دارایی وە دەست هاتوو بە گوێرەی حوکمەکانی یاسای نەوت و گاز ئەوە یەك، و یاسای دیاری کردن و وەرگرتنی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق لە داهاتە

ئیتیحادییەکان ژمارە پێنجی (٥) ساڵی (٢٠١٣) ی پەیوەست بە نەوت و گاز و بەرهەمەکانی، ئەمە هەموو یەك بەشە، چونکە لە ناو یاسای شایستە داراییەکاندا هەرێمی کوردستان جگە لە موستەحەقاتی مەجالی نەوت موستەحەقاتی تریشی هەیە، لە بەر ئەوە مەسەلەی زیاد کردنی پروسە نەوتییەکان بۆ ناو ئەمە لە راستیدا زیادەیە، شتێکی تر و بە پێی ئەوەی لە ماددەی حەوتەم هاتووە، ماددەی حەوتەم ئیشەکانی ئەم سەندووقەیە، ئەبێ بوترێ بە پێێ ئەوەی کە لە ماددەی هەشتەمدا هاتووە ئەتوانین بەو شکلەی لێبکەین پێشنیارەکەم بە پێی، یەعنی داهاتی هەموو پرۆسە نەوتییەکان، بە پێی ئەوەی لە ماددەی هەشتەمدا هاتووە نەك پرۆسە نەوتییەکان بخرێتە پێش پەیوەست، چونکە ئەوە هەموو پەیوەندی بە یاسای شایستە داراییەکانەوە هەیە، لە بەر ئەوەی یاسای شایستە داراییەکان جگە لە داهاتی نەوت، یەعنی موستەحەقاتی نەوت ئێمە موستەحەقاتی ترمان هەیە، ئەبێ فاریزەی لە بەینی دا بێ ئینجا لە داهاتی پروسە نەوتییەکان وەك ئەوەی کە لە ماددەی هەشتەمی ئەم یاسایەدا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز کاك سۆران عمر فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەکانی دکتۆرە رێواز ئەکەم، ماددەی دووەم، یەکەمی کە دەڵێت ئەم ماددەیە پەیوەست ئەکات بەوەی لە ماددەی حەوتەم هاتووە، ماددەی هەشتەمە ئەوەی کە هاتووە وردەکاری داهاتی دارایی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی هەشتەمە، بەڵێ، تەبعەن ئیعتیرازێك هەیە لە سەرتان ئەو دوو لیژنە پەیوەندیدارە کە لیژنەی پێشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکانی ناو لیژنەی داراییە کە ئێوە راپۆرتان حازر کردووە و ئیستاش خۆتان جار بە جار رەخنە لە راپۆرتی خۆیان ئەگرن، لیژنەی یاسایی هەر پێیاچووتەوە، باشە، کێشە نییە، ئێستاش ئەتوانین قابیلی موعالیجەیە ئەو کێشانەی کە لە یاساکەدا هاتووە و لە پرۆژە یاساکەدا هاتووە چارەسەر بکرێن، لە پێناسەکاندا باسی ئەوەمان کرد کە لە ماددەکانی تردا چارەسەری ئەو داهاتانەش بکرێت کە لە ناوچە کوردستانییەکان بە دەست دێت، لە هەرێمی کوردستان بە دەستی دێنێ، ئەوە چۆن موعالەجە ئەکرێ لە چوارچێوەی ئەم ماددەیە؟ بەرێز دکتۆر ئاشتی هەورامی فەرموو.

**بەڕێز د. ئاشتی هەورامی / وەزیری سامانە سروشتییەکان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێکمان هەیە بۆ ماددەی دووەم بڕگەی یەکەم، لە کۆتایی ئەوە کە بڵێین یان لە هەر پرۆسەیەکی نەوتی و گازی کە ئەنجومەن بڕیاری لە سەر ئەدات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

که ئەنجومەن؟

**بەڕێز د. ئاشتی هەورامی / وەزیری سامانە سروشتییەکان :**

بڕیاری لە سەر ئەدات، ئەنجومەنی نەوت و گاز، مەسەلەن ئەو وەزارەت دەڵێت بەیانی بڕۆ لە عەین زالە ئیش بکە، ئێمە نامانەوێ ئیشارەتی پێبکەین لە ناحیەی قانونیەوە لێرە، بەڵام بڕیارێکی سیاسی دەرئەچێ ئەڵێ ناوچە دابڕاوەکان ئەو شوێنانەی ئیدارەی نەوت بکەین خۆمان، ئینجا ئەمە ئەگرێتەوە بە بێ ئەوەی ئیشارەتی قانونی بکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گوێیان لێت نییە بەڕێز دکتۆر ئاشتی هەورامی، تکایە نێزیك بکەرەوە لە مایکەکە.

**بەڕێز د. ئاشتی هەورامی / وەزیری سامانە سروشتییەکان :**

بەڵێ، ببوورن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بیخوێنێتەوە جارێکی تر.

**بەڕێز د. ئاشتی هەورامی / وەزیری سامانە سروشتییەکان :**

کۆتایی ئەو بڕگەی یەکەم کە بڵێین و یان لە هەر پروسەیەکی نەوتی و گازی کە ئەنجومەن بڕیاری لە سەر ئەدات، کە باسی هات ئەکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

واتە بڕگەی یەکەم لە ماددەی دووەم ئەو عیبارەتە زیاد بکرێت، ئەو دەستەواژەیە زیاد بکرێت، بینێرە بۆ لیژنە پەیوەندیدارەکان بەڕێز دکتۆر ئاشتی، فەرموو دوا سیاغە بخوینەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، کێ ئەیخوینێتەوە؟ (رووی دەمی لە لیژنەی یاسایی کرد).

**بەڕێز د. ڤالا فرید :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی دووەم چوارچێوەی پیادە کردنی یاسا، ماددەی دووەم، حوکمەکانی ئەم یاسایە پیادە دەکرێن لە سەر : یەکەم داهاتی دارایی بە دەست هاتووی راستەخۆ و ناراستەخۆ بە گوێرەی حوکمەکانی یاسای نەوت و گاز و یاسای دیاری کردن و وەرگرتنی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، لە داهاتە ئیتیحادییەکان ژمارە پێنجی (٥) ی ساڵی (٢٠١٣) ی پەیوەست بە نەوت و گاز و بەرهەمەکانی و بە پێی ئەوەی لە ماددەی هەشتەمی ئەم یاسایەدا هاتووە و هەر پروسەیەکی نەوتی و گازی کە ئەنجومەن بڕیاری لە سەر بدات، دووەم، داهاتی دارایی هاتوو لە حکومەتی ئیتیحادی کە راستەخۆ پەیوەستە بە نەوت و گاز و بەرهەمەکانی جگە لە پشکی هەرێم لە بودجەی گشتی ئیتیحادی دا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

کێ له گەڵیەتی؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، (٦٠) کەس لە گەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ (سێ) کەس دژیەتی، کەواتە پەسەند کرا، ماددەی سێیەم فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید :**

بەشی سێیەم پێك هێنانی سەندووقی داهاتەکانی نەوت و گاز لە هەرێم دا دەستەی بەڕێوەبردنی، ماددەی سێیەم دوو را هەیە، یەکەم زۆرینەی ئەندامان دە (١٠) کەس لە کۆی هەژدە (١٨) کەس لە گەڵ ئەم رایەن، پاڵپشت بە حوکمی ماددەی پانزدە لە یاسای نەوت و گازەی ژمارەی بیست و دوو (٢٢) ی ساڵی (٢٠٠٧) سەندووقێك بە ناوی سەندووقی داهاتەکانی نەوت و گاز لە هەرێم دا دادەمەزرێت و کەسایەتی مەعنەوەی و سەربەخۆیی دارایی و کارگێری هەیە و لە رووی رێکخستنەوە سەر بە ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و گاز دەبێت، رای دووەم بەشێك لە ئەندامان حەوت (٧) کەس لە کۆی هەژدە (١٨) کەس لە گەڵ ئەم رایە بوویە پاڵپشت بە حوکمی ماددەی پانزدە (١٥) لە یاسای نەوت و گازی ژمارەی بیست و دوو (٢٢) ی ساڵی (٢٠٠٧) سەندووقێك بە ناوی سەندووقی داهاتەکانی نەوت و گاز لە هەرێم دا دادەمەزرێت و کەسایەتی مەعنەوی و راستەخۆی دارایی و کارگێری هەیە و لە رووی رێکخستنەوە سەر بە ئەنجومەنی وەزیران دەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە ناوی سندوقەکانە، ئەوە چاك ئەکرێتەوە دواتر لە سیاغە، کێ قسەی هەیە لە سەر ئەم ماددەیە؟ نوقتەی نیزامیت هەیە کاك رابون؟ فەرموو.

**بەڕێز رابون توفیق :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بەر ئەوەی ئەو بابەتە خاڵی خیلافە لە نێوان فراکسیۆنەکانی پەرلەمان، ئەگەر فورسەتێك بدەی پێنج فراکسیۆنەکە بۆ ئەوەی ئیتیفاقێکی سەر بکەین، ئینجا موناقەشەی بکەینەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

بەڕێز کاك سۆران عمر نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە چەند مانگە ئەو دوو رایە هەر درێژەی هەیە، ئەمرۆش لە گەڵ بەڕێزانی پەیوەندیدار لە وەزیرە بەڕێزەکان هەر نەگەیشتینە نەتیجە، بۆیە بڕیار درا لێرە حەسم بکرێت و نازانم ئەو فورسەتە هیچ سوودێکی دەبێت کە بەڕێز مامۆستا رابون پێشنیاری دەکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

با گفتوگۆکان بکرێت دواتر ئەگەر زانیمان پێویستمان بەوەیە کە کات وەربگرین، کات وەرئەگرین هەر دانیشتنەکە ئەخەینە سبەینێ، نوقتەی نیزامی؟ دکتۆرە شرین حوسنی فەرموو.

**بەرێز د. شرین حسنی :**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز دبێژم ئەگەر ناڤبەینا فراکسیۆنا گەهشتبنە ئیتیفاقەکێ ئەگەر ب دەنگدان بێتە حەسم کرن باشترە گفتوگۆ ل سەر بێتە کرن، چونکی ئەگەر گفتوگۆ ل سەر هاتە کرن چ مەعنا بۆ روینشتنا فراکسیۆنا، نوێنەرێت فراکسیۆنا دگەل جەنابێ وەزیران نامینیت، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

باشە، سوپاس، بەرێز دکتۆرە ڤالا فەرموو.

**بەرێز د. ڤالا فرید :**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو دوو رایەی کە لێرە هاتووە لە ناو لیژنەکاندا بە دەنگدان حەسم بووە، و ئەوەی کە حوکم دەکاتن لە جەلسات هەمان حوکمە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ لە ناو لیژنەکاندا، هەر خۆی رای یەکەم دەڵێ بە زۆرینەی ئەندامان کە دە (١٠) کەسن لە کۆی هەژدە (١٨) کەس ئەم رایە پەسەند کراوە، ئەوەی کە بە دوو را هاتووە لە ناو راپۆرتەکەدا هەڵەکە لەوەدایە دەبوو بە یەك را بێ، چونکە لە ناو لیژنەکە لە کاتی کۆبوونەوە بە پێی نیزامی داخلی ئەو بابەتە حەسم کراوە نەدەبوو بە دوو را لە ناو راپۆرتەکە دابرێژرێ ئەوەیان هەڵەیە کە نەدەبوو بکرایە لە رووی یاساییەوە.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

باشە، سوپاس، بەرێز دکتۆر شێرکۆ جودت فەرموو.

**بەرێز د. شێرکۆ جودت :**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ژمارەی کە ئەڵێ دە (١٠) کەس و ئەوەندە کەس ئەوە لە هەر سێ لیژنەکە کە کۆبوونەوەی تەشاوری کراوە نەك کۆبوونەوەی بڕیاردان، بۆیە ئەم سەوتانە کاتێك کە وترا بە ئەوەندە دوو رایەکە و ئیتیفاقمان کرد لە سەر ئەوەی کە بە دوو رەئی بێت بۆ ئەوەی ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان ئەوان لە هوڵی پەرلەمان یەك لای بکەنەوە، ئەم صەوتانە صەوتی تەسویتی قەراردان نییە، ئەمە هی حوزورە، هی تەشاورە، نەك ئەوەی کە لە کۆبوونەی سێ لیژنەکەدا بڕیاری لە سەر درابێ کە ئەمە بردوویەتی و ئەمەی نەی بردووە.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

نە ئەمە بۆ ژمارەی صەوتەکان بنووسرێت مادەم یا ئەبو بە تەسویت یەك لا بکرێت ئەم رایانە.

**بەرێز د. شێرکۆ جودت :**

به ئاماده بوونی لیژنەی یاساییش کرا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

بەڵێ، بەڕێز دکتۆرە ڤاڵا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمن لە ئامادە کردنی ئەو ڕاپۆرتە ئامادە نەبوومە هەر وەکو دیاریشە لە کاتی ئاراستە کردنیدا کە ئاراستە کراوە لە لایەن جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی، بەڵام ئەوەی کە هاتووە لێرە بڕگەی یەکەم دەڵێت زۆرینەی ئەندامان دە (١٠) کەس لە کۆی هەژدە (١٨) کەس لە گەڵ ئەم ڕایە بوویە، واتە باس لە دەنگ دەکات، باس لەوە ناکات کە ڕایەکە ڕایەکی ئیستیشاری بێت یان دەنگدانەکە دەنگدانێکی ئیستیشاری بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

باشە، سوپاس، بەڕێز دکتۆر فرست فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کۆبوونەوەی با بڵێین ڕاوێژکاری ڕاپۆرت ئامادە ناکرێت ئەوەی تاوتوی کردنیان، ئەمە مادەم ڕاپۆرتی تێدا ئامادە کراوە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆش ئەگەر سەیری پەیڕەوی ناوخۆ بکەن لەوێ کە لیژنە دوو لیژنە یان سێ لیژنە بەیەکەوە کۆ دەبنەوە وەکو یەك لیژنە کۆ دەبنەوە، جا بە سەرپەرشتی جێگری سەرۆکی پەرلەمان یان ئەگەر ئەو لەوێ نەبێ بە تەمەن ترین ئەندام وەکو یەك لیژنە کۆ دەبنەوە، کە تەصویتیش دەکرێ وەکو یەك لیژنە تەصویت دەکرێ و سەیری ماددەی سی و نۆش (٣٩) بکەن لەوەێ زۆرینە بڕیارەکان حەسم دەکات مانای وایە لێرە کە دوو ڕا نووسراوە بڕیارەکە بە زۆرینە خۆی حەسم بووە، بۆیە پشتگیری دکتۆرە ڤاڵا دەکەم، یەعنی ئەو دوو ڕایە کە لێرە نووسراوە لێرە زیادە و ئەگەر کۆبوونەوەکەشتان پێتان وا بوو کۆبوونەوەیەکی ڕاوێژکاریە ئەصلەن ئەو ڕاپۆرتە دەبێت پرسیاری لە سەر دابنێ کە نووسیتانە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

باشە، سوپاس، کاك گۆران ئازاد فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم دوو نوقتەیە خیلاف بوو، لە یەکەم کۆبوونەوە کە لە گەڵ حکومەت ئێمە یەکەم جار کە هەر سێ لیژنە کۆبووینەوە دواتر دوو، سێ جاری تر کۆبووینەوە و ئاخیر جار ئەم ڕایە باشم لە بیرە من قسەم کرد لە ناو ئەو کۆبوونەوەیە کەوا ئەم خیلافە یان ئەبێ لیژنەکان، یەعنی وتیان بە دوو ڕەئی دەچیت، وتمان لیژنە ئەبێ دەنگدان بکات لە سەر ئەم لیژنەیە و پرسەکە بە دەنگدان یەك لا بکەنەوە ...

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسە لەسەر ئەوەکرا باشە دەنگدانیش بکەین، بەلاّم ڕەئییەکان هەر دەنووسین، بەلاّم ئەوکاتە باسی عەدەدی ژمارەکان دەکەین، کە ئەم عەدەدە لەگەڵ ئەوەیە، ئەم عەدەدە لەگەڵ ئەوەیە، لە خوولی پێشووی پەرلەمانی کوردستانیش ئیحترامان بە لەبەرچاوگرتنی ڕەئی ئەوانەی زۆرجار لە لیژنەکان کەمینە بوون، ڕەئیەکەیان دەنووسرا بۆئەوەی لەبەرچاوی ئەندامانی پەرلەمان تەنها بۆئەوە ڕوون بێ، کەوا زۆرینەیان لەگەڵ ئەم ڕەئیەیە، بەشێکی کەم لەناو لیژنەکان لەگەڵ ئەوەیە، بەلاّم ئەوە ڕێگری لە ئەندامانی پەرلەمان ناکەن، ئەگەر خۆیان قسەی لەسەر بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بەکورتی قسەکانتان لەسەر ئەو بابەتە بکەن، وابزانم ڕوونیش کرایەوە ئێستا، د. سراج فەرمووو.

**بەڕێز د. سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها ئەو پرسیارە دەکەم لەو کەسانەی کە پسپۆڕن لەو بوارە، ئایا دەکرێت لە نووسینەوەی ڕاپۆرت دوو ڕای جیاواز لە ڕاپۆرتدا بنووسرێتن، بەدەنگدانیش بێت، ئایا دەکرێت ئەوە لە پەیڕەوی ناوخۆ ڕێی پێدراوە یاخود ڕێی پێ نەدراوە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک ڤەمان فەرمووو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قاعیدە عامە یا هەی (الجهل بالقانون لا یعتژر) ئەوە یەك، کە ماددەی سی و نەهـ بڕگە چار دەڵێت بڕیارەکانی لیژنەکان بە زۆرینە دەردەکرێن لە کۆبوونەوەی ئەو رۆژەش بە زۆرینە دەنگی لە سەر درا دەبوایە ئەم خەلەلە لە ناو ئەو راپۆرتە نەدەبوو، دەبوایە بە یەك را بێتن، رایەکی تریش دەڵێت لە رووی خستنەوە سەر بە ئەنجومەنی هەرێمی بێتن، پێم وایە ڕێکخستن وشەیەکی ناقصە، ئیدارییەکی باشترە، بۆچی؟ چونکە ئیدارە یەعنی تەنزیم، تەنسیق، موراقبە دەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ڕەنگە ئەسڵەن پێویستی بەم موناقەشە دوورو درێژە لەسەر ئەوە نەکات، تکایە ناکرێت هەر کەسەو لەشوێنی خۆی قسە بکات، تەنانەت منیش پێم وابوو ئەگەر بە دوو ڕایە ژمارەی دەنگەکان نەنووسرێت بوترایە هەر سێ لیژنەکە لەگەڵ ئەوەن، بەلاّم تەنانەت ئەگەر بەزۆرینەش ئەو بابەتە لەناو لیژنەکانیش یەك لابکرایەتەوە، ئێستا ئەندامانی پەرلەمان دەیانتوانی پێشنیار بکەن،

لەبەرئەوەی هیچ کێشەو گرفتێك لێرەدا نییە، بۆ بەرچاو ڕوونی زیاتر دوو ڕا هەیە، پێویست دەکات فراکسیۆنەکان بگەنە ئیتیفاق، نەگەیشتنە ئیتیفاقی دەنگدان لەناو هۆڵی پەرلەمان ئم پرسە یەك لابکرێتەوە، بۆیە زۆر پێویست ناکات پێم وابێت ئەوەندە زۆر لەسەر ئەو مەوزوعە بڕۆین، تکایە ئەگەر لەسەر ئەوەیە با کۆتایی بەوە بێ، کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تۆ قسەکەی ئێمەت کرد ئەگەر لابرا ئەوە هیچ کێشەیەکی نییە، پێشنیار دەکەین بنووسرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەمان ڕەئییە جەنابێتە هەی، بەڕاستی تەحسیل حاسڵە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا مەڕوان فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل حسین (مەڕوان گەلاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانت تەفسیل دانە، قەناعەتم ڕەنگە بە یەك ڕەئیش بێ، پەرلەمانتاران بۆیان نییە ڕەئییەکە ڕەفز بکەنەوە، ڕەئییەکی تر تەبەنی بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك انور فەرموو.

**بەڕێز انور قادر :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی دکتۆر شێرکۆ جودت وتی لەجێی خۆیەتی، لەوێ ئەو ڕەئیانە وتیان لە هۆڵی پەرلەمان پەرلەمانتاران ڕوونی بکەینەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله (هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان ڕەئی ئەگەر بە یەك ڕەئیش بێ لە گفتوگۆیە لەناو پەرلەمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل عزیز شكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر لەناو لیژنەكەش بەزۆرینەی دەنگ با بڵێین ئەو بڕگەیە هاتووە، خۆ لەناو پەرلەمان دەكرێت ئەگەر ئەو لیژنەیەش دیسان بخرێتە دەنگەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتوو منیرە فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەمان پێشنیارم هەبوو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كۆی ڕاپۆرتەكە (٣٢) ئەندامن (٧)ی لەوێ نەبووە، (٢٥)ی واژووی كردووە (١٢) ی تەحەفوزی هەیە، (١٣)ی ماوەتەوە، بۆیە هەڵگری ئیشكالیەت بووە زۆر حاڵەتێكی تەبیعیە، كە ئێمە بە تەحەفوزەوە گفتوگۆی لەسەر بكەین ئەوەش یەكێكی لە خاڵە سەرەكیەكانی خیلافی ئەم پرۆژەیە بووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ابوكاروان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابوكاروان) :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەو ڕایەم ناكرێت لە هۆڵی پەرلەمان دەربچێت، بەتایبەتی لەوەش خراپتر ئەوەیە هەم دیسان بڕۆن بچن بڵێن (٥) فۆڵیەكە دادەنیشن ئەمە یەك لا دەكەینەوە، ئەو (٥) فۆڵیە بووەتە گرفت بۆ كاروباری پەرلەمان و دەرەوەی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ناوانە گفتوگۆی ئەو ماددەیە دەکەن، ڕێواز فائق، تەلار لطیف، مریم صمد، قادر وەتمان، فرست صۆفی، عباس غزالی، علی هالۆ، امنە زکری، مەڕوان گەلالی، ابوبکر هەڵەدنی، بیار گاهر، ئومێد حەمە علی، بەهزاد دەرویش، سۆران عمر، شێرکۆ حەمە امین، یروانیت نیسان، سرود سلیم، حاجی کاروان، ڤەمان فیصل، ئومێد خۆشناو، شوان شێخ احمد، عادل عزیز، قارەمان قادر، ابوکاروان، علی حەمە صالح، پەروا علی، منیرە عثمان، برزۆ مجید.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان تکایە زۆر بەکورتی بیروبۆچوونەکانی خۆتان بڵێن، قسەی ئەندامانی پێش خۆتان دووبارە مەکەنەوە، چونکە دەیبڕین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەمەوێت تەوزیحێك بدەم لەسەر ناوەڕۆکی پرۆژەکە، کە پەیوەستە بەم ماددەیەشەوە، ئەم پرۆژەیە پرۆژەی نیشتیمانە و، بۆ من یەعنی پەسەندکردنی ئەم پرۆژەیە ئیشەلاً موژدەبەخشە بۆئەوەی پرۆژەکانی تری کە پرۆژەی نیشتمانن بە ئاسانی تێپەڕ ببن لەو پەرلەمانە، لێرە دەمەوێ قسە لەسەر ئەوە بکەم لە چ جومگەیەکدا ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی هەیە؟ لە چ جومگەیەکدا ئەنجومەنی هەرێمی دەسەڵاتی هەیە؟ بۆئەوەی وازح ببێ ئەگەر سەر بە ئەنجومەنی هەرێمی بێ چۆنە؟ ئەگەر سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێ چۆنە؟ لەکۆی یاساکە، لە ناوەرۆکی یاساکە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری کۆتایی دەدات لەسەر ناردنی کاندیدەکانی دەستەکە؟ ئەنجومەنی هەرێمی تەنها پێشنیار دەکات، ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە کەسانی بیانی بۆ شارەزایی و ڕاوێژ بە گرێبەست دابنێ، ئەنجومەنی هەرێمی تەنها پێشنیار دەکات، لە ئەرکەکانی دەستە تۆمارکردن و دۆکیومێنت کردنی سەرجەم بابەتەکان دوای بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دەنێرن بۆ پەرلەمان بۆ پەسەندکردن، ئەنجومەنی هەرێمی تەنها پێشنیار دەکات، ساڵانە ئاشکرا کردنی گشت داهاتەکان و وردبینی کردنیان لەلایەن کۆمپانیای جیهانی ژمێریاری بە راپۆرت دەدرێتە ئەنجومەنی وەزیران، حیساباتی سەندووقەکە ئەنجومەنی وەزیران بانك بۆ کردنەوەی حیسابات و سپاردنی گشت داهاتەکانی نەوت هەڵدەبژێرێت و بڕیاری لەسەر دەدات، دەرکردنی ڕێنمایی پێویست بۆ جووڵاندن و سپاردنی بڕەکان لەنێوان ژمێرەکانی سەر بە سەندووقدا لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسەند دەکرێت، کردنەوەی ژمێرەی تایبەت لە بانکە ئەهلیەکان تەنها بۆ مەبەستی ئیستسمار لە دەسەڵاتی تەنها ئەنجومەنی وەزیرانە، ئەنجومەنی وەزیران بڕیار دەدات لە دابەشکردنی داهاتەکان بەسەر سێکتەرەکاندا و دەیانێرێت بۆ پەرلەمان لە چوارچێوەی بودجەدا بۆ پەسەندکردن، ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە پەیڕەوێك بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەو یاسایە دەربکات، ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی ئەوەی هەیە بە هەماهەنگی و ڕاوێژ لەگەڵ ئەنجومەنی هەرێمی کە پەیڕەوێك بۆ کاری هەیکەلی کارگێڕی ئەم سندووقە دەربکات، دەستە بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەو

یاسایە پاش پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەربکات، واتە ئەوەی جومگە گرینگەکانی کاری ئەم موئەسەسەیە لەلای ئەنجومەنی وەزیرانە، ئەنجومەنی هەرێمی تەنها دەسەڵاتی پێشنیارکردنی هەیە، بۆیە نووسیومانە لەڕووی تەنزیمییەوە کەواتە بە تەنها لەڕووی ئیدارییەوە ئەنجومەنی هەرێمی دەسەڵاتی بەسەر ئەو سەندووقە هەیە، هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی تری نییە، هەرچەندە من خۆم یەکێك بووم لەو حەوت کەسەی کە دەنگم داوە بۆئەوەی سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بێ، بەڵام وەکو ئەمانەتێکی ئەخلاقی بۆ هاوڕێکانم لە فراکسیۆنی خۆمان و لە پەرلەمانتارانی فراکسیۆنەکانی تریش ویستم ئەو ڕوون کردنەوەیە بدەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. فرست فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەعنی ئەوەی کە دەیڵێم لە ڕوانگەیەکی قانونییە، دوورە لەوەی کە پەیوەست بێ کە ڕای کامە فراکسیۆن چۆنە یان چۆن نییە، بەڵام ئێمە پێش ئەوەی ئەنجومەنی هەرێمیمان هەبێ، کۆمەڵێك ئەنجومەن و کۆمەڵێك دەستەی تری باڵامان هەیە لە ناو ئەنجومەنی وەزیران کە هەر یەکە موتەخەسیسیە بە ئیشێك، ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنانمان هەیە، ئەنجومەنی ئابووریمان هەیە، کاتێك کە شتێك پەیوەستە بەو ئەنجومەنە بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشەکان، بۆ خێرایی کاراکردنی ئیشەکان ئەو ئەنجومەنە ئیش دەکات، چونکە لەوانەیە وەزیرێك وەزیری پەروەردە یان وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی خۆی حەزنەکات بێ لە بواری تەخەسوسێکی تر کە پەیوەستە بە نەوت یان پەیوەستە بە وەبەرهێنان کارنەکات، بۆیە بە تێڕوانینی من وەکو ئەوەی دکتۆرە ڕێوازیش باسی کرد ئەنجومەنی وەزیران بەشی ئەوە دەسەڵاتی هەیە لەسەر ئەوەی پەیوەستە بە سیاسەتی نەوت و گاز و لە هەرێمی کوردستان، کە ئێمە ترسی ئەوەمان نەبێ ئەنجومەنی هەرێمی با بڵێین بتوانێت سەیتەرە بکاتە سەر دۆخەکە ئەوە یەك، دوو ئەنجومەنی هەرێمی لە کێ پێك دێت؟ یەعنی ئەنجومەنێکی فراوان لە ڕەئیسی وزرا، جێگری ڕەئیسی وزرا، وەزیری مالیە، وەزیری تەختیت، وەزیری سامانە سروشتییەکان، کە لە هیچ زروفێك ناگونجێ پێکهاتەی ئەو ئەنجومەنە لەلایەنێك یان دوو لایەنیش کۆببێتەوە، بۆیە بە تەسەوری من بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی ئیشەکان و، لەڕووی تەخەسوسیشەوە، بەپێی ئەوە پرەنسیپانەی کە پێشتر ئەنجومەنی وەزیران کاری لەسەر کردووە لە سێکتەرەکانی تری زراعەو سیاحەو ئەوانە کە هەریەکەو کاری خۆی دەکات، وا گونجاوترە کە سەر بە ئەنجومەنی هەرێمی بێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا مەڕوان فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل حسین (مەڕوان گەلاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

به تەسەوری من کە ڕەئی دووەم هەڵدەبژێرم، لەبەرئەوەی فراوانترە و، لەڕووی ئەوەی کە لە ئەنجومەنی وەزیران وەزیرەکان هەموو وردەکاری ئەو سەندووقە، ئەو داهاتە موتەلیع دەبن، لەبەرئەوە قەناعەتم وایە ڕەئی دووەمیان بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك یروانیت فەرموو.

**بەڕێز یروانت نیسان مارکۆسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب رەئیا من یا ئێکێ، چونکی بۆچی هەر ئەڤ پەرلەمانە باوەری دایە ڤێ حکومەتێ و ئەگەر ئەڤ حکومەتە و ئەڤ پێنج کەسە بێت ناڤدا هەر ڤی پەرلەمانی باوەری ب وان نین یێن ڤان پرۆسا رێڤە دبەن بۆچی بیدایەتێ باوەری دایێ؟ جارەکا دی دگەل رەئیا ئێکێ مە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله هەڵەدنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەرئەوەی ئەم پرسە پرسێکی نیشتمانیە و، پرسێکی هەستیاریشە، سیاسەتی نەوتی هەرێم پەیوەندیدارە بە سەرجەم جومگەکانی حوکمڕانیەوە بۆیە من پێم باشە لەڕووی ئیداریەوە سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێت، لەسەر هەمان بابەت کاتی خۆشی لە هەمموارکردنەوەی یاسای خوێندنی بالاّ هەمان ئەو پرسە دروست بوو، زۆرێك لە بەڕێزان ڕایان وابوو ئەگەر سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێ، ئەم پرسە زیاتر هەم دڵنیایی دەدات، هەم تێروتەسەلتر دەبێ، بۆیە من لەگەڵ ڕای دووەم دام.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم دوو خاڵەی کە لە نوقتەی نیزامی دا هاتە گفتوگۆکردن، وابزانم گفتوگرکرا (١٠٠٪) لەگەڵ ڕەئی برای بەڕێزم دکتۆر فرستم، تەخەسوسی لەوانەیە چاکتریش ئیش و کارەکان ڕابگرێت، لەگەڵ خاڵێ یەکەمم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو تەلار فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ڕای دووەمم، لەبەرئەوەی ڕاستە لەوانەیە لەڕووی ئیختساسیەوە بڵێین وەزیرەکان پەیوەندیدار نەبن بەو پرسەوە، بەڵام لەڕووی ڕێکخستنەوەی دارایی هەرێمی کوردستانەوە هەموو وەزیرێك لە ئەنجومەنی وەزیران پەیوەندیدارە، مافی خۆیەتی گفتوگۆ لەسەر ئەو خاڵانە بکات، بۆیە پێویستە ئەو پەیوەندیە بەڕاستی ئەم لایەنە پەیوەندیدارە بە ڕێکخستنەوە، بە شەفاف بوونی دارایی لە هەرێمی کوردستاندا، بۆیە زۆر گرینگە چۆن لە هەموو جومگەکاندا پەیوەندیدارە بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە، لە هەمان کاتدا لەڕووی ڕێکخستنیشەوە سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز ب تەمامی پشتگیریا ئاخفتنێت دکتۆرە ڕێوازی دکەم، چونکی چەندین ماددە پرۆژە یاسای دا یێ هاتین کو بڕیارا دویماهیێ و پرانیا دەسەڵاتا بۆ ئەنجومەنی وەزیران ڤەدگەریت و هەروەسا پشتەڤانیا ئاخفتنێت دکتۆر فرستی دکەم، ژبەر هندێ کو ئەڤە کارەکێ بسپۆریە ئێدی پێویست ناکات هەمی وەزیر تێدا بەشدار بن، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خالا ئێکێ ئەز بێژم داهاتا هەرێمێ کوردستانێ بەپێی راپۆرتا وەزارەتا دارایی (٨٨) هەتا (٩٠٪) گرێدایە داهاتێ نەوت و غازا، لەبەر هەندێ ئەز دەبینم هەموو وەزارەت پێویستە ئاگادار بن کاڤێ سەندووقێ چەند پارە تێدایە، بشێن پلانا خۆیی وەزارەتەکا بۆ ئاینده دابنێ، پتر شەفافیەتیش بەرقەرا بێ ئەوە خاڵەك، دوو: ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و غاز لە دیف یاسایە نەوت و غازا لە دیف یاسایێ ئاشکرایە یەعنی کاری وان پتر دیاربێ، ئەم مەسەلەکە داراییە، مەسەلەکە سەندووقێیە پتر قەناعەتە من گرێدایە، ژ بەر هەندێ ئەز بێژم ئەنجومەنێ هەرێمی نەوت و غاز پتر گرێدا سیاسەتە بەڕێوەبردنە نەوتێ سیاسەتە پرۆسەیە، خالا سێ لە دیماهێ ئەز بێژم هەمی دەستە هاتنە دامەزراندن هەنووکە لە هەرێمێ کوردستانێ سەر ئەنجومەنێ وەزیرانێ، یەعنی چ مەبەست، چ سەبەب، چ ئەگەر ئەڤ دەستە بتەنێ دێتە گرێدان لەسەر ئەنجومەنێ هەرێمێ، ژ بەر هەندێ ئەز لەگەڵ ڕەئیە دووێمە کو سەر بە ئەنجومەنێ وەزیران بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. سروود فەرمووو.

**بەڕێز د. سروود سليم متى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆئەوەی زیاتر شەفافیەت هەبێ دەربارەی ئەم پرسە گرینگە، پشتگیری ڕای دووەم دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. شێرکۆ فەرمووو.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ڕای دووەمدام، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو امنە فەرمووو.

**بەڕێز امنە زکری سعيد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێزان پەرلەمانتاران، بەردەوام ئەم هەرێما کوردستانێ دا بانگەوازیا هندێ دکەین کو بەرەف موئەسساتا بچین، موئەسسە و دامەزراوێ کرنا هەموو دەزگەها بهێتە کرن، دەمەکێ دیتر دا ئەم بەحسێ هندێ دکەین کو هەمی تشت هند پەردا بسپۆری کرن و بەرەف ئیختیساسی کرنا بابەتا بچیتن ئەگەر مەبەستا مە ئەوە، ئەم موئەسساتی کرن و بسپۆری کرنا ڤی بابەتی بچین ئەنجومەنی هەرێمی یا تایبەتە بابەتێ نەفتنی و یا داهاتێ هەموو سیاسەتا یا نەفتێ ڤە کو وان شارەزایی یا دڤی بابەتی هەی ئەگەر مە بڤێت روتینیاتێن شولی زێدە بکەین ڤێ گاڤێ دڤێت ئەم ڤان سەر ب ئەنجومەنێ وەزیرانڤە بیتن ئەڤە دێ بەرفراوانیا وان دێ چێکەتن، ژ لایەکێ دیترڤە ئەم بەحسێ شەفافیەتێ دکەین و بەحسێ هندێ دکەین کو دەزگەهەکێ نشتیمانیی بۆ هندێ کو هەمی ئاگەهدار بن خۆ ئەڤ سەندووقە یا خازیعە، ئەو ژێر چاڤدێریا پەرلەمانێ کوردستانێ یە، یەعنی پەرلەمانێ کوردستانێ هەمە گاڤا دشێت چاڤدێریا وێ بکەت ژ ئالیێ ژمێریاریێ ڤە ژی یا خازیعە بۆ چاڤدێریا دارایی، ژبەر هندێ ئەو ترسێت کو ژ لایێ هندەك هەڤالێت مە دهێنە بەحس کرن، دێ هێتە ڤەرەڤاندن....

**بەڕێز امنە زکری سعيد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر مەبەستا من ئەوە موئەسەساتی کرن و پسپۆری کرن ڤێ بابەتی بچی ئەنجومەنی هەرێمیا تایبەت بە بابەتێ نەفتێ و داهات و هەموو سیاسەتێ یا نەفتێ ڤە کو وان شارەزایێ بابەتی هەی، ئێمە دەبێ رۆتینیات شولەزی بکەین، کو دڤێتن وان سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێتن، د بەرفراوانیێ وێ چەکەڤە، ژ لایەکی دیکە بەحسی شەفافیەتی دکەین، بەحسێ کو دکەین کو دەزگایەکی نیشتمانیا، بۆ هەندەك هەمی ئاگادار بن، خۆ ئەڤە یا خازیعە، ئەڤ سندووقە یا خازیعە، ل ژێر چاودێریێ پەرلەمانی کوردستانییە، یەعنی پەرلەمانی کوردستانی شێ چاودێریا ئەوی بکاتن، ژ ئالیەیێ ژمێریاریێ ژی خازیعە بۆ چاودێریێ دارایی، ژبەرهەندێ هەمی ئەو ترسێت کو هەی هەندێ هەڤالێت مە تێنە بەحس کرن، دهێتە بەرەڤاندن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز خاتوو مریم صمد، فەرموو.

**بەڕێز مریم صمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەستخۆشی لە د. ڕێواز دەکەم بۆ ئەو ڕوونکردنەوە، دیارە من لەگەڵ برگەی دووەمدام، بەشی دووەمدام، کە پێم باشە سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێ، چونکە پێمان وایە کارەکانی ڕوونتر و بەهێزتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك بەیار طاهر، فەرموو.

**بەڕێز بەیار طاهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس سەرۆکی پەرلەمان.

ئاخافتنێت من هاتنە کرن، ژ لایێ د. ڕێواز و د. فرست و کاك یروانت و امنە زیکری، ئەز پشتەڤانیا ڕەئیا ئەوان دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك عادل عزیز، فەرموو.

**بەڕێز عادل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاری ڕای سێیەم دەکەم، هەر هەمووومان دەزانین پرسی نەوت پرسێکی زۆر حەساسە، ئەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە هەموو جومگەکانی دەسەڵاتەوە هەیە لە هەرێمی کوردستان، ئێمە نایشارینەوە بەردەوام قەلەقین لە پرسی نەوت، لە ناشەفاف بوونی نەوت، لەبەر ئەوە من بە پێویستی دەزانم پێشنیاری سێیەم بکەم، کە ئەم ئەنجومەنە سەر بە پەرلەمانی کوردستان بێ، لەبەر ئەوەی زۆرێك لە کوتلە

سیاسییەکان، زۆرێك لەو هێزانەی کە کورسی کەمیان هێناوە لە ناو ئەنجومەنی وەزیران دا نین، وجودیان نییە، بەڵام ئەگەر سەر بە پەرلەمانی کوردستان بێ، دیارە هەموو پێکهاتەکان لە ناو پەرلەمانی کوردستان هەیە، بە موعارەزە و غەیری موعارەزەیشەوە، سبەی ڕۆژ ئێمە دەبینەوە موعارەزە، ڕەنگە نەتوانین لەو ئەنجومەنە دا بین، سبەینێ فراکسیۆنی سەوز ببێ بە موعارەزە، ڕەنگە نەتوانێ لەو ئەنجومەنە دا بێ، پارتی ئەگەر سبەینێ ببێ بە موعارەزە ڕەنگە نەتوانێ لەو ئەنجومەنەدا بێ، بۆیە پێشنیار دەکەم سەر بە پەرلەمان بێ، لەبەر ئەوەی دەسەڵات و موعارەزە لە ناو پەرلەمان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، تکایە بێ دەنگی، بەڕێز کاك أبو کاروان، فەرمووو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (أبو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، من لە هەر شوێنێك، جێگایەك ناوەندی بڕیار و گفتوگۆکردن فراوانتر بێ، لەگەڵ ئەوەدا دەبم بە دائیمی ئەوە بیکەنە میحوەر، بۆیە لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیرانم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك قارەمان قادر، فەرموو.

**بەڕێز قارەمان قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ڕای دووەمم، سەبارەت بەوەی ئەنجومەنی وەزیران، ئەگەر سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێ فراوانترە و پرسەکە شەفافتر دەبێ، بەشی زۆری لایەنەکانیش لە ئەنجومەنی وەزیرانن، یەعنی دڵنیایی زیاتری دەبێ، سەبارەت بەوەش کە لە باری ئیختیصاصاتەوە سەرجەم ئەندامانی لیژنەی باڵای نەوت و گاز ئەندامن لە ئەنجومەنی وەزیران، پشتگیری ڕەئیەکەی کاك بەهزادیش دەکەم، سەرجەم دەستەکانی تر کە لەم پەرلەمانەوە دەنگیان پێ دراوە سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بوون، بۆیە من لەگەڵ ڕای دووەمم، سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، زۆر سوپاس، کاك ڤەمان فیصل، فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێناسە کردنی ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و گاز لە ماددەی یەکەم دا، ئەوە ئیعتیرافێکی وازیحە کە ئێمە هەمووومان لەوە تێگەیشتووین کە ئەوە ئیشێکی میهەنی یە، تەخەصوصییە، دەبێ سەر بە ئەنجومەنی هەرێمی نەوت بێت ئەو سندووقە، لەبەر ئەوە ئێمە پێناسەی تایبەتمان کردووە بۆ ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان، ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم/ دەڵێ لە ڕووی ڕێکخستنەوە سەر بە

ئەنجومەنی هەرێمی بێت، لە ڕووی ڕێکخستنەوە من پێشتریش گوتم، ئێستاش دەڵێم ئیدارە وشەیەکی کامل ترە، ڕێکخستن وشەیەکی ناقصە، چونکە ئیدارە تەنسیق و تەنزیم و موراقەبە و تەعاون دەگرێتەوە، بەڵام تەنزیم دەبێتە بەشێك لە ئیدارە، کەواتە تەنزیم (نمط)ە، (إسلوب)ە، بەڵام ئیدارە کۆی ئەو ئیشانەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز کاك قادر ئۆتمان، فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە پێکهاتەی ئەنجومەنی هەرێمی دیارە، پرسیارەکەی من داوا دەکەم لە لیژنەی تایبەتمەند ڕوونکردنەوە بدات، لەسەر ئەوەی کاك ڤەمان هاوڕام لەگەڵی دا، مەبەستی لە ڕێکخستن چییە؟ چونکە ئەو دەسەڵاتانە کامانەن کە ئەگەر سەر بە ئەنجومەنی هەرێمی بێ، دیارە ئەنجومەنی هەرێمی پێکهاتەکەی دیارە، دەسەڵاتەکانیشی لە یاسای نەوت و گاز دا دیاری کراون، داڕشتنی پرەنسیپە گشتییەکانی سیاسەتی نەوت، ڕەزامەندی گرێبەستەکان، ڕێژەی بەرهەمهێنان، ئەوانە هەمووی دیارن، پێکهاتەی ئەنجومەنی وەزیرانیش دیارە، من داوا دەکەم لە لیژنەی تایبەتمەند ڕوونکردنەوە لەسەر ئەوە بدات، بەدەر لەوەی کە د. ڕێواز گوتی، ئەگەر دەسەڵاتەکان هەموویان لای ئەنجومەنی وەزیران بن، لەسەر ئەوە ڕوونکردنەوە بدرێ، مەبەست لە ڕێکخستن لێرەدا چییە؟ کامانەن ئەو دەسەڵاتانە؟ ئەگەر ئەنجومەنی هەرێمی بێ، کام دەسەڵاتانە بەرامبەر بەو سندووقە بەکار دێنێ بۆ تەحەکوم پێوە کردنی؟ ئەگەر ئەنجومەنی وەزیران بێ کامانەن دەسەڵاتەکان؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك ئومێد عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە تەواوەتی پشتگیری لە ڕەئیەکانی د.فەرسەت و بەڕێز کاك یروانت و امنە خان دەکەم، ئێمە کە باس لە ڕەهەندی نیشتیمانی بوونی بابەتێك دەکەین، بەڵام دەمانەوێت لە ناواخنی ئەو ڕەهەندی نیشتیمانی بوونە، خەریکە بە ئاراستەی موحاصەصەی حیزبی دا دەبەین، واتا مەبەستمانە یاسایەك دەربکەین ترسی ئەوەمان هەیە لەو یاسایەدا، لە پێکهاتەی یاساکەدا لە تەنفیزکردنی دا، دەمانەوێ جێی هەموو حیزبەکانی تێدا ببێتەوە، ئەوە بەحیزبی کردنی دامەزراوەیەکی ئەو وڵاتە دەبێت، دژ وەستانەوە دەبێ بۆ ئەو ڕەئیانەی کە لە ڕابردوودا زۆری لەسەر گوتراوە کە ئەوە ڕەهەندی نیشتیمانی هەیە، بەرەو بەدامەزراوەیی کردنە، سیستەماتیك کردنە، واتا ئەو بە دامەزراوەیی کردن و سیستەماتیك کردنە بەوە جێبەجێ دەبێت، ئێمە لەو سندووقە بڕوانین بەوەی کە جیهەتێکی تەنفیزییە، نە دەکرێ سەر بە پەرلەمان بێ، ئەگەریش

دەمانەوێ لەگەڵ ئەو وتەیەش ڕاست بین، کە داوای شۆڕبوونەوەی دەسەڵاتەکان دەکەین، لێرە تەراجوعمان کردووە، دەگەڕێینەوە داوای مەرکەزی دەکەینەوە، ئەنجومەنی وەزیران سەر بە ئەنجومەنی وەزیران دەبێت، ئەی باشە خێرە ئەگەر ئەو ئەنجومەنی نەوتییەمان هەیە، گەڕانەوە جارێکی تر بێت بۆ سەنتەر و بە ئەوەی کە لە سەنتەر ئەو بڕیارە بدرێ، کە ئەنجومەنی وەزیرانە کە لەوێدا ڕۆتینات زیاتر دەبێت، بۆ نموونە وەزیری پەروەردە، وەزیری ناوخۆ، وەزیری شەهیدان، چ ڕەبتێکی بەو ئەنجومەنە دەبێت؟ بەو سندووقە دەبێت؟ غەیری ئەو ئیختیصاصەی کە دروست کراوە، بە پێی یاساکەش ئیختیصاص لە زیمنی ئیشی ئەنجومەنی هەرێمی دەبێت بۆ نەوت و گاز، بۆیە پشتیوانی لە ڕەئی یەکەم دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك حاجی کاروان، فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم لەڕووی عەمەلیەوە هیچ گرفتی تیا نییە سەر بە ئەنجومەنی نەوت و غاز بێ، بەڵام لەڕووی قانونییەوە و لەڕووی سوڵتەی ئیداریەوە سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێ زۆر باشترە، سوڵتەی ئەنجومەنی باڵای نەوت و غاز سوڵتەیەکی مەحدودی دیاری کراوی هەیە، ئەو دەسەڵاتەی نییە کە وەك د.ڕێواز ئاماژەی پێدا کە جیابکرێتەوە، سوڵتەکەی دیاری کراوە، بۆیە ئەنجومەنی وەزیران بەرفراوانترە، بەڵام وەکو خاڵێك ئەوەی کە ئایا وەزیری پەروەردە یان وەزیری فلان حەقی نییە بەسەر ئەوەوە، ئێمە ناکرێ ئاوا تەحدیدی بکەین، ئێمە ئەبێ وەکو ئەنجومەنی وەزیران موئەسەسەیەکی بەرفراوانتر بەرامبەر موئەسەسەی نەوت و غاز فێر بکەین، یەعنی ئەگەر ئەنجومەنی نەوت و غاز گەورەترە لە ئەنجومەنی وەزیران ئەوا تەبیعیە سەر بە ئەنجومەنی نەوت و غاز بێ، بەڵام ئەنجومەنی وەزیران ئەوە نییە بڵێی وەزیری پەروەردە بڕیار دەدات لەسەر نەوت و غاز، نەخێر ئەمە موئەسەسەکەیە و باس لە موئەسەسەکەیە، یەعنی دڵ تەئمین تر دەبێ، پەرلەمانیش دەتوانێ جوانتر و چاکتر چاودێری بکا و ڕەبتێکی موباشری دەبێ، ئەگەر وانەبێ، ئەبێ ئەو کاتە ئێمە لەڕێی مەجلسی وزەراوە، ئەنجومەنی وەزیرانەوە بچین موتابەعەی ئەنجومەنی نەوت و گاز بکەین، بەڵام ئەگەر سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێ، ڕاستەوخۆ پەرلەمان دەتوانێ موتابەعەیەکی زۆر جدی بکات، هەر ئەوەندە لە ئەخیری دا لەڕووی ڕێکخستنەوەکەوە نەمێنێ، سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕی هەیەو سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێ، ئەشکالیەتی ئیداریەکەش نامێنێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق / (سەرۆکی پەرلەمان):**

د.شوان فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفی باوەمیر (د.شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، تا ئێستا سێکتەری نەوت سەر بە ئەنجومەنی نەوت و گاز بووە لە ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام زۆرترین ڕەخنە هەبووە و تا ئێستاش ئەو ڕەخنانە بەردەوامە، من پێموایە کە سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانیش بێ بەهەمان شێوە لەو کۆمەڵە لایەنەی کە بەشداریان لە حکومەت دا کردووە زۆر لەژێر سێبەری حەسابنەوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەوەی کە کاك عادل باسی کرد سەر بە پەرلەمان بێ وەکو زۆرێك لەو دەستانەی کە سەر بە پەرلەمانی کوردستانن و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق / (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، دیارە ئەم ماددەیە گرنگە، بەدیدی من ئەوەندە کێشەکە لە جێ بەجێ کردنی یاسایەکەیە، ئەوەندە کێشەکە لە ئەوە نییە کە سەر بە کوێیە یان سەر بە کوێ نییە، من یەك نموونەی ئەمە بە بەڵگەیەك دەهێنمەوە هیوادارم هەم وەزیری دارایی هەم وەزیری سامانە سروشتییەکان بە تەرکیزەوە وەری بگرن و بە نەزەری ئیعتیبباریش، بۆ نموونە بە پێی چ قانونێك ئەنجومەنی باڵای نەوت و گاز ئێستا سەلاحیەتی هەیە دە ملیۆن دۆلار و بیست ملیۆن دۆلار و سی ملیۆن دۆلار ڕۆژێ نووسراوی ملیۆنێك دۆلار و ڕۆژێ نووسراوی سێ ملیۆن و نیو دۆلار دەبینین و سەرفی دەکات، هەموو سەرفێك دەبێ بە قانون بێ، یاسای بۆ دەرچێ و یاسا ڕێگەی پێدات، بەڵام ئەگەر لەگەڵ دەرچوونی ئەمە جێ بەجێ بکرێ و سەر بە ئەنجومەنی نەوت و گاز بێ یان سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێ، سەلاحیەتی ئەم سەرفە نامێنێ، واتە ئەم سەرفە دەبێ بێتەوە ناو بودجە و، بۆ نموونە پێشتر قسەلەسەر دە ملیار دۆلار و ئێستا زیادی کردبێ سیانزە ملیۆن دۆلار سەرف کراوە لە ئەنجومەنی باڵای هەرێمی نەوت و غازەوە ئەمانە بە قانون سەرف نەکراوە هیچ قانونێك نییە سەلاحیەتی دابێ بۆ نموونە سێ ملیۆن و نیو دۆلار بدرێ بە کێ؟ یەعنی ملیۆنێك دۆلار بدرێ بە کێ؟ بیست ملیۆن دۆلار بدرێ بە کام زانکۆ؟ واتە ئەمە بابەتەکەیە و گرنگیەکەی ئەوەیە ئەم کێشەیەمان لەکۆڵ دەکاتەوە، خاڵێکی دیکە لە بڕگەی یەکەم دەڵێ پاڵپشت بە حوکمی ماددەی ١٥ لە یاسای نەوت و گازی ژمارە (٢٢)، مادام لێرە پاڵپشت بەمەیە کەواتە لەوەی کە سەر بە کوێ بێ دیسانەوە دەتوانین ئەم پاڵە بدەین بەو پشتەوە کە ماددەی (١٥) دەڵێ سەندووقی کوردستان بۆ داهاتەکان سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە، یەعنی لەوێ هاتووە، یەعنی ئێمە لە یاسای نەوت و غاز دا ئەمە دانراوە کە سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێ، لە یاسای نەوت وغازی ساڵی (٢٠٠٧) لە ماددەی (١٥) ئەمە هاتووە، خاڵێکی دیکە کە من پرسیارێکی ئیداریم هەیە بەڕاستی بیریشی لێ دەکەمەوە ناگەم بە نەتیجە ئەوەیە کە ئایا ئەنجومەنی باڵای نەوت و گاز تا ئێستا پەیڕەوی ناوخۆی نییە؟ ئێمە کۆمەڵێك موئەسەسەمان هەیە سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە، کۆمەڵێك موئەسەسە سەر بە ئەنجومەنی دادوەرییە و کۆمەڵێك موئەسەسە سەر بە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە، ئایا ئەنجومەنی باڵای نەوت و غاز خۆی

سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە؟ یاخود نەخێر ئەمە ئەنجومەنێکی دیسانەوە هەرچەندە من باش دەزانم سەرۆکی حکومەت کەسی یەکەمە و لەوێش کەسی یەکەمە و جێگرەکەی بەهەمان شێوە و وەزیرەکانی تریش ئەندامن لەوێ، بەڵام هەیکەلیەن و ئیداریەن هەیە یان نییە؟ لەڕووی قانونییەوە تەوزیحاتێکمان بدەنێ، بەڵام دیسانەوە تەئکید دەکەمەوە هیوادارم دەرفەتێك بدرێ بە فراکسیۆنەکان، ئیتفاقێکی لەبارەوە بکرێ، فراکسیۆن هەر جۆرێك ئیتفاق بکات و ئیلتزامی پێوە بکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق / (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من لەلایەن بەڕێز د. فرست و ئومێد و امنە خان کرا، بەڕاستی لێرەدا بەڕێزان کە باسی تەخەسوس دەکرێت، تەخەسوس دەوری خۆی دەبینێ، لێرە ئێمە بەخۆشمان لەناو پەرلەمانیش جاری وا هەیە حەساسیەیەك دروست دەکەین، ئێمە ئەگەر بیر بکەینەوە لێرە (١١) ئەندامی پەرلەمان لە پێکهاتەکان هەیە، (٤) ئەندامی پەرلەمان لە حزبەکانی تریشدا هەیە، ئەوانیش وای لێ دێت حەقە ئەو سیقەیە دروست نەکرێت، بە تەخەسوس بێتن، لەوانەیە ئەوانیش حەقی ئەوەیان هەبێت بڵێت فراوانتر بکرێن، بۆیە من پشتگیری لە قسەکانی ئەو (٣) بەڕێزەی کە ناویانم هێنا دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو پەروا فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە خاڵی دووەم دەکەم ئەوە دەستکەوتێکی گرینگە ئەگەر بتوانین ئێمە بەمشێوەیە ئەو سەندووقە دروست ببێ، لە هەمان کاتیشدا پشتگیری قسەکانی بەڕێز کاك علی حەمە صالح دەکەم، چونکە ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و غاز پەیڕەوێکی ناوخۆیی نییە، گرینگە ئەوە کاری لەسەر بکرێت، لە هەمان کاتدا بەپێی ماددەی (١٥) سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە، بۆیە پێم باشە کە سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێ و ، ئەنجومەنی وەزیران خۆی یەکێکە لەو دەسەڵاتە گرنگەیە کە بۆ زۆربەی پرسەکانی کۆمەڵ و بۆ هەموو شتەکان لەوێوە بڕیارەکان دەردەچێت، پێم سەیرە ئەگەر ئەنجومەنی وەزیران بە ناوەندێکی بڕیار و پسپۆری نەزانین، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو منیرە فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کرا، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فرحان فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە لە ماددەکەی پێشتر کە پەسەندیش کراوە، بەڕاستی بەپێی ئەو سەندووقە بێ هەر دەبێـتن ئەو سەندووقە بودجەی هەرێمی کوردستانیش حازر بکات، هەر هیچ ڕۆڵێك بۆ وەزارەتی دارایی نامێنێتەوە بەپێی ئەو یاسایەی کە ئێستا ئێمە پەسەندی دەکەین ئەو خاڵەش تێپەڕی، بەڵام سەبارەت بەو بڕگەیە ئەگەر هاتو ئەم خاڵانە ببێتە هۆی جێناکۆکی و ئەو خاڵەی ڕەئی دووەم ببێـتە دڵنیایی خەڵك زیاتر لەوەی کە پرسی شەفافیەت باشتر بێ، منیش لەگەڵ ڕەئی دووەم دام و زۆر تەبیعییە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بەرزۆ فەرموو.

**بەڕێز بەرزۆ مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە پرۆسەی نەوت جگە لەلایەنە داراییەکەی دوو لایەنی زۆر گرینگی هەیە، یەکێکیان شەفافیەتە و ئەوی تریشیان یاساییە، من نازانم پرۆژەی کۆمپانیای کوردستان بۆ دەرهێنان و دۆزینەوەی نەوت ئەوە کەی لێرە خوێندنەوەی بۆ دەکرێت و گفتوگۆی بۆ دەکرێت؟ چونکە بۆ لایەنی سیاسی و عیلاقات، زۆربەی پێکهاتە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان بەشداربن لە مامەڵە لەگەڵ پرۆسەی نەوت، عیلاقاتمان لەگەڵ دەوڵەتان ئیقلیمی و موجتەمەعی نێودەوڵەتیش دیاری دەکات، بۆیە لەوەی ئێستاشدا ئەگەر سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێ نوێنەری حزبەکان زیاترن لە ئەنجومەنی وەزیران، بۆیە لەڕووی بڕیاری سیاسی و جانبی سیاسیشەوە هەم کۆمپانیای کوردستان بۆ دەرهێنانی نەوت و دۆزینەوە، هەمیش ئەو سەندووقە دەلالەتی سیاسی زۆر گرینگیان تێدایە، ئەوەی تریشیان پەیوەندی بە شەفافیەت هەیە، بێگومان ئەگەر ئەنجومەنێك (٥) کەسی بێ و ، کابینیەکیش بیست و قسور بێ، ئەوکاتە قسەکردن لەسەر شەفافیەتی نەوتیش کەمتر دەبێتەوە، بۆیە سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێ.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو سهام فەرموو.

**بەڕێز سهام عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز دبینم دڤێ پرۆسێ دا ئەم حەکیمانە بەرێ خۆ بدەینە ئەڤی بابەتی و ئەگەر ئەم بێژین بەرەف موئەسەساتی و تەخەسوسی بیتن ئەم نەشیان بۆ زانکۆیەکێ بەرەف تەخەسوسێ ڤە بچین مە دانە سەر ئەنجومەنی وەزیرانڤە، ژبەر هندێ پێدڤی یە لێنێرینەکا باش مە پێ هەبیتن، چونکی سامانێ میلەتی یە ئاگەهیەکا باش پێدڤی یە بۆ هەبیت و خەڵك چاڤەرێ شەفافیەتێ یە دڤی بابەتێ دا و لمن وەرە ئەڤە دێ پتر یا هاریکار بیتن کو خەڵکێ مە یێ موتمەئن بیتن، ئەگەر مە متمانە دابیتە هندەك وەزیران و هندەکا نە، نەخێر مە یا دایە هەمی حکومەتێ، ژبەر هندێ ئەم چارڤەرێنە کو ئەنجومەنی وەزیران ئەو کەسایەتیە بیتن کو بوارێ رێکخستنێ دا ڤی بابەتی جێبەجێ بکەتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو مەسەلەیە یەکەم: ئەنجومەنی وەزیران فراوانترە و، بڕیاردان لەناو ئەنجومەنی وەزیراندا زیاتر خەسڵەتێکی دیموکراتیانەی تری هەیە، بۆیە ئەمەش پەیوەندی بە ئەو بەشداریە بەرفراوانیانەی هەموو هێزو لایەنە سیاسییەکانەوە هەیە بەتایبەتی ئەگەر حکومەتێکی بنکە فراوانی لەم شێوەیە هەبێ، بۆیە بە بڕوای ڕەنگە ئەو ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و غازە هەرێمیەی ئێستا هەیە، بەنیسبەت ئێمەوە نوێنەری بزووتنەوەکەی ئێمەی تێدایە، بەڵام بە بڕوای من بۆئەوەی دیموکراتیەتی زیاتر بەر قەرار بکەین لە بڕیارداندا، پێویستە ئەنجومەنی وەزیران بێ، ئەنجومەنی نەوت و گاز کە بەپێی ئەو ئەرکانەی لەم یاسایەدا بووە، بۆ دەستەی سەندووقەکە دیاریکراوە، بەشێوەیەك لە شێوەکان ڕۆڵێکی چاودێریکردن و وردەکاری کردن دەگێڕێت، بۆیە بە بڕوای من سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێ باشترە، چونکە ئەرکە بنچینەیەکەی ئەم دەستەی کە سەندووقەکە بەڕێوەی دەبات پەیوەندیدارە بە ئەنجومەنی باڵای نەوت و غازەوە، بۆیە بەبڕوای من سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێ باشترە، چونکە ئەرکە بنچینەییەکەی ئەم دەستەی کە سەندووقەکە بەڕێوەی دەبات پەیوەنداره بە ئەنجومەنی باڵای نەوت و غازەوە، جۆرێك لە چاودێری کردنی ئەوە بۆیە لەڕووی دیموکراسیەوە دیسانەوە دەڵێم چاودێری کردنی ئەم دەستەیە بۆ ئەنجومەنی نەوت و غاز ئەوەمان پێ دەڵێ کە با سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێ و بە پێی ئەوەی کە هاوڕێیانیش باسیان کرد، بە پێی ماددەی (١٥) لە یاسای نەوت و غازی هەرێم، ڕاستە بە ڕاستەوخۆیی ئەمەی نەوتووە، بەڵام زیمنیەن ئەوە هاتووە کە ئەو سەندووقە سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە، باسی تەخەسوس کرا، بە بڕوای من ئەوە باسێکە هەر نەهێندرێتە ئاراوە، چونکە ئەو ئەنجومەنەی ئێستا هەیە، جگە لە یەکێکیان هیچ کەسێکیان لە بواری نەوت و غاز دا پسپۆر نین، بۆیە ئەوە باسێکە جێگەی نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق / (سەرۆکی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس، بەڕێز د.عزت فەرموو.

**بەڕێز د.عزت صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٥) کە دەڵێ سەندووقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتیەکان دادەنرێ و کەسایەتی مەعنەوی هەیە و سەربەخۆیە و لەبواری دارایی وکارگێڕی، سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەن لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دوای پەسەند کردنی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان دادەمەزرێ، لەلایەکی ترەوە لەڕاستی دا دەتوانین ئەو دوو ڕایە لەیەك ڕادا کۆبکەینەوە، بەم شێوەیە دایدەڕێژیمەوە ودەیڵێمەوە، هەموو شتەکانی تر وەك خۆی، کەسایەتی مەعنەوی و سەبەرخۆی دارایی هەیە، لەڕووی کارگێڕیەوە سەر بە ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و گاز دەبێ و بڕیارە ستراتیجیەکانی پرۆسەی نەوت ئەنجومەنی وەزیران دەیدات، لەو ڕۆژانەدا لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای نەوت و گاز کۆبوونەوەمان کرد، پەرلەمانتارەکان زیاتر لە (٣٠) پەرلەمانتار بووین خستیانینە بەردەم مەسئولیەتی ئەوەی کە ئەوە ئێوەی پەرلەمانتارن دەبێ لەڕۆژدا بڕیار بدەن نەوت خۆمان خۆمان هەناردەی بکەین یاخود پابەند بین بە (١٧٪) ی بودجەی بەغداوە، بۆیە دەکرێ لەڕووی ئیداریەوە هەم تەخەسوس بپارێزین و سەر بە ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و گاز بێ، بڕیاری ستراتیجی پرۆسەی نەوت ئەنجومەنی وەزیران بیدات، هەردوو ئامانجەکە دەپێکێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دیارە ڕایەکان ڕوونە ئێمە وەك بەشێك لەجیاتی زۆرینەی لیژنەی یاسایی من قسە دەکەم، لەبەرئەوەی لەناو لیژنەش ڕەئی جیاوازتر هەبوو کە سەر بە کامیان بێ؟، هەردوو ڕەئی ئیجابیات و سلبیاتی خۆی هەیە و هیچیان ئەوە نییە تۆ پێتوابێ ئەگەر بەمە بێ زۆر زۆر وەزعەکە شەفاف بێ و ئەگەر سەر بەمە ئەمە زۆر مەبەستی تری لەدواوەیە، من تەنها لەڕووی قانونی و لەڕووی تەکنیکی ئەم ئیشە دەمەوێ باسی بکەم، یەکەم شت قسە زۆر لەسەر ئەوە کرا ئەم ئەنجومەنە پەیڕەوی نییە، ئەم ئەنجومەنە پارە تەخشان و پەخشان دەکات، قسە لەسەر ئەوە کرا، ئەم ئەنجومەنە چاودێری لەوانەیە لەسەر نەبێ، ئەمانە هەموو مەخاوفەکانی ئێمەن کە قسە لەسەر شەفافیەت دەکات، بەڵام با ئەم قانونە بە گشتی بخوێنینەوە، ئایا ئەم ئەنجومەنە حەرەکەی پارە وهیچ بڕیارێك دەدات بە بێ پەرلەمانی کوردستان، ئەم پرۆژەیە بیخوێنینەوە هەموو موافەقەیەك لەسەر هەموو حەرەکەیەکی پارەکە بۆ کێ سەرف بکرێ و بۆ کێ دیاری بکرێ، بڕۆنە سەر ماددەی (١١) زۆر بە وردی دیاری کراوە، لە چ سێکتەرێك ئەم سەندوقە چۆن پارەی بۆ دادەندرێ و ئەم سەندوقە چی بۆ دادەندرێ و چۆن لە بودجەدا دادەندرێ؟ کەواتە هیچ پارەیەك سەرف ناکرێ بە بێ موافەقەی پەرلەمانی کوردستان، ئەمە یەك، دوو/ خودی ئەندامانی ئەم

سەندووقە ئەنجومەنی وەزیران پێشنیاری دەکات و پەرلـەمانی کوردسـتان دەنگی لەسـەر دەدا، کەواتـە بـە وازحی هاتووە کە سەرۆکەکەی لەبەردەمی پەرلەمانی کوردستان مەسئول دەبێ، کەواتـە مـن وەك ئەنـدامی پەرلەمان دەبێ سیقەم ئەوەندە بە خۆم هەبێ بتوانم ئەم مەسئولە کە ئەگەر بەیانی ئـەو موخالفانـەی کـە مـن لێـی دەترسـم کـردی، بتـوانم بـانگی بکـەم و لێـرە موحاسـەبەی بکـەم، قسـە لەسـەر ئەوەیـە کـە ئـەم سـەندووقە پـەیڕەوێکی دەبـێ و پەیڕەوەکـە کـێ پەسـەندی دەکات خـودی ئەنجومـەنی وەزیـران پەسـەندی دەکات، ئێمە زۆر دەستەی تریشمان هەیە کە سەر بە پەرلەمانە، بەڵام بینیومانـە لەسـەر مەسـەلەی گلـەیی لەسـەر ئـەوە، دواتـر هـەموو ئـەو هێـزە سیاسـیانەی کـە لـەناو ئەنجومـەنی وەزیـران بەشـدارن، ئـەو هێـزە سیاسیانەن کـە لـە نەتیجـەدا دەکەونـە ڕێکـەوتنێکی سیاسـی، کـە گەیشـتنە ڕێکـەوتنی سیاسـی واتـە لەسـەر بەرنامەیـەکی کـاری موشـتەرەك، هاوبەشـن لـەناو ئەنجومـەنی وەزیرانـدا، ئەگـەر ئـەم هێـزە سیاسـییانە ئەوەنـدە متمانەیان بەیەك نەبێ لەناو ئەنجومەنی وەزیران دا نـاتوانێ لەمەسـەلەی کارکردنیشـدا بـەردەوام بێ، بۆیە بەڕاستی من ئیشکالەکە وەك لیژنەی یاسایی زۆر بە گەورەی نابینین، موجەرەد شتێکی تـەکنیکی فەنییـە، هـیچ فـەرقێکی نییـە و ئێمـە لـە ئـاخر سیاغەی ئـەم پرۆژەیـە پێشـنیاری ئـەوەمان کـرد کـە ئـەو حسابەی پارەکەی تێ دەچێ حسابێکی ئەسڵەن موغلەق بێ و داخـراو بـێ، کـە هـەموو ئەمانـە بـۆ پاڵپشـتی کردنی زیاتری کاری ئەم ئەنجومەنەیـە، بۆیـە ئێمـە پێمـان باشـە سـەر بـە ئەنجومـەنی هـەرێمی بـێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق / (سەرۆکی پەرلەمان):**

دڤ.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیشارەت بەوەدرا کە لە خاڵی یەکەم، لـەڕای یەکـەم و لـە ڕای دووەمـیش هـەردووکیان پشـتی بەسـتووە بـە یاسای نەوت و گازی ژمارە (٢٢) ی ساڵی (٢٠٠٧)، بـەڵام لـەڕووی یاساییەوە دوو یاسـا کـە لەیـەك مەرتەبـەی قـانونی دابـن نـابێ پشـتی پـێ ببەسـترێ، بۆیـە یاسـای ژمـارە (٢٢) ی سـاڵی (٢٠٠٧) ئەگـەر دایبێـت بـە ئەنجومەنی وەزیران مانای ئەوە نییە کـە ئـەو یاسـایە نـاتوانێ ئـەم سـەندووقە ولێ بکـات سـەر ئەنجومـەنی هەرێمی بێت، لەبەرئەوەی یاسایی ژمارە (٢٢) ساڵی (٢٠٠٧) دەسـتوور نییـە، بـەڵکو یاسـایەکی عادیـە لەگـەڵ ئەو یاسایەی کە ئێستا پەرلەمانی کوردستان پەسەندی دەکات لە یـەك مەرتەبـەی قـانونی دان، یـەك قـوەی قانونی هەیە و قاعیدەی (تگبیق القانون من حیپ الزمان) حوکمی دەکات کاتێك کە ئەو یاسـایە دەردەکـەی دەڵێی سەر بە ئەنجومەنی هەرێمی بێت و دەبێ تا ئەو دەستەیە یاخود ئەو سەندوقە سەر بـە ئەنجومـەنی هەرێمی دابێ، بە بێ ئـەوەی بڵێین تـەناقوزی هەیـە لەگـەڵ یاسـای ژمـارە (٢٢) لەبەرئـەوەی نەفسـی قـوەی قانونیان هەیە، لێرە ئیشارەت دان بە یاسای ژمارە (٢٢) لەڕووی یاساییەوە خەلەلە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق / (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەرەتا بەشی سێیەم پێکهاتەی سەندووقی داهاتەکانی نەوت و گاز لە هەرێم دا، تەعریفی سەندووقەکەمان کردووە، لەبەرئەوەی واباشترە بوترێ بەشی سێیەم پەیکەری سەندووق و داهاتەکانی، بە نیسبەت ئەوە لەگەڵ ڕەئی کاك حاجی کاروانم کە دەڵێ لەڕووی ڕێکخستنەوە هەر بوترێ سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە، دێمە سەر ئەسڵی بابەتە کە من پێموایە ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و گاز لە کوردستان نەیتوانیوە سەرکەوتوو بێ تا ئێستا ئەم قەیرانە داراییەی ئێمەی تێداین دەرئەنجامی کارەکانی ئەوانە ئەمان بوونەتە حکومەتێکی سێبەر لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە، واتە ئێستا دەرئەنجامەکەشمان بینیوە چییان کردووە؟، بۆیە باشترە هەر کەس کاری خۆی بکات، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان نەوت دەربێنێ و بیفرۆشێ و وەزارەتی دارایی وەری گرێ و ئەم ئیشە وئەم پرۆسەیە بگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی وەزیران کارەکانی خۆی بکات لەبەرئەوەی هەموو وەزارەتەکان پەیوەندارن بە کاری ئەم پرۆسەیە ناکرێ تەنها پێنج کەس ئەم بڕیارە بدات، دەرئەنجامی ئیشەکانی ئەم پێنج کەسەشمان بینی، ئەو قەیرانە داراییەی کە ئێستاکە حکومەتی هەرێمی کوردستان شەش ملیار دۆلار قەرزارە، لەبەرئەوە بە ڕەئی من ئەم ئەنجومەنە هەر بۆ خۆی زیادەیە، ئەنجومەنەکە ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و گاز هەر نەبێ باشترە، هەر وەزارەتەی کاری خۆی بکات، ئەنجومەنی وەزیرانیش سەرپەرشتی پرۆسەکانی ئەم سەندووقە بکات و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق / (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شعبان عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك ڤەمان لەسەرەتادا شتێکی گرنگی باس کرد، ئەویش مەسەلەی موستەڵەحات بوو، دەڵێ لەڕووی تەنزیمیەوە بە حوکمی ئەوەی کە من ئیختیساسم لە ئیدارەدایە، لە ئیدارەدا یەعنی تەنزیم و تەوجیە و ڕەقابە و قیادە، تەنیا لەڕووی ڕێکخستنەوە، یەعنی تەنیا لەڕووی تەنزیمیەوە ئەم دەستەیە سەر بە ئەنجومەنی هەرێمی دەبێ، یەعنی تەوجیە کردن و ڕەقابە کردن و قیادە کردنی ئەم دەستەیە، ئەم ئەنجومەنی هەرێمیە لێی مەسئول نییە، تەنیا مەسەلەی تەنزیمیەکە ئەویش کە ئیشی ڕۆتینی و ئیداری ڕۆژانەیە، دامەزراندنە هەیکەلیەتە تەنسیقی بەینی دامەزراوەکانە، یەعنی مەسائیلی ڕۆتینی ڕۆژانەیە، لەبەرئەوە دەبێ ئێمە ڕەچاوی ئەم موستەڵەحانە بکەین، پێش ئەوەی کە بڕیاری لەسە بدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق / (سەرۆکی پەرلەمان):**

خاتوو رۆزە فەرمووو.

**بەڕێز رۆزا محمود عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەم باسە پەیوەندی بە پسپۆڕی و بە حزبایەتی و ئەوانە نییە، تەنها ئەمە پەیوەندی بە ئاسایش و سەروەری وڵاتەوە هەیە، بۆیە پێویستە داهاتی نەوت و پرۆسەکانی نەوت بە گشتی هەموو لایەنەکان لە هەرێمی کوردستان دا بڕیاری لەسەر بدەن، نەك پێنج کەس، دەبێ پەیوەندی بەهەموو خەڵکی کوردستانەوە هەبێ، ڕەئی دووەم پێویستە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك د.شێرکۆ فەرمووو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من لێرە پێم خۆشە وەکو ڕەئی خۆم، چونکە مەعلومە کە لە لیژنە یەعنی دوو ڕەئی جیاواز هەبوو، بۆیە من حەز دەکەم ڕەئی خۆم بڵێم لەم مەوزوعەدا، کە ئەوە بۆچوونی خۆمە، سەبارەت بەم سەندووقە، ئەم سەندووقە هەروەکو لە یاسایەکەشدا ڕوونکراوەتەوە سێ ئەرکی سەرەکی هەیە، رەقابە، تەدقیق، تەوفیق، ئیدارەی عائیداتی نەوت، وردبینی و دڵنیا کردنەوە، مامەڵە کردن لە گەڵ داهاتی نەوت و گاز، ئەمە لەڕووی سستماتیکیەوە ناکرێ ئەو جیهەتەی کە تەنفیزیە کە ئەوەڵ و ئەخیری قتاعی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستاندا ئەو بڕیاری لەسەر دەدا، خۆی رەقیب بێ بەسەر خۆیەوە، ئەم هەیئەیە ئیستعانە دەکات بە کۆمپانیا و موئەسەساتی موختەس لە جیهاندا بۆ ئەوەی ئەو تەدقیق و رەقابەیەی لێ بکرێ، تێبینیەکە ئەوەیە نامانەوێ تووشی ئەشکالیەتی ئیدعای عام و وەزارەتی عەدل ببینەوە جارێکی تر، بە مەعنای ئەوەی کە ڕاستە نەلەرووی ڕۆتینیات زۆر فەرق دەکات و نە لەڕووی ئیختساسیەوە بڵێی والله ئیختساسەکان ئەملا موختەس ترە وەك ئەملا وەکو باسکرا، بەڵام ئایا سبەینێ کەموکورتیەك لەلایەن ئەم هەیئەیەوە گیرا، دەتوانین زەمانەتی ئەوە بکەین کە ئەو بەرپرسەی کە لەسەروو خۆیەوەتی نەقڵی ناکات بۆ شوێنێکی تر بە حوکمی ئەوەی کە پێویستیان پێیەتی، واتە ئیجرائاتی غەیر موباشر، سزادانی غەیر موباشر لە کاتێك دا ئێمە لە قۆناغی دروست کردنی متمانەداین، لە قۆناغی ئەوەداین کە ئەم دەستەیە دەبێ سەربەخۆ بێ، دەبێ بەلای کەمەوە بە تەسەوری من دەبێ بەدەر لە ئەنجومەنی باڵای نەوت وگاز بێ، ئەگەر لێم بپرسی بڵێی حاڵەتە تەبیعیەکە کە لە زۆرێك لە وڵاتانی دنیا پەیڕەو دەکرێ کامەیە؟، پێت دەڵێم ئەمە ئەوەیە کە پەرلەمانی بێ وسەر بە وەزارەتی دارایی بێ، ئەم مەوزوعە خەزانی پارەیە، پارەی تیا کۆدەکرێتەوە، دەبێ رەبت بێ بە وەزارەتی داراییەوە، ئەگەر بڵێم چۆن ئەم وەزیر بێ و وەزیری داراییش وەزیرە، ئەکرێ ئەم وەکیل وەزیری بێ، لەژێر ڕکێفی وەزارەتی دارایی دابێ، ئەمە ڕەئیەك، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ئەمە نەبوو، بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەم کە سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێ، لەبەر

مەسەلەی رەقابە، رزگاری بێ لەوەی کە کەسێك نەتوانێ هیچ جۆرە زەغتێکی لەبەرامبەر بکات، ئیحتمالێك هەبێ کە ئەو زەختەی تیا بەکاربێنێ و وەکو وتم ئێمە لە قۆناغی بنیاتنانـەوەی متمانـەین، بـێ لـەوەی کـە لـەڕووی بوعـدە یاسـاییەکەوە ڕاسـتە لـە یاسـای (٢٠٠٧) ی نـەوت و گـازی هـەرێمی کوردسـتان دا ئیشـارەتی پێکراوە، ڕاستە لێرە ئێمە دەتوانین شتێکی تر دابنێین وەکو یاسا و ئیعتمادی بکەینە سەر، بـەڵام بەدەسـتە جەمعی لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەموو لایەك بە ئاگابن لەم داهاتـە زۆر زۆر سـحی تـرە وەك لـەوەی کـە ئەو جیهەتەی کە تەنفیزییە، ئەو جێگایەی کە ئەنجومـەنی بـاڵای نـەوت وگـازە خـۆی رەقیـب بـێ بـە سـەر خۆیـەوە، خـۆی کـەموکورتی خـۆی بگـرێ، کـە بـە بـڕوای مـن ئەمـە نـاوەڕۆکی ئـەم پـرۆژە یاسـایەیە کـە سەندووقی نەوت و گازە پێی بەتاڵ دەبێتەوە ئەگەر بێتو سەر بە ئەنجومـەنی بـاڵای نـەوت و گـاز بـێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق / (سەرۆکی پەرلەمان):**

حکومەت ڕاتان چییە لەسەر ئەم بابەتە؟ د.ئاشتی فەرموو.

**بەڕێز د.ئاشتی هەورامی (وەزیری سامانە سروشتییەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان زۆر سوپاس، موناقەشەیەکی زۆر ئیجابی و تەواوە، یەعنی حوریەتی ئـەوە هەیـە کـە ڕەئـی خـۆی هەبێ بەرامبەر بە دیموکراسیەت و شەفافیەت، بەڵام من دەمەوێ باسـی فـەنی و عەمەلیەکـەی بکـەم لێـرە، ناحیەی عەمەلی یەکەم لێرە لەم دەزگایەدا و ئەم سەندووقە هیچ دەسەڵاتێکی نییە بۆ سەرف کردنی پـارە، بۆ تەرخان کردنی پارە، هەمووی دێتەوە پەرلەمان وەکو باسمان کرد، لەڕێگـەی موازەنـەوە وەزارەتـی مالیـە وەری دەگرێ و دەچێتە خەرج کردن لەڕێگای پەرلەمانەوە، کەواتە شـتەکە ئەوەنـدە گـەورە نییـە، ناحیـەی عەمەلی ئەوەندە گـەورە نییـە کـە دەسـەڵاتەکە موهیمـە یـان مـوهیم نییـە؟ مـوهیم شـەفافیەتەکە دروسـت کـەین، شـتەکە میهەنییـە، نیشـتمانییە کـە ئیشـارەتی پێـدرا، مـن حـەز دەکـەم تـا بکـرێ دوور بـێ لـە حزبایەتیەوە، چونکە بەس ئەمە نییە، حزبێ دەسەڵات وەربگرێ و حزبێکـی تـر فـراوانتر ئەنـدامی هـەبێ، ئەمە بۆ ئـەوەی ئیشـەکە بـڕواو شـەفافیەتی تیـابێ و بـۆ بەرژەوەنـدی گشـتی، بـەڵام ئـەوەی کەموهیمـە بـۆ هەمووومان بڕیاری ستراتیجی باسکرا، ئەم سەندووقە بڕیاری ستراتیجی نادات، هیچ بڕیارێکی بەدەست نییە، فەقەت تەقاریر حازر دەکات و دەیـدات بـە ئەنجومـەنی وەزیـران و بـە ئەنجومـەنی بـاڵای نـەوت و غـاز لـە پەرلـەمان، بۆیـە عمومـەن ئاگـادار نـین لـە داهاتەکـە، بـەڵام بـا بێیننـە سـەر شـتێکی عەمـەلی، ئەنجومـەنی وەزیران یاوەکو ئەنجومەنی هەرێمی بۆ نەوت و غاز، ئەگەر ئەو وەزیرە بەڕێزە کە سەرپەرشتی ئـەم ئیشـە دەکـات، ئیشـەکەی چـییە؟ داهـات کۆدەکاتـەوە، داهاتەکـە لـە کـوێ، لـە پرۆسـەی نـەوت وغـاز دەیـدات، موشکیلەیەك هەیـە لەگـەڵ عەقـدی فرۆشـتنی نـەوت لـە جیهـان، لەگـەڵ کـێ قسـە دەکات، لەگـەڵ وەزیـری تەربیە، لەگەڵ وەزیری تەعلیمی عالی؟ عەمەلی نییە، ئەبێ بڕوات لەگەڵ وەزیری موختەس کە ئەو ئیشەی کـردووە، زیـاتر لـەوەش لەگـەڵ ئـەو ئەنجومەنـە، چـونکە ئـەو دەسـەڵاتەکەی داوە و عەقدەکـەی پەسـەند

کـردووە، ڕەئیسـی وزەرایـە، جێگریـەتی، هـەمووی ئاگـادارن لـە پرۆسـەی داهاتەکـە، ئینجـا ئەگـەر ئـەو پرسیارێکی هەبێ بۆ ڕوونکردنەوە لەوێ دەبێ بچێ بـۆ خـۆی باسـی بکـات، بڵـێ مـن ئـەم عەقـدەم پێـدراوە داهاتەکەی ئەوەندەیەو نەهاتۆتە حسابەکەی مـن، ئاشـتی هـەورامی کـوا؟ یـان جـەنابی ڕەئیسـی وزەرا ئـەو عەقدە چۆن پەسەند کراوە؟ شوێنەکە ئەوێیە، ناحیەی عەمەلی من با شتێك بە نەوعێکی تـر باسـی بکـەم، با بچێتە سەر ئەنجومەنی وەزیران، من گەرەنتی دەدەم کۆبوونەوەی یەکـەم دای ئەبـەزێنێ بـۆ ئەنجومـەنی نەوت و غاز، عەمەلی نییە، ئێستا ئێمە زۆر لیجانمان هەیە، لیجانی فەرعی موختەس، ئەنجومەنی وەزیـران باسی ناکات ئەو شتانە، دەڵێ ئەمە تەعلیم عالیە، یـان سـحەیە، بچـن لیژنەیـەکی بـۆ دروسـت بکـەن، فلانـە وەزیر سەرپەرشتی دەکات، لەوێ تەعاملی لەگەڵ بکات، ئەمەش داهاتە و داهاتی نەوتە، دەڵێ بیبە جیهـەی موختەس یان لیژنەیەکی تازەی بۆ دروست دەکات، یان دەیباتە خوارەوە بۆ لیژنەی نەوت و غاز کە هـەموو کەسێك ئاگادارە لە پرۆسەکە، بـەڕێزان بـا هینـی نەکـەین، بـا شـتەکە بـڕوات بـە ناحیـەی عەمـەلی ئیشـەکە بتوانێ بکات، ئەگەر بیخەینە سەر ئەنجومەنی وەزیران واللە ناکرێ، ئیشەکە ناکرێ، ئەوەیە مەسـەلەکە، بـە نیسبەت ئێمەوە باشترە، بۆ من گەڵێ باشترە لە ئەنجومەنی وەزیران بێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق / (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڕێز کاك ڕێباز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێباز محمد حملان (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

واللە، ببورە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، قسەیەك کرا لەسەر ئەوەی کە دەوری وەزارەتی دارایی نـامێنێ، بـە پێچەوانەوە هیچ ڕەبتی بەم مەسەلەیەوە نییە، ئەوە وەزارەتی دارییە پرۆژە یاسای بودجەکە ئامادە دەکات و ئەینێرێتە پەرلـەمان و لـە پەرلـەمان قـەراری لێ دەدرێ و جیهـەی سـەرف تـەنها وەزارەتـی مالیەیـە، ئـەم سەندووقە هیچ دەسەڵاتێکی سەرفی نییە، بە نیسبەتی ئەوەی کە لەسەرئەنجومەنی وەزیران بێ یان لەسەر ئەوە بـێ تـەنها ناحیـە ئیداریەکەیـەتی مـن ئـەو ڕەئیـەی کـاك د.عـزتم زۆر پـێ باشـە، ئـەگینا لەسـەر هـەر کامێکیان بێ دەسەڵاتەکەی دیاری کراوە، بەڵام ئەو ڕەئیەی کاك د.عزتم پێ باشە زۆر سوپاس

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣)ی**

**سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٥\٣\١٠**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

## پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣)

**سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٥/٣/١٠**

کاتژمێر (١٠)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ٢٠١٥/٣/١٠ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی یوسف محمد صادق سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٣)ی خولی چوارەمی، ساڵی (٢٠١٥) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددە (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (٢)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (١٠)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ٢٠١٥/٣/١٠ دا بەم شێوەیە بێت:

١- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای سەندووقی داهاتەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەپێی ماددەکانی (٧٢، ٧٤، ٧٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموار کراو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستان دەست پێ ئەکەین، ئێستا نیساب تەواوە، بوو بە (٦٤)، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، دانیشتنی ژمارە (٣)، ڕۆژی دانیشتن (٢٠١٥/٣/١٠)، بەرنامەی کار، بەپێی حوکمەکانی بڕگە یەکی ماددەی (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموار کراو، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا کاتی دانیشتنی ژمارە (٢) ی خولی بەهارە لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان لە کاتژمێر (١٠) ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەمە، ڕێکەوتی (٢٠١٥/٣/١٠) بەرنامەی کاری دانیشتن بەم شێوەیە بێت:

١ بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای سەندووقی داهاتەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەپێی ماددەکانی (٧٢، ٧٤، ٧٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموار کراو.داوا لە سەرۆکایەتی هەرسێ لیژنەی یاسایی و کاروباری دارایی و لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان ئەکەین کە بێنە سەر مەنەسە بۆ دەست پێ کردنەوە بە بەرنامەی کار، فەرموو ئەبو کاروان.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس(ابو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێزان، ئێمە چەندین جار تێبنیمان لەسەر ئەوە داواتە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکی پێنج فراکسیۆن کۆ ئەبوونەوە لە ژوورە تاریکەکان، و بڕیار ئەدەن، ئەوەش پێشێل کردنی پەیڕەوی ناوخۆیە....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەپێی چ ماددەیەك؟

**بەڕێز عبدالرحمن فارس(ابو کاروان):**

....با تەواوی بکەم...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر تۆ نوقتەی نیزامیت گرتووە نابێ بڵێی بە پێی چ ماددەیەك نوقتەی نیزامی ئەکەی؟

**بەڕێز عبدالرحمن فارس(ابو کاروان):**

ئێمە کۆبوونەوەی فراکسیۆنەکان تا ئێستا ئەگەر موتەفیقن لەسەر ئەوەی فارکسیۆن یەك بێ، ئەبێ کاتێ ئەوە بکەن کە پەیڕەوی ناوخۆ هەموار ئەکەنەوە، ئێستا بتانەوێ و نەتانەوێ ئەم حیزبانەی کە یەك کورسی پەرلەمانیان هەیە، فراکسیۆنێکن، بۆیە ئێمە وەکو فراکسیۆنی بزووتنەوەی ئیسلامی، شوسیالیست، ئازادی، ئاراستەی سێیەم، فراکسیۆنەکانی کلد و ئاشوور، فراکسیۆنی تورکمان، فراکسیۆنی ئەرمەن، موقاتەعەی ئەو جەلسەیە ئەکەین، ئەچینە دەرەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مۆستا ماجید فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە وتەکانی بەرێز ئەبو کاروان ئەکەین، لەبەر ئەوەی بەهەر پێنج لایەن بەداخەوە بەردەوامن لەسەر ئەو هەڵوێستە کە بە هەر پێنج لایەن کۆ ئەبنەوە هیچ ئیعتیبارێك بۆ لایەنەکانی ئێمە ناکەن، بۆیە منیش ئەچمە دەرەوە، و بایکۆتی ئەو دانیشتنە ئەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، تکایە بێدەنگی، هەموو ئەندامێکی پەرلەمان، و هەموو فراکسیۆنێکی پەرلەمان مافی ناڕەزایەتی دەربڕینی هەیە، ئەتوانن ئیعتیرازی خۆتان بکەن، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەزانن پێنج فراکسیۆن لە ٩٥٪ پەرلەمان پێك ئەهێنن، لەبەر ئەوەی هیچ فراکسیۆنێك زۆرینە نییە لە ناو هۆڵی پەرلەمان، پێویست ئەکات سازان لە نێوان فراکسیۆنەکان بێتە کایەوە، ڕای فراکسیۆنەکانی تریش لە زۆربەی پرسەکان وەرگیراوە، لە لیژنەکانی پەرلەمانیش ڕای خۆیان وتووە، قسەی خۆیان کردووە، و تەنانەت لە دانیشتنی سەرۆکی فراکسیۆنەکانیش بەشداریان کردووە، بەڵام هەندێ کۆبوونەوەی تەشاوری و خێرا کە پێویستی بەوە هەیە کۆدەنگی لە ناو هۆڵی پەرلەمان بۆ دروست بێ، ڕەنگە ئەو پێنج فراکسیۆنە کە ژمارەیان زۆرترە

له فراكسيۆنەكانی تر ئەنجامی بدەن، ئەگەرنا ئەوە لادان نییە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، نیساب چەندە؟ بەڕێزان با نیساب بژمێرێ، دوایی ڕوون كردنەوە ئەدەم، دكتۆر فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بایكۆت كردن نییە، برادەرانی ئێمە نەیانزانییە دەستی پێ كردیە، لە كۆبوونەوە دێنە خوارەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو پێشنیارەكانی دوێنێ بخوێنـەوە، ئـەو پێشـنیارانەی كـە لەلایـەن ئەنـدامانی پەرلەمانـەوە كـران، بـۆ ئەوەی یەك بە یەك بیانخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جارێك لە خودی ڕاپۆرتەكە دوو ڕەئی جێگیر كرایە، و ڕای سێیەمیش دوێنێ هاتە ئاراوە، بۆیە پێویستە ئەو دوو ڕایەی كە لە ئەسلی ڕاپۆرتەكە هەیە یەكەمجار بخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر ئەوان هیچیان دەنگیان نەهێنا، ئەو كات بچنە سەر ڕای سێیەم، بۆیە ئێستا ئەتوانین دنگدان بكەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەس ڕاكان بخوێنەوە، بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان بزانن ئەو ڕایانەی دوێنێ باس كرا و ئەخرێتە دەنگدانەوە چین؟ و تا یەك بە یەك دەنگدانی لەسەر بكەین.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

سەبارەت بە ماددەی سێیەم دوو ڕا هەیە، ڕای یەكەم (پاڵپشت بە حوكمی مادده یازده لە یاسای نەوت و گاز ژمارە (٢٢) ی ساڵی (٢٠٠٧)، سەندووقێك بە ناوی سەندووقی داهاتی نەوت و گاز لە هەرێم دادەمەزرێ، كەسایەتی مەعنەوی سەربەخۆ و دارایی و كارگێڕی هەیە ، لە ڕووی ڕێكخستنەوە سەربە ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و گاز ئەبێ، ئەوە ڕای یەكەمە، جگە لە ڕاست كردنەوەی ناوی سەندووقەكە كە لەگەڵ ناونیشانەكە ئەگونجێ، ڕای دووەم كە هەمان نەصەكەیە ئەڵێ (پاڵپشت بە حوكمی مادده (١٥) لە یاسای نەوت و گازی ژمارە (٢٢) ی ساڵی (٢٠٠٧)، سەندووقێك بە ناوی سەندووقی داهاتی نەوت و گاز لە هەرێم دادەمەزرێ، كەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی كارگێڕی هەیە، لە ڕووی ڕێكخستنەوە سەر بە ئەنجومەنی وەزیران ئەبێ)، واتە مەرجەعیەتی سەندووقەكە قسەی لەسەر كراوە، و لە ڕووی ڕێكخستنەوە دوێنێ هەندێ لە ئەندام پەرلەمانان تێبینیان هەبوو، بەڵام دواتر لەلایەن لیژنەی مەعنی سامانە سروشتییەكان و لیژنەی دارایی ڕوون كردنەوە درا كە وشەی ڕێكخستن بە مەبەست دانراوە، و بە دەقیقی هەڵبژێردراوە، بۆیە وا باشترە وشەی ڕێكخستن وەكی خۆی بێ، تەنیا مەرجەعیەتەكە دەنگی لەسەر بدری.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پێم وابێ دوو ڕای تریش باس کرا لە هۆڵی پەرلەمان، ڕایەك ئەوە بوو کە چەند ئەندامێك داوای ئەوەیان کرد کە ئەنجومەنەکە یان سەندووقەکە سەر بە پەرلەمان بێ، و ڕایەکی تر ئەوەی دکتۆر عیزت باسی کرد ئەویش با ڕای خۆی بخوێنێتەوە، ئەو چوار رایە هەیە، یەك بە یەك ڕاکان ئەخەینە دەنگەوە.

**بەرێز د.عیزت صابر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ڕایەی کە تێکەڵێەك لە ڕای یەکەم و دووەم لە خۆ ئەگرێ (پالْپشت بە حوکمی مادده (١٥) لە یاسای نەوت و گازی ژمارە (٢٢) ی ساڵی (٢٠٠٧) سەندووقێك بە ناوی سەندووقی داهاتی نەوت و گاز لە هەرێم دا دادەمەزرێ، کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی هەیە، لە ڕووی کارگێڕییەوە پەیوەستە بە ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و گاز، بۆ بڕیار و پلانە ستراتیژیەکان، پەیوەست ئەبێ بە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە ئێستا چوار ڕا لەبەر دەمی ئێوەی بەرێزە، بە کورتی ڕای یەکەم ئەوەی لە ڕاپۆرتەکە جێگیر کراوە ئەوەیە کە (سەندووقەکە سەر بە هەرێمی نەوت و گاز ئەبێ)، ڕای دووەم (سەر بە ئەنجومەنی وەزیران ئەبێ، ڕای سێەم (سەربە ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و گاز ئەبێ بۆ بڕیاری ستراتیژی سەر بە ئەنجومەنی وەزیران ئەبێ، ڕای چوارمیش ئەوەیە سەر بە پەرلەمان بێ، لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کران، یەك بە یەك ئەو ڕایانە ئەخەینە دەنگەوە، ئەو ڕایەی دەنگی نەهێنا ئەچینە سەر ڕایەکی تر، تا یەکێ لەو ڕایانە زۆرینەی دەنگەکان بە دەست دێنێ، فەرموو دکتۆر ئاشتی.

**بەرێز د.ئاشتی هەورامی-وەزیری سامانە سروشتییەکان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی خەتی سێیەم کە کارگێڕی هەیە لەوێ یەکسەر بلێین (سەر بە ئەنجومەنی وەزیران ئەبێ)، و لە ماوەی (١٢٠) ڕۆژدا، چونکە (٩٠) ڕۆژی ئەوێ بۆ ئەوەی هین بێ، لە ڕێکەوتی بەرکار بوونی ئەم یاسایە لە ڕووی ڕێکخستنەوە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر بدات، خۆی بەستراوە بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە، لە ماوەی (١٢٠) ڕۆژدا، یەعنی (٩٠) ڕۆژی ئەوێ بۆ ڕێکخستنەکەی، (١٢٠) ڕۆژدا ئەنجومەنی وەزیران لە ڕووی ڕێکخستنیەوە بڕیاری لەسەر بدات، یەعنی ئیشی عەمەلی کە چۆن ئەیکات، بەلاّم سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەربە ئەنجومەنی وەزیران بێت لە ماوەی (١٢٠) ڕۆژدا ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر بدات، فەرموو دکتۆر شێرکۆ.

**بەرێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەکرێ ئەوە وەکو پێشنیارێکی تایبەت سەیری بکرێ، بەڵام پێئەچێ ئەوە زیاتر قەتع کردنی مەرجەعیەتەکە بێت، بۆ ئەنجومەنی وەزیران بە قانون حەسم نەکرێ، و بکرێتە بڕیارێك بۆ ئەنجومەنی وەزیران، و پێم وایە هەر ئەچێتەوە سەر ئەنجومەنی باڵای نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوە ئەو پێشنیارە بە تەسەوری من هەرئەچێتەوە سەر ئەنجومەنی نەوت و گاز، بۆیە هەر ئەنجومەنی وەزیران.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەزانی ئیتر پێویست بە موناقەشە ناکات لەو بابەتە، چونکە دوێنێ موناقەشەی زۆر کراوە، ئەو ڕایەی بەڕێز دکتۆر ئاشتی هەورامیش وەرگرن، لیژنەی یاسایی لای خۆتان ئەو ڕایەش وەرگرن، یەك بە یەك ڕاکان ئەخەینە دەنگەوە، ئەگەر هیچ یەکێ لەو ڕایانەی ئێستا لەبەر دەم پەرلەمان زۆرینەی بە دەست نەهێنا، ئەو ڕایەش ئەخەینە دەنگەوە، ڕای یەکەم ئەوەیە کە لە ڕاپۆرتەکە جێگیر کراوە، فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ حورمەتم بۆ بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان، پێویستە ئەندامێکی پەرلەمان ئەو بیرۆکەیە بدات تا بتوانرێت بخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەرنا بەڕێزیان ناتوانێ ئەو تەرحە بکات، هیچ ماددەیەکی یاسایی نییە ڕێگە بدات بەوەی تەرحی ئەو بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك عومەر ئێستا چوار ڕا کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە ئەیخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر دەنگیان نەهێنا ئەوکات ئەبێ بە دوای چارەسەری تر بگەڕێین، ئەوکات دەرگای گفتوگۆ ئەکەینەوە، تەبعەن ئەو پرۆژەیە خۆی حکومەت هێناویەتی، یەکێ لەو لایەنانەی پرۆژەکەی پێشکەش کردووە حکومەتە، بۆیە مافی پێشکەش کردنی پرۆژەکەیان هەبووە، و ئێستاش لێرە ئامادەن ڕا ئەدەن، بەڵام دوای ئەوەی ڕای پەرلەمانتاران ئەخرێتە دەنگەوە ئەو کات ئەگەڕێینەوە سەر وتووێژ، بەڕێز دکتۆرە جوان فەرموو.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ئیختیساسەوە قسە ئەکەم، دوێنێ باسی ڕێکخستن بوو، لەگەڵ ئیدارە فەرقی هەیە....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با ئیتر موناقەشەی نەکەینەوە.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل:**

...موناقەشەی ناکەمەوە، بەس لەلایەنی عیلمی باسی ئەکەم، لۆ ڕێکخستن نەبێ؟ لۆ ئیدارە بێ؟ ئەگەر بڵێی ئیدارە.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە ڕایە، دوێنێ باست کردابایە بەڕێز دکتۆرە جوان، با نەگەڕێینەوە سەر ئەوە.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل:**

دوێنێ دەستم بڵند کرد ئەوەتان نەکرد، لەبەر ئەوە دووبارەی ئەکەمەوە، خۆی بەس تەعلیقەکی عیلمییە، لۆ ڕێکخستن بێ؟ کاك گۆران وتی ڕێکخستن بێ، وایە، دەقیقە ڕێکخستن بێ و ئیدارە نەبێ، چونکە ئیدارە مەعنای پلاندانانە، موتابەعەیە، ڕەقابەیە، واتە جیهەتی مەعنی بۆی نییە هەم کارەکەی بکات، هەم ڕەقابەی خۆی بکات، ئەبێ جیهەتێکی خاریجی سنووری ئەو بێ، ڕاستە لە ئیدارە ئێستا موستەڵەحێکی نوێ هەیە، پێی ئەڵێن ( الادارە الزاتیە)، بەلاَم بە داخەوە تا ئێستا موئەسەساتی هەرێمی کوردستان نەگەیشتە ئەو ئاستەی خۆی موڕاقەبەش بکات، لەبەر ئەوە وشەی ڕێکخستن شیاو ترە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر ئیبراهیم.

**بەڕێز د.ابراهیم احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەسا دیارە ئەم د کۆبوونەکی دا جەنابێتە ئیشارەت پێدا، بابەت بخێتە بەر دەنگدانێدا، قسە، قسە دکێشێ، ئەڤە سێ، چار ئەندام پەرلەمانا، سێجارە جەنابێتە تەئکید کر بێخنە دەنگدانێدا، دەنگدانێ بێختە دەنگدانێدا، نە بلا نوقتە نیزام هەبیتن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا دەنگدان ئەکەین، ئەو پێشنیارانەی هەن یەکەمیان ئەخەینە دەنگەوە، ئەوە لە ڕاپۆرتەکە جێگیر کراوە، ئەویش ئەوەیە سەندووقەکە یەکەمجار هاتووە سەندووقەکە سەر بە ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و گاز بێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە سەندووقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازیەکان، کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزتان تەرحتان کرد چوار ڕەئی هەیە، هەر چواری ئەخرێتە دەنگدانەوە، بەپێی میکانیزمی کاری پەرلەمانی و عورف، ئەگەر یەکەم دەنگی زۆرینەی هێنا ئەوانی تر جارێکی تر ناخرێتە دەنگدانەوە، بۆیە گونجاوترین حاڵەت ئەوەیە لیژنەکانی مەعنی هەر چوار ڕاکان جارێکی تر بخوێننەوە، چونکە ئێستا بەپێی ڕاپۆرتی هاوبەش کە لەبەر دەستی ئێمەیە، دوو ڕایە، دوو ڕای تریش ئیزافە کراوە، بەلاَم دەقی ڕاکان لەبەر دەستی ئەندامانی پەرلەمان نییە، و تەسەسولی ڕاکان دەستنیشان بکرێ، یەکەمیان کام ڕایە، دووەم کام

ڕایە، سێیەم کامە، چوارەم کامە؟ بۆ ئەوەی بەرچاو ڕوونی وەکو خۆی بێ، ئێمە نەکەوینە حاڵەتێکەوە تووشی ئیشکال و تەواو نەکردنی یاساکە بین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، پێم وابێ خوێندرایەوە لەلایەن بەڕێز کاك گۆران، ئەو دوو ڕایەی ئێستا هەیە خوێندرایەوە، و باسمان کرد دوو ڕای تریش هەبوون، بەڕێز دکتۆر عیزت یەکێ لەو ڕایانەی خوێندەوە، و باسمان کرد کە ئەندامانی تری پەرلەمانیش ڕایەکی تریان هەبووە کە سەر بە پەرلەمان بێ، و ئەگەر وای لێ هات ئەوکات سیاغەکە ئەکرێتەوە، کاك ئومێد نوقتەی نیزامییە؟ فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دەزگاکانی میدیا ئێستا بلاّو کراوەتەوە گوایە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بایکۆتی ئەو دانیشتنەی کردووە، ئێمە ئەوە ڕەت ئەکەینەوە، بایکۆتمان نەکردووە، فراکسیۆن لە کۆبوونەوەدا بووە، تۆزێك تاخیر هاتینە جەلسە دەردەشەی خۆمان کردیە، هەموو ئەو بابەتەی لە دوێنێوەش تا ئێستاو لە ڕۆژانی ڕابردووش دەردەشە کرایە، موناقەشە کرایە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئۆمێد نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز ئۆمێد عبد الرحمن ((ئۆمێد خۆشناو)):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو ئەو بابەتانەی لە دوێنێشەوە تا ئێستا و لە ڕۆژانی ڕابردووش دەردەشە کراوەو موناقەشە بووە تەنیا یەك ئامانجمان هەبوو، وەکو فراکسیۆنی (پارتی دیموکراتی کوردستان) دەمانەوێت ئەو بابەتە بابەتێکی نیشتمانییە بە قانوونی بکرێت، هەر مولاحەزەیەکمان هەبێت لە چوار چێوەی دوو بابەتدا بووە یەکێکیان یاسا و دووەمیشیان مێهنەی پیشەکە و کارەکە، بۆیە ئێمە لە گەڵ ئەوەداینە یاساکە بەزەرور دەبینین و بایکۆتی ئەو کۆبوونەوە نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بۆ دڵنیایی زیاتری ئەندامانی پەرلەمان، تکایە جارێکی تر ڕایەکان بخوێننەوە پێش ئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم:

ڕای یەکەم: زۆرینەی ئەندامان (١٠) کەس لە کوی (١٨) کەس لە گەڵ ئەم ڕایەدان، پاڵپشت بە حوکمی ماددەی (١٥) لە یاسای نەوت و گازی ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠٠٧) سندوقێك بە ناوی سندوقی داهاتەکانی

نەوت و گاز لە هەرێم دادە مەزرێت و کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆی دارایی و کارگێڕی هەیە و لە ڕووی ڕێکخستنەوە سەر بە ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و گاز دەبێت.

ڕای دووەم: دوێنێ لە ڕووی یاساییەوە ڕای خۆمان لەسەر دا، بۆیە دەبێت لە ڕووی یاساییەوە بڵێین ئەو ڕایە لە زیاتر لە لایەن (٣) ئەندام پەرلەمانەوە پێشنیار کراوە و ڕایەکەش بەم شێوەیەیە: (پاڵپشت بە حوکمی ماددەی (١٥) لە یاسای نەوت و گازی ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠٠٧) سندوقێك بە ناوی سندوقی داهاتەکانی نەوت و گاز لە هەرێم دادە مەزرێت و کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆی دارایی و کارگێڕی هەیە و لە ڕووی ڕێکخستنەوە سەر بە ئەنجومەنی وەزیران دەبێت.

ڕای سێیەم: سندوقێك بە ناوی سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان دادەمەزرێت و کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی و دارایی و کارگێڕی هەیە و سەر بە ئەنجومەنی وەزیران دەبێت و، لە ڕووی ڕێکخستنەوە لە ماوەی (١٢٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی بەرکار بوونی ئەم یاسایەدا ئەنجومەنی وەزیران دەبێت بڕیاری لەسەر بدات، داڕشتنەوەی ڕای سێیەم لە لایەن بەڕێز دکتۆر (عزت)ە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕای سێیەم با بەڕێز دکتۆر عـزت بیخوێنێتـەوە، ئـەوەی کـە خوێنرایـەوە ئەگـەر چـوار ڕایەکـەی پەرلـەمان دەنگی نەهێنا ئەو کات وتوێژ لەسەر ئەو ڕایە دەکەین کە ئێستا تۆ خوێندتەوە وەکو ڕای سێیەم، بەڵێ کاك عزت فەرموو.

**بەڕێز د.عزت صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕای سێیەم پاڵپشت بە حوکمی ماددەی (١٥) لە یاسای نەوت و گازی ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠٠٧) سندوقێك بە ناوی سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان دادەمەزرێت و کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆی دارایی هەیە و، لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە ئەنجومەنی هەرێمیی نەوت و گاز دەبێت و بڕیارە ستراتیجییەکان ئەنجومەنی وەزیران دەیدات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕای چوارەم، ئەوەی کە سەر بە پەرلەمان بێت، نووسیتان، باشە، ئێستا دەنگ لەسەر ڕای یەکەم دەدەین کە سەر بە ئەنجومەنی هەرێمیی نەوت و گاز بێت، کێ لە گەڵ ئەوەیە کە ئەم سندوقە سەربە ئەنجومەنی هەرێمیی نەوت و گاز بێت؟، کێ لە گەڵیەتی؟، (٢٥) کەس لەگەڵیەتی؟، کێ دژیەتی؟، (٥٢) کەس دژیەتی، کەواتە پەسەند نەکرا.

ڕای دووەم: ئەوەیە کەئەم سەندووقە، سەندووقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان لە ڕووی ڕێکخستنەوە تەبعەن کەسایەتی مەعنەوی و دارایی و کارگێڕی هەیە، بەڵام لە ڕووی ڕێکخستنەوە سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێت، کێ لە گەڵیەتی؟، (٥٦) کەس لە گەڵیەتی، کێ دژیەتی؟، (١٢) کەس دژیەتی،

کەواتە پەسەند کرا، دەچینە سەر ماددەی چوارەم، تکایە بیخوێننەوە بۆ ئەوەی گفتو گۆی لەسەر بکەین، لە لیژنەی یاسایی تکایە ماددەی چوار بخوێننەوە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

یەکەم: دەستەیەك بە ناوی دەستەی بەڕێوەبردنی سەندووقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان، بەڕێوەبردنی سەندووق لە ئەستۆ دەگرێت و ماف هەیە سەرجەم ڕەفتارە کارییە یاساییەکان بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە ئەنجام بدات و، سەرۆکەکەی نوێنەرایەتی سەندووق دەکات لەبەردەم پەرلەمان و دادگا و سەرجەم لایەنەکانی دیکە.

دووەم: دەستە پێك دێت لە:

١- سەرۆکی دەستە بە پلەی وەزیر.

٢- جێگری سەرۆکی دەستە بە پلەی بریکاری وەزارەت.

٣- بەڕێوەبەری گشتی سەندووق.

٤- نوێنەری وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، پلەی وەزیفی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت، ئەندام.

٥- نوێنەری وەزارەتی دارایی و ئابووری، پلەی وەزیفی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت، ئەندام.

٦- شارەزایەکی دارایی، ئەندام.

٧- شارەزایەکی ئابووری، ئەندام.

٨- شارەزایەکی یاسایی، ئەندام.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە با ناوەکانیان بنووسین؟

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم بەڕێزانە گفتو گۆی ئەو ماددەیە دەکەن (فەرهاد سەنگاوی، قادر ئۆتمان، شرین حسنی، عباس غزالی، ابو بکر هەڵەدنی، بەهزاد دەروێش، عمر عینایەت، عادل عزیز، محمود عمر، تحسین اسماعیل).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر شێرکۆش، فەرموو کاك فەرهاد.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح ((فەرهاد سەنگاوی)):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی من بە کارێك دەبێت بڕۆم داوا دەکەم ڕایەکانی خۆم لە ماوەی (٣) دەقە دەڵێم و دەڕۆم، یەکەم شت: هیوادارم پێشنیارەکەم کە (کاسەی کوردستان بۆ داهاتی سامانە سروشتییەکان بێت) لەبەر

ئەوەی نەوت بۆتە بە عوقدەی ئێمە، ئێمە سامانی سرۆشتیمان زۆرە بۆئەوەی ئەم کاسەیە زۆر دەوڵەمەند بێت پێویستە، مەرمەڕمان هەیە لەوانەیە یۆرانیوم و زێڕمان هەبێت ئاوی شرینمان هەبیت دەیان شتمان هەبێت بۆ ئەوەی (کاسەکە) دەوڵەمەندتر بێت (کاسەی سامانە سرۆشتییەکان) بێت، دووەم: هەر پێنج پارێزگارەکەی (کەرکوك، هەڵەبجە، سلێمانی، دهۆك، هەولێر) ئەندام بن، چونکە هەم ناوچەکانیان ناوچەی نەوتییە و هی سامانی سرۆشتییە و ئەوان باشتر دەزانن کە ناوچەکانیان چی تێدایە و لەم سەندووقە بن، سێیەم: ئەم (کاسەیە) لە داهاتوودا دەوڵەمەندترین (کاسە) دەبێت، بۆیە پێویستە بەشی شێری بۆ کشتوکاڵ و بەنداو بێت و، هەروەها بۆ سۆشیال بێت، چونکە سۆشیال هەژار و نەدار و نەخۆش و ژنی بێ جێگە و ڕێگە و خانەنشین و کۆرتە بالاّ و کەم ئەندام و خوێندکاران و ڕەهەندی کوردی و ئاوەرەی سیاسیش دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە ئەمە بە نیسبەت منەوە زۆر گرینگ بوو، سوپاستان دەکەم و سەرکەوتوو بن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز دکتۆرە شرین فەرموو.

**بەڕێز د.شرین حسنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لڤێرێ باسی شارەزایەکی دارایی و شارەزایەکی ئابووری و شارەزایەکی یاسایی کریە، وشەی شارەزا بە تەواوی مانای شارەزا دەگەیەنێت کە خۆی لە سولەمی وەزیفی هەیە، یەعنی ئەگەر لە سولەمی وەزیفی هەبێت چۆن جارێکی تر دابمەزرێتن؟، ئەگەر شارەزا لێرە مانای شارەزا نەبێتن، یەعنی مانای ئەو شارەزا نەبێت کە لە سولەمی وەزیفی هەیە ئەو وشەیە بگۆڕدرێت بۆ پسپۆر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك ابو بکر فەرموو.

**بەڕێز ابو بکر عمر ((ابو بکر هەڵەدنی)):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ڕووی ڕێکخستنەوەی ماددەکەوە پێموایە ماددەکە دوور و درێژە، مادام لە ماددەی یەکەم دا پێناسەی دەستەمان کردووە پێویست بەوە ناکات لێرە ئەم پێناسەیە بێنینەوە هەر بڵێین دەستە ئەرکی بەڕێوەبردنی سەندووق لە ئەستۆ دەگرێت و مافی گرتنەبەری سەرجەم ڕێکارە یاساییەکانی پەیوەند بە جێبەجێ کردنی ئەم یاسایەوە هەیە، ئەوەی کە پەیوەندی بە سەرۆکەکەشەوە هەیە پێموایە لە ماددەی پێنجەم دا جێگەی بکەینەوە سەرۆکەکە مەسئول دەبێت بەرامبەر بە پەرلەمان پێویست ناکات لێرەدا هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نیسبەت ماددا (٤)ێ دووەم: بڕگا (٤)ێ نوینەرێ وەزارەتا سامانە سرۆشتییەکان پسپۆربێت لە بواری نەوت و گاز، چونکە چێدبیت وەزارەت نوینەرەکێ دیاربکەت شارەزابیت دبوارێ کارگێڕی و دارایی نەك بوارێ نەفت و گازێ داکو مەتاتییەت تێدا نەبیتن، چونکە ماددەکا دی بەحس دکەتن دبێژیت (١٠) سالا کێمتر نەبیت بەحسا وان ئەنداما ئەڤێن نوینەرێ وان وەزارەتا، (١٠) سالێ خزمەت هەبیت لەبواری دەستە، بواری دەستە کارگێڕی یێت تێدا دارایی یێت تێدا، بەلام مە دڤێت نوێنەرێ وەزارەتا سامانە سرۆشتییەکان، یەعنی پسپۆڕبیت دبوارێ نەفت و گازێ دا، یەعنی بێتە تەحدید کرن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك عباس فەرمو.

**بەڕێز عباس غزالی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی (٤)م لە لەگەڵ ڕای کاك (ابو بکر هەڵەدنی) دام، بەلام ئەگەر هەر ئەمە جێگیر بێت وەکو خۆی، چونکە متمانە نییە هەر شتێك دەڵێن دەبێت شەفافییەت هەبێت پێویستە خاڵێکی تریش زیاد بکرێت نوێنەری هەموو لایەنەکان و فراکسیۆنەکان بەشدار بن، چونکە لە خاڵەکانی تر لە ئەنجومەن دەبێت ئەمەش دیاری بکرێت یان لابدرێتن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕای من ئەگەر هەدەفەکە بەدەستەبەر کردنی شەفافیەت و نەهێشتنی فەسادی بێت، ئەوا پێشنیار دەکەم کە لەو دەستەیەدا هەم سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایش ئەندام بێت و هەمیش دەستەی نەزاهەش، جا چی سەرۆکەکانیان بێت یا خۆد یەکێك لەو دامەزراوانە بێت، یەعنی نوێنەریان بێت وەکو ئەوەی کە هاتووە لە پێناو پارێزگاری کردن لە ئەموالی عام، ڕاستە بە پێی ناوەڕۆکی ئەم پڕۆژە یاسایە دەستەو کارەکانی پێکهاتەی دەستەکە و کارەکانیان هەمووی ملکەچە بۆ دیوانی چاودێری دارایی و پەرلەمانیش، بەلام لە هەمان کاتدا ئەمە ڕێگر نییە، چونکە ئێمە دەبینین لە وڵاتاندا دەزگا ڕەقابییەکان لە سەرەتای پڕۆسەکانەوە بەشداری دەکەن تا دەگات بە بڕیار و، ئیشی دەزگا ڕەقابییەکانیش تەنیا ناکرێت ئێمە وا کورت بکەینەوە کە وردبینی کردن بێ لە ئەرقام و لە ئەوراق، بۆیە من پێم باشە هەم دەستەی دیوانی چاودێری دارایی و هەمیش دەستەی نەزاهە ئەندام بن لە پێناوی زیاتر بەرجەستە کردنی شەفافیەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

رستەكە تەقریبەن نوقسان دەبینم دەستەیەك بە ناوی دەستەی بەڕێوەبردنی سندوقی داهاتەكانی نەوت و گازی هەرێم پیك دێت، ئەوە نوقسانە تەقریبەن مانا نا گەیەنێت، پێك دێت و بەڕێوەبەری سەندووق لە ئەستۆی دەگرێت ئەوە سەرنجی یەكەمم لەسەر ئەو بەندە، سەرنجی دووەمم: ئەگەر بكرێت وەكو ئەو خوشكە بەڕێزە باسی كرد شارەزا یان پێناسە بكرێت یان بكرێتە پسپۆر لە بواری خۆیدا، سەرنجی سێیەمیشم ئەوەیە ئەندامێكی دیكە زیاد بكرێت بۆ ئەوەی ببێ بە (٩) شارەزایی لە بواری نەوت و گازدا هەبێت، یەعنی ئەمە شارەزای بواری دارایی تێدایە بواری ئابووری تێدایە بواری یاسایی تێدایە، بەڵام بواری نەوت و گازی تێدا نییە، لەوانەیە هەڵەی تەكنیكی ڕوویدات، لەوانەیە كۆمەڵێك كێشە بێتە پێشەوە كە پێویستیان پێ بێت، من پێشنیار دەكەم ئەندامێكی دیكە زیاد بكرێت ببێ بە (٩) ئەندام و ئەو ئەندامەش لە بواری نەوت و گازدا شارەزا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری تەواوی قسەكانی كاك عمر دەكەم، هەروەها لە ناو ماددەكەدا جوملەیەكی تێدایە پەیوەندی بە ماددەی ﴿٥﴾ هەیە كاتێك دەڵێت سەرۆكەكەی نوێنەرایەتی سندوق دەكات لە بەردەم پەرلەمان و دادگا و سەرجەم لایەنەكانی دیكە، ئەگەر بڕیار بێت لە پەرلەمان ﴿٣﴾ كەس سوێند بخوات با ئەو﴿٣﴾ كەسە بەرپرس بن بە شێوەیەك لە شێوەكان ماددەی ﴿٤﴾ پەیوەندی بە ماددەی ﴿٥﴾ هەیە، ئایا چەند كەس دێتە پەرلەمان بۆ ئەوەی متمانە پێ ببەخشرێت بۆ ئەم دەستەیە؟ ئەگەر ﴿٣﴾ كەسە لێرە بڵێین سەرۆكایەتییەكە نوێنەرایەتی سندوقەكە دەكات لەبەردەم پەرلەماندا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك محمود فەرموو،

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەی من لەسەر خاڵی ﴿٦ و ٧ و ٨﴾، ئایا پێویستە پلەی وەزیفی خەبیر بێت بە سیفەی ئاكادێمییەكەی یان تەنیا شارەزا بێت لە مەجالی ئیداری و دارایی؟ و هەروەها پشتگیری لە قسەكانی ﴿كاك عمر﴾ دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك تحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر لە سەرەتاوە سندوقمان كردە سندوقی كوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەكان، لێرە دەبێت وەكو خۆی لێ بكرێتەوە، لە دێڕی دووەمدا، رەفتاركارییە یاساییەكان بۆ مەبەستەكانی ئەم یاسایە ئەنجام بدات زۆر رەكیكە، ئەگەر لیژنەكانی مەعنی چاكی بكەن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د. شێركۆ فەرموو،

**بەڕێز د. شێركۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەكانی ﴿كاك ابوبكر و هیڤاخان﴾ دەكەم، دەمەوێت ئەمە روون بكەین كە مەرجە سەرۆكی دەستە پلەی وەزیر بێت؟ ئەمە هەموو دروستكردنی دەستەیەك، وەزیرێك بۆ حكومەت زیاد بكەین، ئایا كارێكی گۆنجاوە لەگەڵ ئەم قەیرانە داراییە یەك دەگرێتەوە؟ لەگەڵ ئەم ژمارە دانیشتوانە كەمەی هەرێم یەك دەگرێتەوە؟ واتە ئایا مەرجە پلەی هەر وەزیر بێت؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنە پەیوەندیدارەكان راتان چییە لەسەر رای ئەندامانی پەرلەمان؟ كاك علی فەرموو،

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەیەك هەیە هەست دەكەم دوو، سێ، جار وترا، چ نوێنەری وەزارەتی سامانە سروشتییەكان بێت، یان شارەزایەكی بواری نەوتی، ئەم سندوقە كەم و زۆر پەیوەندی بە ئیختیساسی نەوتەوە نییە، ئەوەی پەیوەندی بە ئیختیساسی نەوتەوە هەیە كۆمپانیای دۆزینەوەی نەوتە كە پێوستە شارەزای نەوتی تێدا بێت و كۆمپانیای بە بازاڕ كردنی نەوتە و پێویستە خەڵكی شارەزای تێدا بێت لەبازاڕكردنی نەوت، لێرەدا پێویستە خەڵكی شارەزا لە بواری ئیداری و كارگێڕی و دارایی، چونكە ئەمانە تەنیاو تەنیا پارەكە وەردەگرن و لە سامانە سروشتییەكانی وەردەگرن، لە مەرحەلەی دووەم لە كۆمۆی وەردەگرن، كەواتە ئەوەی لەم شەریكەیە كار دەكات ناتوانێت بە دوای نەوتدا بگەڕێت، و ناڕوات نەوتیش بفرۆشێت، بەڵكو ئیدارییەن ئەم بابەتە رێك دەخاتەوە، سەبارەت بەوەی كە ئەندامی پەرلەمان یان چاودێری دارایی و دەستەی نەزاهە، بە تەئكید ئەمانە چاودێری دەكەن و ناتوانن ببنە ئەندام تێدا، واتە كەسێك ناكرێت ئەندامی شوێنێك بێت و چاودێری ئەو شوێنەش بكات و بابەتێكی تر شارەزایەكی دارایی، كە لێرەدا بە مانای پسپۆر بە پلەی شارەزا، واتە كەسەكە پسپۆری ئابوورییە و لە وەزیفەكەشی شارەزایە، ئەمە لە

لیژنەکە بۆچی جێگیر نەکراوە، بەڵام ئەوکات مەبەستمان ئەوە بوو کە لە رووی عیلمیەوە شارەزا بێت و لە رووی ئیداریشەوە پلەکەی شارەزا بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاک عزت فەرموو،

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێکی تر کرا کە ئەندامێك زیاد بکرێت لەسەر ئەو بنەمایە بێت کە شارەزا بێت لە بواری نەوتدا، ﴿کاك علی﴾ بەشێکی باس کرد کە ئەم سندوقە پارەی تێ دەچێت و تەعامول لەگەڵ پارە دەکات، بۆیە کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوت گرنگ بێت کە شارەزایی تێدا بێت، لەسەر وشەکە لەگەڵ ﴿د. ڤالا﴾ قسەمان کرد لە راستیدا مەبەست پسپۆرە، واتە کەسێك تەواو پسپۆر و خیبرەی هەبێت لەمەجالی دارایی و موحاسبە و مالییە و لە ناحییەی قانونی ئیشکال دروست دەبێت و تۆ ناتوانی بۆ ئەوەی ئەندام بێت تەنیا دەرەجەی خەبیری بدەیێ، خەبیریش مەراحیل و مەراتبی خۆی هەیە کە بەحس پێشکەش بکات و خزمەتی هەبێت و بۆیە پێشنیار دەکەین کە تەنیا بنووسرێت پسپۆر بێت لە دارایی یان لەو بوارانەی بۆی تەرخان کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو شرین نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

﴿کاك علی﴾ باسی وشەی شارەزای کرد کە ئەمەش یەك مانای هەیە ئەوەیە کە لە پلەی وەزیفی هەیە خۆی، نابێت جارێکی تر دابمەزرێت، لێرە نازانم ئەگەر وشەی شارەزا نووسرا تەنیا ئەو مانایەی هەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە روونکردنەوە دەدەن، د. شێرکۆ جودت فەرموو،

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

﴿٢﴾ خاڵ لە لایەن ﴿٣﴾ پەرلەمانتاری بەڕێز تەئکیدی لەسەر کرا کە مەسەلەی شارەزایی کە ئێمەش قەناعەتمان وایە کە پسپۆری هەم ئەکادیمی و شارەزا دەگەیەنێت و هەم ئەزموون و خیبرە دەگەیەنێت و بەپسپۆری ئەم ئیشکالییەتە حەل دەبێت و سەبارەت بەوەی کە سەرۆکایەتی نوێنەرایەتی بکات ئەمەش خاڵێکی تر بوو کە باس کرا کە ببرێتە مادده ﴿٥﴾ و لێرە تەنیا سەرۆك نوێنەرایەتی ئەو دەستەیە نەکات و ئەمە لە ماددەیەکی تر باس بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، د. ڤالآ فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالآ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو تێبینیانەی لە لایەن ﴿د. شرین﴾ هات لە رووی یاساییەوە راستە، لەبەر ئەوەی خەبیر ئەو كەسەیە كە پێشتر بە پێی سولەی ئیداری پلەی خۆی وەرگرتووە و ئێمە لێرە دەیكەینە شارەزا و ئەمە بە نەزەری ئیعتیبار وەرگیرا و تەسبیت دەبێت پێش دەنگدان لەسەر ئەم ماددەیە و چەند پێشنیاری تر هەبوون كە بۆ ﴿٩﴾ ئەندام زیاد بكرێت شارەزایەك لە بواری نەوت و گاز هەبێت و هەروەها سەرۆكایەتی دەستە بۆ ﴿٣﴾ كەس و لە بەردەم پەرلەمان سوێند بخۆن و ئەو ﴿٣﴾ كەسە بەرپرس دەبن هەم لە بەرامبەر پەرلەمان و نوێنەرایەتی سندوق بكەن لەبەردەم دادگا و هەموو لایەنەكانی تر، و پێشنیاری تر هەبوون كە ئایا مەرجە پلەی وەزیری هەبێت سەرۆكی دەستە، پێشنیارەكان نەگەیشتوونەوتە ﴿٣﴾ كەس، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خۆی ئەوەی پەیوەندایدارە بە شارەزا هیوادارم بەڕێز ﴿د. ئامانج﴾یش هاوكاریمان بكات، شارەزا ئێستا بە پێی یاسای خاوەن پلە تایبەتەكان، پلەی تایبەتە و لەوێ نووسراوە لە یاسای هەرێمی كوردستان، بەڕێز د. ئاشتی فەرموو.

**بەڕێز د. ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتییەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیارمان هەیە ئێستا ﴿٨﴾ ئەندامن و بۆ دەنگدان لەوانەیە كێشە دروست بكات و بە رای من ﴿٧﴾ كەس بن، شارەزا و پسپۆڕ كێشەكان نییە و شارەزایەكی دارایی و ئابووری ئەندام بێت كە خیبرەی لەم دوو بوارە هەبێت كێشەكە حەل دەكات و بە نیسبەت ئێمە نامانەوێت ئەندام ئیزافە بكەین لە وەزارەتی سامانە سروشتییەكان یەك ئەندام بەسە، بەڵام با روون بێت، نوێنەری وەزارەتی سامانە سروشتییەكان شارەزایی هەبێت لە بواری نەوت و گاز و هەمان شت بۆ نوێنەری وەزارەتی داراییش كە شارەزایی لە بواری دارایی و ئابووریدا هەبێت و پلەی وەزیفی ئەمە بێت و ئەمە كێشەكان حەل دەكات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك بەهزاد نوقتەی نیزامی هەبوو؟

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەزیش دا ڤێ تەئكید كەمەوە، ﴿د. ئاشتی﴾ بەحس كر، ئەو خالا من ل دەستپێكی گۆتی دێ ڤێ موشكیلێ حەلّ كەت و ئەوا ﴿كاك عمر﴾ بەحس كری پسپۆڕەكیٚدی خالا ﴿٩﴾ ئیزافە بیت كو من ل موداخلا خۆدا بەحس كر، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك علی فەرموو،

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەتێك کە موناقشە کرا کە شارەزاکان پلەیان چی بێت؟ لەگەڵ ﴿د. عزت﴾ موناقشەمان کرد ناکرێت پلەیەکی نەبێت دابنرێت، بۆ نموونە نابێت وەزیر یەك دەنگی هەبێت لە مەجلیس و فەرمانبەرێکی ئاسایی کە تازە تەعینە بە هەمان شێوە یەك دەنگی هەبێت، ئێمە بەم شێوەیە پێشنیارمان کرد پسپۆڕی دارایی بەپلەی شارەزا کە پێویستە پێشووتر ﴿١٠ بۆ ١٥﴾ ساڵ خزمەتی هەبێت یان ﴿١٧﴾ ساڵ یان پلەی شارەزاش نەبێت، بۆ نموونە مامۆستای زانکۆیە ﴿١٧﴾ ساڵ خزمەتی هەیە بە پلەی شارەزا بۆی نەقل بکرێت و دابنرێت، بۆیە ناکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

راستە، بە پلەی شارەزا یەعنی هەمان ئەو مەرجانە تێدا بێت کە بۆ شارەزا پێویستە ئـەو کاتـە دابمـەزرێت، کاك ابوبکر فەرموو،

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەل کردنی ئەو ئیشکالەی د. ئاشتی وتی ئەگـەر مەسـەلەکە دەنگدانـە بـۆ ئـەو مافـە نـەدەین بـە سـەرۆکی دەستە لە هەر لایەنێك زیاد بێت ئەوە بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە دەبێت لە یاساکەدا جێگیر بکرێت، کاك عمر فەرموو،

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من زۆر بە روونی ئاگام لە قسەکانی د. ئاشتی نەبوو، بەڵام قەناعەتم کرد باشە ئەوەی کە نوێنەری وەزارەتی سامانە سروشتییەکانە موختەس بێت لە بواری نەوتدا و پشتگیری ئەوەش دەکەم کە شارەزایەك لە بواری دارایی و ئابووری کە ئەو کاتە دەبێتە ﴿٧﴾ کەس و دەنگدانەکەش تەواو دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو رەخنەیەشی لەسەر د. ئاشتی، تکایە دایبرێژنەوە و بیخوێنەوە با بیخەینە دەنگدانەوە،

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك د. ئاشتی.

**بەڕێز د. ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتییەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان پێش ئەوەی سیاغەکە بکرێت، ئەوەی کە شارەزا ئێمە تەوەقوع دەکەین لە قۆناغی یەکەم عەقد بێت و ئەجنەبی بێت ئیحتیمالە لوبنانی یان ئینگلیزی بێت و ئەمە شتێکی میهەنی یە و ئیحتیمالە خەڵک نەدۆزییەوە، بۆیە بیخرێتە قالبەوە نەتوانی کەسێکی بیانی یان عێراقی تەعین بکەی و شتەکە لە ناحیەی یاسایی دەستت دەوەستێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شرین خان فەرموو،

**بەڕێز شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش بکەڤیتە دەنگدانێ ئەو پیشنیارا ﴿کاك علی﴾ کە پسپۆری دارایی بە پلەی شارەزا پێشتر هەر شارەزایە و ئەم دێ شێین ل ماددا ﴿٥﴾ ئەو پسپۆرێ دارایی و ئابووری بە پلەی شارەزا بهێتە دامەزراندن هەتا تووشی خەلەتی نەبن، کاك د. عزت فەرموو.

**بەڕێز د. ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتییەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو لەم دێڕەدا کۆ دەکەینەوە پسپۆڕێکی دارایی و ئابووری شارەزایی ﴿١٠﴾ ساڵ لەم بوارەدا هەبێت،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم

یەکەم: دەستەیەك بەناوی (دەستەی بەڕێوەبردنی سەندووقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان پێك دێت و بەڕێوەبردنی سەندووق لە ئەستۆ دەگرێت و مافی هەیە سەرجەم رەفتارکارییە یاساییەکان بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە ئەنجام بدات ، سەرۆکەکەی نوێنەرایەتی سەندووق دەکات لەبەردەم پەرلەمان و دادگاو سەرجەم لایەنەکانی دیکە.

دووەم: دەستە پێکدێت لە:

١- سەرۆکی دەستە بە پلەی وەزیر.

٢- جێگری سەرۆکی دەستە بە پلەی بریکاری وەزارەت.

٣- بەڕێوەبەری گشتی سندووق.

٤- نوێنەری وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ، شارەزایی هەبێت لە بواری نەوت و گاز ، پلەی وەزیفی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت (ئەندام).

٥- نوێنەری وەزارەتی دارایی و ئابووری ، شارەزایی هەبێت لە بواری دارایی و ئابووری ، پلەی وەزیفی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت (ئەندام).

٦- پسپۆڕێکی ئابووری و دارایی (ئەندام).

٧- پسپۆڕێکی یاسایی (ئەندام).

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز کاك عادل فەرموو نوقتەی نیزامی؟

**بەڕێز عادل عزیز شکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتاش باسمانکرد کە وشەی سەرۆکەکەی زۆر مەتاتییە ، واتە بەس سەرۆك دیسانەوە خۆی بە بەرپرسیار دەزانێ دیسانەوە یەك کەس دێتە پەرلەمان ، لەگەڵ ماددەی (٥) ئەمە ئیشکالەکی تێدایە ئەو سەرۆکە بکرێتتە سەرۆکایەتی دەستە ، واتا لەو سێ کەسە پێکبێت (سەرۆك و جێگر و بەڕێوبەری گشتی سەندووق) کوردیش وتوویەتی بەردەوام (سێ عەقڵ لە عەقڵێك باشترە) ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، دیارە ئەوەی بێتە بەردەم پەرلەمان بۆ سوێندخواردن لە ماددەی پێنجەم یەك کەسە ، بەڵام متمانە بەو سێ کەسە دەدرێت ، ئەگەر مەبەستت ئەوە بی.

**بەڕێز عادل عزیز شکور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ مەبەستم ئەوەیە ، بەڵام لێرەشا تۆ ناکرێ یەك کەس بە بەرپرسیار بزانی ، یەعنی ئەگەر سەرۆکایەتی دەستەکە بەرپرسیاری کولی ئەو سەندووقە هەڵگرن ، یەعنی سێ کەس بەرپرسیارەکە هەڵگرێ نەك دیسانەوە یەك کەس و هەموو شتەکان تەنها لەلای یەك کەس بێت ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ کاك عادل ، لیژنەی یاسایی ئەنگۆ ڕەئیتان لەسەر ئەمە چیە؟ بەڵێ کاك دکتۆر شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفى.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سێ پەرلەمانتار ، بۆیە ئەگەر هەڵەبین ڕاستمان بکەنەوە ، باسیان لە نوێنەرایەتییەکە کرد ، نوێەرایتییەکە لێرە وابزانم کاك ابوبکر هەڵەدنی و کاك عباس غزالی تەئکیدی لەسەر کردەوە کاك عادلیش کە نوێنەرایەتییەکە لە ماددەیەکی دیکە باسی لێکراوە کە ئەم سەرۆکی دەستەیە لێرەیا باسی لێوە نەکرێ کە نوێنەرایەتی دەستەکە ئەکا بچێتە ئەو ماددەیەی کە لێرەوە باسکراوە جا ئەگەر وانییە بۆ کە .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل عزيز شكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٥) ڕاستە ئەو سێ بەڕێزەی دێن  لە پەرلەمان متمانەیان پێ دەبەخشرێت ، بەڵام لێرە وشەی سەرۆكەكەی ، مەبەست ئەوەیە ئەو سێ كەسەی كە لە ماددەی (٥) سوێند ئەخۆن لێرە  بۆ دەستەكە ، ئەو سێكەسەش نوێنەرایەتی سەندووق بكەن لەبەر دەم پەرلەمان و دادگا و سەرجەم لایەنەكانی دیكە ، یەعنی تەنها یەك كەس نەبێت ، سێ كەس سەرۆكایەتی دەستەكە بێت ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئیمێنكی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس ، كاك دكتۆر عزت فەرموو.

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سێ كەس سوێندیش بخۆن لەبەردەم پەرلەمان ، بەڵام بۆ لێپرسینەوەو لێپێچینەوە هەرسێكیان ناتوانن بێنە بەردەم پەرلەمان لەبەر ئەوەی یەكێكیان پلەی وەزیرە ئەو بەڕێزانەی تر پلەیان جێگر وەزیر و بەڕێوبەری گشتییە ، بەڵام لە لیژنەكانی پەرلەمان دەتوانرێت هەموو سیفەتی لێپرسینەوە یاخود بانگهێشت كردن بۆ هەر سێ سەرۆكایەتییەكە ، بۆ هەرسێ كەسەكە بكرێن لە لیژنەكان ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئیمێنكی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز كاك ئومێد حەمە علی فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تەنها پرسیارەكە لەسەر ئەو بابەتەیە ، ئەگەر لێرە سەرۆكەكەی بنووسی نوێنەرایەتی ئەم سەندووقە دەكات دوایی ئیشكالی یاسایمان بۆ دروست ناكات كە ئێمە دەنگ لەسەر ئەوە ئەدەین سێ كەس لە پەرلەمان سوێند دەخوا ، كە سێ كەس متمانەی پەرلەمان وەردەگرێت دوایی ئەو ئیشكالییە یاساییەمان بۆ دروست نابێ؟ ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهيم ئیمێنكی/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو امنە زكری فەرموو.

**بەڕێز امنە زكری سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێویست ناكاتن بلا یەعنی شتەكی نۆرمالە ئەگەر هەر سێ كەس باوەڕیا ژ پەرلەمانی وەربگرن وەك پەسەند كرن ، بەس یەك كەس بەردەم پەرلەمانی دێت بەرپرسیار بێت و سوێندێ بخۆت ، یەعنی سەرۆكی پەرلەمانی سیقە دێش پەرلەمانی وەربگریتن و ئەوێ بەرپرسە پلە وەزیری بەرامبەر پەرلەمانی سەرۆكی دەستێ ، هەردوو كی دێتە ناڤێ وان دیف یاسا ئەگەر سەحكەی یاسای ژمارە (٢٢) ژی ساڵێ ٢٠٠٧

ئاماژە هەندێ دداتن کو دەستە ژ پەرلەمانی ڤە دەنگێ زۆرینەی ڕەها دێتە پەسەندکرن گەل باوەریدان و سوێند خارن بەردەم پەرلەمانیا جیاوازە ؟، یەعنی ڤان دوو شتە ئەم ژێك جودا بکەین ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، ڕەئی لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالأ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رای لیژنەی یاسایی وەکو ئەوەی کە لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە تەنها سەرۆکەکە نوێنەرایەتی سەندووق بکات لەبەردەمی پەرلەمان و دادگا و سەرجەم لایەنەکانی تر ، لەبەر ئەوەی وەکو ڕوونکرایەوە متمانە پێدان لە لایەن پەرلەمان لەگەڵ بەرپرسیارەتی لەبەردەم پەرلەمان دوو بابەتی لەیەکتر جیاوازن ، سەرۆکەکە بە پلەی وەزیر کە دێ لەبەردەمی پەرلەمان نوێنەرایەتی سەندووقەکە دەکاو مەسئولیەتی سەندووقەکە لە ئەستۆ دەگرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، دیارە خاڵەکی نیزامیمان هەیە ، تکایە خاڵی نیزامی بەڕێز کاك سراج.

**بەڕێز سراج احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەکرێ باسی جێگریش بکرێ ئەگەر سەرۆك ئامادەنەبوو لەو شوێنانە حزوری نەبوو دەکرێ جێگرەکەی لە شوێنەکەی ناوی بێتن ، لە شوێنە فەرمییەکان باسی جێگر نەکرایە داوادەکەم جێگر جێی بکرێتەوە لەو شوێنانە ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، دکتۆر سراج دیارە ئەوە تەحسیل حاسڵە ، دەبێ لە ماددەیەك کەوا یەکلایی بکرێتەوە ، لیژنە پەیوەندیدارەکان ڕەئی خۆیاندا ، لیژنەی یاسایی ئەگەر ڕەئی کۆتایی ، سیاغەی کۆتایی بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز د. ڤالأ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

یەکەم: دەستەیەك بەناوی (دەستەی بەڕێوەبردنی سەندووقی کوردستان بۆ داهاتە نەوت و گازییەکان پێك دێت و بەڕێوەبردنی سەندووق لە ئەستۆ دەگرێت و مافی هەیە سەرجەم رەفتارکارییە یاساییەکان بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە ئەنجام بدات ، سەرۆکەکەی نوێنەرایەتی سەندووق دەکات لەبەردەم پەرلەمان و دادگاو سەرجەم لایەنەکانی دیکە.

دووەم: دەستە پێکدێت لە:

**١- سەرۆکی دەستە بە پلەی وەزیر.**

**٢- جێگری سەرۆکی دەستە بە پلەی بریکاری وەزارەت.**

**٣- بەڕێوەبەری گشتی سەندووق.**

**٤- نوێنەری وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ، شارەزایی هەبێت لە بواری نەوت و گاز ، پلەی وەزیفی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت (ئەندام).**

**٥- نوێنەری وەزارەتی دارایی و ئابووری ، شارەزایی هەبێت لە بواری دارایی و ئابووری ، پلەی وەزیفی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت (ئەندام).**

**٦- پسپۆڕێکی ئابووری و دارایی (ئەندام).**

**٧- پسپۆڕێکی یاسایی (ئەندام).**

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا ماددەکەی هەمووی دەخەینە دەنگدان ئەوەی لەگەڵە دەستی خۆی بەرزبکاتەوە ، (٥٣) کەس لەگەڵە ، کێ دژیەتی؟ (١) کەس دژیەتی ، ماددەکە پەسەندکرا ، ماددەی (٥)م لیژنەی یاسایی بیخوێننەوە.**

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی پێنجەم:**

**یەکەم: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، لە ماوەی (٩٠) نەوەت رۆژ لە رێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایەدا، هەماهەنگی بکات لەگەڵ ئەنجومەنی هەرێمیی بۆ پێشکەشکردنی کاندیدێکی لێهاتوو بۆ هەر یەك لەو سێ پۆستەی کە لە بڕگەی دووەمی ماددەی چوارەمی ئەم یاسایەدا هاتوون پێشکەش بکات.**

**دووەم: دوو ڕای لەسەرە:**

**ڕای یەکەم:**

**١- هەر یەك لە سەرۆك و جێگرەکەی و بەڕێوەبەری گشتی سەندوق و ئەندامانی دەستە بێجگە نوێنەرانی وەزارەتی دارایی و سامانە سروشتیەکان لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بە پەسەندکردنی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان بۆ ماوەیەك زیاتر نەبێت لە (٤) چوار ساڵی شیاو بۆ یەکجار نوێکردنەوە و بەهەمان ڕێکارە باسکراوەکان، دادەمەزرێن، وە ئەوانەی ئەم وەزیفانەیان پڕکردۆتەوە، پاش تەواو بوونی ماوەی دیاریکراو ئەگەر بەپێی یاسا نوێ نەکرێتەوە، ئەوا دەگەڕێندرێنەوە سەر کارەکانی پێشوویان بەر لە ئەستۆگرتنی ئەم وەزیفانە.**

**٢- سەرۆکی دەستە لەبەردەم پەرلەماندا ئەم سوێندە دەخۆات:**

**(بە خودای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزیەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و ڕێز لە یاسا ڕەچاوکراوەکان بگرم).**

**ڕای دووەم:**

١- سەرۆکی دەستە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بە پەسەندکردنی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان بۆ ماوەیەك زیاتر نەبێت لە چوار ساڵی شیاو بۆ یەکجار نوێکردنەوە و بەهەمان ڕێکارە باسکراوەکان، دادەمەزرێت.

٢- سەرۆکی دەستە لەبەردەم پەرلەماندا ئەم سوێندە دەخوات:

(بە خودای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزیەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و ڕێز لە یاسا ڕەچاوکراوەکان بگرم).

سێیەم: مەرجە لە دامەزراندنی هەر یەك لە سەرۆك و جێگرەکەی و بەڕێوەبەری سەندووق و ئەندامانی دەستە، سەرباری بوونی مەرجە گشتیەکانی دامەزراندن لە وەزیفەی گشتیدا، بەلای کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بن لە بواری پسپۆڕی دەستەو خاوەنی شارەزایی بێت لە بواری پسپۆڕی دەستە بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە (١٥) پازدە ساڵ بەنیسبەت سەرۆك و (١٠) دە ساڵ بەنیسبەت جێگری سەرۆك و بەڕێوەبەری سەندووق و ئەندامەکان.

چوارەم: ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە کەسانی بیانی لەوانەی خاوەن شارەزایی و پسپۆڕین لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی هەرێمیی بەسیفەتی ڕاوێژکاریی دابمەزرێنێت و ماف و پابەندییەکانیان بەپێی گرێبەست و بەگوێرەی پێڕەوی ناوخۆی دەستە کە ئەنجومەنی وەزیران پەسەندی دەکات، دیاری دەکرێن.

زۆر سوپاس ، ئێستا دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە ئەوەی دەیەوێ بەشداری بکات با ناوی خۆی بنووسێت.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف / سکرتێری پەرلەمانی کوردستان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە گفتوگۆی ماددەکە دەکەن:

(علی حەمە صالح ، زۆزان صادق ، امنە زکری ، انس محمد ، دکتۆر فرست صۆفی دکتۆرە ، شرین حسنی ، تحسین اسماعیل ، دکتۆر سراج احمد ، عباس غزالی ، ڤەمان فیصل ، ڕابوون معروف ، ابوبکر هەڵەدنی ، ایوب عبدللە ، ئومێد حەمە علی ، بەهزاد دەروێش ، دکتۆرە جوان ، منیرە عثمان ، شکریە اسماعیل ، فائق مصطفی ، دکتۆرە ڕێواز فائق ، فرحان جوهر ، قادر ئۆتمان ، مریم صەمەد ، سۆران عمر ، عمر عینایەت ، عادل عزیز ، مامۆستا مروان گەلاڵی).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز فائق مصطفی فەرموو.

**بەڕێ. فائق مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من پێم وایە لە ماددەی پێنجەم بڕگەی یەکەم و دووەم پاش و پێشیەك هەیە پێشنیار دەکەم کە بڕگەی دووەم پێش بخرێت، لە بەر ئەوەی لە بڕگەی یەکەمدا باس لە پێشنیار کردنی سێ کاندیدەکە دەکرێ، بەڵام لە بڕگەی دووەمدا هێشتا بە دوو را ماوەتەوە کە رایەکەیان تەنها سەرۆکی دەستەکە لە لایەن پەرلەمانەوە

متمانەیان پێ بدرێت رایەکی تریان ئەوەیە کە سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنەکە، بۆیە حەتا لە بڕگەی دووەمدا یەك لای نەکرێتەوە ناتوانین لە بڕگەی یەکەمدا ئەو ژمارەیە دیاری بکەین کە ئەنجومەنی وەزیران کاندیدەکان پێشکەش دەکات، سەبارەت بە بڕگەی چوارەم کە لە سەر پێشنیاری ئەنجومەنی هەرێمی، من پێشنیار دەکەم ئەوە بگرێتەوە لە سەر پێشنیاری دەستە خۆی بێ، بۆ ئەوەی چونکە ئێمە لەوێ ئاماژەمان بەوە داوە لە سەرەتای پرۆژە یاساکەدا کە ئەمە سەربەخۆیی کارگێڕی و دارایی هەیە بۆ ئەوەی زیاتر ئەو سەربەخۆیی بچەسپێت دەستەکە، دەستەکە پێشنیاری شارەزا بکات بۆ ئەوەی کە گرێ بەستیان لە گەڵ کێ بێ شارەزای بیانیدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆر فرست صۆفی فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی یەکەم لە بەر ئەوەی ئەنجومەنی هەرێمی یەك وەحدەیە هەموویان بەیەکەوەن بە هەر دوو نوێنەرەکەی هەر دوو وەزارەتەکەش وا باشە بەم شێوەیە بێ ئەنجومەنی هەرێم بۆ هەر یەکە لەو پۆستانەی لە ماددەی چوارەمی ئەم یاسایەدا هاتوون دەبێ بەم شێوەیە بێ، لە بەر ئەوەی ئەنجومەنی هەرێمی تەشکیل نابێ تا هەر هەموو پۆستەکان پێکەوە تەواو نەبن، نابێ نە سێ و نە پێنج هەمووی بەیەکەوە ئەوە یەك، خاڵی دووەم، سەبارەت بەوەی کە با بڵێین کێ لە لایەن پەرلەمانەوە پەسەند بکرێت، بە پێی ماددەی پانزدە، بڕگەی دووەم لە یاسای ژمار (٢٢) بیست و دووی ساڵی (٢٠٠٧) ی نەوت و گاز کە ئەڵێت سەرۆك و ئەنجومەنی کارگێڕی لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دوای پەسەند کردنی لە لایەن زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمان دادەمەزرێن بە مەرجێك دەسەڵات و ... هەتا دوایی، مانای وایە ئەگەر بڕیار بێ یاسای ژمارە (٢٢) بیست و دوو وەکو مەرجەع حیسابی بکەی بۆ تەشکیل بوونی ئەو کۆمپانیەی و ئەو موئەسەسانەی کە بە پێی ئەم یاسایە دەبێ بکرێن، واتە دەبێ ئەنجومەنی کارگێڕی هەموویان لە لایەن پەرلەمانەوە پەسەند بکرێن بێنە ناو پەرلەمان بە زۆرینەی رەها پەسەند بکرێن، ئەگەر بەو پێوەرەش دایبنێین کە ئەو یاسایەشی یاسایەکی نوێیە و دەتوانێت، یەعنی با بڵێین خۆی بۆ خۆی ئەو ئەنجومەنە کێ بێت یان سەرۆك بێت یان چەند ئەندامێك بێن ئەوا دەکرێتە حاڵەتێکی تەبیعی، بەڵام بە تەصەوری من یەعنی پەسەند کردن لە ناو پەرلەمان هیچ کێشەیەك دروست ناکات، یەعنی ئەگەر هەموشیان بێت لە ناو پەرلەمان پەسەند بکرێن ئەوانەی کە پێیان دەگوترێن ئەنجومەنی کارگێری، حاڵەتێکی زۆر زۆر ئاساییە و پێشتریش کە لە پەرلەمان یاسایەك دەرچوو و رێگای داوە کە پەرلەمان هەموویان پەسەند بکات ڕەچاوی ئەوە کراوە کە راستە بەس سەرۆك بەرپرسیار دەبێت لە ناو پەرلەمان لە بەر ئەوەی پلەی وەزیرە و دێتە ناو هۆڵی پەرلەمان و لێپرسینەوەی لە گەڵ دەکرێ و سەحبی سیقەی لە گەڵی دەکرێ، بەڵام ئەوانی تر کە پەسەند ئەکرێن وەکو با بڵێین کۆمسیۆنی هەڵبژاردن هەموویان هاتنە ناو پەرلەمان پەسەندمان کردن،

یەعنی حاڵەتێکی تەبیعی یە، بەڵام ئەگەر بەیانی بانگی کەین ئێمە بەس سەرۆکی کۆمسیۆن بانگی ئەکەین ناو هۆڵی پەرلەمان، مەرج نییە هەموو ئەندامانی کۆمسیۆن بێن، بۆیە من پشتگیری ئەو رایە دەکەم، زۆر ئاساییە با هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕی ناو پەرلەمان پەسەند بکرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆرە ڕێواز فائق فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من خۆم ئامادە نەکردووە، تۆزێکی تر قسە ئەکەم ئەگەر ئەبێ، ئەگەر نابێ قسە ناکەم، دەبێ دە دەقیقەی تر قسە بکەم؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەبێتن باشە، بەڕێز شرین حسنی فەرموو.

**بەڕێز شرین حسنی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددەی پێنجەم بڕگەی یەکەم پشتگیری قسەکانی دکتۆر فرست دەکەم، هەر یەك لە سێ پۆستەکە لابدرێتن با هەموو کە ئەندامن لەو ئەنجومەنە، ئەو دەستەیە بین، یەعنی پێشکەش بکرێتن لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە، سەبارەت بە زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمان، من پێم وایە تەنها سەرۆکی دەستە بێتە بەردەم پەرلەمان حاڵی هەر دەستەیەکی تر چۆن بە سەرۆکی دەستەیە هاتبووە هۆڵی پەرلەمان و دەنگی لە سەر درا ئەو ئەگەر سەرۆکی دەستەی بە پلەی وەزیریش بێ، حاڵی هەر وەزیرێك بێتە بەردەم پەرلەمان، بەڵام ئەگەر هات و هەر سێکیان هاتنە بەردەم پەرلەمان و زۆرینە رەهای پەرلەمانی وەرگرت دەبێ هەموو مودیر عامەکان و هەموو وەکیل وەزیرەکانی تریش بێنە بەردەم پەرلەمان و وەری بگرن و ببێتە نەریت، نەك تەنها بۆ ئەم دەستەیە بکرێتن، و سەبارەت بە چوار ساڵ بکرێتە پێنج ساڵ، سەبارەت بە سوێند خواردنیش، من دەبینم سەرۆکی دەستە تەنها مەسئولە لە سەر بەڕێوەبردنی داهاتەکانی نەوت و گاز نەك مەسئولە لە سەر پەرەپێدان و گەشەپێدانی نەوت و گاز، لە بەر ئەوە من دەبینم ئەم سویند خواردنە شتێکی یاساییە و تەواوە و هیچ هەڵەیەکی تێدا نییە، چونکە بەرپرسە بەس تەنها لە سەر مەسائیلی ئیداری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە نەوەد (٩٠) ڕۆژ زۆر زۆرە، پشتگیری لەو خوشکە بەڕێزە دکتۆرە شکریە خان ئەکەم بکرێت بە سی ڕۆژ یان شەست ڕۆژ، چونکە نەوەد ڕۆژ زۆر زۆرە، ماوەیەکی زۆرە بە هەماهەنگی لە گەڵ ئەنجومەنی هەرێمی ئەوە لا ببرێت، چونکی بە ڕاستی ئەنجومەنی وەزیران ئەنجومەنی وەزیرانە ناکرێت ئەنجومەنی وەزیران هەماهەنگی بکات لە گەڵ خۆیدا ئەوانە هەموو ئەندامن لە ئەنجومەنی وەزیران، لە بەر ئەوە من داوا ئەکەم ئەو هەماهەنگیە لاببرێت، ئەنجومەنی وەزیران خۆی ناو پێشکەش بکات، پێویست بەوە ناکات هەماهەنگی لە گەڵ ئەنجومەنی هەرێمی بکات، سەبارەت بەوەی کێ بێتە بەردەم پەرلەمان بۆ پەسەند کردن، من ڕام لە گەڵ بەڕێز دکتۆر فرستە و پێم وایە کاك علی پێنجی وت ئێمە بیکەین بە هەر حەوتیان بێنە ناو پەرلەمان لێرە ناوەکان پەسەند بکرێت تەنها بەڕێز وەزیر سوێند بخوات هیچ لایەك نییە، سەبارەت بە سویندەکە بە خودای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزی و دستپاکی ئەرکی سەرشانم جێبەجێ بکەم و ... تا کۆتایی، دەستپاکی و ئەرکی سەرشانم ئیزافە بکرێت بۆ سوێندەکە، چونکە پارە کۆ ئەکاتەوە، پێویستە دەستیان پاك بێت، سەبارەت بە بڕگەی چوارەم ئێمەی کوردستان دەردی ڕاوێژکاری هەیە، ڕاوێژکاری بیانی لەو بەینە چوومە کەیسێك لە یەکێك لە وەزارەتەکان لە ماوەی دوو ساڵدا یانزدە ملیار دینار دراوە بە ڕاوێژکار، من ڕاوێژکارێکم بینی نەك ڕاوێژکار نەبوو موهەندسیش نەبوو، یەعنی ئەوەی من تەقیمم کرد توانای موڵەتێکی یەك ساڵەی نەبوو بە داخەوە مانگانەکەی بیست و چوار ملیون دینار بوو، لە بەر ئەوە ڕاوێژکار دەبێ خۆمان لێ بپارێزین ئەگەر ئەکرێت من داوا دەکەم لە بەڕێزتان و داوا لە هەموو ئەندامانی پەرلەمان ئەکەم لێرە دیاری بکرێت بە لایەنی کەمەوە عەدەدی ڕاوێژکارەکە ئەمن ناڵێم هەمووی لابەرن لە بەر ئەوەی شتێکی تازەیە ئێمە ئەکەین داوا ئەکەم ڕاوێژکار بڵێین یەك تا دوو ڕاوێژکار بۆ ئەوەی حەسریان بکەین ئەگەر بێ ڕاوێژکار دابمەزرێنن لەوانەیە پەنجا ڕاوێژکار بێنێ، هەموو پارەکەمان بدەن بە ڕاوێژکاران، لە بەر داوا ئەکەم ئەو ڕاوێژکارەکان تەحدید بکرێ، زۆر سوپاس، قسەکانی من تەواو بوو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز سۆران عمر فەرمووو.

**بەڕێز سۆران عمر :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم بڕگە یەکەم ئەو هەماهەنگیە لە گەڵ ئەنجومەنی هەرێمی لاببرێت، چونکە کە بۆ بە ئەنجومەنی وەزیران ئەنجومەنی هەرێمیش لە ناو ئەنجومەنی وەزیرانە وا ئەزانم ئیجاب ناکات بۆ پێشکەش کردنی (کاندیدێکی لێهاتوو) لە ڕاستیدا لە گەڵ ئەوا نیم کاندیدێکی لێهاتوو ئەوە وشەیەکی مەتاتیە لە گەڵ ئەوەدامی (کاندیدی لێهاتوو) لاببرێت، لە ڕای دووەم خاڵی سێیەم، بڕگەی سێیەم مەرجەکانی هەر یەك لە سەرۆك و جێگر و بەڕێوبەری سەندووق و ئەندامانی دەستە دیاری کراوە، بۆیە لە گەڵ ئەوەم بڕگەی سێیەم لە ڕای دووەم ببێت بە مەرجی دانانی ئەندامەکان، واتە ئەو مەرجانەی کە

کاندیدی لێهاتووه لێره دیاری کراوه، واته رای یەکەم هیچ مەرجی تێدا نییه تەنها (کاندیدی لێهاتوو)، لێهاتوویش شتێکی مەتاتیه رایەکەی دکتۆر فرست پشتیوانی ئەکەم که تەنها سێ پۆستەکه نەبێت که له بڕگەی دووەمی ماددەی چوار هاتووه هەموویان بن جگه له نوێنەری هەر دوو وەزارەتی دارایی و سامانی سروشتی و له گەڵ رای یەکەمم له بڕگەی دووەم، بەڵام منیش له گەڵ ئەوەم که چوار ساڵەکه مەجالی نوێ کردنەوەی نەبێت، لابرێت، له گەڵ ئەو سوێندەم که بەڕێز کاك ئەبوبەکر هەڵەدنی پێشنیاری کرد ئەم مەزوعه یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق له هەموو کاتێکدا دژی یەکێتی خاکی عێراقم له بەر ئەوە هیچ پەیوەندی بەوەوە نییه، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز تحسین اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنج یەکەم هەندێك هەڵەی زمانەوانی تێدایه (کاندیدێکی) ناکرێت (کاندیدی)، واته بۆ پێشکەش کردنی (کاندیدی لێهاتوو) له رێکەوتی بەرکار بوونی ئەم یاسایەدا له گەڵ ئەنجومەنی وەزیران هەماهەنگی بکات، نەك هەماهەنگی بکات له گەڵ ئەنجومەنی وەزیران ئینجا پێشکەش بکات، دوایی زیادەیه، چونکه خۆی دەڵێت بۆ پیشکەش کردنی، کەواته ئەوەی ئەخیر نابێت هەبێت له سەر بڕگەی دووەم رای یەکەم (چوار ساڵی شیاو) شتێکی زۆر غەڵەته، ئینجا بەر له ئەستوو گرتنی ئەم وەزیفانه زیادەیه ئەوان ئەم وەزیفانه زیادەیه ئەگەر راتان له سەر بێت سیاغەیەکی که من دام رشتووه بۆتان دەخوێنمەوە، هەر یەك له سەرۆك و جێگر و بەڕێوبەری گشتی سەندووق و ئەندامانی دەسته بێجگه له نوێنەرانی وەزارەتی دارایی و سامانه سروشتییەکان به پەسەند کردنی زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمان بۆ ماوەیەك منیش له گەڵ پێنج ساڵەکەدام، له پێنج ساڵ زیاتر نەبێت و شیاوی یەکجار نوێ کردنەوە بێت، شیاوی یەکجار نوێ کردنەوە دێته ئێره به هەمان رێکاره باس کراوەکان له لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دادەمەزرێن پاش تەواو بوونی ماوەی دیاری کراو ئەگەر به پێی یاسا نوێ نەکرێتەوە، ئەوا دەگەڕێندرێنەوە سەر کارەکانی پێشوویان، ئەمه وەك راستکردنەوەی هەندێك شتی زیادی که تێدا بوو سوێند خواردنەکه من پێم باشه بەم جۆره بێت، به خوای مەزن سوێند دەخۆم که ئەو ئەرکەی پێم سپێردراوه به پاکی و دڵسۆزی ئەنجامی بدەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك تحسین تو دشێی ئەوێن ته نڤیسی دارشتن تو ب نڤیسیی بینی دێ باشتر بیت، بەڕێز ایوب عبد الله فەرموو.

**بەڕێز ایوب عبد الله :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بە هەمان شێوەی هاوڕێکانم تێبینیم هەیە لە سەر ئەو نەوەد (٩٠) رۆژە زیادی دەزانم بە راستی، چونکە ئەو یاسایە تا بەرکار دەبێت لە کوردستاندا لەوانەیە سی رۆژی تری پێ بچێت لێرە (٩٠) نەوەد رۆژ و لە ماددەی سێزدەش (٩٠) نەوەد رۆژی ترمان هەیە بۆ دیاری کردنی هەیکەلی کارگێڕیەکە کە سەرجەمەکەی کۆ بکەینەوە دەکاتە سەد و پەنجا (١٥٠) رۆژ، بۆیە هەم ئەوە نەوەد رۆژەی ئەم ماددەیە و (٩٠) نەوەد رۆژی ماددەی سێزدەمیش بە زیاد دەزانم بکرێنە چل و پێنج رۆژ و لە سەر سوێندەکەش بە هەمان شێوە من تێبینیم هەبوو پێم باشە سوێندەکە بەو شێوازە بێت، بە خوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسوزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و کار بکەم بۆ جێبەجێ کردنی یاسا ڕەچاو کراوەکان و بەرچاو روونی لە داهاتەکان و زیاد کردنیان، چونکە بە راستی داوای خەڵك هەم بەرچاو روونییە لە داهاتەکان و هەم لە وەزعی ئەمڕۆی کوردستان و ئەو قەیرانە ئابوورییەش زیاد کردنی داهاتەکانیشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەوەی پێشنیارەکەی بە نووسین بدە، نووسین ئاسانتر دەبن، بەڕێز بەهزاد دەروێش فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز ژی دگەڵ وان رەئیا بووم ئەڤ (٩٠) نەوەد رۆژ بیتە شێست رۆژ، ئەڤە خاڵا ئێکێ، خاڵا دوویێ هەر ماددا پێنجێ بڕگا ئێکێ دویماهیێ یا هاتیە ئەم یاسایە داهاتوو پێشکەش بکەن، تەبعەن وازیحە ناحیا مەعنەوی دێ پێشکەشی پەرلەمانی بکەت بەس نەنڤیسیە پیشکەش بە پەرلەمان بکەت، یەعنی ئەو وشە ئیزافە بیتن، یا سێیێ ئەز ژی تەئیدا ئاخفتنا دکتۆر فرست دکەم راستی کو زۆر تەبیعیە، چونکی ئەڤ دەستەیە گرنگە چەوا کۆمسیۆنا باڵا سەربەخۆ یا هەڵبژاردنا هەر نەه ئەندام هاتنە ئێرە ئەڤ دەستەش ب ئیعتیبار یا گرنگە کو بێنە بەردەم پەرلەمانی وەکی گوتی پەرلەمان متمانێ پێ بدەت، خاڵا دی بۆ سوێندێ ژی ئەز پشتگیریا رەئیا مامۆستا ئەبوبەکر هەڵەدنی دکەم، نوقتەیەکا دی ژی من هەبی ماددا پێنجێ خاڵا سێیەم دوو مەرج یێن داناین هەڤدژی ئێکن، بۆ نموونە بێژێتن ڕستە سێیەت بێژی بواری پسپۆری دەستە، هەتا ئێرە باشە، بەس دیسان بێژێتن خاوەنی شارەزا بیت لە بواری پسپۆرێ دەستە، من پێ باشە ئەڤ چەند وشە بێـە ڕاکرن، خاوەنی شارەزایی چونکێ شارەزا (١٠) ساڵا نابێت، من ڕستە دی دیت (١٠) ساڵە، شارەزا بێ یاسایێ کەس (١٠) ساڵا نابێتـە شارەزا، پێم باشە ئەو وشە خاوەنی شارەزا بێت لە بواری پسپۆری دەستە، ئەڤە زێدەیە، خاڵا ئاخیریش ئەوەیە ئەز پشتگیریا ڕەئیە مونیرە خانی دەکەم، چونکە ئەڤە ڕاستی سەندووقە پارەیە، وابزانم تێرا خۆی شارەزا تێدا هەی ئەڤ (٧) کەسە، پێویست ناکات زۆر نەفەرە زێدە بکەن بۆ ڤێ سندووقێ، فەڵەباڵغییەکی دروست بکەین، پسپۆر لەوانەیە مە پتر پێویست بن لە بواری دیکە نە بۆ بەڕێوەبردنە ڤی سندووقێ، کو چەند پارە هات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو مریم فەرموو.

**بەڕێز مریم صمد عبدى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی پێنجەم پێم باشە ئەو بڕگەیە هەماهەنگی بكات لەگەڵ ئەنجومەنی هەرێم، بۆ پێشكەش كردنی كاندیدێكی لێهاتوو ئەوە لابرێت هەماهەنگی، چونكە پێویستە بكرێت لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم لە ماوەی (٩٠) ڕۆژ لە ڕێكەوتی بەكاربوونی ئەو یاسایەدا، كاندیدێكی لێهاتوو بۆ هەریەك لەو سێ پۆستەی كە لە بڕگەی دووەمی ماددەی چوارەمی ئەم یاسایەدا هاتووە پێشكەش بكەن، لە ماددەی دووەم، لە بڕگەی دووەم لەگەڵ ڕای یەكەمم كە هەریەك لە سەرۆك و جێگرەكەی و بەڕێوەبەری گشتیی و ئەندامانی دەستە بێجگە لە نوێنەرانی وەزارەتی دارایی ، لە ماددەی چوارەم پێم باشە ئەنجومەنی وەزیران كە دەڵێت بۆی هەیە كەسانی بیانی لەوانەی خاوەن شارەزایی و پسپۆرن ، ئەو شارەزاو پسپۆرانە بەپێی پێویستی بۆی زیاد بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك فرحان فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەكانی دكتۆر فرست و كاك عمر عینایەت دەكەم، كە قسەكانیان كرد لەبارەی هاتنی ئەو دەستەیە لە پەرلەمان متمانە وەربگرێ، منیش لەگەڵ ئەوەدامە لە پەرلەمان متمانە وەربگرێتن، هەروەها لەبارەی ڕاوێژكارەكان پێم وا بێتن (ڕاوێژكار) ئەوە زیادە، لەبەرئەوەی شارەزا هەیە، چەند شارەزاو پسپۆری تێدانە، ئەمەش مەسەلەیەكی بێ حەد ئیداریە، ڕاوێژكاری بیانی بۆ دۆزینەوەی نەوت و بۆ بواری نەوت و سامانە سروشتییەكان بێ نەك بۆ بوارێكی ئیداری، بۆیە بارگران كردنیان یان هێنانی موستەشاری بیانی لێرە من بە پێویستی نازانم، پێشنیار دەكەم ئەوە هەر لابچێتن، ڕاوێژكاری بیانی لەو سەندووقەدا تێدا نەبێت، لەبەرئەوەی بەشی خۆی شارەزای تێدا هەیە، لەبارەی كەمكردنەوەی ڕۆژەكانیش لە ماوەی (٩٠) ڕۆژدا لەگەڵ ئەوەدام كە ماوەكە كەم بكرێتەوە، دوو، سێ پێشنیاركران، بەلام من پێم باشە كەم بكرێتەوە، بەلام پێم باشە لەگەڵ ڕەئی كاك ایوب بم (٤٥) ڕۆژ باشە، ئەوە بوو قسەكانی من، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل عزیز شكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی پێنجەم ڕای یەکەم کە دەڵێت هەر یەك لە سەرۆك و جێگرەکەی و بەڕێوەبەری گشتی سەندووق و ئەندامانی دەستە بێ، بێجگە نوێنەرانی وەزارەتی دارایی و سامانە سروشتییەکان لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بە پەسەندکردنی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان بۆ ماوەیەك زیاتر نەبێت لە (٤) چوار ساڵی شیاو، خۆی وشەی شیاو دیارە زۆر زیادەیە لەوێ، چوار ساڵ بۆ یەکجار نوێکردنەوە بەهەمان ڕێکارە باسکراوەکان دادەمەزرێن، ئیشکالەکە لێرەیە و، ئەوانەی ئەم وەزیفانەیان پڕکردۆتەوە، پاش تەواو بوونی ماوەی دیاریکراو ئەگەر بەپێی یاسا نوێ نەکرێتەوە، ئەوا دەگەڕێندرێنەوە سەر کارەکانی، دوای ماوەی دیاریکراو ئەگەر بەپێی یاسا نوێ نەکرێتەوە مەتاتیە، یەعنی دیارە دوای (٨) ساڵەکە بۆیان هەیە (٨ )ساڵی تریان بۆ تازە بکەنەوە، بەپێێ یاسا بۆیان هەیە ئەو ماوەیە نوێ بکەنەوە، کەواتە بەپێی یاسا نوێ نەکرێتەوە لابرێت لە جوملەکەدا، سەبارەت بە هاتنی ئەو دەستەیە بۆ پەرلەمان وتمان وەرگرتنیان لەلایەن پەرلەمانەوە بەزۆرینەی ڕەها پشتگیری تەواوی قسەکانی کاك علی حەمە صالح دەکەم، سەبارەت بە ڕاوێژکارەکانیش کە زیادەیە پشتگیری لە قسەکانی کاك عمر عینایەت دەکەم، هەروەها (٩٠) ڕۆژیش زۆرە، دیسان پشتگیری لە قسەکانی کاك عمر دەکەم، (٤٥ )ڕۆژ زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە بۆچوونەکەی کاك فائق دەکەم لەوەی کە بڕگەی یەکەمی مادده پێنجەم بەگوێرەی یەك لابوونەوەی ئەو دوو ڕایەیە، کە لە بڕگەی دووەمدا هەیە، داڕشتنەکەشی دەگۆڕێت، بۆیە پێشنیار دەکەم بڕگەی یەکەم بکرێت بە بڕگەی دووەمی ماددەی پێنجەم، ئەوەی کە ئێستا دووەمە، پێشنیاردەکەم بکرێت بە یەکەم لەڕووی قانونیەوە من قسە لەسەر ئەوە دەکەم، ئایا هەر شەش کەسەکە پەرلەمان یەعنی بووە بە عورف یان دەکرێت هەر شەشیان بێنە پەرلەمانی کوردستان یان نا؟ بۆچوونەکەی کاك دکتۆر فرست تەواوە ئەوەی کە ماددەی ١٥ی یاسای ژمارە (٢٢ )دا هاتووە، هەروەها سەرباری ئەوە ئێمە بڕگەی پێنجەم لە ماددەی هەشتای دەستوری هەمیشەیی عیراقیمان هەیە، کە باس لەوە دەکات یەکێك لە دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی وەزیران ئەوەیە کە پێشنیاری پلە تایبەت بکات بۆئەوەی دەنگیان لەسەر بدرێت و، لە یاسا کارپێکراوەکانی ڕاژەی مەدەنی و مووچەی پلە تایبەتەکانیشدا، پلە تایبەتەکان دابەش دەکات بۆ پلەی باڵای (أ) لەگەڵ پلە باڵای (ب)، لە مادده قانونیەکەی دەستووریشدا بە موتڵەقی باسی پلە تایبەتەکان دەکات،

كەواتە وەكيل وەزيريش دەبێ، مودير عاميش دەبێ و، ئەگەر نەبووە بە عورف كە لێرە دەنگ بە مودير عام بدرێت، لەڕاستيدا بەخۆتان دەزانن لەڕووی پلە بەنديەوە عورف لەدوای ياسايە، لە سيستەمی قانونی عيراقيدا ياسا بە ياسا رەت دەكرێتەوە، قاعيدەی قانونی بە قاعيدەی قانونی، عورف ئاسانترە كە بە ياسا بلێين رەت بكرێـتەوە يان كارپێكردنی ڕابگيرێت، لەبەرئەوە لە دەسەڵاتی ئەو پەرلەمانەيە دەنگ بە زياتر لە كەسێك بدات، بۆئەوەی كە يان متمانە يان پەسەند كردنی بۆ زياتر لە كەسێك هەبێت، بەڵام ئيشكاليەتەكە لەوەدا ئەگەر لە يەك كەس زياتر بێتە بەردەمی پەرلەمانی كوردستان، لە يەك كەس زياتر بێتە بەردەمی پەرلەمانی كوردستان، (٣) بن يان (٦) بن، ئێمە ئەوكاتە كێشەمان بۆ دروست دەبێت لە مەسدەری سوڵتەی ئەمانە، ئێمە لە پەرلەمان سوڵتەيان دەدەينێ، كەواتە ئيسنات كردنی دەسەڵات، يەعنی قەراری خولقێنەر بۆ دەسەڵاتی ئەوان بريتييە لە دەنگدانی پەرلەمانی كوردستان، كەواتە قوەتی قانونی ئەوان يان لە دەسەڵاتدا هەموويان وەكو يەكترين، بۆيە من پێشنيارەكەم ئەگەر ئەم پەرلەمانە بەڕێزە لەسەر ئەوە ساغ بووەوە كە لە كەسێك زياتر بێتـە بەردەمی پەرلەمانی كوردستان، ئاخير بەشی بڕگەی دووەمی ماددەی پانزەهەم جێبەجێ بكات، كە باس لەوە دەكات موشەريع كە باسی لەوە كردووە بە زۆرينەی دەنگی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان دادەمەزرێن، وتوويەتی بە مەرجێك دەسەڵات و بەرپرسياريەتيان بە ياسا دياری بكرێت، واتە ئێمە ئەگەر فەقەرەی دووی ماددەی (١٥) دەنگی لەسەر دەدەين هەموو ئەنجومەنەكە دێتە ئێرە، پەرلەمانتارانی بەڕێز دەنگ لەسەر ئەوە دەدەن، كەواتە نابێ بەشێكی فەقەرەكە جێبەجێ بكەين، دەبێ فەقەرەكە بە تەواوەتی جێبەجێ بكەين، پەرلەمان دەبێت دەنگ بدات كە زياتر لە كەسێك دێتـە ئێرە دەبێت ئاخيری ماددەكە جێبەجێ بكات، دەبێت بەرپرسياريەتيان دياری بكرێت، ناكرێت ئەو كەسەی كە پلەكەی وەزيرە لێرە متمانەی وەرگرتووە، بەڕێزێكيش مودير عامە هەر لێرە متمانەی وەرگرتووە من ئەو مودير عامە بم دەڵێم من و تۆ وەكو يەكين، چونكە مەسدەری سوڵتەی هەردووكمان دەنگدانی پەرلەمانی كوردستانە، سەبارەت بە مەفهومی بەرپرسياريەتی بۆ خۆتان دەزانن بەرپرسياريەتی هيچ كەسێك لە ئێمە ، هيچ بەڕێزێك لە حكومەت بە سيفەتی شەخسی، بە سيفەتی كەسی بەرپرسيار نييە لە بەرامبەر پەرلەمانی كوردستان، تەنانەت سەرۆكی ئەنجومەنی وەزيرانيش بەرپرسە لە دامەزراوەيەك كە دامەزراوەی حكومەتی هەرێمی كوردستانەو وەزارەتەكانە، واتە ئيشكاليەتی بەرپرسياريەتی زۆر كێشە نابێ لە ماددەی پێشووشدا ساغمان كردووەتەوە، كە تەنها سەرۆك بەرپرسە، كەواتە سەرۆك بەرپرسە لە كردەوەی خۆی و موئەسەسەكەی كە ئەندامانی ئەنجومەنەكەش بێگومان بەڕێوەی دەبەن، لەبەرئەوە داواكاری من ئەوەيە لەڕووی قانونيەوە ئێمە ئەوەمان بەسەردا تێنەپەڕێ ئەگەر هاتو دەنگمان لەسەر ئەوەدا دەبێ ئەرك و بەرپرسياريەتی دەستەكە، سەرۆك ، جێگر،

بەڕێوەبەری سەندووق، ئەندامانی دەستە دیاربێ ، چونکە بەڕاستی ئەوکاتە تەنانەت سەرۆکی حکومەتیش حەقی ئەوەی نییە لێپرسینەوە لە مودیر عامێك بکات، کە لێرە لە پەرلەمانی کوردستان متمانەی پێدراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ناکرێت ئەوە دوایی لیژنەی یاسایش ڕوونکردنەوەی لەسەر بدەن، ناکرێت ئەو بەرپرسیاریەتانە لە ڕێگای پەیڕەوی ناوخۆی سەندووقەکەوە دەست نیشان بکرێت، کە ئەوەش ئەنجومەنی وەزیران پەسەندی دەکات، ئەوکاتە لە پەیڕەوەکەدا ئەوە دیاری بکرێت، بەرپرسیارییەتەکەیان چۆنە، مامۆستا مەڕوان فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل حسین (مەڕوان گەلاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیت هەیە کاك عمر؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتەی نیزامی نییە، بەلاَم بەدرێژایی تەمەنی عیراقیش و پەرلەمانی کوردستانیش نە وەکیل وەزیر، نە مودیر عام لەبەردەمی پەرلەماندا سوێندیان نەخواردووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی پێنجەم لەگەڵ ڕای امنە خانم، کە تەنها دەستەی سەرۆکایەتی سوێند بخوات، بۆئەوەی تووشی ئیشکالیەت نەبین، چونکە تەنها وەزیر دێتە بەردەم پەرلەمان و متمانە وەردەگرێت، بەلاَم بۆ خاڵی دووەم بەمشێوەیە بێ نابێ جیاکاری بکرێت تەنها سێ کەس سوێند بخۆن، ئەگەر تەنها سەرۆکێك کە نەیەتن متمانە وەربگرێت، دەبێ هەموو دەستەکە پێکەوە جیاکاری نەکرێت، هەموویان پێکەوە بێن و متمانە بە هەموویان بدرێت و، لە مودەتی (٤) ساڵەکەش بکرێت بە پێنج ساڵ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی زۆری قسەکان کرا، بەس هەروەکو ئەوەی کە پشتیوانیان لێ بکەم، ئەو (٩٠) ڕۆژە بابڵێین لە ماددەی پێنجەم خاڵی یەکەم زۆر زۆرە، لەگەڵ ئەوەم (٣٠) ڕۆژ بێت، هەروەها مادام ئێمە دەنگمان دا پێشتر ئەنجومەنی وەزیران لەڕووی ڕێکخستنەوە، هەر ئەنجومەنی وەزیران خۆشیان ئەو خاڵە یەعنی کاندیدەکان پێشکەش کەن نەك بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی هەرێمی، لە ڕای یەکەمدا هەر لە ماددەی پێنجەم، خاڵی یەکەم یەعنی بەپێی ئەوە بێت دەکاتە (١٢) ساڵ زیاتریش، کە دەڵێت یەکجار بۆی هەیە تازە بکرێتەوە، پاشانیش پاش تەواوبوونی ماوەی دیاریکراو ئەگەر بەپێی یاسا نوێ نەکرێتەوە، یەعنی ئەوە بەبڕوای من ڕوون بکرێتەوە ئایا (٨) زیاترە یان هەر (٨) ساڵە؟ ئاساییە دووجار بێت، بەلاّم (٩٠) زیاتر گونجاو نییە بەڕاستی، سوێندەکەش ئەو هاوڕێیانە ڕوونیان کردەوە بەڕاستی ئەوە لە سوێندی سەرۆکی ئەم دەستەیە ناچێت، کەسانی بیانی یەعنی ئەگەر ئەو سەندووقە ئەرکەکەی کۆکردنەوەی داهاتە وەکو لە ماددەی هەشتەمی ئەم پرۆژە یاسایە باسکراوە، سەرچاوەی کۆکردنەوەکەش دیارە ئیتر من نازانم دەبێ ڕاوێژکاری بیانی بۆچی بێ؟، یەعنی ماددەی هەشتەمی ئەم پرۆژە یاسایە ببوورە بەشی چوارەم بەڕێوەبردنی داهاتەکانی نەوت و گاز ماددەی هەشتەم، یەعنی دیاریشی کردووە پارەکە لەکوێوە دێت، یەعنی ڕوونە لەبەرئەوە من نازانم چ پێویستییەکی بە ڕاوێژکاری بیانی هەیە، کە فێریان بکات چۆن پارەکان کۆدەکەنەوە، ئەوەی تریان کە لە یاسای ژمارە (٢٢)ەوە هاتووە، بەڵێ لەگەڵ ئەوەم ئەوەی کە دەڵێت سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران دوای پەسەندکردن واتە ئەوە وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت، من لەگەڵ ئەوەم کە بێنە ئێرەو دواتریش لەناو پەیڕەوەکە ئەرك و بەرپرسیاریەتیەکەیان دیاری بکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستپێكی پشتگیری و پەسەندنێ ئاخافتنێ دكتۆر فرست دكەین، ئەو مادده ئان ژی ئەو سەنەدی قانونێ یاسا ژماره (٢٢) سالا (٢٠٠٧)داهاتیێ گەلەك وازیحه، كو پێتڤیه سەرۆك و ئەندامێن ئەنجومەنێ ئەڤێ دەستێ بێن بەردەم پەرلەمانی بێنه پەسەندكرنێ، ئەرك و دەسەلاتێت واناژی د دیڤ پەیڕەوێ ناوخۆ كو ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەم دەینێتێ دێت بێنه دەست نیشان كرنێ، سەبارەت به مادده پێنجییێ بڕگه ئێكێ ئەو (٩٠) ڕۆژه هەر زێدەنه، نابێتن كو پەرلەمانه لڤێرێ بەرائەته خۆی دیاری بكات، دڤێتن ژ بیر نەكات دوو وەزیفه بێتن، ئێكێ تەشریعه، یەكادی رەقابەیه نەك (٩٠) ڕۆژ، یان (٤٠) ڕۆژ ئان (٣) ڕۆژ بكاته قەیدەك و بێته سەر ملێ دەسەلاتا جێبەجێ كرنێ پێ مولزەم بكاتن، بۆ هەندێ بەرائەته خۆ پێ دیار كرن، بێژێتن ئیلتیزامی دوماهی هات دەمێ دا دەست پێ بكات، نەخێر هەر پێتڤی ناكاتن یەك ڕۆژی هەبێتن له ڕۆژا ڤی قانونێ دەسەلاتا جێبەجێ كرنێ مولزەمه ، دڤێتن ئەگەر وان ئیلتیزاما خۆ بەجێ نەهێنا، پەرلەمان موتابەعه ڤێ چەندێ بكات، سەبارەت ئەوی سیغەته كۆ بۆ سوێند داهاتێ ، ئەسڵەن ئەو سیغەته به هیچ شێوەیەك ناگونجێ لەگەڵ وان ئەرك و مەهامەت كو ئەڤ دەسته هەیه ب ستوییێ ڤه بگرێتن، چونكه ڕاسته ئەو كەسه دڤیت پۆستەی وەرگرتن پله وەزیره، بەس سیفەتێ وی نه سیفەتێكی سیاسییه، بەڵكو پتر سیفەتێكی میهنییه، ژ بەر هەندێ ژ دگەل وی كاك تحسین داڕێشتی، سەبارەت به خالا ئاخیرێ و خالا چوارێیه، ئەز باش دەزانم كو ئەڤ خالاڠا هەر ئەسڵەن زێدەیه، بەهیچ شێوەیەك پێتڤی ناكاتن كو ئەم بچین خەبیرێكێ ژ دەرڤه بێنین بۆ هەندێ كو نیشان مه بده، كه چەوا ئەم داهاته خۆ خڕ ڤه بكەین، چونكه ئەرك و دەسەلاتێت ئەڤی دەسته هەیه دەست نیشان كرن مەحدودن، دگەل هەندێ دا ئەگەر ماژی دامەزراندن بەهیچ شێوەیەك بۆ كەسێكی بیانی نایێتن، چونكه تەزراوب دروست دەكات دگەل قانونێ خدمه مەدەنییه، بەتایبەتی مادده (٧) فەقەره (١) دبێژی لازم عیراقی بیت یان متجنس بیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د. جوان، فەرموو.

**بەڕێز د. جوان إسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی (٥) برگەی (١) لەگەڵ بەڕێز کاك عمر عینایەتم، لەگەڵ خوشکە شکریەم کە (٩٠) ڕۆژ زۆرە، بکرێتە (٤٩) ڕۆژ، بە نیسبەت سوێندەکەی دووبارە ناکەمەوە، سوێندەکە بەڕاستی گشتی یە، دەبێ تایبەت بێ بە گوێرەی تەبیعەتی یاساکە بێ، خصوصییەتی بدرێتێ، بە نیسبەت برگەی سێیەم، کە باسی شروتی دامەزراندن دەکات، لێرەدا من سوپاسی لیژنەی دارایی دەکەم، سوپاسی لیژنەی پیشەسازی و لیژنەی یاسایی دەکەم، بەڕاستی ماندووبوونیان دیارە لەو یاسایەی کە برگەی سێیەم لە ماددەی (٥) دەخوێنیتەوە، دیارە ئەرکیان چەند بەجێهێناوە، وەسفی وەزائیف دەکەن، کە (job description) دوو لای گرتۆتەوە، لایەنی وەزیفەی کار و مەهام و مەسئولیاتی ئەو دەستەی دیاری کردووە، لایەنی تر باسی شەهادە و ئیختیصاص و لێهاتوویی و شارەزایی ئەو کەسانەی کردووە کە لەو دەستەیە ئیش دەکەن، بەڵام چۆن تۆ دەبینی شەهادە و ئیختیصاص گرنگە، شتێکی تر زۆر گرنگە، لە شەهادە و ئیختیصاص کەمتر نییە، ئەویش سلوکیات و ئەخلاقیاتی میهنەیە، واتا ڕاستە لە (شروگ العمل)، وەزیفە، نووسراوە ئەو شروتانە، بەڵام تەبیعەت و خصوصیەتی ئەو یاسایە دەخوازێ باسی دەستپاکی بکەین، باسی ئەمانەت بکەین، وەك ئەوەی لە کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری لە بەشی ژمێریاری، ئەوەی لەسەر سندووق ئیش دەکات بە عەرەبی پێی دەڵێن (أمين صندوق)، پێشنیاری ئەوە دەکەم بۆ لێژنەکە، ئەگەر ئەو ڕستەیەی لە ئاخیر فەقەرەی سێیەم دانێن، کە باسی (١٥) ساڵ دەکەن بە نیسبەت سەرۆك، (١٠) ساڵ بە نیسبەت جێگری سەرۆك و بەڕێوەبەری سندووق و ئەندامەکان، ئەوەش ئیزافە بکرێ (ئەو کەسانەی کە لەم دەستە کار دەکەن بە دەستپاکی و ئەمانەت ناسراوبن)، لەگەڵ ئەوەشم فەقەرەی چوارەم کە باسی ڕاوێژکاری بیانی دەکات، یەعنی خیبرەی ئەجنەبی، بەداخەوە دیارە شارەزا نییە لە هەرێمی کوردستان، لە هەموو جامیعەکان و زانکۆکانی هەرێمی کوردستان کۆلێژێك هەیە بە ناوی کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری، ئینسانی تەخەصوصی زۆر هەیە، لەلایەنی دارایی، لەلایەنی کارگێری، لەلایەنی...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تۆزێ دەرفەتمان پێ بدە د. جوان، با بێ دەنگ بن ئەندامانی پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کاتێ ئەندامی پەرلەمان قسە دەکات پێویست دەکات گوێ بگرین، بۆ ئەوەی بزانین چی دەڵێ؟ بۆ ئەوەی دوایی قسەکانی دووبارە نەکەینەوە.

**بەڕێز د. جوان إسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی بکەوێتە ئەخیر هەر شانسی وایە دکتۆر، من ئاخیر کەسم، شانسەکە وایە، بەڕێزان زانکۆ هەیە، زۆر زانکۆ لە هەرێمی کوردستان هەیە، کۆلێژێك هەیە بە ناوی کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری، بەشەری شارەزای کەفائەتی وای داراییمان هەیە، ئابووریمان هەیە، کارگێڕیمان هەیە، دەتوانین سوود لەوان وەرگرین، لەجیاتی ئەوەی ئیعتیماد لەسەر کەفائاتی ئەجنەبی بکەین، ئیعتیمادی زۆر باش لەسەر کەفائاتی ناوخۆ بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك زانا عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە من لەسەر بڕگەی (٣)، لەسەر مەرجەكانی دامەزراندن هەندێك قسەم هەیە، لەبەر ئەوەی ئەو سندووقە نوێ یە، گرنگیشە، وا باشە ئەو كەسانەی كە بەرپرسیارێتیان پێ دەدرێ شێوازی دامەزراندنەكەیان ڕوون بێ، دەرفەتی تیا بێ بۆ خەڵكی نوێش، ئەوەی كە لێرە هەیە ناڕوونی هەیە، سەرۆكی دەستەكە تەنها نووسراوە كەسێكی لێهاتوو بێ، دەبێ میكانیزمێك دابنرێ لە ڕێگەی (CV) بێ، بۆ ئەوەی فورسەت بخولقێ خەڵكی تر، یەعنی ئەنجومەنی وەزیران لە ناو ئەم یاسایە ڕوون نەكراوەتەوە، چۆن ئەو كەسە دیاری دەكات؟ چونكە ئەوەی كە من بینیم لێرە، باس دەكات مەرجە گشتییەكانی دامەزراندنی لە وەزیفەی گشتی تیا بێ، بەلایەنی كەم هەڵگری بڕوانامەی زانكۆیی بێ لە بواری پسپۆڕی دەستە خاوەنی شارەزایی بێ، ماوەی كەمتر نەبێ لە (١٥) ساڵ، یەعنی ئێستا لەبەر چاومن كێن، دەستەكە لەبەر چاومە، كۆمەڵێ خەڵكی كە هەموو تەمەنێكی زۆر زۆریان هەیە، دانیشتوون، یەعنی ئێستا وێنەكانیش لەبەر چاوی من دا هەیە، ئەو (١٥) ساڵە زۆر زۆرە ڕاستی، یەعنی دەبێ فورسەت بۆ گەنج بخوڵقێ، واتا ڕاستە پسپۆڕی و ئەزموون گرنگە، بەڵام خۆ گەنجی ئەو وڵاتەش، ئێمە بەرنامەی تواناسازیمان هەیە، كۆمەڵێ گەنجی زۆرمان ناردۆتە دەرەوە، ئێ ئەوانە دێنەوە، تۆ هەرچی پۆستی ئەم وڵاتە هەیە داتناوە (١٠) ساڵ شارەزایی و (١٥) ساڵ شارەزایی، (٢٠) ساڵ شارەزایی، فورسەت ناخولقێ، ئەوە چوار ساڵیش فورسەتی دەدەیتێ، چوار ساڵی تریش خۆی كاندید بكاتەوە بۆ سەرۆكی دەستەكە، یەعنی بزانە تەمەنی دەبێ بە چەند، لەبەر ئەوە ئەو (١٥) ساڵە زۆر زۆرە، بەبڕوای من بكرێتە (٥) ساڵ بۆ هەردووكیان، هەم بۆ سەرۆكی دەستەكە، هەم ئەوانەی كە بۆ جێگری سەرۆك و بەڕێوەبەری سندووقەكەش پێنج ساڵ شارەزاییان هەبێ كیفایەتە، تا ئەو گەنجانەی كە لەم وڵاتەش دەژین خەونیان هەبێ ڕۆژێ ببنە سەرۆكی سندووق و ببنە ئەندام لە بەڕێوەبردنی ئەو وڵاتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك ئومێد حەمە علی، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەم پشتیوانی ڕوونکردنەوەکانی د. فرسەت دەکەم، کە هەموو متمانەی پەرلەمان وەربگرن، دووهەم/ هەرچەندە سوێند مەسەلەیەکی ئەخلاقی یە، بەڵام بە بڕوای من سوێندەکەش بگۆڕێ بەشێوەیەك کە لەگەڵ جەوهەری کاری دەستەکە بگونجێ، چەمکی دەستپاکی تێدابێ، سێهەم/ پشتیوانی کاك عمر عینایەت دەکەم لەوەی کە ڕاوێژکاران دیاری بکرێن، سنوورێکیان بۆ دابنرێ، لە یەك تا دوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕای حکومەت، بەڕێز د. ئاشتی هەورامی، فەرموو.

**بەڕێز د. ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتییەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند تێبینییەکمان هەیە لەسەر ناحیەی فەنی و عەمەلی، یەعنی بڕیار لای بەڕێزان..

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تۆزێ مایکەکەت نزیك بکەیتەوە بەڕێز د. ئاشتی، بۆ ئەوەی گوێیان لێ بێ.

**بەڕێز د. ئاشتی هەورامی/ وەزیری سامانە سروشتییەکان:**

بەڵێ، ببوورە، یەکەم/ نەوەد ڕۆژ بە نەوەد ڕۆژ شتێکی عەمەلی دانراوە، چونکە بە (٣٠) ڕۆژ ناکرێ، تا خەڵك بدۆزیتەوە، موقابەلەیان دەکەین، ئەوە شتێکی عەمەلی یە، تۆ دەبێ خەڵکی شارەزا بدۆزیتەوە، موناسیبە بەو ئیشە یان نا، ئەوە خەتوەی یەکەم، ئەوەی دووەم/ نەوەدی دووەم لە ماددەی (١٣)، دەتوانین ئەوە نەختێ کەم بکەینەوە، بیکەین بە (٦٠) ڕۆژ، بەڵام یەکەم زەرورییە، من نایبینم، حەز دەکەی بیکە بە (١٠) ڕۆژ، بەڵام ناحیەی عەمەلی ناڕوا، کەچی ئەنجومەنی وەزیران پێی ناکرێ، ئیعلانی دەکات خەڵك دەدۆزێتەوە، گفتوگۆ دەکات، هەماهەنگی لەگەڵ کێ دەکات؟ دەتانەوێ هەماهەنگی لاببەن، لایبەن موشکیلە نییە، بەڵام ناحیەی عەمەلی، جیهەی مەعنی مالیەیە و نەوتە، دەچێتەوە ئەو لوجنەیە، دەچێتەوە ئەو لیژنەیە خۆی مەعنییە، شارەزایە لە ئەنجومەنی وەزیران، زیاتر لە هەموو ئەندامەکانی تر، ڕایسپێرێ بەوان، بڵێ جێبەجێی بکەن، ئەندامامان بۆ بدۆزنەوە، ڕاستە پەسند کردنەکەی لای ئەنجومەنی وەزیران دەبێ، بەڵام عەمەلیەن کە کاندید بدۆزیتەوە و پێشنیار بکەیت و موقابەلەی بکەیت، (CV)یەکەی پەسند بکەی، دەبێ لیژنەی بۆ دابنێی، لیژنەکەش خۆی جیهەی مەعنی داهاتە و مالیەیە، لەگەڵ دارایی، جا لەبەر ئەوە با وەکو خۆی بمێنێ، من لەبەر سوێندیش من لەگەڵ ڕای زۆربەی ئەندامەکانم، کە ئیزافەی بۆ بکرێ، نەك سامان، داهات، سامان خۆی وەکو سامانی سروشتی، وەکو نەوتەکە خۆیەتی، باسی داهاتەکە دەکەین، ئەوە بخرێتە سەر سوێندەکە پێمان باشە بۆ ئەوە، چوار ساڵ عەمەلی ترە لە هەموو دەزگاکانی جیهانی من ئاگام لێیە پێنج ساڵی نییە، چوار ساڵییە، بشبێ بە پێنج ساڵ موشکیلە نییە، بەڵام چوار ساڵی باشترە، بەڵام بۆ سەرۆکی دەستەکە با لەگەڵ خولی پەرلەمان بێ، وەکو ئەنجومەنی وەزیران، وەزیر دەگۆڕێ هەموو، ناکرێ پێنج ساڵ بمێنێ، هەر ئەو بە تەنها وەزیر ماوەتەوە، بەڵام سەرۆکی دەستەکە کە پلەی وەزیرە، کە

ئەنجومەن گۆڕا، ئەویش دەگۆڕێ، بەڵام باقی ئەندامەکان لە شوێنی خۆیان دەمێنن، چوار ساڵ قابیلی تەمدید بێ، یان نا، یەك جار تەمدید بێ بەسە، باوەڕ ناکەم پێویستی بە زیاتر بێ، ڕاوێژکاری بیانی پێویستە یان پێویست نییە؟ بیانی بێ، یان بیانی نەبێ، بەڵام ڕاوێژکارێك کە بتوانی بە عەقد دایبمەزرێنی، بۆ ئەوەی کە شارەزایی هەیە بەکاری بێنن، بۆ نموونە بەڕێزان من لە ئەنجومەنی وەزیرانم، برادەرم لێرە نییە وەزیری دارایی کە خۆی قسە بکات، داوای لێ بکە ڕاپۆرتێکت بۆ دروست بکات چەند گرافێکی تێدا بێ، چەند تەحلیلێکی تێدا بێ، وەڵلا بە مانگێك دروستی ناکات، شارەزایی نییە، هەتا لە ئەساسی وەزارەتی دارایی دا حاسیبە نییە، هەمووی بە دەست دەکرێ، ئێ باشە تۆ چۆن دەتوانی ئەم سندووقە بەڕێوەببەی بێ ئەوەی ئەم شارەزایی یە دروست بکەی، بەڕێزان من ئەوەی بەباشی دەزانم خۆی ئەمینی سندووقەکە دەبێ یەکێ لەوانە بێ کە بیدۆزینەوە، ئیحتیماڵە ئەجنەبی بێ، جا لەبەر ئەوە من دێمەوە سەر ئەساسەکە، یەك کەس بەرپرسە، سەرۆکەکەیە دێت سوێند دەخوات، نەك هەر سێ کەس، نەك هەر شەشەکە، ئەوە دروست ترە، لەبەر ئەوەی ئیحتیمال زۆرە ئێمە ئەمینی سندووقەکە دەبێ ئەو شارەزایی تەواوی هەبێ، من وەکو وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، با باسی وەزارەتی خۆم بکەم، چەند ڕاوێژکاری دەرەوەم هێناوە، زۆر ئیعتیمادیان لەسەر دەکەم، ئیشم بۆ دەکەن، وەڵلا، وەبیلا، وەتەڵا (٥٠) کەسم بۆ بێنە لە جیۆلۆجییەکان ناتوانێ خەریتەیەکم بۆ بکات هێشتا، ئێ باشە ئەوە تۆ ئیشێکی عەمەلیت داناوە، دەبێ بتوانێ ڕۆژانە ڕاپۆرت دەربکات، دەبێ تەحلیل بکات، دەبێ بتوانێ کۆمپیوتەر بەکار بهێنێ، ناتوانین خەڵك تەعین بکەین لەبەر ئەوان، بۆ ئەوەمان نەکردووە، ئەگەر وابێ با هەر لە شوێنی خۆی بمێنێ، خۆ من باشتر دەتوانم ڕاپۆرتت بۆ بکەم، تۆ دەتەوێ سەربەخۆیی هەبێ، بەڵام عەمەلی تر بێ، ئیشەکەی خێراتر بڕوات، ئیشەکەی شەفاف بێ، ئیشەکەی بە توانا بیکات، تەحلیل بکات، بۆ ئەوەی تێی بگەین هەمووومان، جا لەبەر ئەوە پێشنیاری ئێمە وایە هەر یەك کەس بێ بۆ پەرلەمان، لەبەر ئەو سەبەبە مەجال بدەین کە ڕەئیسی سندووقەکە لەوانەیە، ئیحتیماڵە یەکێکی شارەزا بێ لە دەرەوە بیدۆزینەوە، بڕوا ناکەم من کەس ناناسم، لەوانەیە بەڕێزتان زۆر خەڵك بناسن بتوانێ ئەو ئیشە بکات، ئەگەر هەبوایە من تەعینم دەکرد لای من، خەڵکی وام پێویستە بۆ موحاسەبە، نییە، لە دەرەوە هێناومە، جا بەڕێزان ئەوە کورت و موختەسەر ئێمە میللەتی کورد مەئساتی زۆرمان دیوە، هێشتا مەجالێکی زۆرمان ماوە کە بگەینە ئەوە بتوانین بەشێ لەو ئیشانەی خۆمان، خۆمان بە دەستی خۆمان بیکەین، لەبەر ئەوە هیوادارم کە بە خراپ وەری نەگرن، من حەز دەکەم کە بزانن ئەوە عەمەلی دانراوە ئەم یاسایەی کە بڕوا، ئیشەکە بڕوات، شتێکی فەنی دروست ببێ، بتوانین بە شەفافیەت خێرا مەعلوماتەکە بە پەلە وەربگرین، کە بتوانین تەحلیلی بکەین، جا لەبەر ئەو سەبەبانەیە من لەگەڵ ئەوەم کە یەك بێ بۆ سوێند خواردن، یەك شتی تریش خەلەل هەیە لە هینەکە، لەوانەیە لە صیاغەی عەقدەکەیە کە ئێمە ناردوومانە، بە تەئکید مەبەستی ئێمە نەبووە کە وەزیری سامانە سروشتییەکان یان وەزیری دارایی نوێنەری خۆی بکات بە ئەندام، نا، ئەو پێشنیاری دەکات، دەبێ دەنگی بۆ بدرێ لە ئەنجومەنی وەزیران، مەبەست ئەوە نییە ئاشتی

هەورامی، یان وەکو کا ڕێباز بەیانی بڵێ فلانە مودیر عامم دەنێرم، ئەندامە، دەبێ هەموو کەسێك بێدەنگ بێ، نە کەس بڵێ ڕەئیم هەیە لەسەری، نا، بە عەکسەوە، دەبێ حاڵی، حاڵی باقی بێ، دەبێ ئەنجومەنی هەرێمی موقابەلەی بکات، ئەنجومەنی وەزیران بڵێ ئەوە هینەکەی باشە یان باش نییە، جا لەبەر ئەوە من حەز دەکەم ئەوەش چارەسەر بکرێ، هەموو ئەندامەکان بەیەکەوە ئەنجومەنی وەزیران پەسندیان بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو منیرە مولاحەزەیەکت هەبوو؟ نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئێمە لە قسەکانی بەڕێز ئاشتی هەورامییەوە خەریکە بێ هیوا دەبین لە گەنجی وڵاتەکەمان، یەعنی گەنجی ئێمە گەیشتبێتەئاستێك نەتوانێ کۆمپیوتەر بەکار بێنێ، ئەی بۆ زانکۆکان داناخەن؟ بۆ قەرار نەدەین زانکۆکان دابخەین؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە خاتوو منیرە، قسەی خۆتت کردووە و ڕەئی خۆتت وتووە، ئەویش ڕەئی خۆی دەڵێ، لیژنە پەیوەندیدارەکان قسەتان هەیە؟

**بەڕێز د. ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکان زۆر بوون، لەسەر ڕا و پێشنیاری بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لیژنەکان ڕێککەوتووین کە بەو شێوەیەی ئێستا دامان ڕشتووە بیدەینە دەنگدان، بەڵام ئەگەر بەڕێزتان دەقەیەکی ترمان بدەنێ، مەمنون دەبین بۆ ئەو بابەتە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە سوپاس، بەڕێز د. زۆزان، فەرموو.

**بەڕێز د. زۆزان صادق سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نە نوقتەت نیزامی، بەس وەکو ڕەخنەیەکە، مولاحەزەیەکە وەکی دگەل منیرە خانێ، ئەگەر ڤی شێوە بیتن مە هەندە پسپۆر و تایبەتمەند و دکتۆر و پرۆفیسۆر لە زانکۆیێت هەرێمێ هەین، هەمیا موختەص نەبن و شارەزا نەبن، جەدوەلەکی بۆمە چێکەن بۆ شولەکی واستە یەعنی زانکۆیێت مە هەمیت فاشیلن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە سوپاس، د. ڤالا، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالأ فريد إبراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە دەیخوێنینەوە ڕا و پێشنیاری زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان تێدا جێی كراوەتەوە، دوای گفتوگۆكردن لەلای لیژنەكان.

ماددەی پێنجەم:

یەكەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم لە ماوەی (٩٠) نەوەد رۆژ لە رێككەوتی بەركاربوونی ئەم یاسایەدا، هەماهەنگی بكات لەگەڵ ئەنجومەنی هەرێمیی بۆ پێشكەش كردنی كاندیدی لێهاتوو بۆ هەر یەك لەو پۆستانەی لە بڕگەی دووەمی ماددەی چوارەمی ئەم یاسایەدا هاتووە.

دووەم:

١- ئەندامانی دەستە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پاش پەسند كردنیان بە زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان بۆ ماوەیەك كە زیاتر نەبێت لە چوار ساڵ دادەمەزرێن و شیاوی یەكجار نوێ كردنەوەن بە هەمان ڕێكارە باسكراوەكان، ئەوانەی ئەو وەزیفانەیان پڕ كردۆتەوە پاش تەواوبوونی ماوەی دیاری كراو ئەگەر بە پێی یاسا نوێ نەكرێتەوە، ئەوا دەگەڕێندرێنەوە سەر كارەكانی پێشوویان بەر لە ئەستۆ گرتنی ئەو وەزیفانە.

٢- سەرۆكی دەستە لەبەردەم پەرلەمان دا ئەم سوێندە دەخوات:

(بە خودای مەزن سوێند دەخۆم كە بە دڵسۆزیەوە پارێزگاری لە یەكێتی گەل و سامان و خاكی كوردستانی عێراق بكەم و پابەند بم بە یاسا).

٣- مەرجە لە دامەزراندنی هەر یەك لە سەرۆك و جێگرەكەی و بەڕێوەبەری سەندووق و ئەندامانی دەستە، سەرباری بوونی مەرجە گشتییەكانی دامەزراندن لە وەزیفەی گشتی دا، بەلای كەم هەڵگری بڕوانامەی زانكۆیی بەرایی بێت لە بواری پسپۆڕی دەستەو خاوەن شارەزایی بێت لە بواری پسپۆڕی دەستە بۆ ماوەیەك كەمتر نەبێت لە (١٠) دە ساڵ بەنیسبەت سەرۆك و (٧) حەوت ساڵ بەنیسبەت جێگری سەرۆك و بەڕێوەبەری سەندووق و ئەندامەكان.

سەرباری بوونی مەرجە گشتیەكانی دامەزراندن لە وەزیفەی گشتی دا بەلای كەم هەڵگری بڕوانامەی زانكۆیی بەرایی بێ لەبواری پسپۆری دەستەو خاوەن شارەزایی بێ لەبواری پسپۆری دەستە بۆ ماوەیەك كەمتر نەبێ لە ١٠ ساڵ بە نیسبەتی سەرۆك و حەوت ساڵ بەنیسبەت جێگری سەرۆك و بەڕێوەبەری سەندوق و ئەندامەكان.

٤- ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە کەسان لەوانەی خاوەن شارەزایی و پسپۆڕن لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی هەرێمیی بەسیفەتی ڕاوێژکاریی دابمەزرێنێت و ماف و پابەندییەکانیان بەپێی گرێبەست و بەگوێرەی پێڕەوی ناوخۆی دەستە کە ئەنجومەنی وەزیران پەسەندی دەکات، دیاری بکرێن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو امنە فەرموو.

**بەڕێز امنە زکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مە ل نوقتەیەکا یاسایی ئەگەر هاتوو بە وەرگریش پەرلەمانی وەرگریتن، ماوەی گرێدانا خۆ ل پەرلەمانێ بەرچاڤ بێتە وەرگرتن، چار ساڵ ناگونجێت گەل خولا پەرلەمانێ، یەعنی فەراغا یاسایی بۆ سەرۆکێ دەستێ دێ چێ بیتن، باشە ببیتە پێنج ساڵ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل عزیز شکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

٩٠ ڕۆژەکە وەکو خۆی ماوەتەوە، کە ڕای زۆرینەی ئەندام پەرلەمانەکان کە ئەو ماوەیە زۆرە، هەروەها لە ڕای یەکەمیش کە لە ماوەی دیاری کراودا بە پێی یاسا نوێ نەکرێتەوە، ئەو (بەپێی یاسایە نوێ نەکرێتەوە) زۆر مەتاتیە، یەعنی ڕێخۆشکەرە بۆ ئەوەی کە ئەو ئەندامە بەڕێزانە بۆ ماوەی هەشت ساڵی دیکەش واتە بچێتە (١٦) ساڵ ماوەکەیان بۆ درێژ بکرێتەوە، ئەڵێ (چوار ساڵی شیاو بۆ یەك جار نوێ کردنەوە) یەعنی تا ئێستا بۆ (٨) ساڵ تەبیعیە، بەڵام دەڵێ (بەهەمان کارە باس کراوەکان دادەمەزرێن) ئەوانەی ئەم وەزیفانەیان پڕکردووەتەوە، پاش تەواوبوونی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو جارەشی تازە بوویەوە، بەهەمان ڕێکاری یاسایی، یەعنی دەبێ ئەنجومەنی وەزیران ڕازی بێ، بێتە پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمانی کوردستانیش پەسەندی بکات، ئینجا دەبێتەوە، کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل عزیز شکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەعنی هەمان ئەندام؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ هەمان ئەندام، یەك جار دەتوانێ تازە ببێتەوە، بەلاَم بەهەمان ڕێكارەكان، واتە دەبێ ئەنجومەنی وەزیران ڕازی بێ و پەرلەمانیش ڕازی بێ، كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل عزیز شكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە بۆ هەشت ساڵەكە بەڕێزم، بەلاَم لێرە دەڵێ پاش تەواو بوونی ماوەی دیاری كراوەكە، ئەگەر بە پێی یاسا نوێ نەكرێتەوە ئەوا دەگەڕێندرێتەوە سەر كاری پێشووی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆكی پەرلەمان.**

یەعنی چوار ساڵەكە ئەگەر تازە نەبوویەوە دەڕواتەوە سەر ئیشەكەی خۆی، كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل عزیز شكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وشەی (ئەگەر بە پێی یاسا نوێ نەكرێتەوە) كەمێك مەتاتیە، یەعنی ئیحتمالی ئەوە هەیە دوای هەشت ساڵەكە بۆ چوار ساڵی تر دیسان بۆیان تازە بكرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە ئێستا لیژنەی یاسایی ڕوونكردنەوەت دەدەنێ، خاتوو شكریە فەرموو.

**بەڕێز شكریە اسماعیل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆربەی پێشنیارەكانی ئێمە ڕەچاو نەكراوە، ئێمە كۆمەڵێك پەرلەمانتار ئەوەمان پێشنیار كرد كە ماوەی (٩٠) ڕۆژ گەلێك زۆرە، بكرێ بە (٦٠) یان (٤٥) یان (٥٠) هیچیان وەر نەگیراوە، سەبارەت بە سوێندەكە، ئەوەی كە دكتۆرە خوێندیەوە، بەڕاستی زۆرێك لەو سوێندانەی كە ئێمە پێشنیارمان كرد ئەوانەی كە ئێمە وتمان بەم شێوازە نییە، بۆیە ئەو سوێندەی كە جەنابیان خوێندیەوە لەگەڵ ناوەڕۆكەكەی لەگەڵ ئەم كاروپیشەیە ناگونجێ، سەبارەت بە مەسەلەی ڕاوێژكار كە زۆرێك لە ئەندام پەرلەمانان پێشنیاریان كرد كە ئەمە بەڕاستی ئەو ڕاوێژكارە، هێنانی ڕاوێژكارێكی بیانی بە مووچەیەكی یەكجار زۆر لەگەڵ ئێستای هەرێمی كوردستان ناگونجێ ئەگەر زۆر زەرور بوو ئینجا بە عەقد بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆكی پەرلەمان.**

بیانیەكە لابراوە پێم وابێ، خاتو منیرە فەرموو.

**بەڕێز منیرە عپمان علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

داوا لە بەڕێز لیژنەی یاسایی دەكەم جارێكی تر خاڵی كۆتاییمان بۆ بخوێننەوە بێ زەحمەت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە دوایی هەمووی دەیخوێننەوە، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فیعلەن ئێمە داوامان کردووە (٩٠) ڕۆژەکە کەم بکرێتەوە، دەسکاری نەکراوە، پشتگیری قسەی کاك عادل دەکەم کە داوا دەکات بە پێی یاسا نوێ بکرێتەوە، ئەوە تەحسیلێ حاسڵە، ئەوە ئەگەر بیانەوێ بۆیان نوێ بکرێتەوە، ئەو کاتە یاسایەکە هەموار دەکەن و با (٨) ساڵەکە ببێت بە (١٢) ساڵ، بەڵام ئێستا ئەوە مەتاتیە و پێویستە ئەو وشەیە لابرێ، لەسەر سوێندەکە وشەی دەستپاکیمان داوا کرد دەستپاکیەکەیان ڕەچاو نەکردووە، بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی یاسایی و سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە ڕاوێژکارەکانیش دا ئێمە داوامان کرد بکرێ بە شێوەی کاتی و ژمارەی ڕاوێژکارەکانیش دیاری بکرێ، ناکرێ مەفتوح بێ بۆ ڕاوێژکارێك، لەوانەیە سەد ڕاوێژکار دابمەزرێنێ، یەعنی ئێمە نموونەمان هێنایەوە لە یەك دائیرە لە کوردستان دا (٢٢) ڕاوێژکار دامەزراوە، یەعنی ئەمە با ژمارەکەی تەحدید بکرێ، چەند ڕاوێژکاری پێویستە ئێستا پێمان بڵێن، یەکە؟ دووە؟ دەیە؟ بیستە؟ با لێرە ئێستا تەحدید بکرێ، چەند ڕاوێژکاریان دەوێ؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو زۆزان فەرموو.

**بەڕێز د.زۆزان صادق سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مە سێ ئەندام پەرلەمانا پێشنیار کر کو کاندیدی لێهاتوو ببیتە کاندیدێ پسپۆر یان کاندیدێ پسپۆر و لێهاتوو، چونکە لڤێرێ دیت هەڤ دژیەك هەبیتن دگەل ماددا بەری، کو یا گۆتی پسپۆڕەکی دارایی، پسپۆڕەکی ئابووری، یەعنی لڤێرێ ئەو پەیڤا لێهاتوو لڤێرێ دێتن موتەمەکین، یەعنی هەڤ دژی وەیە ئەوە کو موختەس بی ل ماددا دی تردا، ڤە دڤێت ئان پسپۆڕەك کاندیدەکی پسپۆر و لێهاتوو بیتن یان کاندیدەکی پسپۆر، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە لیژنەکانی پەرلەمان، تەبعەن ئەو سیاغەیەی خوێنرایەوە، ڕێککەوتنی هەموو لیژنەکان بوو، ئەو سێ لیژنەیەی کە لەسەر مەنەسەکەن، ئەو سیاغەی کە خوێندیانەوە، بۆیە ئێستا ڕوونکردنەوە بدەن لەسەر ئەو سیاغەیەی کە خوێندیانەوە و تێبینی ئەندامانی پەرلەمانیش ڕەچاو بکەن و وەڵامی تێبینیەکان بدەنەوە، کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هەموو ڕەئیەکی ئەندامی پەرلەمان جێی ئیعتبارە و ئێوە دەتوانن بە دەنگدان یەکلایی بکەنەوە، بەڵام کە ئێمە لەدوای موشاوەرەیەکی زۆر، یەعنی ڕەئیەکانی ئێوەمان لەبەردەستە، موناقەشەی دەکەین لەگەڵ حکومەت و لەگەڵ خۆمان لەڕووی مەنتقی لێکی دەدەینەوە و دوا سیاغەیەی نیهائی وەردەگرین، بەو مەعنایە نییە ڕەئی ئێوەمان لەبیر چووبێ، لەبەدەل ئەوە ئەگەر ئەوکاتە هەموو ڕەئیەك کە قسەی لەسەر کرا دەیخەینە دەنگەوە ئەوە شتێکی دیکەیە، لەبەرئەوە زۆرجار ئەوە دووبارە دەکرێتەوە و ئەندامان دەڵێن ئەو ڕەئیەی ئێمە وەرنەگیرا، لەسەر (٩٠) ڕۆژەکە یەکەم شت ئەم مەوزوعە رەبتی بە حکومەتەوەیە، حکومەت جیهەی مەعنیە، دەڵێ من پێویستم بە (٩٠) ڕۆژە ئەوە یەك، دوو/ ئێمە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنمان لە پەرلەمان دروست کرد، (٩٠) ڕۆژمان دانا ئاخر ڕۆژ پێ ڕاگەیشتین، کە مەسەلەی ئیختساسی و پسپۆری نەبوو دەزانن چۆنمان دانا، ئاخر ڕۆژ بۆ سبەینێ مودەکە سقوتی دەکرد، ئەمە شتێکی پسپۆری و ئیختساسیە، سێیەم/ ئەم وڵاتە لەسەر ئەم (٩٠) ڕۆژە ئەمە بۆ یەکەمجارە گرنگە ئەم کارە، هەتا دروست دەبێ، دواتر دەکەوێتە سەر سکەی خۆی و ئەم (٩٠) ڕۆژە شتەکە کۆتایی پێ دێت، بۆیە یەعنی وەك ڕەئی لیژنە لەگەڵ حکومەت مادام ئەوان خۆیان وایان پێ باشە و تەجروبەشمان نەبووە، کێشە نییە، (٩٠)ی دووەمیش لیژنەی با بڵێین سامانە سروشتییەکان و ئێمەش ڕەئیمان وایە، ئەگەر وابوو لەوێ دەتوانرێ، قابیلی ئەوەیە بکرێ بە (٦٠) ڕۆژ ئەو ڕەئیەی کاك عمر وکاك عادل باسیان کرد، مەنتقەکەی یەعنی دارِشتنەوەی نەسەکەی ئەوهایە کە ئەو کەسە چوار ساڵە و چوار ساڵی دیکەی بۆ نوێ دەکرێتەوە، بەڵام کە دەیخوێنیەوە، لەوانەیە هەندێ کەس تەفسیری دی تێ بگات، بۆیە ئەوەمان دەسکاری کرد کە بڵێین پاش تەواو بوونی ماوەی دیاری کراو ئەوە لادەدەین هەر دەڵێین ئەو کاتە با بڵێین بە پێی یاسا کە بۆی نوێ دەکرێتەوە لادەبەین، پاش تەواو بوونی کارەکەی دەگەڕێتەوە سەر وەزیفەکەی خۆی، ئەو ڕەئیەشمان وەرگرتووە سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز د.ڤاڵا فەرموو.**

**بەڕێز د.ڤاڵا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەوەی کە پەیوەست بوو بە بابەتی سوێند خواردنەکە کە موستەڵەحی دەستپاکی بۆ زیاد بکرێ، من ئەندامان دڵنیا دەکەمەوە لەوەی کاتێ کە لەبڕگەی سێیەم دەڵێین مەرجە لە دامەزراندنی هەریەك لە ئەندامان، بوونی مەرجە گشتیەکانی دامەزراندن لە وەزیفەی گشتی دا، هیچ کەسێك لە وەزیفەی گشتی دا دانامەزرێت ئەگەر هاتوو ئیدانە کرابێ بە تاوانی جونحە یاخود جینایە، کە دەست پیسی و تاوانەکانی جونحە و جینایە دەچنە ناو ئەو بابە، واتە کە دەڵێین مەرجە گشتیەکان بە پێی وەزیفەی گشتی ئەو کەسەی کە تاوانبار بێ بە یەکێك لەو تاوانانە خۆی دانامەزرێ، بۆیە دەستپاکی ئەو کەسە تەحسیڵ حاسڵە**

به پێی یاسا، ئەوە سەبارەت بەو بابەتە، بابەتی دووەم کە باسکرا ڕاوێژکارەکان بە سیفەتی کاتی بن، ئێمە خۆمان لە یاسایەکەدا دەڵێین بەپێی گرێبەست، کە دەڵێین گرێبەست، یەعنی عەقد، عەقد خۆی دامەزراندن نییە و عەقد خۆی موەقەتە لێرە، لەڕووی یاساییەوە عەقد موەقەتە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

با تەواو بێ کاك سۆران، نوقتەی نیزامی؟ فەرمووو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیسان لە سوێندەکە کە بەڕێز د.اشتی تەئکیدی کردەوە قەزیە سامان نییە، داهاتە، با وشەی سامان بکرێ بە داهات، دەبوو ڕەچاوبکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داهات بە موستەڵەحی عەرەبیەکەی بە مانای ئیرادات دێت، ئێمە دیراسەی هەندێك لە یاساکانمان کرد کەسوێندی تێدایە نازانم موستەڵەحی ئیرادات هیچ سوێندی پێ نەخوراوە، دائیمەن سامان هاتووە، (پروات) هاتووە، بەڵام ڕەئی نیهائی بۆ ئەندامانی پەرلەمان دەمێنێتەوە، بیکەن بە داهات، پهرەواتی مالی هەیە، بەڵام بە سامان هاتووە، بەڵام داهات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی فەرمووی کە دەستپاکی تەحسیلێ حاسڵە، خۆ دڵسۆزیش تەحسیلێ حاسڵە بۆ هاتووە دڵسۆزی، یەعنی دەستپاکی بۆ نەبێ، چ زەرەرێك دەدا لەو سوێندە، ئەوەیە یەکەم، دووەم ژمارەی ڕاوێژکارەکان با بوترێ، یەعنی ناتوانی مەفتوح بێ لەوانەیە سەد ڕاوێژکار دامەزرێنێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆکی پەرلەمان.**

باشە سوپاس، کاك خلف فەرموو.

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەئكید لەو قسەیەی ئەخیری كاك عمر دەكەم، سەبارەت بە تەحدید كردنی ڕاوێژكارەكان دوو، سێ جار پێشنیاری كرد لیژنەی یاسایی باسیان نەكرد، عەددەدی ڕاوێژكارەكان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕای لیژنە پەیوەندارەكان چییە لەسەر ژمارەی ڕاوێژكارەكان؟ بەڕێز د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە جیهەتێكی تەنفیزیە و حكومەت كاتێك كە دەستەكە دادەمەزرێنێ ئەو دەزانێ پێویستی بە چەند ڕاوێژكارە، چۆن ئەتۆ بۆی تەحدیدی عەددەدی ڕاوێژكار دەكەی پێش دامەزراندنی دەستەكە، ئەوە كارێكە پەیوەنیدارە بە خۆیانەوە، بەڵام ڕەئیش بۆ ئەندامانی پەرلەمانە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆكی پەرلەمان:**

هیچ یاسایەك هەیە كە ژمارەی ڕاوێژكاری دیاری كردبێ؟ هیچ یاسایەك هەیە؟ بەڵێ د.عزت فەرموو.

**بەڕێز د.عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان نەهاتووە، سەرۆكایەتی پەرلەمان چەندی ڕاوێژكاری هەبێ، لە ئەنجومەنی وەزیران نەهاتووە، سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران چەند ڕاوێژكاری هەبێ، لەگەڵ ئەوەشدا لەپەیڕەوی ناوخۆی ئەم موئەسەسەیە دەتوانن دیاری بكەن، بە پێی پێویست ڕاوێژكار دادەمەزرێنرێ، لەبەرئەوە بە ڕەئی ئێمە لە پەرلەمان زەحمەتە تۆ دیاری بكەی ژمارەی ڕاوێژكار.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل عزیز شكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كاری ئەم دەستەیە و ئەم سەندوقە تەنها پارە كۆكردنەوەیە، خۆ كارێكی تر ناكات، تا نەزانێ چەند ڕاوێژكاری پێویستە یەعنی بەڕاستی، كاری ئەم سەندوقە تەنها پارە كۆكردنەوەی داهاتی نەوت و گازی ئەم وڵاتەیە، یەعنی ئیشەكەیان مەحدودە پارەی ئەم نەوت و گازە دەچێتە ئەم سەندوقەوە، یەعنی دەبێ مادام مەحدودە ئیشەكە كەواتە دەبێ ڕاوێژكارەكانیش مەحدود بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.عزت فەرموو.

**بەڕێز د.عزت صابر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئیماراتی ئەبوزەبی داهاتی هەموو نەوتەكەی ئەجنەبیەك كۆی دەكاتەوە و بەدوایدا دەگەڕێ و عەقد دەكات هەتا كۆتایی، لەبەرئەوە با بەهین وەری نەگرین، من بە خراپی نابینم بەڕاستی بەشێكی سەركەوتنی ئیماراتەكانی دوبەی و ئەبو زەبی و ئەوانە عەقڵی نێودەوڵەتی بووە، لەبەرئەوە با لێی نەترسین، بەڵام منیش لەگەڵیم زۆر نەبێ و پارەیەكی زۆریشیان نەدرێتێ بە پێی تواناكانی خۆیان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆكی پەرلەمان:**

د.سراج نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز د.سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەزارەتەكان وا تەسەور دەكەم بە پێی یاساكانیان لە سێ یان تا چوار ڕاوێژكار زیاتر ناكرێ، دەكرێ جەمع و تەوفیقێك بكرێ، ئەوەش دەستەیە و وەكو وەزارەت حسابی بۆ بكرێ، لە چوار تێ نەپەڕێت و تەسەور دەكەم ئەوانیش هەر پێویستیان بە چوار ڕاوێژكار هەبێ، زیاتر نابێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە ئەم جارەش بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان بزانن دەنگ لەسەر چی دەدەن، بەڕێز د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم:

**یەكەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم، لە ماوەی (٩٠) نەوەد ڕۆژ لە ڕێكەوتی بەركاربوونی ئەم یاسایەدا، هەماهەنگی بكات لەگەڵ ئەنجومەنی هەرێمیی بۆ پێشكەشكردنی كاندیدی لێهاتوو بۆ هەر یەك لەو پۆستانەی كە لە بڕگەی دووەمی ماددەی چوارەمی ئەم یاسایەدا هاتووە.

**دووەم:**

١-ئەندامانی دەستە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پاش پەسەند كردنیان بەزۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان بۆ ماوەیەك كە زیاتر نەبێ لە چوار ساڵ دادەمەزرێن و شیاون بۆ یەك جار نوێ كردنەوە بە هەمان ڕێكارە باسكراوەكان، ئەوانەی ئەو وەزیفانەیان پڕكردووەتەوە پاش تەواوبوونی ماوەی دیاری كراو دەگەڕێندرێنەوە سەر كارەكانی پێشوویان بەر لە ئەستۆ گرتنی ئەم وەزیفانە.

٢- سەرۆكی دەستە لەبەردەم پەرلەماندا ئەم سوێندە دەخوات:

**بە خودای مەزن سوێند دەخۆم كە بە دڵسۆزیەوە پارێزگاری لە یەكێتی گەل و سامان و خاكی كوردستانی عێراق بكەم و پابەند بم بە یاسا.**

**سێیەم:**

**مەرجە لە دامەزراندنی هەر یەك لە سەرۆك و جێگرەكەی و بەڕێوەبەری سەندوق و ئەندامانی دەستە، جگە لە نوێنەرانی هەردوو دەستە، وەزارەتی سامانە سروشتییەكان و وەزارەتی دارایی و ئابووری سەرباری بوونی مەرجە گشتیەكانی دامەزراندن لە وەزیفەی گشتی دا بەلای كەم هەڵگری بڕوانامەی زانكۆیی بێ و بەرایی بێ لەبواری پسپۆری دەستە و خاوەن شارەزابێ لەبواری پسپۆری دەستە بۆ ماوەیەك كەمتر نەبێ لە دە ساڵ بە نیسبەت سەرۆك و حەوت ساڵ بە نیسبەت جێگری سەرۆك و بەڕێوەبەری سەندوق و ئەندامەكان.**

**چوارەم:**

ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

٤- ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە كەسانێك لەوانەی خاوەن شارەزایی و پسپۆڕین لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی هەرێمیی بە سیفەتی راوێژكاری دابمەزرێنێت و ماف وپاپەندیەكانیان بە پێی گرێبەست و بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی دەستە كە ئەنجومەنی وەزیران پەسەندی دەكات، دیاری دەكرێن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئالێرە بۆ نالێین ماف و پابەندی و ژمارەیە بە پێی گرێبەست و بە گوێرەی پەیرەوی ناوخۆ دەستە دیاری دەكرێ ئەوەی تریش كێشەی ژمارە حەل دەكات، دەستەكە خۆی ئەنجومەنی وەزیران رێی بۆ دائەنێ، ژمارەیان دەست نیشان دەكرێ، كاك عادل بیخوێنەرەوە تكایە د. ڤالا دەقەیەك.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل عزیز شكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان پێیان باشە ئەو (٩٠) رۆژە زۆرە، کەم بکرێتەوە، بکرێتە لایەنی کەم (٦٠) یان (٤٥) رۆژ،بەرێز بڕیاردەری، لیژنەی یاسایی ئەڵێت حکومەت تەلەبی کردووە بۆ ئەوەندە، کەواتە پەرلەمان لەسەر تەڵەبی حکومەت وەزیرەکان بانگ دەکاتە پەرلەمان، یەعنی پەرلەمان ناتوانێ حکومەت ئیجبار بکا کە پێی بڵێ ئەو ماوەیە زۆرە، کەمی بکەرەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەکو رای لیژنەکانی پەرلەمانیش بەو شێوەیە کە (٩٠) رۆژ، بەو شێوەیە نەك ئەوەی کە حکومەت ناتوانێ رای خۆی بەسەر پەرلەمانا فەرز بکا کاك عادل، ئەوان پێشنیاریان کردووە، ئێستا دەنگدانی پەرلەمان یەکلایی ئەکاتەوە، ئەگەر پەرلەمانتاران لەگەڵ ئەو دەقە نەبوون کە خوێندرایەوە ئەو کاتە ئەبێ دەقی بە دیل بدۆزرێتەوەو بخرێتە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەو دەقەیە دەی ماددەی پێج بەو شێوەیە کە خوێندرایەوە؟ (٤٦) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ (٧) کەس دژیەتی، کەواتە پەسەند کرا، ماددەی شەشەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.ڤالا فەرموو.

**بەرێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

ماددەی شەشەم: دەستە ناوبەناو، بەلای کەم مانگی یەکجار، یان هەر جارێك پێویست بکات کۆدەبێتەوە، و داوای بەستنی ئەم کۆبوونەوانەش لە لایەن سەرۆکی دەستەوە ئاراستە دەکرێت و بڕیارەکان بە زۆرینەی دوو لە سەر سێی ئەندامەکانی دەردەکرێن.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە با ناوەکانیان بنوسرێ؟.

**بەرێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمانە بۆ ماددەی شەشەم گفتوگۆ دەکەن: د. فرسەت صۆفی، شکریە اسماعیل، منیرە عثمان، عادل عزیز ، حاجی کاروان، قارەمان قادر، عمر عینایەت، شرین حسنی، سراج احمد، شوان شێخ احمد، د. شوان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د. فرسەت فەرموو.

**بەرێزد. فرسەت صۆفی :**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

به تەسەوری من لە رووی صیاغەوە پێویستی بە صیاغە کردنەکەیە، بەس پەلە بوو نەمتوانی صیاغەکەی داڕێژمەوە، ئەگەر دەرفەت بی پاش ئەوەی کە قسەم کرد صیاغەکی نوێ بۆ بەرێزان دەنێرم، چونکە لە رووی صیاغەوە نارێکە، بەڵام پرسیاری من ئەوەیە بۆچی دوو لەسەر سێ؟ یەعنی ئەوە چ ختورەتەکی تێدایە کە لێرە بڕیار بە (دوو لەسەر سێ) دەردەچی؟ یەعنی وا بریار موعەتەڵە، یەعنی ئەسلەن ئەو سەندووقە لەوانەیە کەم بڕیار دەر بکات، باسیش کرا کە ئەو سەندووقە، یەعنی زیاتر دەسەڵاتەکانی کاشفن ،لەبەر ئەوە بە تەسەوری من ئەو مەترسیەی نەوێ (دوو لەسەر سێی) نەوێ هەر بە لایەنی کەم زۆر زۆریش ئەوە بێ ئەغلەبیەی، یەعنی بەزۆرینەی رەهای ئەندامانی بڕیاردەر بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو شکریە فەرمووو.

**بەرێز شکریە اسماعیل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاو ڕام لەگەڵ د. فرسەت ئەمە پێویستی بە صیاغەیە، لەبەر ئەوەی شێوازەکەی تۆزێك رەکیکە، من پێم باشە کۆبوونەوەکە بکرێتە کۆبوونەوەی هەفتانە، کۆبوونەوەکە هەفتانە بێ، ئەو هەموو دوورو درێژیەی بۆ دانەنرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر مصطفي د. شوان فەرموو.

**بەرێز د.شوان قەڵادزەیی:**

هەر کۆبوونەوەکە کۆبوونەوەیەکی ئاسایی نەبێت، کۆبوونەوەی لەناکاویش، یاخود نائاسایی لەسەر داوای سەرۆکی دەستە، بەڵکو لەسەر داوای (دوو لەسەر سێی) ئەندامان هەر کاتێك داوایان کرد ئەو کۆبوونەوەیە ئەنجام بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو مونیرە فەرموو.

**بەرێز منیرە عثمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم لە رووی صیاغەوە فیعلەن صیاغەیەکی باش نییە ئەبێ صیاغە بکرێتەوە، دووەمیشیان ئەوە بەلای کەم مانگی یەك جار پێم وایە ئەبێ، هەفتانە کۆبوونەوەی خۆی بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو شرین فەرموو.

**بەرێز شیرین حسنی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان پێشنیاری دکتۆر فرست سەبارەت بە (دوو لە سەر سێی) ئەندامەکان و خاڵێکی تریش کە کۆبوونەوەیەش لە لایەن سەرۆکی دەستەوە مەرج نییە لە لایەن دەستەوە بێتەوە، سوپاس .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عادل فەرمووو.

**بەڕێز عادل عزیز :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا من پێم وایە ئەم ماددەیە ماددەیەكی زیادەیە دەستەیەك كاری ئەوە بێ پارەی ئەم وڵاتە، سەروەت وسامانی ئەم وڵاتە هەمووومان دەزانین لە رێی نەوت و گازەوەیە، یەعنی چی ناوبەناو یان بە لایەنی كەم مانگی یەك یان هەرجارێ پێویست بكا بە دڵنیایی بەردەوام پێویست دەكا، تۆ بەردەوام رۆژانە نەوتت دەڕوا، لەبەر ئەوەی ئەم دەستەیە بەردەوام كۆبوونەوە بكا، یەعنی نازانم هەر پێم وایە زیادەیە بەراستی بە بڕوای من، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د. سراج فەرمووو.

**بەڕێز د. سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە باسی نیزامی جەلەسات ئەكا، شێوازی گرێدانی جەلسە دەكا، بەراستی ئەوە بە سێ دێر كۆتایی پێ نایێ پاشان ركاكەتی زۆری پێوە دیارە، مەسەلەن بیدایەت دەست پێدەكا دەستە ناوبەناو، یەعنی ئەو عیباراتانە پێم وابێ تۆزێك رەكیكە، دەكرێ بنووسرێ بڵێ دەستە كۆبوونەوەی ئاسایی خۆی گرێ ئەدا مانگێ جارێك، یاخود هەر كاتێ پێویست بكا، یەعنی تۆزێك شتەكە حەسمی پێوە دیار بێ، یەعنی مەتاتیەتی پێوە دیار بێ، یەعنی تۆزێك ئەو بابەتە رەكیكە پێویستی بە صیاغەكی تێرو تەسەلتر هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك حاجی كاروان فەرمووو.

**بەڕێز كنعان نجم الدین (حاجی كاروان) :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەر مەبەستم ئەوە بوو دەستە ناوبەناو لابچێ، لەلایەن سەرۆكی دەستەو ئەندامانی دەستەوە ئاراستە بكرێت بەس ئەو ئیزافەیەم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك قارەمان فەرمووو.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا منیش هەمان قسەم هەبوو، یەعنی دەستە ناوبەناو یان بەلای كەم مانگی جارێك دەتوانرێ بە كورتی بنووسرێ ئەو دەستەیە پێویستە مانگی جارێك كۆببێتەوە، لە كاتی پێویست كۆبوونەوەی ئاسایی خۆی دەكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم باشە ئاوا بنووسرێ و دەستە بەلای كەمە پانزە رۆژ جارێك كۆ دەبێتەوە، یان هەر جارێك پێویست بوو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەكانی پەرلەمان راتان چییە بۆ ئەو گفتوگۆیەی كراو رای ئەندامانی پەرلەمان؟ .

**بەڕێز د.ڤالا فەرموو.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو لیژنەی یاسایی پێمان وایە تەئیدی بەڕێز كاك عادل دەكەین ئەوەی لێرە هاتووە تەحدید بكاتن چەند جار كۆ دەبێتەوە، ئەوە پەیوەستە بە خودی دەستەكە خۆی دەستەكە لە نیزام داخیلی خۆیدا دەتوانێ تەحدیدی بكا لەوانەیە دەستە هەموو رۆژێ كۆ ببێتەوە بە پێی پێویست لەوانەشە ماوەیەك، یەعنی لێرە ئەوەی كە تەحید كراوە پەیوەندیدارە بە بابەتی ئەوەی كە كەی كۆ بێتەوە؟ ئەمە پێمان وایە دەستە لە نیزام داخیلی دەتوانێ ئەمە چارەسەر بكاتن، بۆیە هەڵگرتنی ئەو ماددەیە بە باش دەزانم من.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د. شێركۆ فەرموو.

**بەڕێز د. شێركۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەڵگرتنی ماددەكە تەبعەن بڕگەیەكی تیایە كە باس لە ئالیەتی دەركردنی بڕیارە كە (دوو لەسەر سێیە) كە ئەمە بۆیە دانراوە بۆ ئەوەی زۆرینەی دەستەكە زیاتر بڕیار دەردەكەن، بۆیە ناكرێ ماددەكە، تەبعەن د. عزتیش هەمان رەئی هەبوو، پێی راگەیاندم تەنها ئەوە بمێنێتەوە كە دوو لەسەر سێ بڕیارەكان بە دوو لەسەر سێ بدرێ، ئەكرێ هی كۆبوونەوەكان ئەوانە لابرێ، بەڵام بڕیارەكان بە (دوو لەسەر سێ) بێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

نیسابمان هەیە؟ نیسابمان نییە بۆ دەنگدان تکایە ئەندامانی پەرلەمان بانگ بکەن بۆ هۆڵی پەرلەمان بۆ دەنگدان، بەرێزان چەند پێشنیارێك هەبوو تكایە دانیشن ئێستا نیساب هەیە ئێستا لیژنەی یاسایی و لیژنە پەیوەندیدارەکانی تری لیژنەی دارایی و سامانە سروشتییەکان صیاغەی ماددەکە ئەکەن ئەیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، ئەندامانی پەرلەمان تکایە لە جێی خۆتان دانیشن، فەرموون بیخوێننەوە.

**بەرێز د.ڤالآ فەرموو.**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەم بەستنی کۆبوونەوەی دەستە بە ئامادە بوونی (دوو لەسەر سێی) ئەندامەکانی دەبێت و بریارەکانی بە زۆرینەی رەها دەردەکرێن.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵیەتی ماددەکە بەو شێوەیەی خوێندرایەوە کۆبوونەوەی، دەستە بە (دوو لەسەر سێی)ئەندامانی دروست دەبێت ئەبێ (دوو لەسەر سێی) ئامادە بن، جا کۆبوونەوەکانی دروست دەبێت، بڕیارەکانیشی بە زۆرینەی رەهایە، بەڵێ فەرموو خەلەل چییە؟ باشە دەی. کاك رابوون فەرموو.

**بەرێز رابوون توفیق معروف:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان .**

دەبوایە لە دەنگدانەکەدا دەقی راپۆرتەکە کە (دوو لەسەر سێیە) کردۆتە مەرجی دەنگدان بۆ پەسەند کردنی نەتائیجی دەنگدان بکرایەتە یەکەم، یەکەم جار ئەو بخوێندرایەتەوە ، ئەگەر رەزامەندی لەسەر نەبوو، ئینجا ئەنتەرناتیف با.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا لیژنەکان رێك کەوتن لەسەر ئەو صیاغەیە لەسەر رای ئەندامان، ئەو رایەی کە سێ لیژنەکە لەسەری رێك کەوتوون ئەیخەینە دەنگەوە، ئەگەر دەنگی نەهێنا ئەوی تر ئەخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵیەتی بەو شێوەیە کە خوێندرایەوە؟ (٣٨) کەس لەگەڵیەتی ، کێ دژیەتی؟ (١٨) کەس دژیەتی، کەواتە پەسەند کرا، کۆبوونەوەکەمان کۆتایی پێهات بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان بەم شێوەیە کۆبوونەوەکەمان کۆتایی پێهات.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤)ی**

**چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٥\٣\٢٠١٥**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٤)

## دوو شەممە ڕێكەوتی ٢٠١٥/٣/٢٥

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٥/٣/٢٥ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی یوسف محمد صادق سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٢)ی خولی چوارەمی، ساڵی (٢٠١٤) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (٢)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٥/٣/٢٥ دا بەم شێوەیە بێت:

١-بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای سندووقی داهاتەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان – عێراق، بەپێی ماددەکانی (٧٢، ٧٤، ٧٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو.

٢-دەنگدان لەسەر متمانەدان و سوێند خواردنی یاسایی بەڕێز (غازی سعید سلیمان) بۆ پۆستی وەزیری هەرێم، بەپێی بڕگەی (چوارەم)ی ماددەی (٥٦)م لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

داوا لە سەرۆکایەتی هەر سێ لیژنەی پەیوەندیدار دەکەین بێنە سەر مەنصە بۆ دەست کردن بە بەرنامەی کاری ئەمڕۆ، وەکو باسم کرد نوقتەی نیزامی مەگرن، چونکە ئەو ڕووداوە پێش دانیشتن ئەنجامدراوە، لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێك دەهێنین، دەستەی سەرۆکایەتی بڕیارماندا لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێك دەهێنین بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکەو وەرگرتنی ئەوەی کە پێویستە، دانیشتنەکەمان وەکو خۆی دەڕوات، بۆیە لیژنەی لێکۆڵینەوەش پێك دەهێنین هەر کەسێك موقەسیر بێت لەوەی کە ڕوویدا لێ پێچینەوەی لەگەڵدا دەکرێت،

تکایە دانیشن، تکایە بێ دەنگی، بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.

دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستان دەست پێ دەکەین، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، دانیشتنی ژمارە (٤)، ڕۆژی دانیشتن (٢٠١٥/٣/٢٥).

بەرنامەی کار: بەپێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا کاتی دانیشتنی ژمارە (٤) ی خولی بەهارە لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەمە، ڕێکەوتی (٢٠١٥/٣/٢٥) بێت و بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بەم شێوەیە بێت:

١-بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای سندووقی داهاتەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان – عێراق، بەپێی ماددەکانی (٧٢، ٧٤، ٧٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو.

٢-دەنگدان لەسەر متمانەدان و سوێند خواردنی یاسایی بەڕێز (غازی سعید سلیمان) بۆ پۆستی وەزیری هەرێم، بەپێی بڕگەی (چوارەم)ی ماددەی (٥٦)م لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو.

داوا لە سەرۆکایەتی هەر سێ لیژنەی پەیوەندیدار دەکەین بێنە سەر مەنصە بۆ دەست کردن بە بەرنامەی کاری ئەمڕۆ، وەکو باسم کرد نوقتەی نیزامی مەگرن، چونکە ئەو رووداوە پێش دانیشتن ئەنجامدراوە، لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێك دەهێنین، دەستەی سەرۆکایەتی بڕیارماندا لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێك دەهێنین بۆ لێکۆڵینەوە لە رووداوەکەو وەرگرتنی ئەوەی کە پێویستە، دانیشتنەکەمان وەکو خۆی دەڕوات، بۆیە لیژنەی لێکۆڵینەوەش پێك دەهێنین هەر کەسێك موقەسیر بێت لەوەی کە روویدا لێ پێچینەوەی لەگەڵدا دەکرێت، تکایە بێ دەنگی، کاك سۆران نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو، سەرۆکایەتی هەرسێ لیژنە بێنە سەر مەنصە.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە حزوری سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەوەی روویدا قابیلی قەبوڵ کردن نییە، تەعدایە لە هەموو پەرلەمانتاران و، لیژنەی لێکۆڵینەوە ئەوە جونحەو، بە پێش چاوی هەموو ئەندامانی پەرلەمان پەلاماری ئەندامێکی پەرلەمان دراوە، ئەمە قابیلی قەبوڵ نییە، کەس هێڵی سوور نییە لەم ولاَتە هەتا بڵێ لەسەر کێ قسەت کردووە؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەمە قسەیە، تکایە کۆتایی پێ بێنن بەم بابەتە، ئەم بابەتە کۆتایی پێ بێنن، قسەی لەسەر ناکەین، تکایە دانیشن، تکایە دانیشن لە جێگای خۆتان، دانیشن لە شوێنی خۆتان، بێ دەنگی ئەم مەوزوعە دادەخەین، لیژنەی لێکۆڵینەوە پێك دەهێنین هەر کەسێ موقەسیر بێت لیژنەی لێکۆڵینەوە پێك دەهێنین لەسەر ئەوەی ئەندامێکی پەرلەمان هێرشی کردۆتە سەر ئەندامێکی تری پەرلەمان بزانین رووداوەکە چی بووەو، باشە بێ دەنگی، تکایە بێ دەنگی، ئێمە دەستەی سەرۆکایەتی بڕیارمانداوە، دانیشە باشە، بەڵێ، تکایە بێ دەنگی، ئامینە خان چۆن لیژنەی لێکۆڵینەوە لەسەر چی؟ لە ناو پەرلەمان، لەناو هۆڵی پەرلەمانی کوردستان شەڕ روویداوە، باشە، تەواو، ئەم مەوزوعە کۆتایی پێ هات، دایخەن، کۆتایی پێ هات، تەواو، فەرموون لیژنە پەیوەندیدارەکان بەردەوام بن لەسەر خوێندنەوەی راپۆرتی هاوبەش، ماددەکانی راپۆرتی هاوبەش، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمان، بیخەینە گفتوگۆی ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز د.ڤالاْ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم: دەستە ئەمانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:

یەکەم: تۆمارکردن و دۆکیومێنتکردنی سەرجەمی داهاتەکانی نەوت و گازی هەرێم، کە بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەست دەکەون لە سندووقدا، هەروەها بەڕێوەبردن و مسۆگەر کردنی ڕێژیی ئاڵوگۆڕیان بۆ ژمێرەی وەزارەتی دارایی، پاش ئەوەی بەپێی ماددەی (١١) یازدەمی ئەم یاسایە لەسەر پێشنیاری دەستەو بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران و پەسند کردنی پەرلەمان، تەرخان دەکرێن.

دووەم: وردبینیکردنی جوولەی گشت داهاتەکانی نەوت و گازی هەرێم لە سندووقدا بەپێی چاودێریی نێوخۆیی، لەگەڵ دەرکردنی ڕاپۆرتی مانگانە دەربارەیانەوە.

سێیەم: ساڵانە ئاشکراکردنی گشت ئەو داتایانەی تایبەتن بە ژمێرەو چالاکیەکانی سندووق دەربارەی سپاردن و راکێشان و وردبینی کردنیان بە بەکارهێنانی کۆمپانیای ژمێریاریی جیهانیی لێهاتوو متمانە پێکراو، دواتر بەرزکردنەوەی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دانیشن، تکایە، ئێمە بڕیارمانداوە، من سەرۆکی پەرلەمانم بڕیارم داوە ئەو دوو پەرلەمانتارە بڕۆنە دەرەوە تا لیژنەی لێکۆڵینەوە دروست دەکرێت لە مولابەساتی حادیسەکە، تەواو، کاك ئەبو بکر، تکایە دانیشن، دانیشتن هەڵدەگرین بۆ ماوەی (١٥) خولەك.

**دوای پشوو**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە ناوی خوای بەخشیندە و میهرەبان، دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێدەکەین، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەوەی کە سەر لە بەیانی ڕوویدا کارێکی نەخوازراو بوو، ڕووداوێکی تاکەکەسی نەخوازراو بوو، ئەوەی کە تێگەیشتین لە کۆبوونەوەی فراکسیۆنەکان کە ئەمە بڕیاری هیچ لایەنی سیاسی لە پشتەوە نییە، بەڵکو کاری تاکەکەسی چەند ئەندام پەرلەمانێك بووە کە لیژنەی لێکۆڵینەوە بۆی دروست دەکرێت و نەتیجەی تەحقیقەکە دەخرێتە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان، لە ڕاستیدا توندبوونی ململانێ سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، هەندێك جار گەرم بوون لە ناو هۆڵی پەرلەمان دەهێنێتە کایەوە، ئێمە لە ماوەی رابردوو زۆر هەوڵمان داوە و ئێستاش بە هاوکاری فراکسیۆنەکان هەوڵی ئەوە دەدەین کە ئەو بابەتانەی لە سەر ساحەی هەرێمی کوردستان لە ماوەی داهاتوو دێنە کایەوە لە ڕێگای سازانی فراکسیۆنەکان چارەسەری بکەین، بۆ ماوەی ﴿٣﴾ مانگە بەردەوام لەگەڵ فراکسیۆنەکان لەسەر خەتین بۆ چارەسەر کردنی ئەو گرفتانەی لەوە دەچێت لە داهاتوویەکی نێزیکدا

ببێتە هۆی هێنانەکایەی تەشەنە و گرژی زیاتر لە نێوان فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان و دوور نییە ئەو گرژیانە باڵ بکێشێت بۆ ململانێی قووڵتر لە نێوان هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان.

بەڕێزان ئێوە هەمووتان شایەتی ئەوەن کە ئێستا دۆخی هەرێمی کوردستان بە دۆخی ناهەموار تێدەپەڕێت، لەسەر ئاستی ناوخۆ کۆمەڵە کێشەی کەڵەکەبوومان هەیە کە هەموومان لەناو فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان و هەموو هێزە سیاسییەکان بەڵێنمان بە خەڵك داوە کە ئەو کێشە سیاسییانە چارەسەر بکەین، سەرەڕای ئەمەش هەندێك کێشەی سیاسی تریش لە ماوەیەکی نێزیکدا ڕەنگە ڕووبەڕووی پەرلەمان و هێزە سیاسییەکان ببێتەوە کە ئەویش دیسان پێویستی بە چارەسەرە، بە هەمان شێوە لەسەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان شەڕێکی گەورە هەیە کە دەولەتە گەورەکان بەشدارن لەم شەڕە، ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان بەشێکین لەو هاو پەیمانێتییە نێو دەوڵەتییە کە بۆ شەڕی دژی تیرۆریستان بەشدارین و شەڕی تیرۆریستان دەکەین و تیرۆریستان خۆیان مەترسی حەقیقین لەسەر هەرێمی کوردستان، توندبوونی ململانێ ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان، چارەسەرنەکردنی ئەو گرفتانەی کە تا ئێستا بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە ڕێگا و زەمینە خۆش دەکات بۆ لاوازیمان لە ئاستی نێودەوڵەتی و نەیارانمان لە دەرەوە، هەڵبەت ئەو کێشە بەردەوامانەی کە لەگەڵ بەغدا و عێراق هەمانە کە کێشەی دوور و درێژن و هی ئەمڕۆ نین و لە رابردوو بوونیان هەبووە و ئێستا هەن و دەبێت لە داهاتوو بە یەکگرتوویی هەوڵی چارەسەرکردن و هەوڵی ئەو لێك تێگەشتنانەی هاتوونەتە کایەوە لە نێوان حکومەتی هەرێم و عێراق ببێتە هۆی رەوینەوەی ئەم کێشانە، بەڵام ئەمەش کێشەی حەقیقی هەرێمی کوردستان، ئێمە ئەگەر بمانەوێت لە دەرەوە بەهێز بین پێویست دەکات ململانێ سیاسییەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی دیالۆڵ و لەسەر مێزی گفتوگۆ یەکلا بکەینەوە و نەهێڵین ئەو ململانێیانە و ئەو بیروڕا جیاوازانەی کە لە نێوان هێزە سیاسییەکان هەیە ببێتە هۆی هێنانە کایەی گرژی زیاتر لە ناو کۆمەڵگا، ئەرکی هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانە کە هاوکاری پەرلەمانی کوردستان و فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان بکەن لەو ڕێگاەیەی کە گرتوویانەتە بەر کە خۆشبەختانە هەنگاوی گەورە نراوە بۆ دوزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو کێشانەی لە داهاتوودا دێتە پێشمان بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندیدارە بە پرسی دەستوور و سەرۆکایەتی هەرێم، بۆیە لێرەوە ڕاستەوخۆ داوا لە هێزە سیاسییەکانیش دەکەم کە هاوکاری پەرلەمان و فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان بکەن لەو ئەرکە گەورەیەی کە لەسەر شانییەتی، ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان خۆمان نادزینەوە لە بەرپرسیاریەتی، ئەم ئەرکە لەسەر شانی ئێمەیە کە ئەم بابەتە لە ڕێگای یاسایی و دەستووری چارەسەر بکەین، بەهەمان شێوە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەرکی ئێوەی بەڕێزیشە تا ئەو پەڕی رادەی توانا هەوڵی ئەوە بدەن مەساحەکانی لێك تێگەیشتن فراوانتر بکەن و مەساحەکانی جیاوازی کەمتر و کەمتر بکەن، بۆ ئەوەی کەشێکی وا بێتە کایەوە بتوانین بە شێوەیەکی هێور کێشەکان چارەسەر بکەین، من نامەوێت وەکو تەحزیر ئەمە بڵێم، بەڵام دەبێت ڕاستگۆ بین و بەرپرسیارانە قسە بکەین، ئەو کێشە هەڵپەسێردراو و چارەسەرنەکراوانەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان بەردەوام بن، ململانێ

سیاسییەکان زۆر توندتر دەبن و ئەگەر مەترسی دەرەکی نەتوانێت زەفەرمان پێ بەرێت و یەکگرتوویی خەڵکی کوردستان و خۆراگری خەڵکی کوردستان وای کرد ئەو مەترسییە دەرەکیانە نەتوانن زەفەر بە خەڵکی کوردستان بەرن و دوایش پشتیوانی نێو دەوڵەتی بۆ هاتە کایەوە، ئەوە بە دڵنیایی توندبوونی ململانێ ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان و چارەسەر نەکردنی ئەو ململانێیانەی کە هەن و چارەسەنەکردنی ئەو گرفتانە، دەبێتە هۆی لەدەست چوونی ئەوەی ئێستا هەمانە، من نامەوێت پێشوەختە نوقڵانەی خراپ لێبدەین، بەڵام دەمەوێت هەموومان هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەین و بزانین هەوڵی چارەسەر کردنی کێشەکان بدەین، بۆیە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان مەسئولییەتی ئێوەیە و مەسئولییەتی هەموومانە کە هەوڵ بدەین خیلافەکان کەمتر و کەمتر بکەینەوە و کەش و هەوای لەبار بۆ دانوستان و لەیەك تێگەیشتن بینێینە کایەوە و ئەوەی کە تا ئێستا پێی گەیشتووین کە سەرۆکی فراکسیۆنەکان ئاگادارن، تەفاهوماتی باش هەیە لەسەر ئەو پرسانەی کە وتوێژمان کردووە، کە هیوادارم حزبە سیاسییەکانیش هاوکاری فراکسیۆنەکان پەرلەمان و سەرۆکایەتی پەرلەمان بن لە چارەسەرکردنی کێشەکان بەو شێوەیەی کە وتووێژی لەسەر کراوە بە هەمان شێوەش ڕێگا خۆشکەر بن، هەڵبەت کەناڵەکانی راگەیاندن دەتوانن رۆڵی ئیجابی و باش ببینن، بۆ ئەوەی بارگرژییکان کەمتر بکەن، بۆ ئەوەی بتوانین گرفتەکان چارەسەر بکەین و دەبێت دان بەوە بنێین کە گرفتمان هەیە لەو کۆبونەوەیەی کە لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان ئەنجام ماندا و لەو پەیوەندییانەی کە لە دەرەوەی پەرلەمان بۆ فراکسیۆنەکان و سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەنجام دران کە داوای ئەوەیان کرد هەوڵ بدرێت کێشەکە لەسەر ئاستی بچووك بهێڵرێن و لە پەرلەمان چارەسەر بکرێت، لە هەموو ئەو پەیوەندییانە ئەوەمان باس کردووە کە پێویست دەکات دان بەوەدا بنێین کە کێشەمان هەیە، قووڵبوون و درێژەپێدانی ئەم کێشانە لە سەلاحییەتی هەرێمی کوردستان نییە، کێشە ناوخۆییەکانمان پێویست دەکات چارەسەر بکەین هۆڵی پەرلەمان رەنگە باشترین و شەرعیترین شوێنی یەکلاکردنەوەی ئەو پرسانە بن، لە هۆڵی پەرلەمان فراکسیۆنەکان کە نوێنەرایەتی حزبە سیاسییەکان دەکەن بوونیان هەیە و ئێمە سوپاسی حزبە سیاسییەکان دەکەین کە هاوکاری فراکسیۆنەکانیان بکەن یان لە ڕێگەی ئالییەتی گۆنجاو ئەوانیش بەشدار بن لەو دیالۆگەی کە پێویستمان پێیەتی بۆ چارەسەر کردنی ئەو گرفتانە بۆ ئەنجامدانی چاکسازی بنچینەیی لە هەرێمی کوردستان کە خەڵکی کوردستان زیاتر و زیاتر دڵخۆش بکات بە سیستەمی حوکمرانی لە هەرێمی کوردستان، ئەوەی روویدا وەکو باسم کرد نەخوازراوە لە لایەن هەموومان، لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دروست دەکەین بۆ بەدواداچوونی راستییەکان لەو پرسە و هەر لە ئێستادا زەمینەی لەبار هاتۆتە کایەوە کە ئەو پرسە لە ئاستی بچووك بهێڵرێت و تەشەنە نەکات، زۆر سوپاس، کاك ئومێد، فەرموو.

**ئومێد عبدالرحمن حسن ﴿ئومێد خۆشناو﴾:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە ناوی فراكسیۆنی پارتی دیموكراتی كوردستان سوپاس بۆ جوهدی ئێوە لە دەستەی سەرۆكایەتی بە تایبەت جەنابتان كە هەوڵی زۆر مەسئولانەتدا لە هێور كردنەوەی كێشەكە، و لەگەڵ بۆچوونەكانی جەنابیشتداین ئەو رووداوە نەخوازراوە كە روویداوە پێی نیگەرانین، و چاوەروان دەكەین لە لیژنەی تەحقیقدا ئەو ئەنجامانە رابگەیەنرێت و هەر بڕیارێك بدات ئێمە وەكو فراكسیۆنی پارتی دیموكراتی كوردستان پابەند دەبین پێیەوە، جارێكی دیكە تەئكید لەسەر ئەوە دەكەینەوە كە ئەمە نەهج و سیاسەتی رەسمی پارتی دیموكراتی كوردستان نییە، هەروەك جەنابت باست كرد بابەتێكی كەسییە، بەڵام لەگەڵ ئەنجامەكەی لیژنەی تەحقیق تەعامول دەكەین و پێویست ناكات بە پێش رووداوەكە بكەوین و لێدوانی جوراوجۆر بێتە ئاراوە، ئێمە لە كۆبوونەوەی فراكسیۆنەكان هەموومان بە ئیتجاهی هێوركردنەوەی ئەو بابەتە قسەمان دەكرد و بڕیارماندا كە بەیانێكمان هەبێت، بەڵام بەداخەوە لە لایەن چەند فراكسیۆنێكەوە بەیاننامەیەك بە بێ ئیمە كە پێشتر ئاگادار بووینە و ئامادەییمان هەبووە لە بەیاننامەكە هەبین، پرسیار رووبەڕووی ئێمە كرایە، ئێمە بەو بەڕێزانە و فراكسیونانە دەڵێین لەگەڵ ئەنجامی ئەو تەحقیقانەین، ئێمە دواتر وەڵاممان دەبێت وەڵامێكی میدیاییمان نابێت ئەو بابەتە بە چ شێوەیەك بووە، بە تایبەت بەڕێزان لەفراكسیۆنی گۆڕان دڵنیا دەكەینەوە ئێمە خاوەنی ئەو بڕیارانەین كە پێشتر دامانە، خاوەنی ئەو هەڵوێستانەین كە ئەمڕۆ دۆخی وڵاتی ئێمە بەرپرسیاریەتی جەماعی دەوێت، بە قەناعەتەوە لەو كابینەیەدا بەشدارین و هاودەنگیمان قبووڵ كردووە و كۆدەنگین و دڵنیایان دەكەینەوە جارێكی دیكە ئیمە خاوەنی ئەو پەرنیسیپانەین كە لە رابردوودا باسمان كردووە و ئەو بابەتەش لە رۆژانی ئایندە هەر دوو فراكسیۆن دانیشتنمان دەبێت و بە دڵنیاییەوە چارەسەری دەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دانیشتنەكە هەڵدەگرین بۆ هەفتەی داهاتوو.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینكی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٥)ی**

**سێ شەممە رێكەوتی ٣١\٣\٢٠١٥**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٥)

## سێ شەممە رێكەوتی ٢٠١٥/٣/٣١

كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێشەممە رێكەوتی ٢٠١٥/٣/٣١ پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی یوسف محمد صادق سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٥)ی خولی چوارەمی، ساڵی (٢٠١٥) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (٥)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەكەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە كات (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی ٢٠١٥/٣/٣١ دا بەم شێوەیە بێت:

١ بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای سەندوقی داهاتەكانی نەوت و گاز لە هەرێمی كوردستانی عێراق بەپێی ماددەكانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) ی هەموار كراو.

٢- دەنگدان لەسەر متمانەدان و سوێند خواردنی یاسایی بەڕێز (غازی سعید سلیمان) بۆ پۆستی وەزیری هەرێم بە پێی برگەی چوارەم لە ماددەی (٦٥) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) ی هەموار كراو.

٣- دانان و ئاڵوگۆر كردنی هەندێ لە ئەندامانی لیژنە هەمیشەییەكانی پەرلەمانی كوردستان بە پێی ماددەی (٤٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) ی هەموار كراو.

٤- خوێندنەوەی یەكەم بۆ ئەم پرۆژە بڕیارانەی خوارەوە بەپێی ماددەی (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (١) ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموار كراو.

یەكەم: پرۆژە بڕیاری بە پارێزگا كردنی شاری كۆیە لە هەرێمی كوردستانی عێراق.

دووەم: پرۆژە بڕیاری قەرەبوو كردنەوەی شەهید و بریندارانی خۆپیشاندانی (١٧)ی شوباتی (٢٠١١) و رۆژانی دوایی.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنەكەمان بە ناوی گەلی كوردستان دەست پێ ئەكەین، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، دانیشتنی ژمارە (٥)، رۆژی دانیشتن (٢٠١٥/٣/٣١)، بەرنامەی كار، بەپێی حوكمەكانی بڕگە یەكی ماددەی (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستانی عێراق، ژمارە (١) ی ساڵی ( ١٩٩٢ ) ی هەموار كراو،

دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا کاتی دانیشتنی ژمارە (٥) ی خولی بەهارە لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١) ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەمە، ڕێکەوتی (٢٠١٥/٣/٣١) بەرنامەی کاری دانیشتن بەم شێوەیە بێت:

١ بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای سەندوقی داهاتەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەپێی ماددەکانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) ی هەموار کراو.

٢- دەنگدان لەسەر متمانەدان و سوێند خواردنی یاسایی بەڕێز (غازی سعید سلیمان) بۆ پۆستی وەزیری هەرێم بە پێی برگەی چوارەم لە ماددەی (٦٥) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) ی هەموار کراو.

٣- دانان و ئاڵوگۆڕ کردنی هەندێ لە ئەندامانی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان بە پێی ماددەی (٤٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) ی هەموار کراو.

٤- خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پرۆژە بڕیارانەی خوارەوە بەپێی ماددەی (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١) ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموار کراو.

یەکەم: پرۆژە بڕیاری بە پارێزگا کردنی شاری کۆیە لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

دووەم: پرۆژە بڕیاری قەرەبوو کردنەوەی شەهید و بریندارانی خۆپیشاندانی (١٧)ی شوباتی (٢٠١١) و ڕۆژانی دوایی.

ئێستا داوا لە سەرۆکایەتی هەرسێ لیژنەی دارایی و یاسایی و سەرچاوە سروشتییەکان ئەکەین بێنەو سەر مەنەسە، بۆ دەست کردن بە تەوەری یەکەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان، کاک عەباس نوقتەی نیزامییە؟ فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار ئەکەم برگەکانی (٢، ٣، ٤) بێتە پێشەوە، لەبەر ئەوەی کاتی کەم ئەوێ بۆ ئەوەی بتوانین بەڕێی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەپێی پەیرەوی ناوخۆ ناتوانین، چونکە تەوەری یەکەم کراوەتەوە لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان، بابەتێك لە گفتوگۆی پەرلەمان بێ ناتوانین کۆتایی پێی بێنین، تا کۆتایی پێ نەیەت، یەعنی ناتوانی وازی لێ بێنی و بڕۆیتە سەر گفتوگۆی تەوەرێکی تر تا ئەو برگەیە تەواو نەبێ، فەرموو کاک ئومێد نوقتەی نیزامییە؟

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەرلەمانی کوردستان وەکو بەرهەمێك بۆ خوێنی شەهیدان و ڕابردوو کە ئەمڕۆ یادی لەسێدارەدانی یەکەمین سەرۆك کۆماری کوردستان پێشەوا (قازی محمد) ە، پێشنیار ئەکەم دانیشتنی ئەمڕۆمان بۆ ڕیزگرتن لە ڕۆحی یەکەم شەهیدی کۆمار، و یەکەم شەهیدی سەرۆك کۆمار پێشەوا (قازی محمد) چەند ساتێك بەبێ دەنگی بوەستین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێم وابێ دوێنێ بوو، بەڵام کێشە نییە، فەرموو دەقیقیەك وەستان بۆ گیانی پاکی قازی محمد و سەرجەم شەهیدانی هەرێمی کوردستان و کوردستان بە شێوەیەکی گشتی، فەرموون، پێم وابێ لە ماددەی حەوتەمین لە ڕاپۆرتی هاوبەشی هەرسێ لیژنە، بۆیە بیخوێنەوە بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکەن.

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم: دەستە ئەمانەی خوارەوە لە ئەستۆ ئەگرێت:

١ تۆمار کردن و دۆکیۆمێنت کردنی سەرجەم داهاتەکانی نەوت و گازی هەرێم کە بە گوێرەی حوکمەکانی ئەو یاسایە دەستە ئەکەون لە سەندووق، و بەڕێوەبەردن و مسۆگەر کرنی ڕێژەی ئاڵوگۆڕیان بۆ وەزارەتی دارایی پاش ئەوەی بەپێی ماددەی (١١) ی ئەو یاسایە لەسەر پێشنیاری دەستە و بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران و پەسند کردنی پەرلەمان تەرخان ئەکرێن.

٢- وردبینی کردنی جوڵەی گشت داهاتەکانی نەوت و گازی هەرێم لە سەندووق بەپێی چاودێری ناوخۆیی، لەگەڵ ڕاپۆرتی مانگانە دەربارەیانەوە.

٣- ساڵانە ئاشکرا کردنی گشت ئەو داتایانەی تایبەتن بە ژمێرەو چالاکیەکانی سەندووق دەربارەی سپاردن و ڕاکێشان و وردبینی کردنیان بە بەکارهێنانی کۆمپانیای ژمێریاری جیهانی لێهاتوو و متمانە پێکراو، دواتر بەرز کردنەوەی ڕاپۆرتی ناو، بەناو بۆ ئەنجومەنی وەزیران کەوا چالاکی و ڕاپۆرتی ژمێریاری جیهانی پوخت ئەکاتەوە، لەگەڵ دەرخستنی ڕاو بۆچوونی خۆی لەسەر ئەو ڕاپۆرتە.

٤-مسۆگەر کردنی شەفایەت و درکاندن لە پرۆسە داراییەکان لە کاتی ئەنجامدانی ڕێککار و پرۆسەکانی ژمێریاری بە گوێرەی ستانداردی ژمێریاری پەیڕەوکراوی جیهانی و ئاستی پیادە کردنیان لەسەر گشت ژمێرییەکانی سەندووق کە لەم یاسایە باس کراوان.

٥- پێویستە لەسەر دەستە ڕاپۆرتی مانگانە و ساڵانەی خۆی بداتە پەرلەمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کێ قسەی هەیە با ناوەکانیان بنووسرێ؟

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سالار محمود.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك عباس غەزالی.

**بەڕێز عباس غزالی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی حەوت من زیاتر وەکو ڕێنمایی ئەبینم، یاساى باش هەرچی کورتر بێ باشترە، ئەمن بەو شێوەیە پێشنیار ئەکەم

١ دەستە هەڵدەستی بە تۆمار کردنی داهاتی ئەو سەندووقە

٢- وردبینی  جولەی گشت داهاتەکان بە شەفافیەت.

٣- دەستە ڕاپۆرتی مانگانە و ساڵانەی خۆی ئەدات بە پەرلەمان.

سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو خاتوو مونیرە.

**بەڕێز منیرە عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم بڕگەی دووەم لە کۆتایی دا ئەڵێ (لەگەڵ دەرکردنی ڕاپۆرتی مانگانە دەربارەیانەوە، من پێشنیار ئەکەم ئەو ڕاپۆرتانە بکرێنە نامیلکەیەك لە شێوەی وەقائیعی کوردستان، خاڵێکی تر، پێم وایە بڕگەی سێیەم بە وردی باسی ئەوەی کردووە چۆن شەفافیەتی تێدا ئەپارێزرێ لە داهاتی نەوت، پێم وایە بڕگەی چوارەم زیادەیە، لە بڕگەی پێنجەمیش ئەڵێ پێویستە لەسەر دەستە ڕاپۆرتەکانی مانگانە و ساڵانەی خۆی بداتە پەرلەمان، بەپێی یاسای نەوت و گاز ئەو دەستەیە لەژێر چاودێری پەرلەمانە، بۆیە پەرلەمان بۆی هەیە هەرکاتێك بیەوێ ئەو دەستەیە ڕاپۆرت بداتە پەرلەمان، کە وتت ساڵانە و مانگانە، لێرە تەسبیت ئەبێ، پێم وایە بە تەسبیت کراوی لەو حاڵەتە پەرلەمان ناتوانێ لە هەرکاتێ پێویست بێ داوای ڕاپۆرت بکات، بۆیە پێم بایە بەو شێوەیە بێ نەك ساڵانە و مانگانە، لە هەرکاتێ بێ پەرلەمان بتوانێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆرە ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەك مولاحەزەم لەسەر دەقە کوردیەکە و دەقە عەرەبیەکە هەیە، تەرجەمەی ئینسیابیەت بە ڕێژەیی کراوە، مسۆگەر کردنی ڕێژەی ئالۆیر، یەعنی (نسبیە في التحویل) وابزانم لە ڕووی ئیقتیسادییەوە ئەوە دەلالەتێکی خراپی هەیە، یان ئینسیابەت وەکو خۆی بنووسرێ، یان هەر وشەکە لابرێ باشترە لەوەی ئەو وشەیە تێدابێ، لەبەر ئەوەی مەسەلەی ڕێژەیی بوون لە تەحویل دەلالاتی ئیقتیسادی هەیە، هەرچەندە من لە ئیقتیساد زۆر نازانم، بەلاّم وەکو وشەیەك کە لە ناو نەسەکە هاتبێ هەست ئەکەم حەقە بۆمان ڕوون بکەنەوە فەرقی ئینسیابیەت و نسبیەت چییە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ئایدن.

**بەڕێز ئایدن معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی حەوتەم لە سەرەتاوە هاتووە دەستە ئەمانەی خوارەوە لە ئەستۆ ئەگرێ، لێرە پێشنیار ئەکەم بەو شێوەیە بێت (دەستە لەمانەی خوارەوە بەرپرسە)، لە عەینی ماددە لە بڕگەی سێیەم (کاری ژمێرە لەلایەن کۆمپانیای ژمێریاری جیهانی لێهاتوو و متمانە پێکراو ئەنجام ئەدرێ، لێرە دەرئەکەوێ کە بێ متمانەیی بە سیستەمی ژمێریاری هەرێمی کوردستان هەیە، بۆیە پێشنیار ئەکەم ئەو کارە لەلایەن کۆمپانیای ژمێریاری جیهانی لێهاتوو بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، و لەو ماددەیە بڕگەیەك زیاد بکرێ، بڕگەی شەشەم، ڕاپۆرتی مانگانە بۆ ڕای گشتی ڕابگەیەنێ، لەبەر ئەوەی ئەو سەندووقە داهاتە پێویستە زیاتر شەفافیەتی هەبێ، و ئەم سەندووقە داهاتی ڕاستەوخۆ و پەیوەستە بە جیلی داهاتوو، بۆیە ئەبێ ڕاپۆرتی ئەو سەندووقە بۆ ڕای گشتی ئاشکرا بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو خاتوو شرین.

**بەڕێز شرین حوسنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێك لە قسەکانم کاك عەباس کردی، بەلاّم بڕگەی پێنجەم خۆی ئەو دەستەیە لە ژێر چاودێری پەرلەمان دایە، بۆیە پێویست ناکات مانگانە و ساڵانە ڕاپۆرتی خۆی بداتە پەرلەمان، بەلاّم لە جیاتی پەرلەمان ئەگەر نوسخەیەك بداتە دەستەی نەزاهە، بۆ ڕای گشتی دیاری بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك قادر.

**بەڕێز قادر ئۆتمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی حەوتەم برگەی یەکەم، پێشنیار ئەکەم جگە لە دۆکیۆمێنت کردن و تۆمار کردنی داهاتی نەوت و گاز، داهاتی دارایی هاتووش کە پەیوەستە بە بەرهەمە نەوتییەکان لە حکومەتی ناوەندییەوە دێت تۆمار بکرێ، چونکە بەپێی ماددەی دوو ئێمە وا پەسندمان کرد کە حوکمەکانی یاساکەجگە لە داهاتی نەوت و گاز بەسەر شتەکانی تری پەیوەست بە بەرهەمە نەوتیەکانی تریش کە لە ناوەندەوە بۆمان دێت پەسند ئەکرێ، راستە ئەو داهاتە دیاری کراوە، بەلاّم مادام دێتەوە ناو سەندووقەکە پێویستە ئەویش تۆمار بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ئومێد.

**بەڕێز ئومێد حمه علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم لە ماددەی حەوتەم، وردبینی کردنی جوڵەی گشت داهاتەکانی نەوت و گازی هەرێم لە سەندووق بەپێی چاودێری ناوخۆیی لەگەڵ دەرکردنی ڕاپۆرتی مانگانە دەربارەیان، ئەوەی جولەی گشت داهاتەکانی نەوتی هەرێم لە سەندووق دا، قەناعەتم وایە لە سەندووقدا لابرێ، وەکو خۆی بنووسرێتەوە، و پشتیوانی ڕای کاك ئایدن مەعروف ئەکەم کە ڕاپۆرتەکە بۆ ڕای گشتی ئاشکرا بکرێ، جا ئەوە وەکو بڕگەیەك زیاد بکرێ، یان هەر لەگەڵ بڕگەکەی پەرلەمان یەك بخرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرکی پەرلەمان.**

من چەند تێبینیەکم هەیە، یەکەمیان تۆمار کردن و دۆکیۆمێنت کردنی سەرجەم داهاتەکانی نەوت و گازی هەرێم بە گوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەست دەکەون لە سەندووق دا پشتیوانی لە کاك (ئۆمێد) دەکەم، زیادە چونکە بابەتەکەمان سەندووقی داهاتە و روونە، هەر وەها بەڕێوەبردن و مسۆگەر کردنی گواستنەوە بۆ ژمێریاری وەزارەتی دارایی ڕێژەییەکەی هەر لێرە واتای تەواو نادات (ئالۆ وێریش) لە زمانی کوردیدا زیاتر کڕین و فرۆشتن و مامەڵە و ئەمانە دەگرێتەوە، بەلاّم پێموایە هەر بنووسرێت مسۆگەر کردنی گواستنەوە بۆ ژمێرەی وەزارەتی دارایی واتاکەی دەپێکێت، لە خاڵی دووەمدا وردبینی کردنی جۆڵەی گشت داهاتەکانی نەوت و گازی هەرێم لە سەندووقەکاندا بەپێی چاودێری ناوخۆیی، من دەزانم چاودێری ناوخۆیی لێرە وەکو مەبەست، مەبەستی دیوانی ریقابەی مالی و چاودێری حکومەتە، بەلاّم ئەمە وازیح نەهاتووە، چونکە هەموو موئەسەسەیەك وەزارەت بێ یان دیوانی چاودێری بێ یان دامەزراوەیەکی ئاوا

تـەدقیقی داخلـی خۆشـی هەیـە، بۆیـە بـە وازیحـی بنووسـرێت کـە مەبەسـت لێـی دیـوانی چـاودێری دارایـی حکومەتە، سەبارەت بە خاڵی (٥)م کە دەڵێت پێویستە لەسەر دەستە راپۆرتەکانی مانگانە و سـاڵانەی خـۆی بداتە پەرلەمان، لێرە بەپێی ئەم دەربڕینە دەتوانێ راپۆرتی مانگانە و ساڵانەش هەر لە ساڵێك دا بنێرێـت یان دوو ساڵ جارێك بنێرێت، بەڕای من بنووسرێت پێویستە لەسەر دەستە راپۆرتەکانی بە شێوەی مانگانە و ساڵانە، واتە شێوەی ناردنەکە مانگانە و ساڵانە بێت، نەك راپۆرتی مانگانە و ساڵانە، چونکە بە پێی ئەمە دەتوانێت (٦) مـانگ جارێـك راپـۆرتی (٦) مانگـت بـۆ بنێرێـت، سـاڵێك جارێـك راپـۆرتی (١٢) مانگیـت بـۆت بنێرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆر شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەکانی دکتۆرە (ڕێواز) و کاك (علی حەمە صالح) و کاك (ئایدن) و کاك (ئۆمێد حەمە علی) دەکەم، یـەك سەرنجیشـم هەیـە لـەوەی کـە دەڵێـت لـە مـاددەی (٧)م خـاڵی (١)م لـە ئـاخیردا دەڵێـت بـە پێـی ماددەی (١١)ی ئەم یاسـایە لەسـەر پێشـنیازی دەسـتەو بڕیـاری ئەنجومـەنی وەزیرانـی و پەسـەند کردنـی لـە لایەن پەرلەمانەوە، یەعنی بە بڕوای من ئەمەی ئەنجومەنی وەزیران لێ لابدرێت دەستە خـۆی بڕیـاری لـێ بـدات و لـە پەرلەمانیشـدا پەسـەند بکرێـت، ئـەوە پێشـنیازەکەی منـە و، یـەك پرسیاریشـم نـازانم بـەڕێزان ئەمرۆ لێرە نین لە وەزارەت، بـا بڵێین لـە شـوێنێکی تـردا یـا خـۆد ڕەنگـە هـەر پەیوەسـت بێـت بەمەشـەوە شایستەی کۆمپانیاکان، یەعنی ئەوەی کە موستەحەقاتی کۆمپانیاکانە، کـێ موسـادەقە لەسـەر ئـەوە بکـات؟، یەعنی بۆ نموونە ئەم کۆمپانیایە دەڵێت مـن ئەوەنـدە موسـتەحەقاتم هەیـە ئـەوی تـر بڵێـت مـن ئەوەنـدە موستەحەقاتم هەیە کێن ئـەو جیهەتـەی کـە موسـادەقەی موسـتەحەقاتی ئـەم کۆمپانیانـە بکـات؟، چـونکە دواتـر دەڵێت پارەی ئەوانـە دەر دەکرێـت ئینجـا ئـەویتری دەچێتـە نـاو سـەندووقەکەوە لـە ماددەکـانی تـردا هەڵبەتە، ئەمە لە راستیدا دەبێت روون بکرێتەوە ئەو جیهەتە کێیە موسادەقە دەکا لەسەر موسـتەحەقاتی کۆمپانیاکان؟، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا قسەکانم هەندێکی کرا، تەنیا ئەوەندە دەڵێم لەم ماددەیەدا داڕشـتنەوەی خاڵـەکانی بەشـێکی لـە ڕووی کار گێڕی و ژمێریارییـەوە تەحسیل حاصلن و هەنـدێك تەفاصـیلی زۆری تێدایـە و وردەکـاری زۆری تێدایە، کە تا ئاستێك دەچنە چوار چێوەی پڕەنسیپەوە بۆ لیژنەی مـەعنی، بـەڕای مـن چـڕکردنەوەی ئـەم

ماددەیە بە پێویست دەزانم، هەرچەندە لە ڕووی واقعییەوە تەصەور ناکەم ئەو دەستەیە بتوانێت مانگانە راپۆرت بداتە جیهەتی مەعنی، بە تەحدید بوترێت وەرزی ئەو دوو راپۆرتە ئاراستە بکرێت و، ساڵانەش هی ساڵەکە بنێردرێت بۆئەوەی ئەوان بتوانن لە چوار چێوەی یاساکە نەچنە دەرەوە و کارو باری خۆیان بەڕێوە ببەن، ئەم ماددەیە بۆ مسۆگەر کردنی دوو مەسەلەی زۆر گرینگە یەکەم: تۆمار کردنی داهات، دووەمیش: گواستنەوەی بۆ وەزارەتی دارایی و سەرف کردنی، بۆیە بە دیدی من وردکرنەوەی ئەم بابەتە جۆرێك لە مەترسی لە بەدینەهاتنی ئەم دوو خاڵە هەیە، هیوادارین لیژنەی مەعنی چڕی بکاتەوە و مسۆگەری ئەو داخوازییە بکات کە هەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، ئێستا لیژنە پەیوەندیدارەکان قسەتان چییە لەسەر ڕای ئەندامانی پەرلەمان؟، بەڕێز دکتۆر عزت فەرموو.

**بەڕێز د.عزت صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکێك لە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان باسی لەوە کرد کە دەستە سەر بە پەرلەمان دەبێت، بۆیە راپۆرتەکانی نەك هەر بۆ پەرلەمان یا خۆد پەرلەمان مافی ئەوەی هەیە هەموو کاتێك دەسەڵاتەکانی کەم بکاتەوە، راستی ئەم دەستەیە سەر بە ئەنجومەنی وەزیران دەبێت، بۆیە زۆر گرینگە راپۆرتی بدرێتە پەرلەمان، لە خاڵی داهاتوودا سیاغەی راپۆرتەکەش نیشانی بەڕێزتان دەدەم، بەڕێزیکی تریش باسی لەوەی کرد شایستەی دارایی پێویستە ئەویش بچێتە ئەو سەندووقە، لە راستیدا لە بڕگەی (٥)ی ماددەی (٨) بە وازیحی هاتووە شایستەی دارایی تر دەبێت ئەویش بچێتە سەندوقەکەوە، سەبارەت بە ماددەی (٧)م بڕگەی (١)م پشتگیری ڕای پەرلەمانتارە بەڕێزەکان دەکەم ڕێژەی (ئاڵۆ وێر) لەوێ واتای تەواو و دەقیق نادات بە دەستەوە، بۆیە پێشنیار دەکەین بەم شێوەیە بێت، بەڕێوەبردن و مسۆگەر کردنی گواستنەوەیان بۆ ژمێرەی وەزارەتی دارایی ئەو کاتە هیچ تەفسیرێکی هەڵە هەڵناگرێت، سەبارەت بە بڕگەی (٢)م لە ماددەی (٧)م وردبینی کردنی جوڵەی گشت داهاتەکانی نەوت و گازی هەرێم لە سەندووق دا بەپێی چاودێری ناوخۆیی لە هەرێمی کوردستان، کە وتت لە هەرێمی کوردستان ئەو سیغەیە یا خۆد ئەو تەفسیرە هەڵەیە ناهێڵێت، چونکە هەموو وەزارەتێك لە حکومەتی هەرێم دا خۆی چاودێری ناوخۆیی هەیە، هەموو وەزارەتێك بێجگە لەوەش شوێنەکەی لە هەرێمی کوردستان پێی دەوترێت دیوانی چاودێری دارایی، بۆیە مەعنای یا خود مەبەست لە بڕگەی دووەمی ماددەکە بریتییە لەوەی کە دیوانی چاودێری دارایی چاودێری داهاتی ئەم سەندووقە بکات، بۆیە وشەی هەرێمی کوردستانی بۆ ئیزافە بکرێت یان بە تەحدید بنووسرێت، لە لایەن دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی کوردستان،...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێموابێت ئەوە دوایی لە بڕگەکانی تردا تێدایە لە ماددەکانی تردا کە دیوانی چاودێری ڕەقابەی دەکات.

**بەڕێز د.عزت صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ یەعنی کەواتە ئێستا کە وشەی هەرێمی کوردستانی بۆ ئیزافە بکەین ئەو ئیشکالەش ناهێڵێت کە ئەم چاودێرییە ناوخۆییە لە لایەن وەزارەت خۆیەوە بێت، ماددەی (٥)م بەم شێوەیە سیاغە بکرێتەوە (پێویستە لەسەر دەستە راپۆرتەکانی بە شێوەی مانگانە و ساڵانەی خۆی بداتە پەرلەمان و بۆ ڕای گشتی ئاشکرا بکات) بۆئەوەی ڕای ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانەی تریش بە هەند وەربگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز دکتۆر شێرکۆ جودت، فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای بەخشەندە و میهرەبان، ئەم خاڵانەی کە باس کرا سەبارەت بە راپۆرتەکان بکرێت بە نامیلکە و لە وەقایعی کوردستان خۆی بێگومان راپۆرتەکان بڵاو دەکرێتەوە، مەسەلەی ئەوەی کە (بە پێی پێویستی) بۆ زیاد بکرێت هەر ئەوەش پێویستە و ئێمە پشتگیری لێ دەکەین بەوەی کە مانگانە ئەوانە راپۆرت بنێرن و بە پێی پێویست، سەبارەت بە ڕایەکەی دکتۆرە (ڕێواز) مەسەلەی ئینسیابیەت و نسبیەت من پشتگیری لەو ڕایە دەکەم، چونکە ئینسیابیەت جیاوازە لە نسبیەت، نسبیەت واتە ڕێژەیەك دیاری بکرێت، بەڵام ئینسیابیەت واتە سیاقی جوڵەی حەرەکەی هینەکە، بۆیە بەڵێ ئەوە ئێستا لە گەڵ لیژنەدا دەبێت روونی بکەینەوە یان تەوزیحی زیاتری بدەینێ، مەسەلەی بە هاوکاری و هەماهەنگی وەزارەتی دارایی بەڵێ ئەوە خۆی لە خۆیدا تەحسیل حاصلە، چونکە ئەم موئەسەسەیە سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە و، ئەنجومەنی وەزیرانیش وەزارەتی دارایی مەعنی یە،...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە کوێیدا ئەمە دکتۆر؟

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە هەر لە بڕگەی پێشتردا ئیقرارمان کردووە کە تەنزیمیەن سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێت و لەوێدا تەبعەن دەبێتە تەحسیل حاصل کە وەزارەتی دارایی بێتە سەر خەت و ئەگەر ئیشارەتیشی پێ بدرێت، یەعنی تەئکید کردنەوەیە لەسەر ئەوە، ئەوەی ئاشکرا بکرێت بۆ ڕای گشتی بەڵێ بێگومان کە پەرلەمان ئاگادار بوو و ئەو راپۆرتانە زەخت بکرێتەوە بۆئەوەی کە ئاشکرا بکرێت بۆ ڕای گشتی شتێکی گرینگە بۆ شەفافیەت، ئەوەی کە دەوترێت پێویست ناکات (بنووسرێت) یان (بوترێت) کە راپۆرت بدات بە پەرلەمان، ئێمە مەبەستمان بۆ کە بەروونی تەئکید لەوە بکەینەوە کە مولزەم بێت ئەو دەستەیە کە راپۆرت بدات بە پەرلەمان بۆئەوەی کە نەبێتە ئەوەی کە ئجتیهاد بکرێت مانگێك بنێرێت یان کاتێك

بنێرێت و كاتێك نه نێرێت لەبەرئەوەی كه مولزەم نییه، بۆیه بەو دەقه ئیلزامی ئەو دەستەیه دەكرێت كه راپۆرت بنێرێت بۆ پەرلەمان راپۆرتی تەفصیلی، ئەوەی كه به روونی بنووسرێت دیوانی چاودێری دارایی بەڵێ، چونكه هەر ئێمه خۆشمان كه موناقەشاتمان دەكرد له لیژنەكاندا مەبەستمان ئەوه بوو كه له ژێر رەقابەی دیوانی چاودێری دارایی دا بێت كه له بڕگەی(٢)م دا باسی لێوه بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز دكتۆره ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فريد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكو لیژنەی یاسایی تەنیا ڕای خۆمان لەسەر بڕگەی (٢)م هەیه، كه تایبەته به وردبینی كردنی جوڵەی گشت داهاتەكانی نەوت و گازی هەرێم له سەندووق دا به پێی چاودێری ناوخۆیی له گەڵ دەركردنی راپۆرتی مانگانه دەربارەیانەوه، ماددەی (١١) بڕگەی (٥)م هەیه، له ماددەی (١١) بڕگەی (٥)م كارەكانی دەستەو ژمێرەكانی سەندووق مل كەچ دەبن به چاودێری پەرلەمانی كوردستان و دیوانی چاودێری دارایی هەرێم، بۆیه دەكرێت ئەو بڕگەیه لێرانه هەڵبگیرێتن لەبەرئەوەی له بڕگەی (٥)م له ماددەی (١١)م به ڕاشكاوانه ئیشارەت بەو بابەتەو بەو خاڵه دراوه.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمه صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵاهی یەك تێبینی بچووكم هەیه، تەبعەن من پشتیوانی زۆربەی بۆچوونەكانی بەڕێز كاك (سالار) دەكەم، بەڵام سەبارەت بەوەی كه راپۆرتی مانگانه ڕەنگه نەكرێت و بكرێته وەرزی من پێموایه راپۆرتی هەفتانەش دەكرێت بكرێت ئەمه عەمەلییەكی زۆر ئاسانه و له دونیا بۆته شتێكی لەحزەوی، ئەم لەحزە ئەوەندە نەوت دەڕوات و ئەوەندە نەوت فرۆشرا پارەكەی جوڵەی پێدەكرێت، ئێستا له نەرویج موعتەبەره، یەعنی عەمەلییەكه قورس نییه، ئەو نەوتانەی كه فرۆشراوه تەنیا بەیاناتەكان كۆ دەكرێتەوه له چوار چێوەی راپۆرتێكدا و تەسلیم دەكرێت، ئەم بەیاناتانەش بەشێكن لەوەی كه رۆژانه هەن، یەعنی تایبەت به پەرلەمان یان تایبەت به ئەنجومەنی وەزیران، ئەم راپۆرته حازر ناكرێت، ئەم دامەزراوه راپۆرتەكه هەر خۆی هەیەتی به شێوەی رۆژانه چەند نەوتی فرۆشتووه؟ جا تۆ دەتوانی رۆژانه لێی وەربگری، دەتوانی هەفتانه لێی وەربگری، دەتوانی مانگانه لێی وەربگری، بۆیه پێموایه كارێكی ئاسانەو قورس نییه.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشه، تكایه موشاوەره بكەن سیاغەی بكەنەوه ماددەكه بەو تێبینیانەی كه وەرتان گرت بۆئەوەی بیخوێنرێتەوه و بیخەینه دەنگەوه. بەڕێز دكتۆر عزت فەرموو.

**بەڕێز د.عزت صابر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی (٢)م لە ماددەی (٧)م وردبینی جوڵەی گشت داهاتەكانی نەوت و گازی هەرێم لە سەندووق دا بە پێی چاودێری ناوخۆیی لە گەڵ دەركردنی راپۆرتی مانگانە دەربارەیانەوە، لە راستیدا لە ماددەی (١١) هاتووە كە دیوانی چاودێری دارایی سەرجەم جوڵەی داهات لەم سەندووقە وردبینی دەكات، لە یەكێكی تر لە ماددەكان هاتووە كۆمپانیای (جیهانی) وردبینی دەكات، لە سیستەمی ژمێریاریش لە هەرێمی كوردستاندا سەرجەم وەزارەت و دەستەكان لە ناوخۆی خۆیدا بەشێك هەیە پێدەوترێ بەشی (تەدقیق)، بەشی وردبینی، بۆیە بۆئەوەی هەرسێ چاودێرییەكە چاودێری ناوخۆی و دەستەكە سەندووقەكە دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی كوردستان لە گەڵ كۆمپانیا باوەر پێكراوەكانی دونیا بۆئەوەی هەرسێكی ئامانجەكە بپێكێ، دووەم بەم شێوەیە دایدەڕێژینەوە بۆئەوەی هیچ تەفسیرێكی تر هەڵنەگرێت وردبینی كردنی جوڵەی گشت داهاتەكانی نەوت و گازی هەرێم لە سەندووق دا بە پێی وردبینی ناوخۆیی ئیتر لەوێدا هیچ تەفسیرێكی تر هەڵنا گرێت، ئەو چاودێری كردنە دەكەین بە (وردبینی) بۆئەوەی كەلیمەی تەدقیق بپێكێ وردبینی ناوخۆیی لەگەڵ دەركردنی راپۆرتی مانگانە دەربارەیانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بڕگەكانی تریش داڕێژراونەتەوە، بەڕێز دكتۆر شێركۆ فەرمووو.

**بەڕێز د.شێركۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببورە، دەبوایە لە كاتی خۆیدا بم وتایە، تەنیا زمانەوانییە، دەربارەی نا، بەڵكو لەبارەیەوە، چونكە گۆنجاوتر و كوردی ترە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لەبارەی لە بڕگەی چەند؟

**بەڕێز د. شێركۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم، دووەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د. شێركۆ فورموو،

**بەڕێز د. شێركۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە بڕگەی دووەم، كاتێك كە گفتوگۆكانمان كرد لەسەر مەسەلەی چاودێری، باسمان لە تەنیا تەدقیق نەبوو، بەڵكو مەبەستمان ئەوە بوو شتێك هەیە لە دونیا پێی دەڵێن ( energy editing system) واتە

﴿نظام الرقابة على الطاقة﴾ ئەم سیستەمی چاودێرییە گرنگییەکەی لەوەدایە کە ئەم دەستەیە ﴿٣﴾ ئیشمان لە ماددەیەکی تردا تەسبیت کردووە، ﴿تەدقیقە، تەوفیقە، ادارة عائدات النفط﴾ واتە وردبینی و دڵنیاکردنەوە و بەڕێوەبردنی داهاتی نەوت و گاز، لە رووی تەوفیقییەوە نەك لە رووی تەدقیقییەوە بە تەنیا، لە رووی تەوفیقییەوە دڵنیاکردنەوە روونادات هەتا ئەو دەستەیە ئیشی چاودێری نەکات، واتە لەگەڵ کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستان بۆ نەوت و گاز تەنسیق دەکات بۆ دڵنیا کردنەوەی داتا و زانیارییەکان کە راستن، بۆیە ئێمە پێمان وایە برگەی دووەم، لەبەر ئەوەی گفتوگۆی زۆرمان لەسەر کردووە لە ماددەی حەوت، وەك خۆی بمێنێتەوە و چاودێرییەکەی و بوعدە رەقابییەکەی و دڵنیا کردنەوەکە زەمانەت دەکات و هەم تەدقیقەکەشی دەهێنێتە دی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، تەواو بوون؟ کاك فەرهاد قسەت هەبوو؟ ببورە، فەرموو،

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح ﴿فەرهاد سەنگاوی﴾:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو، سێ، قسەشم هەبوو، لەبەر ئەوەی من لە موناقشەی ئێرە یەك، دوو، جار روویشتم، بەداخەوە ئێوە تێبینیەکانی منتان بە هەند وەرنەگرتبوو، تێبینییەکانیشم لە خۆرایی نەبوو، وتم وشەی سەندووق بکەنە ﴿کاسە﴾ کە بە داخەوە موەفەق نەبوون، بەڵام شتێکی ترم وت کە ﴿٥﴾ پارێزگارەکەی کوردستان پێویستە ئەندام بن لەو شوێنە، بۆچی؟ هەر ﴿٥﴾ پارێزگارەکەی کوردستان ئاگادارترین کەس و بەهێزترین کەسن لە پارێزگاکەی خۆیان لە ئیداری و زانیاری و دەسەڵاتیان هەیە و ئەگەر ئەندامی ئەو کاسەیە بن هەم شەفافتر و هەم ئاگادارتر دەبن و کوردستان کۆ دەکاتەوە، چونکە ﴿٥﴾ پارێزگار لە هەر پێنج گۆشەی کوردستان دەزانن چییە، من شەخسی خۆم ئەگەر پارێزگار بم ناهێڵێم نەوت لە پارێزگای من دەرکەن، ئەگەر نەزانم چۆن دەبێت؟ و بەشی ئێمە چەندە؟ چەند دەبردرێت؟ لەبەر ئەوە ئەگەر لە مەسلەحەتی سەندووقەکە بۆ ئەوەی دیموکراتی تر بێت و باشتر بێت بۆ کوردستان پێویستە ﴿٥﴾ پارێزگارەکەی کوردستان ئەندام بن، ئەگەر تێپەڕیوە دەتوانرێت لە ماددەی ﴿١٣﴾ کە باسی هەیکەلی کارگێڕی سەندووقەکە دەکات لەوێ جێگای بکرێتەوە، ئەمە مەسەلەی زۆر گرنگە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مەسەلەی ﴿کاسە﴾ یان سەندووق، وتمان لە داڕشتنی کۆتاییدا، تەدقیق دەکەین کە چۆنە، ئەگەر بگۆنجێت لەگەڵ زاراوە کوردییەکاندا بەکاری دەهێنین، بەڵام ئەوەی جەنابت باس دەکەی ئەم سەندووقە تەنیا ئەرکی کۆکردنەوەی داهاتە و ئەرکی سەرپەرشتیکردنی پرۆسەکانی نەوت نییە، کۆمپانیاکانی تر کە دروست دەکرێن ئەو کات دەتوانرێت وا بکرێت کە لە ژێر چاودێری پارێزگاکان بن، بۆ نموونە کۆمپانیای دۆزینەوەو بە بازارکردنی نەوت کە دروست دەبێت لە داهاتوو کە بە یاسا دەری دەکەین، بەڵام ئەمە

سەندووقێکە بۆ کۆکردنەوەی داهات نەك بۆ سەپەرشتی کردنی پرۆسەکانی نەوت، بۆیە رەنگە لەبەر ئەمە تێبینییەکەت بەهەند وەرنەگیرابێت لە لایەن لیژنەکەوە.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر روونی بکەنەوە رەنگە بە سوود بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای تاوتوێ کردنی بابەتەکە بە تایبەتی برگەی دووەم، لەگەڵ هەردوو لیژنەی تایبەتمەند ئەوان لە بیدایەتەوە روونکردنەوەیان دا کە مەبەستیان لە چاودێری، چاودێری دیوانی رەقابەی مالیە و دوای تاوتوێ کردن دەرکەوت مەبەستیان دیوانی رەقابەی مالی نییە، بەڵکو مەبەستیان وردبینی کردنی نێوخۆییە، بۆیە لیژنەی یاسایی بڕیارەکەی لەگەڵ ئەوانە کە ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێت و دوای ئەوەی کە روونکردنەوەیان دا و ماددەکە بەم شێوەیە دارێژراوەتەوە، ماددەی حەوتەم: دەستە ئەمانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت، یەکەم، تۆمارکردن و دۆکیۆمێنت کردنی سەرجەمی داهاتەکانی نەوت و گازی هەرێم کە بە گوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەستدەکەون لە سەندووقدا و هەروەها بەڕێوەبردن و مسۆگەر کردنی گواستنەوەیان بۆ ژمێرەی وەزارەتی دارایی پاش ئەوەی بە پێی ماددەی یازدەهەمی ئەم یاسایە لەسەر پێشنیاری دەستەو بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران و پەسەندکردنی پەرلەمان تەرخان دەکرێت، دووەم، وردبینی کردنی جوڵەی گشت داهاتەکانی نەوت و گازی هەرێم لە سەندووقدا بە پێی چاودێری نێوخۆیی لەگەڵ دەرکردنی راپۆرتی مانگانە لەبارەیانەوە، سێیەم، ساڵانە ئاشکراکردنی گشت ئەو داتایانەی تایبەتن بە ژمێرە و چالاکییەکانی سەندووق دەربارەی سپاردن و راکێشان و وردبینی کردنیان بە بەکارهێنانی کۆمپانیای ژمێریاری جیهانی لێهاتوو و متمانە پێکراو، دواتر بەرزکردنەوەی راپۆرتی ناوبەناو بۆ ئەنجومەنی وەزیران کەوا چالاکی و راپۆرتی کۆمپانیاکانی ژمێریاری جیهانی پۆخت دەکاتەوە لەگەڵ دەرخستنی راوبۆچوونی خۆی لەسەر ئەم راپۆرتانە، چوارەم، مسۆگەرکردنی شەفافییەت و درکاندن لە پرۆسە داراییەکان لەکاتی ئەنجامدانی رێکارو پرۆسەکانی ژمێرکاری بە گوێرەی ستاندەردی ژمێریاری پەیڕەوپێکراوی جیهانی و ئاستی پیادەکردنیان لەسەر گشت ژمێرەکانی سەندووق کە لەم یاسایەدا باس کراون. پێنجەم، پێویستە لەسەر دەستە راپۆرتەکانی بە شێوەی مانگانە و ساڵانەی خۆی بداتە پەرلەمان و بۆ رای گشتی ئاشکرای بکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ماددەکەیە بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟ خرایە دەنگەوە، ﴿٧٥﴾ کەس لەگەڵیدایە، کێ دژیەتی؟ کاك سەعید دژیەتی، ﴿١﴾ کەس دژیەتی، کەواتە پەسەندکرا، ماددەی هەشتەم، کاك عمر نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز عمر عینایت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش مانگێك ئێمە یاداشتێکمان ئاراستەی بەڕێزتان کرد بۆ ئامادەبوونی بەڕێزان ئەندامانی باڵای لیژنەی نەوت و گاز بۆ ناو پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر، ئەمە پەیوەندی بەم دانیشتنەوە نییە، دەتوانی بە یاداشتێك بیدەی بە دەستەی سەرۆکایەتی، فەرموو ماددەی هەشتەم بخوێنن بۆ ئەوەی بیخەینە گفتوگۆوە.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی چوارەم، بەڕێوەبەردنی داهاتەکانی نەوات و گاز، ماددەی هەشتەم: دەستە وەرگرتنی ئەمانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت، یەکەم، پوختەی داهاتە شایستەکانی هەرێمی هاتوو لە هەناردەکردن و فروشتنی نەوت و گاز بە گوێرەی گرێبەست کردنی بەستراو لەگەڵ کۆمپانیاکاندا چ لە لایەن وەزارەتەکانەوە یان کومپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوەو و بەرهەمهێنانی نەوت و گاز بێت بە گوێرەی یاسا، پاش داشکاندنی شایستەکانی ئەو کۆمپانیایانەی لە هەرێم کار دەکەن و بەرهەمهێنەرن، چ نەختینەیی بێت یان عەینی و تێچوونەکانی و گواستنەوە و عەمبار کردن و هەناردەکردن و فرۆشتن لە لایەن وەزارەتەوە، دووەم، سەرجەم پێ بەخشین و پاداشتەکانی هاتوو لە گرێبەستەکانی نەوت و گاز لە کاتی شایستەبوونیان و لە نێوانیشیان پاداشتەکانی واژو کردن و بەرهەمهێنانی گرێ بەستە نەوتیەکانی بەستراو لەگەڵ کومپانیا بیانی و خۆماڵییەکان و پاداشتەکانی ژێرخانی ئابووری و بڕەکانی تەرخان کراو بۆ پاراستنی ژینگە و داهاتی تر بە گوێرەی یاسای نەوت و گاز و یاساکانی دیکەی پەیوەندیداردا هاتووە. سێ یەم، پوختەی داهاتەکانی بەروبوومە نەوتی و گازییەکان پاش داشکاندنی تێچوونەکان لە نێوانیاندا پاڵاوتە کردن و گواستنەوە و عەمبار کردن ئەوەی پەیوەستە پێیانەوە لە لایەن وەزارەتەوە، چوارەم: داهاتی دارایی هاتوو لە حکومەتی ئیداری ئەوەی راستەوخۆ پەیوەستە بە داهاتی نەوت و گاز و بەروبوومەکانیان جگە لە پشکی هەرێم لە بودجەی گشتی ئیتحادی دا. پێنجەم: ئەو بڕانەی وەك شایستە بۆ هەرێم هاتوون لەوەی تایبەتە بە نەوت و گازەوە، بە گوێرەی حوکمەکانی یاسای دیاری کردن و وەرگرتنی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان-عێرق لە داهاتە ئیتحادییەکان ژمارە ﴿٥﴾ی ساڵی ﴿٢٠١٣﴾ لەگەڵ رەچاو کردنی بڕگەی

چوارەمی سەرەوەی ئەم یاسایە، شەشەم: ئەو بڕانەی لە وەبەرهێنانی داهاتەکانی نەوت و گازدا وەدەست هاتوون کە لەو ماددەیەدا ئاماژەیان بۆ کراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە با ناوی خۆی بنووسێت؟ بەڕێزان دیارە لیژنە پەیوەندیارەکان دەزانن تێبینیتان لەسەر چییە؟ بۆیە روونکردنەوەیەك دەدەم پێش ئەوەی قسە بکەن و دوای ئەوە ئەگەر بیرورای ترتان هەبێت، ئەگەر قسەکانتان لە لایەن لیژنە پەیوەندیدارەکانەوە گەیشتبێت، بۆ ئەوەی کە ناوتان دەخوێندرێتەوە گفتوگۆکان درێژ نەخایەنێت، فەرموو د. عزت،

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنانەت لە بودجەی ساڵانەی عێراق دا هاتووە سەرجەم داهات و خەرجی نەوت لە بودجەدا پەسەند دەکرێت ئینجا خەرج دەکرێت، بۆیە ئەگەر مادەی هەشتەم، کە نووسراوە پوختەی داهاتەکان، لە بڕگەی یەکەم و سێ یەم، وشەی پوختە دەکەین بە وشەی کۆی ﴿total﴾ بە ئینگلیزی و سیاغەیەکی تری بۆ دەکەین و هەندێك پارەی تر هەیە شاراوە نییە، هەرێمی کوردستان کە نەوت دەفرۆشێت بۆ کۆمپانیا گەورەکان لە جیهان، ئەو نرخەی کە پێی دەفرۆشێت و ئەو پارەی کە وەردەگرێت کۆمێنشنی لەسەرە یا خود خەرجی هەیە ئەو خەرجییانە یەکسەر ئۆتۆماتیکی دەکرێت و ئەو خەرجییانە فیعلەن نایەتە ناو سەندووقەکەوە، سیاغەیەکی وای بۆ دەدۆزینەوە، بەڵام ناکرێت وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بەدەر بێت لە وەزارەتەکانی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆیە ئەو سەندووقە مەکانەتی خۆی هەبێت پێویستە سەرجەم داهاتی نەوت، نەك پوختەی داهاتی نەوت بچێتە ئەو سندوقەوە، ئەگەر بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان موناقشەیان چڕ بێتەوە لەسەر وشە، ئەوا رای لیژنەی دارایی و لیژنەی سامانە سروشتییەکانە کە وشەی پوختە دەکەین بە وشەی کۆی داهاتەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە ناویان تۆمارکردووە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ماددەی (٨) ، جا هەر بەڕێزێك ئەگەر پەیامەکەی گەیشتبوو بۆ گفتوگۆکردن کە من ناوم خویندەوە ئاگادرامان بکاتەوە بۆ ئەوەی ناوی بکوژێنینەوە ، پێشتر ئەم بەڕێزانە ناویان نووسیوە ( تەلار لطیف ، گەشە دارا ، شێرکۆ حەمە امین ، علی حەمە صالح ، عزت صابر ، ڕێواز فائق ، مریم صمد)

**بەڕێز د . یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ ناوی خۆی ئەکوژێنێتەوە با ئێستا پێمان بڵێت.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/سكرتێری پەرلەمان:**

(قادر وەتمان ، صالح فەقێ ، سەرکەوت سەرحەد ، تحسین اسماعیل ، مامۆستا مروان گەلاڵی ، هەورامان گەچێنەیی ، ڕابوون توفیق ، ابوبکر هەڵەدنی ، بەهزاد دەرویش ، پەروا علی ، کەژاڵ هادی ، حسن صالح ، منیره عثمان ، غریب مصطفی ، حیاة مجید ، عباس غزالی).

**بەڕێز د . یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتوو گەشە فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەو ڕایە بووم کە بەڕێز دکتۆر عزت خوێندیەوە ، مەسەلەی (پوختە و کۆ)کە لەگەڵ کۆیا بووم (کۆی داهاتەکان) ، داهاتە شایستەکانی هەرێم لە هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوت و گاز ئەگەر ئێمە حەسری بکەین بە فرۆشتنی نەوت و گاز و تەنها (تصدیر و بیع) لێرەیا هەرکاتێك حکومەتی هەرێم عەقدێکی کرد لەسەر بەرهەمێکی تری نەوتی داهاتەکەی نایەتە ئەم سندووقەوە ، بۆیە پێم باشە بە گشتی عەقدەکان بە مەتڵەقی بێت ، واتە ئەگەر بڵێین هەموو ئەو عەقدە نەوتیانەی کە کراوە داهاتەکەی بێتە ئێرە ، ئەبێ ئەو بڕگەیەش لاچێ لەکاتی مەسەلەی کۆکە ئەویش پاش داشکاندنی شایستەکان ، شایستەی کۆمپانییەکان ، دیارە لیژنەکانی پەیوەندیدار خۆیان باشتر ئەزانن ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د . یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز شێرکۆ حەمە امین فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرباری پشتگیریم بۆ قسەکانی دکتۆر عزت و گەشەخان و تەلارخان و ئەوانە ، من لەسەر ئەم ماددەیە ئەم سەرنج و تێبینیانە ئەڵێم ، ئەم ڕەشنووسەشم ئامادە کردووە ، لەسەر یەکەم من بەدیاری کراوی من لایەنگری ئەوەم ئاوا بنووسرێ ماددەی هەشتەم ، خاڵی یەکەم " (کۆی داهاتەکانی پرۆسەکانی نەوت دەچێتە سندووقەکەوە) ، پاشان موستەحاقاتەکانی کۆمپانیاکانی لێدەردەکرێت پاش ڕەزامەندی دەستەی بەڕێوەبردن و وردبینی کردنیان ، چونکە لە ڕاستیدا بەپێی ئەمە دەسەڵاتەکی زۆر زۆر دراوە بە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ من هەرتەمەنام ئەکرد بەڕێزیان لێرە بوونایە ، یەعنی ناکرێ لە دونیادا هیچ وێنەیەکی تر نییە وەزارەتێك خۆی نەوت دەربێنێ ، خۆی نەوت بفرۆشێ ، خۆی ئامر بلسەرفیش بێت ، ئەوەی تا ئێستا لەکوردستان کراوە وابووە لە ڕاستیدا ، هەتا بەپێی ئەو ڕاپۆرتەشی کە بەڕێزیان داویانە بە ئەندامانی پەرلەمان کە باسی خەرجییەکانی نەوتیان کردووە لە ساڵی (٢٠٠٧-٢٠١٣) کە لەڕاستیدا هەمووی بە بڕیاری نهێنیەو یەعنی ئەمە وێنەی نییە لە عالەمدا ، بۆ نموونە وەزیرەکانی تر ڕەنگە دەسەڵاتیان زۆر مەحدووده لە سەرفیاتا ، ئەبێ جیاوازی چی بێ لە بەینی وەزیرێك و وەزیرێکی ترا؟! بۆیە من لایەنگری

ئەوەم لە ڕاستیدا نەسەکە بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە ، لایەنگری ئەوەم لە ڕاستیدا (کۆی داهات) ببێت بە داهاتی وەزارەتی دارایی یەعنی لە ڕاستیدا دەبێت وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لایەنی تەکنیکی پرۆسەی نەوت سەرپەرشتی بکا نەك لایەنی فرۆشتن و کۆکردنەوەی داهاتوو بوارەکانی تر ، چونکە لە ڕاستیدا وێنەی نییە لە جیهانا ، لەسەر خاڵی دووهەمیان" هەر بۆیە پێمخۆشە نازانم کێ وەلأمان بداتەوە؟ ئایا هەموو ئەوپارانەی پێشتر چارەنووسیان چی لێدێت؟ ئایا ئەچنە ناو ئەم سندووقەوە؟ یاخود ئەم سندووقە لەو کاتەی کە دەست بەکارکردن ئەکات پارەی تێ ئەچێت؟ سێهەمیان " ئەوەی دکتۆر عزت دیسان لەگەڵیام (کۆی داهاتەکان) ، لەگەڵ ئەوەشدام ئەوە لابرێت پاش داشکاندنی تێچوونەکان ئەمە لابرێت ، واتا کۆی داتەکە بچێتە ناو سندووقەکە و لەوێوە لێی دەربکرێتەوە ، حەزئەکەم وەلأمی ئەم پرسیارەش وەربگرمەوە هەست دەکەم چوارەم و پێنجەم لەیەك ئەچن جا نازانم بەڕێزان خۆیان سەیرێکی بکەن ئایا چوارەم و پێنجەم چ جیاوازییەکی هەیە لە نێوانیانە داهاتی دارایی هاتوو لە حکومەتی ئیتیحادی پاشان ئەو بڕانەی وەك شایستە بۆ هەرێم ، هەستدەکەم خۆیان تۆزێك وردتر سەیری کەن ، ئایا هیچ جیاوازییەك ئەبینن لە نێوانیاندا؟ خاڵی شەشەم" ئەو بڕانەی لە وەبەرهێنانی داهاتەکانی نەوت و گازدا وەدەست هاتوون ئەو (کەیە) زیادەیە ، بڵێین ئەو بڕانەی لە وەبەرەهێنانی نەوت و گازدا وەدەست هاتوون و لەم ماددەیەدا ئاماژەیان بۆ کراوە ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، ئەندامانی لیژنە پەیوەندیدارەکان دوایی قسەی خۆتان بکەن ، بەڕێز کاك تحسین اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم ، بڕگەی یەکەم" کۆی داهاتە شایستەکانی هەرێمی هاتوو ، لە کوردی نییە ئەگەر بکرێتە (شایستەکانی هاتووی هەرێم) ، ئینجا لێرە هاتووە بە گوێرەی گرێبەستەکانی نەوت و گازی بەستراو لەگەڵ کۆمپانیەکاندا ، بەستراو هەر غەڵەتە لێرە نەبێ باشترە هەر گرێبەستەکانی نەوت و گاز لەگەڵ کۆمپانیاکاندا ، ئینجا ئەویش پاش داشکاندن لێرە داشکاندن ناگونجێ کەمکردنەوە باشترە ، (کەمکردنەوەی شایستەکانی ئەم کۆمپانیانەی لە هەرێمدا کاردەکەن) ، بڕگەی دووەم" نووسراوە (سەرجەم پێبەخشین و پاداشتەکانی هاتوو) ، پێبەخشین نا ، (بەخشیش و پاداشتەکانی هاتوو لە گرێبەستەکانی نەوت و گاز لە کاتی شایستە بوونیاندا) نازانم مەفهومێك نادا باشترە بڵێین کە شایستەبن لە نێوانیشیاندا پاداشتەکانی واژۆکردن و بەرهەمهێنانی گرێبەست ، گرێبەست بەرهەمناهێنرێ ئامادەکردنی گرێبەستە نەوتییەکان بێ دیسان بەستراو لەوێ لابدرێتن ، بڕگەی سێیەم" بەڕێزێکی تریش ئیشارەتیدا کە بەروبووم زیاتر بۆ کشتوکاڵ دێت ، ئەگەر بکرێتە پێکهاتە نەوتییەکان موشتەقات پێکهاتەیە ، دیسان داشکاندن بکرێتە

کەمکردنەوەی تێچوونەکان ، پالأوتەکردن نییە بۆ پالأوتن نەبێ پالأوتەکردن بێتن ، من لەگەڵ بەڕێز کاك دکتۆر شێرکۆم بڕگەی چوارەم و پێنجەم لەیەك ئەچن ، بکرێنە یەك باشترە ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز کاك ڕابوون معروف فەرمووو.

**بەڕێز ڕابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەکورتی پشتگیری ئەو بۆچوونەدەکەم کە وشەی پوختە دەکرێتە سەرجەم ، هەروەها بە دەستەواژەیەکی وازیح و ئاشکرا جێبکرێتەوە ، جگە لەوەزارەتی دارایی یەعنی پێش گەیشتنی داهاتەکان بۆ وەزارەتی دارایی هیچ ناوەندێکی تر مافی سەرفکردنی پارەی نەبێ ، هەروەها پێشنیاریش دەکەم بۆ لیژنە پەیوەندیدارەکان لەسەرەوە ئەگەر بکرێ پێناسەی داهاتە نەوتییەکان بەگوێرەی ماددەی یەکەم لە یاسای نەوت و گاز ڕێکبخرێتەوە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، خاتوو حیاة مجید فەرموو

**بەڕێز حیاة مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم لەلایەن مامۆستا تحسین و گەشەخان کرا ، سوپاس بۆ ئێوە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز دکتۆرە ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر بڕگەی شەشەم هەیە ، ئەگەر ئەم بڕگەیە بۆ ئەوە دانراوە ، ئەگەر ئێمە لە پێنج بڕگەی سەرەوە هیچ یەعنی شتێکمان لەبیر چووبێ یان شتێك کە لە ئایندەدیا ڕەنگە وەکو داهاتبێت ئەو بڕەش بچێتە ناوسندووقەکەوە هەستدەکەم سیاغەکەی تەواو نییە ، ئەو بڕانەی لە وەبەرهێنانی داهاتەکانی نەوت و گازدا وەدەست هاتوون کە لەم ماددەیەدا ئاماژەیان بۆ کراوە نووسراوە ، خۆی ئەبوایە بنووسرێ بۆ نەکراوە ، هەرشتێکی تر کە لەو پێنج بڕگەیە نەکراوە ئەگەر وابێ یەعنی ئەو ماددەیە ئەو فەقەرەی زیادەیە ئەوە یەکەمیانە ، دووەم" ئەمەوێ تەوزیح لەسەر دوو شت بدەم بڕگەی چوارەم و بڕگەی پێنجەم مەبەست چییە ، بڕگەی چوارەم مەبەست لەپارەی بەنزینە هەندێك جار ئێمە قسە لەسەر ئەوە دەکەین کە لە ڕابردووا بڕێکی زۆر حسەی بەنزینی هەرێمی کوردستان نەهاتووە مەبەست ئەوەیە ، بڕگەی پێنجەمیش مەبەست ئەو (٢٧) تریلۆنەیە کە ئەو وەکو ڕاپۆرت لە ڕابردوودا وەرمانگرت ئەگەر خواکردی و عیراق دڵی نەرم بوو بۆی ناردین ئەچێتە ناو ئەو سندووقە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، کاك عباس غزالی فەرموو.

**بەڕێز عباس میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی ڕاسی بێتن هەروەکو لە ماددەی پێشتریش باسم کرد ئەمانە زیاتر لە ڕێنمایی دەچن ، ئەمن ماددەی هەشت ، نۆ بەم شێوەیە کورتم کردیتەوە ئەگەر پەسند بێ ، لەدوای کەمکردنـەوەی ئیلتیزامـاتی سـەرفیات کـۆی داهاتـەکانی خـاڵس لـەم سـندووقە کۆدەکرێتـەوە بـە دراوەکـانی دانپێـدراو لـەو بانکـەی سـندووق بـە پەسندی ئەزانێ ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، کاك بەهزاد دەروێش فەرموو

**بەڕێز بەهزاد دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ماددا هەشتێ خالێ یەکەم و سێیەم تەئیدا پشتگیریا دکتۆر عزتێ دکەین هەروەتڤ بـۆ خـالێ یەکـەم ئـەڤ سیاغە دکتۆر شێرکۆ حەمە امین خوێندیەوەڤا تەئیـدێ لـوێ سـیاغە دکـەین بەڕاسـتی ، خـالاْ سـێ" هـەر ل سێیەمدا ماددا هەشتێ سێیەم بەدل بـەروبووم و بەرهەمـەکان پێشـتریش مـە بـەحس کـر بـەدل بـەروبووم ببتـە بەرهەمـەکان ، ئـەوژی ئـەز وێ ڕەئیمـە هـەرواتڤ پـاش داشـکاندن بێتـە ئیلغـا کـرن ئەڤـە خـالاْ سـێ داهاتییە نیشانکرن ، شەشەم" بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانێ هەرچەندە دکتۆرە ڕێواز ب شێوازەکی دی بەحس کر ڕاستی ئەگەر هەمی داهاتێت نەوت و گازێ ئەم ئەغلەبێ سەر وێ ڕەئییێنە خـالاْ ئێکـێ و سـێییێ ، هـەمی بەرهەمەکانی نەوت و گاز هاتنە پەسن کرن ئەڤ خالە هەنگێ زێدەیە ئەوێ شەشێ ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، خاتوو پەروا علی فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەخاڵی یەکەم منیش وشەی (کۆ) باشترە کە بەڕێزان ئیشارەتیان پێدا ، هەر وەها لەگـەڵ تـەواوی قسـەکانی دکتـۆر شـێرکۆ حەمـە امیـنم ، سـەبارەت بـەخاڵی شەشـەمیش بەهـەمان شـێوە ئـەو بڕانـەی لـە وەبەرهێنانی داهاتەکانی نەوت و گازدا وەدەست هاتوون ئـەکرێ بکـرێ بـە ئەوانـەی تـر یـان سـەرجەم ئـەو بڕانـەی تـر تاڕادەیـەك دەسـتەواژەکە ڕوون نییـە یـان لەگـەڵ ئـەوانی تـر کۆبکرێتـەوە یـان بگـۆڕدرێ ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز کاك قادر ئۆتمان فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول (قادر ڕەزگەیی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری هەموو ئەو ڕەئیانە دەكەم كە (كۆی داهات) بێت نەك (پوختەی داهات)بێ ، پێشنیار دەكەم لە بڕی پاش داشكاندن دواتر شایستە داراییەكان سەرف بكرێ ، بڕگەی سێیەم هەر نەمێنێ تەنها یەك وشەی جیاوازی تێدایە كە پالأوتە كردنە باقی شتەكانی دیكە لەو دەقەدا هاتوون یاخود لە ماددەی (١١) بڕگەیەك یان خالێك زیادبكرێ بۆ دراو پێدانی وەزارەت بە مەبەستی شایستە داراییەكانی كۆمپانیییەكان و بۆ مەبەستەكانی دیكەش ، یەعنی گواستنەوە و پالأوتەكردن بۆ هەموو ئەو مەبەستانە ، واتە كۆی داهاتەكە بێتە سندووقەكە دواتر وەزارەتی سامانە سروشتییەكان پارە وەربگرێ بە مەبەستی بەرجەستە كردنی شەفافییەت ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز كاك غەریب فەرموو.

**بەڕێز غریب مصگفی حەمە (غریب پێنجوێنی)**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەی كە دكتۆر عزت باسی كرد، كە وشەی (پوختە) بكرێت بە (كۆ)هاوڕێیانم ئاماژەیان پێكرد، كە ئەوە بكرێت بە (كۆ)، بەلأم ئەگەر لەكۆتایی هەردوو خالی یەك و سێیەم، لە بڕگەی پاش داشكاندنی تا كۆتاییەكەی لا نەبرێت ئامانجی ئێمە ناپێكێت، تا كۆی داهاتەكە بە شەفافی بێتە ناو سندوقەكەوە، بۆیە ئومێد دەكەم لەهەردوو خالەكەدا هی یەكەم و سێیەم، پاش داشكاندنی تا كۆتایی هەمووی لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك صالح فەقێ، فەرموو.

**بەڕێز صالح فقێ محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی لەو پوختەیە دەكەم، ئەوە یەكەم، دووەم: لەخالی یەكەم ئەوەی گرێبەستەكەی نەوت و گازی بەستراو، تا ڕادەیەك ئەوانەی دوای خۆی ناگرێتەوە، كە بۆ لەمەودوا ئەبەسترێت، ئەو بەستراوەش لابرێت، ئەم وشەی داشكاندنە كە لەهەركوێدا هاتبێت، نەمێنێت، كە ئێمە باس لە پوختە ئەكەین هیچ سەرفیاتێك نامێنێتەوە، تا پاش یان داشكاندنی تێدا بمێنێتەوە، ئەبێت جارێكی تر ڕێك بخرێتەوە، وە لەهەر شوێنێك وشەی نەوت وگاز هاتبێت، بەرهەمەكانیشی لەگەلێدا ئاماژەی پێ بدرێت، وشەی هاتوو یان بەدەستهاتوو ئەوەش تا ڕادەیەك ڕوون نییە، لە هەر جێگایەك هەبێت بەدەست دەكەوێت یان بەدەست دێت ئەوە وشەیەكی تری بۆ بدۆزینەوە، لەوەی پێنجەمیش: لە دوو خالدا پێویست بەوە ئەكات لە سەرجەم پرۆسەكانی داهاتی نەوت، واتە سەرجەم پرۆسەكانی بۆ زیاد بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاك علی حەمە صالح، فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ڕێکم خستووەتەوەو دامڕشتووەتەوە سەبارەت بەوەی کە پێی ئەڵێین (کۆبکرێت) خاڵی یەکەم: چونکە کە دەڵێین داهاتە شایستەکانی هەرێمی هاتوو، لێرەدا داهات نەهاتووە، هەرێم هاتووە، بۆیە لەڕووی زمانەوانیەوە، باشە بڵێین کۆی داهاتە وەدەست هاتووەکانی هەرێم، لەهەناردە کردن و فرۆشتنی نەوت و گاز، بەگوێرەی گرێبەستەکانی نەوت و گازی بەستراو لەگەڵ کۆمپانیاکان، لێرەدا واتاکەی بەم دوو دێڕە بەتەواوەتی دەپێکێت، چونکە ئەوەی کە دەڵێین لەلایەن وەزارەتەوە یان کۆمپانیای کوردستان، ئێستا لەلایەن وەزارەتەوەیە، بەڵام کە کۆمپانیای کوردستان دروست بوو، ئۆتۆماتیکی لەقانونی تایبەت بەخۆی هەمووی ئەچێتە سەر کۆمپانیای کوردستان، من لەگەڵ وشەی شایستەدا نیم، چونکە ئەم داهاتانە هەر ئەبێت شایستە بن، نابێت نا شایستە بن، یەعنی بەشێوەیەك لە شێوەکان تۆ گومان لەخۆت دەکەیت کە ئیشی ناشایستە ئەکەیت، هەمیشە دووبارەی دەکەیتەوە، لەخاڵی سێیەم: دیسانەوە لەوانی تریشدا لەماددەی دووەم، سەرجەم پێ بەخشین و پاداشتەکانی هاتوو، لەگرێبەستەکانی نەوت و گاز لەکاتی شایستە بوونی، بۆ داهاتی تر هەیە ناشایستە بێت، یان کاتێکی تر هەیە داهاتی ناشایستەی تێدا بێت، ئەوە زیادە، خاڵی سێیەم: پێم وابێت ئەمە بەتەواوەتی دەیپێکێت، کە بڵێین دیسانەوە کۆی داهاتە وەدەست هاتووەکانی هەرێم لەهەناردە کردنی نەوت، ئەوەش ئەتوانین بنووسین کۆی داهاتە وەدەست هاتووەکانی نەوت و گاز، ئەوە بەتەواوەتی دەیپێکێت، ئەگەر نا وشەی هەناردەکردن و وشەکانی تر کۆتاییەکەی بەو شێوەیە ببرێت، خاڵێکی تر ڕەنگە پرسیاری ئەوە بێت، لەگەڵ کاك دڵشادیش باسمان کرد، ئەی پارەی ئەو هەموو کۆمپانیانەی کە وقوفیان کردووە، ئیستیحقاقی پاڵاوگەکان چی بەسەر دێت؟، لە عێراق وا کراوە، سەرجەم پارەی نەوت کە وەدەست دێت ئەخرێتە سندووقی دەوڵەتەوە، دوایی لەناو بودجەی گشتیدا ئیستیحقاقی کۆمپانیا نەوتیەکان و هەموو مەسروفاتەکانی نەوت تەخصیصی بۆ ئەکرێتەوە، پارەی بۆ تەرخان ئەکرێتەوە، چونکە فیکرەکە ئەوەیە ئەگەر ڕاستەوخۆ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان یان کۆمپانیای کوردستان یان هەر دامەزراوەیەکی تربن، ئەم پارانە بدەنەوە وەك ئیستیحقاقات، ئەم ئیستیحقاقاتانە ڕەنگە بە فیلتەری تەحقیقدا تێ نەپەڕێت، یەعنی ئیستیحقاقاتەکە هەر ئەدرێت، بەڵام کە بێتەوە سندووق و لەناو بودجەدا تەرخانی بۆ بکرێت زەمانەتێکی باشتر هەیە کە بە فیلتەرێکدا تێ دەپەڕێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر عزت، فەرموو.

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارێك کرا سەبارەت بە ماددەی چوارەم و پێنجەم، جیاوازییەکەیان چییە؟، بەڕێز دکتۆرە ڕێواز بەشێکی ئیشارەت پێداو بەشێکی تریشی ساڵانە لە بودجەی عێراقەوە (١٠٠)ملیار دینار تەرخان دەکرێت بۆ کڕینی سووتەمەنی بۆ وێستگەکانی کارەبا و ئەبێت ئەو پارەش بچێتە ئەم سندووقەوە، کەواتە جیاوازییان هەیە، بۆیە چوارەم وپێنجەم گرنگی خۆی هەیە، وەکو خۆی دەمێنێتەوە، ماددەی هەشتەم، یەکەم: پوختەکە دەکرێت بە (کۆ) لەکوێدا کۆمپانیاکانی تەواو بوو، ئیتر بوەستێت، ئەمجارەش تەئکید لەوە دەکەمەوە کە ئەم سندووقە وەکو بانقێك وایە، بۆ هەڵگرتنی پارەی داهاتی نەوت، بۆیە گرنگە و بۆ ئەوەی شەفاف بێت پرۆسەی نەوت لە کوردستان سەرجەم خەرجیەکانی لەم پەرلەمانەدا پەسەند دەکرێت، وەزارەتی نەوتی هەرێمی کوردستان ساڵانە خەرجی خۆی وەکو هەموو وەزارەتەکانی تر بخاتە ناو پڕۆژەی بودجەوە ئەو کات ئەوەش نامێنێت کەوەزارەتی دارایی ئاگاداری نابێت، یاخود ئەو سندووقە ئەهەمیەتی کەم دەبێت، سەرجەم خەرجی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بچێتە ناو بودجەی ساڵانە کە پەرلەمان پەسەندی دەکات، بۆیە یەکەم: لەکوێدا وشەی کۆمپانیاکان هاتووە کۆتایی پێ بێت، سێیەم: پوختەی داهاتەکان تەواو دەقیقە، بەروبووم لابرێت ئەوە لەماددەکانی تریش چاکمان کرد، ماددەی شەشەمیش (کراوە) بکرێت بە (نەکراوە)، ئەوەی دکتۆرە ڕێواز دەقیقە، یەعنی لەم پێنج ماددەیەدا چ داهاتێك لەنەوت دەستمان دەکەوێت بێجگە لەوەش هەر داهاتێکی تر کە دەستمان دەکەوێت، لەنەوتەوە بێت هەر ئەبێت بچێتە ئەم سندووقەوە، ماددەی نەوت (٢٠٠) ماددەی تری لێ دروست دەکرێت، (١٠٠) بەکار هێنانی هەیە، بۆیە زۆر ئاساییە لەداهاتوودا داهاتێکی ترمان هەبێت، کە لەم ماددانەدا ئیشارەتی پێ نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەکانی تر قسەتان هەیە؟، خاتوو منیرە فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی یەکەم کە باسی کۆی داهاتە شایستەکانی هەرێمی هاتوو لە هەناردە کردن و فرۆشتنی نەوت و گاز، پێشنیار دەکەم بکرێت بە (نەوت و گاز) و (بەرهەمە نەوتییەکان)، بەگوێرەی گرێبەستەکانی نەوت و گازی بەستراو لەگەڵ کۆمپانیاکاندا، مەبەستم ئەوەیە ڕوونکردنەوەی تەواو لەبەردەستمان بێت، کە مەبەستی کام بیرە نەوتانەیە؟، ئەو بیرانەی ئێستایە، یان داهاتووە یان کۆنەکانە؟، چونکە بەپێی ماددەیەك لە فەقەرەی ١٦ و ١٧ی یاسای نەوت و گاز بەڕوونی ئیشارەتی بەمە داوە، کە بیرە نەوتەکانی ئێستاو داهاتوو، واتە ڕابردووشی ئیشارەت پێداوە، لە بڕگەی چوارەم، پێشنیار دەکەم لیژنەی یاسایی سەیرێکی ئەم بڕگەیە بکات، دەقاو دەق هاوشێوەی ماددەی دووەم بڕگەی دووەم، دووبارە بووەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر فرسەت نوقتەی نیزامیت هەیە؟، فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صوڤی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر بڕگەی شەش پێم وایە، خۆیان کەنووسیویانە بەو شێوە نووسیویانە، ئەگەر نا پێویست نەبوو وشەی بەرهەمهێنانی تێدا بێت، ئەگەر وابووایە ئەوە قسەکەی ئەوان تەواو بوو، کە ئەڵێت ئەو بڕانەی لە داهاتەکانی نەوت و گاز بەدەست هاتووە، ئەگەر وابێت تەواوە، بەڵام کە ئەڵێت وەبەرهێنانی مەبەستی ئەوەیە کە لە پێشتر وابووە، با بڵێین ئێمە شیرینیمان هەیە، داهاتمان هەیە، ئەگەر وەبەرهێنان بەو بڕانە بکرێت، ئەو داهاتانەی لە وەبەرهێنانی ئەمانەوە دێت، ئەوانیش دەچنە ناو ئەم سندووقەوە، ئەگەر مەبەستیان ئەوە نییە، ئەم وەبەرهێنانە چییە لێرەدا؟، لەبەر ئەوە من تەسەور ئەکەم کە بڕگەی شەش کێشەی نییە وەکو خۆی، چونکە ئەوان ئەڵێن وەبەرهێنانی لەسەر بکرێت، لەسەر بەروبوومی نەوت، ئەگینا ئەبێت وەبەرهێنان هەڵبگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر عزت، فەرموو.

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەدانیشتنمان لەگەڵ نوێنەری ئەنجومەنی وەزیران و حکومەت، تەنانەت وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانیش، بەوازیحی حەتا بەزمانی عەرەبی بۆ ئێمەیان ناردووە، جەختیان لەوە دەکردەوە، پێنج خاڵەکە کە سەرچاوەی کۆکردنەوەی داهاتن بۆ سندووقی داهاتە نەوتییەکان، هەر داهاتێکی تر کە لەم پێنج خاڵەدا ئاماژەی پێ نەکراوە، تەنها مەبەستی دەقیقی حکومەت ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەتوانین وای لێ بکەین ئەو بڕانەی لەوەبەرهێنانی داهاتەکانی نەوت و گاز وەدەست هاتوون و ئەو داهاتانەی تریش کە لەم ماددەیەدا ئاماژەیان بۆ نەکراوە، ئەوە هەم داهاتی وەبەرهێنان دەگرێتەوە هەم هەر داهاتێکی تریش کە لە بڕگەکان ئاماژەی پێ نەکراوە، بەڵێ دکتۆر عزت، فەرموو.

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەفسیرەکەی دکتۆر فرسەت دەقیقە لێرەدا، وەبەرهێنانی داهات و وەبەرهێنانی سەرمایە تا دوایی، بەم شێوەیە صیاغەی دەکەینەوە، ئەو داهاتانەی کە لە پرۆسەی نەوت و گازدا وەدەست هاتوون و لەم ماددەیەدا ئاماژەیان بۆ نەکراوە، بۆیە وشەی وەبەرهێنان هیچ پێویست ناکات لەوێدا دابندرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەش پێم وابێت ماناکان ئەپێکێت، باشە لیژنەکانی تر هیچ تێبینیتان هەیە؟، دکتۆر شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵێك باسکرا لەسەر ئەسەری ڕەجعی ئەم یاسایە کە ئایا ئەسەری ڕەجعی ئەبێت بۆ داهاتەکانی داهاتوو، یان نابێت؟، ئەوە ئەکرێت، لە بڕگەی داهاتوودا کە باس لە نەفازی ئەم یاسایە دەکرێت، ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان پێیان باش بوو ئەکرێت بە بڕگەیەك دیاری بکەین کە هی ڕابردووش وردبینی تێدا بکرێت، لەوێدا تەسبیت بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی حەمە صالح، فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك بابەتی گرنگ هەیە نەمانوتووە، بەڕەئی من کۆکردنەوەی داهات زۆر زۆرەو ئاماژەی پێ نەکراوە، ئەویش موڵکانەیە، چونکە لە ١٠٪ی هەموو پارەی وەدەستهاتوو لە پرۆسەی نەوتدا، لەهەموو گرێبەستێکدا لەپێش هەموو شتێك لە ١٠٪ی بۆ حکومەتی هەرێمە، بۆیە پێم باشە بنووسرێت سەرجەم پێ بەخشین و پاداشتەکانی هاتوو لە گرێبەستەکانی نەوت و موڵکانەکان، من دیسانەوە تەئکید ئەکەمەوە ئەو کاتەش هەر وەڵامی ئەمەم پێ نەگەیشت، ئێستا حکومەت بەپێی هەموو عەقدێك لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای هەرێمی نەوت و گازیش وەڵامی ئەمەم پێ نەگەشت، لە (٢٠٪)ی قازانجە لەهەموو گرێبەستێکی نەوتیدا، کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوەو وەبەرهێنانی نەوت ئەم لە (٢٠٪)تە دەکەوێتە کوێوە لێرەدا؟، چونکە من لێرەش دەستم نەکەوتووە، ئەم دوو داهاتە دوو داهاتی زۆر گەورەن کە لێرەدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، تکایە صیاغەی بکەنەوەو پاشان بیخوێننەوە تا بیخەینە دەنگەوە، مامۆستا ئەنەس، فەرموو.

**بەڕێز انس محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەقیقەت وشا وەبەرهێنان دوو، سێ جارا پشتی هنگی ژی یا هاتی وە دیارە مەبەستا حکومەتێ ئەوە کو وەبەرهێنان جهێ خۆ تێدا ببینیت، چونکی ماددەی نۆیەم، چوارەم بێژیت (سەندووق لە سەر پێشنیازی دەستە و ڕەزامەندیا ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی هەیە ژمێرەیەکی تایبەت لە بانکە ئەهلییەکان تەنها بۆ مەبەستی وەبەرهێنان بکاتەوە)، یەعنی ئەو وەبەرهێنانە دوو، سێ جها دووبارە بوویە وا دیارە مەبەستی پێ هەی نازانم ئەگەر لێرە رابکەن خەلەلەك دروست دەبیتن یان دەبی لە هەموو جێگا رابکەن یان ژی بمینیت.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئینجا دكتۆر عزت باسی ئەوەی كرد، ئەگەر بوترێت كۆی داهاتەكانی تریش ئەوكاتە داهاتی وەبەرهێنانیش ئەگرێتەوە، فەرموون دوا دارشتنی ماددەكان بخوێننەوە بۆئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەشی چوارەم**

**بەڕێوەبردنی داهاتەكانی نەوت و گاز**

ماددەی هەشتەم:

دەستە وەرگرتنی ئەمانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:

یەكەم: كۆی داهاتە شایستە وە دەستهاتووەكانی هەرێم لە هەناردەكردن و فرۆشتنی نەوت و گاز بەگوێرەی گرێبەستەكانی نەوت و گاز.

دووەم: سەرجەم پێ بەخشین و پاداشتەكانی هاتوو لە گرێبەستەكانی نەوت و گاز و مۆڵەتەكان لەكاتی شایستە بوونیاندا لەنێوانیانیشدا پاداشتەكانی واژوو كردن و بەرهەمهێنانی گرێبەستە نەوتییەكان لەگەڵ كۆمپانیا بیانی و خۆماڵییەكان، پاداشتەكانی ژێرخانی ئابووری و بڕەكانی تەرخانكراو بۆ پاراستنی ژینگە و داهاتی دیكە بەگوێرەی ئەوەی لە یاسای نەوت و گاز و یاساكانی دیكەی پەیوەندیداردا هاتوون، سێیەم كۆی داهاتەكانی بەرهەمە نەوتی و گازییەكان، چوارەم، داهاتی دارایی هاتوو لە حكومەتی ئیتیحادی كەوا راستەوخۆ پەیوەستە بە نەوت و گاز و بەرهەمەكانیان جگە لە پشكی هەرێم لە بودجەی گشتی ئیتیحادیدا، پێنجەم، ئەو بڕانەی وەك شایستە بۆ هەرێم هاتوون لەوەی تایبەتە بە نەوت و گازەوە ئەویش بە گوێرەی حوكمەكانی یاسای دیاری كردن و وەرگرتنی شایستە داراییەكانی هەرێمی كوردستانی عێراق لە داهاتە ئیتیحادییەكان ژمارە پێنجی (٥) ی ساڵی (٢٠١٣) لە گەڵ ڕەچاو كردنی بڕگەی چوارەمی سەرەوەی ئەم ماددەیە، شەشەم، ئەو داهاتانەی كە لە ئەنجامی وەبەرهێنان بە سەرمایەی سندووقەكەوە دەست دێن، حەوتەم، هەر داهاتێكی تری پرۆسەی نەوت و گاز كە لەم ماددەیەدا ئاماژەی بۆ نەكراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لە گەڵ ماددەكەیە بەو شێوەیە كە خوێندرایەوە؟ (٦٧) كەس لە گەڵێیەتی، كێ دژییەتی؟ كەس نییە دژی بێت، كەواتە پەسەند كرا، یەك كەس؟ یەك كەس دژییەتی، كەواتە پەسەند كرا، نوقتەی نیزامیت هەیە كاك صالح؟ فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە خاڵی یەك پۆختەی داهاتە شایستەكانی هەرێمی تێدا نەبێت، لە بەر ئەوەی ئەو بەرهەمانەی كە لە كەركووك دێن ناگرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سیاغەکەی وای لێهاتووە، کۆی داهاتە بە دەست هاتووەکانی هەرێم.

**بەڕێز صالح فەقێ:**

ئەمن هەر دەستیشم هەڵبڕی بۆ ئەو خاڵە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەتوانرێ لە جێگایەکی تر جێ بکرێتەوە، لە شوێنێکی تر جێ بکرێتەوە، باشە ماددەی دواتر بخوێنرێنەوە، پێم وابێ جێێ ئەبێتەوە، چونکە لە بڕگەی حەوتەمدا کۆی داهاتەکانی کە لێرەشدا نەهاتووە باس کراوە، جێ ئەبێتەوە، کێشە نییە بەڵێ، فەرموون ماددەی نۆیەم بخوێنەوە.

**بەڕێز د. ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی نۆیەم، یەکەم، ژمێرەی ئەو سەندووقە، ژمێرەیەکی داخراو دەبێت تەنها بە مەبەستی کۆ کردنەوەی داهات، دووەم، چەند ژمێرەیەکی جۆراجۆر بۆ سەندووق دەکرێتەوە چ بە دیناری عێراقی بێت یان هەر دراوێکی بیانی لە لقی بانکی ناوەندی عێراقی لە هەرێمدا یان هەر بانکێکی دیکەی حکومی کە ئەنجومەنی وەزیران پاش پەسەند کردنی لقی بانکی ناوەندی لە هەرێمدا هەڵیدەبژێرێت بە مەبەستی سپاردنی گشت داهاتەکانی نەوت و گاز کە لەم یاسایەدا دەقییان لە سەر کراوە، سێیەم پێویستە لە سەر دەستە ڕێنمایی پێویست بۆ جوڵاندن و سپاردنی بڕەکان لە نێوان ژمێرەکانی سەر بە سەندووق پاش پەسەند کردنی لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەربکات، چوارەم، سەندووق لە سەر پێشنیاری دەستە و ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەسەڵاتی هەیە ژمێرەیەکی تایبەت لە بانکە ئەهلییەکان تەنها بۆ مەبەستی وەبەرهێنان بکاتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لە سەر ئەم ماددەیە با ناوی خۆی بنووسێت؟ بەڕێز کاك صالح فەقێ فەرموو.

**بەڕێز صالح فقی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی نۆیەم لە خاڵی یەکەمدا ئەوەی پاش پەسەند کردنی لقی بانکی ناوەندی لە هەرێم هەڵی دەبژێرێ، ئەو پاش پەسەند کردنەی لێ لابرێت، ڕەنگە ئەو لقی بانکی ناوەندیە هەندێك جار کێشە بۆ ئەم سەندووقە دروست بکات ئەوە لابرێت باشترە کە تا ئێستاش پێم وایە نەکراوەتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، تەواو هەر ئەوەندە؟ باشە، بەڕێز مامۆستا انس محمد فەرموو.

**بەڕێز انس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر ماددەی نۆیەم، چوارەم، دیسان ئیشکالیەك یا تێدا هەی، بۆ مەبەستی وەبەرهێنان حیسابەك بکەنـەوە، هیچ وازیح نییە ئەو وەبەرهێنانە چییە؟ ئەگەر بانکی ئەهلی یەعنی مەقسەد پێ ئەو بیت پارەی بدەنێ و ئەو پارە ب دەین بچیتن ئیحتیماله قروزێت رەبەوی بن، ئەگەر قروزێت رەبەوی بن کێشەیەکی شـەرعیمان له سەر هەبیت ئەگەر نا بە چ شکل یـان بـە چ ئیستیسمار بێتـە کـرن؟ حەقیقـەت نـەیا وازیحـە ئیحتیمالـە ببیتە ئەگەرێ ڤـێ چـەندێ، یـەعنی ئیحتیمـالا زەرەرێ و فایـدە و خوسـارەتێ هـەبیت، ببیتـە ئەگـەرێ ڤـێ چەندێ ئەڤ مالە مالێ گشتی بە هەدەر بچیت دەبی بێتـە وازیـح کـرن کا مەبەسـت وەبـەرهێنان چـییە و ل کیرێ بێتە وەبەرهێن کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ئومێد حەمە علی فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها بڕگەی چوارەمی سەندووق لە سەر پێشـنیاری دەسـتە و ڕەزامەنـدی ئەنجومـەنی وەزیـران و پەسـەند کردنی پەرلەمان، من دەمەوێ ئەو پەسەند کردنی پەرلەمانەی بۆ زیاد بکرێت دەسەڵاتی هەیە ژمێرەیەکی تایبەت لە بانکە ئەهلییەکان تەنها بۆ مەبەستی وەبەرهێنان بکاتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا جمال عثمان فەرموو.

**بەڕێز جمال عثمان ((مۆرتکە)):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خـاڵی یەکـەم ژمێـرەی ئـەم سـەندووقە ژمێرەیـەکی داخـراو دەبێـت تـەنها بـۆ مەبەسـتی کـۆ کردنـەوەی داهاتەکان، بە رای من ئەم سەندووقە ژمێرەیەکی داخراو دەبێت تەنها بۆ مەبەستی کۆبوونەوەی داهاتەکان وازیحتر و ڕوونترە، خاڵی چوارەمیش مامۆستا باسی کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆرە ڕێواز فائق فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە یەکەمدا تۆزێك ناوازیحی هەیە، ژمێرەی ئەم سەندووقە ژمێرەیەکی داخراو دەبێت تـەنها بـە مەبەسـتی کۆکردنەوەی داهات، من نازانم ئەم فەقەرەمان بۆچی دانان؟ بۆ ئەوەی داماناوە کـە هەیئـەتی سـەندووقەکە دەسەڵاتی سەرفی نەبێت حیسابەکەی حیسابێکی موغڵەق بێـت تـەنها صـەڵاحییەتی کۆکردنـەوەی هـەبێت، صەڵاحییەتی خەرجی نەبێت، هەست ئەکەم سیاغەکە خوێندەوەیەکی تـری بـۆ ئـەکرێت، یـەعنی مـن ئـاوا

ئەیخوێنمەوە ئەگەر کەسێك مەعلوماتم لە سەر قانونەکە نەبێت وا ئەیخوێنمەوە کە ژمێرەی ئەم سەندووقەش تەنها لە بۆ کۆکردنەوەی داهاتە ژمێرەیەکی داخراوە، لە بەر ئەوە داوا لە لیژنە پەیوەندیدارەکان ئەکەم سیاغەیەك بکەن کە مەجالی هیچ نەوعە تەفسیرێکی تێدا نەبێت و ئەو ئامانجە بپێکێ کە لیژنە تایبەتمەندییەکان خواستیانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆر شێرکۆ حەمە امین فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا ئەمنیش سەرنجی یەکەمم لە سەر ئەوەیە کە دکتۆرە رێواز وتی، یەعنی ژمێرەی داخراو روون نییە، روون بکرێتەوە، یەعنی بە مەعنای ئەوەی هیچ حیسابێکی تری لە سەر ناکرێتەوە یا خود چۆن وەکو جەنابی وتی، یەعنی زۆر بە دیاری کراوی، مەبەستەکە ئەوەیە ئایا پارەکە کۆ ئەکاتەوە بە هیچ جۆرێك لێ سەرف ناکرێت؟ یەعنی مەبەست زۆر روون بکرێتەوە بە جوانی، خاڵێکی تریش لە سەر بڕگەی چوارەم سەندووق لە سەر پێشنیازی دەستە و رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی هەیە ژمێرەیەکی تایبەت لە بانکە ئەهلییەکاندا تەنها بۆ مەبەستی وەبەرهێنان بکاتەوە، یەکەم لە راستیدا وەبەرهێنان دیار نییە، روون نییە، بە بڕوای من ئەمە دەرگایەك ئەکاتەوە رەنگە لە ئایندە بۆ خراب بە کار هێنان، بۆیە باشترە بڕگەیەکی بۆ زیاد بکرێت یان هەر لە گەڵ خۆیدا بۆتە دەستە رێنمایی تایبەت بۆ ئەو وەبەرهێنانە یا خود جۆری وەبەرهێنانەکە، یەعنی چی ئەکات؟ ئەو وەبەرهێنانە کامەیە کە بەو پارەیە دەکرێت؟ بۆیە لە راستیدا بەم جۆرە پلاستیکیە بە بڕوای من لە ئایندەدا زۆر بە خرابی بە کار بهێنرێت، و خاڵێکی تریش ئەوەیە کە پێویست ناکات رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانیان هەبێت دەستە خۆی ئەو بانکە ئەهلییە هەڵبژێرێ کە ژمێرەکەی تێدا ئەکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆر فرست صۆفی فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی یەکەم منیش پێم وایە هەر لە پرۆژەکەی کە لە پەرلەمانیش پێشکەش کرا پرۆژەکەی حکومەتیش ئەو حیسابی داخراو نییە، حیساب لە نیزامی بانکی حیساب کە هەیە و دونیایەك رێ و شوێن پێشتر دامانایە بۆ ئەو دەستەیە کە چۆن تەعامول لە گەڵ ئەو حیسابانە دەکات ئەمە تێبینی یەکەم، خاڵی دووەم بڕگەی پێنج لە ماددەی پانزدە لە یاسای نەوت و گازدا دەخوێنمەوە ئینجا تێبینی یەکە دەڵێم، بڕگەی پێنجەم دەڵێت تاکو مەرجەکانی ئاماژەیان بۆ کراوە کە لە ماددەی نۆزدەمی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکرێن سەندووقەکە دوو حیسابی بە دەستەوە دەگرێت مەبەستی سەندووقی داهاتەکانە، یەکەمیان داهاتە

به دەست هاتووەکان لە پرۆسەکانی نەوتی تایبەتن بە کێڵگەکانی ئێستا حیسابی کێڵگەکانی ئێستا هی دیکە داهاتەکانی بە دەست هاتوو لە پرۆسەکانی نەوتی تایبەتن بە کێڵگەکانی ئاینده، یەعنی حیسابی کێڵگەکانی ئاینده هەر دووحیساب بەشێك لە داهاتی گشتی هەرێم پێك دێنن و دەکەوێتە ژێر چاودێری پەرلەمان، ماددەی نۆزدەمم خوێندەوە ئەو مەرجانەی هێشتا نەهاتوونەتە دی، واتە دەبێ لە کردنەوەی حیساب لە ناو ئەو یاسایەدا ئەو دوو خاڵەی کە ئێستا باسم کرد لە بڕگەی پێنجەم لە ماددەی پانزدە رەنگ بدەنەوە، واتە حیساب کە دەکرێتەوە لە سەندووقی داهاتەکانی نەوت لە سەر بنەمای کێڵگەکانی ئەوەی ئێستا و لە سەر بنەمای حیسابی کێڵگەکانی ئاینده لە ناو ئەو ماددەیە کە ئێستا حیساب دەکرێتەوە رەنگ بداتەوە بە تەصەوری من و بڕگەی یەکەمیش بە هیچ شێوەیەك پێویست ناکات، چونکە کە حیساب کرایەوە ئەوە دەستەیە تەسەروف لە گەڵی دەکات ئەو حیسابە چۆنە و بە چ دراوێکە و بە چ شێوەیەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو شکریە اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز شکریە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە، نووسرایە رێژەیەکی دیاری کراو لە داهاتە نەوتییە وەرگیراوەکان بۆنەوەی داهاتوو بسپێردرێت، من پێم باشە ئەم رێژە دیاری کراوە دیاری بکرێت لێرەدا بکرێتە لە سەدا پێنج، (٥٪).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە ماددەی دەیەمە خاتوو شکریە ئێستا ئێمە لە ماددەی نۆیەمین، د. عزت فەرموو.

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حیسابی موغلەق، ئەو حیسابەیە کە بەس پارەی تێ دەچێ و پارەی لێ دەرنایەت، حیسابێك بۆ منداڵێکی قاسر، کەس مافی نییە پارەی لێ دەربکات تا خۆی دەبێ بە خاوەنی هەتا دوایی، لەبەرئەوە ئەم سەندووقە بۆئەوە کراوە کەس مافی ئەوەی نەبێ پارەی لێ خەرج بکات، بۆئەوەیە ساڵانە کورتهێنانی بودجەت بۆ پڕبکرێتەوە، لەڕاستیدا بەڕێزان با تەوزیحێکی تر بدەم، ئەو سەندووقە بۆئەوەنییە بودجەی ساڵانە هەمووی لەمەوە دابین بکرێت، خاڵێکی تر بۆئەوەی یەکەم وازح تر بێ ژمێرەی ئەو سەندووقە ژمێرییەکی داخراو دەبێت و خەرجی لێ ناکرێت و، تەنها بۆ مەبەستی کۆکردنەوەی داهاتە، ئەوە بۆئەوەی یەکەم وازیح تر بێ، چونکە لە ماددەی دوای خۆیدا هاتووە ئەم پارانەی کە لەو سەندووقەوە ڕایدەکێشێت بۆ وەزارەتی داراییە، بۆ بودجەیە، بۆ ئەو بابانەی کە تەرخان کراوە، بۆیە کەلیمەی، وشەی داخراو تەنها مەبەستی ئەوەیە کە ئەتۆ حیسابی بانکی پارەی تێ دەکەیت و پارەی لێ دەردەهێنی، بەلاّم ئەو سەندووقە کە دەڵێت داخراوە تەنها مەبەست لێی ئەوەیە دەستە یاخود تەنانەت ئەنجومەنی وەزیرانیش ئەگەر پەرلەمان ئاگادار نەبێت ، مافی نەبێت پارە لەم سەندووقە خەرج بکات، سەبارەت بە چوارەم سەندووق

لەسەر پێشنیاری دەستە و ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانەوە، دەسەلاتی هەیەژمێرەیەكی تایبەت لە بانكە ئەهلیەكان تەنها بۆ مەبەستی وەبەرهێنان بە سەرمایەی سەندووقەكە بكاتەوە، پێشنیار دەكەین ئەو وشانەی بۆ زیاد بكرێت و بۆئەوەی وازیح تر بێ بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، وەبەرهێنان بە سەرمایەی سەندووقەكەوە ئەوكاتە ناحیە لوغەوییەكەی جوانتر دەبێ و ڕێكتر دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەكانی تر هیچ سەرنج و تێبینیەكتان هەیە؟ د. شێركۆ فەرموو.

**بەڕێز د. شێركۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئەوەی كە جۆری وەبەرهێنان بە ڕێنمایی دیاری بكرێت، ئێمە موستەڵەحی وەبەرهێنان، خۆی موستەڵەحێكی ئابووریە، لەبەرئەوە دەبێ زیاد بكات واتە هەر پرۆژەیەك كە پارەكەی پێ زیاد بكات، لەبەرئەوە عیلمیەن ئەوە حەسم كراوە، بۆیە ڕێنمایی تری هەروەكو چۆن دەستەی وەبەرهێنان هینی خۆی هەیە بەهەمان شێوە موستەڵەحێكی عیلمیە، سابتە دەبێ زیاد بكەن، هەر مەشروعێك بێ دەبێ زیاد بكرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د. شێركۆ نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. شێركۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوو شتم وت مەبەستم ئەوە بوو جۆری وەبەرهێنانەكە كێ ئەو وەبەرهێنانە دەكات؟، ئایا ئەو سەندووقە، دەستەكە خۆیان وەبەرهێنان دەكەن؟، دەڕۆن بە سەرمایەكە وەبەرهێنان دەكەن؟كێ چاودێری ئەو وەبەرهێنانە دەكات؟، خاڵێكی تریش بوو وتم ئەگەر بكرێت ئەوەی لێ لابرێت، یەعنی دەستەكە خۆی بانكەكە هەڵبژێرێت، نەك بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران، دەستە خۆی بتوانێت بانكێك هەڵبژێرێت و ژمێرییەكی تێدا بكاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د. عزت وەڵامت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە بودجەی ئەمساڵی عیراقدا هاتووە ئەو سەندووقانەی كە هەیەتی وەك سەندووقی خانەنشینییە، هەر سەندووقێكی تر فیعلەن دەسەڵات دراوە بە سەرۆكی ئەو سەندووقە وەبەرهێنان بكات، لەبەرئەوە ئەو پێشنیارەی دكتۆر شێركۆ بە هەند وەربگرین، چونكە ئەو پارەی سەندووقە دەچێت بودجەی پێ دروست دەكرێت و پەرلەمان تەسدیقی دەكات، دەتوانین لەجێگای ئەنجومەنی وەزیران وشەی پەرلەمانی

کوردستانی بۆ دابنێین یان سەرۆکی ئەو دەستەیە و ئەنجومەنی ئەو دەستەیە بڕیار بدەن، کە ئەو حیسابە لە چ بانکێك دەکەنەوە، پێویست بە ئەنجومەنی وەزیران ناکات لەڕاستیدا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فەرهاد فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح سەنگاوی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە داڕشتنەوەی بابەتەکاندا کە ئەو برادەرانە پێوەی ماندوو بوون، بۆئەوەی باشتری دابڕێژنەوە، وشەی ( invest) لە کوردیدا کراوە وەبەرهێنەر، یان وەبەرهێنان، با لەگەڵ (و) لە زمانی کوردیدا لەو شوێنە زیادە، دەتوانرێت بڵێی بەرهێنان، بەرهێنەر ئەوە دروستە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تێبینییەکی گونجاوە، مامۆستا انسیش قسەیەکی هەبوو، فەرموو.

**بەڕێز انس محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا هەر مەترسی ئەو چەندە هەیە کو یەعنی جەنابێ دکتۆر شێرکۆ گوتی هەر شکلەکێ پارە زێدە ببیت، حەقیقەت هەر شکلەکی پارە زێد ببێتن هندەك جەها نەڕەوایە، مسەلەن قروزی بانکی یێت هەین رەبەوی دێ پارەی زێدە دەکات، بەس موخالیفی شەرعیە، هەروەسا موخالفی ئیحتماله دەستوری عیراقیش بێتن، کو هەر شتەکی موخالیفی شەرعی بێت نابێت بێتە پەیڕەو کردین، یا دی ژی دەرگەهەکێ ڤەکریە ژ بەر هندێ ئیحتماله هندەك جارا یەعنی خودانێ ماڵێ و دز ئەگەر پێکڤە بوونە شریك دێ گای کولەکێ را بەن، ئەڤ بەندە عەینەن ئەڤ کولەکەیە، یەعنی ئیحتیادی، ئیحتیماله شەریکاتێت دی هەمی قروزا ببەن وەکی ئەم بینین سەدان شەریکاتێت تورکی و ئیرانی و نازانم چی پارە ژ کوردستانێ بی و مەشارعێت خۆ ب جه نەئینانە و یێت چووین موحاسەبە ژی لدویفدا ناهێتە کرن، ئەڤ بەندە بێتە دەرگەهەك، دەرگەهەکی خراپ ئەڤ دگەل خۆ کرین، ڤێن بشکلەکی حەساس تەعامول بێتە کرن و بۆ وازیحی ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو شرین فەرموو.

**بەڕێز شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا قسەکان لەلای مامۆستا مەلا انسەوە کرا، بەلاّم کە وەبەرهێنان دەوترێت مەعناتە زیادبوونی سەرمایەیە، کە داخلی سیستەمی بانکی ببێ ئیحتمال بەوجۆرەی کە مامۆستا انس ئیشارەتی پێدا، بە ریبا یەعنی پارە بە نەقد بداتە خەڵك و زیادی لەسەر وەربگرێتن، ئەگەر لێرەوە جۆری وەبەرهێنان دیاری بکرێتن باشتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د. شێركۆ فەرموو.

**بەڕێز د. شێركۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە باسمان لە تەعریفە عیلمییەكەی وەبەرهێنانمان كرد، نەك بوعدی ئەوەی كە یەعنی حەرامە یان گەندەڵییە، یان كەمو كورتی تێدایە، وتمان تەعریفی علمی لە عیلمی ئیقتصادە بۆ وەبەرهێنان ئیستثمار لەسەر وەزنی ئیستیفعالە واتە (ثمر)، واتە بوونی بەرهەم، مەسەلەی ئەوەی كە ئەو بەرهەمە دواتر قانونیە یان قانونی نییە یان گەندەڵییە یان حەرامە یان ئەوە، ئەوە مەوزوعێكی قانونی ترە، بۆیە دەكرێت كە جەنابتان باسی دەكەن بەوە حەسمی كەین كە بڵێین بەپێی پێناسەی وەبەرهێنان كە لە قانونی ئیستسمار تەعریفی وەبەرهێنان كراوە، زۆر وازیحە، زۆر جوانە باس لە ئەو بەرهەمە سافیە، پاكیە دەكات كە یاسا ڕێی پێ دەدات، ئەوە تەسبیت بكرێت بۆ وەبەرهێنان و یەك لایی بێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عزت فەرموو.

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەبەرهێنان پێی دەوترێت (investment) ئیستسمار، ئەو كەسەی كە وەبەرهێنانەكە دەكات پێی دەوترێت (investor) وەبەرهێنەر، وەكو فیعلیش وەبەرهێنان یەعنی ئیستسمار لەبەرئەوە كێشەی وشە وەكو وەبەرهێنان لە ماددەكە هاتووە، هیچ ئیشكالێكی تێدا نییە، وەبەرهێنان بریتیە لە زۆركردنی سەرمایە ئەمڕۆ پارەكە ناخۆیت دەیخەیتە پرۆژەیەكەوە، پرۆسەیەكەوە لە داهاتوو بڕەكەی زۆر ببێت، لەڕاستیدا دیسان تەئكید لەوە دەكەمەوە ئەمساڵ وەزارەتی مالیەی عیراقی لە سەندووقی خانەنشینی پارەی لێ وەرگرتووە، فایدەیەكی دەداتێ بە لە سەدا ئەوەندە پارەكەش دەخاتەوە ناو سەندووقەكە و، مودیر و هەیئەی سەندووقەكەش ڕەزامەندی دەردەبڕن، تەنانەت وەزیری مالیەش مافی نییە بەزۆر پارەیان لێ وەربگرێت، لەبەرئەوە ئەو سەندووقە پارەیە دەیدات بە حكومەت دەتوانێت ئەم سەندووقە پارە بدات بە وەزارەتی دارایی دوایی لێی وەربگرێتەوە، ئەو سەندووقە پارە بدات بە بانكی ئەهلی بە فائیدە لەڕاستیدا جێی خۆیەتی كێشەی حەرامی و حەلالی، ڕوونی چونكە ئێمە نازانین ئەم پارەیە لە داهاتوو لەكوێ زیاتر دەبێت؟، تا ئەم سەندووقە وەبەرهێنانی پێوە بكات، بۆیە وشەی وەبەرهێنان كێشەی تێدا نییە، پشتیوانی لە ڕای ئەو دوو پەرلەمانتارە بەڕێزە دەكەم، كە سیاغەكەی بەمشێوەیە دەكەم بەزۆرینەی دەنگی دەستە دەسەڵاتی هەیە، ژمێرییەكی تایبەت لە بانكە ئەهلییەكان تەنها بۆ مەبەستی وەبەرهێنان بە سەرمایەی سەندووقەكە بكاتەوە، دوای ڕاوێژ لەگەڵ بەڕێز ئەندامانی لیژنەی نەوت و گازیش لە ماددەی چوارەم ئەم ئیزافەیەی بۆ دەكەین، یاخود بەمشێوەیە دەیخوێنینەوە بۆ بەڕێزان، بەزۆرینەی دەنگ دەستە دەسەڵاتی

هەیە ژمێرییەکی تایبەت لە بانکە ئەهلییەکان بکاتەوە، تەنها بۆ مەبەستی وەبەرهێنانی یاسایی بە سەرمایەی سەندووقەکەوە، خاڵێکی تر دەمەوێ ئیشارەتی پێ بدەم بۆئەوەی ئەو لایانە دیاری بکرێت کە خەرجی کۆمپانیا نەوتییەکان دیاری بکات، ماددەی پێنجەم ئیزافە دەکەین یاخود بڕگەی پێنجەم بۆ ماددەی نۆیەم ئیزافە دەکەین، بەمشێوەیە دەیخوێنمەوە، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان شایستە داراییەکانی کۆمپانیاکانی بواری نەوت لە هەرێمی کوردستاندا دیار دەکات و لەلایەن ئەنجومەنی هەرێمیی نەوت و گازەوە پەسەند دەکرێت، دوای ئەوەی لەلایەن دەستەی سەندووقەوە وردبینی بۆ دەکرێت و لە بودجەی ساڵانەدا تەرخانکردنی بۆ دەکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەکە سیاغە بکرێتەوە، بۆئەوەی بیخەینە دەنگەوە، خاتوو گەشە فەرمووو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی دکتۆر عزت خوێندیەوە کە باس لە بەرهەمهێنانی یاسایی دەکات، بەڕاستی نابێت بەو سیغەیە بێ، تۆ گومانت هەبێ لەوەی کە سەندووق لە مەتنی نەسێکدا گومانیان هەبێت لە بەرهەمهێنانی نایاسایی، دەکرێت بوترێت وەبەرهێنانی نایاسایی، دەکرێت بوترێت وەبەرهێنانی بەگوێرەی یاسا کارپێکراوەکان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەش دەکرێت، فەرمووو.

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان داوای ئەوەیان کرد، بڕگەی پێنجەم لە ماددەی نۆیەم بخوێنینەوە وەزارەتی

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەبێت بڵێیت وەزارەت، چونکە پێناسە کراوە، فەرمووو.

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ باش، وەزارەت شایستە داراییەکانی کۆمپانیایەکانی بواری نەوت لە هەرێمی کوردستاندا دیاری دەکات و لەلایەن ئەنجومەنی هەرێمیی نەوت و گازەوە پەسەند دەکرێت، دوایی لەلایەن دەستەی سەندووقەوە وردبینی بۆ دەکرێت و لە بودجەی ساڵانەدا تەرخانکردنی بۆ دەکرێ، دوایی لەلایەن دەستەی سندووقەوە وردبینی بۆ دەکرێت و لە بودجەی ساڵانەدا تەرخان کردنی بۆ دەکرێت، کە دەڵێین بودجەی ساڵانە مەبەست لەوەیە دەبێ لە بودجە پەسند بکرێ، تەخصیص بکرێ بڕی ئەو پارەیەی کە خەرج بکرێ بۆیان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.شێرکۆ حەمە أمین، فەرمووو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناکرێ بوترێت دوای ئەوەی دەستە وردبینی دەکات، ئینجا ئەنجومەنی هەرێمی پەسندی بکات، یەعنی کە ئەنجومەنی هەرێمیی پەسندی کرد، وردبینییەکە ڕەنگە مەعنایەکی نەمێنێتەوە، سەرەتا با بڵێین وەزارەت دیاری دەکات، دەستە وردبینی دەکات، تەدقیقی دەکات، ئەوجا دەینێری بۆ ئەنجومەنی هەرێمیی بۆ کاروباری نەوت و گاز بۆ ئەوەی پەسندی بکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك دڵشاد شعبان، فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شعبان عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیشی ئەم سندووقە تەنها کۆکردنەوەی پارەیە زائیدەن ئیستیسمار کردنی ئەم پارەیە، ئەوەی وردبینی لەسەر ئەم پارەیە، یەعنی دەبێ بچێت وردبینی لەسەر ئینتاجی نەوت بکات، ئەوە ئیشی ئەم سندووقە نییە، یەعنی ئەوە ئیختیصاصی ئەنجومەنی هەرێمیی باڵای نەوت و گازە، دەکرێ لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسند بکرێ، ئەوە دەکرێت، بەڵام ئیشی ئەو سندووقە نییە بچێ بەدواداچوونی ئینتاجی نەوت بکات، ئیشی ئەوە نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بەڕێز د.شێرکۆ، فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشتریش هەر ئەوەم وت، لە ڕاستی دا پرسیارەکە هەرە ئەوەیە، کێیە ئەو لایەنەی کە وردبینی دەکات؟ بۆ نموونە کۆمپانیایەکی نەوت دەڵێ ئەم بیرە هەزار مەترە، بە چی دا بزانین هەزار مەترە؟ یەعنی کێ یە ئەو لایەنەی کە دێت وردبینی دەکات لە موستەحەقاتی ئەم کۆمپانیانە؟ من بە چی دا بزانم ئەو بیرە بۆ نموونە (٥) سەد مەتر نییە؟ ئەوەیە لە ڕاستی دا خەلەلە گەورەکە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، باشە، بەڕێز د.شێرکۆ جودت، فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەیەك دا بە زەقی ئیشارەت بۆ ئەوە كراوە كە ئەم سندووقە سێ ئیشی هەیە: (تدقیق - توثیق - إدارة عائدات النفط و الغاز)، تەدقیق ئەوە وردبینی یە و وازیحە، وردبینی و شێوازی ئصولی تەدقیقی هەیە، بەڵام (توثیق) كە دەڵێ (توثیق) واتا دڵنیاكردنەوە، واتا ئەوەی كە ئەوە ئەو دەزگایە بێ، ئەو دەستەیە بێ كە هەموو لایەك دڵنیا بكاتەوە، گومانەكان بڕەوێنێتەوە، لەسەر ئەوەی كە بۆیە باسی ئینێرجی و (auditing)مان كرد، بۆیە باسی چاودێریمان كرد لەبری تەدقیق لە بڕگەی پێشوودا و دەنگمان لەسەر دا، بۆ ئەوەی ڕەقابە بێ نەك تەدقیق تەنها، واتا ڕەقابە تەدقیقەكەش دەگرێتەوە، ڕەقابە بە مەعنای ئەوەی كە سیستەمێك بەكار دەهێنێ، كاتێ كە دەوترێ ئەوەندە بەرمیل نەوت بەرهەم هێنراوە، بۆ ئەوەی دڵنیایی دروست بكات، دەبێ دڵنیا بێ لەوەی كە ئەو پێنج سەد هەزارە، پێنج سەد هەزارە، داهاتەكەشی كە زەربی سیعری نەوتی دەكات، دەكاتە ئەوەندە، دڵنیایە لە داهاتەكەی، چونكە ئەگەر ئەوە نەبێ، ئەو كاتە هەر چ ڕەقەمێكی ئینتاجی بێت بۆ ئەم دەستەیە، ئەم زەربی سیعرەكەی دەكات و دەڵێ ئەوە عائیداتەكەیەتی، ئەوە غەڵەتە بەڕاستی، لەبەر ئەوە ئەم دەستەیە یەكێك لەو ئیشانەی كە دەنگدانی لەسەر كراوە (توثیق)ە، (توثیق) واتا دڵنیاكردنەوە، ڕەواندنەوەی گومانەكان لە داهات كە ڕەبتە بە ئینتاجی بەرهەمی نەوت و گاز لە هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، خاتوو شرین حسنی، فەرموو.

**بەڕێز شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەكانی كاك دڵشاد دەكەم، زۆر تێكەڵی كرا لە بەینی ئیشی وەزارەت و ئیشی ئەم سندووقە، بەشێوەیەك كە وای لێ دێت ناوەڕۆكی ئەم پرۆژە یاسایە لەگەڵ ناوی ئەو پرۆژەیە ناگونجێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، باشە ئەگەر وای لێ بكرێت (دوای وردبین كردنی بە پێی ماددەكانی ئەم یاسایە)، خاتوو ڕێواز فائق، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی د.عزت خوێندییەوە دەبێتە بڕگەی (٥)ی ماددەی (٩)؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

هیچ پەیوەندی بەو ماددەیەوە نییە بەڕاستی، ئێمە بەس باسی حیساباتی سندووق دەکەین لە ماددەی (٩)، ئەگەر دەیانەوێ ئەوە بکەن شوێنی ئەو ماددەیە نییە، تێکەڵ و پێکەڵییە، لە ڕووی مەنهەجییەت و تەسەلسولی مەوادی قانونیشەوە، یەعنی لە ڕووی مەوزووعییەوە ڕەبتی نییە بە ژمێرەوە، ئێمە باسی حیساباتی سندووق دەکەین، کێ تەدقیق دەکات و ئەوانە لە پێشەوە بوو، ئەو قسەیە دەبوایە یان پێشتر بکرایە، یان لە شوێنێکی تر دا بکرایە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یان بکرێ بە ماددەیەکی سەربەخۆ.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

نازانم چی لێ دەکەن، بەڵام لە فەقەرەی (٥)ی ئەم ماددەیە دوور و نزیك، یان من هیچ نازانم لەم مەسەلەیە، یان جێی نابێتەوە، چونکە ئەوە بەس باسی حیساباتی سندووقە، هیچ شتێکی تر نییە، حیسابەکەی چۆنە؟ لە کوێ یە؟ لە کوێ دا بۆی هەیە حیساباتی تازە بکاتەوە؟ ئیتر عیلاقەی نییە بەسەر تەدقیق ، ئەو فەقەرەی کە زیاد کرا ماددەی سەربەخۆیە، شوێنی نییە بە هیچ شێوەیەك لە ڕووی مەنهەجییەت و تەسەلسولەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز د.عزت صابر، فەرموو.

**بەڕێز د. عزت صابر إسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو قسەیەی بەڕێز د.ڕێواز تەواو دەقیقە، بەڵام ئێمە لە ماددەی (٨)دا ئەو صەلاحییەتەمان لە دەستی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەرهێنا کە خۆی هەمووخەرجی پرۆسەی نەوت بکات، مادام خەرجی پرۆسەی نەوت ئێستا وەزارەتی سامانە سروشتییەکان موباشەرەتەن خۆی نایکات، مادام پارە و هەموو مەصرەفی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەبێ بێتە ئەم سندووقەوە، بۆیە دەبێ ئەگەر لەم پرۆژە یاسایەدا نەبێ، لە شوێنێك دا یەکلایی بکەینەوە کێ یە ئەو لایەنەی کە دەڵێ/ کۆمپانیای گازپرۆم ئەوەندە پارەی خەرج کردووە؟ کێ تەدقیقی دەکات؟ کێ پارەکەی دەدات؟ مادام وەزارەت نایدات، دەبێ شوێنێك هەبێ وردبینی بکات، چاودێری بکات، بۆیە مەبەست لە ئیزافە کردنی ئەو ماددەیە دڵنیام لەوەی ئەم سندووقە یەعنی پارەی تێ دەچێ، ماددەی دوای ئەویش خەرج دەکرێ لەلایەن بودجەوە، ئەوە باس لەوە دەکات، تەدقیق دەکرێ و پارەکان تەقدیر دەکرێ و ئەوانە، بەڵام چونکە لە ماددەی پێشوودا ئێمە ئەو صلاحییەتەمان لە دەستی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان سەندۆتەوە، دەبێ لایەنێك هەبێ، جیهەتێك هەبێ ئەم حیساباتانە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز د. بەهار، فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە ڕاکەی د. ڕێواز دەکەم، پێشنیار دەکەم بە ماددەیەکی سەربەخۆ بێ ئەوە، دوای وردبینی کردن ئێستا، دوایی د.عزتیش زەروورەتی ماددەکەی ڕوون کردەوە، بۆیە دەتوانین لە دوای ماددەی نۆیەم بە ماددەیەکی سەربەخۆ دابنرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، بەڕێز د. شێرکۆ جودت، فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە زەرووره، ئەو بڕگەیە زەرووره هەبێ لەبەر مەسەلەی کۆنترۆڵ کردنی وردبینی لەسەر کولفە، بۆیە تەئیدی ئەوە دەکەم کە بە ماددەیەکی جیا بێ، بەڵام لە داڕشتنەکەی دا ئەوە بێ کە دوای وردبینی کردنی ئینجا پەسند بکرێ، نەك پەسند بکرێ دوایی وردبینی بۆ بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، ئەگەر موتەفیقن بیکەن بە ماددەیەکی سەربەخۆ دوایی.

**بەڕێز د. ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی نۆیەم:

١- ژمێرەی ئەو سندووقە ژمێرەیەکی داخراوە و خەرجی لێ ناکرێ، تەنها بە مەبەستی کۆکردنەوەی داهاتەکانە.

٢- چەند ژمێرەیەکی جۆراوجۆر بۆ سندووق دەکرێتەوە، چ بە دیناری عیراقی بێت، یان هەر دراوێکی بیانی لە لقی بانکی ناوەندی عیراقی لە هەرێم دا، یان هەر بانکێکی دیکەی حکومی کە ئەنجومەنی وەزیران پاش پەسند کردنی لقی بانکی ناوەندی لە هەرێم دا هەڵیدەبژێرێ بە مەبەستی سپاردنی گشت داهاتەکانی نەوت و گاز کە لەم یاسایانەدا دەقیان لەسەر کراوە.

٣- پێویستە لەسەر دەستە ڕێنمایی پێویست بۆ جوڵاندن و سپاردنی بڕەکان لە نێوان ژمێرەکانی سەر بە سندووق پاش پەسند کردنی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەربکات.

٤- دەستە دەسەڵاتی هەیە ژمێرەیەکی تایبەت لە بانکە ئەهلییەکان بکاتەوە تەنها بۆ مەبەستی وەبەرهێنان بەسەرمایەی سندووقەکە بە پێی یاسا کارپێکراوەکان.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئیمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو داڕشتنە دەخەینە دەنگدانـەوە، بـەو چوار بڕگـە، مـاددەی نۆیـەم بـە تـەواوی بـە چوار بڕگـەوە، ئەوەی لەگەڵە دەستی بەرز بکاتەوە، (٦٠) دەنگ لەگەڵە، کـێ دژیـەتی؟ (٢) کـەس دژە، ماددەکـە پەسـند کـرا بەکۆی دەنگ، دیارە بڕیار وایە ماددەیەکی ئیزافی تـاوتوێ بکرێـت، ئـەو مـاددەی ئیزافـە کـراوە موناقەشـەی لەسەر کراوە، هەر تەنیا داڕشتنەکە دەخوێنرێتەوە و دەیخەینە دەنگەوە، دەبیتە ماددەی دەیەم، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دەیەم:

وەزارەت شایستە داراییـەکانی کۆمپانیاکـانی بـواری نـەوت و گـاز لـە هـەرێمی کوردسـتان دا دیـاری دەکـات و لەلایـەن دەسـتەی سـندووقەوە وردبـینی بـۆ دەکرێـت و لەلایـەن ئەنجومـەنی هـەرێمی نـەوت و گـازەوە ڕەزامەندی لەسەر دەدرێت و لە بودجەی ساڵانەدا تەرخان کردنی بۆ دەکرێت و پەرلەمان پەسندی دەکات.

**بەڕێز جعفر إبراهیم ئیمینکی/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو ماددە ئیزافییە دەخەینـە دەنگدانـەوە، موناقەشـەی لەسـەر کـراوە، ئـەوەی لەگەڵە دەسـتی خـۆی بەرز بکاتەوە، (٥٧) لەگەڵە، کێ دژیەتی؟ (١) دژە، ماددەکە پەسەند کرا بە کۆی دەنگ، مـاددەی (١٠) دەبێتـە ماددەی (١١)، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/١١

سەندووقێك بە ناوی سەندووقی نەوەکانی داهاتووی هەرێم دادەمەزرێت، کە بەڕێوەبردن و دراو پێدانی بە یاسایەك ڕێك دەخرێت کە لەماوەی (١٨) مانگ لە ڕێکەوتی بـەرکاربوونی ئـەم یاسـایەدا دەردەکرێـت تیایـدا ڕێژەیەکی دیاری کراو لە داهاتە نەوتیەکانی وەرگیرا و بە پێی یاسا بۆ نەوەکانی داهاتوو دەسپێردرێت و لە بودجەی ساڵانەدا جێگیر دەکرێت.

**بەڕێز جعفر ابراهیم (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس سەرۆکی لیژنەی یاسایی، ماددەکە خوێنـرایەوە، دەیخەینە بەر گفتوگۆ، کـێ دەیـەوێ موناقەشـە بکات؟ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان فەرموو.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف (سکرتێری پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم بەڕێزانە گفتوگۆ دەکەن لەسەر ماددەی (١١) دەکـەن، (صـالح فقـێ، تحسـین اسماعیـل، ابـوبکر هەڵـەدنی، شـکریە شـێخانی، بـەهزاد دەروێـش، عمـر کۆچـەر، شـوان قـەڵادزەیی، ابـو کـاروان، حـاجی کـاروان، فـەرهاد سەنگاوی).

**بەڕێز جعفر ابراهیم (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڕێزان، پێش ئەوەی بێینە سەر ئەم ماددەیە، کاك گۆران ڕوونکردنەوەیەکی هەیە لەسەر کۆی ماددەکە، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، پێموایە بەشی زۆری ئەندامانی پەرلەمان مولاحەزەکەیان لەو چوارچێوە دایە کە لەوانەیە پێمان وابێ (١٨) مانگ زۆرە، ئێمە دوای مشاوەرە کردن لەگەڵ هەردوو لیژنەی مەعنی، سەندووقێك دروست دەبێ مەفهومی ماددەکە بەم شێوەیەیە ئەگەر سەرنج بدەین بۆ نەوەکانی داهاتوو، ئەم سەندووقە کارکردن و ئیشەکانی بە یاسایەك ڕێك دەخرێت، کێ یاسا دەردەکات، پەرلەمانی کوردستان، ئیتر تێ ناگەم بۆ ئێمە مودە دانێین، ئەمڕۆ ئەم یاسایە پەسەند دەکەین بەیانی وەرن پڕۆژە یاسایەك پێشکەش دەکەین بۆ نەوەکانی داهاتوو، واتە ئیلزامێك نییە لەسەر حکومەت، نەنووسراوە حکومەت پڕۆژە یاسایەك دەنێرێ، نەش نووسراوە ڕێنمایی هەتا حکومەت دەری بکات مودەی بۆ دابنێین، نەمان گوتووە سەندووقەکە دروست دەبێ لە ماوەی (١٨) مانگ دا دەڵێین یاسایەك دەردەکەین لە ماوەی (١٨) مانگ دا ئیتر بۆ ئێمە خۆمان بە کاتەوە پەیوەست بکەین، بە یاسایەك دەردەکرێ و یاسایەکەش ئەوە ئێمە کە ئێمە لەگەڵ لیژنەی مەعنی قسەمان کرد دەڵێین حازریشە و دەتوانین پێشکەشی بکەی و حکومەت بانگ دەکەی بۆ گفتوگۆ و موناقەشە کردن، بۆیە ئەم کاتەیە پێموایە زیادەیە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، کاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فقێ محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك/ ئێمە بەردەوام باس لەسەر ئەوە دەکەین لەسەر ئەمری واقع ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم هاتووەتە سەر کوردستان، بۆیە پێویستە ئەم سەندووقە سەندووقی نەوەکانی داهاتووی کوردستان بێ، نەك هەرێم بێ، دوو/ ئەو ماوەیە من بەگرنگی دەزانم هەبێ، بەڵام ماوەکە مەرج نییە (١٨) مانگ بێ، بڵێین لە (١٨) مانگ تێ پەڕ نەکات، یان کاتێك کە لەوە تێ پەڕ نەکات، سەبارەت بەو ڕێژەیە، ڕێژەیەکی دیاری کراو بۆ نەوەکانی داهاتوو، من پێم باشە ڕێژەیەك دیاری بکرێ، دوو خاڵێکی بۆ ئیزافە بکرێ بەڕێژەیەك لەسەدای چەند ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەنگی لەسەر بدەن بۆ نەوەکانی شەهیدان و قوربانیانی ئەنفال دابین بکرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك تحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

كاك گۆران ئازاد تێبینیەكەی لە جێی خۆی بوو ئەو ڕوونكردنەوەیە، ئەوەی تریان من لەگەڵ كاك صالحم كە سەندووقی نەوەكانی داهاتووی كوردستان بێ، لەهەر شوێنێكیش كە دەسپێردرێ هاتبێ پێم باشە دادەندرێت گونجاوترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

كاك ابوبكر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله هەڵەدنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە دیاری كردنی وادە گرنگە، پێچەوانەی ڕەئیەكەی كاك گۆران، چونكە یاسای نەوت و گاز لەساڵی (٢٠٠٧) دەرچووە، ئەوەتا ئێمە پاشی (٨) ساڵ لەو یاسایەدا باس لەم سەندووقە دەكات، دوای هەشت ساڵ ئێمە پرۆژە یاسایەكی ئاوا موناقەشە دەكەین، لەبەرئەوە من پێموایە ماوەكە گرنگە، بەڵام بڵێین لەساڵێك زیاتر تێ نەپەڕێ، یەعنی دەرفەتی ساڵێك كە بێ، نەك حەزفی كات بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

سوپاس، تكایە ئەو تێبینی و سەرنجانە لای خۆتان بنووسن، شكریە خان فەرموو.

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە ئەم ڕێژەیە دیاری كراو بێ، بە پێی ستانداردە جیهانییەكان لەزۆربەی وڵاتە جیهانیەكان ڕێژەی (٥٪) دیاری كراوە، هیوادارم لێرەش (٥٪) دیاری بكرێت و، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

كاك بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەیا (١١) ناڤێ سەندووقێ من پێ باشە ب شێوازێ بیت، سەندووقا نەوەكان لە داهاتی نەوت و غازدا، یەعنی تەحدید بێتە كرن، نە موتڵەقی بیت ناڤێ سەندووقێ، دووبارە دكەمەوە سندووقا نەوەكان لە داهاتێ نەوت و غاز دا، خاڵا دوویێ ئەز پشتگیریا مامۆستا ابوبكر هەڵەدنی دەكەم كە (٢١) ساڵ زیاتر نەبێ، تەحدید بێتە كرن مودەكە باشە.

**بەڕێز جعفر ابراهیم (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صالح (عمر كۆچەر):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـەڤ مـاددا بەحسـێ نـەوەکان ئـەجیالێ بێـت دکـەتن، ئـەز پێشـنیار دکـەم بـۆ ئێسـتا ژی و نووکـە ژی پلـە بەرزەکان، هەر خێزانەکی کیماسی پێنج سەد دۆلار ژ نەفت و گازێ بۆ بێتە تەرخان کرن، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عمر فەرمو.

**بەڕێز عمر مصطفی (د.شوان قەلادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله منیش هـەر لەگـەڵ ئـەوەم ڕەئـی کـاك صالح کـە بکرێتـە سـەندووقی نـەوەکانی داهـاتووی کوردسـتان ـ عیراق، (١٨) مانگەکەش ئـەو (١٨) مانگـە بەشـێوەیەکی تـەرتیب کرابـێ کـە لـەو خولـەی دا پەسـەند نـەکرێ ئەوە، یەعنی جێ بەجێ نەکرێ، ئەگەر بکرێتەوە شەش مانگ یان شەش تا هەشت مانگ، ڕێژەکەش دیـاری بکرێ مەسەلەن لەسەدا دەیە، لەسەدا پانزەیە دیاری بکرێ لە ئەو ماددەیەدا و زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك ابوکاروان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابوکاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەدام ئەو ماوەیەی کە دیاری دەکرێ ساڵێك بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك فەرهاد فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، بەڕێز من بۆ ماددەی (١١) بوو.

**بەڕێز جعفر ابراهیم (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك حاجی کاروان فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس ویستم تەئکید لە قسەکەی بەڕێز مامۆستا عمـر کۆچـەر بکەمـەوە، بـە یـەك شـەرحی ئیزافـە، مـادام ئێمە دەتـوانین ڕێژەیـەکی دیـاری کـراو دیـاری بکـەین بـۆ نـەوەکانی داهـاتوو ئەشـتوانین بەهـەمان شـێوەیە ڕێژەیەك دیاری بکـرێ بـۆ خێزانـەکانی ئێسـتا، ئەگـەر کوردسـتان دابەشـی بکـەین، تەقریبـەن بڵـێین پێـنج ملیۆن کەسە ئەگاتە ملیۆن و نیویێك خێزان، ئەگەر هەر خێزانێـك چـوار سـەد دۆلار مانگانـەی هـەبێ، هـەر مـانگی مەبلـەغێکی زۆر دیـاری کـراو ناکـات، بـەلام مەعیشـەتی خـەڵك و بـژێوی خـەڵك زۆر بـاش دەبـێ و

ئەوەندەش  پێوەی دیار نابێ، ئەگەر ئەمەش نەکرێ فەترەیەکی تر ئێمە لەوە دەچێ دیارە پـرۆژە یاسـای پێشکەش بکرێ لە داهاتی نەوت بەشی خێزانـەکان بـدرێ، ئەگـەر جێـی بکرێتـەوە بـە پێـی یاسایەك لـەوە دەچێ زۆر باش بێ.

**بەڕێز جعفر ابراهیم (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بۆ ئەوەی تەفسیری ئەوە نـەکرێ کـە ئایـا ناوچـەکانی تـری کـەرکووك و ئەوانـەی دەگرێتـەوە، پێشـنیار دەکەم بکرێت بە سەندووقێك بەناوی سەندووقی نەوەکانی داهاتوو، کە وتت نەوەکانی داهـاتوو دەکـرێ بـۆ کـەرکووك و شـەنگال و بـۆ هـەموو شـوێنێك ئیسـتفادەی لێ بکـرێ و ئـەو وشـەی هەرێمـە لێ بکەینـەوە، بـە تەئکید لەو گرفتە رزگارمان دەبـێ، بۆچـی نیسـبە دیـاری نـەکراوە، ئێمـە زۆر موناقەشـەمان کـرد، هۆکـاری دیـاری نـەکردنی ڕێژەکە ئەوەیـە کـە ئێمـە قـانونێکی تـر دەردەکـەین، ئێسـتا ئامادەکاریمـان کـردووە تـەنیا قانونێك بۆ نەوەکانی داهاتوو، لەو قانونە نیسبەکە دیاری دەکەین ناکرێ لێرە نیسبەیەك دیاری بکەین ئەو قانونە قانونێکی خاستر و تایبەتمەند ترە، بە باشترمان زانی لەوێ دیاری بکـرێ، سـەبارەت بـەوەی کـە (١٨) مانگ بێ، بـە تـەواوەتی لەگـەڵ ئـەوە دام ئـەو (١٨) مانگـە لابـبرێ و لـەو حاڵەتـە یـان بـە (١٨) مانگەکە بـە تـەواوەتی لابـرێ یـان بڵێین لـە (١٨) مـانگ زیـاتر نـەبێ، بـە دەسـتی خۆشمانـە ئێسـتا پرۆژەکـەمان حـازرە دەتوانین لە مانگێك یان دوو مانگی تردا پەسەندی بکەین، ئەو گرفتەمان چارەسەر دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنە پەیوەندارەکان، بەڵێ کاك د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەم کاتەی کە سنوودار بکرێ جێی خۆیەتی بەوەی کە بەو دۆخە نەڕۆینەوە کـە بەسـەر یاسـای نـەوت و گـازی هـەرێم لـە (٢٠٠٧)ەوە تـا ئێسـتا هـات، بۆیـە ئـەو (١٨) مانگـەش باسـی بـە تەسەوری من زۆرە، پێشنیاری شەش مانگ دەکەم، بۆ سـەقفە زەمەنیەکـەی، بۆچـی ڕێژەکـە دیـاری نـاکرێ، ئیزافەتەن بۆ تەوزیحەکەی کاك علی، مەسەلەی ڕێژە لە قانوندا دەبێ بە دیراسـات و بـە قـوڵ بوونـەوە بـە داتا و بە زانیاری نیسبەتەکە دیاری بکرێ، کە ئەوەش پاڵپشتی یاسای نـەوەکانی داهـاتووە کـە گوتمـان ئـەوە دابمەزرێ، مەسەلەی ئەوەی کە بەشێك دیاری بکرێ بۆ خێزانەکان، دیارە ئەمە باس لە نەوەکانی داهـاتووە، دیارە ئەم ماددەیە باس لە نەوەکانی داهاتووە، بۆیە بۆ خێزانەکان لـە بڕگـەی دوای ئەمـە لـە مـاددەی دوای ئەمە، دەکرێ لە مەسەلەی بیمەی کۆمەڵایـەتی کـە ئـەوەش پرۆژەیـەکی تـرە دەتـوانین جێـی بکەینـەوە لـە ئەبوابی سەرفی ئەم ماددەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری کاك د.عزت فەرموو.

**بەڕێز د.عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سێ مانگی ڕابردوودا لەڕاستی دا چەند ڕێکخراوێك پرۆژە یاسایەکیان حازر کردووە، پرۆژە یاسایەکەشم بینیوە و لەڕاستی دا دەوڵەمەندی دەکەین وەکو لیژنەی دارایی و لیژنەی سامانە سروشتییەکانیش و لیژنەی یاساییش، لە نزیکترین کاتیش دا پێشکەش دەکەین بۆ ئەوەی پەسەند بکرێ، ئەگەر لێرە ڕێژەی سەدی دیاری بکەین، ئەو پرۆژە یاسایە ئەهمیەتی نامێنێ باشتر وایە لە پرۆژە یاسایەکەدا دیاری بکرێ لە سەدا چەندی داهاتی ئەم سەندووقە بچێتە سەندووقەکەوە، سەندووقی نەوەکانی داهاتووی کوردستان، پێشنیار دەکەین هەرێم لابرێ، کورستان بێ بۆ ئەوەی ناوچە کوردستانییەکانی کە لەژێر دەرەوەی ئیدارەی هەرێمدا ئەوانیش بگرێتەوە، لە ماوەکەشدا ڕای زۆرینەی لیژنەکان لەوەدایە کە ماوەکە لادەبەین، چونکە ناکرێ پەرلەمان خۆی ماوە بۆ خۆی دابنێ وەکو بەڕێزانی تریش ئیشارەتیان پێیدا، کەواتە سیاغەکەی بەم شێوەیەیە سەندووقێك بەناوی سەندووقی نەوەکانی داهاتووی کوردستان دادەمەزرێت کە بەڕێوەبەردن و برەو پێدانی بە یاسایەك ڕێك دەخرێ، تیایدا ڕێژەیەکی دیاری کراو لە داهاتە نەوتیەکانی وەرگیراو بە پێی یاسا بۆ نەوەکانی داهاتوو دەسپێردرێت و لە بودجەیساڵانەدا جێگیر دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەست خۆشی لە لیژنەی مەعنی و ئەندامان دەکەم، کە باسیان لە جێکردنەوەی خسوسیەتی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم کرد دیارە ئەم سندوقە پشت ئەستورە بە فرۆشتنی نەوت وە موشتەقاتی نەوتی لە هەرێمی کوردستاندا، بە پێی دوایین ڕێك کەوتن کەرکووك هەرێمی کوردستان تەحەکومی پێوە دەکا، کەواتە ناوهێنانی کەرکوك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم خێر کردن نییە بەو خەلکە، بۆیە واجبی پەرلەمانی کوردستانە بە یاسا بە ماددەی سەریح شوێن دەست کەوتی ئەوان، چاوەڕوانی ئەوان لەو سندوقە بکاتەوە، ئەگینا بێتە سەر حەق ئەو بەراوردە ئەفکاریە لێژنەی سامانە سروشتییەکان، لیژنەی دارایی باشتر ئەزانن کە ئەو ڕێژەیەی کە لە کەرکوك هەرێمی کوردستان تەحەکومی پێوە ئەکا لە چوارچێوەی ڕێکەوتنەکە، ئەگەر زیاتر نەبێ کەمتر نییە لە هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوە ناوهێنانی سندوقی نەوەکانی داهاتوو بە تایبەتی بۆ جێکردنەوەی چاوەڕوانییەکانی خەڵکی ئەو ناوچانە لە سندوقی داهاتە نەوتییەکان ئەمە لە جێی خۆیەتی، خاڵێکی تر ئەبێ ئێمە بزانین ئەم سندوقە کە ئێستا موناقەشەی ئەکەین، ئەبێ بە یاسا ئەوە دوو خولی پەرلەمانە ئینجا توانیمان ئەو ئیرادە گشتیە دروست

بکەین، ئەگەر بێتو بۆ ئەو بابەتەی تریش ئەگەر زەمەن تەحدید نەکرێ بە دیدی من (١٨) مانگ زۆر زۆرە لە ساڵ تێپەر نەکا زۆر باشە زەمەن تەحدید بکرێ، حکومەت ئیلزام بێ بە هاوکارمان بێ کە ئەوە کارێکی باشەو بگەینە ئەو ئاکامانەی کە هەمووومان ئەمانەوێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله هەڵەدنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار ئەکەم ماددەی یانزەهەم بکرێتە دوو برگە: برگەی یەکەم: سندوقێك بە ناوی سندوقی نەوەکانی داهاتوو دادەمەزرێت کە بەرێوەبردن و دراو پێدانی بە یاسایەك رێك دەخرێت دوای ماوەیەك، برگەی دووەم: تیایدا رێژەیەکی دیاریکراو لە داهاتە نەوتیەکان ئەویش بەپێی یاسایەك رێك دەخرێت بکرێتە برگەی دووەم، بۆ ئەوەی وازحتر بێت، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها تەوزیح لەسەر مەسەلەی پابەند بوون بە کاتەوە دەکەم، خۆی ئەگەر حکومەت بابڵێین پرۆژەکە بنێرێ زەرووره با بڵێین کاتی تیا بێ، قسەکەی من هەر ئەوەندەیە کە ئێمە وەك پەرلەمانی خۆمان تەشریعی قانون دەکەین، یەعنی خۆمان گومانمان هەیە لە دەسەڵاتی خۆمان، لەوەی حکومەت هاوکاریمان بکا لەوەی یاساکەمان پێدەرچێ، بۆ ئەوەی قانون دادەنێین، گریمان ئەو مودەیەمان داناوە حکومەت رێگربوو، هاوکاری ئێمەی نەکرد مەفهومی موخالەفەو عیقابی حکومەت لەو قانونەیە لە کێیە ؟ یان چ دەقەومێ؟ ئەوە قانونەکە دەرنەچوو خۆ ئەبێ کە نەسێك دابنێ بۆ شتێك کە نەبوو، لەبەر ئەوەی بەراستی من ئیلحاحی لەسەر رەئی خۆشم ناکەم دەکرێ بلێین ئەوەی پێی باشە بمێنێتەوە، یاخود لایدەن، لە حالەتی مانەوەش زۆربەی ئەندامانی بەرێز قسەیان لەسەر کەمکردنەوەی مودەکە کرد، یاخود سەقفێکی زەمەنی دانێن بڵێین لە شەش مانگ زیاتر نەبێ، لە ساڵ زیاتر نەبێ، بۆ ئەوەی بتوانین ئەگەر توانرا زۆر زووتر پەسەند بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو د. بەهار فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پێشنیارەکەی کاك ابو بکر بۆ ئەوەی بکرێتە دوو بڕگە، پێم وایە ئەو ڕێژەیە کە جەنابی باسی دەکا دواتر لەو یاسا تایبەت بە ئەو سندوقە دائەنرێ، ئەو وازیحە تیایدا هاتووە ئەڵێ بە پێی یاسایەك ڕێك دەخرێت تیایدا ڕێژەیەکی دیاریکراو لە داهاتە نەوتییەکان واتە لەو یاسایەدا ڕێژەکە دیاری ئەکرێ، بۆیە لێرە دیاری نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە ڕوونکردنەوەیەکی ئیزافی هەیە کاك حاجی کاروان.

**بەڕێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکەی کاك علی حەمە صالح دەقیقە بەوە حەڵ ئەبێ ئەوەی کاك سالارە، مادام یاساکە خۆی یاسای سندوقی کوردستان بۆتە داهاتە نەوتی و گازییەکان، ئەوە (تەحصیل حاصل)ە ئەبێ هەرێمەکە لابچێ تەنها نەوەکان بێ، یاساکە لەوێ ئەوە شمولی هەموو کوردستان دەکا، پێویست بەو هەرێم و ناوچە کوردستانیەکانیش ناکا، چونکە دەیانگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا داوا لە هەر سێ لیژنە دەکەین دوایین دارشتن بۆ ئەم ماددەیە ئامادە بکەن، حازرە بفەرموون.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

د. ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یازدەم: سندوقی نەوەکانی داهاتووی کوردستان دادەمەزرێت کە بەڕێوەبردن و دراو پێدانی بە یاسایەك ڕێك دەخرێت، کە لە ماوەیەك (١١) مانگ تێنەپەڕێت لە ڕێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایە دەردەکرێت، تیایدا ڕێژەیەکی دیاریکراو لەداهاتە نەوتییەکانی وەرگیراو بە پێی یاسا بۆ نەوەکانی داهاتوو دەسپێردرێت و لە بودجەی ساڵانەدا جێگیر دەکرێت .

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنکی / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە یەك ڕوونکردنەوە لەسەر ئەم دارشتنە هەیە، کاك فەرهاد فەرموو.

**بەڕێز فەرهاد حەمە صالح (سەنگاوی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێزان سندوقی نەوەكانی داهاتووی كوردستان هەڵەیە، چونكە ئێمە هەمووومان دوای پیر ئەبین و پێویستمان بەو سندوقە رەنگە ببێ، بەس بۆ ئەوانە نییە كە منداڵن سندوقی كوردستان بۆ نەوەكانی داهاتوو ئێستا ئەو خەڵكەی كە هەیە، سبەینێ ئەچێتە (دار العجزة) ئەچێتە نازانم كوێ؟ نەخۆشی ئەبێ، هەموو پیر ئەبین، ئەوەش دیسان ئەیانگرێتەوە، بەڵام ئەگەر بڵێی بۆ نەوەكانی داهاتوو، یاخود یەعنی بۆ ئەوانەی كە هێشتا لە دایك نەبوون ئەبێ بڵێی سندوقی كوردستان، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنكی / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د. شێركۆ فەرموو.

**بەڕێز شێركۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان سندوقی نەوەی داهاتوو بیلفیعل ئەوەیە كە بۆ نەوەكانی داهاتووە بۆ بەڵێ بۆ ئەوانەی كە لە دایك نەبوون، بۆ تواناسازی ئەوانە، بۆ ئامادەكردنیان بۆ داهاتوو ئەمەی كە بۆ پیرو پەك كەوتەكان ئەوانەی كە ئەچنە تەمەنەوە ئەوانە لە بیمەی كۆمەڵایەتیە، لە پرۆژە یاسای بیمەی كۆمەڵایەتییە، بە جوانی خەمیان ئەخورێ، بۆیە پێشنیاری ئەوەمان كرد كە لە ئەبوابی سەرف لەو شوێنانەی كە خەرجی ئەكرێ كە لە ماددەی داهاتووایە، لەویەدا باس لە بیمەی كۆمەڵایەتی بكەین، بۆ ئەوەی كە تەسبیت بێ كە ببێتە یەك لەو شوێنانەی سەرفی ئەم داهاتەی بۆ دەكرێ، سوپاس.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئیمێنكی / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ هەر دوو روونكردنەوەی كاك فەرهاد سەنگاوی و روونكردنەوەی د. شێركۆ جودت وا بزانم ماددەكە ئامادەیە دارشتنێكی باشی بۆ كراوە با بیخەینە دەگدانەوە، كێ لەگەڵیەتی دەستی خۆی بەرز بكاتەوە؟ (٦٦) كەس لەگەڵیەتی ، كێ دژیەتی؟ كەس دژی نییە ، كەواتە ماددەكە بە كۆی دەنگ پەسەند كرا ، بەمە كۆتایی بەم دانیشتنە دێنین، بەیانی چوارشەممە سەعات (١١) لەسەر هەمان بەرنامەی كار بەردەوام دەبین، فەرموون سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینكی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦)ی**

**چوار شەممە رێکەوتی ١\٤\٢٠١٥**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٦)

## چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٥/٤/١

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٥/٤/١ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی یوسف محمد صادق سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٦)ی خولی چوارەمی، ساڵی (٢٠١٥) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (٦)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٥/٤/١ دا بەم شێوەیە بێت:

١ بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردنی پرۆژەی داهاتەکانی سەندوقی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەپێی ماددەکانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) ی هەموار کراو.

٢- دەنگدان لەسەر متمانەدان و سوێند خواردنی یاسایی بەڕێز (غازی سعید سلیمان) بۆ پۆستی وەزیری هەرێم بە پێی برگەی چوارەم لە ماددەی (٥٦) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) ی هەموار کراو.

٣- دانان و ئاڵوگۆڕ کردنی هەندێ لە ئەندامانی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان بە پێی ماددەی (٤٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) ی هەموار کراو.

٤– خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پرۆژە بڕیارانەی خوارەوە بەپێی ماددەی (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١) ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموار کراو.

یەکەم: پرۆژە بڕیاری بە پارێزگا کردنی شاری کۆیە لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

دووەم: پرۆژە بڕیاری قەرەبوو کردنەوەی شەهید و بریندارانی خۆپیشاندانی (١٧)ی شوباتی (٢٠١١) و ڕۆژانی دوایی.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستان دەست پێ ئەکەین، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، دانیشتنی ژمارە (٦)، ڕۆژی دانیشتن (٢٠١٥/٤/١)، بەرنامەی کار، بەپێی حوکمەکانی بڕگە یەکی ماددەی (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، ژمارە (١) ی ساڵی ( ١٩٩٢ ) ی هەموار کراو، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا کاتی دانیشتنی ژمارە (٦) ی خولی بەهارە لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی

پەرلـەمان لـە کاتـژمێر (١١) ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چـوار شـەمە، ڕێکـەوتی (٢٠١٥/٤/١) بەرنامـەی کـاری دانیشتن بەم شێوەیە بێت:

١ بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردنی پرۆژەی داهاتەکانی سەندوقی نەوت و گـاز لـە هـەرێمی کوردسـتانی عێراق بەپێی ماددەکانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥) لە پەیڕەوی نـاوخۆی پەرلـەمانی کوردسـتان ژمـارە (١)ی سـاڵی (١٩٩٢) ی هەموار کراو.

٢- دەنگدان لەسەر متمانەدان و سوێند خواردنی یاسایی بـەڕێز (غـازی سعید سلیمان) بـۆ پۆسـتی وەزیـری هەرێم بە پێی برگەی چوارەم لە ماددەی (٥٦) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) ی هەموار کراو.

٣- دانـان و ئـاڵوگۆڕ کردنـی هەنـدێ لـە ئەنـدامانی لیژنـە هەمیشـەییەکانی پەرلـەمانی کوردسـتان بـە پێـی ماددەی (٤٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) ی هەموار کراو.

٤- خوێندنـەوەی یەکـەم بـۆ ئـەم پـرۆژە بڕیارانـەی خـوارەوە بـەپێی مـاددەی (٧١) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١) ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموار کراو.

یەکەم: پرۆژە بڕیاری بە پارێزگا کردنی شاری کۆیە لە هەرێمی  کوردستانی عێراق.

دووەم: پـرۆژە بڕیـاری قـەرەبوو کردنـەوەی شـەهید و برینـدارانی خۆپیشـاندانی (١٧)ی شـوباتی (٢٠١١) و ڕۆژانی دوایی.

بەڕێزان، لە دەستپێکی کۆبوونەوەکە ئەمـەوێ پیرۆزبـایی گـەرم لـە گشت خوشـك و بـرا مەسـیحیەکانمان و ئاشوور و کلدانەکانی کوردستان بکەین بە بۆنەی جەژنی (ئەکیتۆ) کە هەموو سـاڵێك لـە یـەکی نیسـان ئـەم جەژنە پیرۆز ئەکەن، و جەژنی ڕەسمی ئەوانە، هیوادارین جەژنی داهاتووی ئەوان و ئێمەش کـە لـە هـەمان کات جەژنی بەهار و سەرەتای نیسانە لە باردودۆخێکی باشتر، لە کەش و هەوایەکی هێمن تر و پڕ ئاسایش بۆ ئەوان و بۆ ئێمەش بکەینەوە، و هیـوادارین جـەژنی داهـاتوو هـەموو خێزانـەکان گەڕابنـەوە سـەر زێـدی خۆیان، و ژیانێکی شەرەف مەندانە بەسەر ببەن، لە هەرێمی کوردستان ئەوەی لە تواناماندا بێ بـە هـەموو دەستەلاَتەکان و بە هەمو دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان هەوڵی ئەوە ئەدەین پەناگەیەکی ئارام بـین بـۆ سـەرجەم ئـەو پێکهاتانـەی تـری عێـراق کـە بەداخـەوە بـەهۆی هێرشـی گرووپـی تیرۆریسـتی داعـش لـە ناوچەکانی خۆیان تووشی جینۆساید و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بوون، ڕەنگە موسادەفە نەبێ کە ئـەمڕۆش یادی کۆڕەوە مەزنەکەی خەڵکی کوردستانە، کە ئەو یادەش دیسان گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان، چونکە لـە کۆڕەوە مەزنەکەی خەڵکی کوردستان هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان ئەوەیان سەلماند کە لە دوای ڕاپـەڕینی خەڵکی کوردستان دژ بە ڕژێمە داپڵۆسێنەرەکەی بەغدا جارێکی تر ئامادە نین لـە ژێـر حـوکمی دیکتـاتۆری ژیان بەسەر بـەرن، بۆیـە ئەوکاتـەی سـوپای عێـراق هـەوڵی دا ناوچـەکانی هـەرێمی کوردسـتان جـارێکی تـر بگرێتـەوە، خـەڵکی کوردسـتان بـە یـەکجار هـەمووان شـار و لادێکـانی کوردسـتانیان جێهێشـت، و ئـاوارەی شوێنەکانی تر بوون، ئەوەش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زیـاتر و زیـاتر بـە گـەلی کـورد ئاشـنا کـرد، و هەسـتی

ئازادیخوازی گەلی کوردستان لە ئاستی دونیا زیاتر نرخێنرا، و زیاتر دەرکەوت، هەڵبەت گەلی کوردستان ڕەتی کردەوە لەژێر حوکمی دیکتاتۆری ژیان بەسەر بەرێ، ئاوارەی وڵاتەکانی تر بوو، بەڵام هەنگاوی دوای ئەوە کە گەلی کوردستان هاوێشتی بریتی بوو لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن بۆ دروست کردنی دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان، ئەوە پەیامێکی زۆر ڕوون بوو، هەر لەوکاتەوە کە هەرێمی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانیەوە دژی دیکتاتۆریەتی زوڵم و زۆرداریبە ڕاپەڕینی دژ کرد، لە هەمان کات نەیوسیت لەژێر چەپۆکی ئەو ڕژێمە بمێنێتەوە، و بەدیل بۆ ڕژێمی دیکتاتۆری هەڵبژاردنی ئیختیار کرد بۆ یەکلایی کردنەوەی ململانێ سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان، بۆیە ئەوە ئیرادیەکی بەهێزی گەلی کورد پیشان ئەدات، گەلی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانییەوە کە هەمیشە لەگەڵ ئازادین، لەگەڵ یەکلایی کردنەوەی ململانێ سیاسیەکانن، و هەمیشە دژ بە گرووپە تیرۆریستیەکان وەستاون، دژ بە گرووپە توندڕەو و ڕژێمە دیکتاتۆرییەکانی ناوچەکە وەستاون، گەلی کوردستان توانی لە ڕاپەڕینەوە دەست پێ بکات، و لە (٢٠٠٣) ڕژێمی دیکتاتۆری بەغدا بڕووخێنێ، لە کاتێکدا بەرنامە بۆ ئەوە دانرابوو کە لە ڕێگەی کشانەوەی دامودەزگاکانی حکومەتی بەعس لە هەرێمی کوردستان ئەزموونی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان شکست بێنێ، بەڵام ئەوە ڕێك پێچەوانە بوویەوە، لە بری ئەوەی گەلی کوردستان و دەستەڵاتەکەی شکست بێنێ، ڕژێمە دیکتاتۆرییەکەی بەغدا شکستی هێنا، و بینیمان چۆن ئەو ڕژێمە لەبەردەم ئیرادەی خەڵکی عێراق و بە هاوکاری هێزە هاوپەیمانەکان شکستی خوارد، ئێستا دەست بە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان ئەکەین کە خاڵیپ یەکەمی بریتییە لە بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردنی پڕۆژەی داهاتەکانی سەندوقی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەپێی ماددەکانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) ی هەموار کراو، بۆیە داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئەکەین، کاك عادل ئەتبینم، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز عادل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار ئەکەم دەستپێکی کۆبوونەوەی پەرلەمان ئەوجارە بە دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی ئەو شەهیدانەی چیمەن بەتایبەتی لە پێش کۆبوونەوەکە بوونە ڕێگر لەبەدەرم داگیرکەری بەعس، و بۆ ئەو منداڵ و ژنانەی لە برسان و لە سەرمان لە کۆڕەوەکە ڕەق بوونەوە، و تێکڕای شەهیدانی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕاپەڕین، و هەموو شەهیدانی هەرێمی کوردستان، سوپاس، فەرموو بەڕێز سکرتێری پەرلەمان بۆ خوێندنەوەی کۆنووسی پێشووی دانیشتنی پەرلەمان.

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، پوختەی دانیشتنی ژمارە (٥) ی کۆبوونەوەی ئاسایی پەرلەمان لە بەرواری (٢٠١٥/٣/٣١) بەو شێوەیە بوو:

١ دەست پێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە.

٢- گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای سەندووقی کوردستان بۆ داهاتە نەوت و گازییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق، بۆ دانیشتنی ئەمڕۆ دواخرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ناوی ئامادە نەبووانی دانیشتنی پێشوو بخوێ.

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرێتێری پەرلەمان:**

ناوی ئامادە نەبوانی ئەندامانی پەرلەمان کە لە دانیشتنی ژمارە (٥) ی ئاسایی لە بەرواری (٢٠١٥/٣/٣١) مۆڵەت دراون بوون یان بێ مۆڵەت ئامادە نەبوون بەم شێوەیەیە:

١ ئاری محمد-مۆڵەت

٢- ئاواز حمید-مۆڵەت

٣- دلێر مصطفى-مۆڵەت

٤- ادریس علی-مۆڵەت

٥- زۆزان صادق-مۆڵەت

٦- ڤیان عباس- مۆڵەت

٧- علی هالۆ-مۆڵەت

٨- مدینە ایوب- مۆڵەت

٩- هێڤا حاجی-مۆڵەت

١٠- یراونت نیسان- ئامادە نەبووە

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا داوا لە هەرسێ سەرۆکایەتی ئەکەین، لیژنەی دارایی، لیژنەی سەرچاوە سروشتییەکان و سامانە سروشتیەکان، و لیژنەی یاسایی بێنە سەر مەنەصە بۆ دەست پێکردن بە بەرنامەی کار، فەرموو کاك سالار نوقتەی نیزامییە؟

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە ڕاستیدا بە پشت بەستن بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بەندە بیرۆکەیەکم هەیە عەرزی بەڕێزتان و پەرلەمانی کوردستانی بکەم، هیوادارم بخرێتە بەرنامەی کارەوە، بۆ ئەم مەبەستەش بەڕێز سکرتێری پەرلەمان و جێگری سەرۆکی پەرلەمانیشم ئاگادار کردۆتەوە، سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**باشە، با بەرنامەی کار ئەنجام بدەین، بڕگەکانی جێ بەجێ بکەین، ئەوکات دەرفەت بە بەڕێزیشت ئەدەین بیرۆکەکەت پێشکەش بکەی، ئێستا سکرتێری پەرلەمانیش باسی کرد کە (٤٨) سەعات پێش ئێستا خستۆتە ڕوو، فەرموو ماددەی یازدە کە بۆتە ماددەی دوازدە بخوێنەوە بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکەن.**

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی پێنجەم**

**دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت و گازی سندووق**

**ماددەی یازدەم دەبێتە ماددەی دوازدەم:**

**یەکەم: داهاتەکانی نەوت و گاز کە لە سندووقدا دەسپێردرێن و بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە وەرگیراون، لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەپێی مەرج و ستاندەری هاتوو لە یاسای نەوت گازدا، پاش تەرخان کردنی ئەم بڕانە لە بودجەی ساڵانەو پەسند کردنی لە لایەن پەرلەمانەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەکرێن:**

**١- دراوپێدانی بودجەی گشتی بەگوێرەی یاسای بودجەی گشتی ساڵانەی هەرێم.**

**٢- دراوپێدانی پرۆژەی وەبەرهێنان لە پێ بەخشین و پاداشتەکان بە گوێرەی گرێبەستە نەوتی و گازیەکانی بەستراو لەگەڵ کۆمپانیا بیانی و خۆماڵیەکان کە لەلایەن ئەو کۆمپانیایانەوە تەرخان ئەکرێن بەو مەرجەی بە گوێرەی ستاندارد و مەرجەکانی هاتوو لە یاسای نەوت و گازدا بێت لە نێوانیشیان چری دانیشتوان بەو شێوە دادپەروەری لە نێوان پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکان دێنێتە کایەوە بە لەبەر چاو گرتنی گەشە پێدانی ئەو ناوچانەی پرۆسە نەوتییەکانی تێدا ئەنجام ئەدرێ، و پاڵپشتی کردنی ئەنجومەنە خۆجێیەتی و شارەوانییەکانیان.**

**٣- ژمێرەی (سندووقی نەوەکانی داهاتوو) بەگوێرەی حوکمەکانی ماددەی دەیەمی ئەم یاسایە.**

**٤- دراوپێدانی وزارەت بۆ پاڵپشتی کردنی ژێرخانی ئابووری کەرتی نەوت و گاز لە هەرێمدا لە کاتی پێویستیداو قەرەبوو کردنەوەی خاوەنی ئەو زەوییانەی بۆ پرۆسەکانی نەوت و گاز تەرخان دەکرێن، و قەرەبوو کردنەوەی ئەو کەس و لایەن و موڵکانەی لە ئەنجامی پرۆسە نەوتیی و گازییەکاندا زیانیان پێ دەگات.**

٥- پاڵپشتیکردنی سندووقی ژینگەی دامەزراو بەپێی یاسای نەوت و گاز.

دووەم: نابێ تەرخان کراوەکانی خەرجی پرۆژەکانی وەبەرهێنان کە گرێبەستی لەسەر نەکراوە بخولێندرێنەوە.

سێیەم: لە سەرەتای نیوەی دووەمی هەر ساڵێکی رۆژمێری، وەك یەکی داهاتەکانی نەوت و گازی تەرخانکراو فیعلیەکانی ژمێرەکانی سندووق ئەنجام دەدرێت و، ژمێرەکانی سندووق لەسەر ئەم بنەمایەو بەپێی یاساو پێڕەوەکانی بنەماکانی ژمێریاری متمانە پێکراو لە هەرێمدا، ئەنجام دەدرێن.

چوارەم: دەستە بەرپرسیاریەتی خۆی بەپێی ئەو پرنسیپ و ستاندەرانەی تایبەتن بە دەستپێشخەری شەفافیەت لە پیشەسازییە دەرهێنکارەکانی هاتوو لە سەرچاوەی (Extractive Industries Transparency)ی ناسراو بە (EITI)، پیادە دەکات و پێویستە شیاوو هاوتەریب بن لەگەڵ شێوازە هەرە باشەکانی پیشەسازییە نەوتییەکان.

پێنجەم: کارەکانی دەستەو ژمێرەکانی سندووق ملکەچ دەبن بۆ دیوانی چاودێریی دارایی هەرێم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ژمارەیەك ئەندام پەرلەمان ناویان نووسیووە، (عباس غزالی، دکتۆرە ڕێواز، بەشار موشیر، شرین حسنی، علی حمه صالح) کێی تر ناو ئەنووسێ؟ خاتوو مونیرە تۆش قسە ئەکەی؟

**بەڕێز فخرالدین قادر-سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بەڕێزانە ناویان تۆمار کردووە بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر ماددەی دوازدە، (گەشە دارا، عباس غزالی، ڕێواز فائق، بشار مشیر، شرین حسنی، علی حمه صالح، قادر وتمان، مریم صمد، صالح فەقێ، تەلار لطیف، ئاواز جنگی، انس محمد، تحسین اسماعیل، فرست سۆفی، ڤەمان فیصل، ئومید حمە علی، کاك ایوب، بەهزاد درویش، بێستون فائق، پەروا علی، منیرە عثمان، شێرکۆ حمە امین، قارەمان قادر، کەژاڵ هادی، سهام عمر، عمر کۆچەر، ایدن معروف، سروود سلیم، سالار محمود، عبدالرحمن، نجات محمد)

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو گەشە فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لەسەر خەرجیەکانی ئەو سەندوقە پێم باشە بڕگەیەك زیاد بکرێ، چونکە دیارە هەمووبمان لە بەرنامەی ئینتیخابی باسمان لە عەدالەتی کۆمەڵایەتی و هاوکاری کردنی خەڵکی فەقیر و هەژار کردووە، هەر یەکە و بە جۆرێك لیست هەبوو باسی پێشکەش کردنی پرۆژەی شۆسیالی دەکرد، لیست هەبوو باسی پشکی هاووڵاتیانی ئەکرد بە راستەوخۆ لە داهاتی نەوت، هەریەکە بە جۆرێك، بەراستی هەموو لیستەکان ئەو جۆرە بەرنامەیان هەبوو، بەس بە دەربڕینی جیاواز، ئێستاش لە پەرلەمانی کوردستان سێ پرۆژە

هەیە، و لە لیژنەی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، راستەوخۆ ئێمە کار لەسەر ئەو پرۆژە ئەکەین، حەوت لیژنەی تریش کاری لەسەر ئەکات، ئەوەی گرنگە کە ئەو پرۆژەیە ئیلتیزاماتی مالی ئەکەوێتە سەر شانی حکومەت بۆ ئەوەی لە داهاتوو بیانووی نەبێ بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو پرۆژەیە، پێویستە ئێمە کە ئەگەر نیەتمانە، دڵنیاشم هەمووومان نیەتمانە، و بە گرنگی ئەزانین، هەموو فراکسیۆنەکان کە ئەو پرۆژەیان پێشکەش کردووە (٣) پرۆژەیە بەتایبەتی پرۆژەی یەکەم کە هەموو فراکسیۆنەکان خاوەنییەتی واژووی زۆربەی پەرلەمانتارانی بەسەرەوەیە بە گرینگی دەزانین ئەمە لە داهاتوودا بچێتە بواری جێبە جێ کردنەوە دوای ئەوەی کە لە پەرلەمان پەسەند دەکرێت، بۆیە پێم باشە کەبڕێك لە داهاتی ئەو سەندووقە بەڕێژەیەك دیاری بکرێت بۆ هاریکاری کۆمەڵایەتی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێویستی دەزانم پیرۆزبای سەری ساڵ لە برا ئاشورییەکانمان بکەین، بە نیسبەت ماددەی (١٢) راستە لە خاڵی (٤)م باسی قەرەبووی جوتیار کراوە، بەڵام ئەو زەوییەش ئیستیمراریەتی هەیە بۆئەوەی بەرهەمی کشتۆکاڵی بێنێ، بۆیە پێشنیار دەکەم خاڵی (٥)م بەم شێوەیە پێشنیار بکەین: لەبەر ئەوەی تەواوی نەوت و گاز تەواوی کار و پرۆژەکانی نەوت و گاز لەسەر زەوی کشتۆکاڵ و لە وەرگاکانن، ڕەنگە بڵێین ئەوە سەخەرییە یان ناوچەیەکە کە بە کەڵك نایەت، بەڵام لەوەرگایە بۆ ئاژەڵداری بەکار دێت راستەوخۆش مەترسیان لەسەر ژینگە هەیە، هەر بۆیە پێشنیار دەکەین لە خاڵی (٥)م ڕێژەیەك کە من (٤٪)م پێشنیار کردووە لە داهاتی ئەم سەندووقە بۆ بواری ژینگە و کشتۆکاڵی تەرخان بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز دکتۆرە فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەکانم دەکەم بە دوو بەشەوە، بەشێکی بۆئەوەی هەموو هاوڕێکانم لەسەر پەیامی فراکسیۆنی سەوز لەسەر ئالییەت و میکانیزمی دابەش کردنی داهاتەکانی نەوت هەمووومان قسە نەکەین، بەڕێز سەرۆکی فراکسیۆن ئەرکی ئەوەی بە من سپاردووە لە جیاتی ڕەفیقەکانم بە ناوی فراکسیۆنەوە ئەم قسەیە بکەم لەسەر ماددەی (١٢)م کە ئێستا (١٢) یە، بەشەکەی تریش سێ تێبینی قانونییە کە لەسەر ماددەکەیە و هی خۆمن، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان: لە دیباجەی ماددەکەوە دەر دەکەوێت کە داهاتەکانی سەندووقەکە بەسەر پێنج بواردا دابەش دەکرێن و لەو دارشتەی دیباجەکەوە روون دەبێتەوە کە ئەو پێنج سێکتەرە بە شێوەیەکی حەسری داهاتەکانیان بەسەردا دابەش دەکرێت، بۆیە بوار نییە ئەنجومەنی وەزیران لە کاتی

دابەش کردندا هیچ سێکتەرێك زیاد بکات، هاوکات پەرلەمانی کوردستانیش لە کاتی پەسەند کردندا ئەم کارە ناکات، بۆیە یەکەم: بەناوی هەزاران گەنجی بێکاری ئەم هەرێمە کە زۆریان دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکانن، بە ناوی هەزاران خاوەن پێداویستی تایبەت کە توانای دابین کردنی پێداویستیە سەرەتاییەکانی خۆیانیان نییە، بەناوی سەدان نەخۆشی خێزانە هەژارەکانی ئەم هەرێمە کە لەبەر نەبوونی ناتوانن داو دەرمان بۆ نەخۆشەکانیان دابین بکەن، بەناوی هەزاران ژنی ماڵەوە کە سەرچاوەیەکی داهاتیان نییە و چاوییان لە دەستی باوك و برا و هاوسەرەکانیانە کە شتێك پارەیان بۆ کڕینی سەرەتایی ترین پێداویستیەکانیان یان سەرەدانی نەخۆشێك یان کڕینی دیارییەك بۆ ئازیزانیان پێ بدەن، بەناوی هەزاران ژنی بێ هاوسەری ئەم هەرێمە کە سەرچاوەی داهاتیان نییە و چاوییان لە زەکات و خێر و سەدەقەی خەڵکە بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانیان، بەناوی سەدان ژنی تەڵاق دڕاو کە دوای جیا بوونەوەیان نازانن ڕوو لە کوێ بکەن و دەست لە کێ پان بکەنەوە، بەناوی هەزاران منداڵ کە لەبەر هەژاری خێزانەکانیان یان بێناز بوونیان یان بێ سەرپەرشتیان لەسەر شەقامەکان دەسوڕێنەوە و لە خوێندن و ژیانی سادە و سەرەتایی بێبەشن، بەناوی هەزاران خوێندکاری زانکۆ...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە بڕۆ ناو بابەتەکەوە، پێشنیارەکانت چییە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، پەیامی فراکسیۆنەکەم: زانکۆ و پەیمانگاکان کە لەبەر بێ پارەیی ڕوو بە ڕووی دەیان مەوقفی موحریج دەبنەوە، بەناوی هەزاران بە ساڵا چووی ئەم هەرێمە کە سەرچاوەیەکی داهاتیان نییە و چاوییان لە رەحمەتی کوڕ و کچەکانیانە، بە ناوی هەزاران گەنجی ئەم هەرێمە کە لە ترسی نەبوونی شوێنی نیشتە جێبوون هاوسەرگیری ناکەن یان ئەگەر هاوسەرگیریش بکەن نەبوونی شوێنی نێشتە جێبوون دەبێتە مۆتەکەو هەمیشە هەڕەشە لە بەختەوەریان دەکات، بە ناوی هەموو ئەوانەی کە دەکرێت لە ئایندەدا لە یاسای چاودێری و هاریکاری کۆمەڵایەتی ناسراو بە (سۆشیال) سوودمەند ببن، داوا لە لیژنە تایبەتمەندەکان و هاوڕێیانی پەرلەمانتارمان دەکەین کە ڕەزامەند بن لەسەر تەرخان کردنی بڕی لە (١٠٪) هەموو داهاتی سندووقەکە بۆ ئەو چین و توێژانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا لە چوار چێوەی سندووقەکانی هارکاری کۆمەڵایەتی کە دواتر بە یاسا ڕێك دەخرێت، چونکە ئەمە لەم هەل و مەرجەدا گونجاوترین میکانیزمە بۆئەوەی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان راستەو خۆ لە داهاتی نەوت و گاز سوودمەند بن و گیرفانەکانیان بە داهاتی سامانی سرۆشتی گەرم بێتەوە کە دوا جار سامانی هەموو خەڵکی کوردستانە، دووەم: لە جیاتی کەس و کاری سەربەرزی شەهیدان و لە جیاتی دایك و باوك و...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تكا دەكەم ئیتر واز لەمە بێنە، برۆ ناو پێشنیارەكانت، خاتوو (گەشە) پێشنیارەكانی خوێندەوە تەبیعی یە، یەعنی پێشنیارەكانت بكە، من دەمەوێت یەك تێبینی لێرە بڵێم بەڕێزان، دكتۆرە (ڕێواز) هەموو ئەندامانی پەرلەمان نوێنەرایەتی خەڵكی كوردستان دەكەن بە گشتی، بۆیە هەموویان كاتێك كە قسە دەكەن سەرنج و تێبینی دەڵێن پێشنیار دەكەن هەردیسانەوە هەموویان بە نوێنەرایەتی هەموو خەڵكی كوردستان ئەمە دەكەن، بۆیە پێویست ناكات كەستان بیری كەستان بێننەوە كە نوێنەرایەتی كێ دەكەن یان كێ ناكەن، بۆیە هەر ئەو كاتەی كە تۆ پێشنیار دەكەی یان خاتوو (گەشە) پێشنیار دەكات بەشێك لە داهاتەكەی بۆ سەندووق بێت بە ناوی ئەوەیانەوە، بۆیە ڕاستەوخۆ بچۆ سەر سەرنج و تێبینیەكانت.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

باشە، داوا دەكەم بەشێك بۆ سەندووقی كەس و كاری شەهیدان تەرخان بكرێت، چونكە بەداخەوە لە ئێستادا ئەو سەندووقە كە سەندووقی كەس و كاری شەهیدانە سەندووقێكی مایە پووچەو قەیرانی دارایی كاریگەری ڕاستەو خۆی لەسەر دروست كردووە، ئەوە پەیامی فراكسیۆنەكەمانە، خۆشم چەند تێبینیەكی یاساییم هەیە یەكەم: داوا دەكەم ناو نیشانی بەشی (٥)م بەم شێوەیە لێ بكرێت، لە جیاتی دابەش كردنی داهاتەكانی نەوت و گازی سەندووق، بوترێت (دابەش كردنی داهاتەكانی سەندووق كە پێویست بە نەوت و گاز ناكات)، دووەم: ئەم ماددەیە پێشتر ژمارە (١١) بووە لە پرۆژەكە و لە ڕاپۆرتەكە ئێستا بووە بە ژمارە (١٢)، داوا لە لیژنە تایبەتمەندەكان دەكەم لە هەر كوێی ئەم ژمارەیە هاتووە لە ئێستاوە چاك بكرێت و، ئاخیر تێبینیشم ئەوەیە بڕگەی (٤)م بەم شێوەیە لێ بكرێت (دراو پێدانی وەزارەت بۆ پاڵپشتی كردنی ژێرخانی ئابووری، كەرتی نەوت و گاز لە هەرێم دا لەكاتی پێویستدا، نوقتە تەواو، قەرەبوو كردنەوەی خاوەنی ئەو زەویانەی بۆ پرۆسەكانی نەوت و گاز تەرخان دەكرێن و قەرەبوو كردنەوەی ئەو كەس و لایەنانەی موڵكانە لە ئەنجامدانی پرۆسەی نەوت و گازەكاندا زیانیان پێگەیشتووە بكرێت بە بڕگەیەكی سەربەخۆ و دەسەڵاتی قەرەبووەكە بدرێت بە سەندووقەكە نەك بە وەزرارەتی سامانە سروشتییەكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك بشار فەرموو.

**بەڕێز بشار مشیر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وا دیار ئەم یاسایە زۆر گرینگە لەبەر ئەوەی چەندین دانیشتن بۆ ئەم یاسایە تەرخان كراوە پەرلەمانتارانی بەڕێز بەجدی گفتو گۆی لەسەر دەكەن، هەروەكو دەزانین نەوت تەنیا سەرچاوەی داهاتە لە هەرێمی كوردستان و بۆئەوەی ئەم سەرچاوەیە بە هێز بكەین پێویستە سەرچاوەی داهات جۆراو جۆر بێتن و باشترین كەرت بۆئەوەی ببێتە سەرچاوەی دیكەی داهات كەرتی كشتۆكاڵە، چونكە سەركەوتن لە ئاوەدان

کردنی هەر وڵاتێك یان بنیاتنانەوەی هەر شارستانییەتێك بەندە بە پێشکەوتن و گرینگی دان بە بواری کشتۆکاڵ و دابین کردنی ئاسایشی خۆراك، بەڵام بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان ئەم کەرتە پشتگوێ خراوە، بۆیە پێشخستن لە بواری کشتۆکاڵ و گەڕانەوە بۆ ئاوەدان کردنی گوندەکان پێویستی بە هەڵمەتێکی فراوان هەیەو ئەگەر کەرتی کشتۆکاڵ لە ئاستی پێویست با لە هەرێمی کوردستان بڕینی بودجەو مووچە و کێشەکانی نەوت و گاز لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەند کاریگەرییەکی ئەو تۆی نەدەبوو یان هەستی پێنەدەکرا، بەڵام ماوەی (٢٤) ساڵە کە کوردستان خاوەنی حکومەتی خۆیەتی، ئەم کەرتە کاری وای بۆ نەکراوە کە ژێرخانێکی کشتۆکاڵی بەهێزمان هەبێت یان پێویست بێت بۆئەوەی لایەنی کەم ڕێژەیەك لەو بارگرانییەی لەو کێشانەی لەو قەیرانانەی لە ئەستۆ بگرێت کە ئەمڕۆ تووشی هەرێمی کوردستان بووە، سیاسەتی دابین کردنی ئاسایشی خۆراك و کەرتی کشتۆکاڵ لە هەر وڵاتێك بێت بەو وڵاتانەی کە دەوڵەمەندن بە نەوتەوەش گرینگییەکی تایبەت بە کەرتی کشتۆکاڵ دراوە لەبەر ئەوەی کاریگەرییەکی ڕاستەو خۆ لەسەر لایەنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیش هەیە، بۆیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان: من داوا دەکەم لە ماددەی (١١)م فەقەرەیەك زیاد بکرێت بۆ بڕە پارەیەك لەم سەندووقە کە داهاتی نەوت دێتە ناوی دیاری بکرێت و جێگیر بکرێت بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی کشتۆکاڵ بەتایبەتی کێشەی سەرچاوە ئاوییەکانی نێو دەوڵەتی و بەنداوەکان، چونکە هەمووومان دەزانن وڵاتانی دراوسێ زۆر بە خراپی سیاسەتی بەڕێوەبردنی ئاو پەیڕەو دەکەن و مەترسییەکی زۆر گەورە لەسەر ئایندەی ئاو لە هەرێمی کوردستان دروست دەبێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان: من پشتگیری تەواوی قسەکانی برای بەڕێزمان کاك (عباس غزالی) دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو شرین فەرموو.

**بەڕێز شرین حسنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٢)م خاڵی (١)م دراو پێدانی بودجەی گشتی بە گوێرەی یاسای بودجەی گشتی ساڵانەی هەرێم ئەم خاڵە زۆر وازیح نییە، چونکە ئەمە تەزاروب دەکات لە گەڵ بەشی (٤)م کە تێدا دیاری کراوە جگە لەو بەشە بودجە کە لە بەغداوە دێتن ئەگەر لێرە دیاری بکرێتن، چونکە ئەم ساڵیش یاسای بودجەی گشتی هەرێم لەسەر ئەو بەشە بودجەی (١٧٪) کە لە بەغداوە دێتن خەمڵێنراوە، بۆیە لێرە ئەم خاڵە زۆر وازیح نییە، خاڵی دووەم: باسی بە ڕەچاو کردنی ئەو ناوچانەی کردووە کە پرۆسە نەوتیەکانی تێدا ئەنجام دەدرێت، لێرە من پێشنیار دەکەم ئەگەر بە ڕێژەی پترۆ دۆلار دیاری بکرێتن، هەر وەکو لە یاسای عێراقیدا هاتووە، دیاری کردبوو کە بۆ هەربەرمیلێك (٥) دۆلار خەرج بکرێتن، بەڵام لەبەر ئەو قەیرانە داراییە ئێستا کردوویانە (٢) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك، منیش پێشنیار دەکەم بۆ هەر بەرمیلێك (٢) دۆلار تەرخان بکرێتن وەکو ڕێژە نەك تەنیا بە ڕەچاو کردن بێت، چونکە ئەگەر بە ڕەچاو کردن بێت ئیحتیمال هەیە (١)

دۆلار خەرج بکا و ئیحتیمال هەیە (١٠) دۆلار خەرج بکا و ئیحتیمال هەیە خەرجیش نەکاتن، ئەگەر بە ڕێژە بێتن تۆزێك ئیجباری تێدا دەکرێتن و خەرج دەکرێت، هەروەها بۆ خاڵی (٥)م پاڵپشتی کردنی سەندووقی ژینگەی دامەزراو بە پێی یاسای نەوت و گاز، لێرەش ئەگەر بۆ ئەو ناوچانەی کە پرۆسەی نەوتییەکان تێدا ئەنجام دەدرێتن، چونکە زیاتر ئەو ناوچانە زەرەرمەند دەبن و ژینگەیان تێك دەچێت، هەروەها لێرەش وەکو ڕێژەی پترۆ دۆلار خەرج بکرێتن بۆ هەر بەرمیلێت (٢) دۆلار بێتن، هەروەها پشتیوانی لە قسەکانی خاتوو (گەشە) دەکەم، کە فەقەرەیەکی تر زیاد بکرێتن کە بەشێك لەم پارەیە تەرخان بکرێتن بۆ (سۆشیال)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، زۆر سوپاس، بەڕێز کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرنجەکانی خۆم دابەش دەکەم بەسەر دوو تەوەردا تەوەرێکیان ئیزافە کردنی هەندێك بڕگەیە، تەوەری دووەمیش هەندێك تێبینیە لەسەر بابەتەکان، من پێشنیار دەکەم بەو پێیەی کە ئەم ماددە، ماددەیەکی گرینگە واتە دارایی نەوتە کۆی گشتی بۆچوونەکە ئەوەیە دارایی نەوت دەبێت لە سێ شتی سەرەکیدا بەکار بهێنرێت، بووژانەوەی ژێرخانی ئابووری، باشتر کردنی گوزەرانی خەڵك، تەنمییەی بەشەری، کە بتوانین ئەم سێ بڕگەیە جێی بکەینەوە بەشێوەیکی حەکیمانە زۆر باشە، لە ئیزافەکانم پێشنیار دەکەم، یەکەم: دابەش کردنی بەشێك لە داهاتەکانی نەوت بەسەر خێزانە کەم دەرامەتەکاندا ئەمە بە پێی یاسا واتا بوترێت بە پێی یاسا، چونکە دەبێت یاسایەکی تایبەتی بۆ دەر بکرێت، ڕاستە ئێستا لە کوردستاندا بمانەوێ و نەمانەوێ بودجەی کوردستان و عێراقیش زیاتر پشتی بە نەوت بەستووە، ڕەنگە هەندێك خێزان هەبێت چەندین مووچەی هەبێت لە سایەی ئەم نەوتە هەندێك خێزانیش هەبێت هیچ مووچەیەکی نەبێت، دەکرێت دواتر لە قانونەکە بوترێت بۆ نموونە هەر خێزانێك دەخلی مانگانەی لە کە (١٥٠٠) دۆلار کەمترە یا خود هەربڕێك کە پێمان باش بوو مانگانە بڕێکی دیاری کراوی لە پارەی نەوت بدرێتێ، ئەم بڕەش بە پێی زیاد بوونی بەرهەمی نەوت و زیاد بوونی داهاتی وڵات زیاد بکات، خاڵی دووەم: پاڵپشتی کردنی پرۆژە بۆ ناوچە کوردستانییەکان، کوردستانییە ئازاد کراوەکانی ناو دەنێین ناوچە کوردستانییە جێ ناکۆکەکان ناو دەنێین هەرچی ناودەنێین، پاڵپشتی کردن بۆئەوەی پرۆژە لەو ناوچانە بکرێت، چونکە ڕەنگە لە بودجەی گشتی دا ئەوە وەك پێویست بایەخیان پێ نەدرابێت، خاڵی سێیەم: پێشنیار دەکەین لە عێراق دا پترۆ دۆلار بۆ مەحافەزاتە، بەڵام ئەگەر لە کوردستان دا ئێمە پترۆ دۆلار بۆ مەحافەزات دابنێین هەر چوار مەحافەزەکە نەوتی تێدایە، بۆیە پێشنیار دەکەم هەر قەزایەك نەوتی لێ دەر بهێنرێت لەسەر ئەساسی قەزا دابنێین لە (٢٪) بەرهەمی نەوتییەکان بۆ قەزاکە بێت، بۆ بووژانەوەی قەزاکە، بۆ ئەو زەرەری ژینگەیەی لێ دەکەوێت و دەرفەتی کار دروست ببێت، خاڵێکی دیکە کە ئەمە بۆ

تەنمییەی بەشەری زۆر موهیمە، تەرخان کردنی بەشێك لە پارەی سەندووقی نەوت بۆئەوەی وەك قەرز بدرێتە خوێندکاران، دیارە من باش دەزانم پێویستە پارەی نەوت بۆ گەشە پێدانی ژێرخانی کشتوکاڵ، ژێرخانی پیشەسازی و هەموو ئەو کایانەی تر بەکار بهێنرێت، بەڵام دەتوانین هەموو ئەوانە و ئەوانی تر لە بودجەدا جێی بکەینەوە، دەڕۆمە سەر تێبینیەکانم لەسەر بڕگەکانی ماددەکە پێموایە خاڵی (٢)م لە بڕگەی (١)م ماددەکە زیادە، چونکە ئێمە لە خاڵی (١)م دا دەڵێین دراو پێدانی بودجەی گشتی بە گوێرەی یاسای بودجە، بودجەی گشتی لە بودجەی تەشغیلی بەکار بردن لە بودجەی وەبەر هێنانیش پێك دێت، واتە خاڵی (٢)م خۆی راستەو خۆ بەشێکە لە خاڵی (١)م، واتە پرۆژەکانی وەبەر هێنان خۆی بەشێکە لە خاڵی (١)م ئەمە جگە لەوەی کە ئێمە پێشووتر وتوومانە کۆی داهاتەکە دەگەڕێتەوە سەندووقەکە، پاشان لە چوار چێوەی بودجەی گشتی دا ئامادە دەکرێت و لە چوار چێوەی بودجە پرۆژەکان پەسەند دەکرێت، بۆیە بۆئەوەی بابەتەکە شین نەبێتەوە و دوایی تەفسیری خراپیشی بۆ نەکرێت بەراستی من پێشنیار دەکەم بڕگەی (٢)م بە تەواوەتی لا بدرێت، خاڵی (٤)م بڕگەی (١)م دراو پێدانی وەزارەت بۆ پاڵپشتی کردنی ژێرخانی ئابووری کەرتی نەوت و گاز لە هەرێم دا ئەمە کارێکی گرینگە، بەڵام بڵێین دراو پێدانی وەزارەت پاش رەزامەندی ئەنجومەنی باڵای هەرێمی نەوت و گاز، واتە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان خۆی پێشنیاری بکات لەبەرئەوەی ئەو هەیئەیەکی باڵاترە، بەڵام موتەفیق بن لەسەری دواتر لە بودجەدا جێی بکرێتەوە، من تەصەور دەکەم ئەمە هەدەفەکە بە تەواوەتی بپێکێت، بڕگەی (٢)م ماددەکە دەڵێت نابێت تەرخان کراوی خەرجییەکانی پرۆژەکانی وەبەر هێنان کە گرێبەستی لەسەر نەکراوە بخۆڵێنرێتەوە، ئەمە لە یاسای بودجەی ساڵانە هەبوو زۆر بە خراپ کەوتەوە دیسان ڕەنگە ئەو پەرلەمانتارانەی کە پێشتر لەم خولەدا بوون شایەتی ئەمە بدەن، بۆ نموونە (٤) ملیار دۆلار تەرخان دەکرا بۆ پرۆژەکانی وەبەر هێنان (٢) ملیاری خەرج دەکرا (٢) ملیارەکەی تری خەرج نەدەکرا، نە دەخولایەوە بۆ ساڵی پاشتر هەر بۆ ئەو پرۆژەیە بەکار بهێنرێت، دەهێنرایەوە بۆ خەرجی بەکار بردن و بۆ کۆمەڵێك خەرجی کە بە بەراورد بە خەرجی پرۆژەکان ئەمانە خەرجی پێویست نەبوون، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەم بڕگەیە لا بدرێت، چونکە بڕیاردان لەسەر چارەنووسی پرۆژەکان بخولێتەوە یان نە خولێتەوە ئەمە ئیشی یاسای بودجەیە، ئیشی ئەم یاسایە نییە پارەکە چی بەسەر دێت؟ پارەکە دەخولێتەوە یان نا خولێتەوە، چونکە ئەم سەندووقە پارە کۆدەکاتەوە ئێمە لەسەرەوە وتوومانە تەمویلی بودجەکە دەکات لە یاسای بودجەکەدا پێویستە قەرار بدرێت کە ئەم پارەیە دەخولێتەوە یان نا، بەڵام ئەگەر تەسبیت بکرێت چی لێرە بێت چی لە یاسای بودجە بێت ئەگەر پارەی مەشاریع نەخولێتەوە ڕەنگە دوایی بۆ خەرجی دیکە بەکار بهێنرێت، کە ئەمەش سوودی ئەوتۆی نابێت، ئاخیر تێبینیم ئەوەیە بەڕای من پاش و پێش لە نێوان بڕگەی (٥)م و (٤)م بکرێت، یەعنی بۆچوونی خۆمە کە کارەکانی دەستەو ژمێرییەکانی سەندوق ملکەچ بن بۆ چاودێری پەرلەمان و دیوانی چاودێری دارایی ڕەنگە زەرورتر بێت، پێویست تر بێت، جدی تر بێت، مەنتقی بێت

لەوەی کە بە پێی ئەو ستانداردەی کە تایبەتـە بـە دەسـت پێشـخەری شـەفافیەت لـە پیشەسـازی دەرهێنـانی نەوت دا پێش و پاشەوەی بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سـوپاس، بـە خێرهـاتنی بـەڕێز مامۆسـتا (مولـود محـی الـدین مـوراد) وەزیـری هـەرێم بـۆ کاروبـاری پەرلەمان، بەڕێز کاك (غازی سعید سلیمان) کاندیـد بـۆ وەزیـری هـەرێم دەکـەین بـۆ نـاو هـۆڵی پەرلـەمان، بەڕێز کاك ئایدن فەرموو.

**بەڕێز ئایدن معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١٢)م کە دەربارەی دابەش کردنی نەوت و گاز پێویستە ڕەچاوی ئـەم خاڵانـەش بکرێت، یەکـەم: دەبێت ڕێژەیەك لە سەدا دیاری کراو دیاری بکرێت بۆ دراوی پێدانی تەمویلی پڕۆژەکان و بودجـەی گشتی، دووەم: دەبێت ڕێژەیەکی لەسەدا دیاری کراو ساڵانە دیاری بکرێت بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەی ستراتیجی گـەورە و درێژ خایـەن، بـە شـێوەیەك بڕگەیـەك لـەو ماددەیـە زیـاد بکرێـت دراوی پێـدانی پـڕۆژەی سـتراتیجییەتە نیشتمانییەکان و، هەروەها منیش پشتیوانی قسەکانی دکتۆرە (ڕێواز) خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك ئۆمێد فەرموو.

**بەڕێز ئۆمێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەرەتا تێبینیـەکانی خـۆم دەڵـێم لـە بڕگـەی ژمـارە (٢) دراو پێـدانی پڕۆژەکـانی وەبـەر هێنـان پشـتیوانی ڕایەکەی کاك (علی حەمە صالح) دەکەم، چونکە لە ژمارە (١) حەلی ئەو بابەتە کـراوە، دەتـوانرێ لا ببرێـت، خاڵی (٤)م دراو پێدانی وەزارەت بـۆ پاڵپشـتی کردنـی ژێرخـانی ئـابووری کـەرتی نـەوت و گـاز، دراو پێـدانی وەزارەت پرسیارەکە ئەوەیە ئەی ئەو کاتـەی کـە دوو کۆمپانیـا بـۆ دۆزینـەوەی نـەوت و بـۆ بـە بـازاڕ کـردن دادەمەزرێنین ئەو کاتە ئـەو دراو پێدانـە وەکـو خـۆی دەمێنێتـەوە یـان بـۆ چارەسـەری دەکرێـت بڵێـن دراو پێدانی وەزارەت تا ئەو کاتەی هەردوو کۆمپانیاکەی پەیوەندیدار دادەمەزرێن؟ چۆن ئەمە ڕێـك دەخـەن لـە ڕووی یاساییەوە؟ بە بڕوای من بەم شێوەیە بێت باشە، چونکە کاتێك کە ئەو دوو کۆمپانیایە دادەمەزرێنین ڕەنگە ئیشکال بۆ ئـەو بابەتـە دروسـت ببێـت، هـەر لـەو خاڵـەدا قـەرەبوو کردنـەوەی ئـەو کـەس و لایـەن و موڵکانەی لە ئەنجامی پرۆسەی نەوتی و گازییەکاندا زیانیان پێگەیشتووە، کە دەڵـێین زیانیـان پێگەیشـتووە واتە ئەوانەی کە لە ڕابردوودا، بۆیە بە بڕوای من ئەمە باشترە هەم لە ڕووی زمانەوانیشەوە بکرێت (کە لـە ئەنجامی پرۆسەی نـەوتی و گازییەکانـدا زیانیـان پێـدەگات) لـە هـەر کاتێکـدا ئـەوەی لـە ڕابـردوودا بـووە و ئەوەی لـە داهـاتووش دا لـە پرۆسـەکانی نـەوت و گـازدا زیانیـان پێـدەگات، بڕگـەی (٢)م دووبـارە پشـتیوانی ڕایەکەی کاك (علی حەمە صالح) دەکـەم، یـان لابـبرێ یـان ئـەو (نابێتـەی) لـێ لابرێـت و بسـڕێتەوەو تـەنیا

بكرێتە بەوەی كە بخولێنرێنەوە و، بە پێویستی دەزانم ئـەوە بڵێم كـە خـاڵێكی دیكە بۆئـەم ماددەیـە زیـاد بكرێـت ئـەویش تـەرخان كردنـی پارمـەتی بـۆ ئـەو خێزانانـەی داهاتیـان بـە پێـی سـتانداردی جیهـانی لـە ئاستێكی خراپ دایە دیارە ئەوە بە پێی یاسەیەكی تایبەت بتوانرێت ئـەو بـڕە دیـاری بكرێـت، ئـەو چـین و توێژانەی كە كۆمەڵگەی ئێمەیان لێ پێكهاتووە بێگومان گەنجانن، خوێندكارانن، پیرانن، خوشكانن، دایكـانن، كچـانن، كابـانی ماڵـە، مامۆسـتایانن، هـەموو خێزانـەكان، كرێكـاران، پیشـەوەران، هـەژاران، هـەموو چـین و توێژەكانی تر، كەم ئەندامان و، كەس و كاری شەهیدان، ئەمە پێكهاتەی كۆمەڵگای ئێمەیە، بۆیـە بـە بـڕوای من دەبێت لە (١٠٠٪) پارەی ئەم سەندووقە بۆ تەواوی ئەم چـین و توێژانـە بێـت واتـە بـۆ كۆمـەڵگای ئێمـە بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا انس فەرموو،

**بەڕێز انس محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ب نـاڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان، حەقیقەت ئەم دبینین وەكی وان تەرحێت بوریدا، تەقریبەن ئـەو سـندووقا هە گەلەك جها، جهێ بودجەی دگریت، یەعنی ئەم دبینین ئەو تشتێ مە دڤێت ل بودجەی تەرخان بكـەین ئـەم ل سـندوقێ دا تـەرخان دكـەین، حەقیقـەت سـندووق تڤیـا تـەنیا بـۆ دیـاری كـۆم كرنـا پـارەی بـا و ل دوماهیكێ چووبا بودجەیدا، بەس مادەم هوسا دەرباز بوویە هندەك تێبینـی مـن لسـەر هەنـە، مـە بەحسـێ گەلەك تەخ و چینا كـر، بـەلێ تەخـەك ل هـەموو تـەخان پیرۆزتـرە كـە ئەگـەر ئـەو نـەبان ئەڤرۆكـە ل ڤـی پەرلەمانی ئەم نەدشیاین باخڤین و نەدشیاین ل ماڵا خۆ ب ئارامی بنڤین، ئەو ژی پێشمەرگێت كوردستانێ نە و بنەماڵێت سەربەرزێت شەهیدانن، ئەز نـابینم نـاڤێ وان ل ڤـی پـرۆژەی دا هـەبیت، حەقیقـەت دڤێـت پارەكێ باش ل ڤێ سندووقێ بێتە تەرخان كرن بۆ پشتەڤانیا پێشمەرگەی و هاریكارییا بنەماڵێت شەهیدان و ئەڤە ل هەموو یان پیرۆزتر و گەورەتر و مەزنترن كە ئەم لێرەدا دابین بكەین، یا دوویێ، ل برگا دوویـێ، لەفزەك یا تێدا دەرباز بووی دادەپەروەری لە نێوان پێكهاتێن ئایینی و نەتەوەییەكان، حەقیقەت ئەز لێـرە دبینم ئەگەر پێش وان ئاخفتنا ئەم بكەینە هاووڵاتی، چونكی ئـەم كـار دكـەین بـۆ هاووڵاتی بـوونێ و ئـەم هەمی هاووڵاتینە بێ فەرق و جیاوازی و شینا وان پەیڤا هاووڵاتی ل وێرێ بێتە نڤیسین باشترە، و هەروەسا برگە چار، دراو پێدانی وەزارەت بۆ پاڵپشتی كردنی ژێرخانی ئابووری كەرتی نـەوت و گـاز لـە هەرێمـدا لـە كاتی پێویستدا و قەرەبووكردنەوەی، ئەو «كاتی پێویست» وازح نییە و «كاتی پێویست» چییە؟ كـەنگی یە؟ نەیا شەفافە بزانین كەنگی «كات پێویستە»؟ و ئەگەر پتر هاتبا حەسر كرن دا باشت بیت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك قادر ئۆتمان فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی، یەکەم خاڵی دووەم، پێشنیار دەکەم چۆن چڕی دانیشتوان و ئەو ناوچانەی کە پرۆسەی نەوت تێدا ئەنجام دەدرێت و بەڕێوە دەچێت لەبەر چاو بگیرێت لە دراو پێدانی پرۆژەکانی وەبەرهێنانە ناوچە راگوێزراوەکانیش بگرێتەوە، چونکە تاکو ئێستا ئاسەواری سوتان و راگواستنیان پێوە دیارە و بودجەش بە پێی ژمارەی دانیشتوان دابەش دەکرێت و ئەم ناوچانە ژمارەی دانیشتوانیان بە بەراورد بە شوێنەکانی تر کەمترە، بۆیە داخل بکرێت، بۆ نموونە پشدەر و هەموو ئەو ناوچانەی کە راگوێزراون و بەشێك لەو ناوچانە ناوچەی قەدەغەکراو بوون، پشتیوانی لە رایەکەی ﴿گەشەخان﴾ دەکەم، بۆ ئەوەی بڕێك لە داهاتی ئەم سندووقە بۆ هاریکاری کۆمەڵایەتی تەرخان بکرێت، هەروەها پشتگیری لە ﴿ڕێواز خان﴾ دەکەم کە کەمێك لە داهاتی ئەم سەندووقە بۆ سەندووقی کەس و کاری شەهیدان بێت، هەروەها پشتگیری لە قسەکانی ﴿کاك علی و کاك ئومێد﴾ دەکەم، بۆ ئەوەی کەمێك لەم داهاتە بۆ ئەو هەژارانە بێت و بە یاسا رێك بخرێت کە لە هەرێمی کوردستان مووچەیان نییە و داهاتی فەردیان کەمە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك تحسین فەرموو،

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دوازدەهەم، عینوانەکەی وەکو ﴿د. ڕێواز﴾ گوتی هەروای لێبکرێت دروست ترە، دابەشکردنی داهاتەکانی سەندووقی نەوت و گاز، نەك نەوت و گازی سەندووق، بڕگەی یەکەم، پێم باشە بەم سیاغە بنووسرێت داهاتەکانی نەوت و گاز لە سەندووقدا دادەنرێن یان ئەگەر دەسپێردرێن دەمێنێت دەبێ بنووسرێت کە بە سەندووق دەسپێردرێن و بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە وەرگیراون بە پێی مەرج و ئیستاندەردی هاتوو لە یاسای نەوت و گازدا پاش تەرخانکردنی ئەو بڕانە لە بودجەی ساڵانە و پەسەندکردنی لە لایەن پەرلەمانەوە ئەنجومەنی وەزیران بەم شێوانەی خوارەوە دابەشیان دەکات، ئەمە بە نیسبەت سیاغەکەی، لە هەر شوێنێك دراو پێدان هاتبێت، پێم باشە تەرخان کردن بێت، تەرخان کردنی بودجە بۆ هەر شتێك بێت، پێشنیار دەکەم دوو بڕگە زیاد بکرێت یەکەم، دیاری کردنی مانگانە بۆ ئەو کەسانەی کە بێکارن بە ناوی سۆشیال و بڕگەیەکی تر تەرخان کردنی بودجەیەك بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەوانەی بە درێژایی شۆڕشەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد زەرەرمەند بوونە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ایوب فەرموو.

**بەڕێز ایوب عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری لە ﴿کاک عالی حەمە سالح﴾ دەکەم لەسەر بڕگەی یەکەم، خاڵی دووەم، لەسەر دراو پێدانی پرۆژەکانی وەبەرهێنان بە زیاد دەزانم، چونکە ئەمانە لەو خاڵانەدا هاتووە کە یەکەمینیان کاری ئەنجومەنی وەزیرانە و لە بودجە دا جێگەی کراوەتەوە و ئەم بڕگەیە مەتاتییە و لەوانەیە پارەیەکی زۆر سەرف بکرێت لەم سەندووقە لە زۆر شوێن کە پێویستیش نەبێت، لەسەر خاڵی چوارەم، کە دەڵێت دراو پێدانی وەزارەت بۆ پشتگیری ژێرخانی ئابووری کەرتی نەوت و گاز پێویستە، بەڵام پێویستیشە ئەو لایەنە دیاری بکرێت کە بڕیار دەداتن کام ژێرخان پێویستە؟ واتە دوای ڕەزامەندی ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و گاز بێت یان دوای ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران بێت لەسەر دیاری کردنی ژێرخانەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاک سروود فەرموو،

**بەڕێز د. سروود سلیم متی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی ﴿د. شرین و کاک علی﴾ دەکەم دەربارەی سیستەمی پترۆدۆلار، ئەو سیستەمە زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی زۆربەی خەڵکی گوندان گلەیی و گازاندەیان هەیە بەوەی کە لەم پرۆسەیە تەنیا دوکەڵ بۆ ئێمەیە، و ئەو سیستەمە بەشێك لەم گلەییانە کەم دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاک بەهزاد فەرموو،

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددا دوازدێ، یەکەم، بڕگا دوویێ، مەژی پێ باشە هەر وەکو بەحس هاتییە کرن، دابەش کرن لسەر شێوازێ هاووڵاتی بێت نەك لسەر ئەساسێ پێکهاتەی بێت، چونکە ئەوە پارەیە بۆ دادپەروەریێ و مە دڤێت هەموو دەزگاهێت خۆ لسەر ئەساسا هاووڵاتی بوونێ دروست کەین نەك لسەر ئەساسا پێکهاتا، ئەوە نە مەسەلەکا سیاسییە، دووەم، هەر ل بڕگا ئێکێ خاڵ دوویێ باتی پشتگیری کرن لە ئەنجومەنێ شارەوانی و خوجێیییەکان ببێژین، بە پێی پرۆژەی پترۆدۆلار کە ﴿٢٪﴾ کێمتر نەبیت، چونکی براستی رێژە لێرە زۆر موهیمە، بۆ ڤێ گاڤێ حکومەتا فیدراڵ ناچار بی ئەولجار دۆلارەك بی و پاشی کرە ﴿٥﴾ دۆلار، نووکە ﴿٢﴾ دۆلارا سەرف دکەت و سێ دولار یێت هێلایەوە، ئەگەر سەعرێ بەرمیلا نەفتێ باش بی پاش دێ سەرف کەتەوە، بەرهندێ ئەز دبێژم رێژەیا ﴿٢٪﴾ کێمتر نەبیت و بێتە خەرج کرن بۆ قەزا و ناحییا، چونکە مە گوت ئەوا حکومەتا فیدرال بۆ تەنمیا پارێزگەها پتر تێتە بکارئینان، هەر وەتوف خالەکا دی، یەکەم، خالا شەشێ بێتە زیاد کرن و ببێژین پاڵپشتی خێزانێن هەژار و کێمئەندام، ئەوێن کە هیچ

سەرچاوەیەکێ داهاتێ نەبیت کە لە ﴿٢٪﴾ کێمتر نەبیت و بە پێی یاسای تایبەت رێکبخرێت و خالا دوماهێی یا پێنجەم، تەبعەن ئەو یاسایە لسەر ئەساسا یاسایا نەوت و گازێ هاتییە دانان، بەرهندێ ئەز بێژم پالپشتی ماددا ﴿١٧﴾ێ یاسایا نەوت و گازێ کارەکانی دەستە و ژمێرەکانی سەندووق ملکەچ دەبن بۆ چاودێری پەرلەمانی کوردستان و دیوانی چاودێری دارایی هەرێم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د. فرست فەرموو،

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی ﴿٥٧﴾ لە یاسای ژمارە ﴿٢٢﴾ی نەوت و گاز ساڵی ﴿٢٠٠٧﴾، لەوێ ئەوەی کە ئێستا لێرە باس کراوە هەمووی تێدایە، تەنیا ﴿٢﴾ فەقەرەی تێدا نییە، بەکارهێنانی رێژەیەك لە داهاتە نەوتییەکان بۆ پاراستنی مافەکانی نەوەکانی داهاتوو، ئەوەمان تەسبیت کرد و پرۆژە ستراتیژییەکانی تێدا نییە، و پشتگیری ژینگە تێدایە و پشتگیری خێزانی شەهیدەکان لێرە هاتووە، تێدا نییە، بۆیە ئاساییە مادام لە یاسا بنەڕەتییەکە کە یاسای ئەسلە لەوێ باسی خێزانی شەهیدان و پرۆژە ستراتیژییەکانی کردووە، دەکرێ لەگەڵ مەسەلەی ژینگە و یەکێك لەم فەقەرانە باسی ئەوەش بکرێت، خاڵی دووەم، هەندێك جار تەنیا ئەگەر رێژەی هاووڵاتیان لەبەر چاو بگری، رەنگە جۆرێك کێشە دروست ببیت، چونکە زۆرێك لەو مەنتیقانەی کە بە راگواستن و بەر تەرحیل کەوتن ئێستا رێژەی دانیشتوانیان کەمە، بەڵام رووبەری جوگرافی گەورەیان هەیە بە تایبەتی مەنتیقە حدودییەکان و لە دەستووری عێراقیش هاتووە ئەو ناوچانەی کە زەرەرمەند بوون لە سیاسەتی رژێمی پێشوو، شان بە شانی مەسەلەی فراوانی دانیشتوانیان زۆر زۆر باشە لەبەر چاو بگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مریم خان فەرموو،

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی دوانزە، یەکەم، خاڵی پێنج، پاڵپشتی کردنی سەندووقی ژینگەی دامەزراو بە پێی یاسای نەوت و گاز، دیارە بەڕێزان دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە هەموومان ئاگادارین و دەشزانین لەسەر ئاستی هەموو جیهان بە تایبەتی لە وڵاتە پێشکەوتووەکان ئێستا گرنگی زۆر دەدرێت بە بواری ژینگە کە بودجەی تایبەت و ئیشی جوان و شتی تازە لەم بوارە دەکرێت، بەڵام بەداخەوە ئەوەی گرنگی پێنادرێت نەك تەنیا لە هەرێمی کوردستان بگرە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست زۆر بە کەمی گرنگی بە پرسی ژینگە دەدرێت، بەڵام ئەوەی لە هەرێمی کوردستان هەستی پێدەکرێت بە هۆی ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆجیایە کە لە هەرێمی ئێمە هەیە و زۆر بوونی دانیشتوان و پێشکەوتنی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان ئێستا وای کردووە کە

هەرێمی ئێمە تووشی قەیرانی پیس بوونی ژینگە بووە بە پێی ئەو بەدواداچوونەی ئێمە چونکە ئێمە لە لیژنەکەی خۆمان ئەو سەندووقەی کە هەیە، بەڵام وەزارەتی سامانە سروشتییەکان سەرپەرشتی دەکات و بە پێی قسەکانی خۆیان نیسبەیەکی کەم بۆ ژینگە پارەی تەرخان کردووە، بۆیە پێویستە ئەو پارەیەی کە تەرخان دەکرێت بۆ ژینگە بخرێتە ناو سەندووقی ژینگە کە لە لایەن دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە سەرپەرستی دەکرێت ئەوان سەرپەرشتی بکەن بە پێی ماددەی ﴿١٠﴾ لە یاسای ژمارە ﴿٨﴾ی سالی ﴿٢٠٠٨﴾، ئەوەی ئێمە دەڵێین تێکەڵاوییەك هەیە لە نێوان وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و دەستەی ژینگە، بەوەی کە ئێمە داوا دەکەین ئەو سەندووقەی کە تەرخان دەکرێت ئەو دەستەیە سەرپەرشتی بکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە لەم یاسایە جێی نابێتەوە، چونکە یاسای سەندووقەکە ئەو کات لەوێ موعالەجە دەکرێت.

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددە ﴿١٠﴾ لە یاسای ژمارە ﴿٨﴾ ساڵی ﴿٢٠٠٨﴾ هەیە، ئەو سەندووقە جێی بۆ کراوەتەوە، دەبێت ئەو دەستەیە سەرپەرشتی بکات، بەڵام وەزارەتی سامانە سروشتییەکان خۆی سەرپەرشتی ئەو سەندووقە دەکات و خۆی تەحەکومی دەکات،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تێدەگەم لە مەبەستەکەت خاتوو مریم، بەڵام هەر دەمەوێت ئەو تێبینییە بڵێم، هاوکاری ئەو سەندووقە بکرێت و ئەو سەندووقە سەر بە کێ یە؟ سەر بە وەزارەتی سامانە سروشتییەکانە یان دەستەی ژینگەیە؟ ئەمە دەبێت لە یاسای دەستە یان یاسای سەندووقەکە موعالەجە بکرێت.

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کۆتاییدا دەمەوێت پشتگیری لە قسەکانی ﴿گەشە خان و د. رێواز﴾ بکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ڤەمان فەرموو،

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم هەمی دزانین کو داهاتێ نەفتێ داهاتەکێ موئەقەت دێ بیت و دبیت ل چەند ساڵەکێ دیدا بەرەف کۆتایی بچیت، بەرهندێ پێتڤی دزانم ئیستیفادە ل وی داهاتێ بهێتە کرن بۆ پاڵپشتی کرن ل سێکتەرێ کشتوکالیێ زیراعەتێ دا و برگەیەکێ ل ماددا ﴿١٢﴾ بێتە زیاد کرن کو ب یاسایەکێ دی بێتە رێکخستن بۆ هندێ کو داهاتێ ڤێ نەفتێ پاڵپشتیێ ل سێکتەر یان ژی کەرتێ زیراعەتێ و ئاڤاکرنا سەدا واندا بکەتن، تێبینییەکا دی لسەر هەمان ماددە کو برگا پێنجێ دبێژیت کارەکانی دەستە و ژمێرەکان و

هەتا دوماهیکێ دبیت خازیعن بۆ رقابا پەرلەمانی و دیارە یاسایە ژمارە ﴿٢٢﴾ ساڵا ﴿٢٠٠٧﴾ێ ماددا ﴿١٧﴾ێ دا هەمان ماددە هاتییە، ژبەر هندێ ئەز پێدڤی نزانم ببیتە ﴿٨﴾ بۆ ماددەیەکا دیتر و مادەم کو یاسایا دیتر ئەسلە و کیفایەت تێتە کرن بۆ ئیشارەت پێدانێ کو کارێن ئەوێ دەستێ خازیعن بۆ رەقابا پەرلەمانی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو کەژاڵ فەرموو،

**بەڕێز کەژاڵ هادی فەقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری داواکەی ﴿گەشەخان﴾ دەکەم، یەکێك لە داهاتەکانی خەرجی نەوت و گاز بۆ بیمەی کۆمەڵایەتی بێت کە ئەمەش بە پێی یاسا رێك بخرێت و پشتگیری رایەکەی سەیدا ﴿بەهزاد و د. شرین﴾ دەکەم، رێژەی ﴿٢٪﴾ پترۆدۆلار بۆ قەزا و ناحیەکان لە رێگەی ئەم سەندووقە تەرخان بکرێت، لە رێگەی ئەم سەندووقە ئەو کەسانەی کە زیانیان پێگەیشتووە وەکو تەنکەرە نەوتییەکان بە هۆی دەعم کردن و ئاگر کەوتنەوە و ئەسەری رەجعی هەبێت بۆ ئەوانە پێش چوونی یاساکە کە زیانی گیانی و ماددیان پێگەیشتووە، تەعویز بکرێن لە رێگای ئەم یاسایەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو پەروا فەرموو،

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆرێك لە تێبینییەکانی من ئیشارەتی پێدرا و پشتگیری لە قسەکانی ﴿کاك علی﴾ دەکەم، لە خاڵی چوارەم گۆڕینی داواکارم کە بڕگەی یەکەم، لە خاڵی دووەم، لا ببرێت و سەبارەت بەوەی رێژەیەك دیاری بکرێت بۆ هەموو چین و توێژەکانی تر و پشتگیری لەم رایە دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو نجات فەرموو،

**بەڕێز نجات محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برگا دوویێ، سەبارەت دراو پێدانی پرۆژەکانی وەبەرهێنان بەو مەرجەی بە گوێرەی ستاندارد و مەرجەکانی هاتوو لە یاسای نەوت و گازدا و لە نێوانیاندا چڕی دانیشتوان، واتە تەنیا پێوەری رێژەی هاووڵاتیان وەرگیراوە، بۆیە پێشنیار دکەم هەم رووبەڕی جوگرافی و دەڤەرێن زەرەرمەند بێتە بەرچاڤگرتن و زێدە کرن، تەنیا رێژا دانیشتوان کارتێکرنەکا راستەوخۆ لسەر کێمیا ئاستێ خزمەتگوزارییا دکەت ل ڤان دەڤەرا، بۆ نموونە دەڤەرا ئامێدیێ سنوورەکێ جوگرافی بەرفرەهـ هەی و رێژا ئاکنجی بوونێ ژبەر کێمیا

خزمەتگوزاریا دبیتە ئەگەرێ دروست بوونا هیجرەی بۆ سەنتەرێ پارێزگەها، بەر هندێ ئەز پشتەوانیا «د. فرست و کاك عباس و شرین خان و کاك بەشار» دکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك صالح فەرمووو،

**بەڕێز صالح فەقێ محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ماددەی دوانزەهەم، لە یەکەمی خاڵی دووەم، گرێبەستە نەوتی و گازییەکانی بەستراو، ئەو «بەستراوە» ناروونی هەڵدەگرێت و ناکۆکە و رەنگە زیاتر پێش خۆی بگرێتەوە، بۆیە ئەو وشەی «بەستراوە» لابرێت باشترە و گرێبەستەکان ئەوەی دوایش بگرێتەوە، هەر لە خاڵی دووەم، وشەی «بەر لەبەر چاوگرتنی گەشەپێدانی ئەو ناوچەانەی پرۆسە نەوتییەکانی تێدا ئەنجام دەدرێت»، ئەو «بەر لەبەرچاوگرتن» لابرێت و سیفەی ئیلزامی پێ بدرێت، لە خاڵی سێیەم، ناوی سەندووق لە رابردووشدا گۆڕیمان کوردستانی بۆ زیاد بکرێت، خاڵی پێنجەم، لەسەر سەندووقی ژینگە رێژەیەك دیاری بکرێت بۆ ئەو ناوچانەی کە پرۆسە نەوتییەکانیان تێدا ئەنجام بدرێت، بۆ نموونە ئەگەر سنووری چەمچەماڵ بە نموونە بهێنمەوە، زەوی زۆری کشتوکاڵی لەو سنوورە بە بیابان کراوە و سەوزاییەکی زۆر بە بیابان کراوە، بە هۆی بەکارهێنانی ئەو بیرانە هەر لە هەڵکەندنی هەتا سەرجەم پرۆسەکانی نەوت ئاوێکی زۆری ژێر زەوی بە رۆژانە ئەو بیرە ئیلتیوازییانە بە بەردەوامی ئیش دەکات، بۆیە رەنگە بە بیابانیش زیاتر بکات، لەبەر ئەوەی ئەو ئاوە وردە وردە بەرەو کەمی دەچێت و لە ئەنجامی ئەو پرۆسانە ماددەیەکی زۆری زیان بەخش و دووکەڵ دەردەچێت وا دەکات ژینگەی سنوورەکە زیاتر تێکبدات و ئەو نەخۆشیە مەترسیدارانە بە پێی پسپۆر و شارەزایانی بواری پزیشکی لە ئایندەدا مەترسی ئەوە دەکرێت زۆرترین نەخۆشی درێژخایەن و کوشندە لەو سنوورانە بڵاو بێتەوە، بۆیە پێویستە ئەم سەندووقە بۆ ئەو ناوچانە ئەولییەتی پی بدرێت و چەندین بەنداو بۆ ئەو سنوورانە دروست بکرێت و رێژەی سەوزایی لەم سنوورانە زیاد بکرێت و رەچاوی ئەوە بکرێت کە ئەو نەخۆشییە کوشندانە کە بڵاو دەبێتەوە چارەسەر بکرێت، دیارە لە سنووری گەرمیان بە گشتی لای ئێمەش بەش هەرە زۆری زیان لێکەوتوون و کەس و کاری زۆری شەهیدان، هەم قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران و بە گشتی لە سنوورەکانمی تریش، بۆیە بیرێك لەوە بکرێت کە رەچاوی ئەوە بکرێت رێژەیەك بۆ کەس و کاری شەهیدان دیار بکرێت، پشتگیری لەو رایانە دەکەم کە پێشنیاریان کرد رێژەیەك بۆ کەرتی کشتوکاڵی دیار بکرێت، لەبەر ئەوەی لا ئێمە هەم کەرتی کشتوکاڵی پەیوەندی بە ئەمنییەتەوە هەیە و لە لایەکی تر بیر لەوە بکرێتەوە باشترین و گۆنجاوترین کەرتە کە بیر لە سەرچاوەی داهاتی دووەم لە هەرێمی کوردستان لە دوای نەوت، کەرتی کشتوکاڵی گرنگی پێ بدرێت و پێشنیار دەکەم ئێمە وەکو لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم کە بەرهەمی ناوچە

کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بەکاردێنین نەوتی کەرکووك و ناوچەکانی تر، بۆیە خاڵێك بۆ ئەو ناوچە کوردستانیانە زیاد بکرێت، زۆر سوپاس،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو منیرە فەرمووو،

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بەشی پێنجەم ﴿دابەش کردنی داهاتی نەوت و گازی سەندووق﴾ لا ببرێت، لەبەر ئەوەی لە پێناسەکاندا هاتووە، واتە لە ماددەی دوانزە، یەکەم، دەبێت داهاتەکانی نەوت و گاز کە لە سەندووقدا، نەوتراوە گاز لێرەش لابرێت، پشتگیری ئەو ڕایەی بەڕێز کاك علی حەمە صالح ئەکەم کە خاڵی دووەم لابرێت ، پێشنیار ئەکەم خاڵێکی بۆ زیادبکرێت کە تێیدا تەعویزی ئەو ناوچانە بکرێتەوە کە لەسەر دەستی ڕژێمە یەك لەدواییەکەکانی ڕابردوو تووشی زەرەر و زیان بوون وەکو هەڵەبجەو گەرمیان و ناوچەکانی تر ، خاڵی چوارەم دراوپێدانی وەزارەت پاش ڕەزامەندی ئەنجومەنی بالأی نەوت و گاز بێت ، پشتیگری قسەکانی بەڕێز کاك علی حەمە صالح و کاك ئومێد حەمە علی ئەکەم ، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان پشتگیری تەواوی قسەکانی گەشەخان ئەکەم کە پێویستە ڕێژەیەك بۆ پڕۆژە یاسای هاریکاری کۆمەڵایەتی لێرەدا تەسبیت بکرێ ، لەبەر ئەوەی ئەو پڕۆژە یاسایە تێیدا کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت ، منداڵی بێ باوك ، ژنی بێ هاوسەر ، هەژارانی ئەم وڵاتە ، خوێندکاران ، هەموو ئەو فیئانەی پێداویستیان بە هاوکاری دەست گیرۆیی حکومەتە ، ئاشتکردنەوەی حکومەت و هاووڵاتیانە ، بۆیە داوادەکەم ڕێژەیەك دیاری بکرێ بۆ پشتگیری کردنی ئەو پڕۆژە یاسایە ، هەروەها پشتگیری تەواوی قسەی ئەو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە دەکەم کە پێشنیاریان کردووە ڕێژەیەك دابنرێ بۆ بوژانەوەی کەرتی کشتوکاڵی ، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، خاتوو تەلار فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری قسەکانی خاتوو گەشە ئەکەم بۆ دیاریکردنی ڕێژەیەك بۆ هاریکاری کۆمەڵایەتی ، لەبەر ئەوەی پاڵپشیەك ئەبێ بۆ سەرجەم چین و توێژەکان بێ جیاوازی بەتایبەتی خاوەن پێداویستی تایبەت ، پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاك عباس و کاك بشار ئەکەم بۆ دیاریکردنی ڕێژەیەك بۆ کەرتی کشتوکاڵ ، هەروەها پشتگیری لە قسەکانی کاك علی ئەکەم بۆ پترۆ دۆلار ، پێشنیار ئەکەم نیسبەیەك بۆ کەرتی پیشەسازی دابنرێت ڕاستە لە بوودجەی هەرێمدا ئێمە توانیمان پاڵپشتیەك دابین بکەین ، بەڵام دیاری کردنی لەم سندووقەدا ئەبێ بە ئیلزامکردن بۆ بووژاندنەوەی ئەم کەرتە ، هەروەها بەتایبەتی کارگەکان ،

چونکە ئەم کارگانە ئەبنە هۆکارێك بۆ زیادبوونی هەلی کاریش لە هەرێمی کوردستاندا ، گرینگترین یاخود دیارترین ڕێگا بۆ پاڵپشتی لە سەرکەوتنی سیاسەتی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا ڕەنگدانەوەیەتی لەسەر بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ ، هەروەها کەرتی پیشەسازی ، چونکە ئەوانیش لە داهاتوودا ئەبنە هاوکارییەك یاخود پاڵپشتیەك بۆ زیادبوونی داهاتێکی دیکە بۆ هەرێمی کوردستان ، دەربازبوونمان لەو قەیرانەو یاخود لەو گەمارۆ ئابووریانەی کە دائیمەن هەرەشەیە لەسەر هەرێمی کوردستان ئەویش بوونی داهاتێکی دیکەیە لە پاڵ داهاتی نەوت ئەویش کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازییە ، بۆیە دیاریکردنی نیسبە بۆیان لەم سندووقەدا ، لەم یاسایەدا گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە ، پاڵپشتی لە هەموو ڕەئیەکانی دیکە ئەکەم ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز دکتۆر شێرکۆ حەمە امین فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من سەرەتا پشتگیری ئەکەم لە قسەکانی کاك علی حەمە صالح ، گەشەخان ، دکتۆرە ڕێواز ، کاك عباس غەزالی و کاك قادر و کاك ئومێد و هەموو ئەوانی تر کە لە ڕاستیدا باسی ئەوەیان کرد کە پارەی نەوت ئەبێت جگە لە بووژانەوەی ژێرخانی ئابووری کوردستان لەکەرتەکانی پیشەسازی ، بازرگانی ، کشتوکاڵ ، دەست خستنی هەلی کار بۆ گەنجان کە بەداخەوە تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان نەخراوە ژێرخانی ڕۆشنبیری لە هەرێمی کوردستاندا ، یەعنی تا ئێستا ئەمە نەکراوە لە ڕاستیدا ، پشتیوانی لە هەموو ئەوانە ئەکەم ، جگە لەوەی پێویستە کەرتی نەوت بخرێتە خزمەتی ئەم کەرتانەوە ، یەعنی ناکرێ خۆ ولاَتێك تەنها هەموو چاوی لەسەر نەوت بێت ، پشتیوانی لەوە ئەکەم کە باسی پارەی نەوت ئەبێ بۆ دادپەروەری کۆمەلاَیەتی لە هەرێمی کوردستاندا بێت ، واتا ئەم پارەی نەوتە جگە لە بووژاندنەوەی کەرتەکانی تری ژێرخانی ئابووری هەرێمی کوردستان ئەبێت دادپەروەری کۆمەلاَیەتی لە هەرێمی کوردستاندا بەرجەستە بکات کە تا ئێستا ئەم دادپەروەری کۆمەلاَیەتییە نییە لە هەرێمی کوردستاندا ، لە ڕاستیشدا هەروەکو دکتۆرە ڕێوازیش وتی هەموو فراکسیۆنەکان ، هەموو لیستەکان بە پەیامی جیاواز ئەمەیان باس کردووە بۆ نموونە ئێمە وتوومانە نەوت لە نەعلەتەوە ئەکەین بە نیعمەت ، سووریشین لەسەر ئەو پەیامە بە هاوکاری هاوڕێکانمان بۆ ئەوەی نەوت لە نەعلەتەوە بکەین بە نیعمەت بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان ، بۆیە ئەمە نوقتەیەکە لە ڕاستیدا جا ئەم چین و توێژە جیاوازانەی کۆمەڵی کوردستان هەر لە بابلێین کارگوزارێك ئەیگرێتەوە تا ئەگاتە کەس و کاری شەهیدان ، پێشمەرگە ، گەنجان ، زانکۆ ، کابانی ماڵ ، پیر و پەکەوتەکان ، نەك هەر ئەوە ئێمە لایەنگری ئەوەین کە مووچە بەرزەکانیش کەمبکرێتەوە ، مووچەی کەم زیادبکرێ بۆ ئەوەی دادپەروەری کۆمەلاَیەتی بێنێتە کایەوە ، بۆیە لە ڕاستیشدا پێشنیازیش ئەکەین لە (١٢٪) تەرخان بکرێ بۆ سندووقی بیمەی کۆمەلاَیەتی کە ئەمەش بە یاسا ڕێکبخرێت ، لەڕاستیدا من

سەرنجێکم لە لا دروست بووە لە دوێنێوە بۆ بەڕێزان لە حکومەت لێرە نین ، یەعنی لە ڕاستیدا ئەمە پرسیارێکی گەورەیە ، خۆ ئەسڵ وایە ئەو پڕۆژە یاسایانەی موناقەشە ئەکرێن کە پەیوەندیدارە بە حکومەتەوە خۆیان لێرە بن ، یەعنی زۆرجار حکومەت خۆی ئەو ڕەخنەیە ئەکا یا ئەو گلەییە ئەکا بۆچی پڕۆژە یاساکان بەبێ ئامادەبوونی حکومەت لە پەرلەماندا تێ ئەپەڕێ؟ ئەی باشە حکومەت بۆ لێرە نییە؟ من پێشنیازێك ئەکەم لە ڕاستیدا ، پێشنیازێك ئەکەم مادام دەستەی دەستپاکی ، دیوانی چاودێری دارایی لە ژێرچاودێری ئەم پەرلەمانە دایە ماوەیەکی زەمەنی زۆر کورت و دیاریکراویان بۆ دیاری بکرێت کە چاودێری بکەن لەو ڕاپۆرتە ، وردبینی بکەن لەو ڕاپۆرتە کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان داویەتی بە ئێمە کە چۆن پارەی نەوتیان لە ساڵی (٢٠٠٧-٢٠١٣) سەرفکردووە ، بەپێی ئەمە بێ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان........

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە باسی یاسای سندووق ئەکەین بەڕێز دکتۆر شێرکۆ.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

بەڵێ ، دێمە سەر تێبینیەکانیشم لەسەر ئەمە ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان تەرخانکردنی دوو ملیۆن و شەسەدو هەشتا و پێنج و کەسرێك ، کەمپینی بێکاری گەنجان من تێناگەم ئەم پارەیە چۆن سەرفکراوە؟ بۆ کەمپینی بێکاری گەنجان ، دەیان پارەی تیایە دراوە بە کەرتی ئەهلی ، زانکۆی ئەهلی ، بە ڕێکخراوی ئەهلی.......

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر شێرکۆ ئەمەوێ سەرنجت ڕابکێشم ، تکایە وەرەوە سەر بابەتەکەی خۆمان کە بابەتی سندووقی داهاتە نەوتییەکانە....

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

دوا پێشنیازم ئەوەیە بە خێرایی سەقفێکی زەمەنی بۆ دەستەی دەستپاکی ، دیوانی چاودێری دابنرێت ئا ئەمەمان بۆ یەکلای بکەنەوە ، چونکە لە ڕاستیدا من نازانم ئەگەر پارە مابێ با هەندێ پێشنیازی تر بکەم ، چونکە پێموایە حکومەتەکە خۆی بۆ ئەوە نەهاتبێت ئەزانێت کە پارەی نەوت نەماوە ، نازانم چ پارەیەك چۆتە ناو ئەم سندووقەوە؟

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

من ئەمەوێت تەنها ئەوە بە بیری جەنابت بهێنمەوە بەڕێزیشت وەکو ئەندامێکی پەرلەمان ئەتوانی داوا لەو دوو دامەزراوەیە بکەی کە بەدواداچوون بۆ ئەو داهاتە بکەن ، ڕاپۆرت بدەنەوە بە پەرلەمان ، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنەکانمان تەئکیدمان لەوە کردۆتەوە کە ئەوان چاودێری ئەو پڕۆسەیە بکەن ، دیوانی چاودێری دارایی کەوتۆتە سەرخەت لەو بوارە ، بۆیە بەرپرسیاریەتی ئەوانە چاودێری بکەن.....

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام قسەکە هاتە سەر ئەوە ئەگەر یارمەتیم بدەی.....

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا ، قسە لەسەر ئەسڵی پڕۆژە یاساکە ئەکەین ئێستا ، من تەنها ئەوەت پێئەڵێم چونکە مونتیج نییە ئەم باس و خواسە ، ئێستا لێرە مونتیج نییە.....

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

ئەچمە سەر ئەسڵی پڕۆژە یاساکە ، ئەو تێبینیانەی کە هەمە لەسەر ئەسڵی پڕۆژە یاساکە لە یەکەمیاندا هەر بێگومان گونجاوترە بگوترێت داهاتەکانی سندووق ئەو نەوت و گازەی لێ لابرێت ، دیسان ئەیڵێمەوە پشتگیری لە قسەکانی کاك علی حەمە صالح ئەکەم لەوەی کە وتی ئەو بڕگەیە لابرێ ، لە دووهەمیاندا لە کۆتاییدا ئەڵێ ئەنجومەنی خۆجێیەتی و شارەوانییەکان ، من تێناگەم کە شارەوانییەکان هیچ شەرعییەتێکیان نەماوە کە لە ساڵی (٢٠٠٠) هەڵبژاردنیان بۆ کراوە بۆ ئێمە بێین جارێکی تر زیندوویان بکەینەوە ئەی بۆ نەڵێین وەرن حکومەت پارتی کوردی ناچاربکەین هەڵبژاردنی ئەنجومەنی قەزاو ناحییەکان بکا ، بۆ جارێکی تر بێین لە ڕێگای ئەم تەرخانکردنەوە تەمدیدی ساڵەکانیان بکەینەوە و شەرعییەتیان پێبدەینەوە ، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم لە ڕاستیا لە بری ئەوە ئێمە بڵێین پێویستە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی قەزاو ناحییەکان بکرێ ، چونکە ناکرێت لە شوێنێك دوو دەسەڵات هەبێ ، دوو ئەنجومەنی پارێزگا هەبێ و ئەنجومەنی شاروانیش هەبێ ، لە خاڵی چوارەمیاندا بابەت دراو پێدانی وەزارەت ئەوەی لە ئەخیردا ئەڵێت ، ببوورە دراو پێدانی وەزارەت بە کولی لەگەڵ ئەوەم ئەم وەزارەتە لابرێت پێشنیازدەکەم ، چونکە لە هیچ شوێنێك لە خاڵەکانی پێشەوە وەزارەتی تێدانییە سندووقەکە خۆی ئەو کارە بکا یاخود ئەگەر هەر ئەشمێنێتەوە ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندی دەربڕێ لەسەر ئەمە ، بەس پێشنیازی یەکەمم ئەوەیە وەزارەت لابرێت سندووقەکە خۆی ئەو کارەش بکا ئەوەی لە خاڵی چوارەمدا پاڵپشتیکرنی ژێرخانی ئابووری و کەرتی نەوت ئەوانە ، چونکە ناکرێ لەڕاستیدا ئەم دەسەلاَتە بدرێتەوە بەوەزارەت جارێکی تر ، چونکە ئێمە دوێنێ لە ماددەکانی پێشوودا ئەوەمان برد بۆ سندووقەکە ، ئەوەی کە خاتوو مریم صمد باسی کرد کە لە یاسای ژینگەدا هەیە ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان گلەیی دەستەی ژینگە ئەوەیە بۆ ئەوەی من ڕوونتری بکەمەوە ئەگەر یارمەتیم بدەی ئەم سندووقە سەر بە دەستەی ژینگەیە ، بەس لەناو وەزارەتی سامانە سروشتییەکاندایە.....

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز دکتۆر شێرکۆ تکات لێدەکەم لە بابەتەکە دەرئەچی بە خاتوو مریم صمدیشم وت ئەگەر ئەتانەوێ ئەو سندووقە دەستەی ژینگە سەرپەرشتی بکا پڕۆژە یاسایەك پێشکەش بکەن بۆ تعدیلی یاساکەی ئەمە ئەوکاتە شوێنی ئەو وتوێژەیە ، نەك ئێستا.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من شەش مانگە ئەم پرسیارەم ناردووە بۆ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ، وەڵامی نەداوەتەوە ، ئێستا بۆیە ئەم گلەییەم کرد ئەبوایە بەڕێز وەزیر و لایەنی پەیوەندیداری نوخبەی بچووکی بەڕێوبەری نەوت لەم هەرێمە لێرەبوونایە بۆ ئەوەی وەڵامیان بدابایانیایەوە بزانین تا ئێستاکە ئەوان چەندیان تەرخانکردووە بۆ ژینگە لە هەرێمی کوردستان ، یەعنی ئەو نوخبەی کە چەند ساڵە ئیدارەی کۆی پرۆسەکانی نەوت ئەکەن ئەبوایە لێرەبوونایە بەڕاستی ، پێشنیاز ئەکەم ئەوەی چوارەم و پێنجەم دەستە بەرپرسیارەتی خۆی بە پێی ئەو پرەنسیپ و ستانداردانەی بە دەست پێشەخەرییەتی شەفافیەت ئەمە یان بکرێت بە ماددەیەکی سەربەخۆ یا بکرێ بە خاڵی پێنجەم ، خاڵی پێنجەم کارەکانی دەستەو ژمێرەکانی سندووق ملکەچ دەبن بۆ دیوانی چاودێری پەرلەمانی کوردستان و دیوانی چاودێری دارایی هەرێم ئەمە بخرێتە پێشەوە ، چونکە ئەمە ئەسڵە ، ئەمە گرنگە ، ئەو (ITI) لە ڕاستیدا قورسایی بەقەد ئەو چاودێرییەی پەرلەمان و چاودێری دیوانی دارایی هەرێم نییە ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، دەمەوێ تەنها ئەو تێبینییە بخەمە ڕوو ئامادەبوونی حکومەت لە دانیشتنەکانی پەرلەمان لە کاتی وتوێژکردن لەسەر پرۆژە یاساکان وجوبی نییە ، بەلاَم ئەوان خۆیان لێرەبن باشترە بۆ ئەوەی دیفاع لە بیروبۆچوونەکانی خۆیان بکەن ، ئەگەرنا پەرلەمان خۆی خاوەن بڕیارە لە دەرکردنی یاساکان ، ئەگەر لێرە بن ئەتوانن بیروبۆچوونەکانی خۆیان بخەنەڕوو ، بەلاَم بە دڵنیایشەوە لەکاتی وتوێژکردن لەسەر پرۆژە یاساکە هەم وەزارەتی سامانەسروشتییەکان ، هەم وەزارەتی دارایی لەگەڵ لیژنە پەیوەندیدارەکان دانیشتوون ، بیروبۆچوونەکانی خۆیان خستۆتەڕوو ، بۆیە ئێمە بۆ هەموو دانیشتنێکی پەرلەمان بەرنامەی کار ئاڕاستەی حکومەت ئەکەین ، ئەگەر پێیان باش بێت ئەتوانن بەشداربن ، ئارەزووی خۆشیانە ئەتوانن بەشدارنەبن ، بەلاَم پەرلەمان دانیشتنەکانی خۆی لەسەر ئەوە ناوەستێنێ کە حکومەت بەشدار ئەبێ یان نا؟ چونکە پرۆژە یاساکان پەسندکردنیان لە ئیختساسی دەسەلاَتی یاسادانانە کە لە پەرلەمانی کوردستاندایە ، خاتوو ئاواز جەنگی فەرموو.

**بەڕێز ئاواز جەنگی بورهان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من پشتیوانی قسەکانی گەشەخان دەکەم دەبێ لەم سندووقە بڕێك پارە بۆ پرۆژەی هاریکاری کۆمەلاَیەتی تەرخان بکرێ ئەم پرۆژەیە هەموو بەڕێزانی ئەندام پەرلەمانان دەزانن پرۆژەیەکی زۆر گرنگە ، ئەم پرۆژەیە پرۆژەیەکی زۆر زۆر گشتگیرە و پەیوەستە بە هەموو تاکێکی کۆمەڵگای ئێمەوە ، پەیوەستە بە تەندروستی ، کۆمەلاَیەتی ، دارایی ، پەروەردەیی ، دەروونی ، تاکی کۆمەڵگای ئێمە ، لەبەر ئەوە پێویستە ئێمە جێگای بکەینەوە لەناو ئەم سندووقەیدا ، هەروەها ئێمە دەمانەوێت زۆرجار گوێمان لێ

دەبێ هەموو لایەنە سیاسییەکان باسی داد پەروەری کۆمەڵایەتی دەکەن لەناو کۆمەڵگادا ئایا ئێمە دەمانەوێت داد پەروەری کۆمەڵایەتی هەبێ! ئەگەر بمانەوێ لەناو ئەم سندووقە پشتیوانی ئەو پڕۆژەیە بکەین بۆ ئەوەی ببێ بە یاسا و حکومەت جێبەجێی بکات توانای جێبەجێکردنی هەبێت ، من دەمەوێ سەرنجی بەڕێزان بۆ ئەوە ڕابکێشم زۆرجار گوێمان لەوە دەبێ ئینتمای (کەس) لەناو کۆمەڵگای ئێمە (تاك) کەم بۆتەوە ، کەواتە پڕۆژەی هاریکاری کۆمەڵایەتی لێرەش دەوری خۆی دەبینێ ئینتیما جارێکی تر لای ئەو کەسانە دروست بکاتەوە کە هەست دەکا پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی کوردستان لە خەمخۆری ئەوانەو پڕۆژەی هەیە بۆ ئەوان و دەیەوێت دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەناو هەرێم بەرقەراربێ ، بەڕێزان من پشتیوانی هەموو ئەو بەڕێزانە ئەکەم کە باسی کەرتی کشتوکاڵیان کرد برای بەڕێزم کاك بەشار و کاك عباس غزالی ، دەمەوێ سەرنجتان بۆ ئەوە ڕابکێشم کەرتی کشتوکاڵ زۆر زۆر پشتگوێ خراوە لە هەرێمی کوردستان ، هەرێمی کوردستان کە قەیرانی دارایی تووش بووە ئەگەر بهاتبایە کەرتی کشتوکاڵ پێشکەوتوبووایە ڕەنگە بەو شێوەیەی ئێستا عوملەی هەرێمی کوردستان نەدەچووە دەرەوەی هەرێم بۆ هێنانی پێداویستییەکانی ڕۆژانەی خەڵکی هەرێم ، ئەمە خاڵێك ، خاڵێکی تر کە دەمەوێ سەرنجتان بۆی ڕابکێشم هەرێمی کوردستان پێویستی بەوەیە لەناو ئەم سندووقە ئێمە جێگای پڕۆژەی ستراتیژی بکەینەوە کە یەکێك لەم پڕۆژانە پڕۆژەی دروستکردنی بەنداوە لەم هەرێمە ڕۆژ بە ڕۆژ سەرچاوە ئاوییەکانمان لە کەمبوون دایە ، وڵاتانی دەوروبەر ئاوەکانیان پڕۆژەی لەسەر دروست دەکەن ، بەنداوی لەسەر دروست دەکەن ، دەیگرنەوە ، ڕێژەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە زیادبوون دایە پێداویستییەکانی بەکارهێنانی ئاو لە زیادبووندایە کەواتە ئەگەر ئێمە حکومەتی هەرێمی کوردستان بیر لەوە نەکاتەوە لەناو ئەم سندووقە بڕێکی باش پارە تەرخان بکا بۆ دروستکردنی بەنداو لە هەرێمی کوردستان قەیرانی ئاویش دەبێت یەکێك لەو قەیرانانەی کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە من دەمەوێ باس لەوە بکەم یەکێك لەو بەنداوانەی لەهەرێمی کوردستان بەنداوی دوکانە حەوت ملیار مەتر سێجا ئاو دەگرێت یەعنی ئێستا لە حاڵی حازردا دوو ملیار مەتر ئاوی تێدایە ئەوە بۆ زانیاری ئێوە ، بۆ زانیاری خەڵکی هەرێمی کوردستان کە ئاو لە قەیراندایە لە هەرێمی کوردستان ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەپێی ئەو زانیاریانەی من هەمە بەپێی سەردەمی مەلەکییەت لە عێراق سندووقێك هەبووە تەرخانکراوە بۆ پڕۆژەی ستراتیژی ئەم بڕە پارەیەی لەو سندووقەدا بووە تەنها بۆ پڕۆژەی ستراتیژی دروستکراوە ، خۆشبەختانە دوو پڕۆژەیان بەر هەرێمی کوردستان کەوتووە کە هەردوو بەنداوی دەربەندیخان و دوکانە کە تاکو ئێستاش ئێمە سوودی لێدەبینین ، بەشێکی تر لە کەرتی کشتوکاڵ کە دابینکردنی ئاسایشی خۆراکە لە هەرێمی کوردستان ، ئەگەر ئێمە بڕەپارەیەکی بۆ تەرخان نەکەین و جێگای نەکەینەوە لێرە چۆن دەتوانین ئاسایشی خۆراك لە هەرێمی کوردستان بەر قەرار بکەین ، بەڕێزان من دەمەوێ سەرنجتان بۆ ئەوە ڕابکێشم کەرتی کشتوکاڵ تەنیا ئەوە نییە بەرهەمی کشتوکاڵیمان هەبێ کەرتی کشتوکاڵ هەلی کار زیاد دەکات لە هەرێمی کوردستان ،

کەرتی کشتوکاڵ دەبێتە مایەی ئەوەی کە خەڵکانێك بگەڕێنێتەوە بۆ لادێکانیان و گرنگی بەو بوارە بدەن ، کەرتی کشتوکاڵ.......

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر باسکرا خاتوو ئاواز.

**بەڕێز ئاواز جەنگی بورهان:**

دەزانم زۆر باسکرا ، بەلأم وەکو دکتۆرە جوان هەموو جارێ دەڵێ ئەوانەی کە دەکەونە دواوە بەداخەوە قسەکانیان هەمووی کراوە ، بەلأم من بڕیارمداوە قسەکانی خۆم ئەمڕۆ دەیکەم ڕاستە دەبێتە دووبارە ، بەلأم هەر باسی دەکەم ، دەمەوێ پشتیوانی لەو بەڕێزانە بکەم کە پێشنیازی پترۆ دۆلاریان کرد بۆ قەزاو ناحییەکان ، قەزاو ناحییەکان زۆر زەرەرمەندبوون لە دەرهێنانی نەوت لێیان بەتایبەتی قەزای کۆیە ، من لەبەر ئەوە وانالێم کە خۆم خەڵکی ئەو شارەم ، بەلأم قەزای کۆیە ئێستا کەوتۆتە مەوقیعێکی جوگرافی ، یەعنی چۆن دەڵێی زۆر بۆتە قەزایەکی پەنا ، ڕێگاکانی کە جاران لە کۆیەوە ڕەتدەبوون ئێستا هەمووی دابەش بووە هیچ کەسێك لە کۆیەوە هاتووچۆ ناکا ، هەموو دووکەڵ و پیسی ژینگەیی کە لە شیواشۆك نەوت دەردێ بۆ شاری کۆیە دێ ، جادەو بانەکانی کۆیە بەزەیت پێدادێتەوە کە لێوە ڕەت دەبی ، ڕەنگە لە وڵاتە هەرە دواکەوتووەکانی سەر ئەم گۆی زەمینە جادە و بانی وانەبینی ، ڕۆژانە ڕووداوی ناخۆش و دڵتەزێنی هاتوچۆ ڕوودەدات لەو ناوچەیە کەسیش پێی نازانێ ، کەسیش باسی ناکا من نموونەیەکی بەسیتان دەدەمێ ، بۆیە داوادەکەم پەترۆ دۆلار بۆ ئەو شوێنانە تەرخانبکرێ من حەفتەی ڕابردوو سەردانی ناحییەی تەقتەقم کرد پێشنیازێکیان خستە بەردەستی من کە داوا لە وەزارەتی شارەوانی بکەم یەك شۆفەل و یەك گرێدەری لێیە ئەم ناحیەیە هەردووکی لەکار کەوتووە ، کەواتە ناحیەکە یەکی کەوتووە بڕی تێچوونی چاکردنەوەی ئەم دووانە (١٠) ملیۆن دینارە داوا لە هەر لایەنێك دەکەن دەڵێن پارە نییە بۆتان چاك بکەینەوە ، من پێم وتن هەموو قەزاکە دابخەن و هەرکەسە بچێتەوە ماڵی خۆی و واز لە ئیش و کارەکانتان بهێنن ، بۆیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان من دەمەوێ ئەندامانی پەرلەمان زۆر زۆر بە گرنگی وەربگرن ، کەرتی کشتوکاڵ جێگای بکرێتەوە لەناو ئەو سندووقە ئێمە وەکو لیژنەی کشتوکاڵ بەڕێزان هاوکارانم زۆر باسیان لێکرد داکۆکی دەکەین لەم کەرتە بە یەك شت زۆر نیگەرانم دەمەوێ باسی بکەم لە پڕۆژەی بودجەی ئەم ساڵ لە ڕەشنووسەکەی کە ئامادەکراوە کەرتی کشتوکاڵ زۆر زۆر بودجەکەی کەمکراوەتەوە....

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە ئاساییە لەکاتی موناقەشە کردنی یاسای بودجە ئەتوانین موناقەشەی بکەین.

**بەڕێز ئاواز جەنگی برهان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەرتی کشتوکاڵ هیچ بڕە پارەیەکی بۆ دابین نەکراوە بۆ وەبەرهێنان لەو کەرتە ، قەرزی کشتوکاڵی جێگای نەکراوەتەوە ، کەواتە هیوادارم بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لەکاتی دەنگدان ئەوەیان بیر بێ کە دەنگبدەن بۆ ئەوەی هاوشێوەی سندووقی ژینگە ، کەرتی کشتوکاڵیش بەشێکی بۆ دابین بکرێ ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز کاك قارەمان فەرموو.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

واللە ئەگەر پارە هەبێ ئەمنیش پێشنیارێکم هەیە....

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بۆ کۆیە نەبێ تۆش وەکو خاتوو ئاواز.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

واللە حەتمەن هەر ئەوەیە، پێشنیارەکم هەبوو زۆر لە برادەران کردیان ، ئاوازخانیش باسی کرد سەبارەت بە پەترۆ دۆلار ، یەعنی ئێستا قەزای کۆیەی بە نموونە هێناوە ، منیش باسی قەزای کۆیە دەکەم هەمووتان بەناو قەزای کۆیە داڕۆیشتینە ڕێگاو بانی ، یەعنی جگەلەوەی کە زانکۆیەکی بۆ کراوە لە ڕابردوو قەزای کۆیە هیچ شتەکی بۆ نەکراوە تا ئێستا ، مەسەلەی پترۆ دۆلار کە لە حکومەتی عیراقی تەحدیدکراوە (٢) دۆلار لێرەش تەحدید بکرێ ، بەلاّم بۆ قەزاکە خۆی نەك لەسەر ئاستی پارێزگاکە ، کۆیە ناوچەیەکە بەناحیەکانیشیەوە مەنتیقەیەکی کشتوکاڵییە ، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەو پارەیە لەسەر ئاستی قەزاکە سەرف بکرێ ، کێشەی زۆری بۆ قەزاکە دروستکردیە لە ڕووی کشتوکاڵەوە ، ڕیگاوبانەوە ، ژینگەوە ، پشتیوانی لە ڕایەکەی کاك علی حەمە ساڵح دەکەم دابەشکردنی بەشێك لەو داهاتە نەوتییە بەسەر خێزان و کەم دەرامەتەکان، پشتیوانی لە ڕەئیەکەی گەشە خان دەکەم، وە پشتیوانی لە ڕەئیەکەی کاك عباس غەزالیش دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو سوهام عمر، فەرموو.

**بەڕێز سهام عمر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەشێ پێنجێ ماددا دوازدێ دیارە گەلەك تێبینی یێ ل سەر ڤێ ماددێ هەنە ژبەر هندێ ژی داخاز دکەم لیژانێن پەیوەندیدار د ساغێت وێدا وردبین بن، چونکی جومکێ سەرەکی یێ دسەندووقێت ڤێرێ دا بۆ خەلکێ مە دهێتە دیاری کرن، خالا دوویێدا ژ بڕگا ئێکێ وشا چڕی دانیشتوان تنێ جەخت ل

سەر نەهێتە کرن، پشتگیریا نـەجات خانێ و دکتـۆر فرسـتی دکـەم بـو هنـدێ، هەروەسا پشتگیریا دکتـۆرە شرین دکەم ل سەر لابرنا وشا پالپشتی کردن و ل ڤێرێ رێژە بهێتە دانـان وەکـی مامۆسـتا بـەهزادی ئامـاژە پێکری کو دوو ژ سەدێ (٢٪) کێمتر نەبیتن سەبارەت پترو دوڵار، هەروەسا سەبارەت خالا چارێ حـەتا وشـا (پێویستە) بهێتە ژێك فەصلێ کـرن و دویڤـدا وەختـێ دبێـژیتن قـەرەبوو کردنـەوەی خـاوەنی ئـەو زەویانـە ببیتە خالا پێنجێ و ل دویڤدا رێزبەندی بۆ خالا بهێتە کرن، چونکی قەرەبوو کرنا خاوەنێت ئـەڤان زەویـا پێدڤی یە ئیهتیمامەکا باشتر پێ بهێتە دان، چونکی ئەو زەرەرمەنـدێن ئێکـێ نـە بـۆ ڤـی بـواری و قـەرەبوو کرنا وانا پێدڤیە تایبەتمەندیا خۆ هەبیتن، هەروەسا من دڤێتن سەرنجا ئەندام پەرلـەمانێن بـەرێز راکێشـم بۆ ڤێ چەندێ کو گەلەك بەرێزان بەحسێ تویژێن کۆمەلگەهێ کـر، ئـەم هـەمی دزانـین و دانپێدانـەك پـێ هەی لایێ حکومەتێڤە ژلایێ خەلکیڤە، کو ژێرخانا ئابووری یا لاوازە دبیتن نە ژ تـەرخانکرنا پـارە یـا لاواز بووی دبیت د ئەدا کرنێ دا، تەوزیع کرنێ دا لاوازییەك هەبوویە، ژبەر هندێ چارەسەرکرنا ڤێ دبیتن دڤێ سـەندووقێ دا نەهێتـە کـرن، چـونکی دسـەندووقێ دا هـەر تەرخانکرنـەك یـا هـەی، ژبـەر هنـدێ گرێـدانا ئامادەکرنا بودجا گشتی یا سالانەیا هەرێمێ دگەل ئەڤێ دەسـتێ پێـدڤی یـە تەنسیقەکا بـاش دناڤبـەرا ڤـان هەر دوو دامەزراوا هـەبیتن دا کـو چارەسـەرییەکا گشـتگیر ژی هـەبیت ژبـەر هنـدێ ژی ئـەز داخـاز دکـەم ژ لیژانێن پەیوەندیدار ئەڤان تویژێن ڤان بەرێزان بەحس کری، چونکی هەمی پێدڤینە و گرنگیەکا مەزنە و دبیتـە پرۆژەیـەکێ سـتراتیجی ل ژێـر یـان رێزەکـێ یـان رسـتەیەکێ یـان وشـەیەکا گشـتگیر هـەبیتن، کـو ژهەمیانڤە بگریتن و بۆ داهاتی باشتر تەرخانکرن هەبیتن، باشتر تەوزیع کرن هەبیت، باشـتر تـەنفیز کـرن هەبیت و سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا عمر کۆچەر، فەرموو.

**بەڕێز عمر صالح عمر(کۆچەر):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندام پەرلەمانا تەقسیر نەکر، مەوزوع ئەز نزانم ئـەو سـەندووقە فیعلـەن وەکـی مامۆسـتا ئەنەسـی گـوتی بودجەیە یان ژی ئەڤە بۆ سەندووقەکێ یە کێشا ڤی وەلاتی نە مەوزوعێ مـە داهاتـە، داهـات قەناعـەتا مـن چەند سالێن بوری گەلەك داهات یێت هەین بەس چەوا خراب سەرف کرنا ڤی داهاتی کێشـا ڤـی وەلـاتی یـە ئەندام پەرلەمان دشێن موزاییدا سەر ئێك و دوو بکەن گەلەك، هەر ئێك ژمە بێژیت بۆ ڤێ تـەخێ بـۆ ڤـێ تەخێ، مە دوهـی پێشـنیار کـر بـۆ خێزانـێ، خێـزان پێشمەرگا دگریـت، شـەهیدان دگریـت، گـەنجا دگریـت، تشتەك بێتە تەرخان کرن دڤێ قانونێ دا عەرز کر دکتـۆر شـێرکۆی وەلام دا گـوتی د مـاددێ یـازدێ دا ئـەم دشێن جهێ وێ بکەین ئەگەر جهێ وێ دڤێ ماددێ دا بێتە کردن چ ئەڤە دکتۆرە شرین گوتی بۆ ئـەو جهـێ گاز لێ دەردکەڤیتن نسیبەك بێتە دانان چ بۆ خێزانێ و ئەو ژی ب مەرجەکی ئەوێن پلە بەرز تێدا نـەبن و تشتەکێ دی ژی ئەز دێ بێژم یێ نەخۆش بەس بن دیـوار و ئـەڤێت مووچێت خانەنشینێن نەیاسایی ئـەو

ژی بێنە بار کرن، ئەڤ پەرلەمانتارە هەمی ڤێ جەخت دکەن کو گەندەلی دڤی واریدا موسیبەتە ئەگەر ئەڤە بێتە چارەسەر کرن ئەڤ داهاتە ئەڤ سەندووقە دێ تێرا هەمیا کەت بەس وەختێ ئەڤە نەهێتە چارەسەر کرن حەتا نووکە وەڵاما دیوانا چاڤدێری دارایی بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، یا بۆ مە هاتی مە داخازا تەفاصیلا ناڤا یێ ژێ کری یێ گوتی ئەڤە دێ کێشێ دروست کەتن و ئەم نەشێن ناڤا بهێنێرین، دێ چەوا چارەسەر کەی ئەگەر تو نەزانی؟، و راپۆرتا پێشی وێ دانیپێدان یا کری کو یێت نەیاسایی یێن هەین و ل هەمی ئاستا، دێ باشە ئەڤە موحتاجی جەخت کرنێ یە زەغتی یە ل سەر دیوانا چاڤدێری، مادەم نەیاساییە لابدەت، وەختێ خراب دهێتەی سەرف کرن مالێ ڤێ سەندووقێ هندی تو ڤێرێ عەرز کەی بێژیت بۆ فلان تەخی، بۆ فلان تەخی، ئاخر ئەڤە چەند ساڵە ئەڤ داهاتە هەمی یێ دهێتن بەس دروست ناهێتە سەرف کرن، ژبەر هندێ ئەز ڤان هەر دوو پێشنیار دکەم ئێك، تشتەك بۆ خێزانێ بێتە دانان بێژین چار وەرەقە، پێنج وەرەقە بۆ هەر خێزانەکێ دبن پلە بەرزدا و یا دیتر ئەو جهێ گاز لێ دەردکەڤیتن نیسبەك دوو دوڵار، ئەو ئاخفتنێت هاتینە گوتن پشتگیریێ بۆ دکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك سالار، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری هەموو ئەو بۆچوونانە دەکەم کە خزمەت بە ناوەڕۆکی ئەم ماددەیە دەکات، تەنها سەرنجێکم لەسەر خاڵی چوارەمی ماددەکە هەیە، وەزارەت سەڵاحیەتی دراوەتێ بۆ قەرەبوو کردنەوەی خاوەنی ئەو زەوییانەی کە بۆ پرۆسەکانی نەوت و گاز تەرخان دەکرێت، بەدیدی من ئەمە دەبێت دیقەتی باشتری تێدا بکرێت، لەلایەن لیژنەکانی پەیوەندیدارەوە، ئەمە ببەسترێتەوە بە ئەنجومەنەوە، بە دەستەی سندووقەکەوە، کە ئەو سەڵاحیەتەی هەبێت، نەك وەزارەت، بە گەڕانەوەشمان بۆ یاسای (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ پێم وایە ئەم بابەتە لەوێدا موعالەجە کراوە، چونکە ئەوە پرۆسەیەکی گشتگیرە، حکومەتی هەرێم دەتوانێت ئەم بابەتانە تەسویە بکات، نەك بەتەنها وەزارەت، لەبەر ئەوە دەرگا نەکرێتەوە بۆ تەسەڕوفی وەزارەتێك بەتەنها، بۆ خەرج کردن لەو سندووقە، کە پێم وایە ئەمە دەرگا دەکاتەوە، بەجۆرێکی تر چارەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێش ئەوەی قسەکانم بکەم، پێشنیارێکم هەیە بۆ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئەویش ئەوەیە ئەم یاسایە پێم وابێت (٤ تا ٥) دانیشتنە بەردەوامین لەسەری، بۆیە تکا دەکەم ئەگەر دانیشتنەکە زۆریش

بخایەنێت با ئەمڕۆ کۆتایی پێ بێنین، پێشنیارەکانم ئەوەیە، بەبڕوای من کاتی ئەوە هاتووە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، ڕاستەوخۆ سوودمەند ببن لە داهاتی نەوت، یاخود سامانی سەرزەویی و ژێر زەوی ئەم وڵاتە، یان بەواتایەکی تر ئیتر کاتی ئەوە هاتووە نەوت لە زەحمەتەوە بکەین بە ڕەحمەت، ئیتر بەچ ڕێگایەك دەکرێت ئەوە ئەرکی سەرشانی ئێمەیە ئەو کارە بکەین، خاڵێکی تر کە من تێبینیم هەیە لەسەری وشەی (چڕی دانیشتوانە) بەبڕوای من ئەو وشەیە هەر لابرێت، یان ئەوەیە وشەی (ڕاگوێزان و وێرانکاری ناوچەکانیشی) بۆ زیاد بکرێت، چونکە ئەم چڕی دانیشتوانە بۆ هەرێمێك دەبێت یان وڵاتێك دەبێت کە هیچ وێرانکاری و ئەنفال و کیمیابارانی تێدا ڕووی نەدابێت، نەك لەهەرێمێك کە نیوەی هەرێمەکە بەر شاڵاوی ڕاگواستن و ئەنفال و کیمیاباران کەوتووە، بۆیە داوا دەکەم یان وشەکە لابرێت یان ئەوەشی بۆ زیاد بکرێت، ئەمە بەداخەوە لەکاتی پەسەند کردنی بودجەش زۆرجار لە پێدانی هەرێمەکانیشدا هاتوون چڕی دانیشتوانیان بە پێوەر داناوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی شارو شارۆچکەکان کە ئەمە بۆ خۆی هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە هەرگیز دادپەروەری نایەتەدی لە ئاوەدانکردنەوەی شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستاندا، سێکتەرێکی تر کە هاوڕێیانم زۆر باسیان لێوە کرد، بەتایبەتی لیژنەی کشتوکاڵ کە ئەویش سێکتەری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوە، با من بە تەفصیل قسەکانی ئەوان نەکەم، لە ١٠٠٪ پشتیوانی قسەکان و ڕای ئەوان دەکەم، کە باسی بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵیان کرد، ئێمە حەقە ئەو ڕاستیە بزانین کە سێکتەری کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو لەهەرێمی کوردستان، یەکێکە لەو سێکتەرانەی کە بەداخەوە زۆر لە پووکانەوەدایە، ئەرکی هەمووڵایەکمانە کە تەکانێکی پێ بدەین و لە پووکانەوە بیپارێزین و بیگەشێنینەوە، چونکە ئاسایشی خۆراك و ئاو کە ئێمە بەلامانەوە گرنگە، پایەیەکی گرنگیشن بۆ دروست بوونی دەوڵەتی کوردی، بەسێکتەری ئاو و کشتوکاڵەوە بەندە، بۆیە بڕێکی باش لەپارەی ئەم سندووقە بۆ ئەو دوو سێکتەرە تەرخان بکرێت، وە پشتگیری قسەکانی کاك علی حەمە صالح دەکەم، هەروەها ئەو هاوڕێیانەشی کە وەك ئەو قسەیان کرد، هەروەها پشتیوانی لە قسەکانی گەشەخانیش دەکەم، ئەو هاوڕێیانەی تریش کە گرنگە بەهەموومانەوە، هەموو دەنگ و ڕەنگەکان، کار بکەین بۆ ئەوەی ئەم سندووقە بەکار بهێنین بۆ دابین کردنی دادی کۆمەڵایەتی لەهەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شکریە خان، فەرموو.

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە کاتی ئەوە هاتووە هەر هاووڵاتیەکی هەرێمی کوردستان، پێویستە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ سوودمەند بێت لەداهاتەکانی نەوت و گاز، بۆیە پێشنیار دەکەم، وابزانم پێش منیش باسی کرا، کە هەر خێزانێك بەپێی ژمارەی ئەندامەکانی بڕێك پارەی بۆ تەرخان بکرێت کە ئەوە لە زۆرێك لە وڵاتانی دونیا بەتایبەتی لە کەنداو پیادە دەکرێت، هیوادارم لەهەرێمی کوردستانیش بکرێت، هەروەها پێم

باشەو پێشنیاری ئەوەش دەکەم، بەشێك لە پارەی ئەم سندووقە پاشەکەوت بکرێت، وابزانم هیچ ئەندامێك باسی ئەوەی نەکرد، بەڕاستی من زۆرم لا گرنگە، ئەوەی کە بەسەرمان هات لەم ماوەیەدا، پێویستە هەوڵ بدەین دووبارە نەبێتەوە، ئەگەر بەشێك لەپارەی ئەم سندووقە پاشەکەوت بکەین، خاڵێکی تریش بەنموونە وڵاتی سعودیە دەهێنمەوە لەگەڵ ئەوەی ڕۆژانە زیاتر لە (١٠)ملیۆن بەرمیل دەفرۆشێت، ئینجا قەرزاریش دەبێتەوە، لەبەر ئەوە بەشێکی زۆر زۆر پارەی تەرخان کردووە بۆ پرۆژەی ستراتیژی و ژێرخانی ئابووری، بۆیە هیوادارم ئێمەش لەم سندووقە بڕێك پارە تەرخان بکرێت بۆ ژێرخانی ئابووری بەتایبەتی لەبواری کشتوکاڵ و پیشەسازی و ژێرخانی پەروەردە، هەروەها پاڵپشتی تەواوی ئەو ڕەئیانە دەکەم کە داوایان کرد بۆ بیمەی کۆمەڵاتی کە پرۆژەکەی خوێندنەوەی بۆ کراوەو دیراسەت کراوەو ڕاپۆرتی بۆ ئامادە کراوە، ئەمە باشترین دەرفەتە کەپارەی بۆ تەرخان بکرێت، چونکە هەر پرۆژەکە دەنگی پێ درا، یەکسەر بچێتە بواری جێبەجێ کردن، بەم شێوازە چین و توێژێکی زۆر کە خەریکە ڕقیان لەهەرێمی کوردستان دەبێتەوە بەهۆی خراپی باری ئابووریان ئەم ئینتیمایەی کوردستانییان بۆ بگەڕێنینەوە، دواخاڵ جەخت لەوە دەکەمەوە کەرتی کشتوکاڵ زۆر گرنگە، ئەگەر بۆ نموونە ئێمە لەم قۆناغەدا لە ١٠٪ یان لە ١٢٪ کە من لە ١٢٪ م پێ باشە تەرخان بکرێت بۆ بواری کشتوکاڵ و ژێرخانی کشتوکاڵ، ئەوە بە تەئکید لە داهاتوویەکی نزیك دوو ئەوەندە بەشدار دەبێت، لە گەشەکردنی بودجەی هەرێم، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا هەورامان، فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حەمە شریف(گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا دیارە قسەکانمان کەوتە دواییەوە، زۆربەی قسەکانم کرا، ئەوەی بەگرنگی دەزانم بڵێم، خوای گەورە ئەڵێت (الآن حصحص الحق) سوپاسی خوای گەورە دەکەم، ئەوەی کە ئێمە لە ڕابردوودا باسمان ئەکرد، لە خۆپیشاندانەکاندا باسمان دەکرد کە دەمان وت با داهاتی نەوت بۆ خەڵك بێت، ئەمڕۆ سوپاس بۆ خوا لە ناو پەرلەمانی کوردستان کۆکین لەسەری، لەڕاستیدا ئەوەی کە ئەمڕۆ باس کراو بیستمان، داوا کرا ئەو پێشمەرگەی کە گیانی خۆی فیدا دەکات بۆ ئەم خاکە، بەڵام خۆی لەسەر خاکەکە کرێچیە، ئەو تاقانەیەی کە هەموو کەسوکاری خۆی لەدەستدا لە کیمیاباران و ئەنفالدا، ئەوە (٢٧) ساڵە زاقەی چاوی دێت بۆ داهاتی ئەم کوردستانە، ئەو هەموو خەڵکە بەگشتی، بێ سەرپەرشتان ئەوەی کە باسکرا، ئافرەتان، قوتابیان، بێ کاران، کاسبکاران، هەمووی ئەگەر ئێستا داوا بکرێت بەشێکیان بۆ دابین بکرێت، بەزمانی حاڵ کەواتە تا ئێستا هیچیان بۆ نەکراوە، ئێستا داوا دەکەین، بەڵام ئێستا پێ ڕاگەیشتبین سوپاسی خوای دەوێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو زولفا، فەرموو.

**بەڕێز زولفا محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی کاك علی و دکتۆر شێرکۆ دەکەم، وە پێشنیاز دەکەم بەشێك لە پارەی سندووقەکە تەرخان بکرێت بۆ کەرتی تەندروستی، بۆ ئەو نەخۆشیانەی کە بەهۆی کاریگەرییەکانی پرۆسەکانی نەوت و گازەوە دروست دەبن، بەهۆی پیس بوونی ژینگە، بەنموونە لەشارۆچکەی بازیان کە شارۆچکەیەکی بچووکە بەهۆی کاریگەری نەوتەوە، لەو ماوەی کە ئەم کۆمپانیاو بیرە نەوتانە هەڵکەندراون، لەماوەی دوو ساڵدا نزیکەی(١٦٧)کەسمان تووشی نەخۆشیەکانی ڕەبۆو شێرپەنجە بوون، کە بەپێی ئاماری نەخۆشخانەی هیوا دەیگێڕنەوە بۆ کاریگەرییەکانی پیس بوونی ژینگە بەهۆی پرۆسەکانی نەوتەوە، هەروەها تەرخان کردنی کۆی لە ١٢٪ی داهاتی سندووق بۆ بیمەی کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان کە ئەمەش بە عەمەلی ڕێك بخرێت، وەکو سیمبولی ڕاپەڕین و هێنانەدی ئازادی لە کوردستاندا پێشنیاز دەکەم کە بەشێك لە پارەی ئەم سندووقە بۆ دەڤەری ڕاپەڕین و پەرەپێدانی ئەو دەڤەرە تەرخان بکرێت، چونکە لای هەمووومان ئاشکرایە کە دەڤەری ڕاپەڕین سەرچاوەی هێنانەدی ئەم بارەیە کە ئێمە ئێستا خاوەنی هەرێمێکین کە ئازادین و لەم هەرێمە ئازادەدا ئێمە گفتوگۆ لەسەر بەرهەمەکان و داهاتەکانی بەرهەمە خۆماڵیەکانی خۆمان دەکەین، لەبەر ئەوە داوا دەکەم کە هەموو ئەندامان پشتگیریم بکەن بۆ دانانی بڕێك پارە بۆ بووژانەوەی دەڤەری ڕاپەڕین، وەکو پاداشتێك بۆ ئەوەی کە باسم کرد، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، من دڵنیام کە کاك بێستون باسی دەڤەری گەرمیان دەکات، فەرموو.

**بەڕێز بێستون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەکانی کاك ایوب، کاك علی حمه صالح و دکتۆر شێرکۆ، مامۆستا هەورامان دەکەم، بێگومان گەرمیان ناوچەیەکی بەرفراوانی ژمارە زۆری خاوەن قوربانی و ناوچەیەکی گرنگی ئابووری وجوگرافییە بۆ ئێمە، بێگومان پشتگیری ئەو ڕەئیە دەکەم کە پارە بۆ ناوچەکان تەرخان بکرێت، بێگومان دەبێت بۆ گەرمیانیش تەرخان بکرێت، لە بڕگەی چوارەم ئەم دەزگایەی کە هاتووە هی ( A.T.I) ئەم دەزگایە ئەتوانێت مامەڵە لەگەڵ هەرێم بکات، چونکە ئەوەی من مەعلوماتم هەبێت ئەم دەزگایە مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتدا بکات، چۆن دەتواندرێت ئێمەش مامەڵەی لەگەڵ بکەین؟، یان باشتر وا نییە بڕگەیەکی بۆ زیاد بکرێت، مەسەلەن کۆمپانیاکانیش بکەونە ژێر ڕەقابە، یان لە چوارچێوەی ڕێنماییەکانی ئەم دەزگایە کار بکەن، واتە شەریکاتەکان ئەوانەی کە نەوت دەردەهێنن، ئەوانیش بە پێی ڕێنماییەکانی ئەم دەزگایە کار بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك گۆران ئازاد، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا قسەكانی من هەموو هاوڕێیان كردیان، تەنها دەمەوێت ئەوە بڵێم پشتیوانی مەسەلەی پترۆ دۆلار دەكەم، لەوەی نا كە بەتەنها بڵێم شاری كۆیە هەموو ئەو قسانەی كە ئاواز خان كردی لەسەر كۆیەو تەقتەق، زۆر زیاتر حەقیانە، زۆریش مەغدوورن، بۆیە پێم وایە زۆربەی ناوچەكانی تری كوردستانیش مەغدوورن و بەم شێوەن، بەڵام ئەم مەسەلەیە لە یاسای میزانیەی عێراقی ساڵانە ڕێك خراوە، كەوا هەر ناوچەیەك مونتجی نەوتە، پارەی پێ دەدرێت و ئەو پارەیەش لەنەتیجە لە فرۆشتنی نەوتەوە ئەم پارە دەچێتە ئەم سندووقە، بۆیە ئێمە ئەگەر لێرەش تەنزیمی نەكەین ساڵانە لە ناو یاسای میزانیەدا، ئێمە بە ماددەیەك ڕێكمان دەخست، كەوا پارەی پترۆ دۆلار هەركاتێك حكومەتی عێراقی ناردی دەدرێت بەو ناوچانەی كە مونتجی نەوتن و زەرەرمەندن لە پرۆسەی دەرهێنانی نەوت، مادام ئەمە یاسایەكی خاصترە، قانونی میزانیە، قانونێكی عام ترە، ئەم عەمەلیەی نەوتە كە پارەكەی دەچێتە ناو ئەو سندووقە، پەیوەندی بە عەمەلیاتی نەوتیەوە هەیە، بۆیە پێویستە قسە لەسەر ئەوە بكرێت تەخصیصاتی پارەی پترۆ دۆلاریش لەناو میزانیەدا پاڵپشتی بكرێت بۆ ئەو ناوچانەی كە ئینتاجی نەوت دەكەن، وە لە یاسای میزانیەش هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا مەڕوان قسەت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل حسین(مەڕوان گەڵاڵی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای میهرەبان،**

دیارە ئەو سندووقە من قسەم لەسەر نەدەكرد، بەس كە تەماشا دەكەم، هەر لایەنێك بۆ شوێنەكەی خۆی داوا دەكات، منیش بەبیری هەموو لایەكی دەهێنمەوە كە باڵەكایەتی لانەی شۆڕش بووە، باڵەكایەتی دەتوانم بڵێم كە شوێنێكە زۆر زەرەری پێ گەیشتووە، ئەگەر ئەو سندووقە هیچی تێدا ماوە، هیوادارم بۆ باڵەكایەتی دابنێن، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنە پەیوەندیدارەكان ڕەئیتان چییە، لەسەر قسەی ئەندامان، كاك دڵشاد فەرموو...

**بەڕێز دڵشاد شعبان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر ئێمە ئەو هەموو ڕێژانەی كە باس كراون ئەوە سێكتەرە جیا جیاكان كۆ بكەینەوە، ڕەنگە لە سەدا سەد (١٠٠٪) تێپەڕ دەبێ ئەبێتە دوو سەد لە سەد (٢٠٠٪) جا ئەوەی كە هیوامان بەو سەندووقەوە هەیە ئەوەیە كە ئێمەش وەكو وڵاتانی تری ڕەیعی وەكو عێراق هەموو پشتمان بە داهاتی نەوتەوە نەبەستین،

بەڵکو ئەم سندووقە ببیتە مایەی ئەوەی بتوانین بووژانەوە لە سێکتەرەکانی تری هەرێمی کوردستاندا بکەین بۆ ئەوەی زیادتر سوود لە داهاتی نەوت وەربگرین حەتا هەندێك خاڵی پێنجەمیش هیچ کەس باسی لێ نەکرد، پاڵپشتی کردنی سەندووقی ژینگەی دامەزراو بە پێی یاسای نەوت و گاز من لە گەڵ ئەوەدام ئەوەش لابرێت، چونکە لە یاسای نەوت و گازدا هاتووە لە فەقەرەی گرێبەستەکان بەشی دەیەم ماددەی سی و حەفت (٣٧) یەکەم خاڵی دە، دەڵێ پابەند بوون بە دانی ئەو برە پارانەی لە سەری رێکەوتن بۆ سەندووقی ژینگە بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێم بۆ پاڵپشتی کردنی ژینگەی هەرێم بە کاری بهێنێت، یەعنی لە ناو گرێبەستەکاندا کۆمپانیاکان مولزەم کراون کە پشکێك بۆ ژینگە دابین بکەن، جا هیچ پێویست بەوە ناکات لە داهاتی ئەم سندووقە برە پارەیەك بۆ سندووقی ژینگەش تەرخان بکرێت، توێژینەوەیەکی ئیقتیسادی هەیە دەڵێت، ئەگەر ئیستیهلاك نەبێت، ئیستیسماریش نابێت، بەلام بودجەی هەرێمی کوردستان لە ٨٠٪ی بۆ ئیستیهلاك دەڕوات، هیچ پێویست ناکات بێین لێرەدا، ئەو پارەیە لەداهاتی نەوت بێنین لە سێکتەرە جیاجیاکان جارێکی تر بە ئیستیهلاکی بکەینەوە، دەبێت ئێمە بیر لەوە بکەینەوە ئەو سندووقە ببێتە سندووقێکی سیادی، وەکو هەندێك وڵاتی کەنداو، وەکو نەرویژ، ئێستا داهاتی ئەو سندووقە لە نەرویژ (٩٨٠)ملیار یۆرۆیە، لە سندووقی داهاتەکانی نەوت کە سندووقێکی سیادییە لە سعودیە، ئێستا قیمەتی (١٨٠)ملیار دۆلارە، یەعنی سەرەڕای ئەوەی کە ئێستا تووشی قەیرانی دارایی بووە، بەلام هێشتا دەستی بۆ ئەو سندووقە نەبردووە، دەبێت ئێمە بیر لەوە بکەینەوە چۆن پارەی ئەم سندووقە ئیستیسمار بکەین؟ چۆن داهاتەکەی زیاد بکەین؟ ئینجا بیر لە سێکتەرەکانی تر بکەینەوە، لەگەڵ ڕێزم بۆ بیروڕای ئەندامە بەڕێزەکان، بەلام ئەو هەموو شتانەی کە باس کراون، دەتواندرێت لە بودجەی هەرێمی کوردستان جێگیر بکرێت، بەلام ئێمە من و دکتۆر شێرکۆ و کاك علی حەمە صالح و دکتۆر عزت، مشوەرەتێکمان کردووە، دەتوانین لێرە ئیزافەیەك بکەین، بۆ دەستەبەری کۆمەلایەتی ڕێژەیەك تەرخان بکەین زیاتر من خۆم لەگەڵ ئەوەدا نیم، کە هیچ شتێکی تر ئیزافە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ئومێد نوقتەی نیزامی هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەیەکم لەبیر چوو، ئەمەوێت قسەکەم بکەم، ...

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ببورە تۆ قسەکانی خۆت کرد، باشە فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە، جەنابی سەرۆك، تەنها یەك دێڕە، ئەو ناوچانەی لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق کە بە جینۆساید ناسراون، پێم خۆشە باسی قەزای (سەید صادق) بکەم، یەك لەو ناوچانەیە کە بەبڕوای من ئەگەر شتێك بکرێت بۆ ئەوانیش بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز دکتۆر شێرکۆ جودت، فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوزیحێك هەیە، زۆر گرنگە لەم ماددەیەدا لە (ابواب الصرف) هەموومان لامان ڕوون بێت، بەڕێزان ئەم ماددەیە کە ماددەی (١٢)یە تایبەتە بە دیاری کردنی ئەو بوارانەی کە ئەم داهاتە دواتر لە موناقەشەی بودجە ڕەچاو بکرێت، بۆیە ناو دەبرێن، بۆ نەوەکانی داهاتوو بۆ ژینگە، بۆ تەعویزی ئەو شوێنانەی کە زیانی پێگەیشتووە، بۆیە تەسمیە ئەکرێن، لەبەر ئەوەی ئەمانە موتەعەلیقاتی چالاکییە نەوتی و گازییەکانن، بۆیە تەئیدەن بۆ قسەکەی کاك دڵشاد، ئێمە مەسەلەی کەرتەکان و پێویستی و پەرۆشی کەرتەکان، هەتا ناوچە جیاجیاکانیش هەمووی ئەبێت لە پرۆژە یاسای بودجەدا بۆ ساڵی ٢٠١٥ بۆ ساڵەکانی داهاتووش یەکلایی بکرێنەوە، موناقەشەی فەلسەفەی ئابووری و ئەولەویاتی ئابووری لەوێدا حەسم بکرێت، بۆیە بە پێشنیاری بەندە ئێمە مەسەلەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی زیاد بکەین، کە بیمەی کۆمەڵایەتی ناو دەنێن، یان دەستەبەری کۆمەڵایەتی وەکو بابێك لە بابەکانی سەرف، کە لە موناقەشەی بودجەدا نەتوانین لێی دەربچین، یەعنی ئەم ناونانانە بۆ ئەوەیە لە موناقەشەی بودجەی ساڵانەدا ئێمە مولزەم بین بەوەی کە قسەیەك بکەین لەسەر نەوەکانی داهاتوو، قسەیەك بکەن لە سەر ژینگە، قسەیەك بکەین لە سەر بیمەی کۆمەڵایەتی لە گەڵ ئەوەدام کە ماددەی یەك بڕگەی دوو لابرێت بۆ؟ لە بەر ئەوەی کە ئێمە دوێنێ دەنگدانمان کرد لە سەر مەسەلەی کولفە و تێچوون کە ئەبێ وردبینی بۆ بکرێت لە دەستەوە دواتر ئیقرار بکرێت و دەر بکرێت لە داهاتی گشتی، بۆیە جەدوای بڕگەی دوو لە بڵێین لە ماددەی دوانزدە بڕگەی یەکەم فەقەرەی دوو جەدوای نامێنێ، بۆیە لابرێت باشترە، لە فەقەرەی چواردا وەزارەت لابرێت دەستە بخرێتە جێگەی، لە مەسەلەی سەندووقی ژینگەدا ئەوە لە بەر ئەوەی کە لێرەدا دەبێ دەستە ڕەزامەند بێ نەك سەندووقی ژینگە کە لە وەزارەتدایە، مەسەلەی پترۆ دۆلار بە رای من زەرورە لێرەدا زیاد بکرێت کە بە پێی قەزا ئەبێ، پترۆ دۆلار بە پێی قەزا ئەبێ، ئاخر پێشنیارم ئەوەیە کە بڕگەی شەشەم زیاد بکرێ کە پەیوەندی بەوە هەیە کە کۆی داهاتی نەوت و گاز کە پێش دەرکردنی ئەم یاسایە بەدی هاتوون ئەم یاسایەی لە سەر پەیڕەو بکرێ بۆ ئەوەی کە ئێمە ئەسەری ڕەجعی دروست بکەین، و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆر عزت صابر فەرموو.

**بەڕێز د. عزت صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان، لـە راسـتیدا تێبینـی لـە سـەر مولاحـەزەی زۆرینـەی زۆری پەرلـەمانتارە بەڕێزەکان لە لای خۆمان تەسجیل کردووە وەکو لیژنەی دارایـی، چەند ژمـارەی سـەندووقەکان زۆر بـن لـە هەرێمی کوردستان ئەوەندە ئابووری کوردستان و کەرتەکانی ئابووری پارێزراو ئەبێ، هـیچ ترسمـان نـەبێت لە دروست کردنی سەندووق لە سەر ئاسـتی هـەموو وەزارەتێـك، هـەموو کـەرتێك، هـەموو موئەسەسـەیەك، بۆیە بەڕێزان داوای سەندووقی کشتۆکاڵ، سـەندووقی دەسـتەبەری کۆمەڵایـەتی، سـەندووقی کـەس و کـاری شـەهیدان، بـەڵام پـارەی تـێ نـاکرێ، پـترۆ دۆلار پێویسـتە خـەرج بکرێـت و وەکـو وەڵامێـك بـۆ چـەند پەرلەمانتارێکی بەڕێز کە پرسیارییان کردبوو بۆ نموونـە موئەسەسـەی (eiti) ئـەم موئەسەسـەیە لـە سـەر ئاستی هەرێمەکانی دونیاش ئەتوانیت هەرێمی کوردستان کە بوو بـە ئەنـدام لـەم موئەسەسـەیە، ئـەتوانێت ئەم موئەسەسەیە بێت وردبینی بۆ کەرتی نەوت و داهاتی نەوت و پرۆسـەی نـەوت بکـات، پەرلـەمانتارێکی تری بەڕێز باسی لەوە کرد پاشەکەوت بکرێت لە پارە، خۆی سەندووق یەعنی پاشەکەوتی پارە، بەڵام باشتر لە پاشەکەوتیش وەبەرهێنانە بۆ پاشەکەوتو ئەگەر وەبەرهێنانە بۆ پاشەکەوتە نـەکرد ئـەبێ بـە ئیکتینـاز، کەواتە ئەو پارەیە سوودێك ناگەیێنێت، وەك لیژنەی دارایی لە گـەڵ هـەر دوو لیژنـە بەڕێزەکـەی تـر چـەند دەقیقەیەك کاتمان پێویستە بۆ سیاغەی نیهائی بۆ ئەم ماددەیە بکەینەوە کە من دڵنیام ئەم ماددەیە ئەگەر گـرنگتر نـەبێت لـە ماددەکـانی تـر گرنگیەکـەی کـەمتر نییـە، چـونکە چـەند داهاتەکـە زۆر بێـت بـۆ نـاو سەندووقەکە ئەوە بە باشی خەرجی نەکرد ئەو ئامانجانە ناپێکێت کە لـە پێناویـدا کـار ئەکـەین، سـەبارەت بە پترۆ دۆلاریش وەك نموونە لە ساڵانی رابردوو یەکێك لەوانەیە پارە درابێت بە زانکۆی دهۆك و زانکـۆی زاخۆ کە لە کاتێدا نەوتەکە لە زاخۆ دەردێت دەبوو پترۆ دۆلار بۆ زانکۆی زاخۆ زیـاتر بوایـە لـە زانکۆیـەکی تر کە لە ناو مەرکەزی شارەکاندایە بۆیە هیوادارین پشتیوانی پەرلەمانتاران بە دەست بێنین کە پترۆ دۆلار تەرخان بکرێت لە سەر ئاستی قەزاکە ئەو قەزایانەی کە نەوتی لێ دەردێت، پرۆژەکە بەم شـێوەیە بـەڕێزان لە بەغداوە (٢٠١٣) و (٢٠١٤) و (٢٠١٥) بـڕێکی کەم پترۆ دۆلار هاتووە بـۆ کوردسـتان کـە دەبـێ سـەرف بکـرێ، ئێسـتاش لـە ماددەکـانی پێشـووی ئـەم سـەندووقەیە پەسـەندمان کـردووە کـە پـارەی پـترۆ دۆلار دەچـێتە سەندووقێکەوە بۆیە دەبێ هەر لە سەندووقەکەشەوە خەرج بکرێ پترۆ دۆلار پێشنیارەکەی بـڕی دوو دۆلار بۆ هەر بەرمیلە نەوتێك لە هەر قەزایەك لە کوردستاندا دەردەهێنرێت دوو دۆلار تەرخان بکرێـت بـۆ ئـەو قەزایە پارێزگارەکان سەرپەرشتی خەرج کردنی ئەو پارەیە ئەکەن، داوا لە سـەرۆکایەتی پەرلـەمانی بـەڕێز دەکەین کاتمان پێ ببەخشێ چەند دەقیقەیەك بۆ ئەوەی سیغەی کۆتـایی ماددەکـە بـۆ بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلەمان بخوینرێتنەوە، بۆ ئەوەی بخرێتە پرۆسەی دەنگدانەوە، و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر فرست نوقتەی نیزامیە یان قسە کردنە؟ بەڵێ، فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی پەنجا و شەش (٥٦) لە یاسای هەڵبـژاردنی پەرلـەمانی کوردسـتان ئـەمن نـاوم لێنایـە یاسـای پەرلەمانی کوردستان بە پێی ماددەی یەکەمیش بڕگەی دوو ئەندامی پەرلەمان نوێنەری گـەلی کوردسـتانە لەو لاش کە گوتم بڕیار لە سەر پرسە چارەنووسازەکان ئەدەین لێرە و بە پێی پەیڕەوی ناوخۆش ئەنـدامی پەرلەمان دەبێ پابەند بێت بەو ماددەی کە گفتوگۆی لە سەر دەکرێت و نابێ لە بەرنامە دەربچێ، سێ خاڵ باس دەکەم بە پێی ئەوانـەی کـە ئـەو نوقتـە پەیڕوویانـە باسمـان کـرد، تەبعـەن هـەر هـەمووومان نوێنـەری شوێنەکین بۆیە حەق نییە هیچ هاوڕێیەك برادەرەکەی تەنیشتی خۆی ئیحراج بکات بڵێـت مـن باسـم کـرد هاوڕێکەی تر باسی شوێنی خۆی نەکرد، کە ئێمە نوێنەری گـەلی کوردسـتانین و لـە بودجـە حـەقی خۆتانـە باسی مەنتیقەی خۆتان بکەن، ئێمە باسی یاسایەکی عام و موجەرەد ئەکەین بۆ ئـەو یاسـایە قاعیـدەی عـام دادەنێن، پێوەر دادەنێن، بۆیە بە راستی بە تەصەوری من گفتوگۆکانمان بۆ یاساکانی تر دەبـێ بـەو قاعیـدە عام و موجەرەدە بێ هـەر باسـی بەرژەوەنـدی باڵای کوردسـتان بکـەین ئەمـە یـەك، دووەم بـەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمان، ئـەمن چـەندەمین جـارە مولاحـەزە دەکـەم چـەندین ئەنـدامی بـەڕێزی پەرلـەمان دەردەچـن لـە گفتوگۆ، جەنابت بە راستی بە پێی پەیڕەو موعامەلـە ناکـەی لـە گـەڵیان، هـەر ئەوەشـە وای کـردووە ئێمـە شەش دانیشتنە خەریکی گفتوگۆ کردنین لە یاسایە بۆیە مـن داوا لـە بـەڕێزت دەکـەم بـە پێـی پـەیڕەو کـە پەیرەوێکی زۆر خرابیشە، بـەڵام بـەو پـەیرەوە خرابـەش کۆمـەڵێك رێکار دانـراون کـە ئەنـدامی پەرلـەمان پابەند بێ بە گفتگوگۆ کردن بە دەرنەچوون لـە مـاددە، نـاکرێ ئێمـە باسـی سـەندووقی داهاتـەکانی نـەوت ئەکەین، باسی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و ناحیەکان بکرێ، باسی بابەتێك بکرێت بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی بە ئێرەوە نییە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وا بزانم سەرنجی ئەو بەڕێزانەم راکێشا.

**بەڕێز د. فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیازێك دەکەم، راستە ئێمە پەیڕەومان نەهێناوەتە نـاو هـۆڵ، بـەڵام زۆر شـتیش بـە عـورف دەڕوات، زۆر شتیش بە تەسویت دەڕوات من داوا لە بەڕێزت دەکەم، داوا لە دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان دەکـەم بیخە بەردەمی ئەندامانی پەرلەمان بۆ داهاتوو هەر ئەندامێکی پەرلەمان بۆی هـەبێتن تـەنها دوو خولـەك لە سەر یەك ماددە قسە بکەت و یەك جاریش قسە بکەت و ئەوەشمان تەسبیت کردووە، بەڵام پێش وەختـە بۆ ئەوەی بتوانین بە لای کەم هەندێك یاسا دەربکەین بەم شێوازەی ئێستا ئەندامی پەرلەمان بە حوریەتی

خۆی خیتاب دەدات دە دەقیقە قسە دەکات، بە راستی ئەمە یەعنی نە یاسا دەردەچێت و نـە پەرلـەمانیش بەم شێوە بەرێوە دەچێت.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وابزانم لە کۆتایی خولی رابردوو تەسویتمان لە سەر ئەوە کرد کە بۆ سێ خۆڵەك قسە بکرێ، بـەڵام ئـەوە باسی ئەوەمان کرد تـا خـۆڵی داهـاتوو، چـونکە ئێمـە پێمـان وابـوو لـە سـەرەتای ئـەم خولـە، لـە دەسـتپێکی خولەکە پەیڕەوەی ناوخۆ ئامادە ئەکرێ، پەیڕەوی ناوخۆی تازە ئامادە ئەکرێ و بـە پێـی پـەیڕەوی نـاوخۆ، تکایە تۆزێك لە سەر خۆتـان بـەرێزان ئەنـدامانی لیژنـە پەیوەندیـدارەکان، بـەڵێ، باشـە، ئێسـتا نـا، ژمـارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان داوای بکەن، چونکە خۆتان ئەزانن جاری پێشووش کە ئەوەمان خستە دەنگەوە چ هەڵایەکی لە سەر دروست بوو ئێمە چاوەڕێ ئەوەمان ئەکرد یەکسـەر دەسـت پـێ بکـەین بـۆ موناقشـەی پەیڕەو، بەڵام ئێستا پێم وا بێت چەند حەفتەیەکی تری ڕەنگە پێ بچێت، بۆیە وا بڕیارماندا لە دەستپێکی ئەم خولە بە شێویەکی تر مامەڵە بکەین، ئەگەر پێتان باشە کات دیاری بکەن بۆ قسە کردن، ئـەوا ئـەتوانن پێشـنیار بکـەن و ئەیخەینـە دەنگـەوە، ئەنـدامانی پەرلـەمان خۆیـان بڕیـار لـە سـەر ئـەوە بـدەن کـە چـەند خولەك قسە بکەن، بەڵام بە پێی پەیڕەوی ئێستا دەستەی سەرۆکایەتی و بە تایبەتی سەرۆکی پەرلەمان کە ئیدارەی دانیشتنی گفتوگۆکانی ناو پەرلەمان ئەکات بۆی نییـە کـات دیـاری بکـات بـۆ ئەنـدامانی پەرلـەمان، راستە هەندێك ئەندامانی پەرلەمان لە بابەت دەرئەچن سەرەنجمان بۆ ئەوە ڕاکێشاون و دەسـەڵاتی ئێمەیـە کە سەرەنجی ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەم بابەتە ڕابکێشن، بەرێز مامۆسـتا مولـود فـەرموو، تکایـە لـە جێـی خۆتەوە قسە مەکە امنە خان، با مامۆستا مولود قسە بکات جەنابیش ئەتوانیت قسە بکەی، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز مولود محی الدین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئامادە بوونی حکومەت، وەزیر یان لایەنی پەیوەندیداری حکومی بـە یاسـاکەوە ئەگـەر تێبینـی هەبێ یان بۆچوونی هەبێ، یان رایەکی هەبێ بیخاتە بەردەست پەرلـەمان و ئەنـدامانی پەرلـەمان بێگومـان ئامادە ئەبێ بـۆ موناقەشـە کـردن و پێشـکەش کردنـی راکـەی، لـە غـەیری ئەمـە ئەگـەر پەرلـەمانتاران یـان پەرلەمان یان خۆشك و برایانی پەرلەمانتار بە وەزیر یـان لایـەنی پەیوەندیـدار بـە یاسـاکەوە بـە پێویسـت بزانن بە دڵنیایی ئامادە ئەبن و ئەوە تەنها بەسـتراوە بـەوە کـەوا جـەنابتان یـان پەرلـەمانتاران بفـەرموون، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، من وەکو باسم کرد بەرنامەی کاری پەرلەمان هەموو کاتێك چل و هەشت سەعات پێش کۆبوونـەوەی پەرلـەمان ئـەنێرین بـۆ حکومـەت وەزیرەکـانی حکومـەت ئەگـەر بـە پێویسـتی ئـەزانن بەشـدار بـن لـە گفتوگۆکـانی پەرلـەمان ئـەتوانن بـێن رای خۆیـان بڵـێین، بـەڵام لـە بـەر ئـەوەی پەرلـەمان خـۆی خـاوەنی دەسـەڵاتە لـە دەرکردنـی یاسـاکان مـولزەم نییـە پەرلـەمان بانگهێشـتی حکومـەت بکـات لـەم رووە و هـەر

ئەندامێكی تری پەرلەمانیش پرسیاری هەیە لە وەزیرەكانی حكومەت ئەتوانێ بە شێوەیەكی نووسراو ئاراستەی حكومەتی بكات، ئەندامانە پەرلەمان و فراكسیۆنەكانی پەرلەمانیش ئەتوانن داوای ئامادە بوونی وەزیرێكی دیاری كراو بكەن بۆ گفتوگۆ كردنی بابەتێكی دیاری كراو لە ناو هۆڵی پەرلەمان كە دیسانەوە ئەمەش بە پێی پەیڕەوە ڕێكخراوە، خاتوو شكریە اسماعیل فەرمو.

**بەڕێز شكریە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پاڵپشتی تەواوی قسەكانی دكتۆر فرست دەكەم بە ڕاستی زۆر پێویستە تا پەیڕەوی ناوخۆ هەموار دەكرێتەوە ئەمە بخرێتە دەنگدان هەر پەرلەمانتارێك لە بۆی نەبێت لە سێ خولەك زیاتر قسە بكات، چونكە بە ڕاستی ئەوانەی دەكەونە دواوە تا تەواو دەبێت، بێ تاقەت دەبین، یەعنی ناكرێ ئێمە ئەمە هەموو ڕۆژێ دووبارە بكرێتەوە، كەسانێك وتارێكمان بۆ بخوێننەوە لە كاتێكدا پێویست ناكات و كات بە فیڕۆ دەچێت، و سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، وا بزانم باسمان كرد، ئەگەر ئێوە ئەتانەوێ بە واژووی ئەندامانی پەرلەمان پرۆژەیەك پیشكەش بكەن ئەیخەینە دەنگەوە، دڵنیاتان ئەكەم ئەیخەینە دەنگەوە، خاتوو امنە؟ لیژنە پەیوەندیدارەكان تەواو بوون؟ بۆ ئەوەی بیخویننەوە و بیخەینە دەنگەوە، فەرموون.

**بەڕێز د. ڤاڵا فرید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دوای تاوتوێ كردنی ماددەی دوانزدە هەر سێ لیژنەی پەیوەندیدار گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە : زۆری پێشنیارەكان و ئەوەی كە داوا كرا بە رای هەر سێ لیژنەكە جێگای كراوەتەوە و ئەندامانی پەرلەمانیش دڵنیا دەكەینەوە ئەوەی كە جێگای ئێرە نییە ئەوا لە یاسای بودجە جیگیر دەكرێتن، بەشی پێنجەم، دابەش كردنی داهاتەكانی سەندووق ماددەی دوانزدەم، یەكەم، داهاتەكانی نەوت و گاز كە لە سەندووقدا دەسپێردرێن و بە پێی حوكمەكانی ئەم یاسایە وەرگیراون لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بە پێی مەرج و ستانداردی هاتوو لە یاسای نەوت و گازدا پاش تەرخانكردنی ئەم بڕانە لە بودجەی ساڵانە و پەسەند كردنی لە لایەن پەرلەمانەوە بەم شێوەی خوارەوە دابەش دەكرێت، یەك، دراو پێدانی بودجەی گشتی بە گوێرەی یاسای بودجەی گشتی ساڵانەی هەرێم، دوو، ژمێرەی سەندووقی نەوەكانی داهاتوو بە گوێرەی حوكمەكانی ماددەی یازدەمی ئەم یاسایە، سێ، دراو پێدانی وەزارەت پاش ڕەزامەندی ئەنجومەنی باڵای هەرێمی نەوت و گاز بۆ پاڵپشتی كردنی ژێرخانی ئابووری كەرتی نەوت و گاز لە هەرێمدا لە كاتی پێویستدا قەرەبوو كردنەوەی خاوەنی ئەو زەویانەی بۆ پرۆسەكانی نەوت و گاز تەرخان دەكرێن و قەرەبووكردنەوەی ئەو كەس و لایەن و مۆڵكانەی لە ئەنجامی پرۆسە نەوتی و گازییەكاندا زیانیان پێ دەگات، چوار، پاڵپشتی كردنی سەندووقی ژینگەی دامەزراو بە پێی ماددەی سی و

حەوت (٣٧) برگەی یەکەم خاڵی دەیەمی یاسای نەوت و گاز، پێنجەم، دراو پێدانی رێژەیەکی دیاری کراو لە داهاتی سەندووق بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی بە پێی یاسا رێك دەخرێت، شەش، دراو پێدانی رێژەیەکی دیاری کراو لە داهاتی سەندووق بۆ گەشە پێدانی ژێرخانی کشتۆکاڵ بە پێی یاسا رێك دەخرێت، حەوت، تەرخانکردنی بڕی دوو دۆلار بۆ هەر بەرمیلك نەوتی بەرهەم هاتوو وەك پترۆ دۆلار بۆ هەر قەزایەك کە نەوتی لێ دەردەهێندرێت، دووەم، لە سەرەتای نیوەی دووەمی هەر ساڵێکی رۆژ ژمێری وەك یەکی داهاتەکانی نەوت و گازی تەرخانکراو فیعلییەکانیش ژمێرەکانی سەندووق ئەنجام دەدرێت و ژمێرەکانی سەندووق لە سەر ئەم بنەمایە و بە پێی یاسا و پێڕەوەکانی و بنەماکانی ژمێریاری متمانە پێکراو لە هەرێمدا ئەنجام دەدرێت، چوارەم، دەستە بەرپرسیاریەتی خۆی بە پێی ئەو پرەنسیب و ستانداردانەی تایبەتن بە دەست پێشخەری شەفافییەت لە پێشەسازیدا دەرهێنراوەکانی هاتوو لە سەرچاوەی ناسراو پیادە دەکات و پێویستە شیاو و هاوتەریب بن لە گەڵ شێوازە هەرە باشەکانی پێشەسازییە نەوتیەکان، سێیەم، ببوورن سێیەم و چوارەم پاش و پێش دەخرێ، سێیەم، کارەکانی دەستە و ژمێرییەکانی سەندووق ملکەچ دەبن بۆ دیوانی چاودێری دارایی هەرێم.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

واتە دووەم حەزف کراو، بەڵێ، کێ لە گەڵ ماددەکەیە بەو شێوەیە کە خوێندرایەوە؟ شەست و نۆ (٦٩) کەس لە گەڵێیەتی، کێ دژیەتی؟ کەس نییە دژی بێت، کەواتە پەسەند کرا، ماددەی سیانزدەهەم، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەشی شەشەم، حوکمی کۆتایی ماددەی سێزدەم، ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە پەیڕەوێك بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسە هەیە لە سەر ئەم ماددەیە؟ خاتوو بەهار عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

تەنها سەرنجێکی بچووکم هەیە لە سەر دارشتنی ئەم ماددەیە کە لە ماددەی چوارەمیشدا هەمان شت هەیە دە دەڵێت ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە ئەو (بۆی هەیە) لابرێت، چونکە خۆی هەر لە ئەساسەوە (بۆی هەیە) و زیادەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەمان تێبینیە بۆی هەیە جیاوازیە دڤێتن ئیجابی بێــتن، كـو ئەنجومـەنێ وەزیـران پـەیڕەوێك دانـێتن بـۆ ئاسان جێبەجێ كرنا ئەڤە یاسایێ، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێركۆ فەرموو.

**بەڕێز شێركۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە لەبەرچاو گرتنی رابردوو لە هەر شوێنێك كارێكی وا هـەبووبێت بەڕاسـتی زۆر خـراپ بـەكارهێنراوە بـۆ نموونە لە یاسای ژمارە (٩)ی سـاڵی (٢٠١٢) یاسـای پێـدانی پلـەی زانسـتی بـۆ ئـەو كەسـانەی كـە لـە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا كاردەكەن، ببوورە دكتۆر گیان تەنها مەبەسـتم ئەوەیـە دەعمـی بۆچـوونەكەم بكـەم هیچی تر، لەوێش نووسراوە ئەنجومەنی وەزیران پەیڕەوێك بۆ جێبەجێ كردنی ئەم یاسایە دەردەكـات، لـە (٢٠١٢)ەوە تا ئێستا ئەنجومەنی وەزیران ئەم كارەی نەكردووە، بۆیە من جگە لەوەی وەكو دوو هاوڕێ وتیـان بۆی هەیە زیادەیە، ماوەیەك دیاری بكرێت یەعنی بەڕاستی ئەمە پێشینەیەكی خراپی هەیە هەمووجارێك بڵێین ئەنجومەنی وەزیران پەیڕەوێك دیاری دەكات و دوای (٤) ساڵ دەری نەكات، بۆیە من تكاتان لێ دەكەم ماوەیەكی زۆر كورت دابنێن، بۆئەوەی ئەو پەیڕە تێدا دەربكەوێت جا (٣) مانگە، (٢) مانگە، (٤) مانگە، ئەو هاوڕێیانە ڕەنگە باشتری لێ بزانن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕاتـان چـییە لەسـەر گفتوگۆكـانی ئەنـدامان؟ بـەڕێزان ئەنـدامانی لیژنـە پەیوەنـدیـدارەكان؟ دكتـۆرە بـەهار فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ناتوانین ماوە دیاری بكەین بۆ دەركردنی پەیڕەو، بەڵام دەتوانین بڵێین (پێویستە) لـەجیاتی ئـەوەی بڵێین بـۆی هەیـە، دەتـوانین بڵـێین (پێویسـتە) ئەنجومـەنی وەزیـران پـەیڕەوێك بـۆ ئاسـان جێبـەجێ كردنــی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەربكات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە ئیشكال دروست ناكات، كە دەركردنی پەیڕەو كە مەرج بێ بۆ جێبەجێ كردنـی یاسـاكە، ئـەوە ئیشـكال دروست دەكات پێم وابێت، جا ویسـتم دكتـۆر شـێركۆ هـەر ئـەو سـەرنجەت بـدەمێ، دەركردنـی پەیڕەوەكـە مەرج نییە بۆ جێبەجێ كردنی یاساكە لێرەدا، نوقتەی نیزامی لەكوێ؟، كاك ئومێد بەڵێ، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەك تێبینیەك هەیکەلی کارگێڕی سەندووق بە پەیڕەوێك دیاری دەکرێت، کە ئەنجومەنی وەزیران بە هەماهەنگی ماوەی (٣) مانگی دیاری کردووە، ئایا ئەوە چارەسەری ئەو کێشەیە ناکات؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوو شتی جیاوازە، پەیڕەوو کارگێڕی سەندووق، د. شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی جەنابت وتت تەنها بۆ ئەم یاسایەیە یان بۆ یاساکانی تریش؟ چونکە ئەگەر وابێ، ئەی کەواتە کە ئێمە پرسیار دەنێرین بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا و کۆی وەزارەتەکان جگە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا، دەڵێین بۆ ئەو یاسایە ژمارە نۆیە جێبەجێ ناکەن؟ دەڵێین تا ئێستا ئەنجومەنی وەزیران پەیڕەوی بۆ دەرنەکردووە؟، جا ئەگەر ئەوەی جەنابت دەیڵێی، کەواتە دەبێ بۆ ئەو یاسایەش ڕاست بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مەگەر یاساکە کردبیتێ بە مەرج بۆ جێبەجێ کردنی پێویست دەکات پەیڕەو دەربچێت، ئەگەرنا یاسا لەو ڕۆژەی کە ئیسدار دەبێ، کە لە وەقائیع بلاّو دەبێتەوە، یان لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ئەگەر یاساکە ئاماژەی پێدابێ جێبەجێ دەکرێت، واتە نابەسترێتەوە بە دەرکردنی پەیڕەو، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێزدەم:

ئەنجومەنی وەزیران پێڕەوێك بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵیەتی؟ ٥٣ کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ ٤ کەس دژیەتی، کەواتە پەسەند کرا، ماددەی چواردەم فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەیکەلی کارگێڕی سندووق بەپێی پەیڕەوێك دیاری دەکرێت کەوا ئەنجومەنی وەزیران بەهەماهەنگی و ڕاوێژ لەگەڵ ئەنجومەندا دەری دەکات ئەویش بە ماوەیەك کە نابێ لە (٣) مانگ لە ڕێکەوتی پێکهێنانی دەستە تێپەڕ نەکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ باشە.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف؟ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ماددەی (١٤) ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە (ایوب عبدالله- بەهار عبدالرحمن- بەهزاد دەروێش- شێرکۆ حەمە امین- عباس غزالی- ڤەمان فیصل).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ایوب فەرموو.

**بەڕێز ایوب عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەو (٣) مانگە بە کاتێکی زۆر دەزانم، کاتی خۆشی لە موناقەشەی ماددەی پێنجەمدا (٩٠) رۆژ دیاریکرابوو بۆ دیاریکردنی پاڵێوراوەکانی دەستەکە، بە ئامادەبوونی وەزارەتی پەیوەندیدار، ئێمە پێشنیارمان کرد ئەو (٩٠) رۆژە کەم بکرێتەوە، ئەوان پێیان باش نەبوو ئەو (٩٠) رۆژە دەستکاری بکرێت، لایان ئاسایی بوو ئەو (٩٠) رۆژەی ماددەی سێزدەهەم کەم بکرێتەوە، چونکە لەوێ (٩٠) رۆژ و لێرەش (٩٠) ئەوە (١٨٠) رۆژ دەکات، ئێمە (٣٠) رۆژە موناقەشەی ئەو یاسایەیە دەکەین و (٣٠) رۆژی تریشی دەوێ هەتا یاساکە بەرکار دەبێ، دەکاتە (٢٤٠) رۆژ، بۆیە وا بەباش دەزانم ئەو (٩٠) رۆژەی ئێرە بکرێتە (٤٥) رۆژ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چواردەهەم بە زیادی دەزانم، دەتوانن لەگەڵ ماددەی ئەو پەیڕەوەی ئەنجومەن دەریدەکات ئەم دەسەڵاتەشی جێبەجێ دەبێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو بەهار فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆچوونەکەی من بەڕێز کاك ایوب وتی، هەمان شتە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ڤەمان فەرموو.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەئیدە ئاخافتنێ کاك عباسی دەکەم، ژ بەرکو ڤێ یاسایێ دا هاتیە کو ڕێنمایی ژی هەنە، پەیڕەو ژی هەی، ژ بەر هەندێ پێتفی ماددەیەکە سەربەخۆ ناکات، دیارکرنە ڤێ هەیکەلێ ئیداریێ ئەڤێ دەستێ و، ژ بەر هەندێ ئەم پێتفی کو ئەو ماددەیە بێتە لادان و سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بەهزاد فەرمووو.

**بەڕێ. بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیریا ڤسەی کاك ایوبی دەکەین، ئەڤ (٣) مانگە ببێە (٤٥) ڕۆژ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی لە بۆچوونەکە کاك ایوب دەکەم، سەرنجێکی تریشم هەیە بەیانی لەگەڵ بەڕێز کاك د. شێرکۆ جودت باسم کرد، جگە لەو (٣) کەسەی کە لەبەردەم پەرلەماندا سوێند دەخۆن، ئەو بەڕێزانەی تر کە لەناو ئەو دەستیەدان فەرمانبەری دەوڵەتن لەهیچ شوێنێکی ئەو یاسایەدا باس نەکراوە، ئەگەر لادانیان هەبوو یاخود ئەوەی کە پێی دەوترێت سەرپێچی لە بواری ئیشەکەی خۆیاندا، جا بە هەر جۆرێك بوو، کێ موحاسەبەیان بکات؟ یەعنی ئەوانەی کە لە خوار ئەو (٣) کەسەوە، تەبعەن ئەو (٣) کەسە لێرە سوێند دەخۆن خۆشمان لێپرسینەویان لەگەڵ دەکەین، ئەی ئەوانی تر ئایا بە قانونی ئینزباتی مۆزەفی دە ولە حیسابیان لەگەڵ دەکرێت یاخود بە شتێکی تر؟، چونکە لێرە هیچ باس نەکراوە، بەبڕوای من ئەگەر لێرە جێی بکەینەوە بە ماددەیەکی تایبەتی ئەوە زۆر چاکە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرۆکایەتی لیژنەکان وەڵامتان چییە؟ بەڵێ د. ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی پەیوەندیدارە بە مۆزەفی ئەوە تەحسیل حاسڵە بەپێی (قانونی انضبط موظف الدولة ) تەسەروفی لەگەڵ دەکرێتن، ئەوەش پەیوەندیدارە بەو ماددەیە، لیژنە پەیوەندیدارەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە (٣) مانگەکە بکرێت بە (٤٥) ڕۆژ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ناکرێت ئەو دوو ماددەیە دەمج بکرێن، خاڵی یەك و خاڵی دوو بێ؟ یان ئەسڵەن هەر لە چوارچێوەی پەیڕەوەکەی ئەو تێبینیەی کە کاك ئومێد و کاك عباس و کاك ڤەمان باسیان کرد، لەچوارچێوەی ئەو ڕێنماییەی کە ئەو پەیڕەوەی کە ئەنجومەنی وەزیران دەری دەکات هەیکەلەکەش دیاری بکرێت، ئێستاش بیکەن بە بڕگەیەك، د. سراج فەرموو.

**بەڕێز د. سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماتول باسی سیاغە کردنەوەیە، بە ڕەئی من ئەو ماددەی دواتریش هەر دەکرێتن، لەبەرئەوەی باسی تەنزیم ئیداری دەکاتن، دەکرێت وەکو ماددەیەك لە پەیڕەوی ناوخۆی سەندووقەکە باس بکرێتن، لەبەرئەوەی ئەویش باس دەکات دەڵێت دەستە بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکردنی دەربکات، ئەگەر بکرێتن سیاغە بکرێتەوە ئەوەش هەر دەمج بکرێت لەگەڵ ئەوەی پێشووتر لەگەڵ ڕێنماییەکانی یان بڵێی لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەو سەندووقە باس بکرێتن، نەك لێرە بە ماددەیەکی تایبەت بکرێتن ئەوەش هەر ئێستا سیاغە بکرێتەوە پێم وابێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی کێشەکە لەوەیە، ئەمەیان لێرە دەستە دەری دەکات، ئەو ڕێنماییەی کە لە ماددەی چواردەم باسکراوە، بەڵام ئەوەی لە ماددەی سێزدەیەم و چواردەمدایە ئەنجومەنی وەزیران دەری دەکات.

**بەڕێز د. سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەستی من چییە ڕێنمایی دەرکردن دەستە دەری دەکات، بەڵام با لە پەیڕەوی ناوخۆی باس بکرێتن بڵێت دەستە بۆی هەیە ڕێنمایی دەربکاتن، نەك وەکو بەشێك لە یاساکە باس بکرێتن، دەکرێت لەناو پەیڕەوی ناوخۆ باس بکرێت، ئەوە پێشنیاری منە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گونجاوە، کاك تحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێزدە دەنگی لەسەر درا، نازانم دەکرێت بگەڕێینەوە سەری؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەکرێت ئێمە وەکو بڕگەیەکی تری ئیزافە بکرێت بۆ ئەو ماددەیە، یان ئیزافە بکرێتە سەر ئەو ماددەیە، کە دەنگمان لەسەری داوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە وەرگرتنی پێشنیاری بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بەو شێوەیە ماددەی چواردەم سیاغە کرایەوە، ماددەی چواردەم: هەیکەلی کارگێڕی سندووق بەپێی پەیڕەوێك دیاری دەکرێت لە ماوەیەك کە لە (٤٥) چل و پێنج ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێکهێنانی دەستە تێپەڕ نەکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵییەتی بەس پەیڕەوەکە کێ دەری دەکات؟ کێ لەگەڵییەتی بەوشێوەیەی کە خوێندرایەوە؟ ٥٧ کەس لەگەڵییەتی، کێ دژیەتی؟ کەس نییە دژی بێ، کەواتە پەسەندکرا، ماددەی پازدەم فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پازدەهەم:

دەستە بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە پاش پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەربکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە دکتۆر شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە بەشی پێنجەمدا شتێکمان باسکرد، ڕای لیژنەی یاسایی ئەوە بوو کە بکرێتە حوکمی کۆتایی سەبارەت بە کۆی ئەو داهاتانەی کە پێشتر دەرهێنراوە، ئێستا پێم وایە لێرەدا ئەمە جێی خۆیەتی ئەوە ئیزافە بکەین بەم دەقە، پێشنیاری ئەوە دەکەم کە دەنگدانی لەسەر بکەین، کە کۆی داهاتی نەوت و گاز کە پێش دەرکردنی ئەم یاسایە بەدیهاتوون، ئەم یاسایەی لەسەر پەیڕەو دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با گفتوگۆی لەسەر بکرێت، لەپێش ماددەی پازدەیەم و ئەو ماددەیە دابندرێت یان دوای ماددەی پازدەم؟، دەزانی ماددەی سێزدەهەم و چواردەهەم و پازدەیەم پەیوەندیدارە بە هەیکەل و ڕێنمایی، پەیڕەو و هەیکەل و ڕێنمایی، بۆیە ڕەنگە پەیوەندیدار بن بە یەکترەوە، ئەوەی کە جەنابت باسی دەکەی دەکرێت بخرێتە دوای ماددەی پازدەیەم، ئەگەر لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پەسەند کرا ، کە مەسەلەی کاتی دەستپێکردنی کارکردنە بەم یاسایە، ئەگەر ئەسەری ڕەجعی هەبێ ئەوەی تۆ پێشنیاری دەکەی، جارێ با ماددەی پازدەیەم  گفتوگۆ بکەین و دەنگی لەسەر بدەین، ئەوکاتە دەتوانین قسە لەسەر ئەو ماددەی تریش بکەین، کە ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان ڕایان لەسەر بوو زیاد بکرێت، ماددەی پازدە کێ قسەی لەسەر هەیە ؟ دکتۆرە ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە تەسەوری من پێویست ناکات پەسەندکردنی ئەنجومەنی وەزیرانی هەبێ، چونکە دووجار ئەو دەرفەتە دراوە یەعنی هەم لە دەرکردنی پەیڕەوەکە و دیاریکردنی هەیکەلەکە، دەستە بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. سراج فەرموو.

**بەڕێز د. سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕای من باسکردنی ئەم ماددەیە لەو یاسایەیە لێرە زیادە، چونکە پێشتر باس لە پەیڕەوی ناوخۆ دەکات بۆ ئەم سەندووقە، بۆیە دەکرێت ئەم بابەتە باسی تەنزیمی ئیداری دەکاتن بکرێتە بڕگەیەك یان ماددەیەك لەو پەیڕەوەی کە بۆ ئەم سەندووقە دادەنرێت، بۆیە من پێشنیاردەکەم بۆ لیژنەی یاسایی کە ئەگەر بکرێت نەقڵ بکرێت بۆ ئەو پەیڕەوە ناوخۆیەیەی کە سەندووقەکە دادەنرێتن، نەك لێرە باس بکرێت و ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە قسەکانی دکتۆرە ڕێواز دەکەم، لەڕاستیدا پرسیارەکەش ئەوەیە ئایا ئەم دەستەیەش موئەسەسەیەکی تری نییە لەناو هەرێمی کوردستان، بۆ نموونە پێویست دەکات بە ماددەیەك لە یاساکە بوترێت (بۆی هەیە ڕێنمایی دەربکات)، یەعنی مەبەستم ئەوەیە ئەوە تەحسیل حاسڵ نییە؟، هەموو موئەسەساتێك لە هەرێمی کوردستاندا خۆی دەتوانێ ڕێنمایی بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی یاساکانی دەربکات ئەمە خاڵێك، دووەمین لەڕاستیدا تێبینیەکی زمانەوانییە دیسان بۆی هەیە زیادەیە پێویست ناکات لەوی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من لەلایەن دکتۆرە ڕێواز دکتۆر شێرکۆ کرا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك ئومێد حەمە علی، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتیوانی د. ڕێواز و د. شێركۆ حەمە أمین دەكەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز مامۆستا مەولود باوە مراد، فەرموو.

**بەڕێز مولود محی الدين مراد/ وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پەیڕەو، یەعنی سیستەم، یەعنی نیزام، حەتمەن لە تەرجومە یەكێ لەوانە دانراوە، نیزام و لائیحە و قەرار، ئەوانە ئەو شتانەن كە مەرتەبەی سێیەمی یاسان، پاش دەستوور، پاش تەشریع، ئینجا دێینە سەر ئەوە كە ئەنجومەنی وەزیران دەری دەكات، ئایا ئەگەر ئەو صەلاحییاتانە بدەینە دەستە، من موجەڕەد پرسیارەكەم فەنی یە و هیچی تر، صەلاحییاتی دانانی سیستەم یان لائیحە بدەینە دەستەیەك دەبێ یان نابێ؟ سوپاس بۆ جەنابتان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، تەبعەن ئەو ماددەیە بۆیە لەوێدا دانراوە، بۆ ئەوەی دەركردنی ڕێنمایی لەلایەن دەستەوە دەبێ ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانی لەسەر بێ، ئەگەر نا، ئاساییە هەموو شوێنێك دەتوانێ ڕێنمایی دەربكات، بەس ئەگەر ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانی پێویست نەبێ، ئەو كاتە هەر پێویست ناكات ماددەكە، ڕای لیژنە پەیوەندیدارەكان چییە؟

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە ماددەیەكی تەنزیمی یە، لە زۆربەی یاساكان لە ئەحكامی خیتامی دا هەیە، بوونی هەیە ئەو ماددەیە، بەڵام ئەندامانی پەرلەمان هەندێك داوای مانەوەی دەكەن و هەندێكیش لەگەڵ هەڵگرتنیدان، بەڕێزتان دەتوانن بیدەنە دەنگدان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز د.شێركۆ، نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز د.شێركۆ حەمە أمین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

داوامان كرد ئەنجومەنی وەزیرانەكە لابرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاخر ئەگەر ئەنجومەنی وەزیرانەكە لاببەی، ئیتر ماددەكە پێویست ناكات، كێ لەگەڵ ئەوەیە ماددەكە لاببرێ؟ (١٧) كەس لەگەڵیەتی، كێ دژیەتی؟ (١٧) كەس دژیەتی، بەس ئەمجارە پێویستتان بە دەنگی من هەیە، بەڕاستی منیش لەڕووی تەنزیمییەوە پێموایە لاببرێ باشترە، كەواتە لادەچێت، بەڕێز د.شێركۆ جودت پێشنیاری ئەوە دەكات ماددەیەك زیاد بكرێ لێرە، بۆیە با بیخوێنێتەوە، با بزانین پێشنیارەكەی چییە؟

**بەڕێز د.شێركۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیەی كە پێشنیاری دەكەین، بۆ ئەوەیە ئەم سندووقە لە چییەوە دەست پێ بكات؟ بە مەعنای ئەوەی ئەگەر بڵێین لە صفرەوە دەست پێ بكات، واقیعی حاڵ صفر نییە ئێستا، ئێمە ئەوە دواكەوتووە، دەبوایە هەشت ساڵ لەمەوپێش كاری لەسەر بكرایە، لەبەر ئەوە پێویستە ئەم دەستەیە موراجەعەی بەیاناتی ڕابردوو بكات، بەوەی كە بزانێت ئێستا لە داهات و خەرجی نەوت عەجز هەیە، یان تەراكوم هەیە، ڕەقەمەكە دیاری بكات، بۆ ئەوەی سندووق لەو ڕەقەمەوە دەست پێ بكات، بۆیە پێویستە ئەم دێڕە بە پێشنیاری ئێمە تاوتوێ بكرێ، كۆی داهاتی نەوت و گاز كە پێش دەركردنی ئەم یاسایە بەدی هاتوون، ئەم یاسایەی لەسەر پەیڕەو دەكرێت، ئەوە مەعنای ئەوەیە ئەم دەستەیە بچێ لە قۆناغی ڕابردوودا، داهات و خەرجی بەراورد بكات، نوقتەی ئینتیلاق بۆ سندووقەكە دیاری بكات، لە ڕووی داهات و لە ڕووی كولفەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك گۆران ئازاد، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەرحێكی وا كراوە، پێموایە ئێستا هەر بیخەیە دەنگەوە، هەموو پەرلەمانی كوردستانی لەگەڵە، چونكە لە نەتیجەی ئەم مەوزووعە كە دەخرێتە دەنگدانەوە، بە حیسابی ئەوەی كێ لەگەڵ شەفافییەتە و كێ لەگەڵ شەفافییەت نییە؟ كێ لەگەڵ ئاشكرا كردنی داهاتی نەوتە؟ یاخود لەگەڵ نییە؟ ئومێد دەكەم تەفسیرەكە بەو شێوەیە نەبێت، من ڕەئی قانونی دەدەم، ئەم سندووقە تۆ مەسئولت كردووە بە كۆمەڵێك واجیبات و ئەركەوە، متمانەی پێ دەدەی لە دوای ئەوەی دەست بەكار دەبێت، كە تۆ لەم پەرلەمانە متمانەی پێ دەدەی و دەسەڵاتەكانیت بۆ دەستنیشان كردووە، ئەوەی لە ڕابردوو كراوە، بە ڕێنمایی كراوە لە ئەنجومەنی وەزیران، بە قانون كراوە، بە صەلاحییەت كراوە، ئیسلوبی خۆی هەبووە، ئەوانەی ڕابردوو ملكەچ بووین بۆ ڕەقابەی مالی، چاودێری مالی، چاودێری پەرلەمانی، لەبەر ئەوە ئێستا گریمان تۆ مولزەمی دەكەی بەوەی

بچێ بەڕابردوودا بچێ و هیچی دەست نەکەوت، یاخود دەڵێ تەواوە، تەواو نییە، لەبەر ئەوە یەعنی من چۆن تەماشای دەکەم لە ڕووی قانونی و مەسئولییەتەوە شتێکی نەگونجاوە، لە نەتیجەش پێتان باشە، دەکرێ قسەی لەسەر بکرێ و بیخەنە دەنگدان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ بەڕێز کاك علی حەمە صالح، فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی بۆچوونەکەی د. شێرکۆ دەکەم، نەك لەبەر ئەوەی بەشێکی پارەی نەوت خەرج کراوە، خەرج نەکراوە، یان ئەنجومەنی باڵای هەرێمیی نەوت و غاز، ئایا دەسەڵاتی ئەوەی هەبووە بە قانون ئەوانە صەرف بکات؟ یان نەیبووە بە قانون؟ تەئیدی دەکەم ئەگەر ئێستا پارەیەکی نەوت مابێت، ئایا نابێ بخرێتە ئەو سندووقەوە؟ ئەو پارەی کە ماوەتەوە، بۆیە بەبۆچوونی من ئەو ماددەیەی د.شێرکۆ وتی پێویستە، ئەی ئەگەر نابێ، ئەی لە کوێ بێت؟ دوو/ دیسانەوە ئەو پارانەش ئەگەر مەسەلەن قەرزاریشین لەسەری، وەکو قەرز هاتووە، دواتر ئەو تەصفیاتانە هەر دەبێ لە ڕێگای ئەو سندووقەوە بکرێت؟ بۆیە ئەو ماددە بە شتێکی باش دەزانم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، با لیژنەکان قسە بکەن مادام ئەوە پێشنیاری زیاد کردنی ماددەیەکە، با لیژنە پەیوەندیدارەکان قسە بکەن، دوایی دەیخەینە گفتوگۆی ئەندامانی پەرلەمانەوە، نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕێز و تەقدیر بۆ لیژنە پەیوەندیدارەکان، بە تایبەتیش لیژنەی موختەص، لیژنەی سامانە سروشتییەکان لەوێن، سەرنج و تێڕوانینی ئەندامانی پەرلەمان وەردەگرن، زۆرترین دەرفەت بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەم پرۆژە یاسایە لە ڕێگەی ڕاپۆرتەکانەوە بۆ لیژنەکان بووە، بە تایبەتیش سەرۆکی لیژنەکان، تۆ دێی لە حوکمە کۆتاییەکان دا بە بێ وەرگرتنی ڕای ئەندامان، سەرۆکی لیژنە لەسەر مینەصە ئەرکی ئەوەیە ڕای ئەندامانی پەرلەمان وەربگرێت، دێ بە بێ گفتوگۆ ماددەیەك تەرح دەکات کە ئیزافە بکرێ، پێموایە ئەوە جەدەلی پەیڕەوی هەڵدەگرێ، لەبەر ئەوە ئەم بابەتەی کە پەیوەندی بە ڕابردووەوە هەیە، ئێمە وەکو مامۆستا گۆران وتی (١٠٠٪) لەگەڵین، لە ڕابردووشدا شەڕی لەسەر کراوە ئەم بابەتە، ئەم کەیسە، بۆیە بۆ ئەوەی ئێمە شتێك نەبێت ببێتە باعیسی خستنی کاری سندووقەکەش، زۆر عەمەلی تر و زۆر مەیدانی تر ئیش لەسەر ئەم بابەتە بکەین، بەدیدی من لە جەدەلەکانی چەند مانگی ڕابردوومان دا لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەشێك لەم ئیشکالانە بووە کە نەمانتوانیوە وەکو پێویست مەبدەئێکی تەواو زانستی بگرینە بەر پەرلەمان و حکومەت بۆ چارەسەرکردنی مەلەفی نەوت و غاز و مەسەلەی داهات و سندووق،

بۆیە بەدیدی من لە ڕووی پەیڕەوی ناوخۆوە گونجاو نییە لەسەر مینەصە هەر سەرۆکی لیژنەیەک، سەرۆکایەتی لیژنە بە بێ گفتوگۆی ئەندامان تەرحی تازە بکات بۆ ئیزافە کردنی ماددەیەک، کاتێ کە گوێ لە ئەندامان نەگیرێ، کە لە ناو قاعەی پەرلەمانەوە پێشنیارێکی لەم بابەتە نەبێ، بەتایبەتیش ئێمە لە ڕووی عورفەوە تەرکیزمان کردۆتە سەر سێ پێشنیار بخرێتە دەنگدانەوە، لەبەر ئەوە هیوادارین کارێک بکرێ کە لە ڕووی مەبدەئەوە ئەوەی د.شێرکۆ دەیڵێ، (١٠٠٪) ڕاستە، دەبێ هەموو ئەو داهاتانەی هەبووە، هەیە، ئەم سندووقە سەرچاوەکانی لەوێ کۆ بکرێتەوە، ئەوەی کاک علی حەمە صالحیش دەیڵێ، دەکرێ لە ڕێگەی لیژنەوە بەدواداچوون بکرێ لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و غاز لەوێوە ئەوە ئیزافە بکرێ، کارێک نەکەین ئێمە نەتیجەیەک بکەوێتەوە لە نەتیجەی ئەم یاسایە، کە تا ئێستا زۆر زۆر باش هاتووە، کە یەکی سندووقەکە بخرێ، بە تەنها لەو تێڕوانینەوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز د.عزت صابر، فەرموو.

**بەڕێز د.عزت صابر إسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دوایین ڕاپۆرتی تا (١٢/٣١/ ٢٠١٣) داوە بە پەرلەمان، لە پەیجی خۆی بڵاوی کردۆتەوە، ئەنجومەنی وەزیران موصادەقەی لەسەر کردووە، بۆیە لە ڕاستی ئەوە کاری ئێمەی پەرلەمانتار و لیژنە پەیوەندیدارەکانە تەدقیق بکەین لەو حیساباتانە بە پێی کۆمپانیای گەورەی نێودەوڵەتی وەکو (EITI)، بۆ ئەوەی لە ڕاست و دروستی ئەو خەرجییانە دڵنیابین، بۆیە عەمەلی دەبێ ئەم سندووقە لە ڕۆژی دروست کردنی سندووقەکەوە داهاتی نەوت چەندە؟ یەکسەر نەچێتە هیچ حیسابێکەوە، هیچ بانکێکی ئەهلییەوە، هیچ بانکێکی حکومییەوە بێتە ناو ئەو سندووقەوە، لەو ڕۆژەوە ڕەصیدی سندووق، لەو ڕۆژەوە بێت کە پەسند دەکرێت، ئەوە بە کارێکی عەمەلی دەبینین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د.بەهار محمود، فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی پێشنیارەکەی کاک د.شێرکۆ جودت دەکەم، ئەگەر سەرۆکی لیژنەش نەبێ، ئەندامی پەرلەمانە، پێشنیارەکەشی لە ڕووی یاساییەوە جێکردنەوەی لە ناو یاساکەدا هیچ ڕێگرێکی یاسایی نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باش، بەڕێز د.ڤالا، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕووی یاساییەوە تەنها تێبینیمان هەیە لەسەر پێشنیارەکە، ئەویش ئەوەیە یاساکان دەبێ خۆیان لە ئەسەری ڕەجعی بپارێزن، ئەوە لەلایەك، لەلایەکی تر هەموو ئەو تەعلیمات و ئەو کارانەی کە وەزارەت کردوویەتی، وەکو بەڕێز د.عزت ئیشارەتی پێ دا، ئەو کارانە هەمووی ڕێکخراون، ئەسەری ڕەجعی پێدان بەو یاسایە واتا ئیبتاڵ کردنەوەی هەموو ئەو تەعلیمات و ئەو کارانەی کە لەلایەن جیهەتی پەیوەندیدارەوە کراوە، بۆیە ئەوە کێشەی لە دوو دێت لە ڕووی یاساییەوە، تکایە ئەو پێشنیارە لە ڕووی یاساییەوە مولاحەزاتی لەسەرە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز کاك گۆران ئازاد، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی بۆچوونەکان تەفسیری هەڵەی بۆ نەکرێ، هاوڕێیانم لە لیژنەی نەزاهە لێرە ئامادەن، لە کۆبوونەوەی حەفتەی ڕابردوو ئەو تەرحەی من کردم، کە داوا بکەین لە سەرۆکایەتی پەرلەمان عەقدێك لەگەڵ دوو شەریکەی نێودەوڵەتی کە تەدقیق لە داهات دەکەین، داوا بکەین پەرلەمان بودجەیەك صەرف بکات، بۆ ئەوەی تەدقیق لە وردەکاری کۆی داهاتی هەرێمی کوردستان بکەین، ئەوە برادەران لێرە شاهێدن ئەو تەرحەمان کرد، ئەوەی من دەیڵێم، ئەوەی کاك علی دەیڵێ، ئەوەی کاك د. شێرکۆ دەیڵێ دوو شتی جیاوازە، ئەگەر بڕیارە بڵێین کۆی ئەو داهاتەی ئێستا ماوە، هەیە لە هەرێمی کوردستان، لە پرۆسەی نەوتی ئینتاج کراوە دەبێ بچێتە ئەو سندووقە، بەسەرچاو، ئەوە شتێکە، بەڵام تۆ دێی داهاتی نەوتی هاتووە و صەرف کراوە، بۆ گەرمیان صەرف کراوە، بۆ مەناتیقی تر صەرف کراوە، بۆ پرۆژەی تر صەرف کراوە، ئیتر بە هەر جۆرێ، بەهەدەر دراون، نازانم چی، تۆ دێی ئەرکێکی پێ دەسپێری، سەر ئێشەیەکی بۆ دروست دەکەی کە لەوانەیە ئاسان نەبێ بگاتە بن بەستی، بەڵام ئەگەر بڵێی ئێستا پارەی نەوتی لە پرۆسەی ئێستا دوای پەسندکردنی ئەم یاسایە، کۆی ئەو پارەیە دەچێتە ناو ئەم سندووقە، ئەوە شتێکە واردە، لەدوای دەست بەکاربوونی ئەم سندووقە نابێ هیچ کەسێك صەلاحییەتی صەرفی پارە و جەمعی پارەی لابێ ئیللا ئەو سندووقە، بەسەرچاو، بەڵام تۆ ئەرکێکی تری پێ دەسپێری، من دڵنیام کۆسپێکی بۆ دروست دەکەن، ئەگەر نا هەموومان لەگەڵ مەبدەئی شەفافییەتین و پشتیوانی لێ دەکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د. شێرکۆ جودت، فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی کە ئێمە لێرە کردمان، دیارە ڕەئی خۆم نییە، هەرچەند وەکو پەرلەمانتار بۆم هەیە ڕەئی خۆم دەربڕم، بەڵام پێشنیاری چەند پەرلەمانتارێکی تریش بوو، لە ماددەی (٥)دا بە موشاوەرە لەگەڵ لیژنەی یاسایی وترا بخرێتە ماددەی (٦) و ئەحکامی کۆتایی، کە یەکێکیان د. شێرکۆ حەمە أمین بوو، کە باسی ئەسەری ڕەجعی کرد لە موراجەعەی ئەو ماددەیەدا، ئەوەی کە ئێمە باسی دەکەین ئەوە نییە کە بچێت یەعنی کۆسپ دروست بێت بۆ ئەو دەستەیە، بە پێچەوانەوە، ئێمە دەمانەوێ ئەم دەستەیە بەرچاوی ڕوون بێ لە کوێ وە دەست پێ بکات؟ یەعنی ئێستا لەو ڕۆژەی کە لە وەقائیع بڵاو دەکرێتەوە، ئەم دەستەیە بڵێ لە کوێوە دەست پێ دەکەم؟ لە کوێوە دەست پێ بکات؟ لە تاریخی ئینتاج و بەرهەمی نەوتی و گازی لە هەرێمی کوردستان؟ لە دوای وەقائیعەوە، ئەی باشە ئەو قۆناغی ڕابردوو زیادی هەیە؟ کەمی هەیە؟ عەجزمان هەیە، ئێستا ئێمە داتامان لایە عەجزمان هەیە، داتامان لایە کە قەرزارین، داتامان لایە کە کەم و کورتی هەیە، ئەی نابێ ئەم سندووقە خەمی بخوا؟ بۆ ئەوەی کە لە یادی بێ، بزانێ کە ئەوە عەجز هەیە، کەم و کورتی هەیە، دەبێ تەرخان کردنی بۆ بکات لەبەر ئەوەی ئیشی سندووقەکە ئەوەیە، لەبەر ئەوە لە ڕووی عیلمییەوە، لە ڕووی میهەنییەوە بە تەصەوری من زۆر زەرووره نوقتەی (إبتداء) وازیحە بکرێ، لە ڕوانگەی خەرجی و داهاتی ڕابردوو، نەك ئەوەی کە پارەیە بۆ گەرمیان یان بۆ شوێنێك صەرف کراوە، بچێ بیکێشێتەوە، چونکە ئەوە ڕۆیشتووە تازە، بەڵام دەبێ نوقتەی ئیبتیدائەکە دائین و مەدین لە یەك دەربکات، کە ئەوە مەوزووعێکی حیسابی یە، لە ڕووی یاساییشەوە ئەگەر ئیقتیزائی عەمەلی و عیلمی و واقیعی شتێك ئیقتیزا بکات، تەکیفی یاسایی ئاسانە بۆی بکرێ بە تەصەوری من، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، کێ قسەی تری هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ دەبێ ڕوون بکرێتەوە ماددەکە چییە؟ تکایە جارێکی تر بێخوێنەوە، بۆ ئەوەی جارێ هەر لە ڕووی مەبدەئییەوە بیخەینە دەنگەوە، کە ئایا ماددە زیاد بکرێ یان نا؟ دوایی داڕشتنی ماددەکەش دەخەینە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە پێشنیار کرا بۆ دیاری کردنی خاڵی دەستپێکردن لە ڕووی داهات و خەرجییەوە بۆ ئەم دەستەیە، دێڕەکە ئەوەیە:

کۆی داهاتی نەوت و گاز کە پێش دەرکردنی ئەم یاسایە بەدی هاتوون، ئەم یاسایەی لەسەر پەیڕەو دەکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د. ڕێواز، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بیری كاك د.شێركۆی دەخەمەوە، كە بە بەردەوامی ئەو دەڵێ ئیشی ئەو سندووقە تەوسیق و تەدقیق و ئیدارەیە، یەعنی تۆمار دەكات و وردبینی دەكات و بەڕێوە دەبات، پارەیەك كە خەرج كرابێ لە ڕابردوودا چۆن تۆمار دەكرێ؟ چۆن بەڕێوەبردنی تێدا دەكرێ؟ یەك عەمەلییەی تێدا دەكرێ كە عەمەلییەی تەدقیقی یە، تەواو، باشە، ئەوە صفر كردنەوەی جوهدی هەموو ئەو دامەزراوانەیە كە لە هەشت، نۆ ساڵی ڕابردوودا ئیشی تەدقیقیان كردووە، كردوویانە، نەیانكردووە؟ ئەوە قسەیەكی ترە، خولی (٣)ی پەرلەمان پێش ئێمە بووە، خولی (٢)ش هەبووە، دیوانی چاودێری داراییش هەر حزووری هەبووە، من كێشەم لەسەر ئەوە نییە، دەگەڕێمەوە سەر قسەكەی كاك گۆران، یەعنی تەصویرەكە وا نەكرێ كە ئەوانەی كە دەڵێن نابێ، ئەوە ئەوانەن كە دژی شەفافییەتین، ئەوانەی كە دەڵێن با ببێ، دژی شەفافییەت نین، ئەم ماددەیە ماددەیەكی مردووە، لەبەر ئەوەی تۆ موئەسەسەیەك ڕادەسپێری ئیش لەسەر (عدم) بكات، لە كۆبوونەوەكەمان لەگەڵ حكومەت دا ئەو لەحزەیە من ئەو پرسیارەم كرد، وتم ئێستا هیچ پارەمان هەیە هی شیر ینی؟ یان مولْكانە؟ یان ژینگە؟ یان هەر پارەیەكی تر، پارەی نەوت بێ؟ لە كۆبوونەوەكەدا پێیان وتین/ ئێستا ئێمە یەك سەنتمان نییە، لەبەر ئەوەی هەموویمان وەرگرتووە و خەرجمان كردووە، كەواتە لەگەڵی بی لە ڕووی مەبدەئی و ئەخلاقییەوە، من تەصەور ناكەم ئەندام پەرلەمانی هیچ فراكسیۆنێك هەبێ لە ڕووی ئەخلاقییەوە لەگەڵ ئەوە نەبێت تەدقیق لە ڕابردوو بكرێ، بەڵام لە ڕووی عەمەلییەوە با ئەم پرسیارە لە خۆمان بكەین، واریدە موئەسەسەیەك ڕابسپێری پێداچوونەوە بە كاری ئەو موئەسەساتانە بكات كە لە ڕابردوودا بە گوێرەی قانون، بە گوێرەی تەعلیمات ئەو حەقەیان پێ دراوە؟ یەعنی پرسیارە، من دەمەوێ جوابەكەیم دەست بكەوێ بۆ ئەوەی دەنگ بە ماددەكە بدەم، بەڕەئی من وەكو قانونییەك، یەعنی ئەگەر لێم بپرسی مەبدەئی (عدم رجعیة أثر القانون)، مەبدەئی ئەصلە لە قەوانینی عیراقی و نیزامی تەشریعی عیراقی دا، گەڕانەوە بۆ ڕابردوو ئیستیسنائە، ئیستیسنائیش دەبێ موبەریراتی هەبێ، موبەریراتی ئیستیسنائەكە بە قوەتتر بوو لە ئەصڵەكە، بۆ ئەوەی وازیح بێ، بۆ ئەوەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ڕوئیەیان دیار بێ، مەبەستی سەرەكی هەمووشمان جێبەجێ كردنی یاساكەیە، یەعنی خەمە گەورەكە ئەوەیە وەكو كاك سالاریش وتی، دانانی ماددەیەك كە لە ئەصڵ دا جێبەجێ كردنی موستەحیلە، ببێتە موبەریر بۆ جێبەجێ نەكردنی ئەو ماددانەشی كە لە ئەصڵ دا جێبەجێ كردنیان ئاسانە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د. شێركۆ جودت، فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

من بە کیتابی ڕەسمی لەلامە کە ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی بەدەر کردووە لە هەموو ڕەقابەیەکی مالی، دوای ئەوەی کە ئێمە داوامان کرد کە دیوانی چاودێری دارایی تەدقیقی بەیاناتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بکات، دیوانی چاودێری دارایی بە کتابی ڕەسمی جوابییان داینەتەوە، دەڵێ/ وا ئێستا دەست پێ دەکەین بە تەدقیق، یەعنی مانگێک لەمەوپێش، لەبەر ئەوە ئێمە باسمان لەوە نییە لەسەر ئەساسی گومانە، یان لەسەر ئەساسی هەر چ نەزرەیەکی ترە، باسمان لە سیستەمە، ئەم سیستەمە ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین کە ئەو تەدقیقەی جەنابت وتت د. ڕێواز، کە داهات و خەرجی بەراورد بکرێت، ئەوەی کە کراوە، ئەوەی کە واقیع حالە، داهات و خەرجییەکە بەراورد بکرێ، بۆ ئەوەی ئەو سندووقە بزانێ ئەگەر قەرزارە چۆن خەمی بخوات؟ ئەگەر عەجزی هەیە با لەبەر چاوی دا بێ ئەوە عەجزە، نەك لە صفرەوە دەست پێ بکات، چونکە صفر یەعنی عەجزی نییە، دوو ڕۆژی تر داوای پارەی لێ کرا دەڵێ پێشتر من ئاگادار نیم کە ئەوە عەجزە یان قەرزە، بەس ئەگەر پێی بوترێت تۆ ئەوەندە عەجزت هەیە، ئەوەندە قەرزت هەیە لە داهات و خەرجی نەوت، ئەو کاتە ئەو دەستەیە بەرچاوی ڕوون دەبێ، لە حاڵەتی زیادە و ئەرباحیش دا بە هەمان شێوە، بۆیە دیاری کردنی نوقتەی ئیبتیدا لە بوعدە تەدقیقییەکەیەوە ڕوو دەدات، کە ئەم داهاتە، ئەم خەرجییە تەرح دەکرێ لە یەکتری، نەتیجەیەك دەدا بە دەستەوە، ئەم دەستەیە دەزانێ چۆن ئیش بکات؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە بۆ کورتی ناکەنەوە لە تەدقیق؟ دەزانی ڕای خۆتان بڵێن، چونکە دەیخەمە دەنگەوە، دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمان ئەو پرسە یەکلایی دەکاتەوە، د. ڤالا، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فريد إبراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تکا دەکەم، تۆ دەستەکە مەسئول دەبێ بە پێی ئەو پێشنیارە لەسەر کارێك کە خۆی بەرپرس نییە ئیللا لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە نەبێ، واتا لە ڕۆژی دامەزراندنی بەرپرسە لەسەر ئەو کارانە، بەرپرسی دەکەی بۆ ئەنجامدانی کارێك، مەسئولییەتێك دەخەیە ئەستۆی کە ئەو کارەکانی ئەنجام نەدا، ئەوە بەرپرسیارێتییەکی قانونییە دەکەوێتە ئەستۆی دەستەکە، تکایە ئەندامانی پەرلەمان ئاگاداربن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، ئێستا جارێ هەر مەبدەئەکە دەخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ماددەیەك زیاد بکرێ و ئەسەری ڕەجعی بدات بە دەستەکە لە هەندێك ڕووەوە، کە دوایی دارشتنەکەی دیاری دەکەین، کێ لەگەڵ ئەوەیە ماددەکە زیاد بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ (٢٨) کەس لەگەڵدایە زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی

بـەرز بكاتـەوە؟ (٢٩) كـەس لەگەڵـدا نييـە، زۆر سـوپاس، كەواتـە پەسـند نـەكرا، تكايـە مـاددەى دواى ئـەوە بخوێننـەوە.

**بەڕێز د.ڤالآ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ماددەى پازدەم:

كار بە هيچ ياسايەك؟، يان دەقێك، يان بڕيارێكى ناكۆك لەگەڵ حوكمەكانى ئەم ياسايەدا ناكرێت.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

كێ قسەى هەيە لەسەر ئەم ماددەيە؟ كەس نييە، ئێستا دەيخەمە دەنگدانـەوە، كـێ لەگەڵدايـە دەسـتى بـەرز بكاتـەوە؟ (٥١) كـەس لەگەڵدايـە، زۆر سـوپاس، كـێ لەگەڵـدا نييـە كـەس نييـە لەگەڵـدا نـەبێ، زۆر سـوپاس، كەواتە پەسند كرا، ماددەى دواى ئەو.

**بەڕێز د.ڤالآ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ماددەى شازدەم:

ئەم ياسايە لە ڕێكەوتى بلاًوبوونەوەى لە ڕۆژنامەى فەرمى (وەقايعى كوردستان)دا جێبەجێ دەكرێت.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

كێ قسەى هەيە لەسەر ئەم ماددەيە؟ كەس نييە، ئێستا دەيخەمە دەنگدانـەوە، كـێ لەگەڵدايـە دەسـتى بـەرز بكاتەوە؟ (٦٠) كەس لەگەڵدايـە، زۆر سـوپاس، كـێ لەگەڵـدا نييـە؟ كـەس نييـە لەگەڵـدا نـەبێ، زۆر سـوپاس، كەواتە پەسند كرا، لە راپۆرتەكەدا هۆيـەكانى دەرچـوواندنى تيـا نييـە، تكايـە صـياغەيەكى بكـەن، فـەرموو بيخوێنەوە.

**بەڕێز د.ڤالآ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

**هۆيەكانى دەرچوواندن**

بە مەبەستى بە دامەزراوەيى كردنى كەرتى نـەوت و گـاز لـە هـەرێمى كوردسـتان كـە بـە شـێوەيەك بێـت و داهاتەكانى پرۆسەى نەوت بە باشترين شێوە كۆ بكرێتەوەو پشتيوانى گەشەى ئـابوورى هـەرێمى كوردسـتان بێت، ئەم ياسايە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

كێ قسەى هەيە لەسەر هۆيەكانى دەرچوواندن؟ بەڵێ بەڕێز دكتۆر شێركۆ جەودەت فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە، کۆی یاساکە هەموومان کۆکین لەسەر ئەوەی کە هەنگاوێکی گرنگە بەرەو شەفافیەت، کەلیمەی شەفافیەتی بۆ تیا نەبێت؟ چ زەرەرێك دەگەیەنێت؟ ئێمە تەرحمان کرد، پەرلەمانتاران هەندێکیان تەرحیان کرد، بۆ لادەبرێت نازانم؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هۆیەکانی دەرچوواندن**

بە مەبەستی بە دامەزراوەیی کردنی کەرتی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان کە بە شێوەیەك بێت و داهاتەکانی پرۆسەی نەوت بە باشترین شێوە کۆ بکرێتەوەو پشتیوانی شەفافیەت و گەشەی ئابووری هەرێمی کوردستان بێت، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە کێ قسەی هەیە لەسەر هۆیەکانی دەرچوواندن ئەوەی کە خوێندرایەوە؟ کەس نییە، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (٦١) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە کەس نییە لەگەڵدا نەبێ، زۆر سوپاس، کەواتە پەسند کرا، کۆی یاساکە دەخەمە دەنگدانەوە بەو شێوەیەی کە ماددەکانی پەسند کران، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (٦١) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە (١) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، کەواتە پەسند کرا، پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان دەکەین بەبۆنەی دەرچوونی ئەم یاسایە، بەڕاستی وەکو لە هۆیەکانی دەرچوواندن باس کرا بوو، ئەم یاسایە هەنگاوێکی زۆر گرنگە بۆ بە دامەزراوەیی کردنی کەرتی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان بۆ هێنانە کایەوەی شەفافیەتی زیاتر لەم کەرتە، بەلآم گرنگ جێ بەجێ کردنییەتی، ئێوە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لەو رۆژەی ئەم یاسایە دەرواتە بواری جێ بەجێ کردنەوەو لە وەقائیعی کوردستان بلآو دەبێتەوە، ئەرکی سەرشانتانە کە بە وردی موتابەعەی جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە بکەن، زۆر سوپاس، سوپاسی لیژنە پەیوەندیدارەکان دەکەین، لیژنەی دارایی، لیژنەی وزەو سەرچاوە سروشتییەکان، لیژنەی یاسایی، کە زۆر هیلاك بوون لەگەڵ ئەم پرۆژە یاسایە، دەتوانن بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆتان، تەنها لیژنەی یاسایی بمێننەوە، چونکە برگەیەکی ترمان پەیوەندیدار دەبێت بە ئەوان، ئێستا دەچینە سەر برگەی دووەم لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان کە بریتییە لە دەنگدان لەسەر متمانەدان و سوێند خواردنی

یاسایی بەڕێز (غازی سعید سلیمان) بۆ پۆستی وەزیری هەرێم، بەپێی بڕگەی چوارەم لە ماددەی (٥٦) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمووارکراو.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

ئێوە دەزانن لە ماوەی رابردوو پرۆژە یاسایەکمان لە پەرلەمانی کوردستان پەسند کرد بۆ هەمواری یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بەپێی ئەو یاسایە وەزیرێکی هەرێم زیاد کرا بۆ کابینەی حکومەت، بەر مەبنای ئەوە ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراوێك داوای ئەوەیان لە ئێمە کردووە لە پەرلەمانی کوردستان کە متمانە بە کاندیدی بەڕێز (غازی سعید سلیمان) بدرێت بۆ پۆستی وەزیری هەرێم لەسەر میلاکی ئەنجومەنی وەزیران، بۆیە لە پێشدا ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە کە کێ لە ئەندامانی پەرلەمان متمانە دەدات بە بەڕێز (غازی سعید سلیمان)و، ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان متمانەیاندا بە بەڕێز (غازی سعید سلیمان)دا، ئەو کات بەڕێزیان سوێندی یاسایی دەخوات، بۆیە ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە بەڕێز (غازی سعید سلیمان) متمانە وەربگرێت بۆ پۆستی وەزیری هەرێم لەسەر میلاکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەستی بەرز بکاتەوە؟ (٥٦) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە (٢) لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، کەواتە پەسند کرا، پیرۆزبایی لێ دەکەین و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین لە کارەکەی، ئێستا داوا لە بەڕێزیان دەکەین کە بفەرموون بۆ سوێند خواردن.

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، ئێوەش هەڵستنە سەر پێ بۆ ئەنجامدانی مەراسیمی سوێند خواردنی بەڕێز (غازی سعید سلیمان) وەك وەزیری هەرێم لەسەر میلاکی ئەنجومەنی وەزیران.

**بەڕێز غازی سعید سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان.**

من (غازی سعید سلیمان) وەزیری هەرێم، بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و، رێز لە یاسا بگرم و، بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموون، بەڕێز کاك گۆران نوفتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو کارەی کە پەیوەستە بە لیژنەی یاسایی خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاساکانە، داوا لە ئەندامانی پەرلەمان دەکەین دەنگ بدەن بۆ پاش و پێش خستنی بڕگەکە، بۆ ئەوەی خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاساکان بێتە پێشەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پێشنیارێك هەیە بۆ ئاڵوگۆڕ كردنی بڕگەی چوارەم و سێیەم لە بەرنامەی كاری ئەمڕۆ، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە كە ئاڵوگۆڕ لەنێوان بڕگەی چوارەم و سێیەمدا ئەنجام بدرێت و خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە بڕیارەكان بكرێتە بڕگەی سێیەم دەستی بەرز بكاتەوە؟ (٤٥) كەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە كەس نییە لەگەڵدا نەبێ، زۆر سوپاس، كەواتە پەسند كرا، فەرموون سەرۆكایەتی لیژنەی یاسایی بۆ خوێندنەوەی یەكەم بۆ ئەو دوو پرۆژە بڕیارە.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژە بڕیاری بە پارێزگاری كردنی شاری كۆیە لە هەرێمی كوردستان، كە لە پێنج ماددەو هۆیەكانی پێویست پێكهاتووە، لەلایەن ئەم بەڕێزانە واژوو كراوە:

١-گۆران ئازاد محمد.

٢- عباس فتاح صالح.

٣- ئاواز شێخ جەنگی.

٤- ڤەمان فیصل سلیم.

٥- عبدالرحمن علی رضا.

٦- فائق مصطفی رسول.

٧- سعید محمد سیعد.

٨- بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی.

٩- بەهزاد دەروێش دەروێش.

١٠- تەلار لطیف محمد.

١١- خلف احمد معروف.

١٢- صالح فقێ محمد امین.

١٣- د.عزت صابر اسماعیل.

١٤-د.شێركۆ حەمە امین.

١٥- قارەمان قادر فتاح.

١٦- پەری صالح حمید.

١٧- قادر ئۆتمان رسول.

داواكارم لە بەڕێزتان ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار بكرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پرۆژە بڕیارە ئاراستەی هەردوو لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆیی پەرلەمانی کوردستان دەکرێت، سەرەڕای گشت ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە بڕیاری قەرەبوو کردنەوەی شەهیدو بریندارانی خۆپیشاندانەکانی (١٧)ی شوبات ساڵی ٢٠١١ و رۆژانی دوایی، کە لە حەوت مادده پێکهاتووە لەگەڵ هۆیەکانی پێویستی یاساکە، لەلایەن ئەم بەڕێزانەوە واژوو کراوە:

١-بیستون فائق محمد.

٢- برزۆ مجید عبداللە.

٣- ئومێد حەمە علی.

٤- فائق مصطفی رسول.

٥- عبدالرحمن علی رضا.

٦- محمود حاجی عمر.

٧- ایوب عبداللە اسماعیل.

٨- سالار محمود مراد.

٩- رابون توفیق معروف.

١٠- بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی.

١١- زانا عبدالرحمن عبداللە.

١٢- شوان شێخ احمد.

١٣- د.شێرکۆ حەمە امین.

داواکارم لە بەڕێزتان ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار بکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پرۆژە بڕیارە ئاراستەی هەردوو لیژنەکانی یاسایی و شەهیدان و لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستان دەکرێت، سەرەڕای گشت ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، زۆر سوپاس بۆ لیژنەی یاسایی فەرموون دەتوانن بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆتان.

بەڕێزان، ئێستا دەچینە سەر بڕگەی چوارەم لە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان.............

برگەی چوارەم لە بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان بریتییە لە دانان و ئاڵوگۆڕكردنی هەندێك لە ئەندامانی لیژنە هەمیشەییەكانی پەرلەمانی كوردستان، بەپێی ماددەی (٤٤) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) هەموار كراو، ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان وازنامەیان نووسیوە بۆ بەڕێز سكرتێری پەرلەمان، وازنامەكانیان پەسەند كراوە، هەندێكیان داوا دەكەن بڕۆنە سەر لیژنەكانی تری پەرلەمان یان ئاڵوگۆڕ لە لیژنەكانیان دا ئەنجام بدرێ، وازنامەكانیان پەسەند كراوە، دانانیان لە لیژنەكان پێویستی بەڕەزامەندی ئێوەی بەڕێز هەیە، بۆیە یەك بە یەك بەڕێز سكرتێری پەرلەمان دەیخوێنێتەوە و دەیخەینە دەنگەوە، فەرمووو.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف(سكرتێری پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ زیاتر كاراكردن و ڕێكخستنەوەی كاروباری لیژنە هەمیشەییەكانی پەرلەمانی كوردستان داواكاری كۆمەڵێك لە ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز لەبەردەست دایە كە ئێستا یەك بە یەك ناوەكانیان دەخوێنینەوە بۆ بەردەم بەڕێزتان، پەرلەمانتاری بەڕێز (تەلار لطیف محمد) داوا دەكات لە لیژنەی كاروباری كۆمەڵگای مەدەنی دابندرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ئەوەیە كە بەڕێز خاتوو (تەلار لطیف محمد) لە لیژنەی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی دەست بەكاربێت؟

(٥١) كەس لەگەڵیەتی، كێ دژیەتی؟ (٦) كەس دژیەتی، كەواتە پەسەند كرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف(سكرتێری پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز (عمر صالح عمر) داوا دەكات بۆ لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هونەر.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ئەوەیە كە بەڕێز (عمر صالح عمر) لە لیژنەی رۆژشنبیری و راگەیاندن وهونەر دەست بەكار بێت؟.

(٥٧) كەس لەگەڵیەتی، كێ دژیەتی؟ كەس نییە، كەواتە پەسەند كرا. فەرمووو.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف(سكرتێری پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز (سهراب میكائیل رێكانی) بۆ لیژنەی تەندروستی و ژینگە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ئەوەیە كە بەڕێز (سهراب میكائیل ڕێكانی) لە لیژنـەی تەندروسـتی و ژینگـە دەسـت بـەكار بـێ؟ (٥٤) كەس لەگەڵیەتی، كێ دژیەتی؟ (٤) كەس دژیەتی، كەواتە پەسەند كرا، فەرموو.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف(سكرتێری پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز (گەشە دارا حفید) بۆ لیژنەی كاروباری یاسایی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كـێ لەگـەڵ ئەوەیـە كـە خـاتوو (گەشـە دارا) لـە لیژنـەی كاروبـاری یاسـایی دەسـت بـەكار بـێ؟ (٦١) كـەس لەگەڵیەتی، كێ دژیەتی؟ كەس نییە كەواتە پەسەند كرا، فەرموو.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف(سكرتێری پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز (كنعان نجم الدین/حاجی كاروان) بۆ لیژنەی كاروباری پەرلەمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ئەوەیە كە بەڕێز (كنعان نجم الدین ناسـراو بـە حـاجی كـاروان) لـە لیژنـەی كاروبـاری پەرلـەمان دەست بەكاربێ؟ (٥٧) كەس لەگەڵیەتی، كێ دژیەتی؟ (١) كەس دژیەتی، كەواتە پەسەند كرا، فەرموو.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف(سكرتێری پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز (جودت جرجیس) بۆ كاروباری پەرلەمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ئەوەیە كە بەڕێز (جودت جرجیس) لە لیژنەی كاروباری پەرلەمان دەسـت بـەكاربێ؟ (٥١) كـەس لەگەڵیەتی، كێ دژیەتی، كەس نییە، كەواتە پەسەند كرا، فەرموو.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف(سكرتێری پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز (محمد سعدالدین) بۆ لیژنەی بازرگانی و مافی بەكابەر.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ئەوەیە كە بەڕێز (محمد سعدالدین) لە لیژنەی بازرگانی و مافی بەكاربەر دەسـت بـەكاربێ؟ (٥١) كەس لەگەڵیەتی، كێ دژیەتی؟ كەس نییە، كەواتە پەسەند كرا، لیژنەی تەندروستی ژمارەی ئەندامـەكانتان چەند كەسە؟ بە كاك سهرابەوە دەبن بە حەوت كەس؟ كەواتـە دەتـوانین، خـاتوو (شـكریە اسماعیـل دەسـت لەكاردەكێشێتەوە لـە لیژنـەی كاروبـاری پەرلـەمان، بـا تـەدقیقی تیـا بكـەین دوایـی، خـاتوو شـرین نوقتـەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جێگا هەیە لە لیژنەی تەندروستی ئێمە (٨) کەسین با بەخێر بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا، کێشە لەوە نییە، کێشە لەوەیە ئایا لە لیژنەی کاروباری پەرلەمان دەست لەکاردەکێشێتەوە یان نا؟ ئایا فراکسیۆنەکەی ڕازییە لەسەر ئەوە یان نا؟ دەزانی خۆی ڕەزامەندی فراکسیۆن لێرەدا داوا نەکراوە، بەڵام بۆ ئەوەی موشاوەرەی زیاتر لەگەڵ فراکسیۆنەکەی خۆت بکەی من داوا دەکەم کە بخرێتە دانیشتنێکی تر، خاتوو شکریە ئیسرار دەکات بیخەینە دەنگەوە، خاتوو شکریە ئیستقالەکەی پەسەند کرا لە لیژنەی کاروباری پەرلەمان، داوا دەکات کە بچێتە لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە، کێ لەگەڵیەتی؟ (٥٣) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ (٢) کەس دژیەتی، کەواتە پەسەند کرا، باشە نوقتە نیزامیەکەتان دەبینم، کاك مەردان نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز مەردان خدر مصگفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دووجارە داوای دەست لەکارکێشانەوە لە لیژنەی وەرزش و لاوان دەکەم، تکایە قبوڵی بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە دەچیتە چ لیژنەیەکەوە؟ فەرموو.

**بەڕێز مەردان خدر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێ هێشتا دیاری نەکردووە، دوایی دیاری دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە سوپاس، کاك رابوون فەرموو.

**بەڕێز رابوون مەعروف توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەفروزە ئەندامانی پەرلەمان هەریەکەیان لە دوو لیژنە ئەندام بن، بەشێك لە لیجانەکان کێشەی کەمی ئەندامەکانیان هەیە، بۆیە داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان و سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم، تەئکید لەوە بکەنەوە کە هەر ئەندامێك لە دوو لیژنە لە لیژنەکانی پەرلەمان ئەندام بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە سوپاس، خاتوو بەهار فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەیەكی كاتی لە خولی تەشریعی پێشوودا پێكهێنرا بۆ بەجینۆسایدی ناساندنی شنگال، لەبەرئەوەی لیژنەیەكەی هەمیشەیی هەیە، پێچەوانە دەردەچێ لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆ، بۆیە داوا دەكەم ئەو لیژنە كاتییە لابردرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە ئەوە دەخەینە بەرنامەی كاری دانیشتنەكانی داهاتووی پەرلەمان، خاتوو كەژاڵ فەرموو.

**بەڕێز كەژاڵ هادی فەقێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی داكۆكی كردن لە مافەكانی ئافرەتان ئەندامی كەمە، ئەگەر هەر ئەندامێك دەست لەو لیژنە بكێشێتەوە، لیژنە هەڵدەوەشێتەوە، بەرپرسیاریەتی ئەو لیژنەیە دەكەوێتە بە دەرەجە یەك سەر فراكسیۆنەكان، دوایی دەكەوێتە سەر سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان، ئەگەر لەم خولەدا ئەم لیژنەیە تووشی ئەم حاڵەتە بێ و هەڵ بوەشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، هیواردام ئافرەتانی پەرلەمان ئاگایان لەو بۆچوونەی خاتوو كەژاڵ بێ، لیژنەكە لەناو پەرلەمان لە لێواری هەڵوەشاندنەوەدایە، بۆیە پێویست دەكات تەقویەی بكەن و دەعمی بكەن و ببنە ئەندام لەو لیژنەیە، خاتوو حەیات فەرموو.

**بەڕێز حیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە ڕەئیەكەی خاتوو كەژاڵ دەكەم، ئەگەر بكرێ لە فراكسیۆنەكانی تر هاوكارمان بن لەوەی چەند ئەندامێكی تر بێتە ناو لیژنەكەمان سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان یاداشتێكمان بەدەست گەیشتووە جگە لە بیرۆكەكەی بەڕێز كاك سالار كە ئێستا دەرفەتی دەدەینێ بیخوێنێتەوە، یاداشتێكیشمان بەدەست گەیشتووە كە لەلایەن (١٢) ئەندامی پەرلەمانەوە واژوو كراوە، داوا دەكەن كە لە دانیشتنەكانی داهاتووی پەرلەمان تا پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان پەسەند دەكرێ موداخەلەی ئەندامانی پەرلەمان لە سێ خولەك زیاتر نەبێ، دەیخەینە دەنگەوە كێ لەگەڵ ئەوەیە كە گفتوگۆی ئەندامانی پەرلەمان و ڕای ئەندامانی پەرلەمان لە سێ خولەك زیاتر نەبێ لە كاتی گفتوگۆ كردن لەسەر پرۆژە یاساكان و ئەو بابەتانەی كە گفتوگۆیان لەسەر دەكرێ لە پەرلەمانی كوردستان، (٤٩) كەس لەگەڵیەتی، كێ دژیەتی؟ (٩) كەس دژیەتی، كەواتە پەسەند كرا، ئێستا داوا لە بەڕێز كاك سالار دەكەین كە بفەرمووێت بۆ خوێندنەوەی بیرۆكەكەی، كاك قارەمان نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەحدید کردنی سێ دەقیقەکە یەعنی پەیوەندی هەیە بە مەسەلەی بودجەوە؟ لەکاتی گفتوگۆ کردن لەسەر بودجە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو کاتە دەتوانین ڕێکی بخەین لەکاتی وتوێژ کردن لەسەر بودجە، ئێمە پەیڕەوی ناوخۆمان هەموار نەکردووە تەنها گفتوگۆکان ڕێك دەخەین لەناو هۆڵی پەرلەمان لە کاتی گفتوگۆ کردند سێ دەقە ئەندامانی پەرلەمان قسە دەکەن، پێویست ناکات وابزانم ئەوەندە نوقتە نیزامیە، خاتوو شرین فەرموو.

**بەڕێز شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر گۆڕانکاری ئەندامە بەڕێزەکان بۆ ناو لیژنەکان، ئەگەر لەڕێگەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە لە وێبسایتی پەرلەمان ئاگادار بکرێین لە گۆڕانکاریەکان، چونکە سەرچاوەیە بۆ ئەندامە بەڕێزەکان، زۆربەی جار ئێمە ئاگاداری نین تەلەفۆن بۆ ئێمە دێت لە لیستی کۆنە نەگۆڕاوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، کاك سالار بیرۆکەکەت بخوێنەوە فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە، ڕاستە کۆتایی جەلسەیە و هیوادارم ئەندامانی بەڕێز حەوسەڵەی شەش، حەوت دەقیقەیەکیان هەبێ، چونکە پێموایە مەسەلەکە گرنگە.

بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، بەڕێزان لیژنەی هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، بابەت/بیرۆکە لە بارەی ئەنجومەنی گشتی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڕێزان بە مەبەستی بەشداری کردن لە کۆبوونەوەکانی خولی بیست و هەشتەمی ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤی نێودەوڵەتی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لەلایەن ڕێکخراوی ئاشتی مافەکانی مرۆڤ لە جنێف، بەندە وەك سەرۆکی لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی میوانداری کرام، لە کۆبوونەوەکانی ڕۆژانی (٢٥_ ٢٧ / ئازار) بەشداربووم، لەم بەشداری کردنەدا چەندین بابەت و پرسی گرنگ وەك ئەرکی یاسایی و بەرپرسیاریەتی هاتوونەتە پێشەوە و بە پێویستی دەزانم بەوردی پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دوای بەرچاو ڕوونی ئامادەکاری تەواوی بۆ بکەن، پێشەکی، لە دانیشتنی ڕۆژی (٢٧ / ئازار) ی ئەنجومەن دا پرۆژە بڕیاری لێکۆڵینەوە لەو تاوانانەی کە لەلایەن بەناو دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شامدا (داعش) ئەنجامی داون لە عیراق داو پێشکەش کردنی هاوکاری هونەری و سەرخستنی تواناکانی مافی مرۆڤ لەسەر بنەمای ئەو پێشێلکاریانەی داعش و گروپە هاوکارەکانیان

ئەنجامیان داوە لە بەندی (١٠)ی بەرنامەی کاری دانیشتندا خرایە ڕوو، بە بێ ئەوەی بخرێتە دەنگدانەوە پەسەند کرا، لەبەرئەوەی هیچ یەکێك لە ئەندامانی ئەنجومەن ڕازی نەبوون لەسەر پرۆژەکە و ناوەڕۆکەکەی، ناوەڕۆکی بڕیارەکەی ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ لە چوار ئاستدا پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە، هەرچەندە خودی بڕیارەکەش لە چوار خاڵی سەرەکی دا خراوەتەڕوو، یەکەم/ ئەو پێشێلکاریانە و هەموو جۆرەکانی توندوتیژی دەرهەق بە کەسەکان ئەنجام دراون لە عیراقدا، لەسەر بنەمای جیاوازی پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینی، لەگەڵ هێرش کردنە سەر خەڵکانی مەدەنی بە تایبەتی ژن و منداڵ لەلایەن داعشەوە لەم بەشەدا پێویستە، أ/ دەسەڵاتە گشتیەکانی هەرێمی کوردستان باشتر پرسی تاوانی دەرهەق بە پێکهاتەی ئێزیدی بە تایبەتی و پێکهاتە ئیتنیکی و ئایینیەکانی تریش وەك کەیسێکی گەرم ببەنە پێشەوە و کاری جدی لەسەری بکەن لە ئاستی نەتەوە یەکگرتووەکان بە تایبەتی و کۆمەڵی نێودەوڵەتی بە گشتی، ب/ پرسی ژنانی ئێزیدی لەلایەن داعش و دابڕانیان لە کەسوکاریان و ئەنجامدانی توندوتیژی بەرامبەریان، هەروەها کوشتن و جیاکردنەوەی منداڵ لە دایك و باوك و زیندانی کردنیان بە پشت بەستن بەخاڵی یەکەمی بڕیارەکەی ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ دەرفەت دەڕەخسێنێ بۆ بەوردی و بەدوورودرێژی ئەم تاوانە دەگمەنانە تۆمار بکرێن لە ئەنجنداکانی ئەنجومەنەکە و ڕاپۆرتە نێودەوڵەتیەکان، چونکە تاوانەکان بەردەوامن و پێویستە تۆمار و تەوسیق بکرێن تاوانە نوێیەکانیش بەهەمان شێوە، دووەم/ حکومەتی عیراقی لەسەریەتی و ڕاسپێردراوە لێکۆڵینەوە بکات لەو هەموو ئەو زیادەڕەوی و پێشێلکاریانەی مافەکانی مرۆڤ کە ئەنجام دراون، لەگەڵ پێشێلکاریەکانی یاسای نێودەوڵەتی و مرۆیی (قانون الدولی الانسانی) سەبارەت بە یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی بە پەیڕەوی ڕێککەوتنامەی جنێف، مەبەست لەو یاسایانەیە کە دەبێ لە حاڵەتی جەنگ دا ڕەچاو و پەیڕەو بکرێن، لەوانە بۆ نموونە پاراستنی خەڵکی مەدەنی و سڤیل، پاراستنی ناوەندە خزمەتگوزاریەکانی وەك خەستەخانە و ئەو دەزگایانەی خزمەتگوزاری گشتی پێشکەش دەکەن لەگەڵ چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ دیل و برینداەرەکانی جەنگ، هەرێمی کوردستان لەم بڕگەیەدا پێویستە بە وردی کار لەسەر ئەو پێشێلکاری و تاوانانە بکات کە دەچنە ئەم خانە و ئەم ئاستەوە، لەسەر هەرێمی کوردستان پێویستە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عیراق بکات بۆ ئەم مەبەستەش نوێنەرایەتی هەرێم لە بەغدا و نوێنەرانی کورد لەناو حکومەتی ئیتحادی هۆشیاریان بدرێتێ، چونکە خەڵکان و لایەنی تریش لەڕێگەی کۆمسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ (مفوضیة الامم المتحدة السامیة لحقوق الانسان) سکاڵا و ڕاپۆرت پێشکەش دەکەن بە مەبەستی تۆمارکردنی پێشێلکاریەکان، بۆ نموونە حەشدی شەعبی لەو هێزانەیە تۆمەتبار دەکرێ بە تاوانی مەترسیدار دەرهەق بە خەڵکی مەدەنی، لەم ڕووەوە پێویستە، أ/ دەست کردن بە دانانی پلانێکی خێرا بۆ چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ ناوەڕۆکی بڕیاری ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ، هەروەها ئامادەکردنی ڕاپۆرتی تایبەت بە هەرێمی کوردستان و وەرگێڕانی ڕاپۆرتەکە بۆ سەر زمانە جیهانییە فەرمییەکان، ئەمەش بەجیا لەگەڵ ڕاپۆرتی عیراق بگەیەنرێتە نوێنەرانی وڵاتانی ئەندامی ئەنجومەنەکانی

مافی مرۆڤ، ب/ پێکەوە حکومەتی فیدراڵی عیراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەماهەنگی بکەن بۆ نووسینی ئەو ڕاپۆرتەی کە پێویستە ئامادە بکرێت و لەمانگی (٩) ئەمساڵدا پێشکەشی ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ بکرێ لە خولی سیهەمین، ڕاستە عیراق ئەندامە لە نەتەوە یەکرگرتووەکان، بەڕێزان پێگەی هەرێم لە چوارچێوەی دیاری کراوی خۆیدا پێویستە تەماشا بکرێ، بەڵام تا ئەم ساتەوەختە نوێنەرایەتی هەرێم و فەرمانگەی پەیوەندیەکان و ناوەندی پەیوەندار لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان لەم مەیدانەدا زۆر بەلاوازی ڕۆڵیان دەبینرێت، یان هەر نابینرێ، پێویستە پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەم گرفتە بەدواداچوون بکات.

٣.بۆ خولی (٣٠)هەمین کە بڕیارە لە مانگی ئەیلول (٢٠١٥)دا ببەسترێت هەرێمی کوردستان شاندێکی تایبەتمەندی پسپۆر ئامادە بکات بە مەبەستی بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن و ئەنجامدانی چەند چالاکییەك سەبارەت بە پێشێلکاریەکانی داعش دەرهەق بە خەڵکی کوردستان و ڕوونکردنەوەی بارودۆخی ئاوارەکان و پەناهەندە لە هەرێمی کوردستان و دەرخستنی ئاستی پێویست بە هاناوە هاتنیان لە پاڵ خراپی ڕەوشیان، لە هەموو ڕووەکانی ژیان و گوزەرانەوە بۆ ئەم مەبەستەش لە دوو کەناڵەوە کارکردن پێویستە:

ا. لە ڕێگەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە ئامادەکاری بکرێت بۆ بەشداری کردنی کاراو هەماهەنگ لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی .

ب. لەگەڵ چەند ڕێکخراوێکی کۆمەڵی مەدەنی لە ئاستی هەرێم و دەرەوەی کوردستان هەماهەنگی راستەو خۆ بکرێت بە مەبەستی باشتر گەیاندنی پەیام و مەبەستەکان، بە تایبەت لە هۆڵ و ژوورەکانی تری ئەنجومەن و سازدانی پەناڵ و پۆرگ کۆری جۆراوجۆر تایبەت بە ئامانجەکە، چونکە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەوانەی متمانەی ئەنتەرناشیناڵیان بە دەست هێناوە دەتوانن بە سانایی بچنە ئەنجومەنەکانی مافی مرۆڤ و ڕۆڵ ببینن، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان من (٢) دەقەم ماوە، بەڵام (٢) نموونە ئەهێنمەوە بەعسییەکانی عێراق ئێستاکە لەو ئەنجومەنە ڕۆڵی گەورە ئەبینن لە پەناڵ و هۆڵە جیاجیاکان لە یەکێك لە ژوورەکاندا، کە بەشداریمان کرد لە کۆبوونەوەکدا بۆ عەرزی ئینتها کاتی حقوقی ئینسان لە عێراق زیاد لە شەش سەفیری عێراقی سەردەمی سەدام حسینی لێبوو بە ناوی ڕێکخراوی موجتەمەعی مەدەنییەوە هاتبوون ڕێپۆرتی خۆیان پێشکەش ئەکرد بە ئاراستەیەك دەعمی داعش بکەن، دژی هێزە سیاسییەکانی عێراق و کوردستانیش بن، هەروەها نەبوونی ئەو چالاکوانانەی کۆمەڵی مەدەنی لە ئاستی نێو دەوڵەتیدا لە هەرێمی کوردستان گرفتێکە کە عێراق بۆی دروست کردووین ناتوانن باج بەرن و بچنە ژوورەوە بەشداری لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن و هۆڵە جیاجیاکاندا بکەن، ئەمە پێویستە بە جدی دیراسە بکرێ .

٤. دوا خاڵ بڕیارەکان هانی کۆمەڵی نێودەوڵەتی دەدات بە هاوکاری زیاتری وڵاتان بە پێشکەش کردنی پێداویستی مافەکانی مرۆڤ بە تایبەتی بۆ ئەوانەی کە لە جێگای خۆیان هەڵکەنراون، هەروەها گرتنەوەی

رێو شوێنی پێویست بۆ پاراستنی گۆڕە بە کۆمەڵەکان، کە لەسەر دەستی داعش ئەنجامدراون، لەمڕۆوەشـەوە کۆمسیۆنی نەتـەوە یـەکگرتووەکان کـە بـە پێـی بریـارەە دیـاریکراوە راپـۆرتی نووسـراو پێشکەشـی خـولی سێهەمینی ئەنجومەنەکە بکات سەبارەت بە هەنگاوەکان لەم بوارەدا، بەر لە کۆتایی ئەم پرۆسەیە لە ئێستەوە کاری دەوێت، وەك بەشێك لە گرتنەبەری رێو شوێنی پێویست لە ئاستی نێودەوڵەتی هەر چەندە چەندین هەنگاوی ترمان ماوە لە ئاستی ناوخۆیدا کاری لەسەر بکرێت، بەڵام بۆ ئاستی نیو دەوڵەتی بە تایبەتی ئەنجومەنەکانی ماڤی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان کە بارەگای لە جنێڤە ناوەندێکی هەرە کاریگەرو گرنگە، پێویستە تا مانگی (٨)ی ئەمسالْ راپۆرتی عێراق ئامادەو تەواو کرابێت بۆ ئێمەش گرنگە ئەم خاڵانەی سەرەوە بە میکانیزمێکی دروست و پیشەیی کاری لەسەر بکرێت، تەوسیق کردن و بڕیاردانی نوێ لەسەر تاوانەکانی داعش و ناساندنی کەیسی یەزیدیەکان لە ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ ئەم ناوەندە گرنگەی نێو دەوڵەتی بریارو راسپاردەکانیان کاریگەری راستەوخۆی لەسەر رای گشتی کۆمەڵی نێو دەوڵەتی هەیە، بۆیە ئێستاو ئایندەی هەرێمی کوردستان لە کۆتاییدا دەمەوێ ئەوە روون بکەمەوە بەندە بەشێکی زۆر لە ڕاپۆرت و نووسراو، راسپاردەکانی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە رەوشی مافەکانی مرۆڤ لە ئاکامی تاوانەکانی داعش لە کوردستان و رەوشی ئاوارەو تاوانەکانی شنگال و ئێزیدیەکان و پێکهاتەکانی تریشی گەیاندە ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ لە رێگەی کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤی نێو دەوڵەتییەوە بە تایبەتی ڕاپۆرتی نووسراوەکانی لیژنە هەمیشەیی و پەیوەندیدارەکان لەوانە لیژنەی ماڤی مرۆڤ، و بەرێز لیژنەی داکۆکی کردن لە ماڤی ژنان، لیژنەی پێشمەرگەوشەهیدان وجینۆساید، لیژنەی ناوخۆو ئەنجومەنە خۆ جێیەکان، لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی، راپۆرتێکی بەرێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمان بۆ ئەم مەبەستەش بەرێز (ظافر حوسینی) مفەوەزیەی سامی نیودەوڵەتی هاوکارێکی زۆر سەرەکیمان بوو، هەروەها زۆر چالاکوانی مەدەنی (هۆگر چەتۆ ) چالاکانە هاوکارو یارمەتیدەر بوو لەگەڵ ئەم ڕاپۆرتەی بە سەرۆکایەتی بەرێز پەرلەمانی دەکەم دەقی بریاری ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ هاوپێچەو، سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان فەرموو جەنابت ئەتوانی بگەڕێیتە شوێنی خۆت بەرێز کاك سالار ئێوە ئەزانن سەرەتای ئەو کارەساتەی کە بەسەر براو خوشکە ئێزیدیەکانمان هاتووە لە ناوچەی شنگال، هەروەها پێکهاتەکانی تری هەرێمی کوردستان تورکمان مەسیحیەکان لەو توونڕو تیژیانەی رووبەرووبیان بۆتەوە کە هەندێکیان گەیشتۆتە ئاستی جینۆساید و هەندێکی تریشیان بۆ ئەوەی وەك تاوانەکانی جەنگ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، پەرلەمانی کوردستان دەست بەکار بووە بە تایبەتی لیژنەی ماڤی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستان لەمروە دەست بەکار بووە، لیژنەیەکی کاتیشمان دروست کرد، بەڵام لەسەر داوای خۆشتان بوو، دوو جار لەسەر داوای خۆتان بوو جارێکیان لە راسپاردەی ئەو کۆبوونەوە نا ئاساییەی کە ئەنجامماندا لەسەر رووداوەکانی شنگال یەکێك لەراسپاردەکانی خۆتان دەنگتان لەسەریدا، بریتی بوو لە دروست کردنی

ئەو لیژنە کاتییە، بە هەمان شێوە جارێکی تر خۆتان بۆ ئەم راسپاردەیە ئیمزاتان کۆکردبوویەوە، واژووتان کۆکردبوویەوە، بۆ ئەوەی ئەو لیژنەیە دروست بکەین، بەڵام پێم وابێت ئەو لیژنەیە زەرورەتێکی ئەو تۆی نەبێ، بۆیە هەر دەست بەکاریش نەبووە، لەبەر ئەوەی لیژنەی شەهیدان و جینۆساید ئەتوانێ لەم بوارە کار بکات بە هەمان شێوە لەسەردانمان بۆ لاهای ئێمە وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکی لیژنەی مافەکانی مرۆڤ، نوێنەری پێکهاتە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان سەردانی دادگای رۆمامان کردو لە لایەن سەرۆکی لیژنەی مافەکانی مرۆڤ و نوێنەری پێکهاتەکان لەوێ لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی ببورن نەك دادگای رۆما کە بەپێی نیزامی رۆما دامەزراوە، لەوێ سکاڵای یاسایی تۆمار کراوە وە سکاڵاکە وەرگیراوە، ئەوە یەکەم کەیسی هەرێمی کوردستانە یەکەم کەیسی کوردە کە لەو دادگایە یەکەم کەیسی کوردستانە بە شێوەیەکی گشتی کە لەو دادگایە دایە، سکاڵاکەی وەردەگیرێ تا ئێستا موتابەعە دەکەن، لەگەڵ لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان لەمرۆوە، سەبارەت بە جینۆساید ناساندنی کەیسی شنگال، ناوچەکانی تری کوردستان لە راستیدا لەسەر داخوازی پسپۆرانی ئەم بوارە لە پەرلەمانی کوردستان داوایان کرد کە ئێمە هەنگاو نەنێین لەمرۆوە بۆ ئەوەی کەیسەکە بە نێو دەوڵەتی بکەین، لەو سەردانەشی کە وەفدی پەرلەمان چووە دادگای باڵای تاوانەکانی نێو دەوڵەتی هەر دیسانەوە ئەوەیان لێ جەخت کردنەوە لەسەر ئاستی ناوخۆ هەنگاو نەنێن، بەڵام ئێمە وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی رابردوو نامەیەکمان ئاراستەی بەرێز سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ کردووە بۆ ئەوەی لە رێگای پرۆژە یاسایەکەوە، چونکە جەنابی مافی ئەوەیان هەیە پرۆژە یاسا پێشکەش بە نوێنەرانی عێراق بکا، پرۆژە یاسایەك پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بکا بۆ ئەوەی عێراق ببێ بە ئەندام لە نیزامی رۆما، لەو رێگایەوە دادگایی تاوانی نێو دەوڵەتی دەست کراوەتر بێ لەدواداچوونی ئەم کەیسە، سەردانی بەرێز سالار محمود وەکو سەرۆکی لیژنەی کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی بۆ ئەو کۆنفرانسەی کە ئەنجومەنی گشتی مافەکانی مرۆڤ لە جنێف ئەنجامیدا، هەنگاوێکی تری کردەیی گرنگە لەم ڕووەوە کە جێگای دەست خۆشیە رەنگە قسە پێم وابێت ئەندامانی لیژنەکە قسەیان لەسەر ئەم بابەتە هەبێ، بەڵام هیچ کێشەیەك نییە ئەندامێکی پەرلەمان لەم ڕووەوە بەشدار بێت و بیروبۆچوونەکانی هەرێمی کوردستان بگەیەنێ بۆیە سوپاسی هەموو لایەك دەکەین، لەمرۆوە بەشدار بوون لە بەجینۆساید ناساندنی ئەم کەیسە.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو بەهار فەرموو.

**بەرێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەبارەت خستنە رووی بیرۆکە دوو سەرنجم هەیە، بۆیە خستیشمە دوای بیرۆکەکەی کاك سالار، چونکە مەبەستم بوو بیخوێنێتەوە، چونکە یەکەم: هەموو پەرلەمانتارێك مافی خۆیەتی بەپێی پەیرەو بیرۆکەی هەبوو بیخاتە ڕوو سەرنجەکەم ئەوەیە:

١. ئێمە بەپێی ئەوە کە خۆمـان لـە پەرلـەمان وتمـان ئـەبێ (٤٨) سـەعات پـێش ئـەوە هـەر کەسـێ بیرۆکـەی هەبوو پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی بکات .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشکەش کرابوو پێشکەشی بەرێز سکرتێری پەرلەمان کرا بوو. خاتوو بەهار فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەواتە من پرسیارەکەم لێرە ئەوەیە پێم وایە کە نادادپەروەریەك هەیـە لـەوە، چـونکە مـن خـۆم سـەرەتای خولی تەشریعی بیرۆکەم پێشکەشی سەرۆکایەتی کراوە، هیچ کاتێـك مـەجالم نـەدراوە لـە خـولی (پێشـوو و ئێستاش) بیرۆکەم بخەمە روو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو امنە فەرموو.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شـاندەکێ پەرلـەمانێ کوردسـتانێ کـو ب سـەرۆکاتیا جێگـرێ پەرلـەمانی بـۆ مـاوێ دوو رۆژا مـە سـەرەدانا دەڤەرا شنگال و زومار و سنوورێن وان کر ب راستی دڤێ سەرەدانێ دگەلّ ئیدارە و خەلّك و پێشـمەرگەهێن قەهرەمان و فەرماندەیێن پێشمەرگەها مـە روینشـتنێن جودا جودا ئەنجامـدان، هـەر دزڤرینـا مـە و پـاش سەرەدانا مە لیژنەیەك یا هاتیە پێك ئینان کو راپۆرتا سـەرەدانا خـۆ بنڤیسـن، لێ مخابن حـەتا نووکـە ئـەڤ لیژنە دەست بکار نەبوویە پتر ئێك مانگ ژ سەرەدانا مە دەرباز بوو، داخازێ ژ جەنابێ تە دکەم کـو لیـژنێ راسپاریتن بۆ هندێ کو ب زویترین وەخت بچیت، چونکی خەلّك چاڤەرێ ئەنجامێن سـەرەدانێن پەرلـەمانێ کوردستانێ دکەت بۆ دەڤەرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

داواکارییەکێ بە جێیە، داوا لەو لیژنەیە ئەکەین کە راسپێدراون راپۆرتەکە ئامادە بکەن بـە زووتـرین کـات راپۆرتی خۆیان پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلـەمان بکـەن بـۆ ئـەوەی دابەشـی بکـەین بـە سـەر ئەنـدامانی پەرلەمان، هەر لێرەوە ئەمەوێ ئەوە بخەمە روو ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان، ئێوە کە وەکو شاند سەردانی شـوێنەکانی تـر ئەکـەن، شـوێنەکانی تـری نـاو هـەرێمی کوردسـتان، دەرەوەی هـەرێمی کوردسـتان، ناوچـە جێناکوکـەکان و یـان دەرەوەی هـەرێم پێویسـتە لـە دوای گەڕانـەوەتان راپـۆرت پێشـکەش بـە سـەرۆکایەتی پەرلەمان بکەن بۆ ئەوەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەم لە پەیوەندییـەکانی پەرلـەمان تەوسـیقی بکـات و لـە هەمان کاتیشدا دابەشی بکات بە سەر ئەندامانی پەرلەمان، ئەندامانی پەرلەمان هـەموویان ئاگـادار بـن لـەو رێ و شـوێنە دیبلوماسـی و ئـەو سـەردان و پەیوەندییانـەی کـە لیژنـە پەیوەندیـدارەکان و سـەرۆکایەتی و تەنانـەت ئەندامانی پەرلەمان پێ هەلّئەستن، بەرێز دکتۆر ابراهیم سمۆ فەرموو.

**بەرێز د. ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

دڤێت دوو تشتان ئەم تێکەڵی ئێك نەکەن سەرەدان و موشارکە کرن دکونگرێ نیڤ نەتەوەییدا جودایە کو تۆ وەکو ئەندام پەرلەمانەك بیرۆکەیەکی دەڤ خۆ بنڤیسی، لەورا ژی خاندنا بیرۆکا کاك سالار گەلەك یا رەوا بوویە، چونکە موشارکە یا کری کۆنفرانسەکێ نیڤ دەوڵەتی، بەس ئەز ئەندام پەرلەمان من بیرۆکەیەکا بۆ خۆ نڤیسی سەر کێشەیەکێ دا، ب قەناعەتا من بیرۆکە هەر ئێك ژمە ئەڤێت ڤێرێ روینشتیە خارێ بیرۆکە گەلەك یێن پێشکەش کرین و ئەڤ بابەتە یێ هاتیە دوماهیك ئینان، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سۆران فەرموو.

**بەرێز سۆران عمر سعید:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی مافەکانی مرۆڤ رەنگە سەردانی بەرێز کاك سالار بۆ جنێف قسەمان لێکردبێ، نەمانویست قسەی لێبکەین لە دەرەوەی لیژنەکە لەبەر ئەوەی بەرێزیان پرسەکەی هێنا بە بیرۆکە بۆ ناو پەرلەمان ناچارم وەڵامی بدەینەوە، کە ئەگەر ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان یان خەڵکێکی تر لە دەرەوەی میدیا بپرسێ لیژنەی مافەکانی مرۆڤ لە کوێیە؟، بۆچی بۆ کۆنفرانسێکی وەها پرسێکی شەخسی نییە لیژنەی مافەکانی مرۆڤ هاتووە ئاگامان لێی نەبووە، پێم وایە بە شەخسی ئەم پرسە کراوە، ئێمە گلەیی خۆمان لە ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەین، رەنگە لە هەفتەی ئایندە بە پرسی یۆنامی لە عێراق بێتە پەرلەمان لە لیژنەی مافەکانی مرۆڤ گلەییان لێ ئەکەین، پرسێکی وا گرنگ نابێ بە عیلاقاتی شەخسی بەکاربێنن بۆ ئەوەی راپۆرتەکانی ئێمە ببرێ بۆ ئەوێ نازانم راپۆرتی ئێمە چۆن براوە، هیچ پرسیشمان پێ نەکراوە سەرەرای دەست خۆشی لە جوهدی کاك سالار، بەڵام لە لیژنەی مافەکانی مرۆڤ لە کۆبوونەوەی پێرێمانە جەختمان لەوە کردۆتەوە، نووسراویشمان دەگا بە بەرێزتان، هەوڵەکان بۆ بە جینۆساید ناساندنی ئەم کەیسانە دەبێ لە هەوڵی شەخسی بچنە دەرەوە، کۆ بکرێنەوە بۆ ئەوەی فشارەکانی بە جیۆساید ناساندنی ئەم کەیسە گرنگە زیاتر بکرێن، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەکو گوتم لەو چوارچێوەیە سەیری بکەن کە هەموو ئەندامانی پەرلەمان لە مشوری ئەم پرسەن لیژنە پەیوەندیدارەکان دەبێ مشور بن، بەڵام هەنگاوی ئەندامانی پەرلەمان لەم بوارەدا جێگای نرخاندنە ئەو

پرسە ئەگەر ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بکرایە ئەو کات بە دڵنیاییەوە لە ڕێچگەی لیژنە پەیوەندیدارەکان کۆبوونەوەکان کرد، بەڵام کاتێك کە ئەندامێکی پەرلەمان دەعوەت دەکرێ بۆ کۆنفرانسێکی وا ئێمە پێمان خۆشە بەشداری پەرلەمان هەبێ لەم بوارەدا ئەگەر نا کاتەکەی ئەوەندە بەر تەسك بوو رەنگە ئەسلەن فریای ئەوە نەکەوتینایە کە ئاڵوگۆڕ لە ئەندامەکەی پەرلەمان بکەین، بۆیە کارێکی باش کراوە ئێستاش بەم شێوەیە هاتینە کۆتایی کۆبوونەوەی ئەمرۆمان، زۆر سوپاس بۆ هەموو لایەك.

| | | |
|---|---|---|
| فخرالدین قادر | جعفر ابراهیم ئێمینکی | د. یوسف محمد صادق |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧)ی**

**چوارشەممە ڕێکەوتی ٧\٤\٢٠١٥**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٧)

## چوارشەممە رێكەوتی ٢٠١٥/٤/٧

كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی ٢٠١٥/٤/٧ پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی یوسف محمد صادق سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٧)ی خولی چوارەمی، ساڵی (٢٠١٥) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (٧)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەكەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە كات (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی ٢٠١٥/٤/٧ دا بەم شێوەیە بێت:

١ گفتوگۆ كردنی پرۆژەی هەمواری یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١) ی ساڵی (١٩٦٩) ی هەموار كراو بەپێی ماددەكانی (٧٢، ٧٤، ٧٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) ی هەموار كراو.

٢- خوێندنەوەی یەكەم بۆ ئەو پرۆژە بڕیارانەی خوارەوە بەپێی ماددەی (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموار كراو:

١ پرۆژە بڕیاری ناونانی شاری ڕانیە بە پایتەختی ئازادی.

٢- پرۆژە بڕیاری بەپارێزگا كردنی ئیدارەی گەرمیان.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنەكەمان بە ناوی گەلی كوردستان دەست پێ ئەكەین، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، دانیشتنی ژمارە (٧)، ڕۆژی دانیشتن (٢٠١٥/٤/٧)، بەرنامەی كار، بەپێی حوكمەكانی بڕگە یەكی ماددەی (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستانی عێراق، ژمارە (١) ی ساڵی ( ١٩٩٢ ) ی هەموار كراو، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا كاتی دانیشتنی ژمارە (٧) ی خولی بەهارە لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان لە كاتژمێر (١١) ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە، ڕێكەوتی (٢٠١٥/٤/٧) بەرنامەی كاری دانیشتن بەم شێوەیە بێت:

١ گفتوگۆ كردنی پرۆژەی هەمواری یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١) ی ساڵی (١٩٦٩) ی هەموار كراو بەپێی ماددەكانی (٧٢، ٧٤، ٧٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) ی هەموار كراو.

٢- خوێندنـەوەی یەكـەم بـۆ ئـەو پـرۆژە بڕیارانـەی خـوارەوە بـەپێی مـاددەی (٧١) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموار كراو:

١ پرۆژە بڕیاری ناونانی شاری ڕانیە بە پایتەختی ئازادی.

٢- پرۆژە بڕیاری بەپارێزگا كردنی ئیدارەی گەرمیان.

سەرەتا داوا لە بەڕێز سكرتێری پەرلەمان ئەكەین كە پوختەیەك لە كۆنووسی دانیشتنی پێشووی پەرلەمان بخوێنێتەوە.

**بەڕێز فخرالدین قادر-سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، پوختەی دانیشتنی ژمارە (٦) ی كۆبوونەوەی ئاسایی پەرلەمان لە بەرواری (٢٠١٥/٤/١) بەو شێوەیە بوو:

١ دەست پێكردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانەوە.

٢- خوێندنەوەی پوختەی دانشتنی پێشوو، و خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمانی ئامادە نەبوو لەلایەن سكرتێری پەرلەمانەوە.

٣- پەسند كردنی گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای سەندووقی كوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەكان.

٤- دەنگدان لەسەر متمانەدان و سوێند خواردنی بـەڕێز (غـازی سـعید سـلیمان) بـۆ پۆسـتی وەزیـری هـەرێم لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە.

٥- ئاڵوگۆڕ كردنی خاڵی چوارەمی بەرنامەی كار بۆ خاڵی سێیەم و بە پێچەوانەوە.

٦- خوێندنەوەی یەكەم بۆ دوو پرۆژە بڕیار لەلایەن لیژنەی یاساییەوە.

٧- پەسند كردنی دانان و ئاڵوگۆڕ كردنی هەندێ لە ئەندامانی لیژنە هەمیشییەكانی پەرلەمانی كوردستان.

٨- خوێندنەوەی بیرۆكەیەك لەلایەن پەرلەمانتار سالار مەحمود سەبارەت بە ئەنجومەنی مافـەكانی مرۆڤـی نێودەوڵەتی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، داوا لە بەڕێزتان ئەكەین ناوی ئامادە نەبووانی دانیشتنی پێشووی پەرلەمان و دانیشتنی لیژنەكانی پەرلەمان بخوێنەوە.

**بەڕێز فخرالدین قادر-سكرێتری پەرلەمان:**

نـاوی ئامـادە نـەبوانی ئەنـدامانی پەرلـەمان كـە لـە دانیشـتنی ژمـارە (٦) ی ئاسـایی لـە بـەرواری (٢٠١٥/٤/١) مۆڵەت دراون بوون یان بێ مۆڵەت ئامادە نەبوون بەم شێوەیەیە:

١ ئاری محمد-مۆڵەت. ٢- ئاواز حمید-مۆڵە ٣- ئێڤار ابراهیم-مۆڵـەت ٤- جمـال عثمـان-مۆڵـەت ٥- حسـن صـالح-مۆڵەت ٦- خلف احمد-مۆڵەت ٧- دلێر مصطفی-مۆڵەت ٨- زانا عبدالرحمن-مۆڵەت ٩- زۆزان صادق-مۆڵـەت ١٠-سهراب میكائل-مۆڵـەت ١١- شـامۆ شـێخۆ-مۆڵـەت ١٢- صـالح بەشـار-مۆڵـەت ١٣- ڤیـان عبـاس-مۆڵـەت ١٤- عبـدالله

جاسم-مۆڵەت ١٥- علی هالۆ-مۆڵەت ١٦- عمر عینایەت- مۆڵەت ١٧- فرهاد حەمە صالح-مۆڵەت ١٨- فرحان جوهر- مۆڵەت ١٩- لینا عزریا-مۆڵەت ٢٠- محمد صادق- مۆڵەت ٢١- محمود عمر- مۆڵەت ٢٢- مدینە ایوب- مۆڵەت ٢٣- وحیدە یاقۆ- مۆڵەت ٢٤- یراونت نیسان- مۆڵەت ٢٥- یعقوب گورگیس- مۆڵەت ٢٦- کمال یەڵدا- مۆڵەت

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ڕاپۆرتی بەدواداچوونی کۆبوونەوەی هەفتانەی لیژنە هەمیشەییەکانی پەلەمانی کوردستان لە (٣/٣١) تا (٢٠١٥/٤/٧) بەم شێوەیە بوو:

١ لیژنەی دەستپاکی (٣/٣١) کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی کردووە،

١ خلف احمد-ئامادە نەبووە.

٢- ادریس علی- مۆڵەت بووە

٣- گۆران ئازاد- مۆڵەت بووە

٢- لیژنەی دارایی و کاروباری وەبەرهێنان (٣/٣١) کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام داوە

١ هێڤا حاجی-ئامادە نەبووە

٢- مدینە ایوب- ئامادە نەبووە

٣- شرین حسنی- ئامادە نەبووە

٤- دڵشاد شعبان- ئامادە نەبووە

٥- یروانت نیسان- ئامادە نەبووە

٣- لیژنەی کاروباری شەهیدان و ئەنفال و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی (٤/١) دانیشتنی ئاسایی بە ئەنجام گەیاندووە

١ محمد صادق-مۆڵەت بووە

٢- باپیر کامەلا- مۆڵەت بووە

٣- یعقوب گورگیس- مۆڵەت بووە

٤- لیژنەی پویوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی (٤/٦) کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی کردووە.

١ محمد علی- ئامادە نەبووە

٢- وحیدە یاقۆ- مۆڵەت بووە

٣- محمود عمر- ئامادە نەبووە

٤- سەردار عبدالله- ئامادە نەبووە

٤- لیژنەی دارایی و کاروباری وەبەرهێنان (٤/٦)

١ مدینە ایوب ئامادە نەبووە

٢- دڵشاد شعبان ئامادە نەبووە

٣- یراونت نیسان- ئامادە نەبووە

**٥- لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینەگە (٤/٦) کۆبوونەوەی کردووە.**

**١ دکتۆر سلیم- مۆڵەت بووە**

**٢- ئاواز حمید- مۆڵەت بووە**

**٦- لیژنەی ئاسەوار و خزمەتگوزاری ژینگەیی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار (٤/٦) کۆبوونەوەی کردووە، سەرجەم ئەندامانی ئامادە بوون**

**٧- لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان (٤/٦) کۆبوونەوەی کردووە**

**صالح بەشار- مۆڵەت بووە**

**٢- پروانت نیسان-مۆڵەت بووە**

**٣- بەیار طاهر- مۆڵەت بووە**

**٨- لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان (٤/٦) کۆبوونەوەی کردووە**

**١ قادر ئۆتمان- مۆڵەت بووە**

**٢- عبدالله حاجی- مۆڵەت**

**٣- ابو بکر هەڵەدنی- مۆڵەت بووە**

**٤- ئاواز حمید- مۆڵەت بووە**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، فەرموو کاك باپیر نوقتەی نیزامییە؟**

**بەڕێز باپیر کامەلا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من مۆڵەت نەبووم، ئامادە بووم، دوایی کۆبوونەوەکەشمان هێنایە ژووری من تەواومان کرد، من نازانم بۆ مۆڵەت بووم.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**لە لایەن لیژنەوە ڕاپۆرت بەرز کراوەتەوە، فەرموو کاك عومەر.**

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لیژنەی ئاسەوار و خزمەتگوزاری شارەوانی (٣/٢٩) کۆبوونەوەمان کرد، بەڕێز سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران و جێگری وەزیری شارەوانیشمان بانگهێشت کردبوو، بەڵام نە لە ئیعلام باس کرا، نە لێرەش خوێندرایەوە، سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، لەوە ئەچێ ڕاپۆرتی لیژنەکەتان نەگەیشتبێتە لای بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، بۆیە نەخوێندرایەوە، بەڕێزان ئێستا دەست ئەکەین بە بڕگەی یەکەم لە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆ کە**

بریتییه له (گفتوگۆ کردنی پرۆژەی هەمواری یاسای سزادانی عێراقی ژماره (١١١) ی ساڵی (١٩٦٩) ی هەموار کراو بەپێی ماددەکانی (٧٢، ٧٤، ٧٥) له پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژماره (١)ی ساڵی (١٩٩٢) ی هەموار کراو)، داوا له لیژنه پەیوەندیدارەکان ئەکەین که سەرۆك و جێگری سەرۆکی لیژنەکان بێنه ئێره بۆ ئەوەی دەست بکەین بە برگەی یەکەم لە بەرنامەی کار کە بریتین لە لیژنەکانی یاسایی، لیژنەی داکۆکی کردن له مافی ئافرەت، لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی، و لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی، فەرموون بەڕێزان دەقی پرۆژه یاساکان بخوێنەوه که له لایەن ئەندامانی پەرلەمانەوه پێشکەش کراوه، دوایی دەقی ڕاپۆرتی هاوبەش بخوێنەوه، بۆ ئەوەی مادده بە مادده بیخەینه گفتوگۆی ئەندامانی پەرلەمانەوه.

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پرۆژه یاسای یەکەم بۆ هەموار کردنی یاسای سزادانی عێراقی ژماره (١١١) ساڵی (١٩٦٩)**

**ماددەی یەکەم:**

**١ هەڵگرتنی ئەو ماددەیه پێویسته تەنیا له ڕێگەی یاسای باری کەسیەتی و دادگای باری کەسیەتی ئەم برگەیه جێ بەجێ بکرێ.**

**ماددەی (٤٠٨)**

**٢- سزاکه ئاستی نزمی بۆ دابنرێ بەم شێوەیه:**

**(لا تقل عن ٣ سنوات ولا تزید علی سبع سنوات من) لەبەر ئەوەی ئەو ماددەی زۆربەی قوربانیەکان ژنن، بە تایبەتی ئەو کەسانەی خۆیان ئەسووتێنن بەهۆی ئیهانەوه، بۆیه پێویسته ئاستی نزمی سزاکه دیاری بکرێ.**

**٣- ماددەی (٤٠٩):**

**ئەم ماددەیه هەڵبگیرێ، لەبەر ئەوەی ئەو ماددەیه ئەبێته هۆی زیاد بوونی کوشتنی ژنان بە ناوی شەرەف پارێزییەوه، بۆیه ئەتوانین ماددەکان کوشتنی بە ئەنقەست یان کوشتنی بە هەڵه جێگەی ئەو ماددەیه بگرێتەوه.**

**ماددەی (٤١٣):**

**بڕی غەرامه زیاد بکرێ بەم شێوەیه:**

**له ٥٠٠ هەزار دینار کەمتر نەبێ، و له ٣٠٠٠٠٠٠ سێ ملیۆن دینار زیاتر نەبێ، لەبەر ئەوەی زۆربەی زۆری لێدانەکان بەرامبەر ژن ئەکرێ، هەر ژن له یاسای بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی خێزانی سزای داناوه، بەڵام ئەو کەسانه ئەگرێتەوه که له چوارچێوەی خێزندان و له پلەی چواردان.**

**٥- ماددەی (٤١٤):**

**برگەیەك زیاد بکرێ بەم شێوەیه:**

**اذا نشا اعتداء اذا او مرض الی عجز، عجز مجنی علیه بصورة دائمیة تکون عقوبته السجن.**

**هۆكاری دەرچوونی ئەم یاسایە:**

**بۆ بەدیهێنانی كۆمەڵگەیەكی ئارام و دوور لە توندوتیژی و جیاكاری ڕەگەزی و كەمكردنەوەی كوشتنی ژنان.**

**پرۆژە یاسای دووەم: سەبارەت بە هەموار كردنی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١) ساڵی (١٩٦٩) ی هەموار كراو:**

**ماددەی (٣٧٩): بڕگەی یەكی ئەو یاسایە هەموار ئەكرێت بە زیاد كردنی سێ بڕگە:**

**أ_ سكالاَ لەمەڕ زینا بەسەر دەچێ و مافی شارستانی نامێنێ بە مردنی هاوسەری سكالاَكار بە مەرجێ مردنی هاوسەری سكالاَكار لەلایەن (زوج زانی) و (عشیقە) كەیەوە نەبووبێ.**

**ب_ دەست هەڵگرتنی مێرد لە دادگایی كردنی پیاوە زیانكارەكە بە هەمان شێوە بە دەسەت هەڵگرتن لە دادگایی كردنی ژنەكەی ئەژمێردرێ، تا هەمان حوكم جێ بەجێ ئەكرێ، ئەگەر ئافرەت تەنازولی كرد لە دادگایی كردنی پیاوە زیناكارەكەی.**

**ماددەی دووەم: ماددەی (٤٠٩) ئەو یاسایە هەموار ئەكرێ بە زیاد كردنی یەك بڕگە بە هەمان شێوازی پیاو دەرهەق بە ئافرەت حوكم بە بارودۆخی توندكاری سزا ناكرێ ئەگەر كەسی لە ناكاو ئافرەت بوو.**

**ماددەی سێیەم: پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەكان ئەم یاسایە جێ بەجێ بكەن.**

**ماددەی چوارەم: كار بەهیچ دەق و یاسایەكی تر ناكرێ پێچەوانە بێت لەگەڵ بڕگەكانی ئەو یاسایە.**

**ماددەی پێنجەم: ئەو یاسایە لە ڕۆژی بلاَو كردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائعی كوردستان ئەچێتە بواری جێ بەجێ كردن.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ڕاپۆرتی هاوبەش سەبارەت بە هەردوو پرۆژە یاسای هەموار كردنی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١) ی هەموار كراوی ساڵی (١٩٦٩) .**

**لیژنەی كاروباری یاسایی و لیژنەی ئەوقاف و كاروباری ئاینی و لیژنەی كاروباری كۆمەلاَیەتی و مندالْ و خێزان و لیژنەی داكۆكی كردن لەمافی ژنان ڕۆژی سێ شەممە و چوار شەممە (٥ و ٦) ی ڕەشەمێی كوردی بەرامبەر بە (٢٠١٥/٢/٢٤) و (٢٠١٥/٢/٢٥) ی زاینی كۆبوونەوەی ئەنجامدا بۆ تاوتوێ كردنی هەردوو پرۆژە یاسای هەموار كردنی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١) ی هەموار كراوی ساڵی (١٩٦٩) كە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە، دوای خوێندنەوەی یەكەمی لە دانیشتنی ژمارە (٧) لە ڕۆژی چوار شەممە بەرواری (٢٠١٤/١٠/٢٢) ڕەوانەی لیژنەكان كراوە، دوای گفتوگۆ كردن و تاوتوێ كردنی هەردوو پرۆژەكە لیژنەكان گەیشتنە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:**

**ناونیشانی پرۆژەكان بەو شێوەیە ئەبێت:**

***هەموار كردنی جێ بەجێ كردنی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموار كراو***

***ماددەی (١):*** **بڕگەی (٢) لە ماددەی (٣٧٧) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموار كراو وەك خۆی دەمێنێتەوە بەو شێوەیەی كە لە یاسای ناوبراودا هاتووە.**

**ماددەی (٢):** ماددەی (٤٠٨) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموار کراو وەك خۆی دەمێنێتەوە بەو شێوەیەی کە لە یاسای ناوبراودا هاتووە.

**ماددەی (٣):** ماددەی (٤٠٩) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموار کراو لە کار ئەخرێت.

**ماددەی (٤):** ماددەی (٤١٣) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموار کراو وەك خۆی دەمێنێتەوە بەو شێوەیەی کە لە یاسای ناو براودا هاتووە.

ماددەی (٥): ماددەی (٤١٤) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموار کراو وەك خۆی دەمێنێتەوە بەو شێوەیەی کە لە یاسای ناو براودا هاتووە.

ماددەی (٦): ماددەی (٣٧٩) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموار کراو وەك خۆی دەمێنێتەوە بەو شێوەیەی کە لە یاسای ناو براودا هاتووە.

ماددەی (٧): پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبە جێ بکات.

ماددەی (٨): ئەم یاسایە لە رۆژی بلاو کردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان)دا جێبە جێ دەکرێت، هۆیەکانی دەرچوواندن لە پێناو بەرجەستە کردنی دادگەریدا و هێنانە کایەی کۆمەلگایەکی دوور لە تۆندۆتیژی و جیاکاری رەگەزی ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ئێستا داوا لە بەڕێزتان دەکەم کە ماددە بە ماددە دەقی ئەو ماددەیەی کە لە پڕۆژە یاسا پێشنیارەکەدا هاتووە بیخوێنرێتەوە دوایی ڕای لیژنەکان لەسەر راپۆرتی هاوبەش بیخوێنرێتەوە بۆئەوەی بیخەینە گفتو گۆی ئەندامانی پەرلەمانەوە.

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم بڕگەی (٢) لە ماددەی (٣٧٧) هەلگرتنی ئەم ماددەیە پێویستە تەنیا لەڕێگەی یاسای باری کەسییەتی و دادگای باری کەسییەتی ئەم بڕگەیە جێبە جێ بکرێت.

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەوەی لە راپۆرتی هاوبەش دا هاتووە دەست کاری کردنی ناوێ پڕۆژە یاساکانیش بە ئالۆ گۆڕ کردنی موستەڵحی هەموار کراو بەو شێوەیە کە لە راپۆرتی بەردەمتاندا هاتووە کە دەبێتە هەموار کردنی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموار کراو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با ناو نیشانەکە بخەینە گفتو گۆیەوە، ئەگەر کەس قسەیەکی لەسەر نەبوو دەچینە سەر ماددەکان، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ناو نیشانە، هەموار کردنی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموار کراو؟، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟، بەڕێز دکتۆرە (ڤالا) فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنیا ڕاست کردنەوەیە لە ڕووی شکڵەوە هەموار کراو دەبێت بکەوێتە دوای ژمارە و ساڵی یاساکە، واتە لە ڕووی شکڵەوە ئەوەیان ڕاست کراوەتەوە ئەوەی هەیە لەوانەیە نەچێتە بابی موناقەشە و موناقەشە هەڵنەگرێت، چونکە شکڵ خۆتان دەزانن...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، دکتۆرە ڕێواز فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنیا سەرنجێکی قانوونیم هەیە لەسەر عینوانەکە، یاسای سزادان یاسایەکی فیدرالییە، بەگوێرەی دەستووریش ئێمە بۆمان هەیە تەتبیقاتی یاسا فیدرالییەکان تەعدیل بکەین، کەواتە دەبێت بوترێت هەموار کردنی جێبە جێ کردنی یاسای سزادان لە کاتی هەمواری یاسای ئەحوالی شەخسیش دا هەر وا کرا، چونکە ئێمە بۆمان نییە ڕاستەوخۆ تەعدیلیان بکەین دەبێت تەتبیقاتیان تەعدیل بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەخێرهاتنی بەشداربووان و چالاکوانانی پڕۆژەی (کورد لاو) دەکەین کە ئێستا هاتوونەتە هۆڵی پەرلەمان، بە ناوی سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمانەوە بەخێرهاتنیان دەکەین، کێی تر قسەی هەیە لەسەر ناو نیشانەکە؟، ڕای لیژنە پەیوەندیدارەکان چییە لەسەر سەرنجی بەڕێز دکتۆرە (ڕێواز)؟، فەرموو دکتۆرە ڤالا.

**بەڕێز د. ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتمان بەستووە بەو هەموارانەی کە پێشتر لە لایەن خولەکانی تری پەرلەمانی کوردستان ئەنجام دراوە بۆ نموونە یاسای ژمارە (٤٢)ی ساڵی (٢٠٠٤)، کە دەڵێت بڕگەی یەکی ماددەی (٤٠٨) لە یاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموار کرا و لە کوردستانی عێراق دا لە کار دەخرێ و ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە، بۆیە بەم شێوەیە پێشتر ئیشارەتی پێ کراوە و بەم شێوەیە داڕێژراوە و تەعدیل کراوە، یاساکان لیژنەی یاسایی پشتی بەوە بەستووە کە پێشتر ئەنجام دراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو ئێڤار فەرموو.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ڕایەی دكتۆرە (ڕێواز) پێموایە دەقیقە، ئەگەر ئیشی لەسەر بكەین باش دەبێتن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، دكتۆرە ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو هەموارانەی كە كراوە پێش دەرچوونی دەستووری عێراقی بووە، بۆیە پێشنیارەكەی بەڕێز دكتۆرە (ڕێواز) بە هەند وەردەگرێتن لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، تكایە ناو نیشانەكەی دابڕێژنەوە بۆئەوەی بیخەینە دەنگەوە، دكتۆرە ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ناو نیشانی پڕۆژەكە بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە: (هەموار كردنی جێبە جێ كردنی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموار كراو).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لە گەڵیەتی بەو شێوەیەی كە خوێنرایەوە؟، (٦٤) كەس لە گەڵیەتی، كێ دژیەتی؟، كەس نییە دژی بێت؟، كەواتە پەسەند كرا، ماددەی (١) فەرموو دكتۆرە ڤالا.

**بەڕێز د.ڤالا فرید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (١)م بڕگەی (٢) لە ماددەی (٣٧٧) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموار كراو وەك خۆی دەمێنێتەوە بەو شێوەیەی كە لە یاسای ناو براودا هاتووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەقی ماددەكەش بەو شێوەیەی كە لە پڕۆژە یاسا پێشنیار كراوەكاندا هاتووە بیخوێننەوە، ئەصڵی یاساكەش ئەگەر بیخوێننەوە خراپ نییە، فەرموو دكتۆرە بەهار.

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ، ئەوەی كە داوا كراوە لە پڕۆژە یاساكەدا هەڵگرتنی بڕگەی (٢) لە ماددەی (٣٧٧) بـە موبـەڕڕی ئـەوەی هەڵگرتنی ئەم مادەدەیە پێویستە تەنیا لەڕێگەی یاسای باری كەسیەتی و دادگای باری كەسیەتی ئەم بڕگەیە جێبە جێ بكرێت، ئەوەی كە لە ئەصڵی یاساكەدا هاتووە لە یاسای سزادانی عێراقی مـاددەی (٣٧٧)، ببـوورن لەبەرئەوەی بەس بە عەرەبی هەیە مەتنەكە بە عەرەبی دەخوێنمەوە (١)﴿یعاقب بالحبس الزوجـة الزانیـة و من زنى بها ویفترض علم الجنائي بقیام الزوجیة ما لم یثبت من جانبه انه لم یكن في مقدوره بحالة العلم بها﴾، (٢)﴿یعاقب الزوجة الزانیة و من زنى بها بالعقوبة الـواردة في الفقـرة الاولى مـن المادة (٣٧٧)﴾، بـەڕێز سەرۆكی پەرلەمان: ئەگەر ڕێگەم بدەی روون كردنەوەیەك بۆ موبـەڕیراتی مانـەوەی ئێمـەی لیژنەكـە، ئێمە وامان وتووە لە راپۆرتەكە كە ئەو ماددەیە ئەو بڕگەیە بمێنێتەوە وەكو خۆی موبەڕیڕاتیشمان ئـەوە بووە ئەوان لە پڕۆژەكە داوایان كردووە كە ئەمە بـاری كەسـییەتی لـە دادگـای بـاری كەسـییەتی جێبـە جـێ بكرێت، ئەمە سەپاندنی عقوبەیە، عقوبەش جێگاكەی قانونی عقوباتـە قـانونی (ئـەحوالی شەخسی) بـاری كەسیەتی تایبەتە بە زەواج و، تەلاق و، مـیرات و، وەصیە و، ئـەحوالی مـەفقودین و، ئـەو بابەتانـە، عقوبـە ناكرێت لەوێدا بێت ئەمە یەك، دووەمیان: ئەم پڕۆژە یاسایانەی كە پێشكەش كراوە فەلسـەفەكەی خزمـەت كردنی ژنە، پاراستنی مافی ژنە، بەڵام بە لابردنی ئـەم بڕگەیـە مـن پێموایـە مەصڵەحەتی ژنـی تێدا نییـە بەڵكو بە پێچەوانەوەیە، چونكە لە بڕگەی (١)م دا باس لە عقوبەدانی زەوجی زانییـە دەكـا لـە بڕگـەی (٢)م دا دەڵێت ئەگەر هـاتۆ زەوج زانـیش بێـت بـە نەفسـی عقوبـە عقوبـە دەدرێـت ئەگـەر ئێمـە ئەمـە لابـدەین، كەواتە عقوبە بۆ ژن هەیە، بەڵام بۆ پیاو نییـە، بۆیـە لەبـەر ئـەو موبەڕیڕاتانـە ئێمـە داوامـان كـردووە كـە وەكو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشـە، بـا ناوەكـان بنووسـرێن دوایـی ئەنـدامانی لیژنــەكانیش دەتـوانن روون كردنـەوەی خۆیـان بـدەن، لەبەرئـەوەی ئەمـە بابـەتێكی خـیلاف ئـامێزە گفتـو گـۆی زیـاتر هەڵـدەگرێت، بۆیـە داوا دەكـەین لیژنـە پەیوەندیدارەكان لە هەر ماددەیەك پێشتر روون كردنەوە بدەن بە ئەنـدامانی پەرلـەمان بۆچـی گەیشـتوون بەو قەناعەتە، ناوی خۆتان بنووسن بەڕێز سكرتێری پەرلەمان ناو دەنووسێت، خاتوو گەشە فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵا ئەگەر من قسـە بكـەم دیـارە ئێمـە راپـۆرتی هاوبـەشمان نووسـیوە، بـەس مـن تەحـەفوزم هەیـە لەسـەر ماددەی (٣٧٧) وەكو ڕای خۆم قسەی لەسەر دەكەم، دیـارە مـن لـە گـەڵ ئـەو ڕایـەم راسـتە ئەمـە ماددەیـەكی عیقابییە دەبێت ئەمە لە یاسای سزادانی عێراقیدا تەنزیم بكرێت، بەڵام لەسەر مەسەلەی تەحدید كردنـی ئەو مودەیە كە پێمان باشە زەمەنەكە دیاری بكرێت حەبس لابدرێت، راستە حەبس لە قانونـدا موحـەدەدە كـە چـەند بـۆ چـەندە؟ بـەڵام دیـاری كردنـی ئـەو مودەیـەو نزیـك كردنـی ئـەو دوو مودەیـە لەیـەكتر بـەو

مەبەستەیە کە لە تەتبیقاتدا لە مەحاکم بەداخەوە ئەو تەمیزە زۆر بە ئاشکرا دەکرێت، سۆڵتەیەکی تەقدیری واسیع دراوە بە حاکم کە ئەو زەمەنە، من زۆر ڕێزم هەیە بۆ حاکمەکان کە تەمیزێکی زۆر سلبی دەکەن لە نێوان ژن و پیاودا، ئەوە تەلار خان خۆی لە مەحاکمدا ئیشی کردووە بە تایبەتی لەم بوارانەدا کە تەتبیقاتی لە مەحاکمدا زیاتر مودەی ئەقسا کە بۆ ژن بەکار دەهێنرێت مودە ئەدناکە بۆ پیاو بەکار دەهێنرێت، لەکا تێکدا کە هەردووکیان لە یەك قەزیەشدا بن، جەنابیشتان خۆتان چوون گوێتان لە ڕای هەندێك لە دادوەرە بەڕێزەکان بووە، بەداخەوە تەمیزێکی زۆر سلبی دەکەن لە نێوان پیاو ژندا وەکو بڵێی ئەو تاوانە بۆ ژن زۆر قورس بێ، بەڵام بۆ  پیاو زۆر سووك بێت، کە ئێمە پێمان وایە ئەمە قانون تەنزیمی کردووە خیانەتی زەوجی، خیانەتی زەوجییە بۆ هەردوو لا، بەڵام ئەو سۆڵتە تەقدیرییە کەم بکرێتەوە بۆ حاکم ئەویش بە نزیك کردنەوەی ئەو مودەیە، بۆیە پێمان باشە کە دیاری بکرێت لە (٦) مانگ کەمتر نەبێت و لە ساڵێك زیاتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك سراج فەرموو.

**بەڕێز د.سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی گەشە خان باسی دەکات تەصەور دەکەم کێشە لە تەتبیقاتدا هەبێت، با داوا بکەین لایەنی پەیوەندیدار لە تەتبیقاتدا عەدالەت بەکار بێنن نەوەك لە ئەصڵی یاساکە کێشە هەبێتن، بۆیە ئێمە پاڵپشتی ڕای (بەهار) خان دەکەین، کەوا ئەو یاسایە ئەو عقوبەیە پێویست ناکاتن بچێت لە باری کەسیەتی باس بکرێتن، لەبەرئەوەی یاسای باری کەسیەتی یاسایەکی صرف مەدەنییە نابێت (عقوبە) و سزای تێدا بێت، تەنیا ڕێکخستن و تەنزیم کردنی عیلاقاتی خێزانە، بۆیە وا باشە ئەو عقوبەیە تەنیا لە یاسای سزادان باس بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆرە ڤاڵا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کەلە پڕۆژە هەموارەکەدا هاتووە تەنیا باس لە هەڵگرتنی ئەم ماددەیە دەکات، کە پێویستە لەڕێگای یاسای باری کەسیەتی و دادگای باری کەسیەتی ئەم بڕگەیە جێبە جێ بکرێت، بۆیە باس لەوە نەکراوە تەنیا باس لە حەزف کردنی دەکات لە قانونی عقوبات بۆ ئەوەی لە قانونی ئەحوالی شەخسی جێبە جێ بکرێتن، بۆیە ئەو هەموارەی (گەشە) خان وتی لە پڕۆژە ئیشارەتی پێنەدراوە، ئێمەش وەکو لیژنەی یاسایی پابەند دەبین بەو تەعدیلاتەی کە لە ناو پڕۆژەکەدا هاتووە ئەگەر هەر هەموارێکی تر لەسەر ئەو ماددەیە پێشکەش بکرێت پێویستی بە پڕۆژە یاسایەکی تر بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، خاتوو کەژاڵ فەرموو.

**بەڕێز کەژاڵ هادی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاسای سزادانی عێراقی جیاکاری لە سزاداندا هەیە، موراعاتی موساوات نەکراوە لە نێوان ژن و پیاودا، بۆیە من لە گەڵ ئەوەدا مە کە ئەم بڕگەیە نەمێنێت لە یاسای عقوباتی عێراقی لە ماددەی (٣٧٧) بڕگەی (٢)م، بە تەصەوری من بە شێوەیەکی گشتی لە یاسای بەرەنگار بوونەوەی تۆندوتیژی خێزانی ئەمە موعالەجە کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، ئێستا ناوەکان دەخوێنرێتەوە و، ئەو ئەندامانەی تری پەرلەمان کە قسەیان هەیە.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانە گفتو گۆ دەکەن لەسەر ماددەی (١)م لە هەموار کردنی جێبەجێ کردنی یاسای سزادانی عێراقی ((تەلار لطیف، فرست صۆفی، شوان قەلادزەیی، غەریب مصطفی، شێرکۆ جودت، عمر کۆچەر، حاجی کاروان، نجیبە لطیف، مامۆستا مەروان گەڵاڵی، منیرە عثمان، مریم صمد، قادر ئۆتمان، بەهار عبدالرحمن، ئۆمێد حەمە علی)).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو تەلار فەرموو،

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا حەز دەکەم لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکەم، کە موبەڕیراتێك بۆ پێشکەشکردنی ئەوەی کە باسمان کردووە پێویستە، یاسای باری کەسێتی لەوێ موعالەجەی ئەو حاڵەتەی کردووە، لەبەر ئەوەی ئێمە ئەو تاوانە کە دەکرێت تەنیا پەیوەندیدارە بە ژن و مێردەکەوە و هەر ئەوان مافی سکالا پێشکەش کردنیان هەیە لە داگاگای لێکۆڵینەوە، بۆیە زۆر جار هەیە بەهۆی کێشەیەکی بەسیتەوە یا خۆد خستنی تۆمەتێکەوە لە لایەن پیاوەکەوە بۆ ژنەکە یان ﴿Missed Call﴾ میسد کۆلێرکەوە یان نامەیەك، ئەو ژنە تووشی دەبێت بە موجەڕەد بە هۆی تومار کردنی ئەو سکاڵایە دەبێتە هۆی ناوزراندنی ژنەکە و ئیسبات کردنی خیانەتی زەوجی، هەموو دەزانین شێوازی ئیسبات کردنەکەی قورسە و شهودی دەوێت، بۆیە زۆر جار دەبێتە هۆکارێك بۆ جیابوونەوەی نێوان ژن و پیاوەکە، بۆیە دادگای باری کەسێتی ماددەی ﴿٤٠﴾ لە بڕگەی ﴿٣﴾، تەئکیدی لەسەر ئەوە کردووتەوە کە ناپاکی هاوسەری یەکێکە لە هۆکارەکانی جیابوونەوە، بۆیە ئەگەر هۆکارێك هەبێت ئەو ژن و پیاوە دەتوانن پەنا بۆ دادگای باری کەسێتی بە شێوەی مەدەنیانە

دوور لـه توندوتیـژی و ناوزڕانـدن کـه لـه دوایـی دا دەزانـین ئـەو ناوزڕاندنـه دەبێتـه هۆکارێـك بـۆ ئـەوەی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان بکرێت و هەر نەتیجەکەی جیابوونـەوە نییـە و توندوتیژییـە هـەتا دەگاتـە حاڵەتی کوشتنی، کە جار هەیە دەبێتە هۆی دروسـتکردنی تۆمـەتێك بـۆ ناپاکییەکـە لـە لایـەن پیاوەکـە بـۆ ژنەکە، راستە سزا هەیە بۆ پیاوەکە، بەڵام راستی ئەو موبەڕیری لیژنـەی یاسـایی هێنایانـەوە، موبـەرەرێکی لاوازە، لەبەر ئەوەی زۆربەی زۆری ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی ژنـان دەکـرێن تـەنیا ژنانـە لـەو یاسایە بڵێین زەرەرمەندن نەك سوودمەند و دەبێتە هۆکاری زیاتر بوونی توندوتیژی بەرامبەر ژنان، لە لایەکی تر ئێمە پێویستە بە تایبەتی کار لەسەر ئەوە بکەین پەنا بۆ یاسا مەدەنییەکان ببـەین دور لـەوەی ئـەو سـزایانە لـە یاسادا هەیە، ﴿٢﴾ یاسا هەیە، یاسای توندوتیژی خێزانی هەیە و پێویستە لـە یاسـای بـاری کەسـێتی ئەمـە جێبکرێتەوە، سەبارەت بە پێشنیاری ﴿گەشەخان﴾ بە راستی ئەگەر هاتوو ئەو ماددەیە هەڵنـەگیرا، لەگـەڵ ئەوەداین پشتگیری پێشنیارەکەی ﴿گەشەخان﴾ دەکەین، ئەگەر بوویتـە عورفێـك ئـەوەی ﴿د. ڤاڵا﴾ باسـی کرد، ئەوەی کە لەم خولەشدا چەندین یاسـا یـان بڕیـار هـەبووە پێشکەش کـراوە لـە چوارچێوەی پێشـنیار بووە، بـەڵام ئێمـە خسـتوومانە بـواری یاساییەوە، چـەندین پـرۆژە یاسـا پێشـکەش کـراون دوور لـە مـاددەی قانونی، ئێمە هاتووین سیاغەیەکی دیکەمان بۆ دوزیتەوە بـە راسـتی ئەمـە موبـەڕیرێکی لاوازە و پێویسـتە کار لەسەر ئەوە بکەین و ئـەو یاسایانەی پەیوەندیـدارە بـە ژنـان ئێمـە هەنـدێك موبـەڕیرات بێـنین، بۆیـە پێویستە کار لەسەر دانانی ﴿حد الادنی و الاعلی﴾ بکەین، راستە لە تەتبیقاتەوە هەیە، بـەڵام زۆر جـار بـە هـۆی تەتبیقاتـەوە ئیجابیـات و سـلبیاتی تەتبیقاتـەوە پـەنا بـۆ هەموارکردنـەوەی یاسـاکان بـراوە، بۆیـە عەدالەتی دادپەروەرانە هەبێت لەکاتی جێ بە جێ کردنی یاساکان زۆر زەرووره کە دادوەرەکـان ئـەو ﴿حـد الادنی و الاعلی﴾ هەبێت ببێتە هۆکارێك بۆ دادپەروەری تەواو لە جێ بە جێ کردنی یاساکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس، دەمـەوێت بیرتـان بخەمـەوە لـە دانیشـتنی پێشـوو بڕیارمانـدا کـاتی قسـەکردنی ئەنـدامان ﴿٣﴾ خولەکە، فەرمووو د. فرست،

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـەوە لەسـەرم حسـاب مەکـە، چـونکە نوقتـە نیزامـە، وەکـو شـتێکی موتەبـەع ئێمـە قسـە دەکـەین لیژنـە پەیوەندیارەکان وەڵامان دەدەنەوە، پێم وایە ئەمە لە هیچ شوێنێك ناکرێت با ئێمـە قسـە بکـەین و ئـەوان وەڵامان بدەنەوە، ﴿٣﴾ دەق لای من هەیە، یەکێکیان ئەسلی پرۆژەکە کە پێشکەش کراوە بـۆ تەعـدیل کـە پشتگیری لە ﴿د. بەهار و لیژنەی یاسایی﴾ دەکەم، ئەوەی کە پێشکەشکراوە بە راستی زوڵـم کردنـە لـە ژن، چونکە تەمیزێکی زۆر لە نێوان ژن و پیاو پێشان دەدات و بۆ ژن عقوبە هەیـە و بـۆ پیـاو نییـە، بۆیـە پـێم سەیرە کە ئەمە پێشکەش کراوە، ئەوەی لەمە سەیرتر ئەوەیە لە ساڵی ﴿٢٠٠١﴾ یاسای ژمارە ﴿٩﴾ی یاسای لەکارخستنی بڕگەی ﴿٢﴾ لە ماددەی ﴿٣٧٧﴾ لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ﴿١١١﴾ ساڵی ﴿١٩٦٩﴾، واتـە

ئەوەی ئێستا ئێمە لەسەری قسە دەکەین بە پێی یاسایەك لە ساڵی ﴿٢٠٠٩﴾ لە کار خراوە و ئێمە بێین زیندووی بکەینەوە، چونکە تەوازون لە نێوان ژن و پیاو دەپارێزێت و بۆ هەردووکی سزا هەیە، من شەوی تر گەڕام لە ﴿٢٠٠١﴾ هیچ هەموارکردنەوەیەك نەکراوە و وەکو خۆی ماوەتەوە، بۆیە بە تەسەوری من ئەوەی کە دەقی ماددەی ﴿٣٧٧﴾ بە هەردوو برگەی یەك و دوو وەك خۆی بمێنێتەوە زۆر باشترە، تەوازون لە بەینی ژن و پیاو دەپارێزرێت و بۆ هەردووکیان عقوبە هەیە لە کاتێك لەو جەریمەیەی کە تووشی دەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی؟ کاك شێرکۆ فەرموو،

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە بەڕێز ﴿د. فرست﴾ وتی هەیە و پەرلەمان خۆشی کردوویەتی بە کتێب ئەگەر حەز دەکەن بۆ لیژنەی یاسایی بۆ ئەوەی سەیری کەن لە ساڵی ﴿٢٠٠١﴾ دەڵێت، کار کردن بەو مادەیە ڕاگیراوە و بەڕێزان ﴿طارق جامباز و نەهلە محمد﴾ کردوویانە بە کتێب.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بینێرن بۆ لیژنەی یاسایی، بۆ ئەوەی لێرە سەیری بکەن، مامۆستا غریب فەرموو،

**بەڕێز غریب مصطفی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، سەرنجی منیش وەکو ئەندامێك لە لیژنەی ئەوقاف کە ئەو بابەتەمان زۆر تاوتوێ کرد، کە ناکرێت ئەرکێك بە قانونێك یان مەحکەمەیەك بسپێرێت کە لە ئەساسدا ئەو مەحکەمە و قانونە بۆ ئەو بابەتە دروست نەکرا بێت، لەبەر ئەوە پێویستە لە یاسای سزادانی عێراقی ئەو بابەتە بمێنێت و پەیوەست نەکرێت بە دادگای باری کەسێتی کە ئەو دادگایە خۆی تایبەتە بە بابەتەکانی خێزان دروست کردن و هەڵوەشاندنی ئەو دەرهاوێشتانەی کە لێیدەکرێتەوە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د. شوان فەرموو،

**بەڕێز عمر مصطفی باوەمیر ﴿د. شوان قەڵادزەیی﴾:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشیندەی میهرەبان، دیارە ئەو هەموار کردنەوەیە پێویستە تەفاسیلی هەبوایە، چونکە زینا هەر زەوج و زەوجە نییە، ئەنواع شێوازی تری هەیە، ئینجا پێویستە لێرەش ئەو هەموارکردنەوە بە شێوازێك بێت کە موخالەفەی نە دەستووری عێراق و نە ڕەشنووسی دەستووری هەرێم بێت، کە لە هەردووکیاندا هاتووە نابێت شتێك دەربچێت پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلام بێت و ئەوانەی لێرە هەمووی

پێچەوانەی شەریعەتە، ئەوەی کە هەمواریش دەکرێت وەکو ئەوە وایە کە تەشجیعی ئەوە بکات کە ئەو زاهیرەیە پانتاییەکەی فراوانتر ببێت و وەك خۆی بمێنێت و وەك ئەو هەموار کردنە بەسەردا بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو مریم فەرموو،

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە قسەکەی من ﴿خاتوو تەلار﴾ کردی، پشتگیری لە قسەکانی دەکەم و هەروەها قسەکانی ﴿گەشەخان﴾ بۆ ئەوەی مودەی سزاکە تەحدید بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د. شێرکۆ فەرموو،

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشیندە و میهرەبان، من قسەکانم ﴿تەلارخان و کەژاڵ خان﴾ کردیان، لەگەڵ ئەوەدام کە لە قانونی عقوباتی عێراقی نەمێنێت و لە یاسای باری کەسێتی چارەسەر کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو منیرە فەرموو،

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری تەواوی قسەکانی ﴿خاتوو تەلار و گەشە خان﴾ دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك قادر فەرموو،

**بەڕێز قادر ئۆتمان رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو مادەیە، پێم باشە تەئکید بکەین، ئەوەی من بینیبم ئەم یاسایە هەموار کراوە بە یاسای ژمارە ﴿٩﴾، نەك ئیلغا کرابێت و پێم وایە یاسای باری کەسێتی باس لە نەفەقە و میرات دەکات کە ئەمە پەیوەستە بە کەسایەتی ئینسان، جەریمە پەیوەستە بە کردارەکانی ئینسان و لەیەك جیاوازە و لەگەڵ ئەوەدام لە یاسای عێراقی بمێنێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدام پشتگیری قسەکەی ﴿گەشەخان﴾ دەکەم، موددەی سزاکەی دیاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو بەهار فەرموو،

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە هەر یاسایەك کە دادەڕێژین لە روانگەی واقعێکەوە دایدەڕێژین، ئێمە چەند ئەم یاسایە لە رووی واقعییەوە بۆ ئێمە و خەڵك سوودمەند دەبێت، دیارە بە پێی واقعی هەرێمی کوردستان تا ئێستا ئەو یاسایە هیندەی لە رووی واقعییەوە پیاوان لێی سوودمەند بوون، ژنان لێی سوودمەند نەبوون، بەو ئیعتیبارانەی کە جیاکاری هەیە لە رووی سزاکانەوە و لە هەرێمی کوردستان تەتبیق نەکردنی یاسا خۆی گرفتێکە و دەبێت رەچاوی ئەم خاڵە بکرێت و ئەم یاسایە لە یاسای توندوتیژی خێزانیشدا هاتووە، بۆیە ئەگەر بمێنێت و نەمێنێت ئیشکالێك دروست ناکات، ئەگەر چی لە یاسای سزادانی عقوباتی عێراقی ئەمە جێی دەبێتەوە، بەڵام لە رووی واقعییەوە جیاکاری دەکرێت و بۆ تەخفیف و تەوازونی ئەمە پشت بە یاسای توندوتیژی خێزانی ببەسترێت یان لێرە لا ببرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عمر فەرموو،

**بەڕێز عمر صالح عمر﴿ عمر کۆچەر﴾:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەی من کرا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز حاجی کاروان فەرموو،

**بەڕێز کنعان نجم الدین ﴿حاجی کاروان﴾:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر جیاکارییەك لە عقوباتەکان هەیە بۆ ژن یان پیاو، ئەگەر لێرە موعالەجە نەکرێت بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی شوێنێکی تر بۆ بدوزنەوە و تەنانەت قورئان ئیشارە بەوە دەدات ﴿الزانیە و ازانی فاجلدوا کل واحد منهما﴾، یەعنی تەحدیدە و هەردووکیان وەکو یەك عقوبە دەدرێن ئەگەر ئەو ﴿٢﴾ ماددەیە بکرێت بە یەك و پێدەچێت ئەو ئیشکالییەتە حەل بکرێت و لە کۆتاییدا عقوبەیەکی دیاری کراو یان سزایەکی دیاری کراو لە بەردەستی حاکم دەبێت، ئەوکاتە ئەو جیاکارییە رێی لێدەگرین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو نجیبە فەرموو.

**بەڕێز نجیبە لطیف احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، تەنیا پشتگیری لەو موبەڕیراتانەی لیژنەی یاسایی دەکەم بۆ مانەوەی یاساکە وەك خۆی، چونکە لە هەڵگرتنی ئەو ماددەیە پێم وابێت ئەو نایەکسانییەی کە لێیدەترسین دێتە پێش و عقوبەکە جیاواز دەبێت بۆ ژن و پیاو، بەڵام لە مانەوەیدا بە هەمان شێوە ئەو موددەیە تەحدید بکرێت، ئەوەی کە بەڕێزسەرۆکی لیژنەی ئەوقاف دەڵێت لە تەتبیقات پێویست دەکات پێیان بوترێت دادپەروەر بن، بە راستی ئەمە لە پێ وتن و تەوسیفە نابێت، لە قانونەکە دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو سوڵتە و دەسەڵاتە رەهایە نەمێنێت کە جیاوازی بکرێت لە عقوبەی ژن و پیاو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو شکریە فەرموو،

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پاڵپشتی لە لیژنەی یاسایی دەکەم کە ماددەکە بمێنێتەوە، بەڵام جیاکاری رەگەزی نەمێنێت، سزاکان، لەبەر ئەوەی لە هەر شوێنێك خوای گەورە باسی سزاکانی سەر ئافرەت و پیاوی کردبێت سزاکان وەکو یەکە، وەکو یەك بن و لەهەمان کاتدا پاڵپشتی ئەو رایە دەکەم کە سزاکان دیاری کراو بێت و بە رەهایی نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا مەڕوان فەرموو،

**بەڕێز حسین اسماعیل حسین ﴿ مەڕوان گەڵاڵی﴾:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بسم الله، جارێ پشتگیری لە هەموو ئەو خوشك و برایانە دەکەم کە باسی ئەوەیان کرد کە بە بیانووی جۆراوجۆر ستەم لە ئافرت دەکرێت، واقعێکە کەس ناتوانێت خۆی لێ بشارێتەوە و پشتگیری لە رەئی ﴿کاك حاجی کاروان﴾ دەکەم کە لە شەرعدا عقوبەی پیاو و ژن وەکو یەك دیاری کراوە لەو حاڵەتە قیزەوەنانەی کە روودەدەن، بۆ چارەسەرکردنی ئەمە بە رای من باشترین حاڵەت جیاکردنەوەیانە لە رێگای یاسای باری کەسێتی، ئەمە کۆتایی بە قەزیەکە دێنێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ئومێد فەرموو،

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، وەك بنەڕەتێك بۆ بەرجەستەکردنی یەکسانی لە سزاداندا منیش پشتیوانی لە

روونکردنەوەکانی ﴿د. بەهار محمود﴾ دەکەم، بەڵام بۆ جێ بە جێ کردنی ئەو ماددەیە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە پشتیوانی لە رای ﴿گەشەخان﴾ دەکەم و پێویستە ئەو رایە لەبەرچاو بگیرێت، بۆ ئەوەی هیچ جیاکەرەوەیەك لە جێ بە جێ کردنی یاساکەدا نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی من تێگەیشتووم لە هەمواری یاسای ژمارە ﴿٩﴾ی ساڵی ﴿٢٠٠١﴾، ئەو هەموارە بڕگەی دووەمی ئیلغا نەکردووتەوە، بەڵکو بڕگەی دووەمی کردووە بە ماددەیەکی سەربەخۆ، نەك ئیلغای بکاتەوە، کردوویەتی بە ماددەیەکی سەربەخۆ، وا نییە؟ فەرموو د.ڤالاَ.

**بەڕێز د.ڤالاَ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەوەی کە لە قانونی ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٠١) ئیشارەتی پێکراوە لە چوار ماددە پێك دێت، لە ماددەی یەکەمیدا دەڵێ (یوقف العمل في أقليم كوردستان بالفقرة الثانية من المادة (٣٧٧) من قانون العقوبات)، (المادة الثانية: يعاقب الزوج الزاني، و من زنى بها بالعقوبة الواردة في الفقرة الاولى من المادة)، (المادة الثالثة: على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون)، (المادة الرابعة: ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية)، کەواتە لێرە بۆمان روون دەبێتەوە بەڕێزان کە ئەو ماددەیە کاتێك لە ماددەی یەکەمیدا لە کار دەخرێت و باس لە فەقەرەی دووەمی ماددەی (٣٧٧) دەکاتن، لە ماددەی دووەمدا تەعدیلی بۆ دەهێنێت، واتە بەدیلی بۆ دەهێنێت، بەدیلەکەش ئەوەیە کە مەنزیلی زەوجیە لە ئەسڵی یاساکەدا هاتووە، بەڵام مەنزیلی زەوجیە لە تەعدیلەکە هەڵگیراوە، ئەوەیان وەڵامی یەکەم کە یاساکە ماوە، ماددەیەکی سەربەخۆی بۆ داناوە، بۆ خاڵی دووەم و تێبینی دووەمیش ئەوانەی کە تێبینیان کرد گوایە تەنها بۆ (زوجة)یە و بۆ (زوج) نییە، لێرانە دەڵێ (يعاقب الزوج الزانی، و من زنى بها) کە مساواتیشی کردووە لە هەردوو حاڵەتدا (زوج) و (زوجة) دەگرێتەوە، هەروەها دەتوانن ئەوانەی کە لە فقهەوە شارەزاییان هەیە لە رووی لوغەوییەوە زیاتر پشتگیریمان بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.سراج فەرموو.

**بەڕێز د.سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە د.ڤالاَ باسی کرد دەق وایە، لەبەر ئەوەی دەڵێ (يعاقب الزوج الزاني) مساواتی تێدا کردووە، لە رووی زمانەوانییەوە کە دەڵێ زەوج هەم نێر دەگرێتەوە و هەم مێش دەگرێتەوە، کەواتە زەوج هەردوو لای تێدایە، مساواتە لە مابەینی ژن و پیاو، وانەبێتن تەنها لە ساڵحی پیاوبێ، بەڵکو ئافرەتیش لە مەوزوعەکەی تێدایە و هەردووکیان وەکو یەك حیسابیان بۆ کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو یەکسانییەی کە بەڕێزان باسیان لێوە دەکەن و داوا دەکەن یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٠١) هێناویەتی، چونکە پێش ئەوە بە نیسبەت ژنەوە مەنزیلی زەوجیەی تێدابووە، بەلأم لەو تەعدیلەدا مەنزیلی زەوجیە لابراوە، کەواتە هەردوولایان وەکو یەك عقوبەکە شموولیان دەکات، زروفەکانیان وەکو یەکە لە هەر شوێنێکدا بێت، سەبارەت بەوەی کە حەدی ئەدنا و ئەعلا لێك نزیك بکرێتەوە وەکو ئەوەی کە (گەشە خان) گوتی، ئەوە عیلاقەی بە یاساوە نییە، عیلاقەی بە تەتبیقاتی محکەمەوە هەیە، یەعنی ئەوە سولتەی تەقدیری حاکمە کە دێت ئەوە وا لێ دەکات، ئێمە ناتوانین سوڵتەی تەقدیری حاکم تەدخولی تێدا بکەین، چونکە دەبێ حاکم سوڵتەی تەقدیری هەبێ بۆ ئەوەی بچێتە ناو تەفاسیڵی هەر دەعوایەکەوە، هەر کەیسێك ئەحداسەکانی خۆی جیایە، بۆیە دەبێ ئەو سوڵتە تەقدیریە ئەگەر خەلەلێك هەبێت ئەوە لە تەتبیقات و لە محاکمدایە، لە یاساکە ئێمە کەمیشی بکەینەوە ئەو هەر دەتوانێ ئەو سوڵتە تەقدیریەی خۆی بەکار بێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو ئێڤار فەرموو.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو ڕەئی لیژنە پێمانباشە برِگەی دوو لە ماددەی (٣٧٧) نەمێنێت، ئێمە هەوڵی بۆ دەدەین کە نەمێنێت، ئەگەریش بمێنێتەوە پشتیوانی لە رائیەکەی خاتوو (گەشە دارا) دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

چۆن دەبێ نەمێنێ؟ دەبێ بمێنێ خاتوو ئێڤار.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا بە پێی ماددەکانی (١٣، ٢٥) هەر هەوڵدەدرێتن هەتا لە پەرلەمانی عێراقیش کاری لەسەر دەکرێت کە نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز خاتوو تەلار نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطيف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو شتە، یەکێکیان بە پێی یاسای باری کەسیەتی ماددەکە هەڵگیرێت، خۆ ئێمەش دەزانین ئەو ماددەیە بەو شێوازەیە و لەویٚ هەموار کراوەتەوە، یەکسەر یاسای باری کەسیەتی مافی جیابوونەوەکە دەکات، ئەو کەسەی خیانەتی زەوجیەکەی کردووە چ پیاوەکە و چ ژنەکە هیچ مافێکی نامێنێت ئەگەر ژنەکە بێت، هەروەها ئەگەر پیاوەکەش بێت دەبیٚ هەموو مافەکە بدات بە ژنەکە، یەعنی ئەوە زۆر بە وازیحی دیارە، خاڵی دووەمیش ئێمە حەدی ئەدنا و ئەعلا کە داوامان کردووە کە دیاری بکرێت، زۆر گرنگە لەبەر ئەوەی ئێمە بۆچی کار لەسەر ئەوە بکەین کە بمێنێتەوە لەسەر ئیجتیهادی حاکمەکە بە چ شێوازێك، دەبینین دائیمەن ئەگەر لە ڕێگای بەندکراوەکان ئەوانەی لە زیندانەکاندان دائیمەن عقوبەی ژنەکان زیاترە، بۆیە پێویست دەکات، چونکە ئێمەش ئەوە بزانین دائیمەن کۆمەڵگا ڕەئی هەیە لەسەر بیر و باوەڕی ئەو دادوەرانە، بۆیە زۆر زەرورە ئێمە لە ئێستادا حەدی ئەدنا و ئەعلاکە دیاری بکەین بۆ زیاتر دادپەروەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز شیلان خان فەرموو.

**بەڕێز شيلان جعفر علي:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ بەڕێزان هاوڕام لەگەڵ (د.بەهار و د.سیراج و د.ڤالا)، چونکە بە حەقیقەت ئێمە لە هۆیەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە، یەعنی باس لەوە دەکەین لە پێناو بەرجەستەکردنی دادگەری و هێنانەکایەی کۆمەڵگایەکی دوور لە توند و تیژی و جیاکاری ڕەگەزی، بۆیە ئێمە ئەگەر دەستکاری ئەم ماددەیە بکەین لەگەڵ ئەسڵی ماددەکەی خۆیدا جیاوازی بۆ بکەین، یەکەم: ئەو کاتە ئێمە ناتوانین ئەو دادگەریە کۆمەڵایەتیە بچەسپێنین و جیاوازی ڕەگەزی دروست دەکەین، بۆیە منیش هەمان ڕەئی هەڤاڵانی بەڕێزم هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەسڵی مەسەلەکە ئەوەیە یەکسانی بەدی بێت، دادگەری بەدی بێت، هەروەها ئەو جیاکاریەی کە هەیە نەبێت، ئەو خراپ بەکار هێنانە ئەگەر هەیە لە دادگاکاندا وەکو بەڕێزان باسی دەکەن نەبێت، لەبەر ئەوە با شتێکی وا دارێژین کە ئەوە بەدی بێنێت، یەعنی بۆ ئەوەی کۆتایی بەم جەدەلەش بێنین بەراستی،

شتێکی وا داڕێژین کە ئەو یەکسانی و دادگەری و باش جێبەجێکردنە بەرهەم بێنێت تەبعەن بە نەتیجە، چونکە هەدەفەکەمان ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حاجی کاروان فەرموو.

**بەڕێز کەنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر قسەی (د.سراج) بڕگەی دووەم بە تەحدید باسی پیاوە، یەعنی (زوج) لەوێ بە هەردووکی نەهاتووە، چونکە دوایی ئەگەر بیخوێنیتەوە (ومن زنی بها) یەعنی تەحدیدەکە باسی پیاوە، بۆیە ئەگامان لێ بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا هەورامان فەرموو.

**بەڕێز د.هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من هەر ئەوەندە دەڵێم خۆی ئەم بڕگەیە لەبەر ئەوە زادەی بیری مرۆڤ داینراوە دادگەری تێیدا رەچاو نەکراوە، ئەگەر سەیری قورئانی پیرۆز بکەین کە باسی ئەم مەوزوعە دەکات بە چوار تەئکید دادگەری لە بەینی ژن و مێرددا بەیان کردووە، یەکەم: (الزانية و الزاني) باسی هەردووکیان دەکات، دووەم: (فاجلد كل واحد منهما)، (كل واحد) هەردووکیان، (ولا تأخذكم بهما) هەردووکیانی باس کردووە، لەبەر ئەوە بەراستی باشترین حەل ئەوەیە کە ئەوەی خوای گەورە بەیانی کردووە هەم چارەسەری خیانەتی زەوجی پێ دەکرێت، هەم ئەو کەسەی کە زانیە و ئەوەشی کە زانیەیە بەراستی رەدع دەبێ و زەجر دەبێت، بەڵام ئەوەی پێشوو لەبەر ئەوە زادەی بیری مرۆڤە لە ساڵی (١٩٦٩) واتە (٤٦) ساڵ لەمەو پێش ئەم بڕگەیە دانراوە خیانەتی زەوجی ئەگەر زیادی نەکردبێ کەمیشی نەکردۆتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.فرست نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صوفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من باسی ئەوەم کرد کە لە ساڵی (٢٠٠١) ئەو ماددەیە لەکار خراوە، چوومە هەموو شتەکانم هێناوە، ئەوە یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠٠٢) تەنها ئەوەشی تێدایە سەیرکە چێ دەڵێت، ماددەی یەکەم: تێوەگلان لە تاوانی دەرحەق بە ئافرەتان بە بیانووی هۆکاری شەرەف بۆ مەبەستی بەکارخستنی حوکمەکانی ماددەگەلی (١٢٨، ١٣٠، ١٣١) یاسای سزای ئەوەندە و ئەوەندە، بە هیچ شێوەیەك باسی ماددەی ژمارە (٣٧٧)ی نەکردووە،

ئەوەی کە لێرە لە ساڵی (٢٠٠٢ ) باسکراوە، ئەوەی لەکار خراوە (١٢٨، ١٣٠، ١٣١)ە، واتە ئەوەی ساڵی (٢٠٠١) ماوە، لێرە لە ساڵی (٢٠٠٢) بە هیچ شێوەیەك باسی ئەوەی نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی ئیشکالەکە لەوەدایە (بەڕێز د.فرست)، یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٠١) ماددەی دووەم بریتییە لە بڕگەی دووی ماددەی (٣٧٧)ی یاسای سزادان، حەز دەکەی سەیری بکە، ماددەی دوو لە یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٠١)، ماددەی دوو بریتییە لە فەقەرەی دووی ماددەی (٣٧٧) یاسای سزادانی عێراقی، بەس تەنها ئەوەی مەنزیلی زەوجیەی لێ لابراوە، کەواتە هەر ماوە، دەقی فەقەرەکە هەر ماوە و تەعدیل کراوە، فەرموو د.فرست.

**بەڕێز د.فرست صوفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە تەعدیلی ساڵی (٢٠٠١) دەڵێ بڕگەی دوو لە ماددەی (٣٧٧).......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزت ماددەکەت لایە، سەیری بکە، بیخوێنەوە.

**بەڕێز د.فرست صوفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، لامە هەموو شتێکم هێناوە لەبەر دەستمدایە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دووەمی سەیر بکە، ڕاست دەکەی لە ماددەی یەکەمدا دەڵێ (یوقف العمل في اقليم كوردستان بالفقرة الثانية من المادة (٣٧٧) من قانون العقوبات العراقية رقم (١١١) لسنة (١٩٦٩) المعدل)، بەڵام (المادة الثانية: يعاقب الزوج الزاني و من زنى بها بالعقوبة الواردة في الفقرة الواحده من المادة (٣٧٧) من قانون العقوبات رقم (١١١) لسنة (١٩٦٩) المعدل)، کەواتە ماوە، باشە، بە دەنگدان یەکلایی دەکەینەوە، بەس دوو ڕەئیمان پێ بڵێن، لیژنەی یاسایی لەگەڵ ئەوەیە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە بەو شێوەیە، ڕەئیەکەی تریش کە داوای تەحدید دەکات، شتێکمان پێ بڵێن بۆ ئەوەی بە دەنگدان یەکلایی بکەینەوە، فەرموو گەشە خان.

**بەڕێز گەشە دارا جەلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە وازیحە، دیارە هیچ ڕێگریەکی یاسایی نییە لەوەی کە ئێمە مودە دیاری بکەین، بەڵام خۆی ڕاستە دیاری کراوە زیندان (٣) مانگ بۆ (٥) ساڵە، سوڵتەیەکی تەقدیری زۆر هەیە لە مودە زەمەنییەکەدا بۆ حاکم کە ئەو جیاوازی تێدا دەکات، کەواتە ئێمە بە قانون، بە نەص ئەو سوڵتە تەقدیریەی ئەو دادوەرە بەڕێزانە تۆزێك کەم بکەینەوە ئەو جیاوازیەش کەم دەبێتەوە، ئێمە ناڵێین عەدالەتێکی موتڵەق بەدی دێت، بەڵام عەدالەتەکە نسبیەن زۆر باشتر دەبێ لە پێشتر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، ئاخر پێشنیارت نەدایێ لەسەر هێنەکە.

**بەڕێز گەشە دارا جەلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێمان باشە (٣) مانگ بۆ ساڵێك بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالاً فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو عقوبەیەی کە تەحدید کراوە بە زیندان بە (٣) مانگ بۆ (٥) ساڵ سوڵتەی تەقدیری دراوە بە بە قازی، سوڵتەی تەقدیری دراوە بە مەحاکم، لەبەر ئەوەی مەحاکم و قازی داخیلی جوزئیات دەبن لەهەر قەزیەیەك (علی حدە)، یەعنی لەوانەیە قەزیەیەك کە دێتە پێش حاکم و تەحقیقی تێدا دەکات لە (٣) مانگەکە بۆ (٦) مانگ عقوبەی بدات، لەوانەیە بەشاعەتی جەریمەکە، ناشرینی و ختورەتی جەریمەکە وای لێ بکات بە (٣) ساڵ یان بە (٥) ساڵ ئەو جارە عقوبەی بدات، بۆیە ئەو سوڵتەی تەقدیریەی کە دراوە بە حاکم لێرانە ئەوە فەلسەفەی خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی قانون داخیلی جوزئیات نابێت، بەلاّم حاکم داخیلی جوزئیاتی هەر کەیسێك و هەر قەزیەیەك بە جیا دەبێت، بۆیە تکا دەکەین وەکو ئەوەی کە لە راپۆرتی لیژنەی یاسایی هاتووە بدرێتە دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، لەبەر ئەوەی ئیشکالی تێدایە بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی گفتوگۆکە پێش ئەوەی بڕیاری لەسەر بدرێ، پێمانخۆشە چەند ئەندامێکی تری پەرلەمان کە ناویان نەنووسیوە ئەوانیش قسەی خۆیان بکەن، دوایی بیر و بۆچوونە جیاوازەکان دەخەینە دەنگدانەوە، بەڕێز مامۆستا جمال مۆرتکە فەرموو.

**بەڕێز جمال عثمان (جمال مۆرتکە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی ئەو بابەتە بەراستی ئەسڵی کێشەکان لە سەرەتای ژیانی خێزانی یان موراعات نەکردنی رەئی هەردوو رەگەز، یەکەم: ئەوەیە بە رای من پێویستە ئێمە داکۆکی لەسەر ئەوە بکەین لە دادگا لەسەر ئەساسی کێشەکان کە دروست دەبێ، یەعنی فەقەرەیەك زیاد بکرێ لە پۆلیسەوە خیلافات لە شێوازی وەکو بڵێی تەحقیق کردن لە بابەتی کێشەکان بەلاڕێ لانەبرێت، یەعنی عقوبەیەك دیاری بکرێت، دووەم: کێشەی خێزانی ئێمە هەندێك لە هەڤاڵان باسیان کرد....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا جمال، ئێمە بە تەحدید باسی یەك حاڵەت دەکرێ، ماددەی (٣٧٧).

**بەڕێز جمال عثمان (جمال مۆرتكە):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەس ئەگەر ئیشارەتێك بدەم، كێشەی ئێمە دەبینی ئێستا هەندێك حاڵەت هەیە روودەدات كە (٨٠٪) كێشەكانی كە كێشەی خیلافاتی لە بەینی خێزان لەوەیە كە لە سەرەتاوە رەزامەند نەبووە، بۆیە بە رای من فەقەرەیەك زیاد بكرێ ئەو كچ و كوڕەی كە یەكتریان دەوێ سزایەك دابنێن بۆ ئەو خێزانەی كە.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا ئەوە لێرە ناكرێت، پەیوەندی بەم ماددەیەوە نییە، تكات لێدەكەم.

**بەڕێز جمال عثمان (جمال مۆرتكە):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوو: عەدالەت دیاری بكرێتن بۆ ئەوەی لە دادگا هەر سەرپێچییەك خیلافێك بە بڕیاردان عقوبەی خۆی لەگەڵ بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، تەبعەن بە بڕوای من یاسا دەبێ مامەڵە لەگەڵ واقیعدا بكات، پرسیارەكە ئەوەیە تاوەكو ئێستا لەگەڵ ڕێز و ئیحتیرامم زۆربەی دادوەرەكانمان پیاون، پرسیارەكە ئەوەیە لە كۆمەڵگایەكدا كە بە شێوەیەك لە شێوەكان، بە چەشنێك لە چەشنەكان بیرێكی پیاوانە زاڵە حوكم دەكات و یاساكان دادەنێت، حكومڕانی دەكات، ئایا بیركردنەوەی پیاوانە و روح دەرونی پیاوانە حوكم ناكات لەو سولتە تەقدیریەی كە بەڕێزان باسیان كرد؟ بۆیە بە بڕوای من لەبەرچاو گرتنی ئەو پێشنیارەی بەڕێزان ئێڤارخان و گەشە دارا و تەلارخان زۆر زەرورە بۆ بەرقەراركردنی ئەو دادپەروەرییەی دەمانەوێ ، چونكە وەكو وتم دادەوەرەكانمان تاكو ئێستا زۆربەیان پیاون، ئەوانیش ئینسانن، بێگومان لە ژێر كاریگەری بیرە پیاوانەكە و ڕۆح و ژیانی پیاوانەدا هەندێك جار قەرار دەدرێ ئەو كێشانەی دروستكردووە كە ئەو بەڕێزانە باسیانكرد ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان :**

سوپاس ، بەڕێز دكتۆر فرسەت سۆفی فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو قانونە عقوباتەی کە لەبەر دەستی ئێمەدایە زیاترە لە (٥٠٠)ماددەیە، تەسەور دەکەم بەشی زۆری عقوبەکان چ جا ئەگەر حەپس بی ، چ ئەگەر سجن بێ بە سوڵتەی تەقدیری داوەتە قازی ، بەتایبەتی جەریمەی زینا کە مەسەلەیەکە زۆر زۆر حالاتی هەیە ، پەیوەستیشە بە هەردوو ڕەگەزەکەوە ، عقوبەکە بۆ ژنەو بۆ پیاویشە ، بۆیە بە تەسەوری من هیچ کێشەیەکی تێدا نییە ، هیچ نا داد پەروەریەکیشی تێدا نییە کە وەکو خۆی هەیە بمێنێتەوە ، بەتەسەوری من ئیشکالی تێدانییە، ناداد پەروەری نییە ، لەبەر ئەوەی قازی نەك لەو ماددەیەی ئەگەر وابێ دەبێ هەمووی بگۆڕین نەك لەو ماددەیە زیاتر لە (٢٠٠)ماددەی تریش سوڵتەی تەقدیری هەیە نەك هەر لە حەپس، لە سجنیش سوڵتەی تەقدیری هەیە کە دەڕوات هەتا (٢٥) ساڵ موئەبەدیش دەڕوا ، لەبەر ئەوە بە تەسەوری من ئەوەی کە هەیە کە لە (٢٤) سەعات تاوەکو (٥) ساڵە حاڵەتێکی زۆر زۆر تەبیعیەو وەکو خۆی بمێنێ ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

باشە ، سوپاس ، بەڕێز کاك حاجی کاروان تکایە بە کورتی فەرموو.

**بەڕێز کەنعان نجم الدین احمد (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەیاسای فەرەنسا تەقریبەن ئەگەر کەسێك ئەو حاڵەتە بکا نزیکەی (٣٠٠٠) هەزار یۆرۆی لێدەسەنرێ یەعنی عقوبەی سجن نییە کەواتە ئەوان بە یاسایەك مامەڵە لەگەڵ ئەو حاڵەتە دەکەن ، قورئانیش بە تەحدیدی ئەم حاڵەتەی دیاری کردووە باسی (جەڵدە) دەکا، یەعنی ئەگەر بۆ ئێمە پێمان عەیب بێ ئەم ئایەتە بخەینە ناو یەکێك لەم بڕگانەوە ئێمە ئەبێ پابەندبین بە شەریعەتی ئیسلامییەوە ، زۆر تەبیعییە بۆ حاڵەتێك سێ عقوبە هەبێ ، پارەش دابندرێ ، حەپسیش دابندرێ ، ئەم ئایەتەش دابندرێ ، من وەکو پرسیارێك لە جەنابتان و هەموو ئەندامانی پەرلەمان ئەکەم ئافرەتێك تووشی ئەم حاڵەتە بێ سێ ، چوار منداڵی هەیە پێنج ساڵ لە سجندابێ ئەو مندالأنە چیان لێدێ؟ ئەو ئافرەتە لە ڕووی نەفسییەوە چی لێ دێ؟ بەلأم ئەگەر ئەو عقوبەی کە خودای رب العالمین دایناوە ئەمە ڕەدعە کە دایناوە مەسەلەن باسی جەڵد ئەکا ئەم جەڵدە (١٠٠) جەڵد، یەعنی قایشی پشتێن ، یەعنی نابێ بە قایمیش بێ (١٠٠) جەڵدی لێبدرێ بە خیلالی نیو سەعات عقوبەی تەواو ئەبێ و ئەچێتە ماڵی خۆی یان (٥)ساڵ باشە لە سجن بێ ، قەسدم ئەوەیە لە ڕووی یاساییەوە ناکرێ ئێمە سێ ڕەدع دابنێین بۆ ئەو حاڵەتە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، بەڕێز کاك عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من نەمویست تەداخول بکەم ، بەلأم بەڕێزان وشەی حەپس و سجنیان بۆ لێکداینـەوە ، پێشـتریش مـن خۆم زانیارییەکم هەبوو لەسەری مادام لە (٢٤)کاتژمێر تاوەکو (٥)ساڵ ئەکاتە حەپس بەڕای من وەکو خۆی بمێنێتـەوە ماددەکـە ، نابێـت حـاکم وا لێبکـەین کـە دەسـتی بەسـتراو بکـەین ، حاڵەتـەکان زۆر جیـاوازە، بمبەخشە تۆزێك جاری وا هەیە زینا ئەکرێ لەبەر موحتاجی ، جاری وا هەیـە زینـا ئـەکرێ لەبـەر ئـەوەی کەوا فشاری هاتۆتە سەر ، بەزۆرپێی کراوە ، جاری واهەیە ئیحراج دەبێ هەردوو تەرەفەکە ، لەبەرئەوە بـە ڕەئی من لێـی بگـەڕێین حـاکم کەیسـەکان یـەکلایی بکاتـەوە لـەناو دادگـا ، ناکرێـت هـەموو حـاکمێکیش بـە نادادپەروەر ئێمە بدەینە قەڵەم ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، دوو ڕاکە بخوێننەوە بۆ ئەوەی یەك لە دوایەك بیخەینە دەنگەوە ، قسەتان هەیە، دکتۆرە ڤالاّ فەرموو، ئینجا مامۆستا دەرفەتی جەنابیشت ئەدەم.

**بەڕێز د. ڤالاّ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە لیژنەی یاسایی ئیسڕاری لەسەر دەکا وەکو خۆی بمێنێتـەوە بـۆ تـەحقیق کردنـی دادگەرییـەو بـۆ ئەوەیە کە پارێزگاری لە مافی ژنان بکرێت ، ئێمە لێرە دیفاع لە مافی ژنـان دەکـەین لەبـەر ئـەوەی لـە سـێ مانگ حاکم دەستکراوەیە بۆ (٥)ساڵ ، بەلأم ئەتۆ کە دەیکەی بە ساڵێك بـۆ سـێ سـاڵ یـان بـۆ شـەش مـانگ لەوانەیە ئەو حاکمە تەنها بە سێ مانگ ئـەو ئافرەتـە عقوبـە بـدات ، بـەلأم کـە حـەدی ئـەدنا ئـەتۆ لێرانـە زیادت کرد ، کردت بە ساڵێك واتا حاکم لێرە ناتوانێ بە هیچ شێوەیەك دیراسەی حاڵەتـەکان بکـاتن ، بۆیـە تکایە ئاگاداری ئەو خاڵە بن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

حەدی ئەدنا پێموابێ زیاد نەکراوە ، مامۆستا هەورامان فەرموو.

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەو حەدی ئەدنایە باس ئەکرێ بەتایبەت ئەوەی وترا (٣)مانگ ، ئەرێ من پێم سـەیرە (٣)مـانگ کەسێك کە خیانەتی زەوجی کردووە ئەیبەی بەخێوی ئەکەی ، نانی باشی پـێ ئـەدەی دوایـی ئەیگێڕیتـەوە ناو موجتەمەع بۆ سەر شەرەف و ناموسی خەڵك ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئـەوە چوار ئەنـدام پەرلـەمان من ، کاك دکتۆر شوان ، کاك حاجی کاروان ، مامۆستا مروان باسی شـەرعی خودامـان کـرد ، باسـی ئـەوەمان کرد کە ئەم مەوزوعە قەزیەیەکە خودای گەورە نوقتەی لەسەر خستۆتە سەر پیت بەجێشی نەهێشتووە بۆ پێغەمبەری خودا (ص) بە ئایەتی موحکەم ، ئـەمڕۆش الحمـدلله هـەمووان خۆمـان بـە موسـڵمان دەزانـین یانی پێم سەیرە هیچ کەس خۆی بەبێ بڕوا نازانێ ، هیچ کەس خۆی بەوە نازانێ بڕوای بـە قورئـان نـەبێ

ئەمەش ئایەتێکی موحکەمی قورئانە فەرموو با ئەوەی قورئانیش بخرێتە دەنگدانەوە بزانین هیچ دەنگ دەهێنێ یان نا؟....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

مامۆستا هەورامان فەلسەفەی سزادان جیاوازە ، ئەوە پەیوەندی بە فەلسەفەی سزادانەوە هەیە ، فەلسەفەی سزادان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر ، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر گۆڕانکاری بەسەردا دێت ، لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکی تر گۆڕانکاری بەسەر دادێت ، ئەمە زۆرێك لە موفەکیرە ئیسلامییەکانیش باسیانکردووە ناکرێ ئەمە ئێستا بخەینە دەنگدانەوە لە پەرلەمانی کوردستان ، بەڵێ فەرموو ئێڤارخان.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تکایە قسەکانی مامۆستا هەورامان لە پرۆتۆکۆل بسڕێتەوە ، لەبەر ئەوەی بێ ڕێزییە بەرامبەر بە ژن دەکرێت بەڕاستی....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا ، نا تەنها ڕای خۆی وتووە ، ئەتوانێ ڕای خۆی بڵێ ئەویش...

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچێنەی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەدجار لە پرۆتۆکۆل بیسڕەوە، قسەکە قسەی خودایە کردوومە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، ئەو دوو پێشنیارە یەکیان ئەوەیە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە ، ئەوەی تریان ئەوەیە کە (٣)مانگ بۆ (٣)ساڵ بێ وایە؟ ئەی چی گەشەخان فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان باشە لە (٣) مانگ کەمتر نەبێ ، لە (٢)ساڵ زیاتر نەبێ ، تەعدیلمان کرد یەعنی لە پێشا وتمان ساڵێك بەس ئێستا کردمان بە دوو ئیتر موراعاتمان بکەن ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لێرەیا ڕەچاوی ئەوە بکەن هەمو عقوبەیەك تەنها بۆ ژن نییە بۆ پیاویشە کە خیانەت ئەکات لە ژنەکەی ، یەعنی مەسەلەکە ئەوە نییە بەس تەنها لێرە ژن عقوبەی بدەی ، پیاوێکیش خیانەتی کردووە لە ژنەکەی خۆی ئەبێ سزایەك وەربگرێ پیاو خیانەت نەکا لە ژنەکەی؟

**بەڕێز گەشە دارار جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش هۆکاری بەر تەسك کردنەوەی سوڵەتی تەقدیری بەڕێز دادوەرەکانمان باسکرد بۆ بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان کە جیاکاریکراوە ، بۆیە ئەو سوڵتە تەقدیرییە تەسك بکرێتەوە ، بچووك بکرێتەوە ئەویش ئەو جیاکارییە کەمتر ئەکات لە جیاتی ئەوەی (٣)ساڵ ژنەکە عقوبە بدات و (٣) مانگ پیاوەکە (٢)ساڵ ژنەکە عقوبە ئەدات ئەگەر ئەو جیاکاریە بکا ، بۆیە مودە زەمەنییەکە بچووك بکرێتەوە باشترە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، ئێڤارخان فەرمووو.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕەئی لیژنەی ئێمەش (٣)مانگ کەمتر نەبێ و لە (٢)ساڵ زیاتر نەبێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

باشە ، کەواتە ئێستا دوو ڕا هەیە ، بەڕێز دکتۆر فرست فەرمووو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەپس، خۆی دوو حەپسمان هەیە ، حەپسی شەدیدمان هەیە ، بەسیتیشمان هەیە ، حەپسی بەسیت لە (٢٤)سەعاتەوە دەست پێدەکات ، بۆیە ئەتۆ لە ئێستاوە قەرارتدا دەڵێی با عقوبەی کەم کەین ، لە ئێستاوە قەرارتدا ئەتۆ زەرفی موشەدەدت دایە ، حەپسی شەدیدت دایتێ ، ئەگەر (٣)مانگی دابنێی حەپسی شەدیدتدایە ، بۆیە لێبگەڕێن حەپس لە مەسڵەحەتی ژن دایە ، لە مەسڵەحەتی پیاویشدایە حاڵەتەکە دیارە ، ئێستا ئەتۆ موتڵەقەن بڕیارتدا حاڵەتەکە زەرفێکی موشەدەدە لەبەر ئەوەی کردتە (٣)مانگ ، چونکە (٢٤) سەعتیشمان هەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس خیانەی زەوجی ئایا خۆی زەرفێکی موشەدەد نییە؟ پێموابێ موناقەشەی زۆرتر هەڵناگرێ دوو ڕامان هەیە ڕایەکی ئەوەیە کە وەکو یاسای سزادان بمێنێتەوە کە لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە ، ڕاکەی تر ئەوەیە کە مودەکە دیاری بکرێ ، سوڵتەی تەقدیری حاکم دیاری بکرێ کە بەڕێزان داوادەکەن لە (٣)مانگ بۆ (٢)ساڵ بێ ، ڕای ئەندامانی پەرلەمان خۆتان سەرپشك بکەن کە کام ڕایە ئیختیار دەکەن ، ئەگەر ڕای یەکەم دەنگی نەهێنا ڕای دووەم ئەخەینە دەنگدانەوە ، ڕای یەکەم ئەوەیە کە لە ڕاپۆرتە هاوبەشەکەدا هاتووە دوایی دیسان مەیکەنەوە بە قەزییەیەك لەسەرمان خۆتان یەکلابکەنەوە دەنگ بە کامەیان دەدەن ، ڕای ڕاپۆرتی هاوبەش ئەوەیە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە لە یاسای سزادانی عیراقی ، واتە سوڵتەی تەقدیری وەکو خۆی بمێنێتەوە کە بە حەپس هاتووە (٣)مانگ بۆ (٥)ساڵە ، کێ لەگەڵیەتی؟ کێ لەگەڵ ڕاپۆرتی هاوبەشە؟ (٣٥)کەس لەگەڵیەتی ، کێ دژیەتی؟ (٢٥)کەس دژیەتی کەواتە پەسەندکرا ، بچینە سەر ماددەی دووەم.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

دووەم: ماددەی (٤٠٨): سزاکە ئاستی نزمی بۆ دابنرێ بەم شێوەیە:

(لا تقل عن (٣)سنوات و لا تزيد على سبع سنوات من) لەبەر ئەوەی ئەم ماددەیە زۆربەی قوربانییەکان ئافرەتن بەتایبەتی ئەو کەسانەی خۆیان دەسوتێنن بەهۆی هاندانەوە ، بۆیە پێویستە ئاستی نزمی سزایەکە دیاری بکرێ.

**ماددەی (٤٠٨):**

(**اولاً**: يعاقب بالسجن مدة لا تزيد على سبع سنوات من حرض شخصا او ساعده باية وسيلة على الانتحار اذا ما تم الانتحار بناءاً على ذلك وتكون العقوبة الحبس اذا لم يتم الانتحار ولكن شرع فيه.

**ثانياً**: اذا كان المنتحر لم يتم الثامنة عشر من عمره او كان ناقص الادراك او الارادة عند ذلك ضرفاً مشدداً ويعاقب الجاني بعقوبة القتل عمداً او شروع فيه بحسب الاحوال اذا كان المنتحر فاقد الادراك او الارادة.

**ثالثاً**: لا عقاب على من شرع في الانتحار.

ماددەی (٤٠٨) بڕگەی یەکەمی تەعدیل کراوە :

(**اولاً**: يعاقب بالسجن مدة لا تزيد على سبع سنوات من حرض شخصا او ساعده باية وسيلة على الانتحار او تسبب فيه اذا ما تم الانتحار بناءاً على ذلك وتكون العقوبة الحبس في حالة الشروع.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

ڕاپۆرتی هاوبەشیش بخوێننەوە.

**بەڕێز د. ڤالآ فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (٢): ڕاپۆرتی هاوبەش:**

ماددەی (٤٠٨) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموار کراو وەك خۆی دەمێنێتەوە بەو شێوەیەی کە لە یاسای ناوبراودا هاتووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ باناوی خۆی بنووسێ ، مامۆستا هەورامان نوقتەی نیزامیت هەبوو؟

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شەریف (هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من کە دەنگمدا ، دەنگم بۆ ئەوە دا کە دژی ئەوەی پێشووم نەك لەگەڵ ئەمەی تریشیان بم بۆیە وازیح بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، بەڕێز دکتۆر فرست صۆفی فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پاڵپشتی ڕای لیژنە هاوبەشەکان دەکەم ، لەبەر چی؟ چونکە بۆ ئەو تاوانانە کاتێك کە دەڵێ سجن یەعنی وازیحە (٥)ساڵ بەسەرەوەیە واتە پۆلین کراوە، ناکرێ جەریمەیەك بینی لە هەمان حاڵەتدا سجن کە لە (٧)ساڵ زیاتر نەبێ ، لەو کاتەشدا بینیەوە دایبەزێنین بۆ حەپس کە (٣) ساڵە ، بۆیە کە دەڵێ سجن مانای ئۆتۆماتیکییەن لە (٥)ساڵ کەمتر نییە ئیتر لە (٧)ساڵیش زیاتر نییە ، بۆیە من تەسەور دەکەم ماددەکە وەکو خۆی دیارە هەموارکردنیشی بەسەر داهاتییە ئەوەی دواتر دکتۆرە بەهاریش خوێندییەوە وەکو خۆی بمێنێتەوە باشترە لەوەی کە ئەسڵی پرۆژەکە پێشکەشکراوە هاتووە ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، کاك بەهزاد دەروێش فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستی ئاشکرایە کو کوشتن ، خۆ کوشتن تاوانەکا مەزنە جا هەرکەسەك هۆکار بیتن چاوا خۆ دکوژیتیش یانیش پاڵدەربێتن ، لێرەدا گەلەکا پێتفییە ڕادعێکێ ئاینی و یاسایی هەبیتن ب ڤێ چەندێ حەدی ئەدنا هەبێتن ، لبەر هەندێ رادعی ئاینی بۆ ئەو کەسە هەیە خۆ دکوژیت ئەم دزانین ئان حەتا هاندەربیت یەعنی ل شەریعەتێ ئیسلامێدا هاتییە هەرکەسێ کو نیڤ کەلیمەش هاوکارێ ئێکی بکات کە ئێکی بکوژیت یەعنی نیڤ کەلیمەکە چییە با دل بێژیت بکوژە، یەعنی مەعنای تاوانبارە ئەمە ناحییە ئاینی ، ناحییە شەرعی لێرە بەحسێ یاساینە بەڕاستی پێتفییە ئەگەر ئەوە هەموارکردنێ (٥)ساڵ دا نەبیت هەروەسا دمینیت کو (٣)ساڵا زۆرتر نەبیت ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، کاك عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من بەڕێز دکتۆر فرسەت کردی و پشتگیری قسەکانی ئەکەم ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان :**

باشە ، سوپاس ، بەڕێز خاتوو تەلار فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیەی ئێستا زۆربەی ژنانیش کە وەکو لە پرۆژەکەشا ئاماژەمان پێکردووە بەهۆی ئەو هاندانەوە تووشی خۆ سووتاندن و خۆ کوشتن بوون ، بۆیە دیاری کردنی حەدی (الادنی و الاعلی) زۆر باشە، بەڵام بەڕاستی ئێمە کێشەکەمان لەوێدایە، زۆرجار کە ڕوون ئەکرێتەوە بە هەندێك باری تردا دەبرێت کە دوور لە لایەنە یاسایی و پاراستنی مافی ژنانیش، کە ئێمە قسە لەسەر ئەوە دەکەین زۆربەی زۆری کێشەکان لە تەتبیقاتدا دیومانە، کێشەکانمان بینیوە کە تا ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا یەك کەس لەسەر ماددەی (٤٠٨)عقوبە درا، کە هاتە مەحکەمەی تەمیز ڕاستەوخۆ ئەو بڕیارەش هەڵوەشێندرایەوە، یەعنی ئەو ماددەیە حەدی ئەعلاو ئەدنای بۆ دیاری بکرێت زۆر باشە، بۆ ئەوەی کێشەکان ئەوەی کە (٤٠٨) ئەچێتە دادگای جینایات، بەلانی کەمەوە حاکم بتوانێت بڕیارێکی دادپەروەرانە بدات، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە سوپاس، ڕای لیژنە پەیوەندیدارەکان چیە لەسەر ئەم بابەتە، دکتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە دکتۆر فرسەت و کاك عەمەر باسیان کرد، ڕێك لە شوێنی خۆیدایە، ئەوەی لە پرۆژەکەدا هاتووە داوای ئەوە دەکات ئاستی نزمی بۆ دابندرێت، بەڵام بۆ خۆی ئاستە نزمەکەی دیارە کە وتت سجن، لە پێنج ساڵەوە دەست پێ دەکات، بۆیە ئەو تەعدیلەی کە داوا کراوە ئەصڵەن موبەڕیری نامێنێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز دکتۆر سراج، فەرموو.

**بەڕێز د. سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕای ئێمەش هەروەهایە، کە باسی سجن ئەکات، سجن بۆ خۆی لە پێنج ساڵەوە دەست پێ دەکات، کە لەوەوە دەستی پێکرد، خۆی حەدی ئەدنای بۆ داناوە کە پێنج ساڵە، ئەعلاشی بۆ داناوە کە حەوت ساڵە، بەڕای ئێمەش وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شیلان خان، فەرموو.

**بەڕێز شیلان جعفر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش هاوڕاین لەگەڵ لیژنەی ئەوقاف و کاروباری یاسایی، کە وەك خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆرە ڤالا، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالآ فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنـە پەیوەندیـدارەكان داواكـارن كـە ماددەكـە وەكـو ئـەوەی لـە ڕاپۆرتەكـەدا هـاتووە بمێنێتـەوەو بخرێتـە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو ئێڤار، فەرموو.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش هاوڕاین كەوەك خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، باشە ئێستا دوو ڕا هەیە، یەكێكیان ئەوەیە كە وەكو خۆی بمێنێتەوە، وەكو ئەوەی كـە لـە ڕاپـۆرتی هاوبەش هاتووە، ڕاكەی تریش ئەوەیە كە دەڵێت با تەحدید بكرێت لە نێوان سێ ساڵ بـۆ حـەوت سـاڵ، كـێ لەگەڵ ئەوەدایە كە وەك خۆی بمێنێتەوە، تكایە با دەستی بڵند بكات؟، ٤١ كەسـی لەگەڵدایـە؟، كێـی لەگەڵـدا نییە؟، ٥ كەس دژیەتی، كەواتە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند كرا؟، بۆ ماددەی دواتر، فەرموون.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم: ماددەی (٤٠٩):

ئەم ماددەیە هەڵبگیرێت لەبەر ئەوەی ئەم ماددەیە دەبێتە هۆی زیاد بوونی كوشتنی ژنان بە نـاوی شـەرەف پارێزییەوە، بۆیە دەتوانین لە ماددەكانی كوشتنی بە ئەنقەست یان كوشتنی بە هەڵە جێگـەی ئـەم ماددەیـە بگرێتەوە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، دكتۆر سراج، فەرموو.

**بەڕێز د. سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نەسی عەرەبیەكەش لە یاسای عقوباتی عێراقی،

**ماددة (٤٠٩):**

(یعاقب بالحبس مدة لا تزید علی ثلاث سنوات من فاجئة زوجته او احدی محارمه في حالة تلبسها بزنـی او وجودها في فراش واحد مع شریكها فقتلهما في الحال او قتل احدهما او اعتدی علیهما او علی احدهما اعتداءاً افضی الی الموت او الی عاهة مستدیمة ولایجوز استعمال حق الدفاع الشرعي ضد مـن یسـتفید مـن هـذا العـذر ولا تطبق ضده احكام الظروف المشددة).

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو دکتۆرە بەهار.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دوو پرۆژەمان هەیە، یەك ڕاپۆرتمان بۆ نووسیوە، لەیەکەمیان داوای لابردنی ئەکات، لە دووەم، بەجۆرێکی تر داوای دەکات، با ئەوەش بخوێنمەوە، ماددەی(٤٠٩)ی ئەم یاسایە هەموار دەکرێت بەزیاد کردنی یەك برگە، بەهەمان شێوازی پیاو دەرحەق بە ئافرەت، حوکم بە بارودۆخی توندکاری سزا ناکارێت، ئەگەر کەسی لەناکاو ئافرەت بوو، واتە یەکەمیان داوای یەکسانی عقوبەکە ئەکات، ئەوی تریان داوای لابردنی دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ڕوونکردنەوە بدەن بە ئەندامانی پەرلەمان، دەقی ماددەکە لە یاسای سزادان چییە؟، هەمواری یەکەم داوای چی ئەکات؟، هەمواری دووەم داوای چی ئەکات؟، ڕاپۆرتی هاوبەش چی ئەڵێت؟، ڕوونکردنەوە بدەن بۆ ئەوەی ئەندامان بەرچاو ڕوون بن لە کاتی دەنگدان، فەرمووو دکتۆرە ڤالا.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم: ماددەی (٤٠٩) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان – عێراق، لەکار دەخرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر سراج، فەرمووو.

**بەڕێز د. سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوزیح و بەرچاو ڕوونی بۆ ئەندامانی بەڕێز، تەبیعی ماددەی(٤٠٩) باس لە نەوعێك لە نەوعەکان ڕێپێدان یان کار ئاسانی داناوە، بۆ ئەو کەسەی کە خێزانی خۆی یان ئافرەتی خۆی ئەکوژێت بە پاساوی شەرەف پارێزی، یەعنی عقوبەکەی وا داناوە کەوا لە سێ ساڵ کەمتر نەبێت لەسەرەوەی سێ ساڵیش حاکم دەستی کراوەیە کە چی ئەکات، بەڕاستی بەڕای ئێمە وەکو لیژنەی ئەوقاف سەر ئەکێشێت بۆ زیاتر ئافرەتان بە پاساوی شەرەف پارێزی بکوژرێن، بۆیە ئێمە داوا دەکەین ئەو ماددەیە لەناو یاسای سزادانی عێراقی ئیلغا بکرێت و کاری پێ نەکرێت، لەبەر ئەوەی موخالیفی یاساو شەرعە، بۆیە دەڵێین موخالفی یاسایە، چونکە لە ساڵی ٢٠٠٢ یاسای ژمارە (١٤) هاتووە ئەڵێت هەر پاساوێك بەناوی شەرەف پارێزی ئەبێت لەکار بخرێت، چونکە دەبێتە هۆکاری زیاتر ژن کوشتن، تەبیعی ماددەی (٤٠٩) موتەناقیز ئەبێت لەگەڵ ئەو بڕیارە، ئەمە لەڕووی یاساییەوە، لە ڕووی شەرعیشەوە تەبیعی هیچ دەقێکی ئاینیمان نییە بەناوی شەرەف پارێزی، کە

پیاو دەستی بچێتە خوێنی ئافرەتی خۆی، بۆیە ئێمە وەکو لیژنە ئەوقاف بەهەموو شێوازێك داوا دەکەین ئەو ماددەیە لە یاسای عقوباتی عێراقی و لە هەرێمی کوردستان کاری پێ نەکرێت، کە هەم موخالیفی یاساکانی پێشووی پەرلەمانە، هەم موخالیفی دەقەکانی شەریعەت و نەسەکانی قورئانی پیرۆزە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو گەشە، فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش وەکو لیژنەی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ ئەوەداین کە بەپێی ماددەی(١١٥، ١٢١) ئێمە لەپەرلەمان ئەتوانین ئیقاف، ڕاگرتنی کار کردن بەو ماددەیە بکەین، چونکە وەکو ئەوەی کە جۆرێك لە شەرعیەت دانە بە کوشتن، ئێمە یاسایەکی ترمان هەیە، (قتل بدافع شریفە) ئەوە لابراوە، بەڵام لێرەدا جۆرێك لە شەرعیەتی دەدەیتێ بە تەخفیف کردنی عقوبەکە، بۆیە هەر لەگەڵ ئەو یاسایەی پێشووشدا موتەناقیزە، لەگەڵ ئەوەداین کە کار کردن بەو ماددانە ڕابگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو کەژاڵ، فەرموو.

**بەڕێز کەژاڵ هادی فەقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش وەکو لیژنەی داکۆکی کردن لەمافەکانی ئافرەتان، لەگەڵ ڕای ڕاپۆرتی هاوبەشین کە ئەو ماددەیە لەکار بخرێت، چونکە بووە بە پاساوێك بۆ زیاد بوونی کوشتنی ژنان، هەروەها ئەبێت ئەوەشمان لەبیر بێت کە هەرێمی کوردستان، کۆمەڵێك ڕێك کەوتن نامەی نێودەوڵەتی واژوو کردووە، بەپێی ئەو ڕێککەوتننامانە نابێت پێچەوانەی کار بکات، لەگەڵ ئەوەین کە لە کار بخرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەندامانی پەرلەمان کێ دەیەوێت قسە بکات لەسەر ئەم ماددەیە با ناوی خۆی بنووسێت؟، فەرموو کاك فخر الدین.

**بەڕێز فخر الدین قادر عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ئەندامە بەڕێزانە ناوی خۆیان نووسیوە کە قسە لەسەر ئەم ماددەیە بکەن، ( شکریە اسماعیل، حاجی کاروان، تەلار لطیف، فرسەت سۆفی، مامۆستا مەروان، بەهار عبدالرحمن، بەهزاد دەروێش، پەروا علی، جوان اسماعیل، شێرکۆ جەودەت، شێرکۆ حەمە امین، غریب مصطفی، د. شوان قەڵادزەیی، عمر عینایەت)، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو شکریە، فەرموو.

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئێمە دەڵێین کوشتنی ئافرەتان بە پاساوی شەرەف تاوانە، بەڵام جیاوازی لە کوشتنی بە ئەنقەست کە لەماددەی (٤٠٥)ی سزادانی عێراقی هاتووە، هەر ئەگەرێك بۆ لکاندنی ماددەی (٤٠٥ ) بەڕاستی ئێمە بە نایاسایی دەزانین، ئێمە لەم پرۆژە یاسایە داوای یەکسانییمان کردووە، بەڕاستی من زۆر لام سەیرە یەعنی هەر شتێك کە باس دەکرێت، باسی کوشتنی ئافرەت دەکرێت، ئەی لەحاڵەتێکدا ئەگەر پێچەوانە ببێتەوە، ئەگەر ئافرەتێك بچێتە ماڵەوە پیاوەکەی لەگەڵ ئافرەتێکی تر ببینێت، لەو حاڵەتە لەم یاسایەدا باسی ئەوەی نەکردووە، لەو حاڵەتە باسی توندکاری یاسا بۆ ئافرەت کراوە، واتە سجنی هەتا هەتایی بۆ ئافرەت دانراوە، بۆیە من بە پێویستی دەزانم دوو برگە بۆ ئەو ماددەیە زیاد بکرێت و لا نەبرێت، برگەی یەکەم: ئەگەر لەحاڵەتێکدا شتەکە پێچەوانە بوو کە لەم ماددەیە باس نەکرایە، ئەوا بەم شێوازەی لێ بکرێت، بەهەمان شێوازی پیاو دەرحەق بە ئافرەت حوکم بە بارودۆخی توند کاری سزا ناکرێت، ئەگەر کەسی لەناکاو ئافرەت بوو، واتە ئەگەر بۆ ئافرەتەکەش بەهەمان شێواز عقوبەکەی وەك پیاو بێت، یەعنی ئێمە لێرەدا دادگەری سزاکە ئیسپات دەکەین، دووەم: سەبارەت بە جمهوری فوقەها، لەگەڵ ڕێزم بۆ قسەکانی دکتۆر سراج، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز لە سورەتی نوور، ئەمەی چارەسەر کردووە، بەشێوازێکی تر ئێمە ئایەتی لعانمان هەیە، بەڵام ئێمە ناکرێت لەم کات و ساتەدا باسی جێبەجی کردنی ئەو ئایەتە بکەین، بەڵام ناشکرێت، بەڕاستی لەم حاڵەتەدا وەکو قەتلی عەمد باس دەکرێت، ئیمام ابو حنیفە ڕەئیەکی زۆر جوانی هەیە سەبارەت بەم بابەتە، ئەو دەڵێت بە (شبە عمد) حساب بکرێت، سێ مەرجی داناوە، ئەگەر ئەو سێ مەرجەی تێدا بوو بە (شبە عمد) حساب بکرێت، مەرجی یەکەم: ئەگەر هاتوو بەڵگەی تەواو لەبەردەستتدا بوو، کە ئەم پیاوە یان ئەو ئافرەتە، پیاوەکەی خۆی لەسەر مەسەلەی شەرەف کوشتووە، ئەوە سجنی هەتا هەتایی، یان لە سێدارەدانی بۆ دانەندرێت، بەڵکو بە (شبە عمد) حساب بکرێت، مەرجی دووەم: ئەگەر هاتوو کەسی کوژراو محصن نەبوو، واتە پرۆسەی هاوسەرگیری کردبوو، چونکە لە شەرعدا جیاوازی لەنێوان کەسێکدا کراوە کە هاوسەرگیری کردبێت، یان نەیکردبێت، مەرجی سێیەم: ئەگەر ئەهلی مردووەکە ئامادە بوون بکوژەکە عەفوو بکەن، یاخود ئامادە بوون دیەی لێ وەربگرن، لەسەردەمی ئیمامی عومەر( ڕەزای خوای لێ بێت)، حاڵەتێکی وا ڕوویدا ئیمامی عومەر ئەو کەسەی نەکوشتەوە، بەڵکو ئەهلەکەی موخەیەر کرد نیوەی ئەهلەکەی وتیان ئێمە ئامادەین دیە وەربگرین، واتە خوێن وەربگرین، بۆیە ئیمامی عومەر دیەکەی وەرگرت و دای بەو کەسانەی کەخوێنیان وەر دەگرت، بۆیە ئێمەش بلێین ئەگەر نیوەی ئەهلەکە کەسەکەیان عەفو کرد، ئەوە قەتلەکە بە (شبە عمد) حساب بکرێت، چونکە ئێمە نابێت شتێك لە بیر بکەین، ئەگەر ئەو دوو هاوسەرە یەکێکیان کوژراو ئەوی تریان کرا بە سجنی موئەبەد، ئایا بۆ نموونە (٥) منداڵیان هەبوو، مەسیری ئەو منداڵانە چۆن دەبێت، ئەی نابێت حساب بۆ ئەو منداڵانە بکەین؟، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز حاجی كاروان، لێرە نییە؟، خاتوو تەلار، فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی (٤٠٩) هەڵگرتنەكەی ئەو موبەڕیرە قانونیانەیە كە ئێمە پێویست ناكات باس لەیەكسانی بكەین، بڵێین با ژنانیش هەمان ئەو مافەیان هەبێت، چونكە ناكرێت ئێمە بە یاسا ئیباحەی قەتل بكەین، بۆیە پێویستە ئەو ماددەیە هەڵبگیرێت، وە زۆرترین ئەو كوشتنانەی كە بەرامبەر بە ژنان كراوە پاڵپشت بووە بەم ماددەی(٤٠٩)یە بۆیە ئەگەر بێت و ماددەكە هەڵبگیرێت دەبێتە هۆیەك بۆ كەم كردنەوەی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان تا حەدی كوشتن، هەروەها ئەو نایەكسانی و نا تەباییەش نامێنێت كە لە سزاكاندا هەیە بەرامبەر بە ژن و پیاو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەرێز دكتۆر فرست فەرموو.

**بەرێز د. فرست صۆفی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پاڵپشتی هەم راپۆرتی لیژنە هاوبەشەكان هەم نەسی یەك لە پرۆژەكان، چونكە یەكێكیان داوای هەمواری كردیە دەكەم كە ئەم ماددەیە هەڵبگیرێ، بەڵام یەك روونكردنەوەی كورت پێم وایە كاتێك كە دەگەرێنەوە بۆ ماددەی چوارسەد و پێنج (٤٠٥) كە وەكو قەتلێكی عام حیسابی بۆ دەكرێت ئەوەش یا سیجنی موئەبەدە یان سیجنی موئەقەتە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە ئەو حاڵەتە نەسێكمان هەیە ماددەی سەد و بیست و هەشت (١٢٨) كە نەسێكی عامە لۆ هەموو حاڵەتەكان دەگونجێ، ئەویش ئەوەیە دەكرێ ئەگەر ئەو حاڵەتەی باس دەكرێت كەسێك جا چ ژن بچێتە سەر پیاوی خۆیدا یان پیاو بچیتەوە سەر ژنی خۆیدا وەكو حاڵەتێكی ئیستیفزاز حیساب دەكرێت، بۆیە دەكرێ لەو حاڵەتە وەكو بە ئیعزار حیساب بكرێت جا مەعفی بیت یان موخەفەف بیت، یەعنی مانای ئەوە نییە كاتێك كە ماددەی چوارسەد و نۆ (٤٠٩) هەڵدەگیرێ دەگەڕێنەوە چوارسەد و پێنج (٤٠٥) ئیلا سیجنی موئەقەتە یان سیجنی موئەبەدە دەكرێت، ئەوە وەكو ئیستیفزاز حیسابی لە سەری بكرێت، چونكە ماددەی سەد و بیست و هەشت (١٢٨) مایە و لەوێش باسی ئیستیفزاز كراوە، بۆیە لەوێ دەكرێ وەكو عوزرێكی مەعفی یان عوزرێكی موخەفەف مامەڵە لە گەڵ ئەو حاڵەتە بكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، زۆر سوپاس، بەرێز مامۆستا مەروان فەرموو.

**بەرێز حسین اسماعیل (مەروان گەلاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە راکەی برای بەڕێزم کاك دکتۆر سیراج دەکەم، چونکە پێچەوانەی هەم ئیسلام هەم پێچەوانەی دەستووری عێراقیشە، لە ئیسلامدا لە قورئاندا ئەو حاڵەتە هاتووە، بەلاّم بە مولاعەنە کۆتایی دێتن بە سوێند خواردن، کەواتە لە گەڵ ئەوەدامە کە ئەو عقوبەیە نەمێنێت و دەستان خۆش بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز دکتۆر شوان قەلاّدزەیی فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفى (د. شوان قەلاّدزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە گەڵ هەموو ئەوانەدام ئەوەی کە بەو هۆیەوە دەبێتە مایەی لەکەدار کردنی ئافرەتان وەکو بڕینی هەندێك جسمی ئەوانە ئەو پەڕی کاری نامرۆڤانەیە، بەلاّم ناشکرێت بە راستی بلێین لە کۆمەڵگەدا یەعنی ئەو شتە کە لە حەدیسدا هاتووە ((من قتل دون ماله و عرضه و وطنه فهو شهيد)) ئەمن نالێم لە گەڵ ئەوەدام ئینسان بە عەشوائی بەربێت و کوشتن لای ئاسان بێت، بەلاّم لە رووی کۆمەلاّیەتییەوە بێنە بەر چاوی خۆی لە رووی ئیجتیماعییەوە شکۆمەندی هەم ئافرەت هەم پیاو دەگاتە چ ئاستێك کە بگاتە ئەو رادەیەی کە یەکێك بچێتەوە سەلام عەلێك لەماڵەوە بکات، یەعنی بە واقیعی بیبینی ئەمە چەند شتێکی سەختە، ئایا پەرلەمانی کوردستان لەم رووەوە هیچ شتێك نەماوە کە پرۆژەیە یاسایەکی وا هەموار بکات کە دەبێتە فەوزایەکی کۆمەلاّیەتی لە ناو هەموو ماڵێکدا وەکو خوڵی رابردووی لێ دێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

رای خۆت بڵێ بەڕێز دکتۆر شوان تەعن لە رای ئەندامانی پەرلەمان و ئەو پرۆژە یاسانەی لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراون تەعنیان لێ مەدە، جەنابت رای خۆت هەیە جەنابت رای خۆت باس بکە ئەمەش مەوزوعێکی ئەساسیە، مەوزوعی کوشتن بە دافعی شەرەف یەکێکە ئێستا لە کێشەرە بنچینەکانی لە وڵاتی ئێمە هەیە، مەسەلەی توند و تیژی بەرامبەر بە ژنان ئەمەش دیسانەوە عەیبەیەکی گەورەیە لە کۆمەڵگای ئێمە قابیلی موعالجە کردنە پێویست ئەکات موعالەجە بکرێ.

**بەڕێز عمر مصطفى (د. شوان قەلاّدزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس ئەوە پێویستە ئێمە لیژنەی فەتوا هەیە لە کوردستان، نابێ شتێك پێچەوانەی شەریعەت بێت با لە رێگەی شەریعەتەوە چارەسەر بکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا لە قانوندا هەیە پەیوەندی بە شەریعەتەوە نییە، لە قانون پێویست ئەکات موعالەجە بکرێت.

**بەڕێز عمر مصطفى (د. شوان قەلادزەیی):**

له شەریعەتەوە ئەو شتانە نەهاتووە جەنابی مامۆستا باسی کرد، (الزانی و الزانیە والسارق و السارقە) هەمووی هاتووە وەکو یەك.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ باشە، سوپاس، خاتوو منیرە عثمان نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەی ئەگەر ژنێك چوو بۆماڵەوە پیاوەکە لە گەڵ ژنێکی تر خەوتبوو ئەو کاتە ئەبێت ژنەکە چ بڕیارێك بدات؟ و ئەو کاتە ئەو ژنە رەد فیعلی ئەبێ چی بێت؟ بۆیە هیوادارم زۆر یەکسانیانە مامەڵە لە گەڵ ئەم دۆخەدا بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز دکتۆرە رێواز فائق نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز د. رێواز فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوا ئەکەم ئاخیری قسەی کاك شوان قەلادزەیی لە پروتۆکۆڵ بسڕێتەوە، چونکە ئەڵێت ئەمە دەبێتە فەوزا لە هەموو ماڵێکدا، یەعنی لە هەموو ماڵێکی هەرێمی کوردستاندا ئەمە هەیە؟ بە تەعن یەعنی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، خاتوو بەهار عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم ئەم یاسایە تەحریز و هەندانێکی ئاشکرای تێدایە بۆ کوشتنی ژنان و هەمووش ئەو واقیعە ئەزانین بە ناوی شەرەف پارێزییەوە چ ستەمێك لە ژن ئەکرێ، دووەم بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆر قەتل لە قانونی عقوباتدا هاتووە قەتلی خطأ و عەمد ئەم یاسایە هاتووە بۆ ئەوەی کە مامەڵەی لە گەڵ هیچیان ئەو عقوبە قورسەی کە بۆ خەتەئیش و عەمدیش دانراوە کە قورسترە ئەو هاتووە، تەخفیفی کردووە، هەندێك موبەریری هێناوە بۆ ئەوەی کە ئەمە قەتلی خەتەعە لە بەر ئەوەی ئەو کەسە لە حاڵەتێکی نائاساییدایە، توورە بووندایە موبەریری بۆ هێناوە، بەڵام هەر حاڵەتێکیان بێت ئەمە هاتووە تەخفیفی ئەو عقوبەیە کردووە بۆ پیاوان بۆیە لە گەڵ لابردنی ئەو ماددەیەم، و سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز کاك بەهزاد دەروێش فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددا سێ، ماددا چوارسەد و نەهـ (٤٠٩) یا پێدڤی یە هاوسەنگییەك هەبێت مابەینا سێ تشتان، رەدع بۆ كوشتنێ هەبێت ئێرەدا و هەروەسا هەمان دەمدا رەدع بۆ زینا كو زۆر ببیت كو وەلێ نەهێت، یەعنی ئەڤ بابەتە ببیتە دەرگەهەك دزانین زەرەرێن زینای چەندن ل جیهانێ خرێ مەسەلا ئایدزێ و هەروەسا مەوزوعێ ئێرە یێ موفاجئە كە دكتۆر فرست بەحس كر و حالەتێ غەزەبێ و ئیستیفزازێ دڤێت موراعاتا ڤێ خالێ ژی بێتە كرن، ژبەر هندێ یا ئاشكرایە دەستووری عێراقێ ماددا دوو كو دبێژیت بەحسێ ڤان هەر سێ تشتان دكەت نابیت چ یاسایەك دەر بچیت موخالفێ بنەمایێت مافێ مرۆڤ بن، موخالفێ بنەمایێت دیموكراسیەتێ بن، هەروەسا موخالفێ نەگورێت شەریعەتێ ئیسلامێ بن، رەش نڤیسێ دەستووری ماددا شەش هەر هندە، ژبەر هندێ ئەز دگەلْ ڤێ رەئیێ مە راستی هاوسەنگیەگ بێتە دروست كرن هەر بێژنێ لاببەین ب راستی ئەز بێژم ئەڤە دێ بیتە كێماسیەك و هەر وەكو خۆ دمینیتەڤە وەكو یاسای سزادانا عێراقێ دا.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، ئەمە پێچەوانەی ئایەتی قورئان و شەرعی ئیسلام نییە؟ هەر كەس بە ئارەزووی خۆی بیەوێ قانون جێبەجێ بكات عقوبە جێبەجێ بكات بە ئارەزووی خۆی بیەوێ خەڵك بكوژێ ئەمە پێچەوانە شەرعی ئیسلام نییە؟ بۆ وای لێ ئەكەن كە ئەمە پێچەوانەی شەرعی ئیسلام بێت.

**بەرێز بەهزاد دەروێش:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەقسەدا من ئەو نەبی، ئەز دگەل هندێ نیمە، شەریعەتێ ئیسلامێ یا دیار كری سورەت نور ئایەتا شەشێ (٦) هەتا ئایەتا حەفتێ (٧) من یا نڤیسیە بەس وەخت نییە بخوێنمەڤە، یەعنی حوكمەكەی ئاشكرایە لەعانە پشتی هنگی تەفریقە.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ناوت ئەنووسم، باشە.

**بەرێز بەهزاد دەروێش:**

یەعنی حوكمەكەی لەعان پشتی هنگی دبیتە تەلاق بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، باشە سوپاس، خاتوو پەروا فەرموو.

**بەرێز پەروا علی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەوەی کە ئەگوزەرێت لە کۆمەڵگای ئێمە بە داخەوە هەتا وەکو ئێستا مەسەلەی ژن کوشتن ئەوەندە بە ئاسانی باس ئەکرێ خەریکە ئەبێ بە دیاردە ئەگەر حەفتانە نەبێ مانگانە روو ئەدات، و زۆرترینی بە داخەوە زۆر جار ئەبیندرێت، یەعنی من لەو باوەڕەدام کە سزادانی ژن کوژان زۆر کەمتر بێت لە سزادانی کوشتنی ئاژەڵێك بۆ ژینگە پارێزی، یەعنی بە شێوازێك وا لێ ئەکرێت کە هیچ مافی ئازادی بۆتان دانەنرێت و بە موڵکی خۆیان بزاندرێت لە حاڵەتێکدا ئەگەر هەموو کەس ئازادە لەوەی کە چۆن هەڵسوکەوتەکە و خۆی سنووری خۆی ئەپارێزێت بۆ شێوازی هەڵسوکەوت کردن، بە بڕوای من ئەگەر گەیشتە ئەوەی کە خێزانێك بگاتە ئەوەی کە زینا رووبدات لە نێوانیاندا جیابوونەوەی باشترین شتە، یەعنی بۆ بە زۆر وەکو موڵکی خۆت یان ئەبێ بیکوژێ یان ئەبێ بکوژرێت لە لایەن خۆمەوە بێت یان لە لایەن عەشیرەتەکەمەوە بێت، و بە داخەوە زۆر جار ئەوە ئەبیندرێت کە لە لایەن زۆرێك لە گرۆپەکان و لە لایەن زۆرێك لە بەرێزانەوە شەرەفی ژن واتە شەرەفی عائیلە واتە شەرەفی عەشیرەت لە بەر ئەوە منی عەزیم هەمیشە ئەبێت تو بچووك کەمەوە بە کوشتن پێم وایە هیچ کاتێك، هیچ ئینسانێك ئەو مافەی پێ نادرێت کە بەرامبەرەکەی بکوژێت، ئەکرێت و جیا بکرێتەوە، لە بەر ئەوە من لە گەڵ هەڵگرتنی ئەم ماددەیەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێز دکتۆرە جوان فەرموو.

**بەڕێز د. جوان اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان رای بەرێز دکتۆر سراج و مامۆستا مەڕوان گەڵاڵی و لە گەڵ گەشە خان و تەلار خانیمە کە ئەو ماددەیە لە چوارسەد و نۆ (٤٠٩) لە قانونی عقوبات بە وردی بخوێنەوە، بە راستی تەشجیعی کوشتن و توند و تیژی دەکات، لە گەڵ ئەوەدام ئەو ماددەیە هەڵبگیرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێز د. شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان، لە چەند خاڵێکدا ئەمەوێ عەرزی ئەوە بکەم کە مەسەلەی حوکم لە شەرعدا لە گەڵ دەقی ئایەتدا ئەبێ وریا بین، یەعنی کە ئایەتێکمان بینی گەیشتنە خزمەتی ئایەتێك حوکم شامیلترە، فراوانترە، مورعاتیشی ئەکرێت، بۆیە شت نییە کە ئایەتێکمان خوێندەوە ئیتر بڵێین ئەوە کەلامی خوایە، تەواو، ئەبێ تەنفیز بکرێ ئیلا لە روانگەی موختەص نەبێ لە حوکم دەر کردن بە ئایەتەکە بە سیرە بە سوننەتی پێغەمبەر (علیە صلاە و السلام) بەمان، بۆ نموونە خوای گەورە کە ئەفەرمووێ ((وَاللَّاتِي يَأْتِينَ الْفَاحِشَةَ مِنْ نِسَائِكُمْ فَاسْتَشْهِدُوا عَلَيْهِنَّ أَرْبَعَةً مِنْكُمْ ۖ فَإِنْ شَهِدُوا فَأَمْسِكُوهُنَّ فِي

الْبُيُوتِ حَتَّىٰ يَتَوَفَّاهُنَّ الْمَوْتُ أَوْ يَجْعَلَ اللَّهُ لَهُنَّ سَبِيلًا)) **مەسەلەی قەتل بۆ زینا باسی لێوە نەکراوە ئینجا موبەریراتی لابردنی ئەم چوارسەد و نۆیە (٤٠٩) چییە؟ ئەم ماددەیە، ئەوە باسی ئیتیجاهی موعاکس کرا، واتە ئەوە تێدا باس نەکراوە کە ئەگەر بێت و بە عەکسەوە بێ ئافرەت پیاوەکەی بینی ئەمە یەك، دوو، ماددەی چوارسەد و نۆ (٤٠٩) کوشتنی ئافرەت ئاسانتر ئەکات، یەعنی موبەررێك ئەدا بەوەی کە کابرا ئەڵێت ئەیکوژم و چەند ساڵێك ئەچمە حەبسەوە تەحەمولی ئەکەم، بەڵام من ئەیکوژم بەو توورەییە و بەو ئیستیفزازیە، هەروەها لەو عوزرەی کە باس ئەکرێت موراعاتی ئیستیفزاز و توورە بوون و هەڵچوونی پیاوەکە ئەکرێ ئەمە لە ماددەی چوارسەدو پێنجدا (٤٠٥) ئەویش حەلکراوە لە بەر ئەوە لە چوارسەد و نۆدا (٤٠٩) ئەم مەسەلەی ئستیفزاز زوو هاندان و تەحفیزی پیاوەکە و توورە بوونی بۆ ئەوەی کە ئەو حالەتەی بینیوە موبەرێر نییە، چونکە لە چوارسەد و پێنجدا (٤٠٥) باس لە حوکمی پێنج ساڵ تا، یەعنی باس لە موەقەت ئەکات، لە ئاخیر کەلیمەدا لە چوار سەد و پێنجدا (٤٠٥) ئەڵێت حوکمی موەقەت، حوکمی موەقەت یەعنی وەقتی بۆ دیاری کراوە کە ئەوە لە پێنجەوە تا بیست و پینج ساڵ (٢٥) دیاری کراوە، بۆیە چوارسەد و نۆ (٤٠٩) موبەررێکی تر بۆ لابردنی ئەمەیە کە پێویست ناکات بمێنێت، چونکە لە چوارسەد و پێنجدا (٤٠٥) قەتل باس کراوە و حوکمێکی وازیحی هەیە زۆر جار ئەم تومەتە بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، لە لایەن پیاوەوە دروست ئەکرێت بۆ ئافرەتی بەریئ، یەعنی چەندین جار دیراسەمان کردووە لەم مەجالەدا بە تایبەتی چەندین حاڵەت هەبووە ئافرەتەکە دەوڵەمەند بووە، میراتێکی گەورەی بە جێی هێشتووە، ئەگەر بمرێت پیاوەکە چووە تەلفیقی تومەتێکی وای بۆ کردووە بۆ ئەوەی کە میراتەکە بۆ خۆی و بۆ منالەکانی بمێنێتەوە، بەو عوزری سێ ساڵ حەبس بوونە، یەعنی بەو سێ ساڵ حەبس بوونە سێ ساڵی تەحەمولی کردووە، بەڵام لە پێناوی ئەوەی کە سەروەتێکی زۆری بۆ بمێنێتەوە و خۆشی وتوویەتی من دیومە کە مومارسەی زینای کردووە لە ماڵەکەم و زانیاکەریش رای کردووە، دەرچووە لە دەست عەدالەت، خاڵی ئەخیرم ئەوەیە بۆ مەبەرێری لابردنی چوارسەد و نۆ (٤٠٩) لە رووی سەروەری یاساوە ئایا ئێمە ئەبێ تەشجیعی ئەوە بکەین کە خەڵك حەقی خۆی بە دەستی خۆی وەربگرێتەوە؟ ئەی کوا سەروەری یاسا؟ ئەی کوا مومارەسەی قانون؟ ئەی کوا دەوڵەتداری؟ لە بەر ئەوە پێم وایە چوارسەد و نۆ (٤٠٩) لابرێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دکتۆر شێرکۆ حەمە امین فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی له هەموو ئەو رایانە ئەکەم کە لە گەڵ هەڵگرتنی ماددەکان بە تایبەتی ئەوەی کاك دکتۆر شێرکۆ جودت، له راستیدا هەمان هەم وەکو بەرێزیان روونیان کردەوە هانی توند و تیژی ئەدات هەم ناشکرێ ئێمە بە یاسا بڵێین برۆن خەڵك بکوژن، هەمیش ناکرێت لە راستیدا کوشتن بە کوشتن چارەسەر بکرێت و حاڵەتی زیناش بە هیچ جۆرێك بە کوشتن چارەسەر ناکرێت، هەرچەندە ئەمە لە راستیدا زۆر دەگمەنیشە رەنگە ئەمەی کە باسی ئەکات هەر لە حاڵەتی دەگمەن ئەبێ لە کوردستاندا، بەڵام ئەوەی کە دکتۆر شێرکۆ جودت روونی کردووە، زۆر روون بوو، من پشتیوانی ئەوە ئەکەم نەمێنێ و پشتیوانی لەو قسەی خاتوو دکتۆر رێوازیش ئەکەم کە وتی ناکرێ وای لێك بدرێتەوە هەموو کوردستانی فەوزای تێدایە لە گەڵ ئەوەی ئەویشم کە وتی لابرێ، و سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەرێز مامۆستا غریب مصطفی فەرموو.

**بەرێز غریب مصطفی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەت منیش لە گەڵ رای هەموو ئەو بەرێزانەم کە داکۆکی لەوە ئەکەن هێشتنەوەی ماددەی چوارسەد و نۆ (٤٠٩) ئەبێتە هۆی هاندانی زیاتر بۆ کوشتنی ئافرەتان بە تایبەت لە کۆمەڵگای ئێمە هەمیشە ئەو گلە و گازندانە ئەکرێ کە پیاوان بە ناحەق ئافرەتان ئەکوژن، جا فیعلەن ناحەقە کە کەسێك ئەچێت ئافرەتێك بکوژێت یان ئافرەتەکە ناچار ئەکرێت خۆی لە ترسی ئەوەی کە نەیکوژن خۆی پەنا بباتە بەر خۆ کوشتن، ئەگەر قاتیل بزانێ بە سێ ساڵ، بە پێنج ساڵ، بە حەوت ساڵ نەجاتێ ئەبێ لە سیجن ئەوە زۆر ئاسان دەستی ئەچێتە سەر خوشکی یان هاوسەری یان کچی خۆی ئەیکوژێت و دوایی وەکو بەرزەکی با نان قورتار ئەبێ ئەمە لە کاتێکدا لە هیچ قانونێکی وڵاتانی دونیا لە سەر خیانەتی زەوجی ئافرەت ناکوژرێت، لە دەقی شەریعەتیشدا وەکو ئەو بەرێزانەی تر ئاماژەیان پێکرد قەتعەن ئافرەت ناکوژرێت، یەعنی لە سەر مەسەلەی خیانەتی زەوجی، چونکە مەسەلەی موتەهەم کردنی کەسێك بە مەسەلەی زینا پێویست بە چوار شاهید ئایەتەکە روونە وەکو دکتۆر ئاماژەی بە ئایەتێکدا دکتۆر شێرکۆ ئەو ئایەتەی تریش هەر لە سورەتی نور ((وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً)) یەعنی ئەو کەسە کە نەیتوانی چوار شاهید بێنێ کە درێژایی مێژووی ئیسلامیدا ئەوەندەی من ئاگادار بم کەس نەیتوانیە حاڵەتێکی لەو جۆرە بیسەلمێنێت کە پێویست بکات چوار شاهید بێنێ، چوار شاهیدی دەست نەکەوتووە سێ شاهیدیش دەست بکەوێ خۆشی و هەر سێ شاهیدەکەشی ئەبێ سزا بخۆن، لە بەر ئەوە شتی وا هەر روو نادات، بەڵام ئەو حاڵەتەی کە پیاوێك خێزانەکەی خۆی موتەهەم بکات بە مەسەلەی زینا، ئەویش ئەبێ دیسان ئایەتی مولاعەنە روونە کە دەبێت چوار جار خۆی سوێند بخوات لە بەر دەمی قازیدا شتەکە بیسەلمێنیت.

هێشتا مافی دیفاع کردن دراوه بە ئافرەتەکە لە ئایەتەکە، دوای ئەوە (ویضری عنه عذاب ان تشهد ٤ شهادات بالله انه لمن کاذبین)، ئافرەتەکەش دەتوانێت دیفاع لەخۆی بکات لەبەردەمی قازی و لەیەکتری جیا دەبنەوە تا قەریەی قیامەت ئیتر بە یە کتری حەرام دەبن ئەو ژن و مێردە، ئیتر ئەو پیاوە بۆی نییە خێزانەکەی خۆی بکوژێت، بۆیە من دەمەوێ ئەوە بڵێم هەرچی کوشتن ڕوودەدات لە کۆمەڵگای کوردەواری ئێمە، کە باوك کچی خۆی دەکوژێت، برا خوشکی خۆی دەکوژێت، پیاو هاوسەرەکەی خۆی دەکوژێت، ئەوە زاڵبوونی عورفی کۆمەڵایەتی ئێمەیە کە وا دەکات پیاو ئەوە بکات، هەروەها هەر کەسێکیش پەنجەی تۆمەت بۆ ئیسلا درێژ دەکات بەڕاستی بێئاگاییتی لە دەقەکانی شەریعەت بەتایبەتی دەقەکەنی ئایەتی قورئان، ئەگینا هیچ کەسێك ناتوانێ ئەو تۆمەتە بخاتە ئەستۆی ئیسلام، کۆتای قسەکەم ئەوەیە پێویستە ئەو ماددەیە هەڵبگیرێت، چونکە لە قانونی قەتلدا جێگای کراوەتەوە بەوردی، سوپاس

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕای من پرۆسەی هاوسەرگیری پرۆسەیەکی ئارەزوومەندانەیە، هەر کاتێك یەکێك لەو دوو کەسە خیلافی ئەو گرێبەستە جوولانەوە مافی ئەوەیان هەیە لێك جیاببنەوەو، هیچ کەسێك مافی ئەوەی نییە کەسێکی تر بکوژێت، لەبەرئەوە من پشتگیری قسەکانی خاتوو تەلار، دکتۆر سراج کاك مەڕوان و دکتۆر شێرکۆ و مامۆستا مەلا غریب دەکەم و هیوادارم ئەم ماددەیە هەڵبگیرێت، هیچ کەس مافی ئەوەی نییە کەسێك بکوژێت، جگە لە خوای گەورە نەبێ، کەس مافی ئەوەی نییە کەسی تر بکوژێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو منیرە فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی بەڕێز دکتۆر شێرکۆ جودت دەکەم بە تەواوەتی، من دەمەوێ ئەوە ڕوون بکەمەوە بۆ هاوڕێکانم لە پەرلەمانی کوردستان هەموو ئەو پیاوانەی کە تاوانبارن بە کوشتنی ژنان، بەوەی بە تۆمەتی پاراستنی شەرەفپارێزی مامۆستا مەلا غریب زۆر بە وردی باسی ئەوەی کرد کە ئاینی ئیسلام کۆمەڵێك مەرجی داناوە، بۆئەوەی پیاوێك بیسەلمێنی کە ژنەکەی فیعلەن زینای کردووە، بەڵام ئێمە بەپێی هەموو ئەو بەدواداچوونانەی ئێستا ئەو پیاوە ژن کوژانە دەبینین لەناو زیندانەکاندا هیچیان نەیانتوانیوە ئەو خاڵەو ئەو بەندانەی کە لە ئاینی ئیسلامدا ئاماژەی پێدراوە جێبەجێ بکەن، بەڵام بەداخەوە ڕۆژ بەرۆژ کوشتنی ژنان لە زیادبووندایە، بۆیە داوا دەکەم وەکو هەموو هاوڕێکانم ئەم ماددەیە هەڵبگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماموستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صالح عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز حەز دەکەم هەندێك تەوزیحاتە بدەم، چونکە ئەڤ ماددەو ئەڤ قانونە نە بەس قانونێ عیراقی قانونە ئیماراتی و ئەڤە هەمی ولأتە دا هەی، یەعنی نە بەس ئەڤێ پاساوێ بکەینە ڤێ ئیتارێ دا بابەت ئەڤە هاندانە و ئەڤە هاریکرنە بۆ کوشتنا ژنان دێ نەصێ خوێنم قانونا ئیماراتی مەخرەجەکێ باش بۆ دیتی و مەوزوع ئەز بخۆ دڤێ قەیناعەتێ دامە ڤی بابەتی راکەین ژی ئەڤ مەوزوعێ کوشتنا ژنان دڤێت جدی دیراسە بکەین وەك پەرلەمان، وەك دەزگەهێ حکومەتێ و موئەسەسات هەمی چارەسەر بکەین وەکی ماموستا غریبی ئیشارەت کری و ماموستا سیراجی مەوزوعێ ئیسلامێ نە دگەل کوشتنێ یە، ئەڤا دهێتە کرن ئەبەد مەوزوعەکێ عورفی و عەشائیری یە، تشتەکێ دیارە ئیسلام ئێك ڤێ حاڵەتی ژی ببینیت موعەرەزی ڤی حاڵەتی ببیت وەکە دکتۆر شێرکۆی مەوزوعێ ئایەتا مولاعەنا یا هەی و تەفریقە ل دویماهێکێ و پێغەمبەری (صلی الله علیه و اله وسلم) یا تەفریق کری و تەلاق یا چێکری، ئەڤە هەمی یا ئاشکرایە ئەڤ ماددە یا ئینای موشەریعە یا ئینای موشەریع یەعنی یا غافل بوویە نەزانیە ئەڤ ماددە بۆچی دانایە، نە؟، مەوزوع هوسا نینە، ئێمە یاسا دانین د ولأتیدا بۆ بەرژەوەندیا هەر واقعەکی نە مەسەلەن بەس موجەڕەد بزانین ئەڤ ماددە دێ موساعەدا کوشتنێ کەت یان نا؟، ئەڤ ماددە وەختێ هاتیە دانان ب قناعەتا من ئاریشەکێ چارەسەر دکەت و یا تەحدید کریە ژی و ئیماراتی پتر تەفصیل یا کریە تێدا، تەحدید کریە ئەڤ حاڵەتە رویدا ئینسانەکە دحاڵەتەکێ نەفسی و ئیستیفزادیدا تەحدید کریە زەوج (مع زوجتی) مەسەلەن زەلامەکا دگەل ژنکا وی، ئینسان خۆ موعەرەز کەت و ئەڤ حاڵەتە قەتل چێبوو، دڤی حاڵەتیدا وەکی قەتل عەمد حیساب بیت و جارەکا دی ژی دێ هەر قەتلێ کەی ئەڤ مروڤە دێ هێتە کوشتن مەسەلەن ئیعدام کرن، چونکی قەتل عەمدە ئەگەر تە ئەڤ ماددە لادا تە بەس قەتل عەمد هێلا بتنێ مەعنا لادانا ڤی ماددەی ئەڤە پتر بۆ یاسای دزانن ژبەر هندێ ئەز دێ نەصێ قانونێ ئیماراتی خوێنم ئەڤ ئیشکالە ڤی رەنگی عیلاج کریە (یعاقب بالسجن مؤقت من فجأ بمشاهدة زوجته او ابنته او اختە) تەحدید کرینە (حالة تلبسها بجریمة زنا  فقتلها فی الحالة وقتل من یزنی بها قتلهما معا ویعاقب بالحبس اذا اعتدی علیها و علیهما اعتداءا  افضی الی موت او  عاهة و تعاقب نفس مادة بالسجن مؤقت الزوجة التی فجأت بالمشاهدة زوجها حالة تلبسة بجریمة زناً  فی مسکن الزوجیة فقتلە فی الحال) یەعنی حاڵەتەکێ نەفسی دەروونی دروست دبیتن (قتلت من یزنی بها او قتلهما معا وتعاقب بالحبس اذا اعتدی علیها او علیهما اعتداءاً افضی الی الموت و لا یجوز استعمال حق الدفاع الشرعی ضد من یستفید من هذا العذر) یەعنی هەم حاڵەتەکێ نەفسی و ئیستیفزائی دروست دبیت ژنك ژی ئیحتیمالە زەلامێ خۆ بکوژیت مالا ویدا زینا هاتە کرن، یەعنی ئەو ئیشارەتا هاتیە کرن دڤێت تو ڤی مەزوعی ژی بەرچاڤ وەربگری حاڵەتێ زینا حاشا دگەلێ

ژنکا ته، دگەڵ کچا ته، دگەڵ خویشکا ته بێته کرن د ماڵا تەدا ئەڤە مەسەلا جینایەتێ دچیته جونحێ یێن، قانونی پتر ژ من دزانن ژ ڤی حاڵەتی ئەگەر تو وەکی قەتل عام حیساب بکەی ئەڤ زەرەرە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو نجیبە فەرموو.

**بەڕێز نجیبە لطیف احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا پشتگیری تەواو لە قسەکانی بەهار خان و پەروا خان و دکتۆر شێرکۆ جودت و مامۆستا غریب دەکەم، کە ئەو ماددەیە لابرێت بەڕاستی هیچ موبەریرێك نییە بۆ کوشتن ژن بێ یان پیاو، وەك دکتۆر شێرکۆ ئاماژەی پێدا زۆرجار بە توهمە ئەوە دەکرێت، بۆیە لەگەڵ لابردنی ماددەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حاجی کاروان فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر بەکورتی یەعنی بە عەمەلی ئەو حاڵەتە ڕوویداوە، لە خزمەتی پێغەمبەر (ص) کە کاتێك ئەم ئایەتە دێتە خوارەوە سەعد یەکێکە لە صحابەکان دەڵێت یا رسول الله من چۆن تەحەمولی ئەوە بکەم کە پیاوێك ببینم لەگەڵ ژنی خۆمدا، یەعنی ئایەتەکەش دابەزیوە بە مەنع کردنی کوشتن دەڵێت من هەر دەیکوژم، صحابەیەکی تر دەڵێت (یارسول الله) ئەوە سەعد بە غیرەتە، پێغەمبەر (ص) دەڵێت (الله اغیر من السعد)، خوا بەغیرەتترە لە سەعد، یەعنی ئەگەر مەسەلەی کوشتن بووایە خوا شەر م لە کەس ناکات، دەی وت بیکوژن، بەلاّم لێرە حاڵەتەکە دروست بوو چی بکرێت، ئێستا دروست بوو کوشتی ئێمە چی بکەین؟، حاڵەتەکە دروست بوو چی بکرێت؟ دەبێ عقوبەیەکی دیاریکراو هەبێ ئەگەر لە حاڵەتی دەبێ حاکم، دەکەوێتە سەر حاکم، حاڵەتەکە دروست بوو یان لەکاتەکەدا دروست بوو فەرقی هەیە لەکاتی شێنەییە، لەکاتی شێنەیی پیاوەکە زانی یان ئافرەتەکە زانی کە پیاوەکە وای کرد لەدوایی بیکوژێ، حوکمەکەی فەرقی هەیە لەوکاتەی حادیسەکە ڕوودەدات ئەوە دەبێ ئیختساس بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا بەکورتی لیژنە پەیوەندیدارەکان ڕای خۆتان بڵێن، بەلاّم تکایە بەکورتی، چونکە وابزانم ڕایەکان وازیحە و، دەیخەینە دەنگەوە مامۆستا هەورامان قسەیەکت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچێنەیی) :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا قسەكەم مامۆستا غریب و مامۆستایانی بەڕێز كردیان، هەر تەئكید كردنەوەیە لەسەر ئەوەی كە بەهیچ جۆرێك بۆ پیاویش و بۆ ژنیش دروست نییە لەو حاڵەتانە كە باسكرا، تەنانەت قسەیەكیشی پێ بڵێت، تەنانەت زللەیەكیشی لێ بدات نەك كوشتن، شەرعی خوا ئا ئەوەیە، ئەوەی كە دەوترێت پێچەوانەی شەرعی خوایە كوشتن و بیكوژێ و ئەوانە، چونكە ئەوە لە خزمەتی پێغەمبەری خوا (ص) ئەوە ڕوویداوە، صەحابە هاتووە فەرموویەتی ئەی پێغەمبەر (ص) من خێزانەكەم زینای كردووە، نە زللەیەكی لێ دابوو، نە دەری كرد بوو، نە هیچ مەحاولەی كوشتنی كرد بوو، پێغەمبەر (ص) ئایەتی مولاعەنە هاتە خوارێ، زۆر بەشێوەیەكی ڕێك و پێك تەلاقی موئەبەدی خستە نێوانیانەوە، تەواو كۆتایی، لەبەرئەوەی ئێمەش لەگەڵ ئەوەین بە هیچ جۆرێك ئەو پاساوە دروست نییە بە هیچ جۆرێك، ئەو ماددەیە لابرێت، سەبارەت بەوەی كوشتی بە واقیع، تەبعەن تۆ ئەگەر قانونێك دادەنێی بە واقعێك ئەگەر كوشتی ئەوە قەتلەكە قەتلی عەمدە خۆ قەتلی (خطأ) نییە، ئەوكەسەی كە خێزانەكەی خۆی دەكوژێت، بەوەی كە بینیویەتی زینای كردووە، قەتلی عەمدی كردووە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتوو ئێڤار فەرموو.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

راپۆرتی هاوبەشی هەر چوار لیژنە لەگەڵ ئەوەیە ئەم ماددەیە لابدرێت و تەواو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د. سراج فەرموو.

**بەڕێز د.سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر شت باسكرا، یەكێك لەوانە باسی هاوسەنگی كرا كەوا ئەگەر ماددەكە لابرێتن هاوسەنگی تێدانییە، بیلعەكس ئەوپەڕی هاوسەنگی تێدایە ، ئەگەر بێتو ئەو ماددەیە لابدرێتن، ماددەی (٤٠٥) شوێنی بگرێتەوە، لەبەرئەوەی ماددەی (٤٠٥) زۆر بە ڕاشكاوی هیچ فەرق ناكات لەنێوان ئافرەت و پیاو، بە هەر پاساوێك بێ، بە پاساوی شەرەف بێ، یاخود پاساوی دزین بێ، هەر پاساوێك بێتن ماددەی (٤٠٥) موعالەجە دەكات، ئیجاب ناكات ئەوە زەرفی موخەفەف لە بۆ حاڵەتێك دابنێین كە بەڕاستی كە جەریمەیەكی تێدایە، نە شەرع پێی ڕازیەو نە قانون پێی ڕازیە، مامۆستا باسی ئەوەی كرد (من قتل دون عرضە فهو شهید) نەوعەن ما پاساوی لە بۆ دیتەوە كەوا بەو فەرموودەیە ڕێگری نەكرێتن لە بۆ كوشتن، بیلعەكس لە شەریعەت باسی ئەوەش كراوە بە لیعان چارەی كردووە هەتا لە فیقهی شافیعی، لە مینهەجی ئیمامی نەوەوی بە ڕاشكاوی باس دەكاتن ئەوانەی كە شارەزاییان هەیە، دەڵێت هەر كەسێ: ئەگەر هاتو خێزانی خۆی كوشت بەو شێوازە، لەبەرئەوە ئیشی ئەو نییە كوشتن بكاتن ئیشی سوڵتەی تەنفیزیە، دەبێ حاكم

ئەو پیاوەش بکوژێتەوە کە ژنەکەی خۆی کوشتییە، دەبێ بیکوژێتەوە، بەڵام ئەو پیاوە پلەی شەهیدی دەدرێتێ، لەبەرئەوەی وەکی مامۆستا باسی کرد ( من قتل دون عرضه فهو شهید) لەو بابەتە ئیمامی نەوەوی زۆر بەڕاشکاوی باسی کردیە، کەواتە لێرە ئیجاب ناکاتن ئێمە مەوزوعەکەی بورووژێنین، هەم موخالیفی قانونە، هەم موخالیفی شەرعە مەوزوعەکە کۆتایی پێ بێنێ، حەق نییە ئەو بابەتە لەو ماددەیە بمێنێ و ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی قسەیەکتان هەیە؟ نیتانە؟، لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ راپۆرتەکەین ئێمەش.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوو ڕأ هەیە، ڕایەکیان ئەوەیە کە ماددەی (٤٠٩) هەڵبگیرێت بە تەواوەتی، ڕای دووەم ئەوەیە کە لە ماددەی (٤٠٩) هاوسەنگی بکرێت لەنێوان پیاوو ژن، بە هەمان شێوازی پیاو دەرحەق بە ئافرەت حوکم بە بارودۆخی توندکاری سزا ناکرێت، ئەگەر کەسی لەناکاو ئافرەت بوو، ڕای یەکەم ڕای لیژنەی پەیوەندیدارەکانە کە راپۆرتی هاوبەشیان ئامادە کردووە کە هەڵبگیرێت، قسەیەکت هەیە خاتوو گەشە؟ فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاگرتن بە کارکردن، چونکە ئێمە توانای ئیلغا کردنمان نییە، تەعەمول لەگەڵ یاسای سزادانی عیراقی دەکەین، (ایقاف العمل) دەتوانین واتە ڕاگرتن بە کارکردن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. بەهار فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش (ایقاف العمل)مان بەکارهێناوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی ڕاگرتن بە کارکردن بە ماددەی (٤٠٩) کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو ماددەیە ڕابگیرێت؟ ٥٦ کەس لەگەڵییەتی، کێ دژیەتی؟ ١ کەس لەگەڵی نییە، کەواتە پەسەند کرا، دەڕۆینە سەرماددەی چوار، فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی چوار:**

**ماددەی (٤١٣) بڕگەی یەك لە ماددەی (٤١٣)**

**بڕی غەرامە زیاد بكرێت بەمشێوەیە لە (٥٠٠) هەزار دینار كەمتر نەبێت و لە (٣) ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، لەبەرئەوەی زۆربەی زۆری لێدانەكان بەرامبەر ژن دەكرێت، هەرچەندە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی سزای داناوە، بەڵام ئەو كەسانە دەگرێتەوە كە لەچوارچێوەی خێزاندان و تا پلە چوارە.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**دەقی ئەسڵی ماددەكە، فەرموو.**

**بەڕێز د.سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**مادده (٤١٣)**

**(اولاً: من اعتدى عمداً على اخر بالجرح او بالضرب او بالعنف او بارتكاب اي فعل اخر مخالف للقانون فسبب له اذى او مرضا يعاقب بالحبس مدة لا تزيد على سنة وبغرامة لا تزيد على مائة الف ومائتين وخمسين الف دينار وباحدى هاتين العقوبتين وتكون عقوبة الحبس مدة لا تزيد على ثلاث سنوات والغرامة التي تزيد على نفس الغرامة دينار او باحدى هاتين العقوبتين:**

**أ/ اذا نشأ عن الاعتداء كسر عظم.**

**ب/ اذا نشأ عن الاعتداء اذى او مرض اعجز المجني عليه من القيام باشغاله المعتادة مدة لا تزيد على عشرين يوماً.**

**ثالثاً: وتكون عقوبة الحبس اذا حدث الايذاء باستعمال سلاح ناري او الة معدة لغرض الايذاء او مادة محرقة..........)**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**د. سراج پێویست ناكات بڕگەكانی تر بخوێنیتەوە، تەنها داوای هەموار كردنی بڕگەی یەك كراوە، كەواتە بڕگەكانی تری پێویست ناكات بخوێندرێتەوە، راپۆرتی هاوبەش فەرموو.**

**بەڕێ. د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی (٤): راپۆرتی هاوبەش:**

**ماددەی (٤١٣) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموار كراو وەك خۆی دەمێنێتەوە بەو شێوەیەی كە لە یاسای ناوبراودا هاتووە.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**كێ قسەی هەیە لەسەر ئەوە؟ بەڵێ.**

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ڕێگامان بدەن ڕوونکردنەوەیەکی یاسایی بدەین ، پێش ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان تێبینییەکانیان بڵێن، سوپاسی بەڕێزتان دەکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون ڕوونکردنەوە بدەن.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕوونکردنەوە یاساییەکەمان ئەوەیە، ئێمە لە لیژنەی یاسایی کاتێك کە بڕیاردرا ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، واتە غەرامەکە زیاد نەکرێتن، بەربەستەکە بەربەستێکی یاسایی بوو، لەبەرئەوەی لە پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (٦) ساڵی (٢٠٠٣) دەرچووە، ئەو یاسایە لە ماددەیی یەکەمیدا دەڵێت بڕی ئەو غەرامانەی کە دەقەکانیان لە یاسای سزادانی ژمارەی (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) هەموار کراو دا هاتووە بەوشێوەیەی خوارەوە دەبن،

یەکەم: سەرپێچییەکان لە (٥٠) دینار کەمتر نەبێ و لە (٣٠٠) دینار زیاتر نەبێ.

دووەم: کەتن واتە (الجنح) لە ٣٠١ دینار کەمتر نەبێ و لە (١٥٠٠) دینار زیاتر نەبێ.

سێیەم: جینایەت لە (١٠٥١) دینار کەمتر نەبێ و لە (٥٠٠٠) زیاتر نەبێ.

ئەو یاسایە لە ماددەی یەکەمی دا تەحدیدی غەراماتی کردووە بۆ موخالەفە، بۆ (جنح)، بۆ (جنایات)، بۆیە هەر تەعدیلێك کە بکرێ لە قانونی عقوبات سەبارەت بە غەرامات، پێویستە یەکەم جار ئەو یاسایە تەعدیل بکرێ، واتا پرۆژە یاسا بۆ هەموارکردنی یاسای ژمارە (٦) ساڵی ٢٠٠٢ پێشکەش بکرێت، ئینجا دەستکاری غەرامات بکرێ لە ناو قانونی عقوبات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە با ناوی خۆی بنووسێ؟ تا ناوەکان دەنووسرێ، خاتوو گەشە فەرموو ئەگەر ڕوونکردنەوەیەکت هەیە.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من لەگەڵ لیژنەی هاوبەش دا ڕاپۆرتم واژوو کردووە، لە ڕووی قانونییەوە قەناعەتم کرد بەو موستەمسەکەی کە بەڕێز د.ڤالا هێنای، بەڵام دوای ڕاوێژکردن بەڕاستی خەڵکانی یاسایی تر کە ڕاوێژمان کرد وتیان مادام لە ئاستی یەکدایە ئەو دوو یاسایە، تۆ هەر نەصێك دانێیی کە پێچەوانەی ئەو یاسایە بێ کە تەحدیدی غەراماتی کردووە، ئەو ئیلغا دەکات، تۆ بە نەصێك دەتوانی موعالەجەی بکەی بڵێی کار بە هیچ دەقێکی یاسایی ناکرێ کە پێچەوانەی ئەم یاسایە بێت.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خۆی (الخاص يقيد العام) لەم حاڵەتەدا، وا نييە؟ د.ڤالا فەرموو جەنابيشت ڕوونكردنەوە بدە.

**بەڕێز د.ڤالا فريد إبراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی لە ياسای ژمارە (٦)دا هاتووە تەنها غەراماتە، واتا ياسايەكی خاصە، (الخاص يقيد العام)، بۆيە دەست بردن بۆی ئيللا دەبێ بە تەقديمی پرۆژە ياسا بێ بۆ تەعديل كردنی ئەو ياسايە.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەس (اللاحق يلغي السابق) ئەوەش ديسانەوە قاعيدەيە، وا نييە؟ بەڕێز د.فرست صۆفی، فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر دەقە ئەصڵييەكە دوو، سێ قسە دەكەم، دەڵێن ماددەی (٤١٣) هەڵبگيرێ، وای لێ بكرێ، غەرامەی زياد بكرێ، لەبەر ئەوەی زياتر لە ژن دەدرێ، بەڵام ئەوەی كە لە ئەرزی واقيع دا هەيە بەڕاستی هەندێك موستەڵەح كە لە ناو پەرلەمان بەو شێوە نييە، يەعنی حەواديس و شەڕ، ئەوەی كە ئەو ماددەيە (٤١٣) ئەصڵەن هيچ ڕەبتی بە ژنەوە نييە، مەسەلەيەكە يەعنی (الجرح و الضرب و إيذاء العمد)، بڕۆ ئيحصا بكە، ئەگەر ئەوانەی تووشی ئەو ماددانە دەبن زياتر پياو نەبن، لەبەر ئەوە ئەو مەسەلە تۆزێك عاتيفی نووسراوە، ئەوە يەك، دووەميان/ من تەصەور دەكەم كاتێ كە باسی غەرامە دەكرێ لەبەر ئەوەی لە (جنايات)، لە (جنح)، لە (مخالفات) هەمووی لەسەر ئەساسی مەنزوومەيەكە، يەعنی لەسەر ئەساسی پێوەر دياری كراوە، ئێمە هەر لێرەوە بێين و بە كەيفی خۆمان زياد و كەمی بكەين، من پێموايە ئيلتيزام بكەين بەوەی د.ڤالا خوێندييەوە، چونكە ئەوە لەسەر ئەساسی مەعايير دياری كراوە، دوايی لە ڕووی روحی نەصەكەشەوە ئەوە گريمان كردمانە (٥٠٠) هەزار، يەعنی هيچ لە مەوزووعەكە ناگۆڕێت، ئەوەی كە ئەو نەصە نەصێكی عامە، نەصێكی موجەڕەدە بۆ عامی جەريمەكە دانراوە، پەيوەندی بە هيچ شێوەيەك بە ژنەوە نييە، پەيوەندی بە ئينسانەوە هەيە، هەر ئينسانێك تووشی زەرب بێ، بە شێوەيەكی عام ئەو نەصانەی لەسەر جێبەجێ دەكرێ، وايشی لێ بكەين لە هەموو نصوصەكان ژن حيسابی بۆ بكەين، يەعنی لەبەر ئەوەی تايبەتمەندی زياتر بدرێتێ، وەڵلاهی پياو زياتر تووشی ئەو جەرائيمانە دەبێ لەوەی كە ژن، بۆيە من تەصەور دەكەم وەكو خۆی كە لە ڕاپۆرتی هاوبەش هاتووە نەصەكە بمێنێتەوە ماددەی (٤١٣) باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز مامۆستا مەڕوان گەڵاڵی، فەرموو.

**بەڕێز حسين إسماعيل حسين (مەڕوان گەڵاڵی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری ڕای د.ڤالاَ و د.فرست دەکەم، هەمان ڕەئیم هەیە، دەستت خۆش بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز مامۆستا غریب مصطفی، د.سراج ئاگام لێتە، بەس با ئەندامانی پەرلەمان قسە بکەن، فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وا دەبینم ئەوەی کە ئاماژەی پێ کراوە، وەکو کاك د.فرست ئاماژەی پێ کرد، ئەویش شەڕ تەنها لەگەڵ ژن دا نییە، ئەوەی کە کراوەتە بیانوو، چونکە لە حەقیقەت دا شەڕ لەگەڵ پیاویش دەکرێ لەلایەن ژنەوە، جار هەیە پیاویش لێی دەدرێ وەکو ژنیش لێی دەدرێ، ئەوەتا ڕێکخراویشیان دروست کردووە، ئەوە جگە لەوەی ئەگەر عقوبەیەکی رادیع هەبێت لە قانون دا، بەڕاستی دوو کەس، دوو هاووڵاتی ئەگەر لە بازاڕێك دا، لە عەلوەیەك دا، لە شوێنێك دا دەبێتە کێشەیان، کەس جورئەتی ئەوە ناکات پەنجە بدات لەوەی تریان، پیاوێك گێڕایەوە وتی لە وڵاتی ئێران دوو کەس ببوو بە نیزاعیان، لەسەر جاددەیەك دا شەڕیان بوو، ئەویان دەیووت بەوی تریان دە ئەگەر ئازای پەنجەم لێ بدە، چونکە هەر پەنجەی بەری کەوێ تووشی کێشەی گەورە دەبێ دوایی لە قانون دا، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەم کە لە ڕاپۆرتەکە هاتووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەڵێ/ (بزن تا بزنم)، خاتوو تەلار لطیف، فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئامانج لە پێشکەش کردنی ئەم پرۆژە یاسایە کەمکردنەوەی توند و تیژی بوو بەرامبەر بە ژنان، ئێمە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانمان هەیە، لەبەر ئەوەی تا پلە چوارە، ئەو ژنانەی توندوتیژیان لە بەرامبەر دا دەکرێ، بەدەر لەو یاسایە دێنەوە سەر یاسا ئەصڵەکەی کە یاسای سزادانی عیراقی یە، لە ئێستا عقوبەکە زۆر زۆر کەمە، دائیمەن (٤١٣) ئاراستەکەی بەرەو غەرامە دەڕوات، بۆیە ئێمە لە لیژنە پەیوەندیدارەکانیش زۆر گفتوگۆمان کرد لەسەر دانانی ئەو غەرامەیە و زیادکردنی سزاکە، دواتر ئەوە بوو ڕەئیەکان وابوو ئەو یاسایە هەیە، بەڵام من ئێستا بەڕاستی لەگەڵ ئەوەدام پشتگیری قسەکانی خاتوو گەشە دەکەین بەزیادکردنی ئەو نەصە، ئێمە دەتوانین موعالەجەیەکی ئەم حاڵەتەش بکەین، ببینە پاڵپشتێ بۆ چاککردنی ماددەی (٤١٣)، هەروەها کارکردن بۆ ئەوەی موعالەجەی ئەو حالەتەی یاسای توندوتیژی خێزانیش دەکەین، لە هەمان کاتیش دا دەبێتە هۆکارێك بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك دلێر مصطفی، فەرموو.

**بەڕێز دلێر مصطفى حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە ڕەفز كردنی لیژنەی یاسایی بۆ زیادكردنی بڕی غەرامە زۆر لە جێگای خۆی دا نییە، چونكە غەراماتی یاسای (١١١)ی (١٩٦٩) بۆ دەیان ساڵ پێش ئێستا نووسراوە، كە پارەی ئەو كاتە بە قیمەت بوو، ئێستا ئەوە نییە، ئەوەی د.ڤالاش یەعنی ئەگەر بە پرۆژە بڕیارێكیش بێت، ئەوە بەشێك لە ستراتیجییەتی ڕەدع، ڕەدعی جەریمە هەوڵ بدەین هەموو ئەو غەرامانەی كە پەیوەندیدارن بە یاسای (١١١)ەوە، بكرێتە چوار ڤات، یان غەرامەكان زیاد بكرێن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتوو بەهار عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من نوقتە نیزامیم هەبوو پێش گفتوگۆكان، داوای ڕوونكردنەوە لە لیژنەی یاسایی دەكەم، یاسای غەرامات كە ئەو بڕانەی دیاری كردووە، ئێمە دەزانین بە پێی ڕۆژگار ئەو بڕانە كەم و زیاد دەكات، لە ئێستادا ئێمە گفتوگۆی یاسایەك دەكەین، ئەگەر پێمان كەم بێت، یان پێمان زیاد بێت لەگەڵ یاسای غەرامات چۆن ئەو هاوسەنگی یە بكەین؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، ڕوونكردنەوەشیان هەیە، ڕوونكردنەوەی زیاتر دەدەن، ئێستا لیژنە پەیوەندیدارەكان، بەڕێز د.سراج، فەرموو.

**بەڕێز د.سراج شێخ أحمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێز.

ئێمە وەكو لیژنەی ئەوقاف پاڵپشتی ڕای لیژنەی یاسایی دەكەین، بەڵام لە ڕووی مەنتیقییەوە بەڕاستی مەنتیقی نییە ئەعلا سەقفی لێدان (٢٢٥٠٠٠) دوو سەد و بیست و پێنج هەزار دینار بێ لە ڕۆژگارێكی وەكو ئەوڕۆ، لەبەر ئەوەی هەندێك لێدان هەیە بەڕاستی كاریگەری زۆر خەراپ لەسەر جەستەی مرۆڤ دەهێڵێتەوە، جا بۆ ژن بێ، بۆ پیاو بێ، بۆ هەر حاڵەتێكی دیاری كراو بێت، ناكرێ لێدان جاری وا هەیە یەعنی بەشێوازێكە ئینسان تووشی شێواندن دەكات، جا بۆیە ئێمە لێرە وەكو لیژنە داوا دەكەین كەوا قانونی غەرامات داوای تەعدیل بكرێت، یاخود لێرە ئەو غەرامەیە سەقفی ئەعلای زیاد بكرێت، ناكرێ هەر جۆرە لێدانێك بێ سەقفی ئەعلای (٢٢٥٠٠٠) دوو سەد و بیست و پێنج هەزار دینار بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز د.ڤالا، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فريد إبراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لیژنە پەیوەندیدارەكان ئیسنادمان لەسەر خودی یاسای عقوبات نەكردووە، كە ساڵی (١٩٦٩) دەرچووە، بەڵكو ئیسنادمان لەسەر یاسایەك كردووە كە لە ساڵی ٢٠٠٢ دا دەرچووە، بڕی غەرامەكەش كە لەو یاسایەدا هاتووە بڕێكی كەمە، ئێمە هەموو لەگەڵین، بەڵام ئێمە داوا لە ئەندامانی پەرلەمان دەكەین كە پرۆژە یاسایەك پێشكەش بكەن بۆ هەموار كردنەوەی ئەو یاسایە، چونكە كاتێ كە ئەو یاسایە هەموار دەكەینەوە لە ماددەی یەكەمی دا، ئەو كات زۆر بە ئاسانی دەتوانین ئەو بڕی غەراماتانەش كە لە ناو قانونی عقوبات دا هەیە و بە كەمی دەزانین زیاد بكرێت، ئەو كات ڕێگری یاساییمان نابێ.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر باشتر وایە لیژنەی یاسایی خۆی هەستێ بەم كارە، ئەوە باشترە، بەڕێز د.بەهار، فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش دووپاتی دەكەمەوە كە ئێمە لە لیژنەی یاسایی كە لە ڕاپۆرت دا داوامان كردووە ماددەی (٤١٣) وەك خۆی بمێنێ، بە مەعنای ئەوە نییە ئێمە ئەو غەرامەیەمان پێ قبووڵە، بەڵام ئەو یاسای غەراماتە كە هاتووە دوو جار خاصە، یەكەمیان خاصە بە غەراماتەوە، دووەمیان خاصە بەو غەراماتانەی كە لە یاسای سزادانی عیراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)دا هاتووە، واتا تۆ لە یاسایەكی تر دەتوانی، لە یاسای توندو تیژی خێزانی دەتوانی ئەوە لابدەی، بەس لێرەدا دوو جار خاصە، بۆیە نەمانتوانیوە لێی لابدەین، بەڵام وەكو (مبدأ) ئێمەش لەگەڵین، لەگەڵ تەعدیل كردنەكەداین.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز د. فرست صۆفی، نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا دەقەكەم لەبەر دەست دا نییە، بەس لە ساڵی (٢٠١١) ئەو مەبلەغانە هەموو لێرە بەراورد كراوە، یەعنی هەموو گۆڕاوە، ئەو هەزار دینار و پێنج سەد دینارە نەماوە، ئێستا نەصەكەم لەبەر دەست نییە ئەگەر نا دەمخوێندەوە، هەمووی بوویتە پێنج سەد هەزار و دوو سەد و پەنجا هەزار و سەد و پەنجا هەزار، یەعنی ئەوە گۆڕاوە.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باش، بەڕێز كاك عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نەصەکە لێرە کە هاتووە دەڵێ (مـن إعتـدى عمـداً علـى آخـر بـالجرح أو بالضـرب أو العنـف أو بإرتكاب أي فعل..)، با ئێمە بێینە سەر مەبلەغەکە، نووسراوە (٢٢٥٠٠٠) دوو سەد و بیست و پێنج هەزار دینار لە دەقی قانونەکە، ئەو دوو سەد و بیست و پێنج هەزارە هی ئێستایە؟ پێم خۆشە لیژنـەی یاسایی پێمـان بڵـێ ئـەو دوو سەد بیست و پێنج هەزار دینارە چییە؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە موعەدەلی هاتۆتە لای تۆ، ئەو کتابە بە تەعدیل کراوی هاتووە.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

بەڵێ موعەدەلە، نووسراوە موعەدەل، هی ئەمڕۆیە بەڵێ، یەعنی پارەکە زیاد کراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە ئەو دوو سەد بیست و پێنج هەزارە پارەی ئێستایە، کەواتە ئێستا دوو ڕا هەیە.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە، کەواتە چۆن ئەوە تەعدیل کراوە لەگەڵ ئەو یاسایەی کە بەڕێز د.ڤالا دەیڵێ؟ بۆچی لێـرە تەعـدیل کراوە؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.ڤالا، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فريد إبراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕیارێکی تر هەیە، ئەو بڕیارە کە سوڵتەی ئیئتیلافی موەقەت (خلال فترة مـابين ١٥ تشـرين الأول ٢٠٠٣ و ١٥ كانون الثاني ٢٠٠٤) سەبارەت بە عوملەی عیراقی جەدید و مەعدەنی و وەرەقی دەری کردووە، لەو بڕیـارەدا هاتووە کە (أستبدلت، سعر الدينار السويسري القديم يعادل (١٥٠) دينار جديد)، لێرە ئێمە ئیسنادمان لەسەر ئەو بڕیارە کردووە، کە بڕیارێکی یاسایی یە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، کەواتە ئێستا دوو ڕا هەیە، ڕایەکیان ئەوەیە کە ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بـڕی غەرامـەکان بـە یاسـایەکی تایبـەت، بـە هـەموارکردنی یاسـای غـەراماتی یاسـای سـزادانی عیراقـی چارەسـەر بکـرێ، ڕای دووەمیشیان ئەوەیە کە ئەم غەرامەیە لێرەدا گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بەشێوەیەك کـە لـە (٥٠٠٠٠٠) پێـنج سەد هەزار دینار کەمتر نەبێ و لە (٣٠٠٠٠٠٠) سێ ملیۆن دینار زیاتر نەبێ، ڕای لیژنەی هاوبەش دەخەینـە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ عقوبەکە وەکو خـۆی بمێنێتـەوە و دواتـر بـە پـرۆژە یاسایەکی هەموار کۆی غەرامات دەستکاری بکرێت و چاك بکرێتـەوە، (٤٠) کـەس لەگەڵیـەتی، کـێ دژیـەتی؟ (٤) کەس دژیەتی، کەواتە پەسند کرا، ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە، ماددەی (٥).

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥)

بڕگەیەك بۆ ماددەی (٤١٤) زیاد بکرێ بەم شێوەیە:

(إذا نشأ الإعتداء أذى أو مرض أدى إلى عجز المجني عليه بصورة دائمية تكون عقوبته السجن).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە بڕگەیەك زیاد دەکرێ بۆ ئەو ماددەیە، ئەصڵی ماددەکە باسی چی دەکات؟ بخوێندرێتەوە باشە.

**بەڕێز د.سراج شێخ أحمد:**

المادە (٤١٤):

اذا توفر في الاعتداء المذكور في المادتين (٤١٢، ٤١٣) احدى الحالات التالية اعد ذلك ظرفا مشدداً:

اولاً: وقوع الفعل مع سبق الاصرار.

ثانياً: وقوع الفعل من قبل عصابة مكونة من ثلاث اشخاص فأكثر اتفق على الاعتداء.

ثالثاً: اذا كان المجني عليه من اصول الجاني.

رابعاً: اذا ارتكب اعتداء ضد موظف او مكلف بخدمة عامة اثناء تأدية وظيفته او خدمته او بسبب ذلك.

خامساً: اذا ارتكب اعتداء تمهيداً لاتكارب جناية او جنحة معاقب عليها بحبس مدة لا تقل عن سنة او تسهيلا لارتكابها او تنفيذاً لها او تمكيناً لمرتكبها او شريكه على فرار او تخلص من العقاب.

داوای زیادکردنی بڕگەیەك دەکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق( سەرۆکی پەرلەمان):**

باشە، ڕاپۆرتی هاوبەش؟ د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥): ڕاپۆرتی هاوبەش:

ماددەی (٤١٤) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموار کراو وەك خۆی دەمێنێتەوە بەو شێوەیەی کە لە یاسای ناوبراودا هاتووە.

ڕوونکردنەوە بدەین بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق( سەرۆکی پەرلەمان):**

بەڵێ، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لە ڕاپۆرتی هاوبەش ئیشارەتی پێدراوە کە وەکوخۆی بمێنێتەوە ئەوەیە کە سەنەدێکی قانونیمان هەیە و ئەویشیان ئەوەیە ئەم هەموار کردنەی کە هاتووە و ئەوەی کە داوا دەکرێ هەر خۆی لە بڕگەی (٢) لە ماددەی (٤١٢) داهاتووە، کە دەڵێ (وتكون العقوبة بالسجن مدة لاتزيد على (٧) سنوات أو بالحبس اذا نشأة عن الفعل عاهة مستديمة دون ان يقصد الجاني احداثها) عاهەی موستەدیم واتە عەجزی مەجنا عەلیەی بە سورەی دائیمی، پاشان ماددەی (٤١٤) دێت کە تایبەتە بە بارە توندکەرەکان.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق( سەرۆكی پەرلەمان):**

د.سراج ڕوونکردنەوەی زیاترت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بیزەبت ڕەئی ئێمەش وەکو لیژنەی ئەوقاف هەمان ڕایە، ئەو ماددەی کە ئەوان داوایان کردووە لە پرۆژە یاسایەکە بڕگەیەکی بۆ زیاد بکرێ، ئەو بڕگەیەی کە ئەوان داوای دەکەن زیاد بکرێ تەنها لە ماددەی ٤١٢ لە بڕگەی (٢) زۆر بە وازحی و ئاشکرایی هاتووە، هەر ویستم تەوزیحەك بدەم بۆ ئەندامانی بەڕێز.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق( سەرۆكی پەرلەمان):**

باشە کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە با ناوی خۆی بنووسێ؟ خاتوو تەلار فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطيف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

داواکردن بۆ زیادکردنی ئەو بڕگەیە بۆ ماددەی (٤١٤) مەبەست لێی ئەوەیە کە ببێ بە زەرفێکی موشەددەد، یەعنی ئەمەی لێرە هاتووە ئەو حاڵەتانەی کە دەبێ بە زەرفێکی موشەددەد تیایدا دیاری کراوە، ئەگینا لە ماددەی (٤١٣) لەگەڵ (٤١٣) حاڵەتەکانی جیاوازە بەس لێرە ئەمانەی ئێمە ئیزافەمان کردووە بۆ ئەمە لەبەرئەوەی دەبێ بە زەرفێکی موشەددەد، یەعنی داوا کردنەکە و مەبەستەکە لێرەدا دەبێ بێتە سەر ئەو خاڵانە و خاڵی شەشەم، بۆ ئەویش ببێتە زەرفێکی موشەددەد لە کاتێك دا کە ئەو.......... .

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق( سەرۆكی پەرلەمان):**

ئاخر ئەگەر بە ماددەیەکی تر موعالەجە کرابێ، لە شوێنێك ناوی هێنرا بێ و دوایی دەتوانرێ جارێکی تر بکرێ بە زەرفی موشەددەد؟ تەلار خان فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطيف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لێره دەتوانرێ وەكو زەرفێكی موشدەد ئەو حاڵەتانە، چونكە دووباره و سێ باره دەبێتەوە، ئەگەر لەوێدا ئیزافه بێ وەكو زەرفێكی موشەددەد باشتره، چونكه ئەو حاڵەتانەی كه ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە زیاتر ئەو بڕگەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق( سەرۆكی پەرلەمان):**

باشه سوپاس، د.جوان فەرموو.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ بەڕێز لیژنەی یاساییمه لەگەڵ لیژنەی ئەوقاف د.سراج و د.ڤالا، ئەو ماددەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە، چونكه ئەگەر بگەڕێیەوە بە سەریحی ماددەی (٤١٣) بە سەر ماددەی (٢) ئەو كێشەیەی حەل كردووه بە عقوبەی زەرفی موشەددەدكه هەر لە خودی یاسایەكەی لە ماددەی (٤١٤) باس كراوه، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق( سەرۆكی پەرلەمان):**

زۆر سوپاس، لیژنه پەیوەندارەكان ڕوونكردنەوەی خۆتان دا، پێموابێ ئیتر پێویست ناكات ڕوونكردنەوەی زیاتر بدرێ و بیخەینه دەنگەوە، دوو ڕا هەیە، ڕایەكیان ئەوەیە كه ئەو ماددەیە، ماددەی (٤١٤) وەكو خۆی بمێنێتەوە و هیچی بۆ ئیزافه نەكرێ، ڕای دووەم ئەوەیە كه بۆی ئیزافه بكرێ، بڕگەیەكی تری بۆ ئیزافه بكرێ و بكرێ بە بڕگەی شەشەم كه ئەگەرلە ئەنجامی دەستدرێژی كردن ئازار یان نەخۆشیەك یان عەجزێكی بەردەوام دروست بوو ئەوا زەرفی موشەشددەدی بۆ حساب بكرێ، ڕای ڕاپۆرتی هاوبەش دەخەینە دەنگەوە كێ لەگەڵ ئەوەیە كه وەكو خۆی بمێنێتەوە، (٤١) كەس لەگەڵیەتی، كێ دژیەتی؟ (٤) كەس دژیەتی، كەواته پەسەند كرا، ماددەی دوای ئەوە ماددەی (٦) د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٦) ماددەی (٣٧٩) بڕگەی یەكی ئەم یاسایه هەموار دەكرێت بەزیادكردنی سێ بڕگە:

أ/ سكالا لەمەڕ زینا بەسەر دەچێ و مافی شارستانی نامێنێ بەمردنی هاوسەری سكالاكار بەمەرجێك مردنی هاوسەری سكالاكار لەلایەن زەوجی زانی و عەشیقەكەیەوە نەبووبێ.

ب/ دەست هەلگرتنی مێرد له دادگایی كردنی پیاوه زیناكارەكه بەهەمان شێوه به دەستهەلگرتن له دادگایی كردنی ژنەكه دەژمێردرێت.

ت/ هەمان حوكم جێ بەجێ دەكرێت ئەگەر ئافرەت تەنازولی كرد له دادگایی كردنی پیاوه زیناكارەكەی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق( سەرۆكی پەرلەمان):**

بەس ئەمە ئەگەر پەسەندیش بکرێ ئەبێ بکرێتە ماددەی (١) دەقی ماددەکە لە یاسای سزادانی عیراقی؟ د.سراج فەرموو.

**بەڕێز د.سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادده (٣٧٩):

اولا: تنقضي دعوى الزنى ويسقط الحق المدني بوفاة الزوج الشاكي او تنازله عن محاكمة الزوج الزاني او برضا الشاكي بالعودة الى معاشرة الزوج الزاني قبل صدور الحكم النهائي في الدعوى، ويعتبر تنازول الزوج عن محاكمة زوجته الزانية تنازلاً منه عن محاكمة من زنى بها.

ثانياً: وللزوج كذلك ان يمنع سير في تنفيذ الحكم الصادر على زوجه واذا توفى الشاكي يكون لكل من اولاده من الزوج المشكو او الوصي عليهم ان يمنع السير في تنفيذ الحكم).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق( سەرۆکی پەرلەمان):**

د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/٦

ماددەی (٣٧٩) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموار کراو وەکو خۆی دەمێنێتەوە بەو شێوەیەی کە لە یاسای ناوبراودا هاتووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق( سەرۆکی پەرلەمان):**

تکایە ڕوونکردنەوە بدەن بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی دەقی ماددەکە خۆی چییە و هەموارەکە داوای چی کردووە و بۆچی داوای دەکەن وەکو خۆی بمێنێتەوە؟، د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە لە هەموارەکە داوای کراوە هیچ شتێکی زیاد نییە لەوەی کە لە یاسایەکەدا هەیە، ئەوەی کە داواکراوە هەمووی لە یاسایەکەدا هەیە، مافی شارستانی نامێنێ، هەمان حوکم بەسەر ئافرەتەکە جێ بەجێ دەکرێ، هەمووی هەیە، بۆیە ئێمە داوامان کردووە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق( سەرۆکی پەرلەمان):**

باشە، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ خاتوو شکریە فەرموو.

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا ئەگەر بەوردی لەم ماددەیە وردببینەوە، کەموکورتیەکی زۆری تێدا هەیە، بۆیە من داوای زیاد کردنی سێ بڕگەم کردووە، لەبڕگەی یەکەم ستەمێکی زۆر لە پیاو کراوە، لە بڕگەی دوو لەکۆتایی دا دوو ستەم لە ئافرەت کراوە، بۆیە ئافرەت و پیاو دوو دروستکراوی خوای گەورەن، لە سزا و پاداشت و عەفو کردن خوای گەورە وەکو یەك بۆی داناون، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان یەعنی ئەگەر لە بەشی یەکەم وردببینەوە، بیزەبت ڕووداوێکی لەم شێوازە لەهەرێمی کوردستان ڕوویداوە، پیاوێك سکاڵای لەسەر خێزانەکەی و دۆستەکەی تۆمار کرد، پاشان هەردووکیان گیران، پیاوەکە تۆزێك شارەزایی هەبوو، گیراوەکە، واتە تاوانبارەکە شارەزایی لە یاسا هەبوو، بیری لەوە کردەوە چۆن دەربچێت و ڕزگاری ببێ لە بەندیخانە، بۆیە بە پارە کەسێکی تەوسیە کرد کە پیاوی ئەو ئافرەتە بکوژێ کە ئەو دۆستایەتی لەگەڵی هەبوو، وە فیعلەنیش کوشتی، ئێستا ئەم پیاوە لە جادە دەسوڕێتەوە، بەڵام مێردی ئافرەتەکە هەم شەرەفی چوو و هەم کوژراش، بۆیە من داوام کردووە ئەو بڕگەیە زیاد بکرێ، سکاڵا لەمەڕ زینا بەسەردەچێ و مافی شارستانیەتی نامێنێ بەمردنی هاوسەری سکاڵاکەر، بەمەرجێك مردنی هاوسەری سکالاکار لەلایەن زەوجی زیناوە، عاشقەکەوە نەبێ، ئەگەر پیاوەکە کە گیراوە دۆستەکەی دەستی لە کوشتنی نەبێ، یەعنی بەمەرج بگیرێ، یەعنی چۆن دەکرێ، خۆ ئەم حاڵەتانە هەیە و ئەمە ڕوویداوە بە واقع، لەڕاستی دا ئایا ئەمە ستەم نییە لە پیاوەکە دەکرێ! حاڵەتی دووەم و سێیەم، سەیرکەن لە دوو حاڵەت ستەم لە ئافرەت دەکرێ، بزەبت حاڵەتێکی لەم شێوازە ڕوویداوە لە هەرێمی کوردستان، پیاوێك کە سکاڵای لەسەر ئافرەتەکە و دۆستی ئافرەتەکەی تۆمار کردووە، پاشان ئەم پیاوە لەگەڵ دۆستی ئافرەتەکە سوڵحی کردووە بە پارە، یەعنی ئەو پیاوە بەربووە، بەڵام حاڵەتی توندکاری سزا لەسەر ئافرەتەکە هەر ماوە، بۆیە من داوام کردووە ئەگەر پیاوەکەی عەفو کرد، مەفروزە ئافرەتەکەش بەبەر عەفوەکەی بکەوێ، لەبەرئەوە لە یاسایەکە وادەڵێت، یەعنی  پێچەوانەکەی بۆ نەبێت، بۆ ئافرەتەکە هەر توندکاری سزایی لەسەر بمێنێ، حاڵەتێکی تر ئەگەر هاتو بیزەبت ئەمەش ڕوویداوە لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر ئافرەتەکە سکاڵای لەسەر خیانەتی زەوجی لە پیاوەکە و لە عاشقی پیاوەکەی کرد، پاشان لەگەڵ پیاوەکەی خۆی پێکهاتەوە پیاوەکەی عەفو کرد ئافرەتەکە هەر لە سجن دەمێنێتەوە و توندکاری سزای یاسایی لەسەر دەمێنێتەوە، ئایا ئەمە ستەم نییە لەئافرەت؟ یەعنی لەدوو حاڵەت ستەم لە ئافرەت دەکرێ ئەگەر عەفو هەیە لە یاسادا لەهەردوو حاڵەتەکە لە بۆ پیاوەکە دەبێ و ئەی بۆ بۆ ئافرەتەکە نەبێ؟، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق( سەرۆكی پەرلەمان):**

خاتوو تەلار فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە ڕاپۆرتی هاوبەش دەكەم، لەبەرئەوەی بەڕاستی ئینقیتاع و تەنازول زۆر بە وازیحی لە ماددەكەدا هاتووە و تەسبیت بووە و جێگا كراوەتەوە، پێویست بە ئیزافە كردن ناكات، ئەو حاڵەتی كوشتنەش كە باسكرا ئەوە لە ماددەیەكی دیكە و بە پێی ئیسپات و دەلائیل دەتوانێ، شێوازی مامەڵەی جیاوازە لەڕووی تەحقیقی و لەڕووی دادگاكانی جینایاتیشەوە ئەوا ئەو كاتە دادوەر خۆی مامەڵەیەكی جیاوازی لەگەڵ ئەو حاڵەتە دەكات و،زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق( سەرۆكی پەرلەمان):**

د.جوان فەرموو.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ڕاپۆرتی هاوبەشم، بەڕاستی هەمواركراوەكە هیچ فەرقی نییە لەگەڵ دەقەكەی، هەروەكو لیژنەی هاوبەش گوتی لەگەڵیانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق( سەرۆكی پەرلەمان):**

لەگەڵ ئەوەی ماددەكە ناڕوونیەكی تیایە و نازانم هەندێ لەو سەرنجانەی خاتوو شكریە اسماعیل باسی كرد وەجاهەتی تیایە، وای دەبینم وەكو ڕای شەخسی خۆم، بەڵام دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمان ئەم بابەتە یەكلادەكاتەوە، دوو ڕا هەیە، ڕایەكیان ئەوەیە كە لە ڕاپۆرتی هاوبەش داهاتووە بەو شێوەیەی خۆی بمێنێتەوە، ڕایەكەی تریان ئەوەیە كە بۆ هەندێك زەمانات كە پێویست دەكات بۆ پیاو و بۆ ژن دەستكاری بكرێ و هەندێ تەعدیلاتی تیا بكرێ بەو شێوەیەی كە لە پرۆژە یاسا پێشنیاركراوەكەدا هاتووە، ڕای هاوبەش دەخەینە دەنگەوە كێ لەگەڵ ئەوەیە كە وەكو خۆی بمێنێتەوە؟ (٣٥) كەس لەگەڵیەتی، كێ دژیەتی؟ (٧) كەس دژیەتی، كەواتە پەسەند كرا، ماددەی (٧) لەڕاپۆرتی هاوبەش.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٧) پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن، لە تەبع ئەنجومەنی وەزیران هاتووە، بەڵام (پێویستە لەسەر) لەبەر ئەوەی پەیوەندیدارە بە سولتەی قەزائیش، بۆیە پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە بەو شێوەیە خوێندرایەوە؟ كەس نییە، كەواتە كێ لەگەڵیەتی بەو شێوەیە كە خوێندرایەوە؟ (٤٩) كەس لەگەڵیەتی، كێ دژیەتی؟ كەس نییە دژی بێ كەواتە پەسەند كرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د. ڤالا فەرمووو.

**بەڕێز د. ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (٨) ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ قسەی هەیە لەسەر ماددەکە؟ کەس نییە قسەی هەبێ، کەواتە کێ لەگەڵیەتی بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە؟ (٤٦)کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ کەس نییە دژی بێ، کەواتە پەسەند کرا، هۆیەکانی دەرچواندن.**

بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:

د. ڤالا فەرمووو.

**بەڕێز د. ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هۆیەکانی دەرچواندن لە پێناو بەرجەستە کردنی دادگەری و هێنانە کایەی کۆمەڵگایەکی دوور لە توندوتیژی جیاکاری ڕەگەزی ئەم یاسایە دەرچوێنرا.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ قسەی هەیە لەسەر هۆیەکانی دەرچواندن، کەس هەیە؟**

**کاک ئاری فەرمووو.**

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە بۆچوونی من وشەی بەرجەستە ئا لێرەدا زەعیفە، لەبەر ئەوەی ئەمە قانونە ئەبێت، یەعنی موتلەق بێت وەکو ریازیات لە جیاتی وشەی بەرجەستە بەم شێوەیە بێ یەکێك لەم دوو کەلیمەیە لە پێناو چەسپاندنی دادگەری، ئینجا.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**دەستەبەرکردن جوانتر نییە؟**

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەرجەستە زەعیفە، ئەگەر مەبەست چەسپاندن و جێبەجێ کردن بێ، بەڵێ.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**وەری بگرن ئەو رایە. کاک محمود گومانت هەیە؟ کاک محمود فەرمووو.**

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

پشتیوانی له رای كاك ئاری دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پشتیوانی هی لیژنەی پێشمەرگە .

**بەڕێز د. ڤالا فريد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری له پێشنیارەكەی بەڕێز كاك ئاری دەكەین، بۆیە بەو شێوەیە دامانڕشتەوە، هۆیـەكانی دەرچـواندن له پێناو چەسـپادنی دادگـەری و هێنانـە كایـەی كۆمەڵگایـەكی دوور لـە توندوتیـژی جیاكـاری رەگـەزی ئـەم یاسایە دەرچوێنـرا.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵیەتی بـەو شـێوەیەی كـە خوێندرایـەوە؟ (٥٦) كـەس لەگەڵیـەتی، كـێ دژیـەتی؟ (١) كـەس دژیـەتی، كەواتە پەسەند كـرا كـێ لەگـەڵ كـۆی یاسـاكەیە بـەو شـێوەیەی خوێندرایـەوە؟ (٥٧) كـەس لەگەڵیـەتی، كـێ دژیەتی دژی هەموو یاساكەیە؟ ئێ خۆ هەر یەك ماددەیە، یەك مادده دەستكاری كراوە؟ (٣) كـەس دژیـەتی، كەواتە پەسەند كـرا، پیرۆزبـایی لـە خـەڵكی كوردسـتان ئەكـەین بـە بۆنـەی دەرچـوونی ئـەم یاسایەوە، زۆر سوپاس بۆ لیژنە پەیوەندیدارەكان/ ئـەتوانن بگەڕێنـەوە شـوێنەكانی خۆتـان تـەنها لیژنـەی یاسـایی لەسـەر مینەسە بمێنێتەوە بۆ دەست كردن بە بڕگەی دووەم لە بەرنامەی كاری دانیشتنی ئەمڕۆمان، فەرموون.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژە بریاری یەكەم: بریتیە له پرۆژە بریاری ناونانی شاری رانیە بە پایتەختی ئازادی، ئەم پرۆژە بڕیارە لە شەش بڕگە پێكهاتووە، لەگەڵ هۆیـەكانی دەرچـواندن لەلایـەن ژمـارەی یاسـایی لـە ئەنـدامانی پەرلـەمان پێشـكەش كـراوە ئەمـە ناوەكانیانـە: ١. سـۆران عمـر ٢.مـەروان گـەلالی ٣. شـوكریە شـێخانی ٤. هـەورامان گەچێنەی ٥. نجيبه لطيف ٦. سهام عمـر ٧. مـنيرة عثمـان ٨. زولفـا محمـود ٩. محمـود حـاجی عمـر ١٠. رۆزا محمود ١١. عادل عزيز ١٢. برزۆ مجيد ١٣. علی حەمە صالح ١٤. ئومێـد حەمـە علـی ١٥. انـور قـادر ١٦. حسـن صالح ١٧. عبدالرحمن علي رضا، داواكارین له بەڕێزتان ئەم پرۆژە بڕیارە ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەكان بكەن.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئـەم پـرۆژە یاسـایە ئاراسـتەی هـەردوو لیژنـەی نـاوخۆو یاسـایی پەرلـەمان و گشـت ئەنـدامانی پەرلـەمان دەكرێت.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پڕۆژە بڕیاری دووەم: بریتیە لە پڕۆژە بڕیاری بە پارێزگار كردنی ئیدارەی گەرمیان، ئەم پڕۆژە بڕیارە لە شەش بڕگەو هۆیەكانی دەرچواندن پێكهاتووە لە لایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوە كە ئەمە ناوەكانیانە ( ١- بێستون فائق- ٢- محمود حاجی عمر، ٣- برزۆ مجید، ٤- ئومێد حەمە علی، ٥- فائق مصطفی، ٦- عبدالرحمن علی، ٧- ایوب عبدالله، ٨- سالار محمود، ٩- شێركۆ حەمە امین، ١٠- ئێڤار ابراهیم، ١١- ابوكاروان، داواكارین لە بەڕێزان ئەم پڕۆژە بڕیارە ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەكان بكەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پڕۆژە بڕیارە ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمان، لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی كاروباری یاسایی پەرلەمانی كوردستان دەكرێت. خاتوو مریم فەرموو.

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەرێز ئەندامانی پەرلەمان، دیارە لە جەلسەكانی رابردوو، لە جەلسەی ئەمرۆشدا كۆمەڵێك پڕۆژە لەسەر پرسی بە پارێزگا بوونی بەشێك لە ناوچەكان لەلایەن پەرلەمانتارانەوە ئاراستەی دەستەی سەرۆكایەتی كراوە، دەست خۆشیان لێدەكەین خراوەتە بەرنامەی كارەوە، بەڵام ئەمە لە كاتێدایە ئێمە بەراستی تاوەكو ئێستا لە ساڵی (١٩٩٩)ەوە بڕیاری (٤) قەزا هەیە كە بكرێت بە پارێزگا، بەڵام جگە لەوەی پارێزگای هەڵەبجە دروست كراوە ئەوكانی كە نەخراوەتە بواری جێبەجێ كردنەوە بۆیە من لێرەوە جگە لەوە، داوا لە بەرێزتان دەكەم كە تاوەكو ئێستا چەند یاداشتێك ئاراستەی دەستەی سەرۆكایەتی كراوە، لەسەر پرسی بە پارێزگا بوونی دەڤەری ڕاپەرین، هەروەها سۆران و زاخۆ لێرەوە داوا لە بەرێزتان و لایەنی بەرپرس كە حكومەتە یان ئەو جیهەتەی كە پەیوەستە بەو بڕیارەوە گەشتی پەرلەمان بكرێ بە تایبەتی ئەو یاداشتەی كە لەسەر پرسی بە پارێزگا بوونی رانیە، تاوەكو ئێستا ئاراستەی بەرێزتان كراوە بخرێتە بەرنامەی كارەوە بۆ گفتووگۆ كردن، بانگهێشتی لایەنی بەرپرس بكرێت، بۆچی تاوەكو ئێستا ئەو بڕیارە جێبەجێ نەكراوە، هەروەها بۆ ئەوەی بەرچاوی هاووڵاتیان روون بێت لەسەر ئەو پرسە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

من ئەمەوێ ررونكردنەوەیەك بدەم بە دەستان، بەرێزان ئەو پڕۆژە بریارانەی یان ئەو پڕۆژە یاسایانەی كە خوێندنەوەیان بۆ كراوە تا ئێستا لە پەرلەمانەوە بۆ بە پارێزگا بوونی قەزاكانی هەرێمی كوردستان، ئاراستەی حكومەتی ئەكەین، بۆ ئەوەی حكومەت رای خۆی لەسەر بدا بە دڵنیاییەوە پەیوەندی بە سیاسەتی جێبەجێ كردنی هەموو هەرێمی كوردستانەوەیە، بۆیە پێویست ئەكات حكومەتیش رای خۆی لەسەربدا، بە تایبەتی لەم دۆخەی كە قەیرانی دارایی لە هەرێمی كوردستان هەیە، ئیستیحداس كردنی پارێزگاكان ڕەنگە كارێكی هەروا ئاسان نەبێ، پرسی بە پاریزگا بوونی هەڵەبجەش لە راستیدا تەنها پەیوەندیدار نەبوو بە هەرێمی كوردستان، یەعنی لەسەر ئاستی عێراقیش كۆدەنگی لەسەر هەبوو، تەنانەت

له ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش پرۆژە یاسای بۆ ئەوە پێشکەش کرابوو، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ناردیەوە بۆ هەرێمی کوردستان، بۆیە یەعنی پارێزگای هەڵەبجە کە لە خولەکانی پێشووش قسەی لەسەر کراوە، لەلایەن حکومەتەکانی پێشووی هەرێمی کوردستانیش کاری لەسەر کراوە پرسێك بووە تایبەتمەندیەکی خۆی هەبووە، یەعنی پەیوەندی بە لامرکزی ئیداری لە هەرێمی بە کۆی پارێزگاکانی تریش، لەگەڵ حکومەت تەنسیق دەکرێ بە تایبەتی لیژنەی ناوخۆ بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان ئاگاتان لێ بێ لیژنەی ناوخۆ ئەتوانێ، لەگەڵ حکومەت ئەم پرسە تاوتوێ بکات بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی باش بتوانرێ ئەم مەسەلەیە دیراسە بکرێ وە بڕیارێك بدرێ لە خزمەتی هەموو هەرێمی کوردستاندا بێت، هەموو قەزاکان و بە تایبەتی ئەو قەزانەشی کە داوای پارێزگای سەربەخۆ ئەکەن لە قازانجی هەموو لایەك بێت، ئەگەر نوقتەی نیزامیەکانتان پەیوەندیدار نییە بەو بابەتە با کۆتایی پێ بێنین.

خاتوو فیروز فەرموو.

**بەرێز فیروز طه عبدالخالق:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز ژی هەروەسا پشتگیریا ئاخفتنا بەرێز مریەم خانێ دکەم بەس من دڤێت راستکرنەك بدەم بڕیارا ژمارا یازدە (۱۱) ل (۱۹۹۹/۹/۲۲) بڕیارا پارێزگەهـ بوونا هەر چار باژێرێن کوردستانێ بوو، ئاکرێ و سۆران و رانیە و هەڵەبجە، نە زاخۆ بوو من دڤیا بەس راستکرنەڤە بیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد فەرموو.

**بەرێز محمد سعید صادق:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من فیروز خان کردی پشتگیری لە فیروزخان و لە خاتوو مریەم خان دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان بەم شێوەیە دانیشتنەکەمان کۆتایی پێهات، زۆر سوپاس بۆ ئێوە.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |